# سایكۆلۆژی و مێیەتی

# سایكۆلۆژیو مێیەتی

**سۆزان جەمال**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **سایکۆلۆژی و مێیەتی**
- نووسینی: سۆزان جەمال
- بابەت: دەروونناسی فیمینیزم
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: ٥٢٠
- نرخ: ٢٥٠٠
- چاپی یەکەم ٢٠٠٩
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٦٨)



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




## پێشکەشە بەدایکی ئازیزم

## ناوەرۆک


- پێشەکی............................................................ ٧
- تێپەڕین بەئۆدیب-دا گەیشتنە بەمێیەتی.................................. ١٥
- روانگەی فرۆید بەرامبەر بەمێیەتی، لەنێوان قبوولکردن و رەتکردنەوەدا..... ٦١
- خۆکوشتن: یاخیبوون لەژیان............................................. ٩١
- خەتەنەکردن، لەژن خستن، سایکۆلۆژی خەتەنەکردن......................... ١٤٣
- نارسیزم ئەنگێزەیەکی هەمیشەیی، بەردەوام لەگەڵماندا دەژی............... ٢٠١
- هەڵچوونی ژن، لەنێوان سایکۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا................. ٢٢٩

# پێشەکی

ئەگەر ژن بەردەوام هەوڵیدابێت بۆ ژنبوونی خۆی و سەلماندنی خۆی لەژیاندا بۆ ئەوە نییە قەرەبووی هەستکردن بەکەموکورییە بایۆلۆژییەکانی پێبکاتەوە-وەك فرۆید وەسفیدەکات-بەڵکو ژن دەیەوێت لەژیاندا خۆی بێت و پشت بەخۆی ببەستێت بەدەر لەهێزو پشتیوانیی توخمەکەی دی، ژن ئارەزوو دەکات بکەر بێت نەك ئەو کەسە بێت کە کاریگەریی فرمان دەکەوێتەسەری، دەیەوێت ئامانج و میتۆد و خواستی خۆی هەبێت، نەك جێبەجێکەری ئامانج و خواستەکانی کەسانی دی بێت، ژن دەیەوێت خۆی بڕیاربدات نەك بڕیاری ئەوانی دی جێبەجێبکات، دەیەوێت خۆی ئاراستەی خۆی دیاریبکات نەك ئاراستەی پیشانبدرێت، کاتێك ژن درك بەبوون و پێگەی خۆی وەك مرۆڤێکی بیرکەرەوە، دەکات کە بیرکردنەوەی دروست و ئەقڵانی بێت و هەڵقوڵاوی زەین‌و ئەقڵی هوشیاری خۆی بێت، ژن دەبێت بەو پلەیە ئازادبێت تا بڕوا بەوەبهێنێت ئازادیی مرۆڤ هەقیقەتە نەك وەهم.

ئەو زەمەنە گوزەشت ژن بەمنداڵبوون قەرەبووی زامی نەبوونی ئەندامی نێرینە و غیرەی فالۆس بکاتەوە و لەڕێگەی لەدایکبوونی منداڵێکی کوڕەوە گرێی خەسانی شیبکاتەوە، دوورنییە بۆ سەردەمەکانی پێشتر هەندێجار ئەمانە راستبووبن یان روویاندابێت، بەڵام لەئێستادا هەرچەندە لەکۆمەڵگەی کوردیداو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەگشتی ژن تائێستا ئامرازێکە بۆ منداڵبوون و تێرکردنی غەریزەی سێکسوالی پیاوو بەتاڵکردنەوەی حاڵەتە دەروونییە نەخۆشەکانی پیاو، بەڵام لەسەر ئاستی جیهان ژن پێشکەوتن و دەرکەوتنی دیاری بەدەستهێناوە و خەونەکانی لەسنووری منداڵبوون و خزمەتکردنی ناو ماڵەکەیدا زۆر تێپەڕیوون. ئان سنیتو Ann Snitow لەساڵی ١٩٨٩دا لەوتارێکدا بەناوی رۆژمێری جێندەر، باس لەدۆخی نوێی ژن دەکات‌و پێیوایە پێویستە ژن بینای ناسنامەی ژنێتی خۆی بکاتەوە و مانای سیاسیی توندوتۆڵی پێببەخشێت و ژن پێویستی بەدادرانی وتاری (ژن)ەو لەبەریەکهەڵوەشانی مێژووەکەیەتی، لەم وتارەدا باسی گفتوگۆیەك دەکات لەگەڵ ژنێکی هاوڕێیدا، هاوڕێکەی دەڵێت: "هەستدەکەم ئێستا دەتوانم ژن بم، ئێستا ژنبوونم ئەوەندە کارێکی سووکایەتی نییە، دەتوانم واز لەو وەهمە بێنم کە بەنهێنی پیاوبم هەروەك راهاتبووم پێشئەوەی منداڵم ببێت، ئێستا دەزانم



سەرچاوەی عەیبەی رابردووم لەچیدابوو"، سنیتۆ دەڵێت: "ئەم قسانە تووشی سەرسوڕمانی کردم و من کە چەند ساڵێك بوو لەهەمان ئەو کۆبوونەوانەدا دادەنیشتم، بیرۆکەکانی من لەگەڵ هاورێکەمدا بەنزیکی پێچەوانەبوون، چونکە ئێستا واپێویستدەکات ژن نەبم لەمەودوا، هیچ پێویستناکات ببم بەدایك، ژنبوونم بەردەوام سووکایەتیبوو، بەڵام هیچ دەروازەیەکی رزگاربوونم نەبوو، بیرۆکەی (ژنبوون) ئێستا قسەکردنێکی بێسوودە، چونکە ژن ناوی کۆیلایەتیمە و فیمینیزم ئازادیم پێدەبەخشێت بۆ گەڕان بەشوێن ناسنامەیەکی تەواو جیاوازدا".

لێرەدا دەڵێین کاتی ئەوەهاتووە، بەڵکو زۆریش تێپەڕیوە مێ تەنیا دایكو هاوسەر بێت، پێویست ناکات مێبوون لەچوارچێوەی ژنبووندا تەسکبکرێتەوە، ژنبوون بەو مانایەی تەنیا وەك ژنی پیاوێك ئەرکەکانی هاوسەرێتی لەبەخشینی سۆزو سێکس بەپیاو ببەخشێت و منداڵ بخاتەوە، بەڵکو پێویستە مێ هەمووو کاتێك ئەو ژنە جوان و خانمە بەویقارو دایکە نموونەییە نەبێت کە پیاو تەنیا ئەوەندەی دەوێت، ئەی خۆی وەك مرۆڤ وەك بکەرێکی کۆمەڵایەتی‌و بوونەوەرێك لەتوخمی مرۆڤ، نابێت بوونی خۆی لەسەر نەخشەی مرۆڤایەتی بسەلمێنێت؟.

بەداخەوە زۆرکات مێ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تەنیا دایکێکی بەسۆزە یان تەنیا بوونەوەرێکی زیندووە و وەك رۆبۆتێکی کۆنترۆڵکراو ئەرکی تەنیا خزمەتکردنی پیاوە و ئەرکی لەمە گەورەتریش ژن ئەو ناوەندەیە کە پیاو هەمیشە بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێ و زام و هەستکردن بەچەوساندنەوە و سەرشۆڕی و دوونییەتی خۆی، بەکاریدەهێنێت و سیفەتە ناچیز و نەویستراوەکانی خۆی و کەموکورییەکانی دەخاتەپاڵ ژن، زۆرێك لەو سیفەتانەی خراونەتەپاڵ ژن سیفەتی خۆڕسکی ژن نین‌و لەتەبیعەتەوە ژن هەروابێت، بەڵکو ئەو سیفەتانە کەموکوریی پیاو خۆیین و خستووینەتەپاڵ ژن و بەتێپەڕبوونی کات وەك بەشێك لەمێیەتی تەماشادەکرێن، چونکە وەك دەزانین کاتێك تاك ئەو سیفەتانەی لەخۆیدا رەتیدەکاتەوە و بەلایەوە شەرمە لەخۆیدا هەبن لەمیکانیزمێکی دەروونیدا Projection دەیخاتەپاڵ کەسێکی دی کە ئامادەی وەرگرتنیان بێت و بیانکات بەبەشی خۆی. لێرەوە ئەو زوڵمانەی لەکۆمەڵگەدا بەناوی سروشتەوە و بەئەنجەتی مۆرك و سروشتی جەستەی مێبوونییەوە لەژن دەکرێت، بوونەتە هۆی داخستنی دەروازەکانی ژیان بەڕوویدا، زیندانیکردنی لەناو چوارچێوەی منداڵداو خەریککردنی بەکەلوپەلەکانی ماڵەوە

وایانکردووە هەرچی وزە ئەقڵیو هۆشییەکانی هەیە لەناو سنووری ماڵەکەیدا و بەتەنیا بۆ خزمەتی منداڵەکانیو هاوسەرەکەی بیانخاتەکار، ئەم دۆخانە وایان لەژن کردووە هەست بەدوونییەت بکات یان غیرە لەپێگە و دەسەڵاتی پیاوبکات، بەمشێوەیە ژن لەدۆخێکدا ژیاوە کە ڕێگەپێنەدراوە پەرە بەتوانا ئەقڵییەکانی بدات و زەینی بکرێتەوەو ئەقڵ و لۆژیك حوکمی ژیانی بکەن.

کەواتە ئەو هەقیقەتەی جێگەی گومان نییە لامان ئەوەیە هیچ کاتێك توێکاری جەستەی ژن و بایۆلۆژیی ئۆرگانەکانی بەرپرس نین لەو دۆخەی ژنی تێدا دەژی، بەڵکو کەلتووری کۆمەڵایەتی ژن، بەرپرسە و چارەنووسی ژنی دیاریکردووە.

لەم کتێبەدا بەپێی توانا باس لەهەندێك لەو بابەتانە کراوە کە پەیوەندییان بەمێیەتیو کێشەکانی مێبوونەوە هەیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بەگشتی کتێبەکە لە شەش بابەت پێکهاتووە: بابەتی یەکەم "تێپەڕین بە ئۆدیبدا گەیشتنە بەمێیەتی"، لەم بابەتەدا باس لەمێیەتیو چۆنیەتی گەیشتن بەمێیەتی دەکرێت کە فرۆید ئۆدیپۆسی کردووە بەپردی پەڕینەوە و گەیشتن پێی، پێیوایە پێویستە کچ بەڕێگەیەکی پێچاوپێچدا بڕوات تاخۆی وەك مێ دەناسێت، چونکە منداڵی کوڕ و کچ لەسەرەتای تەمەنەوە هەردووکیان وادەزانن نێرن تا ئەوساتەی کچ درك بەنەبوونی ئەندامی نێرینە لەخۆیدا دەکات و ئەمەش دوچاری هەستێکی شەڕانگێزی دەکات بەرامبەر بەدایکی کە بۆچی بەوشێوەیە هێناویەتییە دنیاوەو هەر لەوکاتەشەوە ئیرەیی فالوس لای دروستدەبێت.

فرۆید پێیوایە کچ کاتێك دەگاتە مێیەتی سروشتی خۆی کە دان بەگرێی کەموکوڕی و خەساندا دەنێت و ئەمەش واپێویستدەکات کێبڕکێ لەگەڵ دایکیدا بکات بۆ گەیشتن بەباوك و لەباری سروشتیدا کچ دایکی دەبینێت بۆ پڕکردنەوەی داوا سۆزدارییەکانی پەنا بۆ باوك (هاوسەرەکەی)دەبات، لەبەرئەوە ئەویش بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕییەکەی پەنا بۆ باوکی دەبات و داوای منداڵێکی لێدەکات، بەڵام ئەو بێ هیوای دەکات.

بەمشێوەیە ئارەزووی بۆ دەستکەوتنی ئەو ئەندامە و منداڵێك لەنەستیدا دەمێننەوە و یارمەتیدەدەن بۆ گەیشتن بەڕۆڵی سێکسوالی خۆی وەك ژنێك لەئایندەدا.

بەشێکی دیکەی ئەم بابەتە (فرۆیدو ژن)ەو باس لەدیدی فرۆید بەرامبەر بەژنو ئەو وێنەیە دەکات کە دەربارەی ژن لەزەینی فرۆیددا هەبووە و ئارەزووی کردووە و هەر ئەو وێنەیەش بووە کە بناغەی تیۆرەکانی دەربارەی مێیەتی لەسەر دارشتووە. هەروەها چەند



ناونیشانێکی دیکەی پەیوەست بەم بابەتە ڕوونکراوەتەوە وەك ئۆدیپۆسو گرێی خەسان و دەرچوونی هەریەك لە کوڕو کچ لە ئۆدیپۆس و خەونی مردنی خۆشەویستان و ئۆقیانووسە ڕەشەکەو کاریگەرییەکانی ئۆدیپۆس بۆ سەر پەیوەندیی ژنو پیاوو...هتد.

بابەتی دووەمی ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا دەکرێت هەر بەبەشێك لەبابەتی یەکەم لەقەڵەمبدرێت بەناوی "ڕوانگەی فرۆید بەرامبەر بەمێیەتی لەنێوان قبووڵکردن و ڕەتکردنەوەدا"، لەم بابەتەدا سەرەتا ئاماژە بەتیۆری دەروونشیکاری دراوە وەك تیۆرێکی گرنگ کە بووە هۆی دروستبوونی وەرچەرخانێکی گەورە لەتێگەیشتن لەسێکسوال کە پەیوەندیی بەتینی بەبابەتی مێبوونەتەوە هەیە و غیرەی فالوسی کردووە بەتەوەری دیاریکردن و شیکارکردنی حاڵەتە پاسۆلۆژی و دروستەکانیش وەك یەك و سەرجەم بابەتە سێکسوالەکان لەژندا بۆ ئەم غیرەیە و قۆناغە زووەکانی منداڵی دەگەڕێنێتەوە بێ ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانانەی دەشێت لەقۆناغەکانی دیکەی تەمەندا کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی سێکسوالی بەجێبهێڵن.

تەوەری سەرەکی ئەم بابەتە جەدەلی گەرمی فیمینیزمە دەربارەی دەروونشیکاری و مێیەتی و باس لەدیدو بۆچوونی زۆرێك لەدەروونشیکارو فیمینیزمەکان دەکات سەبارەت بەڕوانگەی فرۆید بەرامبەر بەمێیەتی، بەوانەشەوە کە پشتگیریی فرۆیدیان کردووە و تا ئاستێکی زۆر لەگەڵیدا هاوڕابوون.

هەندێك لەفیمینیزمەکان لەو باوەڕەدان فرۆید بەرپرسە لەدانانی تیۆری دەروونشیکاری بەوشێوەیەی دەروونشیکارەکانی دیکەش پشتیان پێبەستووە و ئامادەگی دەروونشیکار لەتوخمی پیاو و ئەوکەسەی دەروونی بۆ شیدەکرێتەوە لەتوخمی ژن وێنەیەکی باوی دیکەی پەیوەندییەکانی باوکسالاری لەکۆمەڵگەدا تۆخدەکاتەوە، لەمە خراپتر دەروونشیکاری تیۆرێکە پشتی بەبەڵگەی کلتوورو لۆکاڵیو تایبەتی و تاکانەیی کۆمەڵێك کەس و نەخۆش بەستووەو لەبەرامبەردا گریمانە و تیۆری گشتگیری بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە و لەم نێوەندەشدا ژن و چەمکی مێیەتی گەورەترین زیانی بەرکەوتووە، چونکە فرۆید پێیوایە ناسنامەی مێیەتی ڕووخساری نێگەتیڤ لەخۆی دەگرێت، بەتایبەتی سەبارەت بەهەستی غیرە لەئەندامی نێرینەی پیاو. هەربۆیە فیمینیزمەکان گومانیان لەتیۆری فرۆید سەبارەت بەمێیەتی لەلاپەیدابوو، پێیانوابوو کارەکانی فرۆید دەربارەی ناسنامەی ژن و مێیەتی دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی باوکسالارین و پشتیوانی لەو ستەمە دەکەن.

بابەتی سێیەم: "خۆکوشتن، یاخیبوون لەژیان" لەم بابەتەدا باس لەچەمکێکی دێرینی مرۆیی دەکرێت کە چەمکی خۆکوشتنەو ژن وەك نموونە باسکراوە وێڕای باسکردنی پێناسەی خۆکوشتن و لێکدانەوەیی‌و وێنە و توخمەکانی بەگشتی، بەڵام بەچڕی فۆکس خراوەتەسەر خۆکوشتنی ژن لەڕووی ئەو ڕەهەندانەوە کە پاڵی پێوەدەنێن بۆ کۆتاییهێنان بەژیانی، ژن دەڵێت: "کاتێك هاتمە ناو دنیاوە پرسیارم لێنەکرا ئایا حەزدەکەم لەم جیهانەدا بژیم یان نا، ئایا حەزدەکەم ببم بەمنداڵی کێ‌و چ کاراکتەرێکم لێدەربچێت، بەڵام ئێستا مافی خۆمە بیر لەئەزموونێکی دیکە بکەمەوە، ئەویش ئەزموونی مردنەو گەڕانەوەیە بۆ بوونی ئەزەلی خۆم، بەڵام ئەمجارەیان بەدەستی خۆم و خۆم سوڵتان و خۆم خاوەن بڕیار... ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئازادییەکی رەها بێت، ئەوا من رەهایی خۆم تاقیدەکەمەوە، چونکە منی ژن تەنیا کارێك بتوانم بەئازادی ئەنجامی بدەم کۆتایی هێنانە بەژیانی خۆم..."

هاوکات باس لەهەوڵی خۆکوشتن کراوە کە زۆرجار لەگەڵ خۆکوشتندا تێکەڵ دەبن یان ئەم دەبێت بەو یان ئەو دەبێت بەم و سەرئەنجامیش ژن زیانمەندی یەکەم و کۆتاییە لەهەردووکیاندا.

بابەتی چوارەم: "خەتەنەکردن، لەژن خستن: سایکۆلۆژی خەتەنەکردن"، لەم بابەتەدا خەتەنەکردنی کچ لەسەرەتادا بەگشتی باسکراوە لەڕووی سەرهەڵدانی وەك یەکێك لەسرووتەکانی قوربانیدان بۆ خواوەندەکان‌و دواتر بەمەبەستی بەستنەوەی کچ و پاراستنی بۆ بەرژەوەندیی پیاو پەیڕەوکراوە، هەروەها سەرەتای سەرهەڵدانی و دابەشبوونی جوگرانی و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەیی و پاشان بەدرێژی ڕەهەندەکانی لەپشت خەتەنەکردنەوەن، باسکراوە.

بەشی دووەمی ئەم بابەتە، کە جێگەی بایەخی تایبەتییە لامان، کاریگەریی خەتەنەکردنە بۆسەر سایکۆلۆژی ژن، باس لەکاریگەریی خەتەنەکردن بۆسەر دەروون-خود-ی ژن کراوە، لەکاتێکدا کە زیانەکانی خەتەنەکردن تەنیا لەشێواندنی بەشێك لەجەستەدا گیریی نەخواردووە، بەڵکو درێژبووەتەوە بۆ دەستکاریکردنی سروشتی جەستەو لێرەشەوە دەستکاریکردنی بونیادی خود لەژندا.

یەکێك لەو ڕەهەندە گرنگانەی لەم بەشەی ئەم بابەتەدا هاتووە، پەیڕەوکردنی نەریتی خەتەنەکردنە وەك سزایەك لەسەر جەستەی ژن، چونکە کاتێك ئەم نەریتە بەربەرییە لەسەر



جەستەی ژن جێبەجێدەکرێت، کۆمەڵگە بەمکارەی دەخوازێت هاوکێشەی بەجێهێنانی ئەرك =ماف‌و ئەرك= سزا لەیەکدیدا ئاوێتەبکات بۆ بەدیهێنانی هاوکێشەیەکی نوێ: سزادان لەپێناوی زامنکردنی بیرنەکردنەوە لەبەجێنەهێنانی ئەرکدا، بەدیوێکی دیکەدا ئەوە دەگەیەنێت ژن هەر لەمنداڵییەوە سزایەکی توندی جەستە و دەروونی لەڕێگەی خەتەنەکردنەوە دەدرێت تا ئەرکەکانی خۆی بەباشی جێبەجێبکات بۆئەوەی مافی ژنبوونی لەچوارچێوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا پێببەخشرێت.

هەر لەم بابەتەدا باس لە خەتەنەکردنی کچ دەکرێت وەك سروتێکی کۆمەڵایەتی گرنگ کە دایك ناحەوێتەوە تا جێبەجێی نەکات، بەمشێوەیە کچ بەزیندوویی دەکوژرێت لەپێناوی بەنەمری هێشتنەوەی کۆمەڵەکەیدا. بەشێکی گرنگی دیکەی ئەم بابەتە باس لەخەتەنەکردن دەکات وەك توندوتیژییەك بەرامبەر بەمێ‌و باسی ڕەگوریشەی ئەم توندوتیژییە و هۆکارەکانی دروستبوونی و گواستنەوەی لەدایکەوە بۆ کچ و تراومای خەتەنەکردن دەکرێت، پاشان بەدرێژیی باس لەکاریگەریی بۆسەر پەیوەندیی سێکسوال و تەندروستیی ژن بەگشتی و چەند ناونیشانێکی دیکە دەکرێت.

بابەتی پێنجەمی ئەم کتێبە: "نارسیزم، ئەنگێزەیەکی هەمیشەیی بەردەوام لەگەڵماندا دەژی"، ژن وەك نموونە کراوە بەتەوەری ئەم بابەتە وێڕای باسکردنی نارسیزم بەگشتی. نارسیزمی لەڕاستیدا ئەنگێزەیەکی بەتەنیاو بێگەرد نییە بەتەواوەتی بەو مانایەی بەتەنیا لەناوچەیەکی دەرووندا بێت یان دەروونی داپۆشی بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە واپێویست دەکات بەکۆمەڵێك فاکتەر یان بەلایەنی کەمەوە بەفاکتەرێکی دیکەوە گرێ درابێت، ئەو گرێدانە لەوانەیە بەشێوەیەکی نەرم‌و هارمۆنی بێت، دەشکرێت بەشێوەیەکی دژ و ناکۆکی ئامێز بێت، بەڵام لەهەموو بارێکدا نارسیزمی ئەنگێزەیەکی سەراپاگیرە و دەشێت سەرتاپای ژیانمانی گرتبێتەوە بەبێ ئەوەی هێندە لێی بەئاگابین، لەکاتێکدا نارسیزم حاڵەتێکە دەروون خۆی پنتی پڕ بایەخی هەموو بابەتە پەیوەست بووەکانە بەتاکەوە و خۆی تاقانەیە و بەهیچ شێوەیەك دان بەبوونی ئەوی دیکەدا نانێت، بەڵام پێویستییەکی بەڵگەنەویستی بەوی دیکە هەیە تا جەخت لەبوونە تاقانەکەی بکاتەوە و بەمە پارێزگاری لەخۆی دەکات. کەواتە دەبێت نارسیزم قۆناغێکی سروشتی گەشەکردنی سایکۆلۆژی سێکسوالی بێت و هەموو تاکێك پیایدا تێپەڕبێت یان بارێکی پاسۆلۆژی بێت و مرۆڤ خۆی درکی پێنەکات؟ نارسیزمی یەکەمی (سەرەکی)و نارسیزمی دووەمی

(لاوەکی) هەیە، نارسیزمی پۆزەتیڤ هەیە کە دەبێتە یەکێك لەو فاکتەرانەی کەسێتی مرۆڤ فۆرمەلە دەکەن و وزەی پێویست بۆ گەشەسەندنی (من)و روانینی دروست بەرامبەر بە (بابەتە سێکسوالییەکان) دابیندەکەن، لەهەمانکاتدا، نارسیزمی نێگەتیڤیش هەیە کە مرۆڤ دووچاری نەخۆشییە دەروونیی و نیۆرۆسسییەکان دەکەن و رەنگدانەوەی خراپیشی لەسەر رەفتارو کەسێتی مرۆڤ و شێوازی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دیدا، دەبێت، لێرەدا جێگەی خۆیەتی کاتێك ئاماژە بەنارسیزم وەك سیفەتێکی نەخوازراو لەکۆمەڵگەدا دەدەین و بۆچی راشکاوانە گوزارشتکردن لەنارسیزم کارێکی شەرمهێن و ناشرینە، باسی ئەو بۆچوونەش یان ئەو تێڕوانینە بەرامبەر بە ژن بکەین کە تێڕوانینێکی ئەگەر نەڵێین تەواو هەڵەیە ئەوا بەدڵنیاییی تێڕوانینێکی ناتەواوە کە ژن لەپیاو بەنارسیزمیتر دادەنێت، تەنیا بەهانەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، دەڵێن: ژن نارسیزمترە، چونکە زیاتر تەماشای ئاوێنە دەکات، لەراستیدا ئەم بۆچوونە لەبنەڕەتدا هەڵە تێگەیشتنە لەخودی نارسیزم، لەم بابەتەدا سەرجەم ئەو پرسیارو تێڕوانین و بۆچوونانە شرۆڤەکراون.

دوابابەتی ئەم کتێبە: "هەڵچوونی ژن، لەنێوان سایکۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا" ئەم بابەتە لەسەرەتادا بەگشتی باس لەهەڵچوونەکان دەکات کە ژیان پڕ لەزیندوێتی و چێژدەکەن، بەڵام خووگرتن یان راهاتن و بەردەوامی لەسەر یەکێك یان زیاتر لەهەڵچوونە نێگەتیڤەکان بۆنموونە بەردەوام توڕەبوون و هەڵچوون و هەستکردن بەگوناه و شەرم و ترس و دڵەراوکێ.. هتد تەندروستی دەروونی مرۆڤ دووچاری مەترسی تووشبوون بەجۆرەها باری دەروونی و پشێوی درێژخایەن دەکەن، لەبەرئەوە دەربڕینی هەڵچوونەکان بەسروشتی ئاماژەیەکە بۆ دروستی کەسێتی تاك و دەروونی مرۆڤ خامۆش و ئاسوودەدەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵکردنی هەندێك لەهەڵچوونەکان و ئاگاداربوون لەچۆنێتی گوزارشتکردن لێیان لەپێناوی سەرکەوتنی پەیوەندییە مرۆییەکان و گونجاندنمان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی چواردەورماندا، بەکارێکی پێویست دادەنرێت، لەم بابەتەدا باس لەهەڵچوونەکانی ژن بەگشتی دەکرێت و ئەو هۆکارو دۆخانە شرۆڤە دەکرێن کە وادەکەن ژن لە پیاو هەڵچوونی زیاتربێت-مەرج نییە ئەمە یەکلاییکەرەوەبێت-هەروەها باسی ئەو فشارە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانە دەکرێت کە ژن لەقۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا رووبەڕوویان دەبێتەوە.



لەم بابەتەدا باس لەو پارادۆکسە دەکرێت کە تاك لەکۆمەڵگە دواکەتووەکاندا تیایدا دەژی و کاریگەریی بۆسەر دەروونی ژن دەکرێت، لەلایەك ژن وەك فریشتە سەیر دەکرێت، بەهۆی سۆز و خۆشەویستی دایکایەتییەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی توانای سەرنجڕاکێشان و جوانییەکەیەوە و لەبەرئەوەی کۆمەڵگە چەمکی شەرەفی بەهەموو ماناکانییەوە بەجەستەی ئەوەوە بەستۆتەوە، بەردەوام وەك مەترسییەك بۆسەر ناوو شەرەفی بنەماڵە، دانراوە، بەمشێوەیە ژن لەدوو پێگەی دژ بەیەك دادەنرێت، پێگەیەکی نزم کە ژن سەرچاوەی هەموو هەرەشەیەکی ئەخلاقییە و بێتوانایە لەپاراستنی جەستەی خۆیدا، لەگەڵ پێگەی بەرزی دایکایەتی کە هیچ شتێکی دیکەی پێناگات لەپیرۆزیی و گەورەییدا، لەژێر کاریگەری پەیڕەوکردنی ئەم دوو پرەنسیپەدا ژن لەهەموو چێژێکی دەروونی و جەستەیی ئاسایی و خۆڕسکی مرۆیی بێبەریکراوە، چێژی دایکایەتی و منداڵبوونی ئەوەندە لا بەهێز کراوە تا هەموو چێژەکانی دیکە لەودا ون بکات. کۆمەڵگە بەمشێوەیە دەستکاری ستراکتۆری هەستیی و جەستەیی و رۆحیی ژن دەکات تا زامنی هێشتنەوەی ژن بکات لەو دوو پێگەیەی بۆیداناوە. ژن لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا وەك چۆن سنووری ژیانی بەهەموو وردەکارییەکانییەوە بۆ دەکێشرێت، سنووری چێژ و هەست و هەڵچوونەکانیشی بۆ دیاریکراوە.

سۆزان جەمال
٢٠٠٨/٩/١

# تێپەڕین بەئۆدیب-دا گەیشتنە بەمێیەتی

**بەدرێژایی ژیانمان دەبێت ئارەزووی ئەوە بکەین**
**بەشێوەیەکی باشتر ژن بین یان پیاو**

**پۆل شوشار**

چۆن دەزانین ئێمە ژنین، ئێمە رەگەزێکی جیاوازین لە پیاو خاوەن دەنگ و رەنگ و ستراکتۆری جەستەیی و رەگەزیی خۆمانین و لەهەموو شتێکی پیاو جیاوازین کەی هەست دەکەین ئێمە مێین؟ ئەوکاتەی چاومان دەکەینەوە و لەمنداڵدانی دایکەوە دەکەوینە ناو کۆشی زبری ژیان بەهەموو ماناکانیەوە، ئەوکاتەی کە لەدایك دەبین و خێزان خامۆش دەبێت، هەواڵی بیستنی لەدایکبوونمان جوولە و خۆشی ناخاتە دڵی باوکمانەوە؟ یان ئەوکاتەی دایکمان فێرمان دەکات کۆشمان داپۆشین و براکەمان رێگەی یاریکردنمان لەگەڵ کوڕاندا لێ قەدەغە دەکات؟

مێبوون و هەستکردن بەژنێتی لەرووی مانا کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژیەکەییەوە جیاوازییان هەیە، هەردوو ماناکەش بۆ خستنەڕووی (مێ)بوون دەچنەوە خزمەتی یەکدی و هەردووکیشیان رۆڵی کارا لەهەستکردنی مێ بەمێیەتی یان ژنێتی خۆی، دەبینن.

دەبێت گەیشتن بەمێیەتی هەروا سادە و ساکار بێت هەروەك چۆن پزیشکی سۆنەر نیشانەی ($O^{+}$) دەخاتە سەر رەچەتەی لێنۆڕینەکەی دایکمان و پێی دەڵێت کۆرپەکەت کچە.

یان مەسەلەی گەیشتن بەمێیەتی هەر پێویستی بەرەهەندێکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیش نەبێت بۆ راڤەکردن و هۆرمۆنەکان توخمی مرۆڤ دیاری بکەن مرۆڤ ژنە یان پیاو و لەوێشەوە مامەڵە و پەروەردەی کۆمەڵایەتی جەخت لەبوونی ئەو توخمە بەمێ یان نێر بکەنەوە. دەبێت کچێك کە هەستدەکات (مێ)یە جیاوازی لەگەڵ هەستی براکەیدا هەبێت کە هەستدەکات (نێرە)؟ یان گەیشتن بەمێیەتی رێگایەکی ئاڵۆز و پێچاوپێچ دەخوازێت وەك فرۆید لەتیۆرە دوابەدوا یەکەکانیاندا دەربارەی سێکس و مێیەتی راڤەی کردوون؟



ئەمانە پرسیارگەلێکن وەڵامدانەوەیان لەوانەیە هێندە سانا نەبێت بەبێ پشتبەستن بەباسکردنی تیۆرو چەمك و راکانی دەربارەی ئەم بابەتە خراونەتەڕوو.

فرۆید پێکهاتەی بایۆلۆژی و توێکاری ژنی کردۆتە بناغە بۆ داڕشتنی تیۆرەکانی لەسەر ژن و مێیەتی و هەر لێرەشەوە چەمکەکانی ئیرەیی چووك و گرێی خەسان و دەرئەنجامەکانیانی لەسەر ژن، داناوە.

ئەوەی فرۆید بۆ بایۆلۆژی دەگەڕێنێتەوە لەسەر بناغەی کلتووری ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، دروستبووە، ئەوەی ئەو دەیکاتە سروشتی هەموو ژنێك بۆ گەیشتن بەمێیەتی‌و ئەو خەسڵەتانەی ئەویش بە ژنی بەخشیوون، هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەیەکی ئەوروپی بووە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا. فرۆید لەژێر کاریگەری کلتووری ئەوروپای سەردەمی فیکتۆری رزگاری نەبووبوو، تەنانەت لەمەش زیاتر کلتووری عبری باڵی بەسەردا کێشابوو، ئەو کلتوورەی وای لەپیاوان دەکرد رۆژانە لەنوێژەکانیاندا بپاڕێنەوە و بڵێن: (سوپاس بۆ تۆ خودا کە بەژنی نەتخوڵقاندم)[١] ، ژنانیش بڵێن: (سوپاس بۆ تۆ خودا، چونکە بەویستی خۆت منت خوڵقاندووە)[٢].

فرۆید دیلی ئەو کلتوورە بوو کە کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە و هەر لەو بازنەیەشدا تیزو تیۆرەکانی سەبارەت بە ژن داڕشتوون، لەکاتێکدا دۆخی ژن لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و مێژووییەوە کۆمەڵێك خەسڵەت و مۆرك و رەفتاریی ژن دیاریدەکەن، ئەمەش حەتمیەتێکی سایکۆلۆژی نییە تا بەسەر تەواوی ژناندا، هاوجێ ببێت.

لێرەشەوە دوونییەتی ژن قەدەرێکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو دەرئەنجامێکی کاتی رەوتی ئەو پێشکەوتنانەیە کە کۆمەڵگە مرۆییەکان لەمێژوودا بەخۆیانەوە بینیوە، لاوازیی ژنیش بۆ کەموکوڕییەکی بایۆلۆژیی ناگەڕێتەوە کە فرۆید بەنەبوونی چووك وەسفی دەکات، چونکە هێزی پیاویش لەبوونی چووکدا نییە وەك ئەندامێکی سێکسوالی تایبەتی کە لەژندا نییە، لەراستیدا بوونی ئەو ئەندامە هێز نانوێنێت، بەڵکو رەمزە بۆ هێزی کۆمەڵایەتی و ئەمەش کاردانەوەی چەمکە باوەکانی ناو کۆمەڵگەیەو پەیوەندی بەبایۆلۆژییەوە نییە.

ئەگەر رێگەی گەیشتن بەمێیەتی دژوارو پڕ لەکەندو چاڵو بەردەڵانی بێت ئەوا بەبێ دوودڵی ژیان بەمێیەتی لەناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دژوارترو پڕ لەکەند و ئاستەنگ و ئاڵۆزترە، وەك د. رۆئیا تەلوعی دەڵێت: (ژنبوون دژوارە، لەوەتی خۆم وەك ژنێك ناسیوە هەر لەوکاتەوە کە خۆم داڕشتووە ئاشنای دەردم)[٣]. ئەمە بەچاوێکی تەماوییەوە روانین نییە

لە(مێ)بوون، ئەگەر هەندێک پێیان وابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەمە واقیعبینییە و بانگەشەیە بۆ بێداربوونەوەی مێ بەرامبەر بەهەموو دژە راو بۆچوونێک دەربارەی بوونە ماددی‌و مەعنەوییەکەی ژن بەشێوەیەکی کارا لەناو کۆمەڵگەداو راچڵەکاندنیەتی بۆئەوەی وەک چۆن بەمێیەتی لەدایک دەبێت بەمێیەتی بژی و ژیانی شایستەی مێبوونی بێت بەهەموو ئاماژەکانیەوە و مێ خۆی لەقۆزاغی دوودڵی‌و هەست بەکەمزانین و بڕوابەخۆنەبوون بێتە دەرەوە و بەنرخ و پێگە و مانای بوونی خۆی ئاشنا بێت، ئەگەر فرۆید پێی وابێت ژن هەمیشە بەحەسرەتی نەبوونی ئەندامی نێرینەوە دەژی ئەوا لەدوای تێپەڕینی شەست و نۆ ساڵ[٤] پێی دەڵێین مێ بەو حەسرەتەوە ناژی و بەو حەسرەتەشەوە خۆشەویستی‌و ئەڤینداری‌و هاوسەرێتی‌و دایکایەتی ناکات، ئەویش لەبەر سادەترین هۆ (بەرلەوەی لەدواییدا بەشێوەیەکی زانستیانە باسی بکەین‌و بەپشت بەستن بەچەمک و تیۆرەکانی سەبارەت بەم بابەتە خراونەتەڕوو)، ئەویش ئەوەیە ژن خاوەنی زیاترە لەپیاو و توانای هێنانەدونیای منداڵی هەیە کە وەک هەقیقەتێکی بەڵگەنەویست لەتوانای پیاودا نییە. لێرەوە ژن لەسەنگەری داکۆکیکردن لەمێبوونی خۆی وەک مرۆڤێکی سروشتی‌و تێروتەواو، مافی خۆیەتی شانازی بەجەستەی خۆیەوە بکات و بەپیاو بڵێت:"من لەتۆ پەرەسەندووترم دەتوانم منداڵ دروستبکەم کە لەتوانای تۆدا نییە".

بونەوەرێک ئەوەندە خاوەن توانابێت، لۆژیکی نییە گەر پێی بوترێت حەسرەت بۆ ئەندامێکی توخمەکەی بەرامبەری هەڵدەکێشێت، دەشێت هەوڵی سەندنەوەی ئەو بەدەستهێنراوانە بدات کە بەخشراوە بەو توخمەی دی و ئەمی لێ بێبەشکراوە، بەدڵنیاییش لەم سەردەمەدا مێ گەیشتووەتە ئەو ئاستەی خاوەن ئەو زەین‌و ئەقڵیەتە بێت کە کێشەی ئەو کێشەیەکی توێکاری جەستەیی نییە بەڵکو کێشەی ئەو پەیوەندی بەباری کلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیەوە هەیەو کێشەی ئەو نادادپەروەری کۆمەڵگەیە لەبەخشینی ماف‌و بەڕەوابینینی هەموو بەدەستهێنراوەکانی ژیانە بەپیاوو بەڕەوانەبینینیەتی بەژن.

لێرەوە دەچینە نێو بابەتێکی زێدە گرنگ کە لەوانەیە ئەگەر نەڵێین زۆربەی زاناو نووسەرەکان ئەوا ژمارەیەکی زۆریان بەشێک لەنووسینەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە لەکرۆک و رەهەندەکانی ئەم بابەتە تەرخانکردووە و ئەویش بابەتی (مێیەتی)یەو گەیشتنە بەمێیەتی‌و چۆنیەتی روودانی‌و ئەستەنگەکانی دێنە رێگەی کەوا پێویست دەکات بەژیانی سێکسوالی منداڵ (بەکوڕو کچەوە) دەستپێبکەین.



## ژیانی سێکسواڵی منداڵ

فرۆید بڕوای وابووە ژیانی سێکسوالی منداڵ لایەنێکی سەربەخۆ نییە لەژیانداو پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ژیانی دەروونی منداڵدا هەیە و بەوپێیە ئاماژە سێکسوالییەکان لەژیانی منداڵدا هەن گشتیان کاریگەریی کارا لەسەر سایکۆلۆژی منداڵ بەجێدێڵن‌و شێوازەکانی یان مەیدانەکانی پراکتیزەکردنی ئەو ئاماژانە لەمنداڵداو هۆکارو شێوەکانی چەپاندنیان بەپۆزەتیڤی‌و نێگەتیڤی لەسەر ژیانی سێکسوالی منداڵ‌و گەشە دەروونیی رەنگدەدەنەوە (فرۆید لەو باوەڕەدایە مرۆڤ کە لەدایک دەبێت وزەیەکی غەریزەیی سەرەکی هەیە کە ناوی لیبیدۆیە Libido، ئەم وزەیە پشت بەپێکهاتەیەکی سێکسی دەبەستێت) [٥] واتە مرۆڤ بە لەدایکبوونی خاوەنی ئەو وزەیەیە کە توانای خۆشویستن‌و چێژبینین بەرجەستەدەکات و دەبێتە ئەو کاراکتەرە گرنگەی کار لەسەر کەسێتی تاک دەکات و بەڵکو لەوە زیاترو بەتەوەری کارکردنی ستراکتۆری کەسێتی دادەنرێت، کە ئەم لیبیدۆیە لەلای فرۆید بریتییە لە(هێزێکی شەهوانی گشتی کە داوای تێربوون دەکات، بەڵام دیاریکراو نییە و دەروازەکانی سنووردار نییە، ئەو هێزە شەهوانییە یان لیبیدۆیە لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، فرۆید وشەی لیبیدۆ بۆ ناولێنانی وزەی غەریزی لەڕووی قەبارەوە دادەنێت هەرچەندە لەدیدی ئەوەوە هێشتا قابیلی پێوانەکردن نییەو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە وشەی خۆشەویستی لەخۆدەگرن، لێرەدا فرۆید مەبەستی لەوشەی خۆشەویستی تەنیا خۆشەویستی سێکسوالی نێوان دوو خۆشەویست نییە، بەڵکو ئەو وشەیە بەمانا گشتییەکەی بەکاردەهێنێت تا خۆشەویستی خودو خۆشەویستی باوان و منداڵ و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی مرۆڤایەتیش بەگشتی و هۆگربوون بەشتە ماددی و هزرە ئەبستراکتەکانیشەوە، لەخۆبگرێت[٦]).

لەبەرئەوە ئارەزووە سێکسوالیەکان لەمنداڵدا لەسەرەتای ژیانیەوە و بەدرێژایی قۆناغەکانی منداڵی تا دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن دەبنە ئەو پایەو کۆڵەکانەی منداڵ لەئایندەدا ژیانی دەروونی لەسەر بنیات دەنێت و لەهەمان کاتیشدا میدیایەکی بەرفراوانی بۆ چۆنێتی پیادەکردنی شێوازی ژیانی سێکسوالی بۆ دەستەبەر دەکەن.

دانپیادانان بەبوونی ژیانی سێکسوالی لەمنداڵدا بۆتە مەسەلەیەکی بەڵگەنەویست، لەدوای مێژوویەکی دوورودرێژ لەلێدوان‌و قسەکردن لەسەری، دەرکەوتووە ژیانی سێکسوالی مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە دەستپێدەکات نەک لەتەمەنی هەرزەکاری و پێگەیشتنەوە.

زۆرکات بابەتی ژیانی سێکسوالی منداڵ کە بەبەشێکی گرنگ لەکارەکانی فرۆید دادەنرێت وادەزانرێت کە فرۆید پێشەنگی ئاشکراکردنی ئەم بابەتە بووە لەمنداڵدا، بەڵام راستییەکەی ئیرازموس داروین پێش فرۆید تێبینی منداڵی شیرەخۆرەی کردووە و باسی هەستکردنی منداڵی بەچێژ کردووە کاتێك کە مەمکی دایکی دەمژێت، ئیرازموس دەڵێت: (هەستکردنی منداڵی شیرەخۆرە بەچێژ لەکاتی شیرخواردنی لەمەمکی دایکی لەئایندەدا گوزارشتکردنێکی ئاشکرا دەگەیەنێت کە خۆی لەهەوڵدانی بەردەوامی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەئیستاتیکیەت دەبینێتەوە) [٧]
پاش ئەویش داروین لەم بوارەدا خاوەنی تێبینییەکی جوانە کاتێك تەماشای منداڵە شیرەخۆرەکەی دەکات بەزەردەخەنەوە و هەستێکی چێژبەخشەوە مەمکی دایکی دەمژێت، بەدوای داروینیشدا ژمارەیەکی زۆر لەزانایان نموونەی کرافت ئیبنج و بلوخ،ماینرت، شامبارد، شارکو، هافلوك ئالیس، فلایس‌و مۆل لەم بابەتەدا کاریان کردووە، بەڵام گرنگترین ئەو رەگەزانەی لەتیۆرەکەی فرۆید سەبارەت بەژیانی سێکسوالی منداڵ بەدیدەکرێت بۆ هەردوو زانا فلایس‌و مۆل دەگەڕێتەوە:

فلایس Fliess (1895)[8] ئاماژەی بەمژینی پەنجەو گۆی مەمکی دایك و پەیوەندیی ئەندامەکانی دەردران بەژیانی سێکسوال لەمنداڵدا، داوە، واتە فلایس پێش فرۆید تێبینی مەدلولی سێکسوالی دەمی کردووەو پێیوایە دەشێت ئەو ئەزموونانەی منداڵی کە ئاماژەی سێکسوالیان هەیە، کاربکەنە سەر ژیانی دەروونی منداڵ و تەنانەت میزبەخۆداکردنی خۆنەویستانەی منداڵیشی بەگوزارشتکردن لەحاڵەتی سێکسوالی لەمنداڵدا داناوە.

پاشان مۆل Moll (1897) لەو باوەڕەدایە (غیرەو عەیبەو ماچکردنی دایك و باوك یان کەسانی دیکە لەکاتی دەربڕینی سۆزی خۆشەویستیدا هەموو ئەمانە بەرەگەزی سێکسوال لەتەمەنی منداڵیدا، رەنگدارن) [٩].

بەرجەستەبوونی سێکسوالی لەژیانی منداڵدا وەك ژیانی سێکسوالی گەورەکان نییەو گەمەبازی و قسەی خۆش و گۆڕینەوەی ئەڤینداری و پراکتیزەکردنی پەیوەندییە خۆشەویستی لەخۆبگرێت، بەڵکو ئاماژە سێکسوالەکان لەمنداڵیدا لەگەڵ قووڵی مەغزایان و گرنگیاندا وەك بنچینەیەك بۆ ژیانی داهاتوو، سادە و بێ پرۆگرامن و بەسیمایەکی بێگەردی رەنگرێژکراون و ئامانجێکی فەنتازی والاّ لەپشت پراکتیزەکردنیانەوەیە، لەدیدی مول-ەوە (پراکتیزەکردنی سێکسوال لەمنداڵدا بەڕەپبوونی ئەندامی‌و یاریکردن بەئەندامەکەی دەستپێدەکات و ئەمەش لەساڵی یەکەم یان دووەمی ژیانی منداڵدا روودەدات و زۆربەی ئەو پراکتیزە سێکسوالانە



هۆمۆسێکسوالی‌و ئارەزووەکانی دیکەو لادانی سێکسوال نانوێنن وەك پێشتر وادەزانرا، بەڵکو ئەم جۆرە پاڵنەرانە لەوانەیە ئاسایی لەمنداڵدا دەربکەون و لەقۆناغی پێگەیشتندا ون بن) [١٠].

هەرچەندە رەوتی مێژوویی بایەخپێدانی ژیانی سێکسوال بەمنداڵ، ئاشکرایدەکات کە فرۆید یەکەم کەس نەبووە خاوەنی ئەو درکپێکردنانە بێت لەم بوارەدا، بەڵام ئەم ئاشکرابوونە لەبایەخی کارەکانی فرۆید کەمناکەنەوە و ئەو خاوەنی پۆلێنکردنی بەناوبانگی گەشەکردنی سێکسوالییە لەمنداڵدا (هەرچەندە مەرج نییە لێکدانەوەو هەنجەتەکانی فرۆید بۆ ئەو روخسارانەی لەو قۆناغەدا لەسەر رەفتارو لەناو دەروونی منداڵدا بەتایبەتی کچ دەردەکەون، راست بن‌و زاناو توێژەرەوەکانی سەردەم و دوای سەردەمی خۆیشی لەگەڵیدا تەبابن)، کە ئەم گەشەکردنەی بۆ چەند قۆناغێك دابەش کردووە و هەر قۆناغەش بەکۆمەڵێك خەسڵەتی خۆی دەناسرێت لەرووی کات‌و شوێن و کاریگەرییەوە بۆ سەر کەسێتی‌و ژیانی سێکسوالی دروست و لادراو ناسروشتی‌و تووشبوون بە نەخۆشییە نیورۆسسیەکان.

## قۆناغەکانی گەشەی سێکسوالی

١- **قۆناغی زارەکی Oral Stage** لەرۆژەکانی سەرەتای تەمەنی منداڵەوە دەستپێدەکات و تا نزیك دوو ساڵی دەخایەنێت، منداڵ چێژ لەمەمکی دایکی لەکاتی شیرخواردندا وەردەگرێت، زار لێرەدا ناوچەیەکی رازیکردنە نەك تەنیا بەخواردن بەڵکو بۆ رازیکردنی وزەی سێکسوالیش، ئەمەش وادەکات زار بکاتە ناوچەیەك بۆ وروژاندنی سێکسوال، منداڵ جگە لەمەمکی دایکی چێژ لەمژینی پەنجەیی‌و شتکردن بەدەمیدا دەبینێت و ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەستکەوتنی چێژ لەڕێگەی زارەوە و دەشێت ئەم ناوچەیە لەقۆناغەکانی دواتریشدا هەر بەچێژبەخشی بمێنێتەوە.

٢- **قۆناغی کۆمی Anal Stage** لەتەمەنی (٢-٣) ساڵیدا منداڵ پێیدا تێپەڕدەبێت، ناوەندی چێژبینینی سێکسوالی منداڵ لەزارەوە بۆ ناوچەی کۆم دەگوازرێتەوە و کاتێك منداڵ لەدوو ساڵییەوە دەست دەگرێت بەسەر کرداری میزکردن و پاشەڕۆفڕێدانیدا، چێژ لەم کردارە دەبینێت بەهۆی بەتاڵکردنەوەی ریخۆڵەو ئەو ناوچانەیەوەو بەهۆی رازیبوونی دایکیشی لێی کە دەتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات.

### ٣- قۆناغی بچوکی- ئۆدیبی Phallic- Oedipal Stage

لەتەمەنی (٣-٦) ساڵی منداڵ پێیدا تێپەڕدەبێت، لەم قۆناغەدا منداڵ بایەخ بەئەندامەکانی زاوزێی دەدات و هەستکردن بەچێژی دەستلێدان لەو شوێنانە ئاشکرادەکات، بەپێی فرۆید منداڵی کچ و کوڕ لەم قۆناغەدا درك بەجیاوازیی تومخی نێوانیان دەکەن و هەر لەم قۆناغەدا منداڵ رقی لەباوکی دەبێت و هەوڵ بۆ دایکی دەدات و کچیش رقی لەدایکی دەبێت و هەوڵی گەیشتن بەباوکی دەدات، فرۆید ئەم ئارەزووانە بەئۆدیپوس ناودەهێنێت وەك دواتر بەدرێژیی باسی دەکەین.

هەر لەم قۆناغەدا منداڵ پرسیاردەکات لەکوێوە لەدایکبووە و هاتووەتە دنیاوە و هەوڵی ئاشکراکردنی چالاکییە سێکسوالییەکانی باوان دەدات.

٤- قۆناغی متبوون Latency Stage لە(٥-٦) ساڵی تا قۆناغی هەرزەکاری دەخایەنێت لەم قۆناغەدا هێزی لۆگۆس بنیاتدەنرێت و دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم کاروانی رێڕۆیشتنی غەریزەی سێکسوال لەبەرئەوە بەجۆرێك لەمتبوون و کپبووندا تێپەڕدەبێت و منداڵ لەرێگەی هەستکردن بەشکۆبوون Sumblimation و هەستکردن بەشەرم و عەیبە و قێزەونی بەرامبەر مەسەلە سێکسوالەکان و وزە سێکسوالیەکانی بەشێوەیەکی ئەندەکی بەرەو ئیستاتیکیەت‌و هزر، دەڕۆن.

بەمشێوەیە ناوچەکانی چێژبینینی سێکسوالی هەر لەمنداڵییەوە چەند ناوچەیەك دەگرێتەوە (زار-کۆم-زاووزێ) کە ناوچەی تایبەتین لە لەشداو بە(ناوچەکانی دروستکردنی چێژی شەبەقی Erogenous Zones ناسراون)[11].

تێبینیکردنی روخسارەکانی ژیانی سێکسوالی لەمنداڵدا لەوانەیە کارێکی هێندە ئەستەم نەبوایە ئەگەر سانسۆرە کۆمەڵایەتییەکان رێگەپێدەر بوونایە، بەتایبەتی لەکاتێکدا وەك پێویست بایەخ بەژیانی تاك هەر لەمنداڵییەوە نادرێت و لەپێناوی چەسپاندنی کۆمەڵێك بیروباوەڕو کۆنترۆڵکردنی منداڵ وەك بوونەوەرێکی دەستەمۆ ئەو روخسارانە بەجۆرەها شێوازی ترس‌و چاوسوورکردنەوە و لێدان لە منداڵدا دووچاری چەپاندن[12] دەبنەوە، واتە بەئاسایی دەرناکەون تا بەئاسایی تێبینی بکرێن. بۆنموونە لەقۆناغی زارەکیدا کە منداڵ وێڕای چێژبینینی لەمەمکی دایکی لەکاتی شیرخواردندا پەنا بۆ جۆرەها شێوازی دیکەی چێژبینینی زارەکی دەدات لەرێگەی شت کردن بەدەمیداو پەنجە مژینەوە، بەڵام دایك هەمیشە بەرهەڵستی ئەم کارەی منداڵ دەکات و زۆربەی خێزانەکانیان لەو باوەڕەدان ئەگەر رێگریی لێنەکەن لەئاییندەدا



لێی دەبێتە (خوو) یان نەریتێك و بەردەوام پەنجەی دەمژێت، لەکاتێکدا ئەم پەنجە مژینە جیاوازە لەو پەنجە مژینەی منداڵ لەتەمەنێکی گەورەتردا بەهۆی جۆرەها هۆکاری خێزانی‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەوە دووچاری دەبێت و بەیەکێك لەپشێویە رەفتارییەکان دادەنرێت[13] دایك بەزۆر شێوە دەیەوێت رێگە لەپەنجەمژینی منداڵەکەی بگرێت و هەندێجار پەنادەباتە بەر شەتەکدانی دەستەکانی منداڵ لەرێگەی دەسترازە و لانکەوە، هەروەها لەقۆناغی کۆمیدا، هەندێجار دایك لەبەر هەر هۆکارێك بێت منداڵەکە فەرامۆش دەکات‌و لەتەمەنی ٢-٣ ساڵیدا منداڵەکە لەسەر کۆنترۆڵکردنی کرداری میزکردن و دانیشتنی راناهێنێت و منداڵ ئەوەندە چێژ لەو کۆنترۆڵکردنە و بەتاڵکردنەوەی ریخۆڵەی وەرناگرێت، چونکە دایکەکە خۆی پشتگوێی خستووە و بەلایەوە مەبەست نییە منداڵەکە چۆن و کەی ئەو کردارانە جێبەجێ دەکات، بەمەش منداڵ لەو چێژە بێبەش دەبێت کە بەشێکی خۆی لەدڵخۆشکردنی دایکیدا دەبینێتەوە لەکاتێکدا کە منداڵەکە کۆنترۆڵی ئەو کردارانە دەکات‌و دەبینێت دایکی لێی رازییە.

لەقۆناغی (چووکی-ئۆدیبیشدا) واتە تەمەنی ٣-٦ ساڵی بەپێی پۆلێنەکەی فرۆید کە ئەندامەکانی زاووزێ دەبنە سەرچاوەی بایەخدانی منداڵ و دەیەوێت لەرێگەی یاریکردن پێی‌و دەست لێدانیەوە ئەو چێژە ئاشکرا بکات، بەهەموو شێوەیەك خێزان رێگە لەم کارەی منداڵ دەگرێت بەتایبەتی منداڵی کچ، چونکە زۆرجار بۆ کوڕ بەئاسایی دادەنرێت و خێزانەکە بەجۆرێك لەگاڵتەو یاریکردن لەگەڵ منداڵەکەدا رێگەی پێدەدەن کە لەراستیدا قۆناغێکی گرنگە بۆ هەردوو تومخەکە، (ئەوەی تێبینی دەکرێت روخسارەکانی قۆناغی چوکی-ئۆدیبی لەم قۆناغەدا بەردەوام دەبێت، منداڵی کوڕ یان کچ هەروەك بڕوا وایە رووبەڕووی فەنتازیا سێکسوالەکانی دەبێتەوە کە پەیوەندی بەیەکێك لە باوانییەوە هەیە، کە وەك فرۆید لەتیۆرەکانیدا دەربارەی ئەلەکترا‌و ئۆدیب جەختی لێدەکاتەوە، لەمنداڵی کوڕدا فەنتازیا سێکسوالەکان لەنێوان دایك و کوڕ دەبێت و لەمنداڵی کچدا لەنێوان باوك و کچدا دەبێت، گرنگترین شت کە لێرەدا روودەدات دیاریکردنی چارەنووسی پەیوەندییە سێکسوالەکان و ئامانجەکانیەتی، ئەم گرێیانە لەژیانی دەروونی سێکسوالی منداڵدا جێگیردەبن، یان "کە ئەمە ئەو بارەیە کە زۆرکات روودەدات" دەتوانن بەئاسوودەیی ئەم قۆناغە هەستیارە بڕن)[14].

ئەگەر مژینی مەمکی دایك بەسەرەتای چێژبینین لەژیانی سێکسوالی منداڵ دابنرێت، دەبێت ئەو منداڵانەی کە لەساتی لەدایکبوونیانەوە لەدایکیان دووردەکەونەوە (بەهۆی هۆکاری مردن یان جیابوونەوە یان بەزۆر جیاکردنەوەی منداڵ لەدایك یان لەخۆنەگرتنی منداڵ لەلایەن

دایکییەوە) ژیانی سێکسوالیان و دواتر ژیانی دەروونی سێکسوالیان چۆن بەو دۆخی دابڕانە کاریگەردەبن، یان ئەو منداڵانەی دایکەکە بۆ ماوەیکی زۆرکەم شیری خۆی بەمنداڵ دەدات و دواتر بەشیری دەستکرد یان بەخواردنی دیکە بەخێوی دەکات، تۆ بڵێی منداڵ هێندە چێژ لەمژینی ئەو گۆ لاستیکیانە ببینێت، یان ئەوانە جێگەی مژینی گۆی مەمکی دایکی بۆ بگرنەوە، لەکاتێدا کرداری مژینی مەمکی دایك تەنیا کرداری تێرکردنی گەدەی منداڵ نییە و منداڵ چێژێکی سێکسوالی لێوەردەگرێت لەرێگەی دروستبوونی تەماسێکی زیندوو لەنێوان منداڵ و دایکدا و چاوتێبڕینی دایکیو هەستکردن بەسۆزو خۆشەویستی.

ئەو منداڵانەی لەمژینی مەمکی دایکیان بێبەش دەبن (لەبەر هەر هۆیەك بێت) بەجۆرەها شێوازی دیکە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی دەدەن لەلایەن خۆیانەوە یان دایك یان ئەلتەرناتیڤی دایکیانەوە کە ئەو هۆکارانە دەشێت گەدەی منداڵ پڕبکەن و خۆراکی پێویست بۆ تێرکردنی دابینبکەن، بەڵام لەوانەیە نەتوانن ئەو چێژە سروشتییە بەمنداڵ ببەخشن و دواتر منداڵ دووچاری نارێکیو تێکچوون لەگەشەی دەروونیو سێکسوالدا ببێت، چونکە هەریەك لەو قۆناغانە بەپێی بڕوای فرۆید کاریگەریی خۆی بۆ سەر گەشەی دەروونی منداڵ و بەتایبەتی پێکهاتەی کەسێتی منداڵ هەیە کە بەسروشتی تێپەڕنەبوونی منداڵ پیایاندا و چەپاندنی ئارەزووەکانی لەهەستکردن بەو چێژە سێکسوالە سروشتیانە لەوانەیە لەئایندەدا ببنە هۆی تووشبوونی منداڵ بەجۆرەها پشێویی نیورۆسسیو سێکسوالیو لادان.

## ئۆدیپۆس

منداڵ هەر لەساتی لەدایکبوونییەوە توخمەکەی دیاریکراوە کچە یان کوڕەو خێزانیش بەجیاوازیی کۆمەڵگەکانەوە بەپێی توخمی منداڵ کچە یان کوڕە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، دەشێت خێزان لەڕووی پێداویستیو خزمەتکردنەوە جیاوازی لەنێوان دوو توخمەکەدا نەکات، بەڵام لەڕووی پەروەردەکردنەوە بەلایەنی کەمەوە لەکۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا جیاوازی لەنێوان دوو توخمەکەدا دەکرێت، سادەترین جیاوازی کە لەنێوان دوو توخمەکەدا دەکرێت، جیاکردنەوەی ناوو جلو پۆشاك و یارییەکانیانە وێڕای جیاوازیکردنیان لەسەر ئاستی دواندن و یاریکردن و رێگەدان بەجوڵەو چالاکی منداڵ، ئەم شێوازی مامەڵەیەی ژینگەی کۆمەڵایەتی منداڵ دەبێتە بەشێکی گرنگ لەخۆناسینی منداڵ وەك کچ یان کوڕ بەر لەوەش (لەکاتی لەدایکبووندا توخمی منداڵ دەردەکەوێت بەدەرکەوتنی فرمانی کاریگەریی کۆمەڵایەتی لەسەری دەستپێدەکات.



چونکە دایك و باوك مامەڵەی هەریەك لەکچ و کوڕ بەدوو رێگەی جیاواز دەکەن، لەرێگەی جیاوازی مامەڵەکردنیشیانەوە منداڵ درك بەناسنامەی توخمی خۆی دەکاتو ئەمەش لەنزیکەی هەژدە مانگی تەمەنی منداڵدا روودەدات و کاتێك منداڵ لەگەڵ ژنو پیاو لەتوخمی خۆی مامەڵە دەکاتو هەوڵی لێکچوون لەگەڵیاندا دەکات، بەهۆی ئەمەشەوە منداڵ فێری مامەڵەکردن لەگەڵ گەورەکان لەتوخمەکەی خۆی دەبێت بەشێوەیەك جیاواز لەو مامەڵەیەی لەگەڵ گەورەکان لەگەڵ توخمەکەی دیکەدا دەیکات) [١٥].

لەکاتێکدا فرۆید لەو باوەڕەدایە کچ و کوڕ هەردووکیان دوو پیاوی بچووکن و تا دەگەنە ئەو قۆناغەی لەیەکدی جیادەکرێنەوە وادەزانن یەك ئەندامی نێرینەیان هەیە. ئەو جیاکردنەوەیەش کاتێك روودەدات کە درك بەجیاوازی توخمی نێوانیان دەکەن و ئەوکاتە هەست بەتوخمەکەی خۆیان دەکەن کە لێرەدا مەبەست لەکچە، چونکە فرۆید پێی وایە منداڵ وادەزانێت هەموو مرۆڤ لەتوخمی نێرینەیە واتە ئاشنابوون بەتوخمی مێینەیەو نێرینە هەر لەسەرەتاوە هەیە، بەڵام (توێژینەوەکانی جۆن مانیو هابوس ئاشکرایان کردووە کەسێتی مرۆڤ بە(نێر)و بە(مێ) بەهۆی شارەزاییە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دیاریدەکرێن کە جەخت لەوە دەکەنەوە مرۆڤ (نێر) یان (مێ)یە، ئەویش لەرێگەی خێزان و کۆمەڵگەو دەورووبەرەوە) [١٦] د. نەوال سەعداوی لەو باوەڕەدایە فرۆید ژیانی سێکسوالی لەمنداڵدا تێکداوە و ئەو قۆناغەی کە ئەو بەسەرەکی بۆ پەرەسەندنی ئەم ژیانە لەکچدا بەسەرەکی دادەنێت تەنیا قۆناغێکی لاوەکییە و دەرەنجامی درکپێکردنی کچە بەو واقیعەی کە توخمەکەی دیکە لەخۆی جیاوازە و خاوەنی فرسەت و ئازادی و بەخشین و خۆشی زیاترە. وردبوونەوە لەتوێژینەوەکانی (ستولر)یش ئەم بۆچوونەی سەعداوی زیاتر ئاشکرادەکات، چونکە پێی وایە (تەنانەت ئەو کچەی کە لەڕووی بایۆلۆژیەوە بەهاوسەنگ ناودەبرێت واتە نێرموکە گەشە دەکات و وەك هەر ژنێکی ئاسایی گەورە دەبێت ئەگەر وەك ژن مامەڵەی لەگەڵدا کراو لەڕووی جۆری توخمەوە کەس گومانی لێنەکرد) [١٧].

د. نەوال ئەوە رەتدەکاتەوە کە ژن پێویستە بەو رێگە پێچاوپێچەدا بڕوات کە فرۆید بەرێگەی بازنەیی ناوی ناوە تا بەمێیەتی خۆی بگات. مەبەستی فرۆیدیش لەو رێگەیە ئەوەیە کچ کاتێك هەست دەکات کە مێیەکی تەواوە یان هەست بەمێیەتی خۆی دەکات کە بەرێگەیەکی پێچاوپێچی پڕ لەگرێ و گۆڵدا دەڕوات و کاتێك درك بەوە دەکات توخمی بەرامبەری ئەندامێکی دەرکەوتووی هەیەو لەمدا نییە دووچاری هەستێکی شەرانگێزی یان رق

بەرامبەر دایك دەبێت و ئارەزووی باوکی دەکات کە زۆربەی کات خۆشەویستی ئاراستەکراو بۆ باوك هاوکاتە لەگەڵ هەستی ئیرەیی بەم کردارەش دەوترێت ئیرەیی بچوك Penis Envy[18] واتە کچەکە ئیرەیی بەباوکی دەبات کە خاوەنی ئەو ئەندامەیە و دەخوازێت هەیبوایە.

بەوپێیە هەموو کچێك ئیرەیی بەتوخمی بەرامبەری واتە کوڕ دەبات‌و لەبەرئەوە دەیەوێت لەباوکی نزیك بێتەوە تا منداڵێکی لێی هەبێت قەرەبووی نەبوونی ئەو ئەندامەی بۆ بکات، بەڵام کاتێك ئەو ئاواتەی بۆ نایەتەدی بڕوا بەمێیەتی خۆی دەهێنێت و جارێکی دیکە بەشوێن پیاوێکی دیکەدا دەڕوات بۆئەوەی منداڵی هەبێت و قەرەبووی ئەو هەست بەخەساندنەی بۆ بکاتەوە (ئەو ئیرەییە لەکچدا لەکوڕدا دڵەراوکێیەك بەرامبەریەتی کە دەترسێت وەك کچ دووچاری خەساندن ببێت، ئەم دڵەڕاوکێیەشی بەهۆی ئەو خۆشەویستییە زۆرەوە دروستدەبێت بەرامبەر بەدایکی هەیەتی‌و ئارەزووی بۆ داگیرکردنی، بەڵام شکستە لەدەربڕینی ئەو هەستانەداو هەمیشە باوکی بە بەهێزتر دادەنێت و ئەو هەستەی لا دروست دەبێت بەهۆی ئەو خەیاڵانەوە بەخەساندنی سزابدرێت) [١٩] لێرەوە ئۆدیپۆس بەقۆناغێکی سەرەکی گەیشتن بەمێیەتی دادەنرێت.

فرۆید ئۆدیپوسی بۆ هەردوو توخمەکە واتە گرێی ئۆدیب [٢٠] لەکوڕداو گرێی ئەلەکترا لەکچدا بەکارهێناوە لەبەرئەوە لێرەشدا بۆ راڤەکردن و چۆنێتی روودانی ئەو قۆناغە لەهەردوو توخمەکەداو باسکردنی ئەو گرێیە و هەرچیەك پەیوەندی پێوەیەتی هەر زاراوەی ئۆدیپوس بەکارهاتووە.

(ژیانی سێکسوالی هەر تاکێك لەتایبەتمەندییە جیاکراوەکانی تاکەو خەسڵەتی کەسێتی خۆی هەڵدەگرێت کە لەگەڵ پێگە کۆمەڵایەتییەکەیدا هاوسەنگ دەبێت و لەگەڵ ژیانی دەروونیشدا بەهەموو ستراکتۆرەکانیەوە دەگونجێت) [٢١]. لەمەوە کاریگەرو بایەخی ژیانی سێکسوالی زیاتر ئاشکرادەبێت و وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا روودانی هەر ئەستەمی‌و بارێکی نائاسایی لەم قۆناغەدا تاك لەگەورەییدا دووچاری جۆرەها لادان و پشێویی دەروونی دەکات، بەرێڕۆیشتنی ئەم قۆناغانەش تاك بەرەو کەناری ئاسوودەیی ژیانی سروشتی دەبەن‌و بەپێی توخمەکەی خۆی چێژ لەژیان دەبینێت، قۆناغی چووکی-ئۆدیبی کە بەپێی فرۆید لە٣-٦ ساڵی روودەدات، بەڵام کلاین لەو باوەڕەدایە زووتر لەتەمەنی (١-٢) ساڵیدا روودەدات، بەقۆناغی ئاشکراکردنی چێژ لەئەندامەکانی زاووزێدا دادەنرێت، ئەویش لەڕێگەی دەستلێدان و یاریکردن پێیان کە فرۆید لەکتێبی سێ تیۆرەکەی لەسەر سێکس جەختی لەوە کردووەتەوە کچ و کوڕ



بەسێ قۆناغی سەرەکی پراکتیزەکردنی ماستەربەیشندا تێپەڕدەبن یەکەمیان قۆناغی شیرەخۆرییە، دووەم تەمەنی سێ بۆ شەش ساڵییە واتە قۆناغی ئۆدیپوس، سێیەمیشیان لەقۆناغی هەرزەکاریدایە. (گرێی ئۆدیب کاروانێکی نەستییە مرۆڤ بەبێ ئاگاداری خۆی تووشی دەبێت، تەنانەت فرۆید گرێی ئۆدیبی لەڕێگەی ئاشکراکردنی نەستەوە بەهۆی خەونەکانەوە ئاشکراکرد) [٢٢] ، بەتێبینیکردنی هەندێك روخساری واقیعیش لەژیاندا دەشێت بتوانین بڵێین قۆناغی ئۆدیپوس لەرەوتی گەشەکردنی دەروونی سێکسوال لەتاکدا بوونی هەیە هەرچەندە ئالفرید ئادلەر[٢٣] لەو بڕوایەدایە گرێی ئۆدیپوس بەبەراوردکردنی لەگەڵ نارسیزم کە لەهەستکردن بەکەموکوڕی و زیادەڕۆیی لە قەرەبووکردنەوەی جەختکردنەوە لەنێرینەییی دروستدەبێت، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. روخسارە تێبینیکراوەکانیش لەواقیعدا وەك: ئارەزووکردنی منداڵی کوڕ بۆ خەوتن لەجێگەی باوکداو بەپێچەوانەشەوە کچ لەجێگەی دایکدا، هەوڵدانی منداڵی کوڕ بۆ لاساییکردنەوەی باوك بەهەموو شێوەیەك لەپێناوی سەرنجراکێشانی دایك کە ئەمە بەبەشێکی گرنگ دادەنرێت لەمیکانیزمی هاوچەشنیکردن(تەماهیکردن) Identification[24] دادەنرێت. لەلایەکی دیکەوە زۆر کچانی تەمەن بچوك دەبینین پێڵاوەکانی دایکیان لەپێدەکەن و جانتاکەی دایکیان دەکەن بەشانیاندا، ئامرازەکانی خۆجوانکردنەوە رازاندنەوەی دایك لەئارایشت و بۆن و بۆیەی نینۆك بەکاردەهێنن و جلەکانی دایك لەجلی دەرەوەو جلی ژێرەوە لەبەردەکەن و دەیانەوێت وەك دایکیان دەربکەون و تەنانەت هەندێجار گلەیی ئەوە لەدایکیان دەکەن بۆچی وەك ئەو سەرنجراکێشەرو جوان نین لەکاتێکدا کە دایکیان دەبینن ئارایشتی کردووە و خۆی رازاندووەتەوە. ئەم ئارەزووەی دەرکەوتنەی کچ وەك دایك دەشێت بەشێکی پەیوەندی بەئۆدیپۆسەوە هەبێت‌و کچ هەوڵبدات کێبڕکێ لەگەڵ دایکیدا لەپێناوی بردنەوەی باوکیدا بکات، بەڵام دەشێت رەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی لەپشتەوە بێت کە خۆی لەدوو بواردا دەبینێتەوە، یەکەمیان: درککردنی زوویی منداڵی کچە بەوەی مێ لەکۆمەڵگەدا بایەخ بەجوانکردنی خۆی دەدات‌و جوانەکان لەکۆمەڵگکەدا خواستراون وەك ئیسماعیل مەزهەر دەڵێت (ژنێکی دەموچاو جوان و روخسار رێك هەزارجار زیاتر لەبازاڕی هاوسەرێتیدا رەواجی زیاتر لەژنێکی دیمەن ناشرینی رەوشت بەرز، بێگومان ئەمە یەکێکە لەکەموکوڕیەکانی سروشت) [٢٥] ، بواری دووەم سەرسامبوونیەتی بەدایکی کە جۆرێك لەدەسەڵاتی بەسەریدا هەیەو توانای منداڵبوونی هەیە، بۆیە هەوڵدەدات تەماهی لەگەڵدا بکات و وەك ئەو بێت.

مندالّ لەسەرەتای ژیانیدا درك بەجۆری پەیوەندی نێوان دایك و باوكی ناكات، هەندێجار كە لەمندالّی كچ لەتەمەنی ٣-٦ سالّی دەپرسیت حەزدەكەیت ببیت بەبووكی كێ، بەبێ دوو دلّی دەلّێت باوكم تەنانەت زۆربەی مندالاّن وادەزانن كە دایكیان كچی باوكیانە، ئەم هەستە لەوانەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت كە خۆی بۆ گەیشتن بەباوكی هەولّدەدات وادەزانێت دایكیشی وەك ئەو وایە بەگەورەیی واتە كچی باوكیەتی، بەهەمان شێوە مندالّی كوڕیش زۆرجار بەباوكی دەلّێت بۆچی وەك من دایكم بەدایە بانگ ناكەیت واتە باوكی بەكوڕی دایكی دادەنێت.

بوونی دایك و باوك لەژیانی مندالّداو لەكاتی تێپەڕبوونی بەقۆناغی ئۆدیپوسدا رۆلّێكی گەورەیان هەیە، ئەو مندالاّنەی كە یەكێك لەباوانیان لەتەمەنێكی بچووكدا لەدەستدەدەن یان یەكێك لەباوان رۆلّی كاری خۆی وەك باوك یان دایك لەژیانی مندالّدا نابینێت، قۆناغی ئۆدیپوسەكەیان تێروتەواو نابێت، سەبارەت بەدایك ئەگەر بوونی فیزیكی لەخێزاندا هەبێت لەهەر جۆرێكی دایك بێت لەبوونە كاراكەی لەژیانی مندالّ بەدەرنابێت (بەچاوپۆشین لەشوێنەوارە نێگەتیڤەكانی هەندێك جۆری دایك لەسەر ژیانی سێكسوالّو دەروونی مندالّ، بەجێی دەهێلّن) هەرچی باوكە دەشێت بوونی فیزیكی لەخێزانیدا هەبێت، بەلاّم بوونی كاراو پێگەی خۆی لەلای دایك نەبێت بەو پێیە بوونی لەژیانی مندالّدا تەنیا بوونێكی واقیعی پێویست نییە بەلّكو قەبارەی ئەو ئامادەبوونەی و پێگەی لەئارەزووی دایكدا گرنگە، چونكە (ئامادەنەبوونی لەئارەزووی دایكدا دەبێتە هۆی رەتكردنەوەی ئەو رۆلّەی كە دەیبینێت، لێرەشەوە قۆناغی ئۆدیبی تێروتەواو نابێت) [٢٦] ،باری سروشتی ئەوەیە باوك بێتە ناو پەیوەندیی دوانیی نێوان مندالّو دایك بۆ پەیوەندییەكی سێ لایەنە بگۆڕێت، بەپێی فرۆید كچ لەدوای بێهیوابوونی لەشوێنگرتنەوەی دایك و بێهیوابوونی لەوەی مندالّێكی لەباوكی هەبێت لەچاوەڕوانیدا دەبێت لەپیاوێكی دیكە مندالّێكی بێت و ئەو مندالّە قەرەبووی گرێی خەسانی بۆ بكاتەوە، لێرەدا كە دایكەكە مندالّێكی دەبێت مندالّەكە دەبێتە ئەو بابەتەی كە ماوەیەكی زۆرە چاوەڕێی كردووە و ئەو هەستەی بۆ تێردەكات كە بەدەست نەبوونی ئەو ئەندامەوە چەشتوویەتی (لەدواییدا سەرنجی تایبەتی دەربارەی ئەم بۆچوونانە دەخەینەڕوو) مندالّەكەش لەدوای جیابوونەوە و دابڕانە دوابەدوایەكەكانی لەگەلّ ئەو بابەتانەی كە بەبەشێك لەخۆی زانیون یان خۆی بەبەشێك لەو بابەتانە زانیوە كە خۆی لەجیابوونەوەی لەناوكەپەتكی دایكیو لەمەمكی دایكی (لەشیربڕانەوەی)و پاشان لەقۆناغی كۆمیدا جیابوونەوەی پاشەڕۆكەی لەخۆی



و دواجار لەقۆناغی چووكی-ئۆدیبیدا دەبێتە بابەتی ئەو ئەندامەو لەگەلّ بابەتەكەی دایكیدا دەچنە تای تەرازووەكەوە، هەردووكیان لەلای مندالّ جێگەی بایەخن و وازهێنان لێیان بەئەستەم دادەنێت، بایەخدانیشی بەهەریەكەیان بۆ هۆكاری خۆی دەگەڕێتەوە، یەكەمیان (واتا دایكی) كۆمەلّێك فاكتەر لەلای تێكەلّ دەبن بۆ هۆكاری خۆشەویستیی بەرامبەریی لەوانە هەستكردنی بەسەراپاگیری جەستەی لەگەلّ دایكیدا تەنانەت لەدوای ئەوەی بەقۆناغی ئاوێنەشدا تێپەڕدەبێت و ئەندامەكانی خۆی وەك جەستەیەكی سەربەخۆ لەدایكی درك پێدەكات، خۆشەویستی بێ سنووری بۆ دایكی كە سەرچاوەی دابینكردنی هەموو پێداویستیو داواكاریەكانیەتی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

مندالّ پێی وایە تەنیا دایكی (مانا بەبوونەكەی دەدات لەرێگەی دابینكردنی پێداویستییەكانی و وەلاّمدانەوەی داواكانی) [٢٧] هەر لەبەرئەوەش هەولّدەدات بزانێت بابەتی ئارەزووی دایكی چییە بۆئەوەی زیاتر دایكی داگیربكات و دەیەوێت بەهەموو شتێك رازی بكات. پەیوەندیشی بەدایكییەوە لەئاستی پەیوەندیدایە بەهەموو ژینگەی چواردەوریەوە (ژیانی)، چونكە وەك دەزانین پەیوەندی مندالّ بەدایكییەوە بەبەردی بناغەی گشت پەیوەندییە كۆمەلاّیەتییەكانی لەئایندەدا دادەنرێت، لەلایەكی دیكەوە یەكەمین هەستكردنی مندالّ بەچێژی سێكسوالّ بۆ قۆناغی زارەكی دەگەڕێتەوە كە لەكاتی شیرخواردن و مژینی مەمكی دایكیدا هەستی پێكردووە.

ئەمانە وادەكەن وازهێنانی لەدایكی ئەستەم بێت، دووەم بابەتی تای تەرازووەكەش بابەتی ئەندامەكەیەتی كە بایەخەكەی لەبایەخی یەكەم كەمتر نییە، چونكە لەلایەكەوە مندالّ وا بیردەكاتەوە بایەخدانی دایكی بەباوكی بەهۆی ئەو ئەندامەوەیە كە لەسەرەتادا لەئارەزووەكانیدا بۆ داگیركردنی دایكیو جێگرتنەوەی باوكی بەچەكێكی كارای دادەنێت (مندالّ هەولّدەدات تەماهی لەگەلّ بابەتی كەموكوڕیی دایكیدا بكات بەوەندەوە ناوەستێت كە بایەخی پێدەدات و پێداویستییەكانی بۆ پڕدەكاتەوە، هەولّدەدات گشت بایەخەكانی لەرێگەی تەماهیكردن لەگەلّ ئەو ئەندامەدا پڕبكاتەوە، كە بابەتی ئارەزووی دایكیەتی) [٢٨] ،لەلایەكی دیكەوە كاتێك درك بەجیاوازی توخمی نێوان خۆیو توخمی بەرامبەری- كچ دەكاتو فرسەتی بینینی ئەوی بۆ دەرەخسێت وادەزانێت ئەو هەیبووەو لێی سەندراوەتەوە یان لەبەرامبەر گوناهێكی گەورەدا لێی داماڵراوە كە پێی وایە لەگوناهی ئەم بۆ ئارەزووكردنی دایكی كەمتر نییە، ئەمەش سەرەتای چوونە ناو ئۆدیبەو تێپەڕینی ئەو قۆناغە و بەسروشتی رۆیشتنی پەیوەندییەكەی لەگەلّ دایكیدا

و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ باوکیدا، واپێویست دەکات باوک بێتە ناو ئەو پەیوەندییە جووت جەمسەریەی نێوان منداڵ و دایك و بۆ پەیوەندییەکی سێ جەمسەری بیگۆڕێت.




بەڵام بۆئەوەی نەکەوینە هەڵەوە پێویستە باسی ئەوە بکەین پەیوەندی جووت جەمسەری منداڵ-دایك پێشئەوەی لەگەڵ جەمسەری سێیەم باوکدا سێگۆشە سێ جەمسەریەکە دروستبکەن، ئەو پەیوەندییە جووت جەمسەرە (دایك-منداڵ) دەبێت بەسیان کاتێك منداڵ بیر لەئارەزووی دایکی دەکاتەوە و درك بەوە دەکات کە دایکی لەنەستدا پەیوەندی بەئارەزووکردنی ئەو ئەندامەوە هەیە (منداڵ پرسیاردەکات، ئارەزووی دایکی چییە، چی لەپشت خۆشەویستیو بایەخپێدانەوە هەیە بەمە پەیوەندی نێوانیان دەبێتە پەیوەندییەکی سیانی[٢٩]).




* هێڵە پچڕپچڕەکە واتە پەیوەندی دایك بەئەندامەکەوە لەنەستدا.

لەباری یەکەمدا کاتێك منداڵ دەبێتە خاوەنی بابەتی کەموکوڕیی دایك و بازنەی پەیوەندیکردن لەنێوان منداڵو دایك و ئەندامەکەدا دەمێنێتەوە، دەروازەی هاتنە ناوەوەی باوك بۆ ناو بازنەکە کلۆم دەکرێت (لەمبارەدا ئەو پەیوەندییە دەبێتە ناوکی پەیوەندییە ناسروشتیو لادانە سێکسوالەکانو سایکۆسسس[٣٠] لەئایندەدا، واتە منداڵ ئەم تەماهیکردنە لەگەڵ ئەندامەکەدا دەکات بێئەوەی بتوانێت بەدەستیبهێنێت، ئازادی خۆی دەبەستێتەوە و دەبێتە بەندی تەماهیە لادراوەکانی وەك دەرکەوتنی فاتشیزم[٣١] و زۆر لادانی دیکەو ئەو ڕەوتانەی لەرێگەی نێرمووکبوونەوە بەرەو ڕەتکردنەوەی توخمەکەی خۆی دەبەن[٣٢].



لەباری دووەمدا ئەم پەیوەندییە لەنێوان (منداڵ-دایك) بەبوونی ئەندامەکە نامێنێتەوە، بەڵکو وەك وتمان جەمسەرێکی دیکە- باوك دێت و پەیوەندییەکە یەکلایی دەکاتەوە و نایەڵێت ئارەزووەکانی هیچ کام لە(دایك-منداڵ) بێنەدی و خەونی دایك بۆ پڕکردنەوەی هەستی بەکەموکوڕی ئەندامەکە لەرێگەی بیرکردنەوە لەگەڕانەوەی منداڵەکەی بۆ ناو هەناوی، چونکە خۆی منداڵەکەی هێناوەتە دنیاوە، لەباردەبات. ئارەزووی منداڵەکەش بۆ چێژوەرگرتن لەدایکی دەخنکێنێت، چونکە لەبنچینەدا بەهەڵە بیری لەو بابەتە کردووەتەوە، لێرەوە باوك پەیام بۆ هەردوولا ئاراستە دەکات.

(-بۆ منداڵ: دایکت لەتۆ حەرامەو ئەستەمە بتوانیت لەگەڵیدا بنوویت.

-بۆ دایك: قەدەغەیە بۆت کوڕەکەت بۆ ناو هەناوت بگەڕێنیتەوە. لەبەرئەوە پەیوەندییەکە بەمشێوەیەی لێدێت)[٣٣].




منداڵ یان دەبێت بەم فەرمانەی باوکی رازی بێت و تەسلیم ببێت و کێبڕکێ لەگەڵ باوکیدا نەکات، بەڵکو لەجیاتی رق و ئارەزووی و نەمانی باوکی، خۆشەویستیو رێز بەرامبەری دروستبێت، لەم کاتەدا تەماهی لەگەڵ باوکیدا دەکات بەو هیوایەی لەئایندەدا ژنێکی دیکە بەدەر لەدایکی خۆشیبوێت و لەئارەزووە سێکسوالەکانیدا لەگەڵیدا هاوبەشی بکات (ئەمەش بارە سروشتییەکەیە) یان یاخی دەبێت و ئەم یاخیبوونەی بەهۆی تەماهیکردنەوە لەگەڵ ئەندامەکە دەبێت و دەبێتە سەرەتای لادانە سێکسوال و گیروگرفتە دەروونییەکان لەئایندەدا.

لەباری سروشتیدا منداڵ بەیاسای باوکی رازی دەبێت و (هەوڵی تەماهی دەدات لەگەڵیداو منداڵی کچیش بەرەو باوکی ئاراستە دەگرێت بەهیوای دەستکەوتنی ئەو ئەندامە لەدوای بێ هیوابوونی لەدایکی کە ئەم قۆناغە لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی خود-ی نەست، چونکە کرداری ئۆدیب بەبێ ئاگاداری خاوەنەکەی ڕوودەدات و ئەمەش دەتوانرێت بەم ڕێکخستنە بخرێتەڕوو)[٣٤].




## ئۆڤیانووسە رەشەکە

ئەگەر لەتیۆرو کارەکانی فرۆید سەبارەت بەمێیەتی وردببینەوە، دەبینین لەلێکدانەوەکانیدا درێغی لەژن کردووە و کۆمەڵێك سیفەتو شیکردنەوەی پێ بەخشیوە کە لەخزمەتی جوانکردن و پتەوکردنی وێنەی نێرینەدایە لەکۆمەڵگەدا، زیاتر لەوەی شیکردنەوەیەکی بێ لایەنەی سایکۆلۆژی پشت بەستوو بێت بەبنەما زانستیو واقیعیە راستەقینەکان.

فرۆید دان بەبوونی مێدا نانێت لەساتی لەدایکبوون و هاتنە دنیاوە مێ لەسەرەتای تەمەنیدا بەتوخمێکی جیا لەنێر دانانێت و بەڵکو پێی وایە تا تەمەنی چوارساڵیو درککردن بەجیاوازی توخمی نێوانیان نێرو مێ هیچ جیاوازییەکیان نییە و دەڵێت هەردووکیان نێرن (تا تەمەنی چوار ساڵی تەنیا توخمی نێرینە هەیە، کاتێك لەو تەمەنەدا لەگەڵ گرێی خەساندا دووچاری بەرکەوتن دەبێت کچ هەروا دەزانێت کە کوڕێکی خەسێنراوە و لەبەرامبەردا لەبوونی (زێ) بێ ئاگایە) [٣٥] لەگەڵ ئەوەشدا کە فرۆید لەچەند شوێنێکدا دانی بەوەداناوە کە لەم بابەتەدا دووچاری ئەستەمی بووەتەوە، هەر بۆیەش بەئۆڤیانووسە رەشەکە[٣٦] ناوی دەهێنێت کە مرۆڤ بەئەستەم دەتوانێت بیبڕێت و قووڵاییەکەی ئاشکرابکات، هەروەها ئەو بۆچوونانەش رەتدەکاتەوە کە دەڵێن فرۆید بابەتی مێیەتی بەنێگەتیڤیو پیاوەتی بەپۆزەتیڤ داناوە و باسکردووە و پێی وایە ئەو بۆچوونانە دوورن لەراستییەوە، چونکە زۆر فاکتەری ئەندامیو دەروونی رۆڵی تێدا دەبینن. بەڵام ئەمانە رێگرنەبوون لەخستنەڕووی بیرۆکەو تیۆرەکانی لەسەر دەروونشیکاری ژن و بابەتی مێیەتی بەو شێوە لادراوە بەلای پیاودا، کە ئەگەر توێژینەوەو تیۆرەکانی ئەو کاتە و دوای سەردەمی خۆیشی راستی بیرۆکە و کار و تیۆرەکانی سەبارەت بەروودانی ئەو گرێو تێپەڕبوونی ژن بەو قۆناغەدا بسەلمێنێت ناگاتە ئەوەی بڕوا بەسەرجەم لێکدانەوەکانی فرۆید بهێنین کە لەسەر بڕوایەکی بێ لایەنەی زانستییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، لەمبارەیەوە سەعداوی [٣٧] پێی وایە تێبینییەکانی فرۆید زۆربەیان راستن، بەڵام لێکدانەوەکانی هەڵەن.



فرۆید لەتیۆرەکانیدا لەسەر سێکس (١٩٠٨) پێی وایە منداڵ لەسەرەتای تەمەنیدا بڕوای وایە هەموو مرۆڤەکان یەك توخمنو یەك ئەندامیان هەیە کە ئەندامی نێرینەیە لەکوڕداو لەبەرامبەر (میتکە)یە لەکچداو منداڵ لەبوونی زێ و منداڵدان بێ ئاگایە تەنانەت وادەزانێت منداڵ لەدەرچەی کۆمەوە فڕێ دەدرێت و وادەزانێت لەگەڵ گەورەبوونیدا میتکەش گەورە دەبێت و وەك ئەندامی نێرینەی لێدێت، لەکاتێکدا ئەم بڕوایەی فرۆید لەلایەن کارین هۆرنییەوە Karen Horney رەتکرایەوە، ئەویش لەوتارێکیدا بەناوی (رەتکردنەوەی زێ ١٩٣٢) کە پێی وایە منداڵ هەرزوو هەست بەبوونی زێ دەکات و لەپێش میتکدا دەیدۆزێتەوە و یاری پێدەکات، بەڵام کچ ئارەزووەکانی لەناو زێدا دەچەپێنێت و بۆ میتکەی دەگۆڕێت (چونکە لەو دەستدرێژیانە دەترسێت کە ئامانجەکەی ناوەوەی جەستەی بێت، ئەوەش کە جەخت لەترسەکانی دەکاتەوە ئەوەیە ئەندامەکانی شاراوەنو لەبەرچاونین بەپێچەوانەی کوڕەوە کە بەبینینو دەستلێدانی لەسەلامەتی ئەندامەکەی دڵنیا دەبێت، ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەو ئاڵۆزیو شاردنەوەیەی باڵی بەسەرداکێشاوە)[٣٨].

ئارنست جۆنس Ernest Jones هەمان رای کارین هۆرینی هەیە و پێی وایە ئاشکراکردنی زێ لەلایەن کچەوە بۆ قۆناغێکی زوو (شیرەخۆری) دەگەڕێتەوە (بەڵام ئەو ترسەی بەرامبەر ئاشکرابوونی زێ هەیەتی لەوە بەهێزترە کە وای لێبکات درك بەبوونی بکاتو بەچەپێنراوی تا ماوەی سوڕی مانگانە دەمێنێتەوە) [٣٩].

## ئۆدیپۆسو گرێی خەسان

بەپێی فرۆید کچ کاتێك درك بەنەبوونی ئەندامی نێرینە لەخۆیدا دەکات رقێکی گەورەی بەرامبەر دایکی لا دروستدەبێت، لەبەرامبەردا نەبوونی ئەو ئەندامە لەکچدا بۆ کوڕ وەك ئەزموونێکی ئامادە وایە لەبەردەمیدا کە بەبێ تێپەڕین پیایدا دەرەنجامەکەی لەکچدا دەبینێت، فەنتازیاکانی دەست بەکارکردن دەکەنەوە، قۆناغی زارەکی دێتەوە یاد کە چ چێژێکی لەمەمکی دایکی وەردەگرت لەپاش ماوەیەك و کتوپڕ ئەو ئەندامەی لێسەنرایەوە کە سەرچاوەی چێژێکی گەورە بوون بۆی وێڕای تێرکردنی وەك سەرچاوەیەکی خۆراکی، پاشان لەقۆناغی داهاتوودا دیمەنی جیابوونەوەی پاشەڕۆ لەرێگەی کۆمییەوە دێتەوە خەیاڵی کە چەند بەئاسانی لێی جیادەبۆوە، لەبەر ئەمانە لەدەستدانی ئەندامەکەشی بەدوور نازانێت بەتایبەتی

لەکاتێکدا هاوتاکەی کە ئەم هەر بەنێرێکی وەك خۆی داینـاوە، لەبەرچاویەتی ئەندامەکـەی ئەمی پێوە نییە، ئەوکاتە بەتەواوی لەوە دڵنیا دەبێت ئەگەر لەفەنتازیا سێکسوالەکانی لەگـەڵ دایکیدا بەردەوام بێت دەشێت ئەندامەکەی ئەمیش هەمان چارەنووسی هەبێت بەو پێیە فرۆیـد لەو باوەڕەدایە (ئەو دەروازەیەی کچ لێیەوە دەچێتە گرێی ئۆدیبەوە کوڕ لێی دێتـە دەرەوە) [٤٠] کە مەبەستی لەگرێی خەسانە. کەواتە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان کچ و کوڕدا هەیە سەبارەت بەپەیوەندی نێوان گرێی ئۆدیب و گرێی خەسان:

-کچ خەسان وەك واقیعێك وەردەگرێت، بەڵام ئەوەی ترس لای کوڕ دروستـدەکات ئەگـەری روودانیەتی.

-لەکوڕدا ترس لەخەسان حوکم بەسەر گرێـی ئۆدیبـدا دەدات بـە لەناوچـوون و رەوینـەوە، چونکە هەڕەشەی خەسان وا لەکوڕ دەکات واز لەهەڵوێستی خۆی بنێت کـە ئـارەزووی دایکـی دەکات و رقی لەباوکییەتی. ئەمە لەحاڵەتە سروشتییەکاندا.

-لەکچدا پێچەوانەی ئەمە روودەدات گرێی خەسان کچ دەخاتە ناو گرێی ئۆدیبەوە لەجیاتی ئەوەی گرێی خەسان گرێی ئۆدیب لەناوببات یارمەتیدەدات بۆ مانەوە و بەردەوامبوون، لەکچدا دەمێنێتەوە تا کاتێکی دیارینـەکراو تـەنیا دوای ماوەیـەکی دوورودرێـژ نـەبێت لێـی نایەتـە دەرەوە.

## لەکچدا چی روو دەدات؟

هـەموو منـداڵێك لەسـەرەتای تەمەنیـدا دایکـی سەرچـاوەی دابینکردنـی هـەموو پێداویستییەکانییەتی، سەرەتای هەستکردنیش بەچێژە سێکـسوالەکان لـەقۆناغی زارەکییـەوە دەستپێدەکات واتە لەدایکـەوە، وێـڕای هەسـتکردنی منـداڵ بەسـەراپاگیری لەگـەڵ جەسـتەی دایکیدا.

لەبەر ئەمانە ئاسایی منداڵی کچ (هەروەك کوڕ) دایکی خۆش دەوێت و سۆز و ئـەڤینێکی گەورەی بۆی هەیە، بەڵام ئایا ئەم پەیوەندییە هەروا دەمێنێتەوە؟ فرۆید لەو بڕوایەدایە دەبێت کچ بەدوو گۆڕاندا بڕوات، یەکەمیان گۆڕانی بایەخی کـچ لەمیتکـەوە بـۆ زێ، چـونکە پێـشتر لەبوونی زێ بێ ئاگابووە، لەبەرامبەردا کوڕ پێویستی بـەو گۆڕانـە نابێـت و بـەردەوام دەبێـت لەگرنگیدان بەبابەتی ئەندامەکـەی، دووەمیـان هۆگربـوونی کـچ بەدایکـەوە بـۆ هۆگربـوون و خۆشەویستی بۆ باوکی دەگۆڕێت لەکاتێکدا کوڕ لەخۆشەویستی و هۆگربوونیـدا بەدایکییـەوە



بەردەوام دەبێت. فرۆید لەگەڵ ئەوەشدا کە دان بەوەدا دەنێت نەتوانراوە مافی تەواو بـەو بابەتـە بدرێت و بەتەواوەتی لەم قۆناغەدا شیکردنەوەی قووڵ و تێرو تـەواو دەربـارەی کـچ و چـۆنێتی گۆڕینی ئـەو بابەتانـەی کـە جێگـەی بایـەخن لـەلای، ئەنجامبـدرێت، بـەڵام دوو دەرەنجـامی دەستکەوتووە: (یەکەمیان: کچ چـەند هۆگربـوونی بـۆ خۆشەویـستی بـاوکی لا دروسـتدەبێت، ئەوەنـدە ئـەو خۆشەویـستییەی بەئەشـق و ئالوودەبوونـەی لەپێـشتردا بـۆ دایکـی هـەیبووە وەسفدەکرێت، دووەمیان ماوەی ئەم هۆگربوونەی کچ بۆ دایك هەروا بەدیارینەکراوی ماوەتەوە، بێئەوەی بەو شێوەیە مەزەندە بکرێت کە شایستەیەتی. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا تا چوار یان پێنج سـاڵی بـەردەوام دەبێـت و تەنانـەت تـا قۆنـاغی چـالاکی سێکـسوالیش لەوانەیـە درێـژە بکێشێت) [٤١]، کاتێك کچ درك بەنەبوونی ئەو ئەندامە لـەکوڕدا دەکـات خۆشەویـستییە زۆر و ئالوودەبوونی بێ سنووری بۆ دایکی بەجۆرێك لەرقو رۆحێك لەکێبڕکێ رەنگرێژ دەبێت، چونکە براکەی دەبینێت کە دایکی زیاتر خۆشیدەوێت و ئەویش شانازی بەخۆیەوە دەکات (خاوەنی ئەو ئەندامەیە)، باوکی دەبینێت کە خاوەنی ئەو دەسـەڵاتو هەیبەتەیـە لەخێزانـداو دەنگـی ئـەو بەسەر دەنگی دایکیو هەموویاندا زاڵە (خـاوەنی ئـەو ئەندامەیـە) لەدوایـدا درك بەنـەبوونی لەخۆیداو گرنگی ئەو ئەندامە دەکات، لەمکاتـەدا لەبـەر دوو هـۆ هەسـتی خۆشەویـستی بـۆ دایکی گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆچی وەك براکەی دروستی نـەکردووە، پێیوایـە لەنـەبوونی ئـەو ئەندامە لەمدا بەرپرسە هەروەك چۆن لەهێنانـەدنیای بەرپرسـەو بۆچـی وەك خـۆی بـەبێ ئـەو ئەندامە دروستی کردووە لەکاتێکدا دەزانێت بایەخی ئەو ئەندامە چەندە، چونکە بەپێی فرۆیـد لەقۆناغی چوکیدا ئەو ئەندامە دەبێتە تەنیا بابەتی بایەخپێدراو لای کوڕو کچیش، (لەقۆناغی چووکیدا نێرو مێ نییە، هەردووکیان ملکەچی کۆنترۆڵکردنی ئەفزەلیـەتی ئـەو ئەندامـەن) [٤٢] بەمشێوەیە کچ ئەوەندەی تر دووچاری شۆك دەبێت کاتێك دەبینێـت دایکیـشی وەك خۆیـەتی، بەرەو باوك ئاراستە دەکرێت، بەڵام کاردانەوەی باوك بەدڵی کـچ نابێـت، بـێ هیـوای دەکـات، چونکە ژنێکی دیکە کە دایکیەتی لەژیانیدایە و کچ لەو بڕوایەشدایە ئەندامەکەی هـەبووبێت، دایکـی وەك چـۆن لەشـیری بڕیوەتـەوە لێیـسەندووەتەوە، ئـەو هیوایەشـی نامێنێـت لەگـەڵ گەورەبووندا ئەوەی خۆی وەك ئەو ئەندامەی لێ بێت و گەشەبکات.

فرۆید سەرچاوەی هەموو بایەخ و نائومێدی و رقی کچ بـۆ بـوونو نـەبوونی ئـەو ئەندامـە دەگەڕێنێتـەوە بەچاوپۆشینو فەرامۆشـکردنی گشت بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـەکانی کـچ ئـەم قۆناغـەی تێـدا بەسـەردەبات و باسـی ئـەوە ناکـات کـچ لـەم قۆناغـەدا بەتـەواوەتی درك

بەجیاوازیەکان لەگەڵ براکەیداو جیاوازی نێوان دەسەڵاتی دایکیو باوکی دەکاتو وەك رەفتارێکی خۆڕسکی مرۆڤیش هەموو مرۆڤێك ئارەزووی مانەوە لەپێگەی دەسەڵات و هێزدا دەکات، مرۆڤ بەهۆی نارسیزمێکەیەوە دەخوازێت هەموو بابەتە باشەکان بۆخۆی قۆرغ بکاتو هەموو بابەتەکان لەخزمەتی تۆکمەکردنی شوێنپەنجەی ئەودا بن لەناو چوارچێوەی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە بچووکەی لەناویاندا دەژی، یان بەلایەنی کەمەوە کە بەرامبەرەکەی دەبینێت لەو زیاتر خاوەن هێزو دەستکەوتە بیر لەوە دەکاتەوە بۆچی وەك ئەو نەبێت هۆکار چییە بۆئەوەی وەك ئەو نەبێت و هۆکاریش چییە بۆئەوەی وەك خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوە ئاساییی لەوانەیە ئارەزووی ئەوە بکات کوڕ بوایە یان گلەیی لەدایکی بکات بۆچی بەکوڕی دروستی نەکردووە، بەڵام نەك لەبەرئەوەی ئەو ئەندامەی نییە وەك فرۆید پێی وایە (فرۆیدو شوێنکەوتوانی وایان داناوە ئەو کچەی خوازیاری ئەوە دەکات کوڕ بوایە کچێکی سروشتی نییە و ئەم ئارەزووەیان بۆئەوە گەڕاندووەتەوە کە ئەو کچە داوای ئەو ئەندامەی نێرینە دەکات کە نییەتی... زانایانی سایکۆلۆژی دوای فرۆید هەڵەی ئەم بیرۆکانەیان سەلماند، لەهەموویان دەرکەوتووتر لەم بوارەدا ژنە پزیشکی سایکۆلۆژی کارین هۆرنیە کە رووبەڕووی فرۆید بووەوە و وتی کچ خۆزگە دەخوازێت کوڕ بوایە بۆئەوەی ئەو بەدەستهێنراوە کۆمەڵاتیانەی دەستبکەوێت کە کوڕ پێیگەیشتووە نەك لەبەرئەوەی داوای ئەندامی نێرینە دەکات)[٤٣].

کچ لەوانەیە خۆزگە بخوازێت دایکی بەکوڕی دروستی بکردایە، بەڵام بێگومان لەبەر نەبوونی ئەو ئەندامە نییەو دەشێت لەم قۆناغەدا کاتێك درك بەوە دەکات وەك براکەی یان باوکی نییە لەوە دڵنیابێت کە نابێتە خاوەن شوێنو پێگەی نێرەکانو رقی لەدایکشی بێت نەك لەبەرئەوەی ئەو ئەندامەی پێنەبەخشیوە یان لێی داماڵیوە بەڵکو لەبەرئەوەی دەکەوێتە بەردەم پرسیار لەچارەنووسی ئایا چارەنووسی لەچارەنووسی دایکی وەك مێیەك جیاوازی دەبێت؟ دەبینێت دایکی دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کێشکردنی بۆ دنیای خۆی و چارەنووسی خۆی چونکە دەبێتە باشترین میدیا بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی باوکی (د. نەوال سەعداوی) [٤٤]یش لەو باوەڕەدایە فرۆید لە تێبینییەکانیدا دەربارەی گرێی خەسان لەکچدا بابەتەکەی پێکابێت، بەڵام لەئاشکراکردنی هۆکاری رقی کچ لەدایك سەرنەکەوتبێت، چونکە سەعداوی دەڵێت کچ رقی لەدایکی دەبێت، چونکە وەك خۆی لەژیانی دوورخستووەتەوەو بەندی زیندانی ماڵەوەی کردووە و لەژیانی هزری و مرۆیی داماڵراوە و لەڕێگەی جۆرەها شێوازی قەدەغەکردن و حەرام و تابۆوە ئازادی لێ زەوتکراوە. هەروەها پێی وایە کچ رقی لەدایکیەتی نەك لەبەرئەوەی



ئەندامی نێرینەی پێنەبەخشیوە یان وەك براکەی نەیهێناوەتە دنیاوە بەڵکو لەبەرئەوە درك بەوە دەکات دایکی دەیەوێت بۆ دنیای بەرتەسك و سنوورداری ژنان کێشی بکات ئەو دنیایەی تەنیا بۆنی سیرو پیازو قاپ شتنی لێدێت و دەروازەی ژیانی فیکری و رۆشنبیری لەکۆمەڵگەدا لەسەر کلۆم دەکات، هەروەها کچ رقی لەباوکیش دەبێتەوە ئەگەر راستەوخۆ باوکی دەسەڵاتو هێزی خۆی بەسەردا بسەپێنێت و پراکتیزەی بکات، بەڵام زیاتر رقی بەرامبەر دایکی دەوروژێت، چونکە باوك ئەرکی کۆنترۆڵکردنی کچ بەدایك دەسپێرێت کە سەعداوی پێی وایە باوك لەم حاڵەتەدا رۆڵی بەڕێوەبەری زیندان دەبینێت حوکمی زیندانی یان لەسێدارەدان دەردەکات، بەڵام دەستی خۆی بەخوێنی زیندانییەکان پیس ناکات.

کاتێك کچ هەستدەکات وەك دایکێتی دایکیش دڵنیایە کچەکەی وەك خۆیەتی کە هەردووکیان سەر بەچینێکی نزمترن لەکۆمەڵگە (بێگومان کۆمەڵگە لەپێگەیەکی نزمتردا دایناون) واتە هەردووکیان وەك یەك زوڵمیان لێدەکرێت، ئەو تاکانەش کە پێکەوە زوڵمیان لێدەکرێت دەشێت لەگەڵ یەکتریدا ئەوپەڕی کۆك و تەبابن و خەمی یەکدی برەوێننەوە وەك لەهەندێك پەیوەندی نێوان دایك و کچ یان خوشك و خوشکدا تێبینی دەکرێت کە ئەو جۆرە پەیوەندییانە لەسروشتی تێپەڕدەبن و کاردەکەنە سەر ژیانی هەردووکیان یان پەیوەندی نێوان ئەو تاکە زوڵملێکراوانە لاوازو فشەڵو رقئامێز دەبێت لەجیاتی خۆشەویستی کێبڕکێ رەنگڕێژی دەکاتو دیسانەوە پەیوەندییەکە بەناسروشتی ناوزەد دەکرێت، بەمشێوەیە دەشێت هۆکاری رقی دایك بۆ ئەو بارە کۆمەڵایەتییە بگەڕێتەوە کە هەردووکیان تێیدا دەژین د. نەوال دەڵێت: (پەیوەندی نێوان دایك و کچ پەیوەندییەکی نەخۆشەو لەسەر بناغەی زوڵم و ترس بنیاتنراوە و لەم ترس و زوڵمەدا پەیوەندییەکان لەنێوان توخمە زوڵملێکراوەکاندا تێکدەچن)[٤٥].

دایك کە خۆی پێشتر بەو قۆناغەی رقی کچەکەیدا رۆیشتووەو بەتێپەڕبوونی بەئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەتەواوەتی لەو راستیە دڵنیایە کچەکەی وەك خۆی بوونەوەرێکی بێ دەسەڵاتە و لەبەرامبەردا کوڕەکەی بەو پێودانگەی سەر بەتوخمی نێرە کەواتە وەك باوکی خاوەن دەسەڵات دەبێت و دەشێت لەبەرئەوەی کوڕیەتیو بەشێکە لەخۆی قەرەبووی چەوسانەوە دوابەدوا یەکەکانیو دوورخستنەوە و کەنارخستنی لەژیانداو هەموو ئەو کەموکوڕیانەی بۆ بکاتەوە کە لەژیاندا هەستی پێکردوون، لەبەرئەمانە لەوانەیە کوڕەکەی لەکچەکەی زیاتر خۆش بوێت نەك لەبەرئەوەی کە فرۆید پێی وایە بەهۆی بوونی ئەندامەکەیەوە بێت و قەرەبووی نەبوونی ئەو ئەندامەی لەخۆیدا پێ بکاتەوە. بێگومان ئەم هەستەی دایك رەنگدانەوەی لەسەر

سۆزە دەربڕاوو شاراوەکانی دەبێت و کاردەکاتە سەر ڕەفتارو مامەڵەی لەگەڵ کچەکەیداو هەستکردن بەم جیاوازیانەش لەلایەن کچەوە هێندە ئەستەم نییە و هەرزوو درك بەجیاکاری لەمامەڵەی دایکی بەرامبەری دەکات و بۆیە ئاساییە لەپاش نائومێدبوونی لەخۆشەویستیو بایەخی دایکی ئەگەر زیاتر خۆشی نەوێت لەبەرئەوەی وەك خۆی مێیە بەلایەنی کەمەوە وەك براکەی خۆشی بوێت و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکات وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەو مامەڵەیەی دایکی لەوانەیە هەست بەجۆرێك لەرق و دژایەتی بکاتو بەمشێوەیە جۆرە پەیوەندییەکی ناسروشتی ئەگەری دروستبوونی لێدەکرێت هەروەك سەعداوی دەڵێت: (ئەمانە لەنێو ژناندا ڕوودەدەن، ژن کێبڕکێ لەگەڵ ژندا دەکات، دایك کوڕەکەی لەکچەکەی خۆشتر دەوێت، لەو بڕوایەدایە کوڕەکەی قەرەبووی ئەو شکستانەی بۆ دەکاتەوە کە لەژیانیدا بەسەریدا هاتوون وەك مێیەك، بەڵام کچەکەی هەروەك خۆی مێیە واتە سەر بەتوخمە نزمەکەیە..) [٤٦].

## هۆگربوونی باوك

کاتێك کچ لەدایکی بێ هیوا دەبێت و خۆشەویستی بۆ دایکی بەجۆرێك لەرق و نارەزایی ڕەنگڕێژدەبێت بەپێی فرۆید پەنا بۆ خۆشەویستی باوکی دەباتو لەگەڵ دایکیدا کێبڕکێ دەکات، هۆگری باوکی دەبێت بەو هیوایەی باوکی قەرەبووی ئەو کەموکوڕیەی بۆ بکاتەوە کە دایکی بەسەرچاوەکەی دەزانێت، هەروەك چۆن کوڕیش هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشەویستی دایکیو گەیشتن بەدایکی دەدات، واتە هەریەکەیان هەوڵی گەیشتن بەتوخمە دژەکەی دەدات، کە یونگ[٤٧] پێی وایە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەریەکە لەژنو پیاو لایەنێکی توخمە دژەکەی خۆی تێدایە، لەژندا لایەنێکی پیاوانەی تێدایە پێی دەوترێت Animus و لەپیاویشدا لایەنێکی ژنانەی هەیە پێی دەوترێت ئەنیما Anima، یۆنگ ئەم دوو هێزە بەگەورەترین هێزی کارا لەژیانی ژن و پیاودا دادەنێت، کە ئەنیما بەشوێن هاوبەشەکەی لەژندا دەگەڕێت کە لەگەڵ لایەنە پیاوانەکەی خۆیدا یەکسانەو لەژنیشدا ئەنیمۆس بەشوێن بەشە پیاوانەکەی خۆیدا دەگەڕێت کە خۆشی دەوێت و هەوڵی گەیشتن پێی دەدات، ئەگەر ئەمە وابێت ئەوا هۆگربوونی منداڵ لەگەڵ توخمە دژەکەی لەباوان بەسەرەتای ئەو گەڕانە دادەنرێت کە لەئایندەدا لەشێوەی پەیوەندییە سروشتییەکانی نێوان ژن و پیاودا فۆرمەلە دەبن، فرۆید [٤٨] پێی وایە کرداری گۆڕینی خۆشەویستی کچ لەدایکییەوە بۆ باوك، کرداری گۆڕینی کەسێتی دایك بۆ باوك نییە بەڵکو کردارەکە گۆڕانێکی ڕاستەقینەیە لەژێر باڵای ڕقدا، کە ئەم ڕقە ئەوەندە بەهێز دەبێت



بەدرێژایی ژیان دەمێنێتەوە و لەبەرامبەر ئەو ڕقە زۆرە بۆ دایك کچەکە هۆگری باوك دەبێت، کاتێکیش بێهیوا دەبێت لەوەی ئەویش ناتوانێت قەرەبووی کەموکوڕیەکەی بۆ بکاتەوە کە دەیەوێت منداڵێکی لێی هەبێت جێگەی کەموکوڕیەکەی بۆ بکاتەوە.

بەمشێوەیە فرۆید گرێی خەسان بۆ کوڕ بەدەرچوون لەئۆدیبۆسو بۆ کچیش بەدەروازە بۆ چوونە ناو ئۆدیبوس دادەنێت، کە کچ درك بەم خەسانە دەکات (ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو ئەندامەی نییە)و بەبەراوردکردن لەگەڵ براکەیدا هەستدەکات ئەم خەسێنراوە ئەندامەکەی لێسەندراوەتەوە، وەرگرتن و ڕازیبوون بەم خەسانە هەروا ئاسان نابێت و واپێویست دەکات خەیاڵی بوونی ئەو ئەندامە کە پێشتر لەمێشکیدا بووە لەلای تێکبشکێت، کاتێك کچ ئەم خەسانە ئاشکرا دەکات فرۆید پێی وایە کچ دەکەوێتە بەردەم سێ ڕێگەوە[٤٩]:

١- بەرەو وازهێنانی سێکسوال یان نیورۆسسی دەبات.

٢- بەرەو گۆڕانی ڕەوتەکەی واتا لە(مێ)وە بۆ نێر و دروستبوونی گرێی پیاوەتی دەبات.

٣- بەرەو دروستبوونی مێیەتی سروشتی.

**ڕێگەی یەکەم:** کاتێك کچ درك بەجیاوازی نێوان خۆی و توخمەکەی بەرامبەر (نێر) دەکات واز لەیاریکردن بەمیتکە دەهێنێت کە هاوکاتە لەگەڵ ڕقی بۆ دایکیو خۆشەویستی بۆ باوکیو هەرچەندە واز لەو یاریکردنە دەهێنێت، بەڵام ئەم قۆناغە بەلای فرۆیدەوە بایەخێکی گەورەی هەیەو پێی وایە ڕەگوریشەی بەقووڵی لەژیانی کۆمەڵایەتی کچ و تەنانەت هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیاندا، دادەکوتێت، چونکە وازهێنان لەو کردارە هاوکات دەبێت لەگەڵ سەپاندنی هەموو چالاکیەکی سێکسوال لەگەڵیداو لەدەرەنجامەکانیشی سەپاندنی ئارەزوو سێکسوالەکانە کە بەسێکسساردی ناوزەدکراوە.

**ڕێگەی دووەم:** کچ لەبەردەم گرێی خەسان یان کەموکوڕیەکەیدا هەوڵدەدات لەڕێگەی خۆچوواندن بەپیاو پڕیبکاتەوە، لەسەر یاریکردن بەمیتکە بەردەوام دەبێت و بەجۆرەها هۆکار هەوڵی تەماهی لەگەڵ باوکدا دەدات یان تەماهی لەگەڵ دایکیدا دەکات بەمەرجێك دایکی لەو جۆرە ژنانە بێت کە نەبوونی ئەندامی نێرینە یان هەستکردن بەکەموکوڕی نەبوونی ئەو ئەندامە ڕەتدەکاتەوە، ئەم ژنەی لەم جۆرەیە لەگەڵ منداڵەکانیدا پەیوەندییەکی تێروتەواو بەدەر لەباوك (بەتەواوەتی یان بەئەندەکی) دەبەستێت ئەمەش لەسەر ڕەفتاری ڕەنگدەداتەوە، دەسەڵاتی خۆی بەسەر منداڵەکانیدا پیادە دەکات و خۆی لەدەسەڵاتی پیاو ڕزگاردەکات، بەپێی فرۆید کاتێك ژن هەست بەکەموکوڕی نەبوونی ئەندامی پیاو دەکات و ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە کە دەیەوێت

قەرەبووی ئەو کەموکوڕیە بکاتەوە ئەمانە لەسەر ڕەفتاری دەردەکەون و لەشێوەی هەوڵدانی بۆ سەربەخۆبوونی لەدەسەڵاتی پیاوو بایەخدانی تەواو بەمنداڵەکانی وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو کەموکوڕیەی هەستی پێدەکات، لەمبارەدا کچی ئەو جۆرە دایکانە لەجیاتی ئەوەی باوك لەلایان ببێتە تەوەرەی داواکردنی ئەندامەکە دایك دێتە شوێنیان واتە تەماهی لەگەڵ دایکیان دەکەن، بەڵام لێرەدا دایکەکە جۆرێکی دیکە تەماهی لەگەڵدا دەکات‌و لەگەڵ ئەو دایکەدا جیاوازی هەیە کە دان بەکەموکوڕیەکەیدا دەنێت و باوك (واتە هاوسەرەکەی) دەبێتە جێبەجێکاری داواکانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم دایکە هەستکردن بەکەموکوڕی نەبوونی ئەو ئەندامە ڕەتدەکاتەوەو بەمشێوەیە ئەو کچە ئەگەر لەسەر ڕۆیشتنی بەم ئاراستەیەدا بەردەوام بێت دەشێت بەرەو هۆمۆسێکسوال ڕەوتەکەی بگۆڕێت.

دەشێت لێرەدا هەڵوێستەیەك بکەین و بەچاوێکی بێلایەنەوە لەواقیعی کۆمەڵگەکانی دنیا بەخۆشمانەوە بڕوانین، ئایا هەموو ئەو ژنە خاوەن دەسەڵاتانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی پیاو بوونەتەوە یان خاوەن شوێن و پێگە بوون لەخێزانداو سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی منداڵەکانیان کردووە، هەموویان کچەکانیان لەئایندەدا لەڕەوتی مێیەتی سروشتی خۆیان لایانداوە و هۆمۆسێکسوال دەرچوون؟ چونکە فرۆید پێیوایە ئەگەر ژن لەبەرامبەر پیاودا خاوەن ڕای سەربەخۆ و دەسەڵاتی سەربەخۆ بوو یان لەژیانی منداڵەکانیدا وەك باوك خاوەن دەسەڵات بوو، توانی بەڕێوەیان بەرێت ئەوا ئەو ژنە گرێی کەموکوڕی نەبوونی ئەندامی نێرینەی هەیە، بەڵام دان نان بەهەستکردن بەو کەموکوڕیەدا ڕەتدەکاتەوە، بۆیە لەسەر هەڵسوکەوتی ڕەنگ دەداتەوە، تەنانەت فرۆید ئەوەندە بڕوای بەبۆچوونەکەی هەیە ئەمە بەبارێکی سروشتی دادەنێت و پێی وایە ئەم ژنانە وەك دایك دەبنە پاڵنەرێکی نێگەتیڤ بۆ ئارەزووکردنی بوون بەکوڕو گەشەکردنی گرێی نێرینە (پیاوانە) لەکچەکانیاندا.

ڕێگەی سێیەمیش: داننانە بەگرێی کەموکوڕی و خەسان و کێبڕکێکردنە لەگەڵ دایك بۆ گەیشتن بەباوك، لەباری سروشتیدا کە دەبینێت دایك چێژ لەپەیوەندیکردنی سێکسوال لەگەڵ باوکدا دەبینێت واتە بۆ پڕکردنەوەی داواکانی پەنا بۆ باوك (هاوسەر) دەبات ئەویش (بۆ قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕیەکەی پەنا بۆ ئەو دەبات، بەڵام نائومێد دەبێت لەدەستکەوتنی ئەو ئەندامەو پەنا بۆ هاوکێشەی ئەندامی نێرینە — کوڕ دەبات، داوای کوڕێك لەباوکی دەکات.. بەمشێوەیە هەردوو ئارەزووەکەی بۆ دەستکەوتنی ئەو ئەندامە و منداڵ لەنەستیدا دەمێنێتەوە و یارمەتیدەدەن بۆ گەیشتن بەڕۆڵی سێکسوالی خۆی وەك ژنێك لەئایندەدا) [٥٠].



## فرۆید و ژن

## "چارەنووسی ژن هەروەك خۆی دەمێنێتەوە کە لەگەنجێتیماندا شتێکی خۆش‌و جوانەو لەکامڵیشماندا هاوسەرێکی ڕۆح سووکە"

**فرۆید**[٥١]

(نامەکانی فرۆید و هەڵبژاردنی ئەو ژنەی کە خۆشیویست و پەیوەندی بەخوێندکارە کچەکانییەوە، ئاشکرا ئەوە ڕووندەکەنەوە کە تەنیا مۆدیلێك لەمێشکی فرۆیددا بۆ بابەتی سێکسوال هەبووە: ئەویش مۆدێلی ژنی گوێڕایەڵ بووە، فرۆید ژنی وەك فریشتەیەك بینیوە کە لەپێناوی حەوانەوەی پیاو و دابینکردنی پێداویستییەکانیدا، شەونخوونی کردووە)[٥٢]

هەرچەندە فرۆید لەرووالەتدا رای تایبەتی خۆی سەبارەت بە ژن دەرنەبڕیوە کە بڕوای بەتواناکانی نەکردووە و لەدیدی ئەو ئەو ژنە نموونەیی بووە کە خۆی بۆ خێزان و هاوسەرەکەی تەرخانکردووە و هۆگری هەموو پارچە کەلوپەلێکی ماڵەکەی بووە کە ئەگەر هەر شتێك لەجێگەی خۆی نەبێت و پاك و خاوێن نەبێت حەوانەوەی لێ ببڕێت، هەر خۆیشی لەنامەیەکدا بۆ مارتای خێزانی دەپرسێت: (ئایا پێویستە دڵمان لەم شتە بچکۆلانەدا زیندانی بکەین؟ هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە....)[٥٣] بێگومان مەبەستی لە ژنە کە پێویستە ئاگاداری هەموو گۆشەیەکی ماڵەکەی بێت، لەفەرشەکان، چەرچەفە سپییەکان، سەعاتی دیوارەکە، پەرداخ و قاپ و چرا و دەرزی و دەزوو، ئارد و شەکر، کاغەزی تەوالێت، جلەکانی ژێرەوەی هاوسەرەکەی... هتد.

مارتای خێزانی فرۆید نموونەی هەر ژن و دایکێکی یەهودی بوو کە حەوانەوەی هاوسەرەکەی خستبووە پێش هەموو شتێکی خۆیەوە، بەڵام لەبەرامبەردا فرۆید هیچ بایەخ و بەهایەکی بۆ ئەرك و ماندووبوونی دانەنابوو، تەنانەت کەسێکی ون بوو لەژیانیدا.

فرۆید ڕۆژێك لەیادی دەچێت بەڵێنی بەمارتا داوە بەیەکەوە بۆ شانۆگەری بچن، خۆی سەبارەت بەم لەبیرچوونەوەیە دەڵێت: (ئەمە مانای وایە دەکرێت ئەوشتانە لەیادبکەین کە بایەخیان نییە)[٥٤]

مارتا نموونەی ئەو ژنانە بوو کە فرۆید لەزەینی خۆیدا وێنای کردبوو، هەروەها کارەکانیشی لەسەر هەمان بناغەی ئەو ژنانە داڕشتبوو. فرۆید خۆی بەمشێوەیە لەژنانی دەڕوانی و خۆیشی لەژیاندا بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکەی خۆی دەکردو دەیبینی، بەڵام لەڕواڵەتدا وا خۆی دەرنەدەخست و تەنانەت لەساڵی ١٨٨٠دا چوار لێکۆڵینەوەی جون ستیوارت ملی وەرگێڕا: (دەربارەی مەسەلەی جیهانی، ئازادکردنی ژن، ئیشتراکییەت و ئەفلاتۆن)[٥٥]

سەبارەت بەم وەرگێڕانە فرۆید مەدح و سەنای ستیوارت دەکات، بەڵام لەڕاستیدا گاڵتە بە راکانی ستیوارت سەبارەت بەرزگارکردنی ژن دەکات و لەنامەیەکیدا بۆ مارتای خێزانی کە ئەوکات دەزگیرانی بووە نووسیویەتی: (ژنان لەپیاوان جیاوازن، نالێین بوونەوەری نزمترن، بەڵام پێچەوانەی پیاون، ئەو هزرەی پێیوایە ڕێگە بەژنان بدرێت لەپێناوی ژیانی یەکسانیدا لەگەڵ پیاودا بکەوێتە ململانێوە، هەر لەسەرەتاوە مەحکوومە بەفەشەل، بۆنموونە من ئەگەر دەستگیرانە جوانەکەم ببێتە کێبڕکێکارم، ئەوا راشکاوانە پێیدەڵێم واز لەم مەیدانی جەنگە بێنەو سەرقاڵی کاروباری ماڵەوە ببە کە لەهەموو کێبڕکێیەك دوورە...)[٥٦]

کارەکانی فرۆید لەشیکردنەوەی دەروونی و کەسێتی و هەست و نەست و گرێ دەروونی و باری ئاڵۆزی نەخۆشییە دەروونییەکان لەئەژماردن نایەن و هیچ کەسێك ناتوانێت نکۆڵی لەخزمەتی فرۆید لەبواری سایکۆلۆژیی مرۆڤدا بکات. بەڵام جێی داخە لەهەندێك شوێندا وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا هەست بەجۆرێك لەلادان بەلای پیاودا دەکەیت بەتایبەتی لەبابەتی گرێی ئۆدیب و گرێی خەسانو مێیەتیدا ، بۆنموونە پێیوایە (نەمانی گرێی ئۆدیب لەنێردا لەقۆناغی دووەمی منداڵیدا کۆتایی دێت و نیمچە تەواو بووە، منی باڵا دەبێتە میراتگرە شەرعییەکەی، لەکچدا بارەکە جیاوازە، چونکە تێکشکانی ئۆدیب هێشتا پرۆسەیەکە نازانین چارەنووسەکەی چۆن دەبێت، ناشکێت بەڵکو چەپاندن باڵی بەسەردا دەکێشێت و وازهێنان لێی بەکاوەخۆیی دەبێت، بەڵام دەرەنجامەکانی لەژیانی ژندا بەشێوەیەکی شاراوە دەمێنێتەوە)[٥٧] فرۆید لەلایەکەوە دەڵێت لەبەرئەوەی تیکشکاندنی ئۆدیب لەکچدا پرۆسەیەکە چارەنووسەکەی نەزانراوە وەك کوڕ (منی باڵا) نابێتە میراتگری شەرعی نەمانی ئەو گرێیە و لەهەمان شوێندا دەڵێت تێکناشکێت بەڵکو چەپاندن باڵی بەسەردا دەکێشێت، بەڵام لەشوێنێکی دیکەدا فرۆید دەڵێت کچ ئۆدیب ناچەپێنێتو پێی وایە توانا زەینییەکان لەکچدا کەمترە وەك لەپیاو چونکە منی باڵا لەژندا لاوازترە و هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کچ گرێی ئۆدیب ناچەپێنێت (چونکە کاتێك دەچێتە قۆناغی ئۆدیبەوە بڕوا بەو راستییە دەهێنێت کە خەسێنراوە و لەبەرئەوە



هیچ شتێك نییە لێی بترسێت تا پاڵی پێوەبنێت گرێی ئۆدیبی بچەپێنێت و منی باڵا دروستبێت)[٥٨] لێرەدا وادەردەکەوێت فرۆید خۆشی دڵنیا نییە ئۆدیب لەکچدا چی بەسەردێت، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێنەگرتووە بۆچوونەکانی دەربارەی سایکۆلۆژیی ژن سەبارەت بەمێیەتی بەمشێوەیە بخاتەڕوو کە دەیەوێت پێمان بڵێت منی باڵا لەژندا لەبەرئەوەی دەرەنجامەکانی ئۆدیب بەشاراوەیی دەمێنێتەوە بەو تێروتەواوی و تۆکمەییەی منی باڵا نییە لەکوڕداو بەڵکو لاوازەو پێیوایە (ئەو مەرجانە بۆ کچ دابین نابن وەك کوڕ لەقۆناغی ئۆدیبی بێتە دەرەوە، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵیدا بەردەوام بێت تەنانەت تا دوای هاوسەرێتیش، ئەگەر رزگاریشی بوو لێی بەشێوەی ئەندەکی دەبێت، لەسەر ئەم بناغەیە فرۆید تیۆرەکەی خۆی لەدروستبوونی منی باڵا ڕووندەکاتەوەو پێی وایە منی باڵا لەکچدا ئەوەندە پتەوو بەهێز نییە، چونکە گرێی ئۆدیبی بەو شێوەیە شینەبووەتەوە)[٥٩] هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵێك سیفەت دەخاتە پاڵ ژن کە دەشێت لەسەردەمە دوابەدوا یەکەکاندا بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتی و کلتوری و ژیاریەوە ژن هەڵگری ئەو سیفەتانە بووبێت وەك سەعداوی ئاماژەی پێداوە: (فرۆید تێبینی ژنانی دەوروپشتی خۆی کردووە کە زیرەکیو توانا زەینییەکانیان بەگشتی وەك پیاو ناخەنەڕوو، لەپیاوان کەمتر بایەخ بەکاروبارە گشتییەکانی ژیانی دەدەن و لە پیاو کەمتر ئاوات و خۆزگەیان هەیە و کەمتر ژیرن و کەمتر بابەتینو .. هتد)[٦٠] لەکاتێکدا ئێریك فرۆم Erich From ژنان لەپیاوان بەئازاتر دادەنێت و بەواقیعی تر لەپیاوان دەیانبینێت و دەڵێت ژنان لەپیاوان زیاتر بایەخ بەئاشتیو شەڕ دەدەن، ئایا ئازایەتی و واقیعبینی و ئاشتیخوازی ئەمانە گشتیان پەیوەندیان بەتوانای زیرەکیو داناییو بابەتییەوە نییە؟ کە فرۆید پێی وایە لەژندا گشتیان بەهۆی لاوازی منی باڵاوە لاوازترن؟ کە بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە هۆکاری کەمتوانایی ژنان لەدەرخستنی زیرەکیو داناییو ژیرێتیو بایەخدان بەژیانی گشتی بۆ لاوازی منی باڵا دەگەڕێنێتەوە لەکاتێکدا بەشی زۆری هۆکارەکان بۆ نەڕەخسانی فرسەتە کۆمەڵایەتییەکان لەبەردەمیداو داخستنی دەروازەکانی ژیان بەروویدا، دەگەڕێتەوەو بەشەکەی دیکەشی بۆ جیاوازی تێپەڕینی بەقۆناغەکانی گەشەی دەروونی و چۆنێتی دەرچوونی لەئۆدیب دەگەڕێتەوە بەهۆی ئەو جیاکارییەوە کە لەگەڵ منداڵی کوڕدا هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵیدا دەکرێت.

فرۆید لەلایەکەوە دەڵێت ژن لەبەرئەو هۆیە کەم هەست بەدادوەری دەکات و بڕیارەکانی کەموکوڕیان هەیەو کەسانی دیکە لەدەرکردنی بڕیارەکانیدا کاری تێدەکەن، لەکاتێکدا فرۆید خۆی دادوەرانە بڕیاری نەداوە، ئەگەر بەو توانا زۆرەوە بەو وردبینییەوە کە ئەو هەموو

ئاشکراکردن و گۆڕان و کارانەی لەسایکۆلۆژیی مرۆڤدا ئەنجام داوە ژنێك بوایە، دەرەنجامی ئەو کارانە چۆن دەبوون؟ دەشێت بێ لایەنانەتر بۆچوونەکانی سەبارەت بەهەردوو رەگەزەکە بخستایەتەڕوو نەك وەك ئێستا کە لەهەندێك شوێندا هەستی پێدەکرێت ژن و پیاو بۆ دوو ئاراستەی نێگەتیڤو پۆزەتیڤ جیاکراونەتەوە. فرۆید پێی وایە هەر بەهۆی لاوازی منی بالاوە توندوتۆڵی مۆرالی لەژندا نییە و رێڕەوە مۆرالییەکەی بەرەگوریشەی سۆزدارییەوە پەیوەستە، لێرەدا ئیرەیی پیاو بەرامبەر بەسیفەتە مرۆییە بالاکان لەژندا کە خاوەنی سۆزێکی گەورەو بێ سنوورە ئاشکرادەبێت و پیاو ناتوانێت خۆی لەو سۆزە گەورەیەی ژندا بدۆزێتەوە واتە ببێتە خاوەنی، بەهەمان شێوەی ئیرەیی پیاو بەتوانایی منداڵ بوون لەژنداو ترسی پیاو لەژن بەوە کە خۆی خاوەنی ئەو توانایە نییە. کارین هورنی دەڵێت: (تووشی سەرسوڕمانێکی زۆر بووم کاتێك ئەو غیرە شاراوەیەی پیاوانم بەرامبەر بەژنان لەو پیاوانەدا ئاشکراکرد کە لێنۆڕینی دەروونیم بۆ ئەنجامدەدات، بینیم پیاوان غیرە لەتوانای ژن بۆ دووگیانیو منداڵبوون و دایکایەتیو بوونی سنگو شیردان دەکەن) [٦١].

لەشوێنێکی دیکەدا فرۆید[٦٢] پێمان دەڵێت نەبوونی ئەو ئەندامە لەژندا برینێکی گەورەی لەناخیدا جێهێشتووەو هەستکردن بەکەموکوڕی ئەو ئەندامە بەهاندەری زۆرێك لەکارو چالاکییەکانی ژن لەژیاندا دادەنێت و پێی وایە هەستکردن بەکەموکوڕی ئەو ئەندامە، بزوێنەری زۆرێك لەهەڵوێستەکانە و ئەگەر ئەوە نەبوایە تێگەیشتن لێیان ئەستەم دەبوو، هەر لەسەر ئەم بناغەیە لێکدانەوە بۆ هەندێك کارو ئارەزووی ژنان دەکات و خەیاتی و چنین و رستنی خوری و دەزوو هۆنینەوە و نەخش و نیگارەکانی سەر قوماش کە ژن ئەنجامی داون بۆ ئارەزووکردنی ژن بۆ شاردنەوەی شوێنەواری کەموکوڕیەکەی دەگێڕێتەوە. فرۆید ئەم کارو ئارەزووانەی ژن تەنیا بۆ بابەتی هەستکردن بەکەموکوڕی و شاردنەوەی ئەو کەموکوڕییە دەگەڕێنێتەوە بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی توانستەکانی نێوان ژن و پیاو کە دەشێت هەندێك لەم کارانەی ژن بۆ توانای زیرەکی ژن بگەڕێتەوە کە خاوەنی وردبینییەکی تایبەتییە و لەلایەکی دیکەیشەوە ژن بەحوکمی فاکتەرە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان هەمیشە هەوڵدراوە لەچوارچێوەی ماڵەوە بمێنێتەوەو کارو چالاکییەکانیشی هەر لەو چوارچێوەیەدا قەتیسکراوە. تەنانەت فرۆید هۆکاری خۆڕازاندنەوەی ژنان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ژن دەیەوێت لەو رێگەیەوە کەموکوڕییەکەی پڕبکاتەوەو (هۆکاری ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ژن لەپیاو نارسیزمی ترە، بایەخ بەجەستە و دەرخستنی



جوانییەکانی و درەوشانەوەی دەداتو ئەمانە بەتەنیا کردارێکی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوڕیە سەرەکییە دادەنێت)[٦٣]، بێئەوەی فاکتەرە کۆمەڵایەتیو ژیارییو ئیستاتیکییەکان رەچاوبکات.

لەهەموو ئەمانە سەیرتر فرۆید غەریزەی بالای دایکایەتی بەهەستی کەموکوڕی نەبوونی ئەو ئەندامە لەژندا دەبەستێت و پێیوایە خۆشی دایك کە منداڵی دەبێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منداڵەکەی جێگەی ئەو کەموکوڕیەی بۆ دەکاتەوە و خۆشییەکەشی دەبێتە دوو ئەوەندە کاتێك منداڵەکەی دەبینێت کوڕە (ئەم منداڵە بەو هێندە دڵخۆشی دەکات کە قەرەبووی کەموکوڕیە سەرەکییەکەی خۆی بۆ دەکاتەوە لەڕێگەی تەماهیکردن لەگەڵیدا) [٦٤].

فرۆید پێی وایە خۆشی دایك بۆ لەدایکبوونی منداڵەکەی بەکوڕی لەبەر خاتری ئەندامەکەیەتی، بەڵام باسی ئەوە ناکات دایکەکە لەوانەیە پێی خۆش بێت کوڕی بووە بەو هیوایەی قەرەبووی شکستییەکانی ژیانی خۆی بۆ بکاتەوە وەك لەشوێنێکی دیکەشدا ئاماژەمان پێداوە، یان لەئەزموونی تاڵی ژیانی خۆییو ژنەکانی پێش خۆیەوە بڕوانێت و تێگەیشتبێت مێیەتی چەند ئەستەمەو ژن لەکۆمەڵگەدا چەند بەشخوراوە و چۆن بەدەستهێنراوەکانی ژیان هەمووی لەلایەن پیاوەوە قۆرغکراوە، منداڵەکەی کە لەخۆیی خۆشتردەوێت حەزنەکات وەك خۆی بێت و بەو ژیانەدا تێپەڕێت. لەهەمان کاتدا فرۆید لەدایکبوونی منداڵ بەسەرەتای ژیانی ئارامی خێزان و مەرجی بێدەنگبوونی ژن بەرامبەر داواکردنی بەردەوامی داواکارییە تەعجیزییەکانی لەپیاو دادەنێت و پێی وایە ئەو داواکاریانە (لەتێگەیشتنی کۆتاییاندا تەنیا لەکەموکوڕی ئەو ئەندامەوە سەرچاوەیانگرتووە)[٦٥] مەبەستی لەوەیە کچ چۆن لەقۆناغی درککردنی بەنەبوونی ئەو ئەندامە داوای تەعجیزی لەدایکی دەکات، جارێك داوای لێدەکات بۆچی وا دروستیکردووە جارێك داوای لێدەکات قەرەبووی کەموکوڕیەکەی بۆ بکاتەوە بەهەمان شێوە بەهۆی شینەبوونەوەی ئۆدیب و مانەوەی گرێی هەستکردن بەکەموکوڕی ئەو ئەندامە کاتێك هاوسەرگیری دەکات هەمان داواکاری تەعجیزی لەهاوسەرەکەی دەکات کە فرۆید پێی وایە (لەدایکبوونی منداڵ رێڕەوی ژیانی دەگۆڕێت، بەپەیوەندییەکی بەدەر لەدووفاقیەت دەیبەستێتەوەو توندی گرێی کەموکوڕی ئەندامەکەی هێواش دەکاتەوە، بەو پێودانگەی لەگەڵ دایکیدا تەماهیدەکات و ئەو منداڵە هەموو خۆزگەو نموونە بالاکەی لەخۆی دەگرێت، واتە قەرەبووی ئەو بێ هیوایییە و بێبەشبوونەو شانازیکردن بەخۆیەوە بۆ دەکاتەوە) [٦٦]. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە راست بێت کەواتە هەموو ژنو پیاوەکان لەدوای لەدایکبوونی منداڵی یەکەم لەخۆشیو شادیداو بەئاسوودەیی دەژین و هیچ شتێك نامێنێت ژن بەدوایدا بگەڕێت و

لەبەرئەوەی پێشتر ئەو بەشوێن یەك ئەندامدا وێڵ بووە و ئەم منداڵە قەرەبووی بۆ کردووەتەوە، کەواتە چ پێویستیەکی بەمنداڵی دووەم دەبێت یان هەستی بەرامبەر بەمنداڵی دووەم و سێیەم .. هتد چۆن دەبێت لەکاتێکدا ئەو منداڵی یەکەم قەرەبووی کەموکوڕیەکەی بۆ کردووەتەوە؟ لەهەمان کاتدا پرسیاری دیکەش رووبەڕووی ئەم شیکردنەوەیە دەبێتەوە، ئایا هەستی ئەو دایکە چۆن دەبێت کە یەکەم سکی منداڵی دوانەی دەبێت ئایا هەردوو منداڵەکە قەرەبووی بۆ دەکەن؟ ئەگەر وابێت چۆن ئەم کردارە بەڕێوەدەچێت لەکاتێکدا بەپێی فرۆید ژنەکە بەدەست کەموکوڕی نەبوونی یەك ئەندامەوە ناڵاندوویەتی، ئایا تەنیا یەکێك لەمنداڵەکان ئەم کرداری قەرەبووەی بۆ دەکەن؟ ئەگەر وابێت ئەی هەستی بەرامبەر هاتنە دنیای ئەوی دیکەیان چۆن دەبێت و لەهەمان کاتدا بەچ پێوەرێك و یەکێك لەو دوو منداڵەکەی دەکاتە ئامرازی قەرەبووکردنەوەی هەستکردن بەکەموکوڕیەکەی خۆی؟

بەستنەوەی هەستی خۆشیو حەوانەوەی دەروونی دایك بەرامبەر هاتنەدنیای کۆرپەکەی بەکرداری قەرەبووکردنەوەی ئەو ئەندامە، نەك تەنیا بابەتی دایکایەتی بچووکدەکاتەوە بەڵکو شیکردنەوەیەکە بەتەواوەتی لەگەڵ شکۆییو رەسەنێتی غەریزەی دایکایەتیو هێزی دایکایەتیدا، دژ دەوەستێتەوە، ئێریك فرۆم لەهونەری خۆشەویستیدا دەڵێت: (خۆشەویستی دایکایەتی بەسروشتی خۆی خۆشەویستییەکی رەهایە، دایك منداڵی خۆی خۆشدەوێت لەبەرئەوەی منداڵیەتی نەك لەبەرئەوەی منداڵ مەرجێکی تایبەتی بۆ بەدیهێناوە)[٦٧].

فرۆید کاریگەریی هەستکردن بەکەموکوڕی ئەو ئەندامە بۆ قۆناغی پێش دایکایەتیو منداڵبوونیش دەگەڕێنێتەوەو لەو باوەڕەدایە ئاسەواری چۆنێتی تێپەڕبوونی کچ بەقۆناغی ئۆدیب و ئارەزووکردنی باوکی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی، رەنگدەداتەوە (کچ ئەو کوڕەی هەڵیدەبژێرێت ئەو ئارەزووە بەسەریدا زاڵە ئەو کوڕە ئەو نموونە باڵایە بێت یان نزیك بێت لێیەوە کە هەمیشە هەستیکردووە، ئەو بێت، یان هەڵبژاردنەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زۆر بە باوکییەوە هۆگربووە)[٦٨] بەوپێیە کچ لەکاتی هەڵبژاردندا ئەو هەستە بەسەریدا زاڵە کە دەیەوێت قەرەبووی کەموکوڕیەکەی بکاتەوە لەرێگەی دۆزینەوەی کەسێکی لێکچوو بەباوکی کە بۆی نەبووە یان لێکچوو بەبراکەی کە ویستویەتی وەك ئەو بێت، بەڵام راستییەکەی یان بەلایەنی کەمەوە ئەوەی بەراستی دەزانین مەرج نییە ئەم کرداری هەڵبژاردنە تەنیا هەستی کەموکوڕی لەخۆی بگرێتو دەشێت گەڕانی کچ بەدوای کەسێکدا لەباوکی بچێت بەشێکی بۆ هەستکردن بەو کەموکوڕییە بگەڕێتەوە وەك فرۆید دەڵێت، بەڵام تۆ بڵێی ئەمە تەنیا مەرجی بابەتەکە بێت، ئەی



بۆ راست نییە بڵێین کەسێتی باوك بەچاوپۆشین لەوەی کەسێتییەکەی پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ بووە بەشێوەیەك لەشێوەکان کچەکەی سەرسام کردووە و کاریتێکردووە لەبەرئەوە لەژیاندا بۆ پیاوێك دەگەڕێت هەڵگری ئەو سیفەتانە بێت کە لەباوکیدایە ئەمەش لەبەر دووهۆ: یەکەمیان بۆئەوەی دووچاری کەمترین بەرهەڵستیو گۆڕان بێتەوە لەژیانی هاوسەرێتیدا، چونکە بەزۆری کچ (بەلایەنی کەمەوە لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا) وا رادەهێنرێت کە خاوەنی کەسێتییەکی سەرکێش نەبێت و زیاتر ئارەزووی مانەوە لەدۆخێکی ئارامدا بکات وەك لەوەی دووچاری گۆڕانێکی ریشەیی بێتەوە کە ئەم پێی رانەهاتووە، تەنانەت ئەگەر گۆڕانەکە لەبەرژەوەندی خۆیشیدا بێت، دووەمیشیان، بۆ تێرکردنی هەندێك ئارەزووی شاراوەی لەنەستیدا و خۆزگەی ئایندەی بۆ بەدیهێنانیان دەگەڕێتەوە، دەشێت باوك پیاوێك بووبێت خاوەن کەسێتییەکی لاوازو بێ راو بێ دەسەڵات لەبەرامبەردا دایکی خاوەن راو خاوەن کەسێتییەکی بەهێز بووبێت، بۆئەوەی بتوانێت بەتەواوی تەماهی لەگەڵ دایکیدا بکات بەشوێن پیاوێکی وەك باوکیدا دەگەڕێت تا خۆی لەوێنەی دایکیدا بەدیبهێنێت واتە سەرسام بوونو کارتێکردنەکە لێرەدا دایك بووە نەك باوك بەڵکو باوك دەبێتە ئامرازێك بۆ چوونە ناو وێنەی دایکەوە، یان باوك کەسێکی توندوتیژ و خاوەن دەسەڵاتی رەهاو دڵرەق بووە و بەردەوام ئازاری داون، ئەمە وایکردووە گەشەی دەروونییەکەی شێواو بێت و خاوەن کەسێتییەکی نەخۆش بێت بەهۆی تێپەڕینی قۆناغی منداڵی لەدۆخێکی بەو شێوەیە ناسروشتیدا وایکردبێت کەسێکی مازۆشی دەربچێت و ئارەزووی خۆئازاردان بکات، ئەوکاتە چەندە لەهەستیدا کەسێکی وەك باوکیشی رەتبکاتەوە لەنەستیدا مازۆشییەکەی بەشوێن پیاوێکی سادەی وەك باوکیدا بگەڕێت، هەروەها ئەگەر وابوایە هەمیشە هەستی لێکچوون و هۆگربوونی باوك بەسەر کچدا لەکاتی هەڵبژاردندا زاڵ بوایە بۆچی هەندێك جار یان زۆرجار دەبینین کچ پیاوێك هەڵدەبژێرێت کە بەتەواوەتی پێچەوانەی هەموو سیفەتێکی باوکیەتی، یان ئەگەر ئەو بڕوایەی فرۆید رەهاو سەراپاگیر بێت ئەوا هەموو هاوسەرو باوکەکان لەیەك دەچن و لەو بارانەشدا هیچ دوور نییە کچ رووبەڕووی هەستی گوناه بێتەوە و نەتوانێت هاوسەرەکەی وەك پیاوێك تەماشا بکات و هەر باوکی لەوێنە و رەفتاریدا بدۆزێتەوە.

## دەرچوونی کوڕ لەئۆدیب

منداڵی کوڕ کە ئەندامی نێرینەی خۆی دەناسێت و خێزان ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕێت لەم ناسینەداو هەرزوو دەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ دۆزینەوەی لەلایەن منداڵەوە ئەویش لەڕێگەی یاریکردن و دواندنی و ڕێگەدان بەمنداڵ بەدەستلێدانی، بەڵام کاتێك منداڵ ئەو ئەندامە دەناسێت بەچێژی دەستلێدانی ئاشنا دەبێت نارسیزمییەکەی پاڵی پێوەدەنێت بۆ خۆ بەگەورەبینین بەهۆی خاوەندارێتیکردنی ئەو ناوچەیەوە لەجەستەیداو بەجۆرێك لەخۆشیو چێژ و شانازییەوە لەسەر یاریکردن پێی رادێت، منداڵ لەم تەمەنەدا من (EGO)ی لاوازە و منی باڵا SUPEREGO دروست نەبووە یان فشەڵە و توانای هەڵاواردنی نییە جیاوازی لەنێوان ئەو کاتانەدا بکات کە دایکی یان باوکی بەئاساییو جۆرێك لەپێکەنینەوە ئەو کارەی لێ قبووڵدەکەن لەگەڵ ئەو کاتەی کە ئەوان هەست بەتەریق بوونەوە لەم کارەی دەکەن.

هەروەها یاریکردن و هاتوچۆکردنی منداڵ بەبێ جل لەناو ماڵدا دیسانەوە جۆرێك لەچێژ بەمنداڵ دەبەخشێتو ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ یاریکردن بەئەندامەکەییو دەبینێت دایكو باوك پێشتر ڕێگەیان پێداوە، ئەمیش لەبەرچاوی میوان یان کەسانی دیکە جگە لەدایکیو باوکی دەیەوێت خۆی دەربخات لەبەرئەوە بەئەندامەکەیەوە شانازی دەکات لەڕێگەی یاریکردن پێیو هاتووچۆکردن بەبێ پۆشاك، چونکە لەدوای ئەوەی درك بەنەبوونی لەکچدا دەکات خەریکە دەگاتە ئەو بڕوایەی گرنگترین بەشە لەجەستەیداو کۆمەڵێك یادەوەری ئەو بڕوایەی لەلا دەچێنن کە کچ هەیبووەو لێی سەنراوەتەوە یادەوەریەکانی شیرخواردنیو جیابوونەوەی پیساییو لەشیربڕانەوەی و جیابوونەوەی لەمەمکی دایکی، هەست بەجۆرە ترسێك دەکات، هەموو ئەو جارانە دێنەوە یادی کە دایکی یان ئەلتەرناتیڤەکەی دایکی چاوی لێ سوورکردووەتەوەو پێی وتووە پەنجەت دەبڕم یان ئەندامەکەت بەچەقۆ دەبڕم یان ئەتبەمە لای پزیشك یان هەر کەسێك کە منداڵ بەهۆی یادەوەرییەکەوە ترسێکی بەرامبەری لەلای دروستبوبێت، ئەو شوێنەت لەبندا بۆ ببڕێت، یان یادەوەری خەتەنەکردنی، ئەمانە هەڕەشەن بۆ سەر منداڵ و لەبەرامبەر دەستلێدانی و یاریکردن پێی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، (لەقۆناغی چووکیدا منداڵ لەلایەن خێزان یان بەخێوکەرانییەوە دووچاری هەڕەشە دەبێتەوە ئەویش بەهۆی خووگرتنییەوە بەدەستلێدانی ئەندامەکەی، هەڕەشەکەش لەوانەیە ڕاستەوخۆ بۆ ئەندامەکەی بێت یان ناڕاستەوخۆ بۆ دەستی بێتو ئەنجامەکەش هەمان شتە، چونکە ئەگەر دەستی ببڕن ناتوانێت بەردەوام یاری بەئەندامەکەی بکات) [٦٩] ئەم ترس و هەڕەشەیە و دیمەنی واقیعی کچ لەبەردەمیدا وادەزانێت جۆرێك لەهەڵەی



کردووە وەك یاریکردن بەئەندامەکەی یان ئارەزووی لەم چەشنەی ئەمی بەرامبەر بەدایك هەبووە بۆیە دووچاری ئەو سزایە بۆتەوە و ئەندامەکەیان بڕیوە ئەم بۆچوونە ترسئامێزەی منداڵ هێندەی دیکە تۆخ دەبێتەوە ئەگەر بەرێکەوت گوێی لەباسی چیرۆکی خەتەنەکردنی خوشکەکەی یان منداڵێکی کچی دراوسێیان بێت یان دیمەنی ناڕێك ڕۆیشتنی هاوتەمەنێکی خۆی ببینێت و گوێبیستی ئەو دەستەواژەیە بووبێت کە ئەو کچە منداڵە بەشێکی جەستەی لێکراوەتەوە بەرامبەر ئەم گومان و ترس و هەڕەشە دووچاری بارێکی شڵەژان دەبێت و دەکەوێتە بەردەم ئەو دووهەڵبژاردنەوە کە لەشوێنێکی دیکەی ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا، بەڵام لەبەر گرنگییەکەی لەچوارچێوەی ئەم باسەدا ئاماژەی پێدەدەینەوە، ئەویش مانەوەی ئەندامەکەیەتی یان پاراستنی ئارەزووەکانیەتی بەرامبەر دایکی، لەبەردەم ئەم دووڕیانەدا بیر لەئازارو شکستییەکەی کە هەستی پێکردووە لەکاتی جیابوونەوەی لەمەمکی دایکی و بیر لە بەئاسانی جیابوونەوەی پیسایی لەجەستەی خۆی دەکات بڕوا بەوە دەهێنێت جیابوونەوەی بەشێك لەجەستەی کارێکی ئەوەندە مەحاڵ نییە و دەرەنجامەکەشی لەوانەیە زۆر دژوار بێت وەك لەشیربڕانەوەیی و دیمەنی بێ ئەندامی کچ، لەهەمان کاتدا بیر لەچێژی مانەوەی ئەندامەکەییو خۆ بەگەورە زانین و شانازیکردن بەبوونی ئەندامەکەیەوە دەکاتەوە تەنانەت تێروتەواوبوونی خۆی لەبوونی ئەو ئەندامە دەبینێتەوە، چونکە بەلایەوە (چووك پردێکە کەماڵی نارسیزمییەکەی خۆی تێدا بەدیدەهێنێت و ترسان لەخەسان ترسانە لە لەدەستدانی ئەگەری زامنکردنی بەدیهێنانی کەماڵی نارسیزمییەکەی) [٧٠] لێرەوە منداڵ بەتابۆو قەدەغەکراوو ڕێگەپێدراوەکان ئاشنا دەبێت لەوە تێدەگات کە هەرچەندە هەست و چێژە ناوەکییەکانی خۆشی بەخشیش بن مەرج نییە لەهۆکارە سنووردارە دەرەکییەکان بەهێزترین، ئەو چەند حەز دەکات لەجێگەی باوکیدا بێتو ببێتە خاوەنی دایکی ئەوەندە دەسەڵاتەکانی دەرەوەی جەستەی (ئارەزووەکانی) کە خۆی لەدەسەڵاتی باوکدا دەنوێنێت دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەدیهاتنیاندا، لەهەندێك نموونەوە دەتوانین ئەم حاڵەتانە بەبەرجەستەیی تێبینی بکەین، منداڵ لەدوای لەشیربڕانەوەی بەردەوام ئەگەر ڕێگەی لێنەگیرێت حەزدەکات لەکاتی نوستندا بەتایبەتی بەشێوەیەك بخەوێت لەگەڵ جەستەی دایکیدا تەماسێك دروستبکات، وەك دەستخستنە ناو سنگیەوە یان گرتنی پەنجە گەورەی دایك تەنانەت مژینی، لەکاتێکیشدا بەهۆی لەدایکبوونی منداڵێکی دیکەوە لەخێزاندا منداڵ لەم تەماسە بێبەش دەبێت کە قەرەبووی لەشیربڕانەوە و مەمکی دایکی بۆ کردووە منداڵەکە پەنادەباتە بەر مژینی پەنجەیەکی خۆی یان مژینی چمکی ئەو پەتۆیەی کە هی خۆیەتیو لەکاتی خەوتندا دایکی پیایدا دەدات، چەندە

بەئاگابێت هەوڵدەدات باوکی بەهیچ شێوەیەك تەماس لەگەڵ دایکیدا دروستنەکات ئەمانە چەندە کێبڕکێ لەگەڵ باوکداو هەوڵدان بۆ جێگەگرتنەوەی باوك دەنوێنن ئەوەندەش گوزارشت لە لەناوچوون و فەوتانی هیواکانی منداڵ لەگەیشتن بەدایك دەکەن، چونکە منداڵ هیچ ئومێدێکی نامێنێت و ترسو هەڕەشەی خەسانو لەدەستچوونی ئەندامەکەشی بەسەریدا زاڵن، لێرەوە منی باڵا SUPER EGO دەست بەکاری خۆی دەکات و منداڵ لەوە تێدەگات لەهەموو پراکتیزەو گوزارشتکردنێك لەئارەزووەکانیو ئەگەری چێژوەرگرتنی لەو ئارەزووانەی ئازاد نییە و (چاودێرێك بۆ (EGO) هەیە کە لەهەموو جووڵەیەك لێی دەپرسێتەوە و تەنانەت بەرامبەر هێزە ئاشکرانەکراوەکانیشی[٧١]) بەمشێوەیە لەگەڵ چەکەرەکردنی منی باڵادا چاودێرێك بۆ من پەیدادەبێت و نایەڵێت ئارەزووە شەبەقیەکانی بەرامبەر دایك تەشەنەبکەنو لەهەموو پەیوەندییەکی سێکسوالبەخشی یان پێکهاتە سێکسوال دایدەماڵێت و بەرەو شکۆبوون دەیبات کە خۆی لەتێگەیشتن و قبوولکردنی پەیوەندییە ئاساییەکاندا دەنوێنێت، لەبارە سروشتییەکاندا هەڵوەشاندنەوەی ئۆدیپوس بەمشێوەیە دەبێت، یان دەتوانین بڵێین دەرچوونی پۆزەتیڤ بەمشێوەیە بەڕێوەدەچێت، بەڵام سەبارەت بەبارە نائاسایی یان دەرچوونی نێگەتیڤ لەئۆدیپوس فرۆید دەڵێت: (لەلادان لەگرێی خەسانەوە روودەدات، منداڵ لەجیاتی ئەوەی تەماهی لەگەڵ باوکیدا بکات تەماهی لەگەڵ دایکیدا دەنوێنێت، بابەتی سێکسوالی لەدایکەوە بۆ باوك دەگۆڕێت و هەوڵدەدات خۆی بەدایکی بچوێنێت بۆئەوەی لەباوکەوە ئەندامی نێرینەی قەرەبووکراوی چنگ بکەوێت و ئەمەش بەناوکی پشێوییە نیورۆسسیو لادانە سێکسوالەکان لەجۆری هۆمۆسێکسوال، دادەنرێت)[٧٢] ئەمە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ لێکدانەوەی هۆکاری پەیوەندی ناسروشتی نێوان پیاوو پیاو لەسەر ئاستی سێکسوال، چەند تیۆرێك [٧٣] بۆ ئەم لێکدانەوەیە هەن: یەکێك لەو تیۆرانە هۆکاری روودانی حەزکردنی پیاو لەپیاو یان سێکسکردن لەگەڵ پیاودا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەو پیاوە لەمنداڵیدا دووچاری گرێی خەسان (واتە ترس لە لەدەستدانی ئەندامەکەی) بووەتەوە و ئەمەش پاڵی پێوەدەنێت لەگەورەییدا لەپەیوەندیکردنی سێکسوال لەگەڵ ژندا دووربکەوێتەوە، چونکە لەنەستدا پێیوایە ئەم پەیوەندییە ئەندامی نێرینەی هیلاکدەکات یان دەبێتە هۆی لەدەستدانی.

تیۆرێکی دیکە دەڵێت ئەو پیاوە لەمنداڵیدا رقی لەدایکی بووە لەبەرئەوە لەهەموو پەیوەندییەکی سێکسوال لەگەڵ ژندا دووردەکەوێتەوە، بەڵام تیۆرێکی دیکە بەپێچەوانەوە پێی وایە ئەو منداڵە زۆر رقی لەباوکی بووەو ئەو پەیوەندییە هۆمۆسێکسوالەشی لەگەورەیدا هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی ئەو رقەی لەدەروونیدایە و کاری سێکسوال لەگەڵ پیاودا دەکات تەنیا



بۆ بەدیهێنانی ئارەزوویەکی شاراوە لەدەروونیداو بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ئەوانەی لەتوخمی باوکین و زیانیان پێدەگەیەنێت، دواجار تیۆرێکی دیکە هەیە کە ئەمیش پشتیوانی لەبۆچوونی خۆشەویستی زۆر بۆ دایك دەکات و ئەو منداڵە هێندە دایکی خۆش دەوێت کەسێتی ئەو وەردەگرێتو لەتەسلیمبوونیشدا بۆ پەیوەندی سێکسوال لەگەڵ پیاودا دەیەوێت رۆڵی دایکی ببینێتەوە.

## خەونی مردنی خۆشەویستان

فرۆید کاتێك باوکی مرد هەستی بەگوناه کرد هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ ئەم هەستەی نەبوو ئەوەندە نەبێت کە مردنی باوکی بەدیهاتنی خۆزگەیەکی منداڵی بوو لەلای لەواقیعیشدا زۆرجار تێبینی دەکەین ئەو کەسەی بەمردنی باوك زۆر کاریگەر دەبێت منداڵی کچە گەورە بێت یان بچووك، ئەوەش کە زۆر بەخێرایی واقیعەکە وەك خۆی قبووڵدەکات منداڵی کوڕە، کوڕ کاتێك لەتەمەنێکی بچووکدا باوکی دەمرێت بەخێرایی خۆی کۆدەکاتەوە و هەوڵدەدات رۆڵی باوکی لەخێزانەکە (لەپێشدا بەرامبەر دایکیو دواتر ئەندامەکانی دیکەی خێزان) ببینێت و ئەگەر لەتەمەنێکی گەورەشدا بێت هەست بەجۆرێك لەگوناه دەکاتو بەهۆ و بەبێ هۆ گلەییو گازەندە لەخۆی دەکات، بەڵام خێراتریش لەکچ روخساری ماتەمینیو خەفەت لەخۆی دادەماڵێتو ژیانی ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام مردنی باوك بۆ کچ کارەساتێکی گەورەیە و برینێکە لەدەروونیداو درەنگ ساڕێژدەبێت، W.A کچێکە تەمەنی ٢٥ساڵ دەبێت لەدوای ساڵێك لەمردنی باوکی سیمای خەم و خەفەتێکی زۆری پێوە دیاربوو، دەیوت: (نەمدەزانی بەرۆیشتنی تۆ رەنگی دنیا وا دەگۆڕێت، نە پێکەنین و نەگریان، بەڵکو سەرتاپای ژیان تامی ژیانی بەتۆوە نادات) ، بەڵام بارەکە لەکوڕدا جیاوازە، (J.S) پیاوێکی تەمەن ٣١ ساڵە کە باسی مردنی کەسوکار بەتایبەتی کەسانی نزیك دەکرا بەمشێوەیە دەدوا: (من باوکم ماوە، بەڵام خۆم بۆ مردنی ئامادەکردووە، چونکە کە ژیان هەبوو مردنیش هەیە، پێویستە پێش رووداوەکان مرۆڤ لەئامادەباشیدا بێت بۆئەوەی لەکاتی روودانیاندا بەئاسایی وەریان بگرێت).

(فرۆید لەکتێبی لێکدانەوەی خەونەکاندا باس لەخەونی مردنی خۆشەویستان دەکاتو لەو پرەنسیپەوە دەستپێدەکات کە ژیانی سەرەتای منداڵی بەخۆپەرستیو نارسیزمییەکی بێ سنوور جیادەکرێتەوە ، چونکە منداڵ هێشتا نەچۆتە ژیانی کۆمەڵایەتی بیرازکراو، بەمشێوەیە منداڵ خۆزگە دەخوازێت هەر کەسێك کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەدیهێنانی ئارەزووەکانیدا، نەمێنێت) [٧٤].

لەلایەکی دیکەوە دەشێت هۆکاری پێناخۆش بوونی منداڵ بۆ هاوسەرگیری دووەمی دایکی لەدوای مردنی یان جیابوونەوەی باوکی، هەر بۆ ئەو هۆکارە بگەڕێتەوە کە لەنەستدا بەشێوەیەك لەشێوەکان لاچوونی ئەو ئاستەنگەی بۆ گەیشتن بەدایکی پێ خۆش بێت یان بەلایەنی کەمەوە پێ قبوولبێت، لەکاتێکدا وەرگرتنی ئەو بابەتە بۆ کچ واتە شووکردنی دایکی لەوانەیە ئاسانتر بێت، چونکە بابەتی بایەخپێدانەکە بۆ کچ کە باوکەکەیە و لەکاتی نەمانیدا باوکێکی دیکە جێگەی ناگرێتەوەو لەگەڵ دایکیدا کێبڕکێ ناکات بۆ گەیشتن بەهاوسەری دووەمی دایکی، بەڵام بۆ کوڕەکە بابەتەکە تەواو پێچەوانەیە، چونکە بابەتی بایەخپێدان کە دایك بووە هەر وەك خۆی ماوەتەوەو ئامادە نییە لەگەڵ پیاوێکی دیکە (هاوسەری دووەمی دایکی) کە بێگومان هەمان رۆڵی نێرینەی خۆی بەرامبەر بەدایکی دەبینێت بکەوێتەوە کێبڕکێیەکی دیکەوە.

## کاریگەرییەکانی ئۆدیپۆس لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و پیاو

هەندێجار پیاو لەترس و دڵەراوکێی لەدەستدانی توانا سێکسوالەکانیدا دەژی هەروەك چۆن بەمنداڵی لەکاتی تێپەڕینی بەئۆدیپۆسدا هەست بەترسێکی زۆر دەکات بەرامبەر ئەگەری لەدەستدانی ئەندامەکەی، لەوانەیە ئەم ترسە وەڵامی بەشێك لەو پرسیارە بداتەوە بۆچی پیاو کە بەرەو تەمەن دەڕوات بەشوێن کچانی تەمەنی لەخۆی زۆر گەنجتر دەگەڕێت جا ئەو پەیوەندییە بۆ مەبەستی هاوسەرێتی بێت یان تەنیا لەچوارچێوەی هاوڕێیەتیسەکی مەرجداردا بێت، ئەو پیاوانە بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە هەستدەکەن تواناکانی پیاوەتیان وەك خۆی ماوەو تەمەن کاری تێنەکردووە، واتە هەڵبژاردنی ئەو کچە گەنجە (بەبەراورد لەگەڵ تەمەنی خۆی) بابەتەکە نییە بەڵکو بابەتەکە جەختکردنەوەیە لەتوانای خۆی لەرووی سێکسوالو پیاوەتییەوە، ئەو بابەتە هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی لەو ترسو دڵەڕاوکێیە دەربازی بێت کە تێیدا دەژی و هۆکارەکەی هەستکردنییەتی بە لەدەستچوونی توانای وەك پیاوو بەشوێن ئەو هەڵبژاردنەدا دەڕوات کە زامنی مانەوەی ئەو توانایەی بۆ دەکات، لەمنداڵیدا دەبوو لەنێوان دایکیو ئەندامەکەیدا هەڵبژاردن بکات، چونکە هەڵبژاردنی هەر یەکێك لەو دووانە کۆتایی بەپەیوەندییەکەی بەوی دیەوە دەهێنا، ئێستاش دەکەوێتە بەردەم هەڵبژاردن لەنێوان تواناکانیو هەموو بابەتەکانی دی کە خۆی لەبوونی هاوسەرەکەی خۆی و پێگەی کۆمەڵایەتیو ناوو ناوبانگی لەنێو بنەماڵەو سەرنجی منداڵەکانی بەرامبەری و هەموو ئەوانەدا دەبینێتەوە کە دژی هەڵبژاردنی ئەو بابەتەن کە ئەم بەهۆیەوە جەخت لەتوانا سێکسوالەکانی خۆی دەکات. هەروەها ئەو پیاوانەی کە خۆیان تەمەنیان هەیە و



هاوسەرەکانیان گەنجە یان لەوان جوانترە (لەدیدی خۆیانەوە) دووچاری هەستکردن بەغیرە و دڵپیسی دەبنەوەو ژیانی هاوسەرێتیان لێدەبێتە دۆزەخ، هەرچەندە مەرج نییە پیاوەکە گەورەتربێت یان لەڕووی رواڵەتەوە لەگەڵ ژنەکەیدا ناتەبا بێت، چونکە ئەو پیاوانەش هەن کە ئاسایی لەو دوو حاڵەتە بەدەرن، بەڵام هەمیشە سڵ لەوە دەکەنەوە توانای سێکسوالیان لاواز بێت یان لەدەستی بدەن و ئەوەش کە زۆر لەم لەدەستدانە ئازاریان دەدات بیرکردنەوەیە لەوەی ژنەکانیان پیاوێکی دیکە هەڵبژێرن لێرەدا تێبینی دەکەین هەمان هەست دووبارە دەبێتەوە، کاتێك منداڵی کوڕ کێبڕکێ لەگەڵ باوکی دەکاتو پاشان تەماهی لەگەڵیدا دەکات بۆئەوەی وەك ئەو بەهێزو خاوەن توانا بێت تا خۆشەویستی دایکی بباتەوە و ببێتە خاوەنی دایکی، بەگەورەیش (کە بوو بەپیاو) دەترسێت لەکەمتواناییو بێ هێزیی خۆی و فەنتازیای منداڵی دەکەوێتەوە کارکردن و بیر لەهێزو توانای باوکی دەکاتەوە کە توانیویەتی دایکی ئەم بۆلای خۆی کێشبکات و ئەم لەبەر بێ هێزی و لاوازی (بەبەراورد لەگەڵ باوکیدا) نەیتوانیوە خاوەنی دایکی خۆی بێت یان دایکی لەبەر ئەو هۆیە پێی رازی نەبووە، ئەو ترسەی ئەو سەردەمە (منداڵی) ئەگەر بەتەواوەتی نەڕەوییبێتەوە دەشێت ئاسەوارەکەی ئەگەر بارودۆخی بۆ رەخسا کارابێتەوە بۆنموونە ئەگەر پیاوەکە گومانی لەتوانای خۆی هەبوو لەوێنەی غیرە لەژنەکەی یان ترس لەوەی پیاوێکی دی هەڵبژێرێت دەردەکەوێت.

لەبەرامبەردا ئەم حاڵەتە لەژنیشدا روودەدات و ئەو ژنانە هەن کە لەوپەڕی سروشتی و تەبابیدان لەگەڵ هاوسەرەکانیان، بەڵام سڵ لەوە دەکەنەوە هاوسەرەکانیان بەجێیان بێڵێت و ژنێکی دی هەڵبژێرێت کە هەمان ترسی منداڵی کاتێك کێبڕکێیان لەگەڵ دایکیان دەکرد بۆ گەیشتن بەباوك دەشێت کاری خۆی بکاتەوەو وەك بارێکی ناسروشتی ئەو ژنانە هەندێك جار هەست بەجۆرێك کێبڕکێ لەگەڵ ژنانی دیکەدا دەکەن ئەگەر هەست بکەن بەشێوەیەك لەشێوەکان لەمان خوازراوترن، بەڵام هەروەك لەپیاودا ئەمانە بەحاڵەتی رەها و گشتی دانانرێن لەم هەستانەدا ئەگەر بەلادان بەلای ژندا تۆمەتبار نەکرێین دەبینین پیاوان زیاتر لە لەدەستدانی توانای پیاوەتیان دەترسن وەك لەژنان و بەردەوام بەشوێن ئەو هۆکارو وێنانەدا دەگەڕێن کە توانای سێکسوالی خۆیانی تێدا بەتۆخیو جەختلێکراوی دەبینن، لەمبارەیەوە د. نەوال دەڵێت (ژمارەی ئەو پیاوانەی هەست بەکەموکوڕی لەپیاوەتیان یان نێرێتیان دەکەن زیاترن لەو ژنانەی هەست بەم جۆرە کەموکوڕیە دەکەن پیاو هەمیشە پێویستی بەوەیە پیاوەتیو نێرێتی خۆی بسەلمێنێت، هەمیشە پێویستی بەوەیە جەختی لەوە بۆبکەیتەوە کە پیاوەو پیاوەتییەکەی بەهێزە و لاواز

نابێت، پێویستی بەوەیە ئەم جەختلێکردنەوەیە بەیناو بەین نوێ بکرێتەوە تا هەمیشە متمانەی بەخۆی و پیاوەتی خۆی بێت)[٧٥].

هەندێك لەپیاوان بەهۆی هەمان ئەو ترسەیانەوە و گومان لەتوانای خۆیان کە ترس و گومانی مندالّی زالّە بەسەریاندا ناتوانن پەیوەندییەکی خۆشەویستی سۆزداری هەمیشەیی لەژیانیاندا ببەستن و لەوە سلّدەکەنەوە لەپەیوەندییەکی خۆشەویستیدا لەگەلّ ژنێکدا بتوێنەوە، چونکە دەترسن لەو ژنەی کە بەو شێوەیە ئەگەر بەقوولّی و لەناخەوە خۆشەویست و پەیوەندی لەگەلّدا بەست کەم توانابییەکەی ئاشکرابکاتو ئەوکاتە پیاوێکی دیکە بەسەر ئەمدا فەزلّ بکات وەك چۆن بەمندالّی دایکی باوکی بەسەر ئەمدا فەزلّ کردووە، ئەوکاتە دەکەوێتە بەردەم هەمان هەستی مندالّی کە دەبوو هەلّبژاردن لەنێو پیادەکردنی ئارەزووە سێکسوالەکانی بەرامبەر دایکیو چەپاندنی ئەو ئارەزووانە لەپێناوی مانەوەی ئەندامەکەی بکات.

لەمبارەدا بۆئەوەی دووچاری هەست بەبچووکی و لاوازی خۆی نەکات کە لەمندالّیدا بەرامبەر باوکی هەیبووە خۆی واز لەو پەیوەندییە قوولّانە دەهێنێت کە لەپێناوی پاراستنی توانای خۆی و پەنا بۆ چەندەها پەیوەندی سەرپێیی لەگەلّ ژناندا دەباتو سەرکێشییەکانی و پەیوەندییە رووکەشیەکان جێگەی پەیوەندی سۆزداری ئاساییو چەسپاو دەگرنەوە.

دەلّێن ئەشق تا ئەو سنوورە ئەشقە کە مەعشوقەکان بەیەکتری نەگەن شاعیریش کە بەخۆشەویستەکەی دەگات چی دی ناتوانێت شیعری بۆ بنووسێت، ئەم هەستە بناغەیەکی سایکۆلۆژی هەیە، لەنەستدا پەیوەندی قوولّی مندالّ بەباوانە دژەکەیەوە (کچ لەگەلّ باوك و کوڕ لەگەلّ دایك) کاردەکاتە سەر ئەو کەسە وەك بلّێی دەیەوێت و نایەوێت، دەخوازێت نایەوێت داواکەی بێتەدی، چونکە (ئەوەی رێگەی ئەشق وندەکات دووفاقیەتی لەداواو ئارەزووەکانیدا)[٧٦] ئەوەی ئاشق دەیخوازێت دەستی بکەوێت لەهەمانکاتدا ئارەزوو دەکات لەدەستی بچێت، هەندێجار ئەم جۆرە پەیوەندیانە لەسەر ئاستی ژیانی واقیعی تێبینی دەکەین، کەسانێك هەن لەژیانی سۆزداریدا نازانن ئارامی مانای چی، بەوپەڕی سۆز و ئەڤینداریەوە لەکەسێك نزیك دەبنەوە لەگەلّ ساتی ئەگەری بەیەکگەیشتن یان رووداوی بەیەکگەیشتن کتوپڕ دووردەکەونەوە و هەولّی خۆقوتارکردن لەو پەیوەندیە دەدەن (لەژیانی سۆزداریدا زۆرێك لەپیاوانو ژنان دەبینین لەدامەزراندنی پەیوەندی هەمیشەییو جێگردا شکستدەهێنن لەگەلّ هەموو ئەو ئەزموونە دووبارەبووانەدا کە لەڕێگەیەوە مەعشوقەکە خۆشەویستی قوولّی تێدا تەوزیف دەکات بابەتە ونبووەکەی دەنوێنێت، لەڕێگەی شیکردنەوەی دەروونییەوە بۆمان دەردەکەوێت شکستییەکە



ئامانجەکە بووە، چونکە هەرچەندە لەبابەتەکە نزیك دەبێتەوە هەستدەکات زیاتر دیلی بابەتەکەیەو هچ بابەتێکی دیکەی نەماوە هەولّی بەدەستهێنانی بدات..)[٧٧] ئاسەواری پەیوەندی تابۆی مندالّ لەقۆناغی ئۆدیبی لەگەلّ دایك یان باوکدا بەسروشتی دەرنەچوونی مندالّ لەو قۆناغە دەشێت ببێتە مۆتەکەیەك بۆ سەر ژیانی سۆزداری مندالّ لەئایندەداو نەتوانێت پەیوەندی جێگیرو سەربەخۆ لەگەلّ توخمی بەرامبەریدا گرێبدات.

ئاسەوارێکی نێگەتیڤی دیکەی ئۆدیپۆس بۆ سەر پەیوەندی نێوان ژن و پیاو جیاوازیکردنە لەنێوان هەستی خۆشەویستیو ئارەزووی سێکسوال لەپەیوەندی هاوسەریدا هەندێك پیاو لەگەلّ ژنەکەیدا بەتەواوەتی ئارەزووە سێکسوالییەکانی تێرنابنو هەست بەگوناه دەکات، ئەم جۆرە پیاوانە ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسێت لەدەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتی ئەو ئارەزووانە تێردەکەن، د. نەوال لەو باوەڕەدایە (ئەو پیاوانە ژنان بۆ دوو کۆمەلّ دابەشدەکەن ژنانی پارێزراوو بێگەرد کە هاوسەرو خۆشەویستەکانیان یان ئەلتەرناتیڤەکانی دایکیان لەگەلّ ژنانی لەشفرۆش کە چێژی سێکسوالیان پێدەبەخشن، ئارەزوودەکەن خۆشەویستی بێگەردو سێکسوالی قێزەون لەیەکدی جیابکەنەوە)[٧٨].

(T.R) ژنێکی گەنجەو هاوسەرێتی کردووە هەمیشە لەگەلّ هاوسەرەکەیدا گیروگرفتی زۆری هەیە لەگەلّ ئەوەشدا کە هاوسەرەکەی زۆری خۆشدەوێت، دەیوت:" بەهیچ شێوەیەك هاوسەرەکەم دوای ئەو کردارە نایەوێت بێ پۆشاك تەماشام بکات تەنانەت دوای ئەو کردارە زۆر توڕەدەبێت ئەگەر راستەوخۆ جلەکانم لەبەرنەکەمەوە". ئەم پیاوە بەهۆی هەستکردن بەگوناهەوە تووشی ئەو حالّەتە دەبێت ئەو هەستەی لەمندالّییەوە لەنەستدا ماوەو لێی رزگارنەبووە کە پێشتر بەرامبەر بەدایکی هەیبووە واتە ژنەکەی وەك دایکی دەبینێت بۆیە هەندێجار ناشتوانێت هیچ کارێکی سێکسوالی لەگەلّدا بکات وەك هەندێجار لەشەوی یەکەمی هاوسەرێتیدا روودەدات، بەلّگەش (زۆربەی ئەو پیاوانەی کە ئارەزووی جیاکردنەوەی خۆشەویستی لەسێکس دەکەن ئەوانەن کە لەجیابوونەوەی سۆزداریان لەگەلّ دایکیاندا شکستیان هێناوە)[٧٩] ئەم بارە لەژنانیشدا روودەدات بەهۆی کاریگەری پەیوەندی باوکی لەمندالّیدا ناتوانێت پەیوەندی سێکسوالی تێروتەواو لەگەلّ هاوسەرەکەیدا بکات، لەو بارانەدا روودەدات کە کچ نەتوانێت قۆناغی ئۆدیپۆس بەدروستی ببڕێت، هەندێجار لەهەستدا لەباری گەڕان بەشوێن پیاوێك لەباوکی بچێت دەربازبووە، بەلّام لەنەستدا بەشوێن پیاوێکدا دەگەڕێت بەتەواوی یان زۆر لەباوکی بچێت واتە بەشوێن ئەلتەرناتیڤی باوکیدا دەگەڕێت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی ئۆدیپۆسیو ئەوەش بۆتە خالّی گرنگ لەهەلّبژاردنەکەی، بابەتەکە لەلای جێگرتنەوەی باوکیەتی نەك پراکتیزەکردنی پەیوەندییە

سروشتییە سێکسوالەکان کە هاوکاتن لەگەڵ پەیوەندی خۆشەویستی، هەر بۆیە ڕێدەکەوێت ئەو کچانە زۆرجار هاوسەرێتی لەگەڵ پیاوانی زۆر لەخۆیان گەورەتردا دەکەن، بەلاّم (گواستنەوەی وێنەی ئۆدیبی باوکایەتی بۆ هاوسەر دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێك لەپەیوەندی نیمچە خوشك و برایانە لەنێوان دوو هاوسەرەکەدا)[80] و ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی گەورە لەژیانی هاوسەرێتیدا، دەشێت هۆکاری ئەمە بۆ قوناغی منداڵی‌و چۆنێتی تێپەڕبوون بەئۆدیبدا بگەڕێتەوە کاتێك منداڵ بیر لەئارەزووە سێکسوالییەکان لەگەڵ دایك یان باوکدا دەکاتەوە و درك بەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی‌و باوانە دەکات کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی ئەو ئارەزووانەیداو لەئاماژە ناراستەوخۆو ڕاستەوخۆکانی دەوروبەری تێدەگات کە گەیشتن بەدایك لەمنداڵی کوڕو گەیشتن بەباوك لەمنداڵی کچدا ئەستەمە، هەست بەجۆرێك لەشەرمەزاری و گوناه دەکات کاتێك کە خۆی بیر لەوەدەکاتەوە چۆن جێگەی باوکی یان دایکی بگرێتەوە، دەشێت ئەو منداڵە لەو هەستانە ڕزگاری نەبێت‌و لەگەڵیدا لەگەورەیدا هەمان هەستی بەرامبەر توخمە دژەکەی خۆی هەبێت کاتێك پەیوەندی لەگەڵ گرێدەدات.

## دەربارەی ئۆدیپۆس چی وتراوە؟

لەگەڵ ئەوەشدا فرۆید خۆیشی‌و زۆرێك لەوانەش کە دوای خۆی کاریان لەسەر تیۆرەکانی کردووە گرێی ئۆدیپۆس بەبەردی بناغە لەبونیادی دەروونی تاك دادەنێن، بەڵام لەلایەن هەندێك لەزانایانی ئەنسرۆپۆلۆژی نموونەی مالینۆسکی[81] (MALINOWSKI) ڕەخنەی لێگیراوە توێژینەوەکانی مالینۆسکی لەسەر دوورگەکانی ترۆبرانید ئاماژە دەدەن کە گرێی ئۆدیۆپۆس دیاردەیەکی جیهانی نییە، هەروەها هەردوو فەیلەسوف میکایل فۆکۆلت MICHEL FOUCAULT و جیللس دیلوز GILLES DELEUZE کارێکی زۆریان بۆ ئاشکراکردنی کاریگەری هێزی خود لەسەر ڕێکخستنی ژیانی تاك کرد کە پێیان وایە پێکهاتەی هێزی خودێتی کاری ڕێکخستنی ئەو جیهانەی تێیدا دەژین ئەنجامدەدات کە لای فۆکۆلت ئەوە دەگەیەنێت هەستەکان ئەو زانستەن وەك بابەتێکی سەربەخۆ لەژیانی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن، ئەم بۆچوونەش لەپشت بەستن بەچەمکەکەی فریدریك نیتزش FRIEDRICH NIETZSCH بەناوی (WILL TO POWER) سەرچاوەی گرتووە کە بەپێی ئەم تیۆرە گرێی ئۆدیپۆس بەشێوەیەکی مێژوویی لەژێر بارودۆخێکی تایبەتیدا سەرهەڵدەدات.



## پەراوێزەکان

(١) فریدان، بتي، نقد مجتمع الذکور، مجموعة من کُتاب، ت: هنریت عبودي، دار الطلیعة بیروت، ط١ ١٩٨٢ ص١٦٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو. (١) ل١٦٩.

(٣) د. تەلوعی، ڕوئیا، هەرگیز لەژن بوونم پەشیمان نیم، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥، ل٢٣٥.

(٤) فرۆید ڕێسا سەرەکییەکانی مێیەتی‌و دروستبوونی لەکتێبەکەیدا (سێ تیۆر) لەساڵی ١٩٠٥ دا ناوە، بەچەندەها قۆناغی دەستکاریدا تێپەڕیوە تا دواجار لەوتاری (ژیانی سێکسوالی مێ)دا لە١٩٣١دا دوا شوێنپەنجەی خۆی لەسەر ئەم بابەتە تۆمارکردووە.

(٥) د. علاونة، شفیق، سیکولوجیة النمو الانساني (الطفولة)، دارالفرقان، عمان، ١٩٩٤، ص٥٧.

(٦) میخائیل، یوسف، قوة الارادة، دارغریب، القاهرة، ١٩٧٥، ص٤١.

(٧) د.کمال، علي، الجنس والنفس، دار الواسط، لندن، ١٩٨٦، ص٦٦.

(٨) سەرچاوەی پێشوو. (٧)، ل٦٦

(٩) سەرچاوەی پێشوو. (٧) ل٦٧.

(١٠) سەرچاوەی پێشوو. (٧) ل٦٧.

(١١) الجبوري، محمد محمود، المدخل في علم النفس، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٤، ص٤٠٥.

(١٢) چەپاندن Repression یەکێکە لەمیکانیزمەکانی بەرگری ئەویش لەرێگەی پاڵپێوەنانی بیرۆکەو هەست‌و ئارەزووە نەخواستراو یان ڕێگەپێنەدراوەکانەوە دەبێت بۆ ناو نەست، دوو جۆر چەپاندن هەیە، چەپاندنی سەرەتایی کە بیرۆکە نەخواستراوەکان دەچەپێنرێن پێشئەوەی بگەنە ناو نەست، هەرچی چەپاندنی دووەمیشە ئەوکاتە ڕوودەدات کە بیرۆکە نەخواستراوەکانی ناو هەست بۆ ناو نەست پاڵپێوەدەنرێن، ئەو شتانەی دەچەپێنرێن لەبیرناچنەوە بەڵکو لەنەستدا هەڵدەگیرێن.

(١٣) بۆ زانیاری زیاتر تەماشای (معالم من سایکولوجیة الطفولة والفتوة والشباب) د. ابراهیم کاظم العظماوي بکە.

(١٤) د. کمال، علي، النفس، دار الواسط، لندن، ١٩٨٣.

(١٥) سەرچاوەی پێشوو. (١٤) ل٢٨٨.

(١٦) د. السعداوي، نوال، الانثى هي الاصل، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بغداد،ص١٠٤.

(١٧) سەرچاوەی پێشوو. (١٦) ل٧٦.

(١٨) غیرەکردن لەچووکPenis Envy : بەپێی تیۆری دەروونشیکاری، منداڵی کچ کاتێك درك بەوە دەکات ئەندامی نێرینەی وەك کوڕ نییە، ئارەزووەکات ئەویش هەیبێت، دواتر ئەم ئارەزووەی بۆ دەستکەوتنی منداڵێك دەگۆڕێت وەك قەرەبووکردنەوەیەك بۆ نەبوونی ئەو ئەندامە.

(١٩) الهیتي، مصطفی عبدالسلام، عالم الشخصیة، مکتبة الشرق الجدید، بغداد، ١٩٨٥، ص٢١٢.

(٢٠) گرێی ئۆدیب ناوەکەی لەسەرگوزشتەیەکی مێژوویی گریکیەوە هاتووە بەناوی ئۆدیب پاشا (Oedipus Rax) گوایە پاشای تیبس بەناوی لایوس Laius لەژنەکەی بەناوی جۆکست Jocosta کوڕێکی دەبێت بەناوی ئۆدیب، فاڵگرەوەکان پێی دەڵێن ئەو کوڕەت کە گەورە بوو دەتکوژێت، لەبەرئەوە لایوس پاشا فەرمان دەردەکات بەفڕێدانی منداڵەکە لەسەر لوتکەی شاخی سیاسارۆن Cithaeron ئەم کارە بەشوانێك دەسپێرێت، بەڵام شوانە دڵی بەمنداڵەکە دەسووتێت و بەزەیی پێدادێتەوە، لەبەرئەوە منداڵەکە دەدات بەپولیپوس پاشا پاشای کورنس Corinth کە منداڵیان نییەو زۆر دڵیان بەئۆدیب خۆشدەبێت، بەخێویدەکەنو لەناو ئەوانەدا ئەو کوڕە گەورە دەبێت، رۆژێك کاتێك لایوسی باوکی راستەقینەی بۆ راو دێتە دەرەوە بەرێکەوت یەکدی دەبینەنو کەسیان یەکدی ناناسن، جۆرێك لەناکۆکی لەنێوانیاندا روودەداتو ئۆدیب باوکی خۆی دەکوژێت، پاشان دەڕوات بەرەو سنووری وڵاتەکەی باوکە راستەقینەکەی، کە خەڵکەکەی سەرقاڵی حەلکردنی مەتەڵێکن و دەڵێن هەر کەس بتوانێت حەلی بکات تەختی پاشایی بۆ ئەو دەبێت و شاژنە بێوژنە جوانەکەشی دەبێتە ژنی، بەرێکەوت ئۆدیب مەتەڵەکە حەلدەکاتو دەبێتە پاشای تیبس و شاژنیش کە دایکی خۆیەتی دەبێتە ژنیو منداڵی لێی دەبێت، بەڵام لەدوایدا لەڕێگەی فاڵچییە کوێرەکەوە تیرەسیاس Teresias بەراستییەکە دەزانێت کە ژنەکەی دایکی خۆیەتیو ئەو پیاوەش کە کوشتویەتی باوکی بووە، ئۆدیب هەردوو چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێتو تەختی پاشاییو هەموو سامانەکەی بەجێدێڵێت و بەدرێژایی ژیانی وەك سزایەك بەرامبەر ئەو تاوانە قێزەونەی ژیان لەتاریکیو تەنیاییدا بەسەردەبات.

(٢١) سەرچاوەی پێشوو. (١٤) ل٢٨٩.

(٢٢) حب الله، عدنان، التحلیل النفسي من فروید الی لاکان، مرکز الانماء القومي، لبنان، ١٩٩٤، ص٩٣.

(٢٣) From Wikipedia, the encyclopedia



(٢٤) هاوچەشنیکردن(تەماهیکردن) Identification لە شیکارکردنی دەروونیدا ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی نەستییو نابێت لەگەڵ لاسایکردنەوەی نەستیی یان هەستیدا تێکەڵی بکەین، لێرەدا تاك خۆی دەخاتە شوێنی کەسێکی دی، ئەو کەسە کێبڕکێکار یان دەستدرێژیکار یان بابەتی خۆشەویستییە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە خۆی پێیان نائاشنایە، فرۆید یەکەمجار لە کتێبی لێکدانەوەی خەونەکاندا بەکاریهێناوە، دواتر ئەم چەمکە لە پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی زۆر گرنگدا گشتگیرکرا کە لەڕێگەیەوە خود فۆرمەڵە دەبێت.

(٢٥) مەزهەر: ئیسماعیل، ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا، وەرگێڕانی سۆزان جەمال، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، ٢٠٠٤، ل١٦٣.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٩٨.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٩٩.

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٩٩.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٩٩.

(٣٠) سایکۆسس :Psychosis پشێوییەکی دەروونی توندە، پەیوەندی نەخۆش لەگەڵ واقیعدا دەشێوێت، هەڵچوون و بیرکردنەوەی تێکدەچێت و هەندێجار وڕێنەو وەهمیشی لەگەڵدا دەبێت. شیزۆفرینیاو پارانۆیاو سایکۆسسی ئەندامی دیارترین جۆرە باوەکانی سایکۆسسن.

(٣١) فەتشیزم Fetishism: لادانێکی سێکسوالیە و بەزۆری لەکوڕاندا روودەدات، ئەو کەسە چێژی سێکسوالی بەهۆی بەشێکی جەستەی ئەو کەسەوە بەدیدەهێنێت کە خەیاڵە سێکسوالەکەی کەوتۆتەسەریو بەزۆری ئەو بەشە دورە لەبەشە سێکسوالەکانی جەستەوە وەك قژو قاچ یان هەندێك جلی تایبەتی یان شتی ئەو کەسە دەبات وەك گۆرەویو جلی ژێرەوە، پاشان لەڕێگەی دەستلێدانیان چێژ وەردەگرێت یان تەماشایان دەکاتو لەبەردەمیاندا ماستەربەیشن دەکات، دوایی ئەو شتانەش بەهەمان رێگە کە دزیونی دەیانخاتەوە شوێنی خۆی.

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٩٩.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل١٠٠.

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل١٠٠.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل١٦٨.

(٣٦) فروید، مسائل في مزاولة التحلیل النفسي، ت: جورج طرابیشي، دار الطلعة، بیروت، ط١، ١٩٨١، ص٣٦.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو. (١٦) ل١٥٤.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل١٩٥.

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٢٠٨.

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل ٢٠٨.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٠.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢) ل٩٥.

(٤٣) د. السعداوي، نوال، المرأة والصراع النفسي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ص٥٠.

(٤٤) د. السعداوي، نوال، الانثى هي الاصل، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ص١٥٢.

(٤٥) سەرچاوەی پێشوو. (٤٤)، ل١٥٠.

(٤٦) سەرچاوەی پێشوو. (٤٤)، ل ١٥١.

(٤٧) د. كمال، علي، النفس، دار الواسط، لندن، ١٩٨٣، ص٢٩٠.

(٤٨) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٢.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٣.

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٨١.

(٥١) اريك فروم، أزمة التحليل النفسي، دراسات حول فرويد و ماركس و علم النفس الاجتماعي، ت: محمود منقذ الهاشمي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق ١٩٨٦ ص٣٢.

(٥٢) روزون، بول، الحريم الفرويدي، ت: د. ثائر الديب، دارالسوسن-دمشق، ٢٠٠٧: ط١، ص٣٦

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو. (١)، ل١٧٠

(٥٤) سەرچاوەی پێشوو. (١)، ل٧٥

(٥٥) سەرچاوەی پێشوو. (٥٢)، ل٤٣

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو. (٥٢)، ل٤٤

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٨٤.

(٥٨) سەرچاوەی پێشوو. (٣٦)، ل١٤٣.

(٥٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٤.

(٦٠) سەرچاوەی پێشوو. (٤٤)، ل١٤٢.

(٦١) سەرچاوەی پێشوو. (٤٤)، ل٩٣.

(٦٢) سەرچاوەی پێشوو. (٤٤)، ل٩٢.





(٦٣) سەرچاوەی پێشوو. (٤٠)، ل١٧٦.

(٦٤) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٤.

(٦٥) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٦.

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٦.

(٦٧) فروم، اريك، فن الحب، ترجمة، مجاهد عبدالمنعم، دار العودة-بيروت، ١٩٨١، ص ٤٤.

(٦٨) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٧٦.

(٦٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل٨٥.

(٧٠)د. غرانبرغر، بيلا، النرجسية، ترجمة، وجيه اسعد، منشورات وزارة الثقافة-دمشق، ٢٠٠٠، ص ٢٠٩.

(٧١) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل٨٦.

(٧٢) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل٨٦.

(٧٣) سەرچاوەی پێشوو. ٢٢)، ل٣١٠.

(٧٤) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل٧٦.

(٧٥) د. السعداوي، نوال، الرجل والجنس، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ص ٧٥.

(٧٦) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٠٤.

(٧٧) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل١٠٤.

(٧٨) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل٩١.

(٧٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٢)، ل٩٠.

(٨٠) د. سەمعان، عەبدولحەلیم، سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: سۆزان جەمال، خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٧. ل٢١٥

(٨١) ئینتەرنێت FROM WIKIPEDIA , THE FREE ENCYCLOPEDIA

## روانگەی فرۆید بەرامبەر بەمێیەتی
## لەنێوان قبووڵکردن و ڕەتکردنەوەدا

یەکێك لەو بـوارە زانستی و مەعریفییـە گرنگانـەی لەسـەدەی نـۆزدەدا وەرچـەرخانێکی گەورەی لەتێگەیشتن لەسێکسوال هێنایە مەیدانەوە تیۆری دەروونشیکاری بـوو، ئـەو تیـۆرەی لەدەیەی یەکەمی سـەدەی بیـستدا تـەنیا وەك ڕێگەچـارەیەك بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـییە دەروونییەکان دەرکەوت، بەڵام دواتر پایەیەکی لەوە بلـندتری بـۆ خـۆی بەدەسـتهێنا تەنانـەت فرۆید خۆی و شوێنکەوتووانی پێیانوابوو دەروونشیکاری جێگای خۆی لەبواری زمان و کەلتوور و لاهـوتو زۆربـەی چـەمکە کۆمەڵایـەتی و مرۆییەکانـدا کردۆتـەوە و میتۆدەکـانی لەچارەسـەرکردنی سـایکۆلۆژیی تێپـەڕبوون و دەکرێـت لەچارەسـەرکردنی کێـشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا پشتیان پێببەسترێت.

تیـۆری دەروونـشیکاری یەکـەمین تیـۆر بـوو لێکدانەوەیـەکی وردی خـستەڕوو سـەبارەت بەهۆکاری تێگەیشتنمان لەسێکسوال بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ لـە زاوزێ و زۆربـوون، چـونکە ئارەزووی سێکسوال تەنیا لەسـەر غـەریزەی بـایۆلۆژی هاوجـێ نابێـت کـە پـاڵ بەبوونـەوەری مرۆییەوە دەنێت بۆ پارێزگاریکردن لەتوخم، مەرج نییـە سێکـسوال بـۆ ئامـانجی زاوزێ و زۆر بوون بێت، کەواتە هیچ کاتێك سێکسواڵو زۆر بوون هاوواتا نین.

لە خوێندنەوە و بەدواداچوونی جومگەکانی دەروونـشیکاریدا کۆمـەڵێك دەرئـەنجام دێنـە بەرچاومان ناکرێت بێئاگا هەنگاویان بەسەردا بنـێین، دەبیـنین دەروونـشیکاری تێڕوانینـەکانی بەشێوەیەکی سەراپاگیرانە بەسەر سەرجەم مرۆڤایەتیدا جێبەجێدەکات بێ ڕەچاوکردنی فاکتـەرە مێژووییەکانی ڕۆڵیان هەیە لەبیناکردنی دەروونیو کۆمەڵایـەتی ژنـدا لەسـایەی سیـستمێکی باوکسالاریدا، غافڵانە پشت بەفالوس دەبەستێت شیکردنەوەکانی لەدەوری غیـرەی فالوسـی ژن (غیرە لەچووک Penis Envy) دەخولێنەوە و فالوس بۆتـە تـەوەرەی دیـاریکردنی شـیکاریی حاڵەتـە پاسـۆلۆژییو دروسـتەکانیش وەك یـەك، هـەروەها سـەرجەم بابـەتو پەیوەندییـە سێکسوالەکان بۆ قۆناغە زووەکانی منـداڵی دەگەڕێنێتـەوە بـێ ڕەچـاوکردنی ئـەو گۆڕانانـەی دەشێت لەقۆناغەکانی دیکەی تەمەندا کاریگەری لەسەر پەیوەندی سێکسوالی جێبهێڵێن.



شکستهێنانی فرۆید لەخستنەڕووی شرۆڤەیەکی دروست و بێلایەنانە بۆ مێیـەتی جارێکی دی لەحاڵەتی ئەو نەخۆشەدا دووپات دەبێتەوە کە فرۆید شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئەنجامداو بێ گەیشتنە چارەسەری تەواویش وازی لێهێنا، چیرۆکی ئەم کچە نەخۆشەو شـیکردنەوەی لەلایـەن فرۆیدەوە، بەوپەڕی وردەکارییەکانییەوە لەوتارێکیدا بەناوی (گەشەکردنی دەروونـی حاڵـەتێکی هۆمۆسێکسوالی لەژنێکدا) بڵاوکرایەوە، لەم وتارەدا فرۆید باس لەوەدەکات چۆن کچێکی جوان و زیرەکی بیست ساڵ پەیوەندی سێکسوالی لەگەڵ ژنێکی بەتەمەندا دەبەستێت کە ناوبانگێکی خراپی هەیە، ئەم کچە کاتێك دایك و باوکی بەرێکـەوت لەگـەڵ ئـەو ژنـەدا دەیبیـنن تـووڕەو نیگەران دەبن و کچەکە هەوڵی خۆکوشتن دەدات، دوای شەش مانگ لەم ڕووداوە کچەکە دەبەن بۆلای فرۆید بۆ چارەسەر.

لەدرێژەی دانیشتنەکاندا کچەکە ئـەوەی بـۆ فرۆیـد باسـکرد کـە زۆر بەتونـدی ئـالوودەی منداڵێکی کوڕی تەمەن سێ ساڵ بووە، فرۆیـد ئـەم ئالوودەبوونـە بـۆ ئـارەزووی کـچەکە کـە کوڕێکی هەبێت و ببێت بەدایك دەگەڕێنێتەوە، پاشان لێی بێزار دەبێت و بایەخ بەژنانی کامڵ دەدات، بۆشـیکردنەوەی ئـەم حاڵەتـە فرۆیـد پێیوایـە ئەوکـچە کاتێـك منداڵـە کوڕەکـەی خۆشویستووە جارێکی دی لەگەورەییدا لەگرێی ئۆدیبی منداڵیدا ژیاوەتەوە، واتە کاتێك بەهۆی دایکییەوە لەباوکی نائومێد دەبێت حەزدەکات منداڵێکی کوڕی هاووێنـەی بـاوکیو لـەباوکی هەبێت، بەڵام دایکی دەبێتە کێبڕکێکارە شاراوەکەی ئەو منداڵە و پێیوایـە دایکی- بـاوکیو هەمـوو پیاوانی دی داگیرکردووە، دوای ئەم گەڕانەوە گەورەیـە، مێیـەتی خـۆی ڕەتدەکاتـەوەو ڕێگەی دیکە لەپێناوی تێرکردنی لبیدۆکەیدا دەگرێتەبەر.

فرۆید پێیوایە ئەو کچە گەنجە وەك نارەزاییەك بەرامبەر بەباوکی بۆ پیاو گۆڕاوە یـان خـۆی بەپیاو دادەنێتو ئەم کارەی بەتۆڵەکردنەوە لەسەرکەوتنی باوکی بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی دایکی دادەنێت و تەنانەت بەهۆی ئەو نائومێدبوونەیەوە کـە لـەباوکی خۆیـەوە چەشـتویەتی، هەموو پیاوانی دی ڕەتدەکاتەوە.

فرۆیـد هێـشتا نەگەیـشتبووە کۆتـایی شـیکردنەوەی دەروونیـی ئـەم کـچە، وازی لەچارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە هێنا بە بەهانەی ئەوەی ئەم کچە تووشی حاڵەتێکی توندی گۆڕان بووە و تەنها ژنە دەروونشیکارێك دەتوانێت بەسەرکەوتوویی ئەم ئەرکـە تـەواو بکـات. ئەمـە نموونەی یەکێکە لەو نەخوشانەی فرۆید کردوویەتییە بنەماو بناغە بۆ دارشتنی تیـۆری مێیـەتی کە ئەگەر ڕێ بەخۆمان بدەین دەبێت ئاسایی بێت بڵـێین فرۆیـد لەشـرۆڤەکردنی ئـەم حاڵەتـەدا

سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، چونکە پێیوایە ئەو کچە مێبوونی خۆی ڕەتکردۆتەوە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە کە ئاماژەی پێداوە، بەڵام ڕاستییەکەی وا دەردەکەوێت ئەو کچە لەیەك کاتدا دەیەوێت ژن بێتو دەشیەوێت پیاو بێت، واتا لەدوو قۆناغی دوابەدوای یەکدا ئەو کچە دایك و باوکی دەبنە کێبڕکێکارو تەماهیشیان لەگەڵدا دەکات، فرۆید خۆشەویستی ئەو کچە بەرامبەر ئەو کوڕە بچووکە بۆ خۆشەویستی بۆ باوکی دەگەڕێنێتەوە واتە دەیەوێت جێگەی دایکی بگرێتەوە (لەمبارەدا تەماهی لەگەڵ دایکیدا کردووە)، پاشان خۆشەویستی کچەکە بۆ ئەو ژنە کامڵە بۆ ڕەتکردنەوەی مێبوونی خۆی دەگەڕێنێتەوە (واتە تەماهی لەگەڵ باوکیدا کردووە)، بێگومان هۆکاری سەرەکی حاڵەتەکەش بۆ گەڕانەوەی کچ بۆ قوناغی ئۆدیبیو غیرەکردن لەفالوس دەگەڕێنێتەوە، بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین فرۆید ویستوویەتی بۆچوونە پیاوانییەکانی خۆی و دەرئەنجامەکانی دانیشتنەکانی لەگەڵ ژمارەیەك ژنانی نەخۆشدا بکاتە تیۆرێکی ڕەها بۆ لێکدانەوەی مێیەتی لەهەموو مێیەکدا، لەسایەی شرۆڤەکارییەکی تاك جەمسەریدا کاریگەری کلتووری فەوقی نێرینەیی بۆسەر گەشەو پەرەسەندنی (من) لەکچدا فەرامۆش دەکات، تەنانەت ویستویەتی بەزمانێکی حەتمی بایۆلۆژی بۆچوونە نێرینەکانی خۆی سستیماتیك بکات، گوایە تویکاری بایۆلۆژی جەستە واتە نەبوونی چووك وا لەکچ دەکات بەدرێژایی ژیانی بەدەست نەبوونی ئەو ئەندامەوە بناڵێنێت و خاوەنی نەست و من و ویژدانێکی فشەڵو کەم تۆکمەتربێت لەپیاو.

تیۆرو تێزەکانی فرۆید هەروا بەسادەیی و بێ قسەکردن بەناو جەماوەری ژنان لە نووسەر و سایکۆلۆژیست و فیمینزمەکاندا گوزەری نەکردووە و بووە مایەی سەرهەڵدانی جەدەلێکی دوورودرێژ و وتوێژی گەرم بەتایبەتی لەسەر دەروونشیکاری و مێیەتی، بەڵام لەنێو ئەم دەنگانەدا جەدەلی فیمینیزمی سەبارەت بەدەروونشیکاری بەگرنگ دادەنرێت، چونکە ناکۆکییەکان لەچوارچێوەی فیمینیزمدا سەبارەت بەکەسێتیو ئایندەی مێیەتی بەشێکە لەو مەسەلە ئەبستمۆلۆژییو سیاسیو کۆمەڵایەتییەی کە پرسیار دەکات ئایا دەشێت زەمینەیەکی بابەتییانەی سەراپاگیر هەبێت لەپێناوی مەعریفەدا لەکاتێکدا توێژێکی بەرفراوانی مرۆڤ لەدروستکردنی دوور دەخرێنەوە؟ ئایا مانای چەسپاوو پۆزەتیڤی دەروون هەمیشە مەرجی لەپێشینەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە نمایندەیەکی سەرکەوتوو لەجیهاندا، یان هێز ئەو توانایەی هەیە لەجیاتی دەروون یان کۆمەڵە کەسێك کارەکان ئەنجامبدات. فیمینزمەکان لەو باوەڕەدابوون فرۆید بەرپرسە لەدانانی تیۆری دەروونشیکاری بەو شێوەیەی کە



دەروونشیکارەکانی دیکەش پشتیان پێبەستووە و ئامادەگی دەروونشیکار لەتوخمی پیاوو ئەو کەسەی دەروونی بۆ شیدەکرێتەوە لەتوخمی ژن وێنەیەکی باوی دیکەی پەیوەندییە باوکسالارییەکانە لەکۆمەڵگەدا، لەمە خراپتر دەروونشیکاری تیۆرێکە پشتی بەبەڵگەی کلتوری لۆکالیو تایبەتیو تاکانەیی کۆمەڵێك کەس و نەخۆش بەستووە و لەبەرامبەردا گریمانەو تیۆری گشتگیر بەسەر مرۆڤایەتیدا دەسەپێنێت و لەم نێوەندەشدا ژن وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، تەنانەت فرۆید خۆیشی دان بەوەدا دەنێت ئەو دوو گرێیە باسیان لێوە دەکات (گرێی ئۆدیبۆس و خەسان) بەشێوەیەکی باش خزمەتی مێیەتی ناکەن. فرۆید هەرچەندە بەتوانای شیکاری خۆیەوە سەبارەت بەم بابەتە پابەند بوو، بەڵام لە وتارەکەی ساڵی (١٩٣١)ی بەناوی (سێکسوالیتیو مێیەتی) لەگەڵ وتاری مێیەتی کە دووساڵ دوای ئەویان نووسی، بۆی دەرکەوت وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیار سەبارەت بەسێکسوالیتیو مێیەتی، ئەستەمە. بۆ نموونە کچ چۆن ڕێگەی خۆی بۆ لای باوکی دەدۆزێتەوە؟ چۆن و کەی و بۆچی لەدایکی جیادەبێتەوە؟ فرۆید پێشتر و نزیکەی شەش ساڵ لەوەوپێش وەڵامی ئەم پرسیارانەی پوخت کردبۆوە، بەڵام هێشتا هەر دڵنیا نەبوو لەوەی چۆن و بۆچی پێویستە کچ دژی دایکی هەڵبگەڕێتەوە، فرۆید وەڵامی سەرجەم ئەمانەی بەدۆزینەوەیەکی گرنگ لەقەڵەمدا و بۆ قۆناغی بەر لەئۆدۆیبی گەڕاندەوە.

لێرەوە بۆچوونەکانی فرۆید سەبارەت بەمێیەتی و بەتایبەتی تیۆری دەروونشیکاری، بەردەوام لەلایەن فێمێنیستەکانەوە جێگەی تێڕوانین و ڕەخنە بوون، بیرکردنەوەی فرۆید بەرامبەر بەژن و چۆنێتی گەیشتنی ژن بەمێیەتی بەبیرکردنەوەی نێگەتیڤ دانراونو زۆربەی فێمینیستەکان گومانیان لەتیۆری فرۆید سەبارەت بەمێیەتی هەبووە و پێیان وابووە کارەکانی فرۆید دەربارەی ناسنامەی ژن و مێیەتی دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی باوکسالارین و پشتیوانی لەو ئایدۆلۆژیایە دەکەن.

فرۆید لەو باوەڕەدایە ناسنامەی مێیەتی ڕوخساری نێگەتیڤ لەخۆدەگرێت بەتایبەتی سەبارەت بەهەستی غیرە لەئەندامی نێرینەی پیاو بەپێی ئەم زاراوەیە کە دەچێتەوە سەر تیۆری دەروونشیکاری منداڵی کچ کاتێك درك بەنەبوونی ئەندامی نێرینە لەجەستەیدا دەکات هەست بەغیرە دەکات بەرامبەر بەکوڕو ئارەزوو دەکات کە ئەو ئەندامەی هەبێت، بەپێی فرۆید ئەم هەستە بەدرێژایی ژیانی دەمێنێتەوە و ئارەزووی دەستکەوتنی منداڵێك دەکات تا قەرەبووی ئەو کەموکوڕییەی بۆ بکاتەوە هەر ئەم هەستکردن بەکەموکوڕییە وای لێدەکات

هەستبکات خاوەنی ناسنامەیەکی نزمترە لەپیاوو لەرووی جەستەییەوە ناتەواوە، فرۆید لەزنجیرەی کارەکانیدا بڕوای تەواوی خۆی بەو غیرەیە ئاشکرا دەکات کە ژن بەرامبەر بەپیاو هەستی پێدەکات، جەختکردنی فرۆید لەبوونی ئەم غیرەیە لای ژن بووە مایەی تووڕەبوون و نیگەرانی زۆربەی فێمینیستەکانو زۆرێک لە دەروونشیکارەکان بەژن و پیاوەوە و بە سووکایەتیان بەرامبەر بەژن و چەمکی مێیەتی دانا، هەندێکیان پێیان وابوو بەپێچەوانەوە ئەگەری ئەوە بەهێزترە پیاو خۆی غیرە لەتوانای ناوازەی ژن بۆ منداڵبوون و دروستکردنی ژیان بکات، نموونەی ئەم فێمینیستو سایکۆلۆژیستانەش زۆرن وەك کارین هورنی و میلانی کلاین و ئێرنست جۆنسو دوروسی دینرشتاین و کیت میلیت و جولیت میچلو چەندانی دیکە کە لەدواییدا بۆچوونو ئاراستەکانیان سەبارەت بەبیرکردنەوە و تیۆری فرۆید بەرامبەر بەژن و گەیشتن بەمێیەتی باسدەکەین.

فرۆید لەساڵی **١٩٢٣**دا لەکتێبی من و غەریزەدا بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەنەست فۆرمەلە کردو نەستو ئارەزووی سێکسوالی بەیەکەوە گرێدا، لەم کتێبەدا باس لەوە دەکات ئارەزووی سێکسوال لەقۆناغی منداڵیدا لەناسنامەی خود جیانابێتەوە، کچ و کوڕ لەرووی بایۆلۆژییەوە بەجیاوازی لەدایك دەبن، بەڵام نێرینەیی یان مێیەتی کاتێك درکی پێدەکرێت کە ئەو کەسە لەژینگەی کۆمەڵایەتی جیاوازدا بەقۆناغە جیاوازەکانی گەشەدا تێپەڕدەبێت، بەمشێوەیە فرۆید ژنبوون و مێیەتی وەك حەتمیەتییەکی بایۆلۆژی و سروشتی رەتدەکاتەوە و پێی وایە نێرینەیی و مێیەتی دوو پۆلێنی کلتوری و کۆمەڵایەتین و ژن بەدرێژایی ژیانی لەحەسرەتی نەبوونی ئەو ئەندامەدا دەژی کە لەپیاودا هەیە و لەمدا نییە و لێرەوە هەست بەمێبوونی خۆی دەکات.

فرۆید پرسیار دەکات: ژن چی دەوێت؟[١]

فرۆید بڕوای وایە سەرجەم روخساری ژیان لەدەوری چووك چەقی بەستووە، بۆیە بڕوای وایە هەموو شتێك تێروتەواو دەبێت و بەباشی بەرێوەدەچێت لەبوونی یان لەئامادەبوونی چووکدا، کە ئەمە یەکێك بوو لەپاڵنەرەکانی بۆ داهێنانی زاراوەی غیرەکردن لەچووك کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، فرۆید پێی وایە کچ لەم غیرەیەدا دەژی تا ئەو ساتەی رزگاری دەبێت لەبیرکردنەوە لەوەی کە چووکی نییە و فرۆید بڕوای وایە ئەمە لەچوار ساڵیدا روودەدات، کاتێك کچ دەگاتە ئەم خاڵە هەروژاندنی میتکە رەتدەکاتەوە، چونکە پێویستی بەچووك نییە یان دەزانێت ئەو وەك کوڕ چووکی نییە و لەدایکی نیگەران دەبێت و گلەیی ئەوەی لێدەکات کە بەبێ ئەو ئەندامە هێناویەتە دنیاوە.



بەپێی فرۆید کچ پێویستە بیرکردنەوەی لەمیتکەوە بۆ زێ بگوازێتەوە بۆئەوەی ببێتە ژنێکی پێگەیشتووی سروشتی، کچ کاتێك پێشتر داوای (چووك)ی لەدایکی دەکرد ئێستا ئاراستەی داواکردنی لە(مێ)وە بۆ (نێر) دەگوازێتەوە و داوای چووك لەپیاو دەکات و بەویستی خۆی و ئارەزووی خۆی رۆڵی پاسیڤ وەردەگرێت واتە رازی دەبێت بەئەنجامدانی کردار بێ ئەوەی خۆی بکەر بێت و دەبێتە کەسێکی ناکارا بۆ رێگەدان بەکرداری سێکسوال لەکاتێکدا کە خۆیشی بکەر نییە بەهۆی نەبوونی چووکەوە، بەم پێیە لەدیدی فرۆیدەوە ئەمە گەیشتنە بەمێیەتی سروشتی واتە کاتێك دان بەنەبوونی ئەو ئەندامەو شکستهێنانی خۆیدا دەنێت کە رۆڵی بکەر ببینێت و خاوەنی ئەو ئەندامە بێت، هەروەها بەپێی فرۆید ژنی پێگەیشتووی سروشتی هەست بەخۆشی دەکات لەوکاتەدا کە چووك بەناویدا رەتدەبێت، چونکە ئەمە قەرەبووی کەموکوڕییەکی دێرینی بۆ دەکاتەوە و داوای لەپێشینەی ئەو ئەندامەی بۆ بەدیدەهێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر هەستی غیرەکردن لەو ئەندامە.

## جانین لمپل دی، گروت J.Lampl De. Groot

جانین لمپل دی، گروت خاوەنی یەکەمین بیرۆکەی قۆناغی سێکسوالی پێش ئۆدیپۆسە لەژنداو تیۆرەکەی پێش وتارەکەی فرۆید لەسەر سێکس-مێیەتی داناوە.

لەتێڕوانینەکانی لەگەڵ فرۆیدا زۆر نزیکەو لەهەندێك کاتدا جانین گرووت پێش فرۆید بیرۆکەکانی فۆرمەلەبوون و وەك هیلین دۆچ کێشەی ئەسبەقییەتی بیرۆکەی لەگەڵ فرۆیددا هەبوو، بەڵام ئەمە ئەوەندە شتێکی نائاسایی نەبوو، چونکە زۆری ئەو دەروونشیکار و خوێندکارانەی لەدەوری فرۆید کۆببووبوونەوە ئەوەندە نزیك بوون لەگەڵیدا بیرۆکەکانیان تێکەڵاو دەبوو.

وەك چۆن فرۆید پێیوابوو منداڵی کوڕو کچ لەسەرەتادا هەردووکیان هەر کوڕ بوون و هیچیان جیاوازییان لەنێوان یەکدیدا نەکردووە، جانین- گرووتیش دەڵێت: کچ و کوڕ لەقۆناغی یەکەمدا لەڕەوتی نێرینەیدا یەکسانن تەنانەت لەگەشەی دەروونیشدا بەشێوەیەکی لێکچوو گەشەدەکەنو هەردووکیان هۆگری دایکن کچیش وەك کوڕ دایکی خۆشدەوێت و باوك بەدژی خۆی (کێبڕکێکاری یەکەم) دادەنێت، بەڵام کاتێك دەبینێت جیاوازە لەکوڕو وەك ئەو ئەندامەی نییە هەست بە دوونییەت دەکاتو ئەو وەهمەی لا دروستدەبێت دایکی ئەو ئەندامەی هەیەو ئەمی لێ بەشکردووە بەهۆی ئەو خۆشەویستییە تایبۆیەوە بەرامبەری هەیەتی.

لمبل پێیوایە گرێی خەسان دەبێتە هۆی شلبوونەوەی ئۆدیب لەکچ و کوڕدا، لەکچدا (ئۆدیبی نێگەتیڤ)، بەڵام لەکوڕدا وەك واقیعێك وەردەگیرێت، کچ ئاڕاستەی خۆشەویستی بەرەو باوکی دەگۆڕێت و لەجیاتی ئەو ئەندامە داوای منداڵێکی لێدەکات، بەڵام درك بەوەدەکات پیاو منداڵی نابێت و تەنیا ژن منداڵی دەبێت. لەم کاتەدا واز لەکێبڕکێکردن لەگەڵ کوڕ دەهێنێت و ئارەزووکردنی بۆ دەستلێدان نامێنێت.

لەئۆدیبی نێگەتیڤدا ئۆدیب بەتەواوەتی شی نابێتەوە و کچ دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی دایكو کێبڕکێ لەگەڵ باوکی دەکاتو داننان بەخەساندا ڕەتدەکاتەوەو لەوانەیە ئەم دۆخە بەرەو هۆمۆسێکسوالی بەرێت، بەڵام هەندێجار لەڕێگەی هەندێك چالاکی کۆمەڵایەتیو پیشەییەوە کێبڕکێی پیاو دەکات و خەسانی خۆی ڕەتدەکاتەوە یان دەشێت پەیوەندی لەگەڵ پیاواندا ببەستێت، بەڵام تووشی سێکساردی دەبێت.

جانین لەبابەتی خەساندا لەگەڵ فرۆیددا هاوڕایە، بەڵام پێیوایە دروستبوونی لاوەکییە، چونکە دەکەوێت پێش ئۆدیبی نێگەتیڤەوە و لەکوڕیشدا هەمانشێوەیە. شایانی باسە لمبل ئەم تیۆرەی بەر لەوتارەکەی فرۆید سەبارەت بەسێکسوالی مێیەتی، داڕشتووە.

جانین پێیوایە ژنی سروشتی لەژیانی سێکسوالدا نێگەتیڤە، مەیلە شەڕانگێزییەکانی بەشێوەیەکی مازۆشی بۆ ناوەوەی دەگەڕێتەوە و لەشێوەی خەیاڵی مازۆشیدا، هەندێکیان دەخاتەوەبەرفەرمان.

جانین پێیوایە هەرچەندە خۆشەویستی منداڵی کوڕو کچ لەسەرەتادا هەردووکیان وەك یەك کارا بوون و ئاڕاستەی دایك کراون، بەڵام دوایی خۆشەویستی کچ بۆ باوك دەگۆڕێت، چونکە لەدایك بێ هیوا بووە لەوەی ئەو ئەندامەی پێ ببەخشێت بۆیە بەشێوەیەکی نێگەتیڤ باوکی خۆشدەوێت.

جانین ژن بەجەمسەری نێگەتیڤو پیاو بەپۆزەتیڤ دادەنێت، واتە جیاوازی نێوان ژن و پیاو لەنێگەتیڤی ژن و کارایی پیاودا دەبینێت، لەمەدا پشت بەفرۆید دەبەستێت کاتێك دەڵێت: پیاو خۆشەویستی دەکات و ژن واز لەخۆی دەهێنێت پیاو خۆشی بوێت و لەلایەکی دیکەشەوە بایۆلۆژی دەکاتە پاڵپشتی تیۆرەکەیو دەڵێت: هێلکەی ژن نێگەتیڤە دەوەستێت تا تۆوی پیاو دەیسمێت، لەبەرئەوە کاتێك ژن لەگەڵ پیاودا دەبێت و بەنێگەتیڤی دەجوڵێتەوەو کارایی بۆ پیاو جێدەهێڵێت، ئەوا ئەمە لەسیفەتەکانی مێیەتییە.

ئەو ژنانەی بەشێوەیەکی کارا پیاویان خۆشدەوێت ئەوا سیفەتی پیاوانەیان هەیە و ئەو خۆشەویستییەش ئاڕاستەی منداڵی دەکەن لەجۆری کارایەو بەسیفەتی پیاو دادەنرێت،



بەوشێوەیە ژن دەچێتە پێگەی پیاو کاتێك بەحوکمی غەریزەکەی بایەخ بەپەروەردەکردنی منداڵ دەدات، دایکە باشەکان دایکە سارد و وشکەکانن لەڕووی سێکسوالەوە.

## هێلین دۆچ Helene Deutche

ژیانی هێلین دۆچ[٢] وەك دەروونشکارێك دژ دەرکەوت لەگەڵ بیرۆکەکانی سەر دەربارەی مێیەتی، چونکە بەپێی تیۆرەکانی فرۆید کە هێلین دۆچ کاری زۆر کرد لەپێناوی توندوتۆڵکردنو پشتیوانی لێکردنیان، ئەو ژنەی بەسروشتی وەسفدەکرێت و گەیشتووە بەمێیەتی خۆی، پشت بەهاوسەرەکەی دەبەستێتو کەسێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام دۆچ لەژیانی پیشەییداو بەهۆی دەرکەوتن و سەرکەوتنی لەسایکۆلۆژیدا جۆرێك لەسەربەخۆ بوون و ڕەزامەندی دەروونی تایبەتی بۆخۆی بەدەستهێنابوو.

هێلین بیرۆکەکانی خۆی لەدوو بەرگدا بەناوی سایکۆلۆژی ژن بڵاوکردەوە کەساڵی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ بڵاوبوونەوە و چەندجارێك چاپ کرانەوە و بۆ چەندەها زمان وەرگێڕان، بەڵام بیرۆکەکانی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەرفراوان لەڕەخنە بوونەوە بەتایبەتی لەلایەن ئەندامانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ژنانەوە، چونکە هێلین بانگەشەی دەستبەرداربوونی لەبیرۆکەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەکاری سێکسوالدا دەکردو تەنانەت بەوەهم وەسفی دەکرد.

هێلین لەگەڵ فرۆیددا نزیکایەتییەکی زۆری لەبیرۆکەکانیدا سەبارەت بەئۆدیب و چۆنیەتی تێپەڕبوون لێیو مێیەتی هەیە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا بەدیناکرێت، پێیوایە کاتێك کچ جیاوازی سێکسوالی خۆی لەگەڵ کوڕدا بەدیدەکات شەهوەتی چووك لەلای دروستدەبێت، ئەم خۆزگەیە دەگۆڕیتەوە بەدەستکەوتنی منداڵێك لەباوکی، بەمشێوەیە دەچێتە ناو گرێی ئۆدیبەوە.

سەبارەت بەسێکسساردی لەژندا دۆچ دەڵێت: ژنانی سایکۆسسیو شەڕانگێزو پیاوانەیی دەگەن بەئۆرگازم، بەڵام ژنانێکیش هەن لەپەیوەندییان لەگەڵ هاوبەشەکانیاندا ڕازینو دایکی سەرکەوتوونو ژیانێکی خۆش دەژین، ئەم ژنانە ناگەن بەئۆرگازم، بەڵام هیچ گلەییەکیش ناکەن.

هەروەها دۆچ پرسیاردەکات، ئایا زێ ئەندامی چێژی سێکسوالە یان تەنیا ئەرکی منداڵ خستنەوەیە، چونکە میتکە هەر قۆناغەکانی یەکەمی منداڵییەوە بەهەستە سێکسوالەکان کاریگەر دەبێت و گواستنەوەش لەمیتکەوە بۆ زێ تەنیا بەهۆی بەرکەوتنی ئەندامی سێکسوالی نێرینەوە ڕوودەدات.

دۆچ، فاکتەری سێکسیساردی لەژندا وەلادەنێتو وەك فاکتەرێکی سروشتیو دروست بەحوکمی پەرەسەندنی توخمی مرۆیی، لێی دەڕوانێت، زێ لەئۆرگازمدا بەشوێنێکی نێگەتیڤ وەسفدەکات و بەچووکەوە مەرجداری دەکات و پێیوایە لای زۆربەی ژنان ئەگەر هیچ پشێوییەکی تایبەتییان نەبێت، ئەوا کاری سێکسوال تەنیا لەحەوانەوەی زێدا بەهۆی هاتوچۆکردنی ئەندامی نێرینە تیایدا، دەبینین. هەروەها پێیوایە ئەگەر ئۆرگازم بووە کۆتایی کاری سێکسوال ئەوا ئەو ژنە خەونی ناخۆش و ترسناك دەبینێت، بەڵام ئەگەر بەو حەوانەوەیە رازی بێت کە لەئەنجامی پێشوازیکردنی زێ لەچووك و هاتوچۆکردنی بەناویدا، روودەدات، ئەوا بەهێمنی دەخەوێت، ئەویش لەئەنجامی بەتاڵکردنەوەی سێکسوالی گونجاوەوە، لەبەرئەوە دەڵێت: ئەگەر چێژی سێکسواڵمان لەم وەزیفەیەدا کورتکردەوە، ئەوا دەبینین ژمارەیەکی کەم لەژنان بەسێکسسارد وەسفدەکرێن.

دۆچ دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی ئۆرگازم سیفەتێکی نێرینەییەو لوتکەی چێژ لەسیفەتەکانی مێ نییە ئەگەر هەبوو، ئەوا لەدەوری میتکە نەك زێ خولگە دەبەستێت، چونکە وەزیفەی زێ تەنیا منداڵبوونە.

## ریس ماك برنزفيك Ryth Mack Brunsweick

ریس ماك برنزفيك[3] پشتی بەچەمکە تیۆرییەکانی فرۆید لەداڕشتنی بیرۆکەی نوێ تایبەت بەخۆی، دەبەست، جەختی لەسەر بایەخی دایك لەپەرەسەندنی منداڵدا کردووە، واتە بایەخی بەقۆناغی بەر لەئۆدیبی دا، بەڵام ئەم کارەی بەوپەڕی وردییەوە ئەنجامدەدا نەك فرۆید وەك شۆڕشێك دژی بیرۆکە سەرەکییەکانی خۆی، تەماشای بکات. جێی ئاماژەیە یۆنگیش باسی قۆناغی بەر لەئۆدیبی کردووە.

ریس پێیوابوو گرێی ئۆدیب تەنیا هۆگربوون بەدایك یان باوکەوە ناگەیەنێت، بەڵکو قۆناغی بەر لەئۆدیبییش هەیە کە پەیوەندی لەنێوان منداڵ- دایکدایە و هێشتا باوك نەهاتۆتە ناو پەیوەندی دووانی نێوانیانەوە، لەمنداڵی کوڕدا قۆناغی بەر لەئۆدیبی کورتە، کوڕ بەخێرایی دەچێتە ئۆدیبەوە و بەدوایدا خەسان دێت کە ئۆدیب شیدەکاتەوە، کچ لەقۆناغی بەر لەئۆدیبیدا بەدایکەوە هۆگرەو باوکی دەبێتە کێبڕکێکار هەروەك کوڕ، بەڵام کاتێك خەسانی خۆی ئاشکرادەکات دەچێتە ئۆدیبی پۆزەتیڤەوە و بەرامبەر باوك نێگەتیڤ دەبێت و کێبڕکێ لەگەڵ دایکیدا دەکات.



ریس لەگەڵ فرۆید لەزۆر رووەوە هاوڕا بوو بۆنموونە چۆنیەتی شێبوونەوەی ئۆدیب و دروستبوونی منی باڵا لەمنداڵی کوڕداو ئاشکرابوونی خەسانی دایك لای کچ و دروستبوونی مێیەتی، تیۆرەکەی ریس بەتەواوەتی هاوجێیە لەگەڵ فرۆیدا کاتێك پێیوایە کچ تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبێت کە دەبینێت دایکی وەك خۆیەتیو لێرەوە بایەخپێدانی بۆ باوکی دەگوێزرێتەوە بۆئەوەی باوکی قەرەبووی بێبەشبوونی لەچووك بۆبکاتەوە، هەروەها ریس پێیوایە ئاشکرابوونی خەسانی دایك بۆ کچ دەبێتە خاڵی گۆڕان لەپەرەسەندنی گەشەکردنی سێکسوال، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی رقوکینەی بۆ دایکی، چونکە بێ چووك دروستیکردووە و لێرەوە بەرەو باوك ئاڕاستە دەکرێت، بەڵام زۆرێك لەژنان هەن گەشەی ئۆدیبییان تەواونەبووە یان بەواتایەکی دی لەقۆناغی بەر لەئۆدیبیدا جێگیربوون، بەشێوەیەکی نەخۆشئامێز هۆگری دایکیان دەبنو ناتوانن تێکەڵاوی پیاوان ببن و پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستن، بەڵام مانەوە لەم قۆناغەدا لەپیاواندا دەشێت دەرئەنجامەکەی دروستبوونی پەیوەندییەکی نێگەتیڤ بێت لەگەڵ باوکدا.

لەکاتێکدا ریس بایەخێکی تایبەتی بەقۆناغی بەر لەئۆدیبی دەدا، فرۆید هێرشی کردە سەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەو وتی: بوونی قۆناغێکی هەڵچوونی بەر لەگرێی ئۆدیب ئەوە دەگەیەنێت ئۆدیب پێکهاتەیەکی لاوەکییە لەژیانی کچدا، بەڵام دواتر فرۆید دانی بەمۆدێلەکانی بەر لەئۆدیبی ریس-دا نا لەژناندا.

فرۆید وا باسی بابەتی بەرلەئۆدیبی-ی ریسی دەکرد، گوایە ریس لەکاتێکدا سەرقاڵی ئەم قۆناغە بووە کە ئەم (واتە فرۆید) وانەی پێی وتووە. دواتریش ئەو قسەوباسە لەسەر ریس هەبوو کە هەندێجار بیرۆکەکانی خۆی لەگەڵ فرۆیدا تێکەڵکردووە.

## جۆزین میلر Josine Muler

جۆزین میلر لەپێشەوەی ئەو شیکارکارە سایکۆلۆژییانە بوو کە تیۆرەکەی فرۆیدی سەبارەت بەقۆناغی چووکی لەکچدا رەتکردەوە.

میلر بەپێچەوانەی رای فرۆیدەوە لەو بڕوایەدایە منداڵی کچ هەرزوو درك بەبوونی زێ دەکات، بەوپێیەی کە خۆی پزیشك بوو ئەزموونی پزیشکی خۆی یارمەتیدەری بوو لەدانانی تیۆرەکەیدا کە پێی وایە منداڵی کچ لەقۆناغێکی زوودا هەست بەبوونی زێ دەکات و دەستی لێدەدات، بەڵام بەخێرایی ئەم کارە دەچەسپێت بۆئەوەی میتکە جێگەی بگرێتەوە.

بەمپێیە میلیر بڕوای وایە خستنەوەبەرفرمانی زێ بەشێوەیەکی لیبیدی دەکەوێتە پێش هەر خستنەوەبەرفرمانیێکی دی، بەڵام خستنەوەبەرفرمانی میتکە کردارێکە دواتر ڕوودەدات و کردارێکی لاوەکییەو منداڵی کچ وەك هۆکارێکی بەرگری پەنای بۆ دەبات، هەروەها ئارەزووکردنی چووك لەژندا کە فرۆید باسیدەکات دەرەنجامی ئەو زامە ناسیزمییەیە کە بەهۆی تێرنەبوونی نەزوە سێکسوالییە چەپێنراوەکانیەوە ڕوودەدەن، چونکە پێشتر ئارەزووە سێکسوالەکان لەزێدا دەچەپێنرێن.

## کارین هۆرنی karen horney

کارین هۆرنی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە فرۆید پێی وایە منداڵی کچ لەقۆناغی پێگەیشتن و نەرزەبووندا دەبێت بەکچ یان هەست دەکات کە مێیە بەڵکو هەر لەدایکبوونەوە منداڵی کچ مێیە و درك بەبوونی خۆی وەك مێ دەکات.

سەبارەت بەئاشنابوونی زووی منداڵی کچیش بەزێ، کارین پێی وایە منداڵی کچ هەرزوو لەمانگەکانی یەکەمی تەمەنیدا دەست بۆ ئەندامی مێینەی دەبات وێڕای بوونی خەیاڵ و خەونی ئەنجامدانی کرداری ماستەربەیشن کە ئەمە جەخت لەئاشنابوونی غەریزەیی منداڵی کچ بەزێ دەکات.

پشت بەستن بەم دەرەنجامەش هۆرنی سێکسساردی لەژندا بۆ ئەوە ناگەڕێنێتەوە کە ژن ناتوانێت وروژێنەرە سێکسوالەکانی لەمیتکەوە بۆ زێ بگوازێتەوە بەڵکو دەرەنجامی ئەو چەپاندنانەیە کە لەزێدا ڕوویداوە.

ئەو ترسەی کچ هەستی پێدەکات جیاوازە لەو ترسەی کوڕ هەستی پێدەکات، منداڵی کوڕ ترسی ئەوەی هەیە دایکی گاڵتە بەبچووکی ئەندامەکەی بکات، بەڵام منداڵی کچ ترسی لەوە هەیە جووتبوون لەپەیوەندی سێکسوالدا دایكو باوکی تێکبشکێنێت، چونکە منداڵ لەیەکەمین وێنەی درکپێکراوی دایك و باوکی بەپێکەوەلکاوی واتە لەکاتی پەیوەندی سێکسوالدا سڵدەکاتەوە و بەخەیاڵ هەوڵدەدات لەیەکتری جیایان بکاتەوە تا یەکتری تێکنەشکێنن و بەزیندوویی لەژیاندا بمێننەوە.

هۆرنی هەرچەندە فیمینیست نەبوو، بەڵام لەپێشەوەی ئەو ژنانە بوو کە ڕەخنەی لەتیۆرەکەی فرۆید گرت سەبارەت بەسایکۆلۆژی ژن، پێی وابوو چۆنێتی چوونە ناوەوەی منداڵی کچ بۆ ناو بازنە کۆمەڵایەتییەکانو هەستکردنی بەمێیەتی بۆچوونێکی گشتگیر نییە و بەلای



پیاودا لادەدات، هەروەها پێی وابوو تیۆری غیرەی ژن لەئەندامی پیاو غیرە و ترسی پیاو لەمناڵدانی ژنو توانای منداڵبوون ئاشکرادەکات، چونکە هەستکردن بەم غیرەیە لەپیاودا وا لەپیاو دەکات لەپایەی دایکایەتی کەمبکاتەوە، هەروەها نارسیزمی نێرینەیی وا لەپیاو دەکات لەپلەوپایەی ئەندامەکانی زاووزێی ژن کەم بکاتەوە، پاشان غیرەی کچ لەکوڕ کاتێك دەست بۆ ئەندامی نێرینەی دەبات غیرەیەکی سروشتییە و زۆربەی منداڵانی کچ پیایدا تێپەڕدەبن بێئەوەی لەئایندەدا دووچاری هیچ زیانێکی دەروونی بن.

هەروەها هۆرنی پێی وایە ئەوەی جەخت لەترسەکانی کچ دەکات ئەوەیە ئەندامی مێینەی شاراوەیەو لەبەرچاو نییە بەپێچەوانەی کوڕەوە کە ئەندامەکەی لەدەرەوەیە و دەتوانێت دەستی لێبدات، ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەو ئاڵۆزی و تەمومژییەی کە مێیەتی داپۆشیوە.

## میلانی کلاین Melanie Klein

میلانی کلاین[٤] پێی وایە منداڵی کچ لەدوای لەشیربڕانەوەی و بێبەشبوونی لەمەمکی دایکی پەنا بۆ لای باوکی دەباتو دەیەوێت ئەندامەکەی جێگەی مەمکی دایکی بۆ بگرێتەوە، ئەمەش لەرێگەی هەڵلوشینی زارەکییەوە هەروەك چۆن شیری لەسنگی دایکی دەخوارد لەهەمانکاتدا پاڵنەرە سێکسوالەکان بەرامبەر ئەندامی باوك دێنە ناو کردارەکەوە تا ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەم گۆڕانە لەمەمکی دایکییەوە بۆ ئەندامی باوك بەناوکی ئەنگیزەی ئۆدیبی زوو لای کچ دادەنرێت، بەڵام بۆی دەردەکەوێت دایکی لەهەناویدا ئەندامی باوکی هەڵگرتووە، هێرشە سادییەکانی بەرەو ڕووی دایکی دەکاتەوە تا ئەو خواستەی خۆی ئارەزووی دەکات لەدایکی داماڵێت لەهەمان کاتدا دەترسێت هێرشە سادییەکان بۆی بگەڕێنەوەو ئەندامەکانی ناوەوەی خۆی لەناوببەن.

کلاین لەو باوەڕەدایە نیشتمانی مێیەتی پاڵنەرە شاراوەکانی ناو دەروونە کە مەبەستی لەفاکتەرە بایۆلۆژییەکانە نەك کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکان، یەکێك لەوخاڵە گرنگانەی کلاین لەماوەی ژیانیدا بایەخی پێدا مەسەلەی پەیوەندی نێوان دایك و کچ بوو لەکاتی گەیشتن بەمێیەتیو خۆناسینی کچ وەك مێ، ئەمەش بووە یەکێك لەو کۆڵەکانەی تیۆری فیمینیستی هاوچەرخی دەوڵەمەندتر کرد کە هەوڵدەدات شیکردنەوەی قووڵ و وردتری بونیادی مێیەتی بخاتەڕوو، وێڕای ئەمانە کلاین بەتەواوەتی ئەو بۆچوونەی فرۆیدی ڕەتکردەوە کە پێی وایە کچی منداڵ هەر کوڕە یان پیاوێکی بچووکی ناتەواوە تا ئەوکاتەی درك بەنەبوونی چووك دەکات،

چونکە کلاین لەو باوەڕەدایە قۆناغێکی مێیەتی سەرەکی هەیە کە منداڵان لەهەردوو توخم لەگەڵ دایکدا تەماهی دەکەن، دواتریش کلاین رەخنەی توند لەتیۆرەکەی فرۆید سەبارەت بەغیرەی ژن بەرامبەر بەپیاو بەهۆی نەبوونی ئەندامی نێرینە لەجەستەیدا، دەگرێت و پێی وایە کچانی منداڵ و تازەپێگەیشتوو غیرە لەمەمك و منالّدانی ژنی پێگەیشتوو دەکەن، تەنیا خاڵ کە میلانی لەگەڵ فرۆیدا کۆکە ئەوەیە کە کچ رقی لەدایکی دەبێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی فرۆیدەوە کە دەڵێت هۆکاری نارسیزمی پاڵ بەکچەوە دەنێت بۆ داواکردنی ئەو ئەندامە لەدایك و دواتر رق لێبوونەوە لەدایك، کلاین وایدادەنێت ئەو داوایە ملکەچی پێداویستییە لیبیدییەکانە.

## ئێرنست جۆنس Ernest Jones

ئێرنست دژی ئەو روانگەیەیە کە پشت بەچووك دەبەستێت وەك تەوەرەیەك بۆ تێگەیشتن لەمێیەتی، چونکە پێی وایە ئەم تێڕوانینە زیان بەسەربەخۆیی‌و واقیعی ژن دەگەیەنێت‌و دووچاری ئاڵۆزی دەکات.

لەکاتێکدا فرۆید پێی وایە مێیەتی لەئەنجامی زانینی کچەوەیە بەبوونی جیاوازی سێکسوالی لەگەڵ کوڕدا یان کچ کاتێك بەمێیەتی دەگات کە هەست دەکات وەك براکەی خاوەنی ئەو ئەندامە نییە، جۆنس لەو سۆنگەیەوە دەڕوانێتە بابەتەکە منداڵی کچ خاوەنی ئاشنابوونێکی نەستیە بەرامبەر بەبوونی زێ‌و تەنانەت ئەم ئاشنابوونە دەکەوێتە پێش ئاشنابوونی لەرێگەی هەستی بینینەوە.

جۆنس قۆناغی چووکی کە فرۆید بەیەکێك لەقۆناغە سروشتییەکانی پەرەسەندنی سێکسوالی دادەنێت، وەك رێگەچارەیەکی ناوەندی دەماریی تەماشای دەکات، جۆنس لەگەڵ میلانی سەبارەت بەهاوکێشەی چووك یەکسانە بەمنداڵ هاوڕایە کە بریتییە لەئارەزوویەکی سەرەتایی منداڵی کچ بۆ پێشوازیکردن لەچووك لەرێگەی دەمەوە بۆئەوەی بیکات بەمنداڵێك بۆخۆی.

چووك لای منداڵی کچ کارایییەکی دووفاقی هەیە لەلایەکەوە بۆ دەستکەوتنی خۆشەویستیە لەلایەکی دیکەوە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لەرقوکینەی بەرامبەر دایکی، چونکە بێ بوونی ئەو ئەندامە هێناویەتە دنیاوە، ئەم سادیە واتە ئارەزووکردنی تۆڵەکردنەوە لەدایك ترسێکی هاوشێوەو هاوسەنگی بۆ دروست دەکات بەرامبەر بەچووك بەو پێودانگەی چووك ئامرازێکی



وێرانکەرەو دەیەوێت ئازاری بدات، لەناوەوە هەرەشەی لێدەکات کاتێك درك بەبوونی چووك لەباوکیدا دەکات رقوکینەی بەرامبەر دایکی بۆ باوکی دەگوازێتەوە.

جۆنس بەپشت بەستن بەتیۆرەکەی میلانی کلاین سەبارەت بەشیکردنەوەی دەروونی لەمنداڵدا، پێی وایە منداڵی کچ خاوەنی توخمی مێیەتی زیاترە وەك لەتوخمی چووکی یان نێرینەیی، ئەویش لەئارەزوویدا بەرجەستە دەبێت بۆ پێشوازیکردن لێی، هەروەها لەبایەخدانیدا بەناوەوەی زیاتر لەدەرەوەی.

## جاك لاكان Jacques Lacan

جاك لاكان (١٩٠١-١٩٨١)کە خاوەنی زاراوەی (سیمبولیك Symbolic)[٥] یان سیستمی رەمزییە توانی لەچوارچێوەی زماندا خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ گرێی ئۆدیپۆسی فرۆید بکات.

لاكان قۆناغی بەر لەئۆدیب کە تێیدا منداڵ خۆی بەجیا لەدایکی نابینێت و وادەزانێت بەشێکی جیانەکراوەیە لەدایکی، ناو ناوە قۆناغی خەیاڵی، قەیرانی ئۆدیب لای فرۆید لەوەوە دەستپێدەکات کە باوك دەچێتە ناو پەیوەندی دووانی نێوان دایك و منداڵ، بەڵام لای لاكان ئەو کاتەیە یان ساتی چوونە بۆ ناو سیستمی رەمزی (سیمبۆلیك) کە منداڵ دەچێتە ناو سیستمی زمانەوانییەوە و پشت بەستوو بەچەمکی جیاوازی منداڵ خود بەدیدەکات و فێردەبێت بڵێت ئەوە منم، ئەوە دایکمە، هەروەها فێردەبێت ئارەزووە سێکسوالەکانی کە لەسستمی خەیاڵیدا بەرامبەر دایکی هەستی پێکردووە بچەپێنێت.

ئەم تەسلیمبوونە نەستییە ساتی چەپاندنی سەرەتایی‌و ساتی لەدایکبوونی نەست و ئەو ئارەزووانەیە کە هەرگیز بەدی نایەن، ئارەزووکردنی دایك کارێکی تابۆو نەشیاوەو منداڵ ناچار دەبێت بیچەپێنێت، چونکە بەپێی یاسای باوك[٦] منداڵ رووبەڕووی هەڕەشەی زەوتکردنی نێرینەیی دەبێتەوە کە رەمزی چووك دەینوێنێت، لاكان پێی وایە رەمزی نێرینەیی (چووك) شتێکی خەیاڵییە ئەگەر ئەم رەمزە ئاماژە بێت بۆ هێزو دەسەڵاتی نێرینە ئەوا لەراستیدا خۆی ئامادە نەبوون یان کەموکوڕی ئەو رەمزە دەنوێنێت و بونیادێکی کەلتورییە ئاماژە دەدات بەچووکی راستەقینە و بەهۆیەوە پیاوی پێدەناسرێت وەك جیاوازییەکی توێکاری لەنێوان ژن و پیاودا و هیچ ئاماژەیەك نادات بەهێز و توانا و دەسەڵاتی نێرینە، ئەگەر پیاو خاوەنی ئەو

ئەندامە بوو ئیدی ئەوە ناگەیەنێت کە خاوەنی ڕەمزی نێرینەیە، چونکە پیاو هەست ناکات خاوەنی ئەو ڕەمزەیە تەنیا لەڕێگەی ئارەزووکردنی کەسێکی دیکەوە نەبێت کە ژنە.

بەمپێیە هیچ کەسێك خاوەنی ڕەمزی نێرینە نییە، کەواتە پیاو کەسێکی هەڵخەڵەتاوە کاتێك وا دەزانێت خاوەنی ڕەمزی نێرینەیە لەڕێگەی بوونی ئەو ئەندامەوە، بەڵام ژن کە خاوەنی چووك نییە ئەو وەهمەی لا دروستنەبووە کە خاوەنی ڕەمزی نێرینەیە واتە وەهمی هێز و دەسەڵات، لاکان نێرینە بەو شێوەیە ئاشکرا دەکات یان پێناسە دەکات کە بونیادێکی کلتورییە و تەنیا بەشێوەی وێنەیەکی نارسیزمی ئامادەبوونی هەیەو بوونی بەندە بەبوونی مێیەتییەوە.

## دوروسی دینرشتاین dinnersteing Dorothy

دوروسی دینرشتاین[٧] کە فیمینیستێکی ئەمریکییە یەکێکی دیکەیە لەو کەسایەتییە ناودارانەی لەڕێگەی نووسینەکانییەوە شوێندەستی هەبووە لەرەخنەگرتن لە بۆچوون و تیۆرەکانی فرۆید بەرامبەر بەژن، بەتایبەتی بابەتی غیرەی ژن لەئەندامی سێکسوالی پیاو. وەك جاك لاکان و جولیا کریستیڤا پێیوایە چەمکەکانی جیاوازی لەنێوان دوو توخمەکەدا لەقۆناغی بەر لەئۆدیب فۆرمەلەدەبن کە ئەمەش ئەو قۆناغەیە منداڵ بەتەواوەتی بەدایکییەوە پەیوەستە و پشتیپێدەبەستێت.

دینرشتاین بەپشت بەستن بەهەندێك لەبۆچوونەکانی میلانی کلاین و کارکردن لەسەر هەندێك لەبنەماکانی شیکردنەوەی دەروونی لای فرۆید قسەی لەسەر دەمارگیری توخمیو ڕۆحی شەڕانگێزی وەك دوو دەرئەنجامی حەتمی بوونی مرۆیی، کردووە هەروەها لەکتێبەکەیدا بووکی دەریاو میناتۆر(گاپیاو): ڕێخستنە سێکسوالەکان و دەردی مرۆڤ باس لەئارەزووی سێکسوالی لای ژن و هۆکاری ناچاربوونی ژن بەرازیبوون بەسستمی پیاوسالاری ڕووندەکاتەوە.

## لوسی ئێریگاری Luce Irigaray

لوسی ئێریگاری[٨] فەیلەسوفو شیکارکاری دەروونی کارەکانی ڕەخنەی توندبوون لەشیکردنەوەی دەروونیو پێی وایە شیکردنەوەیەك نییە بۆ سستمی باوکسالاری بەڵکو نموونەیەکە لەو سیستمە.



ئێریگاری لەنووسینی وتارەکانیدا پشتی بەتیۆرەکانی لاکان و دیکۆنستراکشن[٩] ی جاك دریدا بەستووە، کارەکانی ئێریگاری پەردەی لەسەر ئایدیۆلۆژیی نێرینە بەناوی زمانەوە ڕاماڵیوە، هەروەها دەستپێشخەری کرد بەئاراستەی خوڵقاندنی زمانێکی مێینەیی نوێ کە ڕێگە بەژن دەدات بۆ گوزارشتکردن لەخۆی کاتێك کە قسە دەکات، ئێریگاری هاوشان لەگەڵ هێلین سیسۆدا ئایدیای (لۆگۆسینتریك)[١٠]ی جاك دریداو سیمبۆلیکی جاك لاکانیان پێکەوە بەستەوە بۆ داهێنانی زاراوەیەکی نوێ بەناوی فالۆگۆسینتریزم کە لەئەدەبیاتی ڕزگارکردنی ژناندا ئەم زاراوەیە بەرزکردنەوەی پایەی نێرینە دەگەیەنێت و بەپێی ئەو بەرزکردنەوەیە زۆربەی کارە هونەریو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجیان بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نێرینەو ملکەچکردنی مێینەیە.

ئێریگاری ئیشی لەسەر ڕەتکردنەوەی فالۆگۆسینتریزم کرد کە ئامانجی بەرزکردنەوەی پایەی نێرینەیە لەکۆمەڵگەداو پیاو بەتەوەرەی هەموو شتەکان دادەنێت، ئێریگاری مەبەستی بوو دوو هێزی پۆزەتیڤی یەکسان لەکۆمەڵگەدا بخولقێنێت کە هەریەکەیان خاوەنی بوون و زمانی خۆی بێت، لەم بیرکردنەوەیدا (قۆناغی ئاوێنە mirror stage)ی لاکان زۆر یارمەتیدەری بوو شانبەشانی تیۆرەکانی دریدا سەبارەت بەلۆگۆسینتریزم ئەمانە وێڕای ڕەخنەگرتنی بەردەوامی لەسستمی باوکسالاری و بایەخدانو کارکردن لەسەر قۆناغی بەر لەئۆدیبی لەمنداڵداو پەیوەندی کچ بەدایکییەوە کە سەرجەمیان ئاماژەبوون بۆ دابەزاندنی بەهای سستمی باوکسالاری، هەروەها ئێریگاری لەو باوەڕەدایە ژن بەردەوام بۆ چەپاندنی مەیلە سێکسوالەکانی ناچاردەکرێت، ئەگەر ئەم مەیلە چەپێنراوانە بگەڕێنرێنەوە ئەوا کاریگەری گەورەیان لەسەر ئازادبوونی ژن دەبێت، ئەو ڕایەی فرۆیدیش ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت ژن خۆی دەناسێت لەسەر بناغەی هەستکردنی بەنەبوونی ئەندامی نێرینە و دەڵێت بەپێچەوانەوە توخمی ژن لەدوو لێو پێکدێت هەمیشە باوەشیان بەیەکدا کردووە.

شایانی باسکردنە بیرۆکەکانی ئێریگاری بەردەوام شوێن سەرنجی فیمینیستەکان بووە و دەوترێت لەوانەیە لەسەر ئاستی تیۆریی، پۆست فیمینیزم دامەزرێنێت، چونکە لەچوارچێوەیەکی جیاوازدا لەناسنامەی ژن تێگەیشتووە.

## کیت میلیت Kate Millett

کیت میلیت[١١] یەکێکە لەو دەنگە ناڕەزاییانەی بەتوندی ڕەخنەی لە فرۆید گرت، کتێبەکەی سیاسەتی سێکسوال (sexual politics1970) بەوەرچەرخانێك لەو سەردەمەدا

دادەنرێت کە دژی غیرەی فالوس قسەدەکات، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە کەلتوور و سستمی باوکسالاری لەهەردوو سەردەمی فیکتۆری و سەردەمی نوێدا دەخاتەڕوو.

میلیت پێیوابوو فرۆید هەوڵیداوە پەیوەندی شەڕانگێزیی نێوان ژن و پیاو بەئەقلانی بکات و رۆڵە تەقلیدییەکان پشتڕاستبکاتەوەو بەهانە بۆ جیاوازییە مەزاجییەکان بێنێتەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەوەی فرۆید سەبارەت بەسروشتی نێگەتیڤی ژن لەپاش قۆناغی ئۆدیبی بانگەشەی بۆدەکات بۆتەهۆی بەهێزکردنی هەژموونی باوکسالاریی بەسەر ژناندا.

میلیت گرێی خەسان-ی فرۆید رەتدەکاتەوە لەسەر ئەو بناغەیەی کە فرۆید هیچ جیاوازییەکی لەنێوان هەقیقەت و خەیاڵدا نەکردووە، ئاماژەدەدات بەسەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بەفرۆید کە باس لەترسی کچ لەخەسان دەکات لەکاتێکدا ترسان لەئیختساب فەرامۆش دەکات کە دیاردەیەکی راستەقینەیە لەکچداو خەیاڵی نییە، چونکە ئیختساب دەشێت بەڕاستی رووبدات، بەڵام خەسان روونادات و خەیاڵییە، هەروەها لەوباوەڕەدایە ئەستەمە لەوە تێبگەین چۆن گرێی خەسانی لەکچاندا بەهەقیقەتێك وەسفکردووە لەجیاتی خەیاڵێك بێت و پێیوایە تیۆرەکانی فرۆید بواری رۆشنبیریی بۆ پلەوپایەیەکی سروشتیو بواری کۆمەلایەتیشی بۆپلەوپایەی بایۆلۆژی هێناوەتە خوارەوە.

کیت میلیت یەکێکە لەنووسەرە بەناوبانگەکانی شەپۆلی دووەمی فیمینیستیو کتێبەکەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لەرەخنەگرتن لەفرۆید و نووسینی ئەو پیاوانەی کە کارەکانیان رقوکینەیەکی زۆریان بەرامبەر بەژن لەخۆگرت بوو، هەروەها ئەو کارانەی بەشێوەیەك وەسفکرد کە پڕن لەو وێنانەی رقی قووڵی پیاوان بەرامبەر بەژنان و سروشتی سێکسوالیان ئاشکرادەکەن، هەروەها میلیت پێیوابوو جیاوازییەکان لەنێوان ژنو پیاودا جیاوازی بایۆلۆژی نین، بەڵکو دروستکراوی کلتوورن، میلیت بڕوای بەو پرۆگرامە هەبوو کە شەپۆلی دووەمی فیمینیزم هەوڵی بەدیهێنانی دەدا ئەویش دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك بوو کە هیچ کام لەدوو توخمەکە هەژموونی بەسەر ئەوی دیکەدا نەبێت.

## Helen Cixous هیلین سیسۆ

هیلین سیسۆ[12] یەکێکی دیکەیە لەو ژنە نووسەرانەی شانبەشانی لوسی ئێریگاری و جولیا کریستیڤا رەخنەی توندی لەشیکردنەوەی دەروونی گرتوو هەرچەندە بەئەندازەی ئەوان لەشیکردنەوەی دەروونی نزیك نەبۆتەوە.



سیسۆ یەکێکە لەو سێ فێمینیستە فەرەنسییەی بڕوایان بەپۆست ستراکچەرلیزم[13] هەیە مەبەست لەکریستیڤاو ئێریگارییە، سیسۆ سەبارەت بەپەیوەندی نێوان سێکسوالو زمان کارەکانی خۆی پێشکەشکردووە و لەو باوەڕەدایە سێکسوال راستەوخۆ بەچۆنێتی پەیوەندیکردنمان لەکۆمەڵگەدا پەنابەندکراوە، هەروەها پێی وایە زمانی جیاوازی کە هەڵقوڵاوی جەستەی ژن خۆیەتی ناسنامەی نوێی ژن دەخوڵقێنێت، هەر بۆیە لەنووسینەکانیدا وەك کتێبی پێکەنینی میدۆسا کە یەکێکە لەکارە بەناوبانگەکانی سیسۆ زایەڵەی مێیەتی بەئاشکرا دەبیسترێت بەو ئامانجەی جەستەی ژن لەشێوازە تەقلیدییەکانی وێنەگەرایی لەنووسیندا ئازاد بکرێت.

جاك لاکانو جاك دریدا کاریگەری بەهێزیان لەسەر نووسینەکانی سیسۆ هەبووە و هەر لەو سۆنگەیەوە سیسۆ پێی وایە شێوەیەکی جەوهەری لەمێیەتی لەپشت زمانەوە هەبێت، ئەم پەیوەندییە بۆ قۆناغی بەر لەئۆدیب دەگەڕێنێتەوە و بیرکردنەوەی سیسۆ لە(پێکەنینی میدۆسا)دا تەواو ئاشکرا بەرجەستە دەبێت کە لەساڵی ١٩٨١ نووسیویەتیو بۆ قۆناغی خەیاڵی رەمزی لاکان دەمانگەڕێنێتەوە و پێی وایە ئەوە زمانی دایك و دەنگی مێیە بەر لەقۆناغی ئۆدیب، چونکە بڕوایەکی کەم وێنەی بەنووسینی ژنانە هەیەو بەنووسینی بەر لەقۆناغی ئۆدیب وەسفی دەکات واتە پێش ئەوەی ئەم زمانە بەهۆی سیمبۆلیکەوە (یان سیستمی رەمزییەوە) پەرت پەرت بێت، کە دەکەوێتە پێش یاسای باوکەوە.

## Juliet Mitchell جۆلیت میچل

جۆلیت میچل یەکێکە لەو فێمینیستە دەگمەنانەی بەوە ناوی دەرکرد کە بەرگری لەتیز و تیۆرەکانی فرۆید دەکات، بەڵام میچل بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری فێمینیستەکانی دیکە کە فرۆیدیان بەدوژمنی فێمینیزم داناوە هەوڵیدا لەکتێبی شیکردنەوەی دەروونیو فێمینیزم: فرۆید، رایش، لاینگو ژنان Psychoanalysis And Feminism: Freod, Reich, Laing And Woman لەساڵی ١٩٧٤دا فێمینیزم و فرۆید ئاشتبکاتەوە. لەلاپەڕەکانی یەکەمی ئەم کتێبەدا میچل دەڵێت: "شیکردنەوەی دەروونی پشتیوانی لەکۆمەڵگە ناکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری بەڵکو کۆمەڵگەی باوکسلاری شیدەکاتەوە". بەمەش بەهای فرۆیدی بەرزنرخاند، چونکە بەبڕوای ئەو فرۆید توانیویەتی لەرۆچوونی کۆمەڵگەی باوکسالاری بەناو ژیانی سایکۆلۆژیی تاکدا تێبگات.

میچل لەدوای ئەوەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لەسەر کارەکانی فرۆید رایگەیاند کە دەکرێت فێمینیزم سوود لەکاەرکانی فرۆید وەربگرێت ئەویش لەو روانگەیەوە کە شیکردنەوەی دەروونی وەسفی وردی کۆمەڵگەی باوکسالاری کردووە و لێرەوە لەو سەرکوتکردنە تێدەگەین کە لەکۆمەڵگەی باوکسالاریدا ژن دووچاری دەبێت. بەدانانی ئەم پرنسیپە میچل هێرشی کردەسەر کاری ژمارەیەك فیمینیزمی هاوچەرخ نموونەی بیتی فریدان Betty Friedan,[١٤] شولامیس فایرستون Shulamith Firestone[١٥] و ئیڤا فایگز Eva Figes[١٦]، بەڵام هێرەشەکانی بەشێوەیەکی ئاشکراتر بۆسەر کیت میلیت بوو. بەهەمان شێوە میچل بەهاوکاری لەگەڵ جاکلین رۆز کاریان لەسەر هەندێك لەبەرهەمەکانی جاك لاکان کرد کە هەندێك پێیان وابوو ئەویش لەبەرژەوەندی ژن نەینووسیوە، بەڵام هەندێك رای دیکە هەبوون کە پێیان وابوو لاکان تیشکی گرنگی خستووەتە سەر کۆمەڵگەی پیاوسالاری.

سەبارەت بەمەسەلەی غیرەی ژن لەئەندامی نێرینە میچل لەگەڵ لاکان تا ئاستێك هاورا بوو، چونکە پێیان وابوو دەشێت ئەو غیرەیە بوونی هەبێت، بەڵام راستییەکەی غیرەکردنی ژن لەخودی ئەو ئەندامە نییە بەڵکو غیرەیە لەبەهای رەمزیی نێرینە کە ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی پیاو لەناو کۆمەڵگەدا، لەراستیدا ئەم بۆچوونەی میچڵو پێشتریش لاکان زۆر نزیکە لەشیکردنەوەی سیمۆن دی بۆڤوار کە پێی وایە ژن هەست بەغیرە دەکات لەدەسەڵاتی پیاو نەك لەئەندامی نێرینەی.

دواجار کارەکانی میچل بەهەوڵێکی پۆزەتیڤ دادەنرێت بۆ راستکردنەوەی تێگەیشتنی هەڵەی فیمینیزمەکان لەفرۆید و تێزەکانی سەبارەت بەمێیەتی، میچل پێی وایە فرۆید بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە ژن لەرووی بایۆلۆژییەوە لەپیاو نزمترە بەڵکو هۆکاری زانستی خستۆتەروو بۆ تێگەیشتن لەپرۆسەی دروستبوونی وێنەی ژن لەکۆمەڵگەی باوکسالاریدا، هەروەها دەڵێت کە فرۆید بەرگری لەسستمی باوکسالاری ناکات، بەڵکو پەردە لەسەر رووی هەڵدەماڵێت و ئاشکرایدەکات.

## جین گالوپ: Jane Gallop

لەگەڵ بەهێزی کتێبەکەی میچلدا، بەڵام بووە مایەی دەرکەوتنی زنجیرەیەك رەخنە لەلایەن فیمینیزمەکانەوە نموونەی جین گالوپ، کە لەکتێبەکەیدا بەناوی "فیمینیزم و دەروونشیکاری: فریودانی کچ لەساڵی ١٩٨٢ دا دەڵێت: ئەگەر ژنان لەتواناناندا بوو وەك گرووپێك خۆیان



رێکبخەن بۆئەوەی گۆڕان لەئایدۆلۆژییی سەرەکی کۆمەڵگەی مرۆییدا بکەن و لەسەر لەدایکبوونی بونیادی نوێ لەئەنستدا پێدابگرن، ئەوکاتە لەو هەقیقەتە مەرجدارە تێدەپەڕن کە پێیوایە بوونەوەری مرۆیی ملکەچی نەستەو لەچارەی نووسراوە ئەقلانی نەبێت. گالوپ بەم تێزانەی چووە ناو یەکێك لەو ململانێیانەی زۆرترین بەردەوامی لەکێشبەندی فیمینیزمی سەبارەت بەدەروونشیکاری بەخۆوەبینیوە، چونکە بووە هۆی وروژاندنی کۆمەڵێك بابەتی گرنگی وەك: ئایا دەروونشیکاری تا چ ئاستێك توانیویەتی مۆدیلێك بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بخاتە بەردەم فیمینیزم؟ ئایا دەروونشیکاری لەناوەڕۆکدا بانگەشەی ئەوە دەکات ژنان چارەنووسیان بەشێوەیەکی حەتمی وێناکراوە لەرێگەی هەندێك بڕیارەوە یان ئەم تیۆرانە پێویستیان بەشیکردنەوەی ئەقلانی هەیە تا لەو بوون نا بوونەی چۆن خود-ی توخمیمان فۆرمەلەدەبێت، رزگارییان بێت؟ ئەو کۆتوبەندانە چین کە دەروونشیکاری بەسەر هەردوو چەمکی سێکس و جێندەردا سەپاندوویەتی، ئەو ئازادبوونانە کامانەن کە لەهەرەمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانین وێنایان بکەین؟

## جولیا کریستیڤا Julia Kristeva

جولیا کریستیڤا[١٧] زاراوەی سیمیوتیکی Semioticی بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی قۆناغی بەر لەئۆدیب لەگەشەی منداڵدا کە بەنزیکی لەقۆناغی خەیاڵی لاکان دەچێت کە لەم قۆناغەدا منداڵ جیاوازی لەنێوان جەستەی خۆی و جەستەی دایکیدا ناکات، بەمشێوەیە منداڵ وابەستەی جەستەی دایکی دەبێت بەهەموو ترپە و هەستەکانیەوە.

سیمیۆتیك ئەو بوارەیە کە پاڵنەرو ئەنگێزەکان لەرێگەی جەستەی منداڵەوە تێیدا دەخولێنەوە، بەڵام رەمزی ئەو بوارەیە کە وەك بوونەوەری ژێر تێیدا دەژین کە بونیادی سیاسی وەك سستمی باوکسالاری سەرکوتکەرانە کاری تێدەکات، کاتێك منداڵ لەبواری بەر لەرەمزییەوە واتە سیمیوتیك کە بەرامبەر قۆناغی بەر لەئۆدیبی فرۆیدە دەچێتە ناو بواری رەمزییەوە، سیمیۆتیك دەچەپێت، بەڵام لەبیرناچێتەوە، بەپێی تیۆرەکەی کرستیڤا (مانا) لەکارلێکردنی نێوان سیموتیك و رەمزی و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوانیاندا، روودەدات.

کریستیڤا هەرچەندە راستەوخۆ رەخنەی لەفرۆید نەگرتووە و وەك شیکارکار یان فێمینستەکانی دیکە ئەوەندە لەشیکردنەوەی دەروونییەوە نزیك نەبۆتەوە، هەروەها راستەوخۆ بانگەشەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو خۆرێکخستنی ژنی بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی نەکردووە،

بەڵام بەردەوام خواستی ئەوە بووە بزانێت لەژیانی سایکۆلۆژی تاکدا چۆن جیاوازییە سێکسوالییەکان دەردەکەون.

کریستیڤا لەکتێبی (رۆژگاری ژن) لەساڵی ١٩٨١ پرسیار دەکات مانای ناسنامە چییە یان ناسنامەی سێکسوالی چی دەگەیەنێت؟ پێی وایە نێرینەیی و مێیەتی بابەتی تایبەتی خود-ن و بەهۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بەجیاوازییە بایۆلۆژیەکانەوە نییە.

## نانسی چۆدۆرۆ nancy chodorow

نانسی چۆدۆرۆ[١٨] لەکتێبەکەیدا بەناوی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دایکایەتیدا باس لەگرێی ئۆدیب دەکات، بەڵام قۆناغی بەر لەئۆدیبی بەلاوە زۆر گرنگترە کە تێیدا دایك لەفۆرمەلەبوونی ناسنامەی منداڵدا خاوەنی کەسایەتییەکی تەوەرەییە.

چۆدۆرۆ کاری لەسەر گرێی ئۆدیپۆس لای فرۆید کردووە و بەجەختکردنەکانی فرۆید دەستپێکردووە کە دەڵێت تاك بەدوو توخمی لەدایك دەبێت و دایك بۆ منداڵ یەکەمین بابەتی سێکسوالە. هەروەها چۆدۆرۆ سوودی لەکارەکانی کارین هۆرنیو میلانی کلاین وەرگرتووە و تێبینی کردووە کە ئیگۆ لەمنداڵدا لەئەنجامی پەرچەکرداری منداڵ بەرامبەر بەدەسەڵاتی دایك دروستدەبێت.

بەرای چۆدۆرۆ درککردن بە-من (ئیگۆ) وەك فاکتەرێکی هەستکردن بەسەربەخۆییو پشت نەبەستن بەکەسانی دی لەکوڕدا بەئاسانی دروستدەبێت، چونکە تەماهی لەگەڵ ئازادی باوکی دەکات و لەکێشکردنی سەرنجی دایکیدا لاسایی باوکی دەکاتەوە، بەڵام ئەم ئەرکە یاخود فۆرمەلەبوونی ئیگۆ لەمنداڵی کچدا بەو ئاسانییە بەڕێوەناچێت، چونکە تەماهیکردن لەگەڵ دایکدا زۆر ئەستەمە، کچ هەوڵدەدات باوکی بکاتە بابەتی نوێی خۆشەویستی، بەڵام ڕێگری دێتە بەردەم ئیگۆ-کەی بەهۆی پەیوەندی توند و بەهێزییەوە لەگەڵ دایکیدا، لەکاتێکدا منداڵی کوڕ بەشێوەیەکی ئاسان گوزارشت لەخۆشەویستی وەك پەیوەندییەکی دووانی بۆ دایکی دەکات و دووچاری ئەستەمییەکی ئەوتۆ نابێتەوە، چونکە توخمەکەی لەگەڵ باوکیدا هەمان توخمەو بابەتی خۆشەویستی لای ئەوو باوکی هەریەك بابەتە —دایك-، بەڵام کچ دووچاری سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ دەبێت کاتێك دەکەوێتە ناو سێکوچکەی لیبیدۆ کە ئیگۆ لەنێوان خۆشەویستی بۆ باوکی لەگەڵ پەیوەندی بەهێزی بەدایکییەوە کێشدەکرێت وێڕای هەستکردن



بەبەرپرسیارێتیو دڵەڕاوکێ بەرامبەر بەپەیوەندی نێوان دایك و باوکی واتە دەترسێت ئەگەر باوکی بکاتە بابەتی خۆشەویستی دایکی لەدەستبدات یان نائارامە بەوەی کە لەوانەیە هەڵبژاردنی باوکی وەك بابەتی خۆشەویستی کێشە لەپەیوەندی نێوان دایك و باوکیدا دروستبکات.

چۆدۆرۆ پێیوایە دایك یەکەمین کەسی گرنگە لەژیانی هەریەك لەمنداڵی کوڕو کچدا، بەڵام لەکاتێدا کوڕ هاندەدات بۆ بیناکردنی خود-ی تایبەت بەخۆی لەرێگەی جیاوازیکردن لەگەڵ دایکدا، کچ لەرێگەی ئاماژەدان بەهاوبەشبوونی لەمێبوونیدا لەگەڵ دایکدا، بەردەوام دەبێت لەتەماهیکردن لەگەڵیدا. لەبەرئەوەی دایك کچەکەی بەدرێژکراوەی خود-ی خۆی دەبینێت، هانی پتەوکردنی رایەڵە تەقلیدیکانی مێیەتی لەکچەکەیدا دەدات، بەڵام هانی سەربەخۆبوون دەدات لەکوڕەکەیدا. بێگومان ئەمەش کاریگەری هەیە بۆسەر چوونەناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و وادەکات ژنان کەمتر هەست بەخود-ی خۆیان جیاکاری لەجیهانی دەوروبەریان، بکەن. بەڵام چۆدۆرۆ کەوتەبەر رەخنە، چونکە لۆمەی دایك دەکات لەدروستکردنی جیاوازی لەنێوان کوڕو کچدا.

ئەمانە بەشێکن لەلێکدانەوەی چۆدۆرۆ سەبارەت بەجیاوازی یەکەمین پەیوەندی خۆشەویستی دووانی لەکوڕداو سیانی لەکچدا کە کاریگەریان بۆ سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رۆڵی کۆمەڵایەتی ژن و هەستکردن بەبەرپرسیارێتیو خۆشەویستی بەرامبەر بەمنداڵەکانی، درێژدەبێتەوە و پێی وایە ژن وزەی خۆی بۆ منداڵەکانی زیاتر تەرخاندەکات وەك بیرکردنەوە لەئارەزوو سێکسوالەکانی وەك مرۆڤ.

## جاکلین رۆز

جاکلین رۆز یەکێکی دیکەیە لەو دەنگانە، کە پێیوایە هەستکردن بەئازار لای ژن بۆ ئاڵۆزی ژیانی دەروونیو سێکسوالی پێشووی دەگەڕێتەوە. هەروەها لەوتارێکیدا سەبارەت بەمێیەتی پێیوایە دەروونشیکاری تۆمەتبارە، چونکە گوتارێکی پێوەرییو سستماتیکییە و گوتارێکە هێزە فیمینیزمەکان لەرێگەی سوربوونی لەسەر نەچەسپاوی ناسنامە ئیفلیجدەکات. سەبارەت بەوەزیفەی دەروونشیکاریش لەو باوەڕەدایە زۆرێك بابەتگەل هەن دەکرێت لەکارەکانی فرۆیدەوە سەبارەت بە چۆن (مێیەتی لەسایەی سستمێکی باوکسالاریدا دەمێنێتەوە) فێری ببین و بەرای ئەو سنووری ئاشکرا هەیە بۆ رەخنەگرتن لەفرۆیدو لاکان بەهۆی بەرهەمهێنانی تیۆرێکەوە کە

بەشێوەیەکی سەپێنراو ئەوە ئاشکرادەکات چۆن ژنان خۆیان لەمێیەتیدا دەگونجێنن، ئەگەر لۆمەی فرۆیدو لاکان بەهۆی ئەو تیۆرەیانەوە بکرێت کە بەشێوەیەکی چەسپاو پشتگیری لەناوی باوك دەکات، ئەوا ئەو کاتە دەروونشیکاری بەئاراستەی تیۆرێکی گشتی کلتوری یان شرۆڤەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ سێکسوالێتی دادەنرێت. ئەمەش بەجەختکردنێکی توندی جیهانی دەرەکی بۆ سەر بابەتی مێبوون دادەنرێت بەهەموو دەرهاویشتەکانییەوە. رۆز راشکاوانە بڕوای بەوە هەیە سیاسەتی فیمینزم زۆر دەسکەوت بەدەست دەهێنێت لەتێگەیشتنی لەوەی چۆن دەروونشیکاری خودی (خود وەك کێشە) دەهێنێتەوە ناومەیدانی سیاسییەوە، هەروەها پێیوایە دەکرێت دەروونشیکاری یارمەتیمان بدات بۆ کردنەوەی فەزایەك لەنێوان چەمکە جیاوازەکانی ناسنامەی سیاسیدا لەنێوان بیرۆکەی ناسنامەی سیاسی لەپێناوی فیمینیزمدا (ئەوەی ژنان داوای دەکەن) لەگەڵ بیرۆکەی ناسنامەی مێیەتی لەپێناوی ژناندا (ژنان خۆیان هەروان یان دەبێت ژنان بەو شێوەیەبن).



## پەراوێزەکان

(١) فرۆید لەوتارەکانیدا سەبارەت بەمێیەتیو لەکتێبەکەیدا بەناوی (وتارە بەراییە نوێیەکان لەدەروونشیکاریدا)، بەتەواوەتی سەرسوڕمان و بەئاگایی و دوودڵی سەبارەت بەمێیەتی ئاشکرادەبێت. هەروەها سەرسوڕمانی فرۆید ئەوەندەی تر دەردەکەوێت کاتێك بەماری پوناپرد دەڵێت: ئەو پرسیارە گەورەیەی کە هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە و تائێستاش لەتوانامدا نییە وەڵامی بدەمەوە لەگەڵ ئەوەشدا سی ساڵە توێژینەوە لەسەر دەروونی ژن دەکەم، ئەوەیە: ژن چی دەوێت؟

(٢) هێلین دۆچ (١٨٨٤- ) :یەکێك بووە لە ژنە دەروونیشکارە بەناوبانگەکان هەرچەندە پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ فرۆیددا هەبووە، بەڵام مەسەلەی ئەسبەقییەت لەگەیشتن بەهەندێك بیرۆکە سەبارەت بەکێشبەندی پەرەسەندن لەکچی بچووکدا کە یەکێك بوو لەبابەتەکانی سایکۆلۆژی ژن و دواتر هێلین دۆچ لە دوو بەرگدا بڵاویکردەوە، بووە مایەی نیگەرانی دۆچ، چونکە دۆچ دەڵێت: "هەندێك لەو بیرۆکانەی لەو بابەتەی فرۆیددا هاتبوو کە ئانا فرۆیدی کچی لەکۆنگرەیەکدا لەساڵی ١٩٢٥دا خوێندییەوە پێشتر من گەیشتبووم پێیو لەگەڵ فرۆیدیشدا باسمان کردبوو". بەڵام لەوکاتەدا ئاماژە نادرێت بەوکەسانەی پێشتر قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە کە هێلین دۆچ یەکێکە لەوان، ئەمەش هێلینی تووشی ناڕەحەتییەکی زۆر کرد.

لەدوا دانیشتنی دەروونشیکاریی هێلین دۆچ لەگەڵ فرۆیددا، فرۆید هانی دەدات کە پارێزگاری لەتەماهیکردنی لەگەڵ باوکیدا بکاتو پێیوت سوود لەمە وەردەگرێت. چونکە هێلین دۆچ تا دوا رۆژەکانی تەمەنی پیری دایکی بەکەسێکی ناچیز وەسف دەکرد و باوکی زۆر خۆشدەویست.

لەدوا ساڵەکانی کارکردنیدا گومانی لەئاستی سەرکەوتنی دەروونشیکاری لەچارەسەرکردندا کرد و زۆرجار وایدەبینی زیاتر خزمەتی پێداویستییە (نکوصیەکانی) نەخۆش دەکات.

(٣) ریس ماك برنزفیك (١٨٩٧-١٩٤٦) : یەکێك بوو لەخوێندکارەکانی فرۆید هاوکات یەکێك بوو لەو ژنانەی ئەوەندە لەفرۆیدەوە نزیکبوو ئانا فرۆیدی کچی غیرەی لێدەکرد.

رۆڵی بازنەیەکی پەیوەندی دەبینی لەنێوان دەروونشیکارە ئەمریکییەکان و فرۆیددا لەڤیەننا، ریس ژنێکی زیرەك بوو، توانای بیرکردنەوەی هەبوو ورد و رۆشنبیر بوو، بەباشی دەیخوێندەوە، بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ فرۆید مایەوە و تەنانەت رۆڵێکی گرنگی گێڕا لەسەرپەرشتیکردنی تەندروستی فرۆید، فرۆیدیش لەدانانی شوێنپەنجەی تایبەتی ریسدا لەسەر دەروونشیکاری بەردەوام سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام ریس تەنیا لەئامادەگی فرۆیددا خۆی دەدۆزییەوە و بێ فرۆید تەنیا ژمارەیەکی کەم لەپشتیوانانی، گرنگیان بەبیرۆکەکانی دەداو فرۆید ریسی بەکێبڕکێکاری خۆی نەدەزانیو بەردەوام

بیرۆکەی پێشکەشکەدەکردو نەخۆشیشی بۆ دەنارد بۆ شیکردنەوەیان. ریس یەکێك بوو لەو دەروونشکارانەی بایەخێکی زۆری بەسایکۆلۆژی دەدا، هەروەها یەکێك لەوکەسانەی کە فرۆید خۆی دەروونشیکاری بۆ ئەنجامدابوو، بەڵام لەدوای مردنی فرۆید و دایك و باوکی و کێشەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، ریس باری دەروونی و جەستەیی رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی دەچوو، بەهۆی ئالودەبوونی لەسەر خواردنی ئەفیون تووشی نەخۆشییەکانی کوشندە لە سییەکانیدا بوو. رۆژێك بەهۆی خواردنی برێك دەرمانی خەولێخەرو مورفینەوە لەناو ماڵەکەی خۆیدا بێهۆش کەوتو کەللەی سەری شکاو بووە هۆی گیان لەدەستدانی.

(٤) میلانی کلاین Melanie Klein (١٨٨٢-١٩٦٠): دەروونشیکارێکی بەتوانا بوو، بەڵام لەدوای مردنی دایکی تووشی خەمۆکی بوو، بۆیە ناچاربوو پەنا بۆ دانیشتنی دەروونشیکاری بەرێت، ئەمەش سەرەتای بایەخپێدانی بوو بەدەررونشیکاری. یەکەمین کاری گرنگی لەساڵی ١٩٣١دا بوو بەناونیشانی" دەروونشیکاری منداڵ"، لەمرۆدا راکانی بەتیۆری "پەیوەندی لەگەڵ شتەکاندا" ناودەبرێت، ئەم تیۆرە باسی ئەو رێگەیە دەکات کە منداڵ بەهۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات و لەقۆناغی جیاوازدا بۆ شتی باشو خراپ دابەشیان دەکات و لەرێگەیانەوە هەست بەخۆی دەکات.

(٥) سیمبۆلیك Symbolic یان سیستمی رەمزی، ئەم زاراوەیە بۆ کارەکانی لاکان دەگەڕێتەوە و مانای چوونە ناو جیهانی کلتوور و زمان دەگەیەنێت، فێمینیزم پێی وایە چوونە ناو سستمی رەمزی چوونە بۆ ناو سستمی باوکسالاری، چونکە قۆناغی بەر لەرەمزی ئەو قۆناغەیە کە منداڵ لەحاڵەتێکی خۆشگوزەرانی بێ وێنەدا دەژی کاتێك پەیوەندییەکی دووانی بەدایکییەوە دەیبەستێتەوە کە لاکان ناوی لێناوە قۆناغی خەیاڵیو جولیا کریستیڤا ناوی لێناوە سیمیۆتیك کە قۆناغی بەر لەزمانەو منداڵ وابەستەی جەستەی دایکیەتی، کاتێك دەچینە قۆناغی رەمزییەوە هێشتا هەر هەست بەکاریگەری قۆناغی سیمبۆلیك دەکەین لەرێگەی ئیقاع و یاریکردن بەوشە لەنووسیندا، هەندێك لەرووناکبیرە فیمینیستە فەرەنسییەکان لەو باوەڕەدان قۆناغی بەر لەرەمزی چاوگی نووسینی ژنانەیە کەوا پێناسەی دەکەن جۆرێکە لەوتاری مێینەیی هاوئاواز لەگەڵ جەستەی ژن و بوونی خۆی لەو بەشانەوە وەردەگرێت کە لەکاتی چوونە ناو سستمی رەمزییەوە دووچاری چەپاندن بوون.

(٦) یاسای باوك Law of Father ئەم چەمکەش دیسانەوە پەیوەستە بەکارەکانی لاکانەوە کە پێیوایە یاسای باوك بریتییە لەشکاندنی یەکەی غەریزەیی نێوان دایك و منداڵ، هەروەها رەمزە نێرینەییەکەی ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی ئەندامی نێرینە واتە حەرامکردنی ئارەزووی منداڵ بەرامبەر



بەدایکی، بەشێوەیەکی گشتی ئەو نیشانەیەیە کە ئاماژەدەدات بەشوێنگەی خود لەسستمی رەمزیداو لەسەر حیسابی جیابوونەوە و لەدەستچوون جەخت لەجیاوازی توخمی دەکات، هەندێك لەرووناکبیرە فیمینیزمەکان نموونەی لوسی ئێریگاری لەو باوەڕەدان ئەم یاسایە بەشێکە لەو تیۆرەی باس لەرەگوریشەی سایکۆلۆژی سستمی باوکسالاری دەکات، زۆرێکیش پێیان وایە یاسای باوك دۆخێکی سروشتی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی کلتوورییە و بەرهەمی کۆمەڵگەی باوکسالارییە.

(٧) دوروسی دینرشتاین Dorothy dinnersteing (١٩٢٣-١٩٩٢): کارەکانی بایەخێکی تایبەتیان هەبوو لەپەرەسەندنی رەخنەی فیمینیزم سەبارەت بەبابەتی دایکایەتی لە "بووکی دەریاو میناتۆر(گاپیاو): رێخستنە سێکسوالەکان و دەردی مرۆڤ"، ژنی بەبووکی دەریا چوواندووە و پیاویش بەو بوونەوەرە ئەفسانەییەی پێیدەوترێت میناتۆر واتە گاپیاو، مەبەستیشی لەم لێکچواندنە ئەوەیە کە هەریەك لەژن و پیاو خاوەنی کۆمەڵێك سیفەتی تایبەتن بەسێکسو ئەو سیفەتانەش پەیوەندییان بەیەکەوە دیاریدەکات. بووکی دەریا کە بەسەرچاوەی فریودان و کێشکردنی رێبواران دادەنرێت، ئەو جیهانە تاریکە دەنوێنێت کە ژیانی لێوە لەدایکدەبێت و ناتوانین تیایدا بژین، بەڵام گاپیاوی تۆقێنەر زەبەلاحێکە ئەقڵی نییە و بەهێزو توانای زۆرییەوە دەناسرێت و مرۆڤ هەڵدەلوشێت بێئەوەی هەست بە تێربوون بکات. دینرشتاین پێیوایە بناغەی ئەم دۆخە ترسناکە لەروانگەی زووی منداڵدا خۆی حەشارداوە کاتێك دایك بەو بوونەوەرە توانا هەمەکییە دەبینێت کە دەتوانێت تێرکردنی پێداویستییەکانی منداڵ تێربکات یان تێرنەکات، پیاوانیش لەگەورەییدا دەیانەوێت قەرەبووی ئەو ماوەیەی تەمەنیان بکەنەوە کاتێك کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی تەواوی دایکیانەوە، ئەویش لەرێگەی هەوڵدان بۆ هەژموونکردنی ژنان، بەڵام ژنان ئارەزوودەکەن بۆ تەسلیمبوون بەدەسەڵاتی خاوەن هەژموون، چونکە نایانەوێت جارێکی دی دەسەڵات بۆ وێنەی دایکایەتی بگەڕێتەوە. دینرشتاین پێیوایە هاوبەشیکردنی باوك و دایك لەچاودێریکردنی منداڵدا تەنیا رێگەچارەیەو لەکتێبەکەیدا" لایلایەی لانکەو حوکمی جیهاندا" جەخت لەم بۆچوونەی دەکات.

(٨) لوسی ئێریگاری Luce Irigaray (١٩٣٢- ): فەیلەسوفو دەروونشیکارەو پێشتر ئەندام بووە لەقوتابخانەی جاك لاکانی فرۆیدی، بەڵام دەرکرا، چونکە بوێرانە رەخنەی لەدەروونشیکاری دەگرت، ئێریگاری بەردەوام هەوڵیداوە ئەلتەرناتیڤێك بۆ هزری فەلسەفی نێرینەیی دابڕێژێتەوە کە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدایە وەك خۆی دەڵێت ژن نامۆبێت لەگەڵ خۆیدا. لەو رووەوە لەگەڵ جولیا کریستیڤاو هیلین سیسۆ لەیەکدەچن کە زمان بەمەیلی سێکسوالەوە دەبەستن.

(٩) دیکۆنستراکشن بۆ جاك دریدا دەگەڕێتەوە جۆرێکە لەرەخنەی ئەدەبی تایبەت پشتدەبەستێت بەو بیرۆکەیەی کە ئەستەمە دەق مانایەکی جێگیر و ئارام ببەخشێت، ئەگەر خوێنەر ویستی لەو دەقە تێبگات، ئەوا پێویستە سەرجەم چەمکە فەلسەفییەکان و ئەوانی دیکە لەپشت خۆیەوە جێبێڵێت.

(١٠) لۆگۆسینتریك چڕکردنەوەی بیرە لەسەر دەق بەبێ گەڕانەوە بۆ زانیـاری لەپێـشینە ئەمـەش لەپێناوی گەیشتن بەمانایەکی دیاریکراو.

(١١) کیـت میلیـت Kate Millett (١٩٣٤- ): نیگارکێش‌وپەیکـەرتاش‌و نوسـەر، میلیـت هێرشی زۆری کردەسەر ئەو نووسەرە پیاوانەی لەبەرهەمەکانیاندا هەژموونی پیاوان بەسەر ژنانـدا وەك کارێکی سروشتی وێنادەکەن، چونکە پێیوایە ئەدەب وەزیفەی ریکلام جێبەجێدەکات، بەهەمان شـێوە هێرشیش دەکاتە سەر تیۆرەکەی فرۆید کە پێیوایە فرۆید نایەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکاتە بابەتێکی جەوهەری باوو ئاسایی. هەرچەندە میلیت کۆمەڵێك بنەمای گرنگی بۆ شەپۆلی فیمینیزمی رادیکالی لەهەفتاکانی سەدەی بیستدا دانا، بەڵام بەداخەوە لەساڵی ١٩٧٣ەوە تووشی نەخۆشییەکی دەروونـی بوو، ئەمە کاریکردە سەر شێواز و ناوەڕۆکی نووسینەکانی‌و ئـەو بەرهەمانـەی بڵاویـدەکردەوە زیـاتر لەژیاننامەوە نزیك بوون، نەخۆشییەکەی یـەکێك بـوو لـەو ئەزموونانـەی لەکتێبێکیـدا بەناونیـشانی "گەشتی شێتەکان -١٩٩١" پشتی پێبەست، کە تیایدا رەخنەی لەکۆمەڵگە دەگـرت کـە بـەخراپی مامەڵەی ئەو کەسانە دەکەن کە نەخۆشی دەروونییان هەیە.

(١٢) هیلین سیسۆ Helen Cixous (١٩٣٧- ): نوسـەرو فەیلەسـوفەو مامۆسـتای ئەدەبـە لەزانکۆی پاریس‌و بەڕێوبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی فیمینیزمـە. کۆمـەڵێکی زۆری لـە رۆمـان و چیرۆك و شانۆگەری و کورتە چیرۆك‌و وتار نووسیوە، لەو باوەڕدایە جیاوازی نێوان ژن‌و پیـاو جیـاوازی بایۆلۆژیی‌و زمانەوانییە، سیسۆ هەمیشە ئامانجی لەبەرهەمەکانیداو لەو نووسینانەدا کە بە نووسینی مێ ناویدەهێنان، نواندنێکی پۆزەتیڤانەی مێیەتی بوو. سیسۆ شـێوازی نوسـینی ژنانـەی بەجەسـتەی ژنەوە پەیوەستکردووە، بۆ نموونە نووسینی بەدایکایەتی چوواندووە، بەڵام لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا خۆی بەفیمینیزم دانەناوە. هەروەها بـڕوای بـەوە هـەبووە ژن و پیـاو هـەردووکیان دەتـوانن شـێوازی نوسینی ژنانە بەکاربهێنن.

(١٣) پۆست ستراکچەرلیزم: کاری هەندێك لەبیریارانی وەك مێشیل فۆکۆ و جاك دریدا دەینـوێنن کە بایەخدەدەن بەرێگەی بەیەکداچوونی دەقەکان لەسایەی ئەو دەسـەڵاتەدا کـە مەشـروعیەت دەدات بەبابەتی دەق، بۆیە هەوڵی لێکهەڵوەشانی ئەو سستمە دەدەن کە مەشروعیەت دەبەخـشێت بۆئـەوەی ئستیك لەسەر کەلێن و دژ بەیەکە شاراوەکان بکەن، ئەم پرۆژەیە لای ژنان بایەخێکی گەورەی هەیـە،



چونکە فیمینیزم لەجەوهەردا ئینتمای بۆ پۆست ستراکـچەرلیزم هەیـە لـەرووی ئاراسـتەوە، ئەمـەش لەسەر ئەو بناغەیەی کە فیمینیزم بەردەوام بەرهەڵستی ئایدۆلۆژیی باوکسالاری باو دەکات و هـەوڵی گۆڕینی ئەو سستمە دەدات.

(١٤) بیتی فریدان (١٩٢١- ): نوسەرو فیمینیزمێکی ئەمریکییە پسپۆڕە لەبواری سایکۆلۆژیدا، سەرقاڵی کاری رۆژنامەنووسی بوو تا ئەوکاتەی بەهۆی دووگیانییەوە لەکارەکەی دەرکـرا ئـەم رووداوە زۆر کاری تێکرد و وەك خۆی دەڵێت وای لێکرد درك بەنایەکسانی لەمامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا بکـات لەکۆمەڵگەی ئەمریکیدا، سەرەتای کارەکانی کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو بـۆ سـەر لێکهەڵوەشـانی فۆرمی ژنان لەوکاتەدا کە کۆمەڵگە ژیانی نموونەیی نێو ماڵی لای ژن پیرۆز دەکرد، هـەروەها فریـدان بانگەشەی خوێندنی دەکرد بۆ رزگاربوون لەکۆتوبەنـدی ژیـانی ناومـاڵ‌و کـارکردن لـەدەرەوەی مـاڵ‌و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.

(١٥) شولامیس فایرستۆن: بانگەشـکارێکی رادیکاڵییـە بـۆ فیمینیـزم (١٩٤٤- ) لـەگرنگترین کارەکانی (دیالێکتیکی توخم)ە لەساڵی ١٩٧٠دا، تیادا هزری خۆی سەبارەت بە نایەکـسانی تـوخمی بەیان دەکات و دەڵێـت: ئـەم نایەکـسانییە لـەوەوە سەرچـاوەی گرتـووە کـە کۆمەڵگـە ئەرکـەکانی دابەشـکردووە بـۆ چـینی جیـاکراوە لـەرووی بایۆلۆژییـەوە بەمەبەسـتی زۆربـوون و زاوزێ، پێیوایـە ئازادبوونی ژن پێویستی بەشۆڕشـێکی بایۆلۆژییـە، ئەگـەر ژنـان توانییـان وەزیفـەی منداڵخـستنەوە کۆنترۆڵ بکەن ئەوە خێزان وەك یەکەیەکی بـایۆلۆژی شـیدەبێتەوەو ئەوکاتـە مـەیلی سێکـسوالی بـۆ توخمەکەی دی کارێکی سەپێنراو نابێت و ژنیش لەکارو ئەرکە قورسەکانی ناوماڵ رزگاری دەبێت.

سەبارەت بەتەکنۆلۆژی منداڵخستنەوە وتەکانی فایرسـتون بایـەخێکی تایبـەتی لای بزووتنـەوەی فیمینیزمی هاوچەرخ هەیە، چونکە لەکتێبەکەیدا بانگەشەی ئـەوەدەکات وەچەخـستنەوەی دەسـتکرد باشترین رێگەیە بەرەو ئایندەیەکی ئازاد کە پێویست ناکات ژن بەئـەزموونی دووگیانیـدا بـڕوات کـە بەپرۆسەیەکی بەربەری ناوی دەبات و لەپێناوی مانەوەی توخمـدا بـۆ ماوەیـەکی کـاتی جەسـتەی ژن دەشێوێنێت.

(١٦) ئیڤا فیگز Eva Figes: رۆماننوس‌و رەخنەگرە، لەپێشەوەی ئەو ژنانە بوو کە کتێبەکـەی بیتی فریدان (تەمومژی فیمینیزمی١٩٦٣) کـاریتێکرد، کتێبەکـەی خـۆی بەناونیـشانی(هەڵوێـستە باوکسالارییەکان١٩٧٠ ) بەیەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی ئەو ماوەیە دادەنرێت. فیگز هۆشیارییەکی قـووڵی لـەبواری مێـژوو، سـایکۆلۆژی و ئەدەبـدا هـەبوو، جیابوونـەوەی لەهاوسـەرەکەی‌و بەتـەنیا لەئەستۆگرتنی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی هانـدەرێکی گـەورە بـوو بـۆ رۆیـشتنی بەئاراسـتەی

روانگەی رەخنەی فیمینیزمیدا، هاوکات فیگز رەخنەی لەدەروونشیکاری و دامەزراوەی هاوسەرێتی گرت، لە نووسینەکانیدا باس لەرۆڵی ئایین و سستمی سەرمایەداری و فەلسەفە دەکات کە ژن وا فێردەکەن تەنیا ئارەزووی ئەو شتانە بکات کە پیاو بڕیاری لەسەر داون. سەبارەت بەفۆرمەلەبوونی ناسنامەی ژن، فیگز پێیوایە ئەم کارە بەفاکتەرە بایۆلۆژییەکانەوە پەیوەست نییە هێندەی بەندە بەپێودانگ و بارودۆخ و دەسەلاتەوە کە دەسەلاتی باوکسالاری بەردەوام ئەمانە بەهێزدەکات.

(١٧) جولیا کریستیڤا Julia Kristeva (١٩٤١- ) : دەروونشیکارو زانای زمانەوانیو تیۆردانەر و نووسەرە. کاری دەروونشیکاری دەکاتو لەفەلسەفەشدا ئیشدەکات و وانەی زمانەوانیش دەڵێتەوە لەزانکۆی پاریس، هەرچەندە زاراوەی فیمینیزم رەتدەکاتەوە، بەلام لە نووسینەکانیدا بایەخ بەجیاوازی نێوان ژن و پیاو دەدات و ئەم جیاوازییەش کاریگەری بۆسەر پێکهاتەی تاك و پێگەی لەژینگەی کۆمەلایەتیدا، هەیە

(١٨) نانسی چۆدۆرۆ nancy chodorow (١٩٤٤- ): زانایەکی بواری سۆسیۆلۆژییە، سەبارەت بەشەعبیەتی هەندێك لەرۆمانەکانی خۆشەویستیو ئەویندارى و میلۆدراماو ژیاننامەی ژنان لەنێو خوێنەرانداو ئایا بۆچی زۆر کەس پێیان خۆشە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی ژنانی ناودار بخوێننەوە؟ هەندێك را بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە، پەنایان بردۆتە بەر تیۆرەکەی چۆدۆرۆ لەسەر ئەو بناغەیەی ئەو شێوە نووسینانە، درێژەدەدەن بەپرۆسەی تەماهیکردن لەگەڵ مێدا.

سەرچاوەکان


(١) ایریغاري، لوسي، سیکولوجیة الأنوثة، ت: د. علي أسعد، دار الحوار، سورية، ٢٠٠٧،ط١

(٢) بریستو، جوزف، الجنسانیة، ت: عدنان حسن، دار الحوار للنشر والتوزیع- سوریة، ٢٠٠٧، ط١.

(٣) روزون، بول، الحریم الفرویدي، ت: د.ثائر دیب، دارالسوسن-دمشق، ٢٠٠٧، ط٢.

(٤) د. سەمعان، عەبدولحەلیم، سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی، و: سۆزان جەمال، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧.

(٥) مجموعة من الباحثین، التذکیر والتأنیث(الجندر)، ت: انطوان ابو زید، المرکز الثقافي العربي، بیروت، ٢٠٠٥، ط١.

(٦)جامبل، سارة، النسویة ومابعد النسویة، ت: احمد الشامي المشروع القومي للترجمة، قاهرة، ط ١، ٢٠٠٢





(٧) حب الله عدنان، التحلیل النفسي من فروید الی لاکان، مرکز الانماء القومي، لبنان، ١٩٩٤.

(٨) کلاین، میلاني، التحلیل النفسي للاطفال، ت: عبدالغني الدیدي دار الفکر اللبناني، ط١، ١٩٩٤.

(٩) دوبرینکوف. ف، الفرویدون الجدد محاولة لاکتشاف الحقیقة، ت: محمد یونس، دار الفارابي- بیروت، ١٩٨٨، ط١.

(١٠) www.karenhorneycenter.com

(١١) http://en.wikipedia.org/wiki/ernest-jones

(١٢) http://en.wikipedia.org/wiki/kate-millett

(١٣) http://en.wikipedia.org/wiki/Juliet-mitchll

(١٤) http://en.wikipedia.org/wiki/Dorothy-dinnersteing

(١٥) http://en.wikipedia.org/wiki/Julia-kristeva

(١٦) http://en.wikipedia.org/wiki/nancy-chodorow

(١٧) http://en.wikipedia.org/wiki/Helen-cixous

# ژن وەك نمونە

## خۆکوشتن: یاخیبوون لەژیان

**خۆکوشتن رزگاربوون نییەو مردن وەك خۆر وایە،**
**لەکاتی خۆرئاوابووندا وادەزانین ئاوابووە، بەڵام**
**لەراستیدا لەجێگایەکی دیکەی جیهان هەڵدێت**

**(مینارد)**

کاتێك هاتمە ناو دنیاوە پرسیارم لێنەکرا ئایا حەزدەکەم لەم جیهانەدا بژیم یان نا، ئایا حەزدەکەم ببم بەمنداڵی کێو چ کاراکتەرێکم لێدەربچێت، ئایا من دەتوانم رۆڵی ئەو مرۆڤە ببینم کە ملیۆنەها ساڵە لەسەر رووی زەوی دەژی؟ لەوانەیە بەناچاری فڕێدرابمە سەر زەوی هەروەك فڕێدانی پارچە ئێسقانێك بۆ بەردەمی سەگێکی برسی، لەوانەیە بەشەوقەوە لەسەر مێزی ژیان دانرابم وەك پەرداخێك شەرابی سوور، ئەگەر لەهاتنمدا بۆناو دنیا بێدەسەڵات و بێتوانا بووبووم و هیچ پرسم پێنەکرابێت من دەبم بەکێو بۆچی دەژیم و کێ زامنی بەختەوەریم بۆدەکات، ئەوا وەك مرۆڤ یان شتێك کە ناوی مرۆڤە مافی خۆمە هەڵبژاردنێکی دیکەم هەبێت، چونکە من کاتێك هیچ پرسێکیان پێنەکردم دەمەوێت کەی دروست ببم و کەی لەدایك بم و هیچ هەڵبژاردنێکم لەبەردەمدا نەبوو، کاتێکم زانی وەك ماسییەکی لوس و تەڕ لەناو ئاوێکی شێدارو نیمچە گەرم و پەردەیەکی نەرمو نۆڵەوە دوو دەستی زبر یان لەوانەیە چەند دەستێکی وشك و رەقهەڵهاتوو وەك هەر شتێك گرتیانمەوە.

بەهەرحاڵ باسی کارەساتی گریان و هاوارم ناکەم کە کەس گوێی پێنەدا، باسی روخسارو سیمای پڕ نارەزایی هەموو ئەوانە ناکەم کە چاوەڕێی منیان نەدەکردو پێیان خۆش بوو کۆرپەی ئەو ژنەی کە لێی کەوتمە خوارەوە لەتوخمی نێر بێت نەك مێ، باسی ژیانی پڕ ستەم و ئەشکەنجەشم ناکەم لەدەرەوەی منالّدانی دایکم کە زۆرجار وەك بوونەوەرێکی بەدەر لەمرۆڤ مۆڵەتی ژیانم پێدراوە، بەهەرحاڵ ئێستا مافی خۆمە بیر لەئەزموونێکی دیکە بکەمەوە، ئەویش ئەزموونی مردنە و گەڕانەوەیە بۆ بوونی ئەزەلی خۆم، بەڵام ئەمجارەیان بەدەستی خۆم و خۆم



سوڵتان و خۆم خاوەن بڕیار... ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئازادییەکی رەها بێت، ئەوا من رەهایی خۆم تاقیدەکەمەوە، چونکە منی ژن تەنیا کارێك بتوانم بەئازادی ئەنجامی بدەم کۆتایی هێنانە بەژیانی خۆم، لەم هەڵبژاردنەمدا، هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت کۆنترۆڵم بکات، ئەمە وەزیفەی مەرگە نەك ژیان، چەوسێنەرانم تەنیا لەژیانمدا دەتوانن بڕیار لەسەر وردودرشتی ژیان و چارەنووسم بدەن، بەڵام ئێستا ئەوە تەنیا خۆمم هەناسەکانی خۆم رادەگرم و کۆتایی بەوەزیفەی ژیان دەهێنم، ئەم ئەزموونە بەئازادی بەڕێدەکەم بێئەوەی چاوەڕێی پاڵپشتی پیاوو بڕیارەکانی ئەو بکەم، ئەگەرچی دوا ئەزموونی ژیانیشم بێت وەك مرۆڤ.

دەشێت ئەمانە هەندێك لەراز و وشە نەبیستراوەکانی ناخی ئەو ژنانە بێت کە خۆیان دەکوژن، تەنانەت بێئەوەی خۆشیان درکی پێبکەن.

جۆن ماکوری لەکتێبی بوونگەراییدا دەڵێت: (ئێمە کاتێك ئاوڕ لەرابردوو دەدەینەوە، یادەوەریمان بۆ چەندە دە ساڵێك بڕدەکات، پاشان وردە وردە بێهێز دەبێت و دواجار دەوەستێت، لەدایکبوونیشمان کەوتۆتە ناو ئەو پانتاییە بەتاڵەوە کە یاد تێدەپەڕێنێت. ماوەیەك هەبووە کە ئێمە تیایدا نەبووین، کاتێك سەیری پێشەوەش دەکەین ئایندەیەك دێت تیایدا ئێمە هیچ رۆڵێکمان لەرووداوەکانی دنیادا نامێنێت، هەروەك چۆن سەرەتایەك هەیە بۆ مێژووی بوونمان، بەهەمان شێوە کۆتاییەکیش هەیە کە بریتییە لەمەرگ، لەکاتێکدا سەرەتا رووداوێکی رابردووە، کە دەتوانین مێژووەکەی دیاریبکەین، بەڵام ناتوانین مێژوویەك بۆ رووداوی مەرگ دیاریبکەین کە لەئایندەدا روودەدات)[1].

تێزەکانی ماکوری سەبارەت بەمەرگ و کۆتابوونی ژیان تەواو دروستن، ئێمە دەزانین کە هاتووینەتە ناو ژیانەوە، بەڵام نازانین کەی ژیان جێدێڵین و وادەی مەرگمان دێت، وەك چۆن بەر لەدایکبوونمان ئێمە درکمان بەوادەی دروستبوون و لەدایکبوونمان نەکردووە، بەهەمانشێوە کە لەدایکدەبین درك بەوادەی مەرگو رۆیشتنمان ناکەین، ئەمانە بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا هاوجێدەبن، تەنیا ئەو مرۆڤانە نەبێت کە خۆیان وادەی مەرگی خۆیان دەستنیشاندەکەن، چونکە ئەوان مێژووی مەرگی خۆیان وەك مێژووی لەدایکبوونیان درك پێدەکەن کاتێك هێشتا لەژیاندان.

دەبێت ئەو ئەنگێزەو پاڵنەرو رەهەندانە چی بن وا لەمرۆڤ بکەن پەرۆش بێت بۆ کۆتاییهێنان یان راسترە بڵێین پچڕاندنی گەشتی ژیان و هەنگاونان بەرەو گەشتێکی تەواو جیاواز کە گەشتی مەرگەو تۆمارکردنی وادەی ئەو گەشتە کاتێك هێشتا ئەوکەسە خۆی لەژیاندایە؟

لەم بابەتەدا باس لەخۆکوشتنی ژن دەکەین لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەکاتێکدا زۆربەی زۆری خۆکوشتن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەگەر نەڵێم سەرجەمییان، خۆکوشتنێکی ئاگامەندانە نییە هزرێك لەپشتیەوە بێت، بەمانایەکی دی ئەو کۆتاییهێنانە بەژیان نییە کە کامی[٢] لەئەفسانەی سیزیفدا بەکارێکی فەلسەفی رەسەن وەسفی دەکات.

هیگل، دەڵێت: (ئەو لوتکەیەی دەبێت بیبڕین مردنە)[٣]، بەڵام کام کردن؟ کاتێك ژن مەرگ هەڵدەبژێرێت دنیایەك لەژیان چاوەڕێی دەکات، بەو واتایەی چاوەڕێی گەیشتن بەمەرگ ناکات و بەژیاندا سەربکەوێت تا دەگاتە ئەو لوتکەیە، بەڵکو راستەوخۆ بۆ مەرگ قەڵەمباز دەداتو هەنگاو بەسەر ژیاندا دەنێت، مەرگ لەخۆکوشتنی ژندا دوا ئامانج یان ئەو لوتکەیە نییە کە هیگڵ باسیدەکات، بەڵکو ژن لەژیان دەتۆرێت، بۆیە بەرەو ئامێزی مەرگ رادەکات بەرلەوەی مردن خۆی بێت لەکاتێکدا هەموو دەزانین هاتنی مردن هەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە، سوقرات[٤] وتەنی سروشت هەر لەساتی لەدایکبوونمانەوە حوکمی مردنی بەسەردا سەپاندووین.

کاتێك ژن دەیەوێت ببێتە بابەتی ئارەزوو یان راسترە بڵێین دەیەوێت بابەتێکی خواستراو بێت، ئەمە هیچ زۆر یان ناسروشتی نییە، چونکە خەسڵەتێکە لەمرۆڤداو بەشێکە لەمۆرکی مرۆڤایەتیو هەموو مرۆڤێك هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانییەوە ئارەزوودەکات بابەتێکی خواستراو، ئارەزووکراو، دان پیادانراو بێت و بوونی لای ئەوانی دی جێگەی بایەخ و گرنگی بێت، تەنانەت پڕکردنەوەی پێداویستییە بایۆلۆژییو تێرکردنی غەریزە سۆزدارییو سێکسوالەکانیش ئەوکاتە حەوانەوەی پێدەبەخشن کە هەستدەکات بابەتێکی خواستراوە، بەشێك لەفۆرمەلەبوونی خود-ی تاك لەڕێگەی دانپیادانانی ئەوانی دییەوەو دڵنیابوون لەوەی کە بابەتێکی خواستراوە، دێتەدی، دەمانەوێت خۆشەویستیمان دەستبکەوێت و خۆشەویست بین وەك چۆن ئێمە کەسانی دیمان خۆشدەوێت، دەمانەوێت ئارەزووەکانمان بەشێوەیەك تێربکەین کە هەستبکەین کەسانی خواستراوین، ئەمانە تائێستا سروشتین و بەڕێوەچوونیان بەسروشتیو بێ زەبرو ئاستەنگ دەبێتە مایەی گەشەکردنی دەروون بەشێوەیەکی تەندروست و بەهێزبوونی نەزوەی ژیاندۆستیو کرانەوە بەڕووی ژیاندا، بەڵام کاتێك کۆمەڵگە لەڕێگەی سەپاندنی یاساو دابونەریتەکانییەوە ژن دەخاتە چوارچێوەیەکی تەسکەوە و ڕێگەدەگرێت لەگەشەکردن و دەربڕین و تێرکردنی ئارەزووە سروشتییەکانیدا، ئارەزوو غەریزەییەکانی وەك مرۆڤ واتە ئارەزووکردنی بۆ ژیان و زیندەگی و خۆشەوستی و رێز و بەهادانان و داننان بەبوون و هەستکردن بەبوونیو پێگەییو تێرکردنی ئارەزووە سێکسوالەکانی لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی دووانی هاوبەشدا



نەك تەنیا وەك پێداویستییەکی بایۆلۆژیی بەحت، بەڵکو وەك پێداویستییەکی رۆحیش، لەمکاتەدا ئەم ئارەزووە سروشتییانەی ژن بەهەدەر دەبرێن و هەر بکەرێکی کۆمەڵایەتیش کە ئارەزووەکانی بەهەدەر دەبرێن، ئارەزووەکان دووچاری دۆخێکی ناسروشتی دەبنو لەرەوتی ئاسایی خۆیان لادەدەن، وەك چۆن روودانی بچووکترین گۆڕان لەجینەکاندا دەبێتە هۆی روودانی بازدانی بۆماوەییو لەسەر جەستەی مرۆڤ دەرئەنجامەکەی دەردەکەوێت بەهەمانشێوە ئارەزووەکانیش تووشی بازدانێکی ناسروشتی دەبن و دەرئەنجامەکەی لەسەر رەفتار دەردەکەوێت، چونکە بوونی هەر رێگرییەك یان رێگەگرتنێك لەدەربڕینی ئارەزوو تێرکردنیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم نەزوەکانی ژیاندا (ئیرۆس)، نەزوەی ژیان دەکەوێتە دۆخی تەنگپێهەڵچنینو لاوازییەوە، چونکە نەزوەی مردن (ساناتۆس) لەشوێن ئەو فرسەتانەدا دەگەڕێت کە نەزوەی ژیان دەکەوێتە دۆخی لەقینو شلۆقییەوە بۆئەوەی خۆی بەهێزترو پێگەی خۆی چەسپاوتر بکات، لەباری ئاساییدا ئەم دوو نەزوەیە هاوسەنگن هەرچەندە بەردەوام لەململانێدان، بەڵام کاتێك نەزوەی ژیان دەکەوێتە بەر فشار، نەزوەی مردن بەهێزدەبێت و میکانیزمەکانی لەشەڕانگێزی و وێرانکاری و رق و مردندۆستی دەکەونە کارو چالاکدەبن، ئەگەر بارودۆخ رەخساوبێت ئەمانە بەرەو دەرەوە ئاڕاستەدەکرێن، ئەگەر لەدەرەوە بەربەست هەبوو یان بوارەکانی بەتاڵکردنەوە بەرتەسكو رێگەپێنەدراو بوون، ئەوا بۆ ناوەوەی ژن دەگەڕێنەوە و ئەنگێزەی شەڕانگێزی و مردندۆستی خود- وێراندەکەن و ژن خۆی دەکوژێت.

## پێناسەی خۆکوشتن

خۆکوشتن تەنیا فرمانێك یان کردارێکی ئاسایی رۆژانە نییە، هەموو مرۆڤێك توانای ئەنجامدانی هەبێت، بەڵکو پرۆسەیەکی زنجیرەدارە بەو مانایەی سەرەتاو پلانو ئامادەسازی و هەنگاوی جێبەجێکردن لەخۆدەگرێت و تاك بۆ وێرانکردنی ژیانی بەدەستی خۆی، پەنای بۆدەبات.

مرۆڤ جیا لەهەموو زیندەوارانی سەر زەوی بەسروشتی ژیانی خۆشدەوێت، چونکە ئامانجی ژیان لای مرۆڤ تەنیا هێشتنەوەی جۆرو پاراستنی جۆری مرۆیی نییە و تەنیا کۆمەڵێك فاکتەری زیندەیی بایۆلۆژییو کیمیایی بەڕێوەیبەرێت، بەڵکو ژیان بۆ مرۆڤ مانایەکی زۆر قووڵتری هەیە، ئەمە وایکردووە بڕیاری کۆتاییهێنان بەژیان بۆ مرۆڤ کارێکی ئەستەم و دژوار بێت. دەشێت تایبەتمەندێتی ژیان لای مرۆڤ لەکاتێکدا مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەزو زمانە،

وایکردبێت خۆکوشتن ببێتە یەکێك لەخەسڵەتە ناوازەکانی مرۆڤ و بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە تائێستا هیچ ڕەفتارێکی خۆکوژی یان نزیك بەخۆکوشتن لەبوونەوەرانی دیکەی خوار مرۆڤ بەدینەکراوە، دەشێت هۆکاری ئەمەش بۆ درکنەکردنی زیندەوەرانی دیکە بێت بەئەسڵی مردن تا ئەو ساتەی بەمردنی ئاسایی بایۆلۆژی دەمرن یان دەبنە نێچیری زیندەوارانی دیکە.

خۆکوشتن بڕیاریکی خۆویستانەی تراژیدییە لەچوارچێوەی زنجیرەیەك کرداردا تاك ئەنجامی دەدات لەهەوڵدانیدا بۆ وێرانکردنی ژیانی بەدەستی خۆی بێ هیچ هاندانێك لەلایەن کەسانی دیکەوە یان بێئەوەی خۆی بکاتە قوربانی مەسەلەیەك یان بەهایەکی کۆمەڵایەتی، چونکە لەباری دووەمدا بەشەهیدبوون دادەنرێت. لەکاتی خۆکوشتندا توانای تاك بۆ نواندنی توندوتیژی دەگاتە ئەوپەڕی سنوورەکانی، بۆیە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت دەستی دەچێتە خۆی، لەبەرئەوە دەکرێت خۆکوشتن پێناسە بکرێت بە (دواهەنگاوی حاڵەتی ئازاردانی راستەقینەی دەروون و جەستە، لەمبارەدا وزەی جووڵەیی شەڕانگێزی دەگاتە ئەوپەڕی ئامانجی خۆی لەبەرجەستەبوون و دەرکەوتندا)[٥]. هەرچەندە خۆکوشتن نواندنی شەڕانگێزییەکی تا ئەوپەڕی ئەندازە بەزەبرە بەرامبەر بەخودو لەلایەن مرۆ خۆیەوە، ئەنجامدەدرێت، بەڵام فرمانێکی دوورەپەرێزانەی تاك نییە بەدەر بەکۆمەڵ، بەڵکو فرمانی تاکێکە لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا، بەو واتایەی ئەوی لەخۆکوشتن بەرپرسیارە تەنیا تاك خۆی نییە، بەڵکو کۆمەڵگەش هاوبەشە، ئەگەرچی لەم فرمانەدا ئامانج تاك خۆیەتی و دەرئەنجامی زیانەکەش هەر تاکەو جێبەجێکەریشی هەر تاك خۆیەتیو دەشێت بەلای ئەوکەسەوە باشترین بڕیاربێت لەوساتەدا. کەواتە خۆکوشتن ڕەفتارێکی تاکانەیی و کۆمەڵایەتییە، خۆشەویستیو وێرانکاریشە لەیەککاتدا، تاکانەییە، چونکە تاك خۆی ئەنجامیدەدات، کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگەش لەوبڕیارەدا هاوبەشە لەگەڵ تاك، وێرانکارییە، چونکە مرۆڤ خۆی لەناودەبات، خۆشەویستییە، چونکە تاك چی دی بەرگەی ئەو ژیانە ناگرێت کە تیادا دەژی و خۆی دەکوژێت، چونکە خۆی خۆشدەوێت و پێیوایە بەمردن لەو ژیانە ڕزگاریدەبێت.

کارێکی ئاسان نییە ئەوە یەکلایی بکرێتەوە ئایا خۆکوشتن کارێکی ئەقڵییە یان دەروونییە، چونکە ئەقڵو دەروون هەموو کاتێك کۆك نین لەسەر ئەو فرمانانەی لەسەر جەستە جێبەجێیدەکەنو هەندێجار دژی یەکدی دەوەستنو هەندێجاریش هاوڕادەبن، بەرادەیەك (ئەقڵ و دەروون هەندێجار بەشێوەیەك تێکەڵدەبن وادەردەکەون یەکێکن. کاتێك ئەقڵ بیردەکاتەوە ئەگەر دەروون ڕەزامەند و ئاسوودەبێت، ئەوا گوێی لێدەگرێت، کاتێکیش دەروون داوادەکات،



ئەگەر داواکەی دروستبێت، ئەوا ئەقڵ جێبەجێیدەکات)[٦]، دەرئەنجامیش هەر جەستەیە دەبێتە مەیدانی جێبەجێکردنی داوا و ئارەزوو و حەزە شیاو و نەشیاوەکانی ئەقڵ و دەروون، چونکە کاتێك دەروون حەز بەکارێك دەکات کە ئەقڵ ڕەتیدەکاتەوە جەستە هەر ژێردەستەیەتیو بەکاریدەهێنێت، لەوبارەشدا کە ئەقڵ پشتیوانی یاساو دابونەریتەکان دەکات و ئەو کارە بەنەشیاو دادەنێت، دیسانەوە سزای ئەوکارە هەر لەسەر جەستە پراکتیزەدەکرێت، چونکە (جەستە واقیعی ماددی خود-ە، لەبەرئەوە ئامانجی هەموو دەسەڵاتگرتنێکە بەسەر مرۆڤداو هێمای هەر سزایەکە بەسەریدا دەدرێت، جەستەیە لێی دەدرێت، ئەشکەنجە دەدرێت، زیندانی دەکرێت لەبەرامبەر ئەو فرمانانەی کە کاری جەستە یان دروستکراوی ئەو نین، بەڵکو دروستکراوی ئەو دەروونەن کە جەستەی بەکارهێناوە و قۆرغیکردووە...)[٧]، بەڵام بەگشتیی ئەو ئەگەرە زاڵە لەکاری خۆکوشتندا بەدەر لەو حاڵەتانەی ئەقڵ نەخۆشەو لەبیرکردنەوەدا شکستە، ئەقڵ و دەروون ڕێدەکەون لەسەر ئەنجامدانی فرمانی خۆکوشتن. لەخۆکوشتندا هەرچەندە جەستە وەك ماددە بەرزیان دەکەوێت، بەڵام ڕاستییەکەی دەروون و ئەقڵیش دەبنە قوربانی، لەگەڵ زاڵی ئەم بۆچوونەشدا دیسانەوە بوارێك بۆ گومان بەواڵایی دەمێنێتەوە، چونکە ئێمە نازانین ئایە خۆکوشتن هەوەسێکی دەروونەو جەستە دەکاتە گۆڕەپانی یارییەکەی یان خۆکوشتن تۆڵەکردنەوەیە لەجەستە لەبەرامبەر ئەو یارییەدا (ئەو فرمانەدا) کە دەروون لەساتێکدا خۆی هاندەری بووە، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەریی ئەقڵدا خۆیشی کۆکە لەسەر سزادانی، ئەوە دەروونە هەڵبژاردن دەکات: ئارەزوو حەزدەکات، ئەنجامدانی فرمان و سزاکان ڕەتدەکاتەوە یان رازی دەبێت پێیان جا ئەقڵ پەسەندیان بکات یان نەیانکات، چونکە لەخۆکوشتندا ئەقڵ دەسەڵاتی بەسەر ئیرادەی مرۆڤدا نییە، لەبەرئەوەی ئەقڵی دروست ئازاردانی جەستە ڕەتدەکاتەوە، بەتایبەتی ئازارێك کە ئەقڵ بەر لەجەستە و دەروون دڵنیایە لەوەی دەشێت ئەو ئازاردانە کۆتایی بەهەرسێکیان بێنێت، بەڵام ئەقڵ لەبەردەم داواکانی دەروونندا بەداوا شیاوو نەشیاوەکانەوە (بەپێی حوکمی ئەقڵی نەك دەروون) بێ توانایە لەناچارکردنی دەروون بۆ ئەنجامدان یان ڕێگەگرتن لەکارێك کە دەروون دەیەوێت، ڕاستە ئەقڵ ڕێنمایی و ئامۆژگاریی دەکات و ڕێگە پیشاندەدات و باش و خراپی هەر بڕیارێکی دەروون لێکدەداتەوە، بەڵام ئەقڵ خۆی خاوەنی (دەسەڵاتێکی پراکتیکی نییە، دەسەڵاتی بەسەر ئیرادەدا هەبێت)[٨].

سوقرات بەمشێوەیە وەسفی خۆکوشتن دەکات: (خۆکوشتن چوونە ناو جیهانی بوونە، بوونی ئایدیالی یان خەیاڵی، چونکە واقیعی سەر زەمین تەنیا سێبەری ئەو جیهانەیە...)[٩]، سوقرات بوونی راستەقینە لەبوونی پاش ژیاندا دەبینێت و ژیان بەسێبەری ئەو جیهانەدا دادەنێت، بەم پێیە خۆکوشتن لەدیدی سوقراتەوە وەك رێگەچارەیەك وایە بۆ دەربازبوون لەسێبەری ژیانو چوونە ناو ژیانی ئایدیالی راستەقینە و نەمری.

فرۆید[١٠] پێیوایە ئێمە پێویستمان بەئامانجێکە یان کۆتایی ژیانە، ئەگەر ئەو ئامانجە لەژیاندا نەبینینەوە یان بۆمان دەرکەوت ئەو ئامانجە کوێرە و هەوڵدانیش بۆی هەر کوێرانەیە ئەوا بیرۆکەی (خواستنی مردن) هەڵبژاردنێکی لۆژیکییە.

لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا خۆکوشتن پەرچەکرداری ژنە بەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمانەی لەژیاندا لێی دەکرێن، رۆح و جەستە و ئارەزووەکانی وەك مرۆڤ بەهەدەر دەبرێنو ئەمیش تەنیا بینەری بێدەسەڵاتی ئەو تراژیدیایە کە ساڵەهای ساڵ دووبارە دەبێتەوە، ژن کاتێك خۆی دەکوژێت بەقەولی سینیکا دەکات کە پێیوایە بیرکردنەوە لەمردن بیرکردنەوەیە لەئازادی و دەپرسێت: ("ژیانت بەدڵە؟ بەدڵت نییە؟ کەواتە لەکوێوە هاتوویت بۆئەوێ بگەڕێرەوە..." سینیکا خۆکوشتنی بەرێگەی ئازادی و دەربازبوون، بەکۆتایی کۆژانو ئازارەکان، داناوە، پێیوایە خۆکوشتن رێگەیەکی جوانە بە تاجە گوڵێنەی ئازایەتیو شانازی رازێنراوەتەوە)[١١].

خۆکوشتن لای ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت کۆتایی پێهێنانی ئەو ژیانەیە کە رەتیدەکاتەوە، کاتێك رێگەی لێدەگیرێت وەك کارائەکتەرێکی زیندوو رۆڵ ببینێت، ئەویش تەنیا تەماشاکردن بەبێدەنگیو ژیان بردنەسەر بەقۆڵبەستراوی و دەمبەستراوی رەتدەکاتەوە، بەو واتایەی ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت لەژیانی خۆی رازی نییە، ئەمە ئەو راستییەیە کە لەپشت بڕیاری خۆکوشتنەوەیەو مەرگ وەك تەنیا رێگەی دەربازبوون لەو ژیانەو ئازادبوونی رەها پاش مەرگ، هەڵدەبژێرێت، لەمکاتەدا خۆکوشتن رەتکردنەوەی ئیرادەی باوی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە دەگەیەنێت کە ژن ئینتمای هەیە، بۆی. ئەو ژنەی کە خۆی دەکوژێت بەم کارەی نەك تەنیا لەژیان یاخی دەبێت، بەڵکو لەو کەس یان کەسانەش یاخی دەبێت کە لەگەڵیاندا دەژی تا دەگاتە یاخیبوون و رەتکردنەوەی پێکەوەژیان لەگەڵ ئەو خێزان یان گرووپەی کە بەشێکە لێیان.

لەسەردەمەکانی زوودا خۆکوشتن رێگەچارەیەك بووە بۆ رزگاربوون لەئابڕووچوون و سەرکردەکان لەشەڕدا پەنایان بۆ بردووە کاتێك دووچاری بەزین و نسکۆ بوون، دواترو تا



سەدەی نۆزدەش ئەوکەسانەی خۆیان دەکوشت لەلایەن کۆمەڵگاوە بەشێت دادەنران، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی بواری سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی، خۆکوشتن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی بۆکرا.

بەدرێژایی سەردەمەکان و بەجیاوازی نەتەوەو گرووپە مرۆییەکانەوە دیاردەی خۆکوشتن بەنزیکی لەهەموو شوێنێکدا هەبووە ئەگەرچی رێژەی دەرکەوتن و رەهەندەکانی رووداني جیاوازبوون، بندکت[١٢] (R.Benedict 1953) ئاماژەی داوە بەبوونی خۆکوشتن بەشێوەیەکی بەرفراوان لەکۆمەڵەکانی دۆبۆ Dobu لەباشووری ئۆقیانووسی باسیفیك و کۆمەڵەکانی کواکیوتیل Kwakiutil لەباکووری خۆرئاوای کەنەدا، ئەم کۆمەڵانە بەهۆکاری جیاواز، خۆکوشتن لەناویاندا روویداوە، بۆنموونە کەسێك لەو کۆمەڵانەی خۆی دەکوژێت وەك راکردنێك لەهەڵوێستێکی ئابڕووبەر یان رزگاربوون لە گیروگرفتێکی خێزانی، یان قوربانیدان یان سزادانی مرۆڤ خۆی بەرامبەر کارێك کە هەستی بەگوناه کردووە، یان بەهۆی لەدەستدانی پلەوپایە و شوێنەوە لەناو کۆمەڵگەدا یان کەسێکی کوشتووە و ناچارە بەدوایدا خۆی بکوژێت تا دووچاری ئاشکرابوون و گرتن نەبێت. هەروەها هەندێك گرووپی مرۆیی ئەفەریقی هەن بەناوی (غانا) جۆرێك لەخۆکوشتنی سەیر لەناویاندا باوە، کاتێك کەسێك داوایەك یان قەرزێکی لای کەسێکی دیکە دەبێت ئەگەر نەیداتەوە یان بەقسەی نەکات، ئەوا خۆی لەبەردەمیدا دەکوژێت، کەسی دووەمیش لەژێر فشاری کەسانی چواردەوریدا کە تۆمەتباری دەکەن بەوەی بۆتە هۆی مردنی ئەوکەسە ناچاردەبێت خۆی بکوژێت.

لەهەندێك لەو گرووپ و خێڵانەش کە دوور لەشارستانیو ژیانی ناوشارەکان ژیاون و تارادەیەك ژیانێکی سەرەتاییان بەسەربردووە، زۆرجار خۆکوشتن وەك کارێکی قوربانی دەرکەوتووە و مرۆڤ لەپێناوی مانەوە و ژیانی کەسانی دیدا خۆی کوشتووە وەك لەهەندێك لەکۆمەڵەکانی ئەسکیمۆ Eskimo کەسانی پیرو نەخۆش خۆیان دەکوژن بەتایبەتی لەکاتی کەم خۆراکیدا تا خۆراك بەشی ئەوانی دیکە بکات و بژین، ئەمەش بەجۆرێك لەقوربانیدان بەخۆ لەپێناوی ژیانی ئەوانی دیدا، دادەنرێت. لەهەندێك شوێنیش مرۆڤ خۆی دەکوژێت وەك بەشداریکردن لەمەرگی کەسانی دیکەدا یان وەك دەربڕینی هاوخەمیو هاومەرگی لەگەڵ ئەوکەسە نزیکانەی پەیوەندی توندییان هەیە، بۆنموونە لەنێو هندۆسەکاندا بەپێی نەریتی "ساتی" ژن لەدوای مردنی هاوسەرەکەی دەبێت خۆی بکوژێت وەك وەفایەك بەرامبەری و سەلماندنی خۆشەویستی خۆی بۆی کە ناتوانێت بەبێ ئەو بژی، ئەم کارەش لەکاتی مەراسیمی

دفنکردنی هاوسەرەکەیدا دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو ژنە لەناخەوە خۆیشی نەوێت ئەو کارە بکات لەژێر فشاری دابونەریتو قسەی کەسانی چواردەوری ناچارە بیکات. لەهەندێك شوێنیش خۆکوشتن بەکارێکی پیرۆز دادەنرێت بۆنموونە کۆمەڵەکانی ساموری Samurai لەژاپۆن سروشتێکی تایبەتییان هەیە بەناوی هاراکیری Hara-Kiri، ئەوکەسەی بڕیاری خۆکوشتن دەدات لەم سرووتەدا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت و ئینجا خۆی دەکوژێت.

هلیفاکس (١٩٣٠)[١٣] جەخت لەجیاوازی نێوان رەفتاری تاك دەکات کاتێك خۆی مردن هەڵدەبژێرێت و دەیەوێت لەپێناوی ئامانجێکی کۆمەڵایەتیدا خۆی بکوژێت (قوربانیدانو شەهیدبوون) لەگەڵ ئەو خۆکوشتنەی کە تاك خۆی دەکوژێتو مەبەستی تەنیا کۆتاییهێنانە بەژیانی خۆی نەك قوربانیدان لەپێناوی بابەتێکی دیکەدا.

هەروەها شارل بلونداڵ (1932) ch.Blondal و دلماس A.Delmas[14] هەمان بیروبۆچوونیان هەیە سەبارەت بەجیاوازی لەنێوان رەفتاری خۆکوژیو وێنە هاوتاکانی ئەم رەفتارە وەك قوربانیدان و خۆکوژی و وێنە هاوتاکانی ئەم رەفتارە وەك قوربانیدانو گیانفیداکردن، خۆکوشتن لای ئەم دووانە ئەو کارەیە کە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێتو مردنی لەژیان بەئاگایی بەلاوە باشترە هەرچەندە ئەو کەسە هەڵبژاردنی دیکەش لەژیانیدا هەیە بەبێ بوونی هیچ زەرورەتێکی ئەخلاقی.

## لێکدانەوەی خۆکوشتن

### ئایا ژیان شایەنی ئەوەیە تیایدا بژی؟

### (کامۆ)

فرۆید، خۆکوشتن بەگەڕانەوەی شەڕانگێزی بۆ خود وەسفدەکات، چونکە مرۆ توانستی پێویستی نییە تا پراکتیزەی توندوتیژیی دژی غەریزەی ژیان بکات، لەم لێکدانەوەیدا پشتدەبەستێت بەگریمانەکەی سەبارەت بەپێکهاتەی سایکۆلۆژی تاك کە دوو غەریزەی دژ بەیەك لەخۆدەگرێت و بەردەوام لەململانێدان، ئەویش غەریزەی مردن و وێرانکارییە کە سەرچاوەی هەموو کارێکی وێرانکارییو رەفتارێکی شەڕانگێزییە لەگەڵ غەریزەی ژیان کە سەرچاوەی هەموو کارێکی داهێنەرانە و رەفتارێکی بیناکارو کارە پۆزەتیڤەکانە بۆ بەردەوامبوونی ژیان، بەڵام کاتێك غەریزەی مردن بەهێزتر دەبێت غەریزەی ژیان لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرەنگاری دەکات، بەڵام غەریزەی مردن زاڵ دەبێت و لەم ساتەدا مرۆڤ دەتوانێت خۆی بکوژێت، چونکە



لەمکاتەدا مرۆڤ دەبێتە قوربانی پاڵنەرە شەڕانگێزەکانی کە غەریزەی مردن دەیانبزوێنێت و لەگوزارشتکردن لێیان بۆ دەرەوە فەشەل دەهێنن و بەرەو ناوەوەو بەئاڕاستەی خود دەگەڕێنەوەو خود وێراندەکەن.

دەروونشیکاری بەجۆرێك لەخۆکوشتن دەڕوانێت کاتێك مرۆڤ لەبەرەنگاربوونەوەی پاڵنەرە شەڕانگێزەکان شکستدەهێنێت واتە خۆکوشتن دۆخی یان حاڵەتی کەسێکی لاوازو شکستە، بەڵام لەڕووی فەلسەفییەوە لای هەندێك لەفەیلەسوف و بیرمەندەکان خۆکوشتن بەهاو پێگەیەکی دیکەی هەیە، ئەلبێرت کامۆ[١٥] خۆکوشتن بەکارێکی فەلسەفی رەسەن دادەنێت و لەئەفسانەی سیزیفدا[١٦] دەڵێت: تەنیا کێشەیەکی فەلسەفی جدی هەبێت خۆکوشتنە... بەوپەڕی ئاشکراییەوە پرسیاردەکات ئایا ژیان شایەنی ئەوەیە تیایدا بژی؟

هەروەها دوستوفسکی[١٧] خۆکوشتن بەئازایەتی دادەنێت و دەڵێت: هەرکەسێك ئارەزووی ئازادی رەها دەکات پرکێشی خۆکوشتن بکات، هەرکەسێك بتوانێت خۆی بکوژێت ئەوکەسە خواوەندە. لێرەدا دوستوفسکی خۆکوشتن بەپێوەرو سەلماندن بۆ گەیشتن بەوپەڕی پلەکانی ئازادی دادەنێت کە مرۆڤ پێیبگات. لەکتێبی (برایانی کارامازوف)دا لەسەر زاری دیمتری ئەوە باسدەکات مرۆڤ دەبێت خۆی بکوژێت تا گوزارشت لە خۆشییەکانی بکات، لەئەلیۆشای برای دەپرسێت: لەوە تێدەگەیت مرۆڤ لەخۆشیدا خۆی بکوژێت؟

دوستوفسکی لەمەزیاتر دەڕوات و بیرۆکەی دروستبوونی ئەم جیهانە و بوون بەهەموو روخسارەکانییەوە رەتدەکاتەوە، لەسەر زمانی ئیڤان کارامازوف، دەڵێت: ئەم گەردوونە لەڕووی ئەنجامە کۆتاییەکانییەوە قبووڵ ناکەم، کە خواوەند دروستیکردووە، ئەوە خواوەند نییە کە من قبووڵی ناکەم، بەڵکو من ئەو جیهانە قبووڵ ناکەم کە خوڵقاندوویەتیو ناتوانم زۆر لەخۆم بکەم بۆ قبووڵکردنی.

بەڵام شوبنهاور[١٨] خۆکوشتن بەکارێکی تەواو گومڕایانە وەسفدەکات، چونکە پێیوایە خۆکوشتن تەنیا بوونی روکەشی مرۆڤ لەناودەباتو شتێکە لەناو بوونێکدا روودەدات و ژیان و ئیرادە کاریان تێناکرێت، هەرچەندە بڕوای وایە دوا دەروازەی قوتاربوون خۆکوشتنە، بەڵام هاوکات پێیوایە هەرگیز خۆکوشتن ناتوانێت بەسەر ئەستەمیو ناخۆشییەکانی ژیاندا زاڵبێت و تەنیا ملکەچبوونێکی تەواو بۆ ئەقڵ و مەعریفە لەتوانایاندایە ئەو ئەستەمییانە برەوێننەوە. هاوکات خۆکوشتن بەکارێکی تاکانەیی دادەنێت، چونکە ئیرادەی ژیان بەسەر توخمی مرۆییدا

بەردەوامە و ژیان پێکەنینی بەخۆکوشتن دێت و بەدەم مردنەوە زەردەخەنە دەیگرێت، چونکە بەدوای هەر خۆکوشتنێکدا بەهەزارەها منداڵ لەدایکدەبن.

خۆکوشتن لای نیتشە[١٩] کە بەمەرگی ئیرادی ناوی دەهێنێت مردنێکی جوانەو کارێکی جوامێرانەیەو پێیوایە تەنیا کەسانی بەهێزو ئازا دەتوانن خۆیان وادەی جێهێشتنی ژیانیان دیاریبکەن و ئەمە ئاماژەیە بۆ ئازادی و بۆ ئیرادەی پۆڵایینی ئەوکەسانەی کە نازانن نسکۆ چییە و رووبەڕووبوونەوەی خاڵقە. نیتشە لە زەردەشت وای وت، دەڵێت: (لەکاتی گونجاودا بمرە، من ئامۆژگاریت دەکەم مردنێکی وەك مردنەکەی من بمرە، مردنی ئیرادی کە دێت بۆلام، چونکە من خۆم دەمەوێت، ئازادبە بۆ مردن و لەمردندا ئازادبە).

پاشان ئەمیل دورکهایم[٢٠] یەکەم کەس بووە ئاماژەی بەخۆکوشتن داوە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ لێکدانەوەی خۆکوشتن دوو تیۆری کردۆتە بناغە، یەکەمیان:"پەیوەندی نێوان ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت بەسستمی کۆمەڵایەتیو نەبوونی توانای خۆگونجاندن لەگەڵیاندا"، کاتێك کۆمەڵگە هەندێك پێودانگ و بەهاو چەمك لەدەستدەدات کە پەیوەستن بەیەکێتیو یەکبوون و خۆشەویستی نێوان تاکەکان یان کاتێك ئەو بەهایانە بەرەو لاوازی دەڕۆن، تاك هەست بەتەنیاییو بێکەسی دەکات و کاتێك دووچاری قەیرانێك دەبێت هەستدەکات تەنیایەو بەتەنیا خۆیشی بەرپرسیارە لەژیانی خۆییو تەنیا خۆی خاوەن بڕیارە لەکۆتایی هێنان بەژیانی خۆی،دووەمیان: "خۆکوشتن پەیوەست دەکات بەو گۆڕانکارییە خێرایانەوە کە بە سەر کۆمەڵگەدا دێن و مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵیاندا خۆی بگونجێنێت" ، ئەو بارودۆخە کتوپڕانەی بەسەریدا دێن یان ئەو گۆڕانو پێشکەوتنانەی کە بەسەر گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دێن بۆ نموونە لەکۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا کاتێك تاك لەدۆزینەوەی فرسەتی کارو بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانی بەندن بەدواڕۆژییەوە شکستدێنێت. هەروەها دورکهایم زیاتر خۆکوشتن تەنیا بۆ فاکتەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە بەدەر لەفاکتەرە دەروونییەکانی کە کاردەکەنە سەر تاك و پاڵی پێوەدەنێن تا بڕیاری خۆکوشتن بدات، دورکهایم باسی پەیوەندی تاك بەکۆمەڵەوە و کاریگەری کۆمەڵ بۆسەر تاك کردووە، بەڵام پشتی بەسایکۆلۆژی یان شیکردنەوەی دەروونی نەبەستووە.

کارل منجر[٢١] کە بەشوێنکەوتووانی قوتابخانەی فرۆید دادەنرێت، رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەلێکدانەوەی خۆکوشتنداو کاری خۆکوشتنی بەچەند هەنگاوێك راڤەکردووە کە دواتر ئاماژەیان پێدەدەین، بەڵام لیون مینارد لەکتێبی (خۆکوشتن و ئەخلاق)دا دەڵێت: (ئێمە



ناتوانین لەنێوان مردن و ژیاندا هەڵبژاردن بکەین)[٢٢] مرۆڤ مردن هەڵنابژێرێت، چونکە ئەوە بەهەڵبژاردن دانانرێت کە دوای خۆی هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە نەبێت، بەڵکو هەڵبژاردن لەبواری هەست و زیندەگیدا دەکرێت، لەنێوان تواناو ئەگەرەکانی لەناو ژیاندا هەن، چونکە ئەمانە سەرجەمیان لەسنووری ژیاندا کۆبوونەتەوە، بەڵام هەڵبژاردن لەنێوان دوو جیهانی جیاوازو دوور و نزیك لەیەك کاتدا ئەستەمە، ئێمە نازانین جیهانی دووەم کە مردنە چۆنەو وەزیفەی مردنمان تاقینەکردۆتەوە و نازانین ئەرك و مافەکانمان لەو جیهانە تەماوییەدا چۆن دەبێت، بەڵام وەزیفەی ژیان تیایدا دەژینو ئەزموونی ئەگەرەکانی ناو بواری ژیان دەکەین و دەتوانین لەنێو بوار و ئەگەرەکانی ژیاندا هەڵبژاردن بکەینو ئەرکی رازیبوون و رەتکردنەوە پراکتیزەبکەین، کەواتە مەحاڵە بتوانین لەسەر تای تەرازوویەك لەژیان و مردن پێکەوە بڕوانین، هەروەها مینارد بوونی تەنیا فاکتەری کۆمەڵایەتی بۆ خۆکوشتن رەتدەکاتەوە و ئاماژەدەدات بەفاکتەری دەروونیشو پێیوایە ئەوکەسەی خۆی دەکوژێت بەتەنیا لەبەردەم خۆیدا دەوەستێت و زۆرانبازی لەگەڵ قەدەری خۆیدا دەکات، بۆتە نمایندەی نواندنی تراژیدیای تایبەتی خۆی، بەمشێوەیە هیچ کەسێك ناتوانێت دەستوەربداتە ناو ئەم قەدەرەوە و ئەم دۆخە بگۆڕێت لەکاتێکدا هیچ شتێك بەدیناکرێت، تەنیا شت ئەو خود-ە دابڕاوەیە کە لەهەموو جیهانی دەوروبەری دوورە پەرێزە و دەیەوێت بە یەکجارەکی پەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێت.

مینارد خۆکوشتن رەتدەکاتەوە و هیچ سوود و قازانجێکی تیادا بەدیناکات و بەڵکو بەخەونێکی ساختە یان خەیاڵ وەسفیدەکات، بۆیە دەڵێت: خۆکوشتن رزگاربوون نییە و مردن وەك خۆر وایە کە لەکاتی خۆرئاوابووندا وادەزانین ئاوابووە، بەڵام لەراستیدا لەجێگایەکی دیکەی جیهان هەڵدێت، لەبەرئەوە خۆکوشتن یان مردنی ئیرادی تەنیا رزگاربوونێکی ساختەیە لەم جیهانە ئازاراوییەدا.

هەرچی لێکدانەوەی میلانی کلاینە[٢٣] بۆ خۆکوشتن، ئەوا هەردوو فاکتەری سایکۆلۆژی و کۆمەلآیەتی لەخۆدەگرێت و پێیوایە خۆکوشتن پەیوەندی بەهاوسەنگی دەروونی مرۆڤەوە هەیە و رەگوریشەی ئەم هاوسەنگییەش بۆ ساڵانی یەکەمی تەمەن دەگەڕێنێتەوە کاتێك منداڵ درك بەجیاوازی نێوان شتە باشو خراپەکان دەکات.

بەپێی لێکدانەوەی کلاین یەکەم ساڵی تەمەن لەداڕشتنی کەسێتی تاك و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ماوەیەکی هەستیارو یەکلاییکەرەوەیە، چونکە منداڵ لەم ماوەیە بەشتە باشو شتە خراپەکانی ئاشنادەبێتو لەنێوان ئەم دوو جیهانەدا دەکەوێتە ململانێوە، جیهانی

شتە باشەکان کە دڵنیایی پێدەبەخشن وەك سنگێکی باش یان دایکێکی باش کە دەزانێت منداڵەکەی لە چ کاتێکدا پێویستی بەخۆراکە و باوەشێکی بەسۆزو دەنگێکی هێمن کە بەدەربێت لەنۆرەی توڕەبوون و سەپاندنی فەرمان و لەسەرووی ئەمانەوە دەشێت تەنیا بوونی دایك خۆی کە سەرچاوەی بایەخپێدانی منداڵە ببێتە مایەی دڵنەوایی منداڵ تەنانەت ئەگەر هەموو کاتێکیش ئەو دایکە باشە نەبێت، هاوکات لەبەرامبەردا جیهانی دووەم بیرکردنەوەیە لەوشکبوونی ئەم سەرچاوەیە یان ونبوونی لەناکاوی دایك، ئەم خەیاڵانە ترسێکی گەورە لای منداڵ دروستدەکەن چۆنێتی زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەدا کاردەکاتە سەر کەسێتی منداڵ لەئایندەدا، هەروەها جۆری پەیوەندی منداڵ بەجیهانی دەرەوە کە سەرەتا بوونی دایك بەرامبەر تەواوی ئەو جیهانەی دەرەوەیە، کاریگەرییەکی گەورەی بۆسەر هاوسەنگبوونی جیهانی ناوەوەی منداڵ هەیە، چونکە منداڵ لەپەیوەندییەکانیدا و لەڕێگەی پاڵنەرە بزوێنەر و خەیاڵەکانی خۆیەوە ئەوشتانە جیادەکاتەوە کە پێویستە پێیان رازیبێت ئەوانەش کە بەهەرەشەیان دادەنێت، ئەمانە وای لێدەکەن ناچاربێت لەجیهانی دەرەوە بەشوێن ئەو شتانەدا بگەڕێت کە دڵنیای دەکەنەوە و ئەو شتانەش کە دەبنە مایەی دڵەڕاوکێ خۆی لێیان دووربخاتەوە، کاتێکیش هاوسەنگی ناوەوەی منداڵ بەدیدێت کە شتە باشەکان بەسەر شتە خراپەکاندا سەردەکەون باسی ئەمانەمان بۆیە کرد، چونکە پەیوەندی بەهێزیان بەخۆکوشتنەوە هەیە، بەپێی لێکدانەوەی کلاین (من) لەڕێگەی خۆکوشتنەوە بەشوێن کوشتنی شتە خراپەکاندا دەگەڕێتو لەهەمان کاتدا رزگارکردنی شتە باشەکان، لەدەرەوەبێت یان لەناوەوەی (من) بێت، خۆکوشتن رێگە خۆشدەکات بۆ یەکگرتنی (من) لەگەڵ شتە باشەکاندا، ئەوشتانەی لەماوەی گەشەکردنیدا لەگەڵیاندا تێکەڵ بووەو تەماهی لەگەڵدا کردوون، بۆنموونە تەماهیکردن لەگەڵ دایکێکی خراپ، لەمبارەدا خۆی دەکوژێت بۆ رزگارکردنی من-ی خۆی لەو من-ەی لەگەڵ دایکدا تەماهیکردووە یان بۆ پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو جیهانە دەرەکییەی بەپێی فانتازییەکانی منداڵی، خۆی لەدایکدا دەبینێتەوە، یان تەماهیکردن لەگەڵ دایکێکی باشو تەماشاکردنی خۆی وەك کەسێکی خراپ، خۆی دەکوژێت بۆ رزگارکردنی ئەو من-ە باشەی لەگەڵ دایکدا تەماهیکردووە و بۆ رزگارکردنی لەمن-ی شەڕانگێزی خۆی، بەکوشتنی خۆی پێیوایە ئیدی لەو جیهانە باشە دانابڕێت کە خۆی لەدایکدا دەنوێنێت، بەڵام لێکدانەوەیەی کلاین دەشێت لەو رەخنانە بەدوور نەبێت کە داوای راڤەکردنی زیاتر دەکەن، چونکە نازانرێت ئەم لێکدانەوەیە تا چەند کاریگەری دەبێت کاتێك کەسێتی تێروتەواو دەبێت و گەشەی دەماریی —دەروونی-



ئەقڵی هاوشانی یەکدی بەرێوەدەچن و مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی ئەقڵو زیرەکی مێشکییەوە جیاوازی نێوان چاکەو خراپە بکات واتە بیربکاتەوە نەك تەنیا خەیاڵەکانی بیبزوێنن، واتە کاتێك فەنتازکانی قۆناغی منداڵی شکست دێنن و لەلێکدانەوەی ئەزموونەکاندا کاریان پێناکرێت بەڵکو رێگە بۆ هێزی لۆژیك لەهزردا خۆشدەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرێوەبەرێت.

بەپێی هزری کامۆ لێکدانەوەی میلانی کلاین بۆ خۆکوشتن نوقسانی دێنێت، چونکە خۆکوشتن تەنیا بەند نییە بەزاڵبوونی هێزە شەڕانگێز و هێزە باشەکان یان پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا، بەڵکو پرسیارەکە لەوە قووڵترە و لەهزر و لۆژیکدایە و بەشوێن وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت ئایا ژیان شایستەی ئەوەیە تیادا بژی تا ئەو ساتەی چۆن بێ پرس هاتیتە دیناوە هەروەهاش ژیان جێبێڵیت، یان مرۆڤ پێویستە خاوەنی ئارەزوو فیکرێکی وابێت ئەگەر ویستی بەئیرادەی خۆی سنوورەکانی هەناسەی دابخات و دەست لەوەزیفەی ژیان بکێشێتەوە و بەردەوامبوون رەتبکاتەوە و بێ ترس هەنگاو بۆ ناو جیهانێکی نادیار بنێت کە دەشێت ئەمە وەزیفەی دیکە لەئەستۆبگرێت.

لەلێکۆڵینەوەیەکی نوێشدا کە پرۆفیسۆر ئاندریاس دیکمان ساڵی ٢٠٠٠ لەزانکۆی برن[٢٤] ئەنجامیداوە لەو باوەڕەدایە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان لەژێر کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی و کۆمەڵگەی بەکاربەردا، گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە ، ئەمانە وایانکردووە ژیان ئاڵۆز بێت، هەندێك کەس هەوڵدەدەن لەگەڵ ئەم پێکهاتە تێکچرژاوەدا بڕۆن و ژیان بەسەر بەرن، هەندێکیش شکستدەهێنن و ئازار دەچێژن، لێرەوە قۆناغەکانی خەمۆکی وردە وردە دەستپێدەکات تا دەگاتە خۆکوشتن.

## توخمەکانی خۆکوشتن

کارل منجر(K.Menninger)[٢٥] پشتەبەستن بەغەریزەی مردن لای فرۆید لێکدانەوەیەکی نوێی بۆ رەفتاری خۆکوشتن پێشکەشکرد بەو پێیەی خۆکوشتن شێوەیەکی تایبەتییە لەمردن و لەسێ توخمدا کورتیکردۆتەوە

١- ئارەزوو بۆ کوشتن Wish to kill: ئەم ئارەزووە لەمنەوە دەردەچێت، ناوەڕۆکی ئەم ئارەزووە ئەنگێزەیەکی شەڕانگێزییەو بۆ ویژدانێکی بارگاوی بە رقوکینە دەگەڕێتەوە، ئەو کەسەی خاوەنی ئەم ویژدانەیە حەز بەنواندنی شەڕانگێزی بەرامبەر ئەوی دی سووککردنی و پەراوێزخستنی و وێرانکردنی و تۆڵەکردنەوە لێیو رزگاربوون لێی دەکات.

٢- ئارەزوو بۆ ئەوەی بکوژرێت Wish to be Killed: ئەم ئارەزووە لەمنی باڵادا خۆی جێگیردەکات، ئەو کەسەی ئەم ئارەزووە بۆ رەفتاری خۆکوشتن پاڵی پێوەدەنێت، کەسێکە خاوەنی ویژدانێکی زیاد لەپێویست هەستیارەو هەستکردن بەگوناه و سەرزەنشتکردنی خود و تۆمەتبارکردنی و سووککردنی و ئازاردانی خود بەسەریدا زاڵە، هەروەها چێژدەبینێت لەئازارچەشتن و ملکەچبوون و تەسلیمبوون و بێدەسەڵاتی، واتە ئەنگێزەی مازۆشی بەسەریدا زاڵە.

٣- ئارەزووی مردن Wish to dieو پێشوازیکردن لەمردن، ئەم ئارەزووە بەگشتی لەئەودا لەدایك دەبێت، ناوەرۆکی ئەم ئارەزووە غەریزەی مردن و وێرانکاری و نائومێدی و ونبوون، دروستی دەکات، ئەو کەسەی ئەم ئارەزووە لای بەهێزە خاوەنی ویژدانێکە بارگاوی بەترس و بێ ورەیی و بێ هیوایی و هەستکردن بەشەکەتی و بێ بەهایی ژیان و زیندەگی.

ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت دەشێت یەکێك لەم ئارەزووانە یان هەرسێکیان ببنە پاڵپشتی بۆ رەفتاری خۆکوشتنەکەی.

## وێنەکانی خۆکوشتن

وێنەکانی یان جۆرەکانی خۆکوشتن بەجیاوازی توخمەکانی رەفتاری خۆکوشتن دەگۆڕێت، بەزاڵبوونی هەریەکە لەوسێ توخمە وێنە یان جۆری خۆکوشتنەکە جیاواز دەبێت، دورکهایم[٢٦] خۆکوشتنی لەسێ وێنەدا پۆلینکردووە:

**١- خۆکوشتنی ئەویترخوازانە altruistic**

ئەمجۆرە خۆکوشتنە لەو گرووپانەدا دەردەکەوێت کە ئەندامەکانی تاکانەیی خۆیان لەدەستداوە و تەنیا لەرێگەی بوونی ئەو گرووپ یان کۆمەڵگە یان نەتەوەیی ئینتیمایان هەیە بۆی درك بەبوونی خۆیان، دەکەن، واتە من لای ئەوان سڕاوەمەتەوە و لەئەوانی دیدا دەبینرێت، مرۆڤ لەم گرووپانەدا لەپێناوی خۆیدا یان لەبەرخۆی، خۆی ناکوژێت بەڵکو کۆئەقڵی گرووپ هانیدەدەن بۆ خۆکوشتن وەك لەکاتی جەنگو شەڕەکاندا روودەدات، ئەم خۆکوشتنە وەك جۆرێك لەچەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە مرۆڤ وەك تاکێکی سەربەخۆو بۆ خۆی بیرناکاتەوە هێندەی ئەوەی ئەقڵی گرووپەکەی بڕیار لەسەر ژیان و قوربانیدانی بەخۆی، دەدات.

**٢- خۆکوشتنی منخوازانە egoistic**

کاتێك رایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لاوازدەبنو مرۆڤ دوورەپەرێز لەکۆمەڵگە یان گرووپ یان خێزانەکەی تووشی خۆخواردنەوە و نامۆیی دەبێت و توانای خۆگونجاندن لەگەڵیاندا



لەدەستدەدات و شکستدێنێت لەگەڕانو درککردن بەپاڵنەرەکانی ژیان و بەردەوامبوون لەژیاندا، بەواتایەکی دی جیهانی مردن و جیهانی زیندەیی وەك یەك دەبێت لایی‌و هەستدەکات لەم ژیانەدا خۆی نادۆزێتەوە و تەنیایە، خۆی دەکوژێت، دورکهایم ئەوەشی روونکردۆتەوە ئەم وێنەی خۆکوشتنە لەو کەسانەدا زۆرە کە هاوسەرێتیان نەکردووە یان کردوویانە و جیابوونەتەوە یان گەیشتوونەتە قۆناغی پیربوون و خانەنشینی‌و هەست بەتەنیاییەکی کوشندەو بێکەسی دەکەن. ئەمەش وایلێکردووە بگاتە ئەو دەرئەنجامەی ژیان لەچوارچێوەی خێزانێکی گونجاوو بەختەوەردا یەکێك بێت لەرێگەکانی خۆپاراستن لەخۆکوشتن.

**٣- خۆکوشتنی ئەنارشیزمیانە anomic**

ئەم خۆکوشتنە بەزۆری کاتێك روودەدات کە ئەندامانی کۆمەڵگە یان گرووپ بەقەیرانی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئابووری یان سیاسی یان رەفاهییەتی کتوپڕدا دەڕۆن، واتە کاتێك سستمە کۆمەڵایەتییە باوەکان لەکۆمەڵگەدا لەناکاو دووچاری پشێوی و گۆڕان دەبنەوە و کاتێك بەهاوچەمکە کۆمەڵایەتی‌و کلتوری‌و رۆشنبیرییەکان باری سەقامگیری لەدەستدەدەن و دەلەقێن، یان لەکاتی جەنگ و ئەو رووداوە گەورانەی فشاری دەروونی دەخەنەسەر مرۆڤ و توانای خۆراگری و خۆگونجاندن و راهاتن لەگەڵ دۆخە نوێ یان کتوپڕەکەدا لەدەستدەدەن.

هەروەها جۆرێکی یان وێنەیەکی دیکە لەخۆکوشتن هەیە پێی دەوترێت خۆکوشتنی درێژەوەبوو [27]extended suicide، لەم خۆکوشتنەدا کەسی خۆکوژ بڕیاردەدات خۆی بکوژێت و کۆتایی بەژیانی هەموئەوانەش بێنێت کە پەیوەندی مرۆیی بەهێزی پێیانەوە هەیەو بەدرێژکراوەی خۆیان دادەنێت، بۆ نموونە باوکێك ژنەکەی‌و منداڵەکانی، یان ژنێك هاوسەرەکەی و منداڵەکانی دەکوژێت و دواتر خۆیشی دەکوژێت، بەو بەهانەیەی کە نایەوێت دوای خۆی ئەو کەسە نزیکانە ئازاربچێژن یان پێیوایە لەکێشەیەکی گەورە رزگاریان دەکات، یان کاتێك نائومێد دەبێت لەرزگارکردنیان.

## رەهەندەکانی خۆکوشتن

لەبەرئەوەی خۆکوشتن پرۆسەیەکە ئامانجەکەی کۆتاییهێنانە بەژیان و دەرئەنجامەکەشی هەر ئەوەیە، ئەوا ئەو کەسە لەدوای ئەنجامدانی لەژیاندا نەماوە تا بەدواداچوون و توێژینەوەی لەگەڵدا بکەین و بزانین بۆچی خۆی کوشتووە، لەبەرئەوە دیاریکردنی ئەو رەهەندە سەرەکییانەی لەپشت کاری خۆکوشتنەوەن کارێکی ئەستەمە، ئەوەی لەبەردەستدایە تەنیا لێکۆڵینەوەیە

لەگەڵ کەسانی نزیك لەو ژنەو ئەو پەیامەی دوای خۆی جێیدەهێڵێت کە مەرج نییە هەمیشە ژن لەدوای خۆی ئەو پەیامە بەجێبێڵێت کە تیایدا ئاماژە بەهۆکاری خۆکوشتنەکەی بکات، بەڵکو بەزۆری هیچ شتێك جێناهێڵن، هەندێجاریش بەشێوەیەکی ئاڵۆزو تەمومژاوی ئەو پەیامە جێدەهێڵن یان تیایدا ئاماژە بەپاڵنەری سەرەکی خۆکوشتنیان ناکەن لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئەو حاڵەتانەش هەیە کە خێزانی ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت ئەو پەیامە ون دەکات بۆئەوەی کەسە نزیکەکانی ئەو ژنە تووشی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان لێپرسینەوەیەکی یاسایی نەبن یان لەبەر مەسەلەی ناوو ناوبانگی ژنەکەو خێزانەکەی.

دەبێت ئەو رەهەندانە چی بن لەپشت کرداری خۆکوشتنەوە بن و پاڵ بەو ژنەوە بنێن لەساتێکی گەردوونی دیاریکراودا دەست لەوەزیفەی ژیان بکێشێتەوە و خۆی بۆ پرۆسەیەکی تراژیدی تەرخان بکات کە وەزیفەی مەرگە؟

کاتێك مرۆڤ وادەی مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێت جیاوازە لەوکاتەی کە ئاسایی دەمرێت، لەوساتەدا واتە لەحاڵەتی دووەمدا مرۆڤ چەندە لەمەرگیش نزیك بێتە هیوا بەژیان لەدەستنادات، چونکە ئامانجی ژیان زاڵە، بەڵام لەحاڵەتی خۆکوشتندا ئەو مرۆڤە هەرچەندە بەدەستی خۆی ژیانی خۆی کۆتایی پێدەهێنێت و دەتوانێت درەنگتر ئەوە بکات یان نەیکات، بەڵام هیوای بەژیان نەماوە و ئامانجی مەرگە، ئەمە ئەو ساتەیە کە لەنێوان مەرگ و ژیاندا هەیە و دەشێت تەنیا ئەو کەسانە هەستی پێبکەن کە بڕیاری خۆکوشتن دەدەن.

بەرلەباسکردنی رەهەندەکانی لەپشت کاری خۆکوشتنەوەن جێی باسە ئاماژە بەوەبدەین خۆکوشتن لەڕووی رەهەندەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازییەکی زۆر هەیە ئەگەرچی هەموویان لەیەك ئامانجدا یەکدەگرنەوە کە کۆتایی هێنانە بەژیان.

نابێت ئەو راستییە گرنگە فەرامۆش بکەین خۆکوشتن پەیوەندییەکی بەتینی بەکلتووری ئەو کەسەوە هەیە کە خۆی کوشتووە لەهەموو روویەکەوە، هەر لەدابونەریت و بیروباوەڕەوە ئەو چەمك و بەهایانەوە کە تاك لەسەری گەورەبووە و راهاتووە بۆ شێوازی پەروەردە و ئاستی خوێندن و مەعریفەو رۆشنبیری ئەو کەسەو تا دەگاتە نۆرم و یاسا و شێوازی ژیان لەو رووبەرە فیزیکییەی ئەو کەسە لەسەری دەژی لێرەشەوە رەهەندەکانی خۆکوشتن لەژنان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی جوگرافی و لەکۆمەڵگەیەکیشدا لەخێزانێکەوە بۆ خیزانێکی دی و لەژنێکەوە بۆ ژنێکی دی جیاوازی گەورەیان هەیە.



د. مەکرەم سەمعان لەکتێبەکەیدا بەناوی (کێشەی خۆکوشتن) ئاماژەی داوە بەوەی رێژەی خۆکوشتنو هەوڵەکانی لەنێو کەسانی زانکۆییداو ئەوانەی بڕوانامەی بەرزی خوێندنیان هەیە (لەژنو پیاودا) دەگاتە ئەوپەڕی، پاشان رێژەی خۆکوشتن لەو کەسانەدا کە ئاستی خوێندەوارییان مامناوەندییە دەگاتە نیوە، بەڵام رێژەی هەوڵەکانی خۆکوشتن هەروەك خۆی لەنێو هەردوو چینەکەدا دەمێنێتەوە، پاشان رێژەی خۆکوشتن بەدابەزینی ئاستی خوێندن کەمدەبێتەوە. ئەو خۆکوشتنەی لەم توێژانەدا روودەدات جیاوازن لەنێو یەکدیدا، وەك ئاشکرایە تا پلەی خوێندن و ئاستی رۆشنبیری تاك بەرزبێت زیاتر هەستیار دەبێت و کاتێك شوێن و پێگەی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر هەڕەشە، زیاتر کاریگەر دەبێت، گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ململانێو پێگە و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کاریتێدەکەن و کاتێك کۆمەڵگە بەگۆڕانی خێرادا تێدەپەڕێت، ئەم کەسانە زیاتر دەکەونە بەرهەڕەشەی ململانێ لەنێوان دۆخە کۆن و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە نوێکاندا، هەندێجاریش ئەوە روودەدات ئاستی خواستەکانی رۆشنبیر بەرزترە لەئاستی ئەو واقیعەی تیایدا دەژی و ئەوەش تووشی نائومێدی و نامۆیی دەکاتو هەندێجار لەرێگەی خۆکوشتنەوە یاخی دەبێت. بەڵام ئەوەی لەماوەی کارکردنم لەسەر ئەم بابەتە تێبینیم کرد زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ژنان لەنێو ژنانی نەخوێندەواردا روویداوە و ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

ئەو ژنانەی لێرە خۆیان کوشتووە دەکرێت لەڕووی رەهەندەوە بکرێن بەسێ گرووپەوە:

گرووپی یەکەم: ئەو ژنە بەدبەختانەن کە ئەسڵەن بڕوایان بەخۆکوشتن نییە و تەنانەت لەسزاکانی خۆکوشتن لەڕووی ئایینییەوە سڵدەکەنەوە، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ خۆکوشتن کە ئامانجی دیکەی هەیە (لەشوێنێکی دیکەدا بەدرێژایی باسکراوە)، دەبێتە هۆی گیانلەدەسدانیان بەهۆی سەختی برینو زۆری رێژەی سوتاوییان کە بەزۆری لەڕێگەی خۆسووتاندنەوە هەوڵی خۆکوشتن جێبەجێدەکەن، هەربۆیە هەوڵی خۆکوشتن دەبێت بەخۆکوشتنی راستەقینەو لێرەوە ئەو ژنە ئامانجەکەی لەئازاردانی جەستەی خۆی نایەتەدی و خۆی بەتەواوەتی دەبێتە قوربانی.

گرووپی دووەم: ئەو ژنانەن کە نەخۆشی ئەقڵییان هەیە و هاوسەنگی دەروونی و کۆنترۆڵکردنی لۆژیکیان لەدەستداوە و دەورووبەر فەرامۆشیکردوون یان تووشی پشێوی دەروونی توندبوون و دەورووبەر درکی پێنەکردوون، لەدەرئەنجامەکانی هەندێك لەو حاڵەتانە خۆکوشتنە.

گرووپی سێیەم: ئەو ژنانەن کە نەخوێندەوارن یان خوێندەوارن، بەڵام بەزۆری خاوەنی کارو پیشەو ئابوورییەکی سەربەخۆ نین، لەبێدەسەڵاتیاندا لەغیابی پشتیوانی و هاوسۆزی و نەبوونی

فریادرەسێك بۆ رزگارکردنیان لەو میحنەتە کۆمەڵایەتییانەی تیایدا دەژین و گەورەیی قەبارەی ئازارو ئەشکەنجەکانیان، خۆیان دەکوژن و مەرگ بەرزگاربوون دادەنێن لەو ژیانەی هەستدەکەن جێگەی ئەمانی تیادا نابێتەوە.

بەکارهێنانی ژن لەسولّحە عەشایەرییەکاندا و تەماشاکردنی وەك ماددەیەك بۆ قەرەبووکردنەوەی قەرزێك یان خوێنی پیاوێك یان دۆڕاندنی لەیارییەکانی قوماردا یان لەنەریتی ژن بەژن و گەورە بەبچووکدا یان لەحاڵەتەکانی ژنهێنانەوە بەمەبەستی منداڵبوون یان لەتەمەنی پیریدا بەمەبەستی خزمەتکردن، لەسەرجەم ئەمانەدا ژن وەك شتێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت نەك وەك بوونەوەرێکی مرۆیی هاوتا لەگەڵ پیاو، لێرەوە وجودی مرۆیی ئەو ژنە بۆ ئاستی شت دادەبەزێنرێت و بەهای مرۆڤ لەناخەوە دەپێکێت، چونکە لەجیاتی ئەوەی وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی لەژیانی زیندەگی و کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ پیاودا هاوشان بێت ، بەهای مرۆبوونی هەرەس دەهێنێت، ئەم هەرەسەش سەرەتا لەجەمسەری بەرامبەرەوە واتە لەروانگەی پیاوەوە دەستپێدەکات بەرامبەر ئەو ژنەی بۆ ئاستی شت هێنراوەتە خوارەوە، پاشان ئەو ژنە خۆیشی دەگرێتەوە. حیسابکردن بۆ کەسێك وەك شتو روانینو مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك ئامرازێك یان ماددەیەك یان هەر شتێکی بەدەر لەمرۆڤ، دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەهاو خەسڵەکانی هەستکردن بەمرۆبوونی خودو سەربەخۆبوونیو ئەم حاڵەش دەبێتە هۆی هەستکردن بەدوونییەت و پووچی و بێ بەهایی کە هاوکاتن لەگەڵ نائومێدبوون لەژیان و هەستکردن بە نەبوونی دڵنەواییو پشتیوانیو خۆشەویستی کەسانی دەوروبەر، دەرئەنجامەکانی ئەم حاڵەتە دەروونییە کە هۆکارەکەی بۆ سستمی کۆمەڵایەتیو ژینگەی کۆمەڵایەتی ژن دەگەڕێتەوە، لەخۆکوشتن و کۆتاییهێنان بەژیان بەدەرنییە.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا رەهەندەکانی خۆکوشتن پەیوەندییەکی بەهێزی بەکلتوور و ئاستی رۆشنبیری و فیکری ئەوکەسەوە هەیە کە خۆی دەکوژێت، رەهەندی خۆکوشتن لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکان جیاوازە وەك لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی لەرەفاهیەتدا دەژین، چونکە لەوڵاتانی تازە گەشەکردوودا زۆرجار پێداویستییەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی هەندێك پێداویستی فسیۆلۆژی لە خۆراك و پێداویستی ژیاریی لەماڵو سامان تێپەڕناکاتو نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی تەڵەزگەی بوونگەرایی لای تاك سەرهەڵبدات کە پێویستی بەچارەسەرکردنی فیکری و زەینی هەیە، لەبەرئەوە خۆکوشتنی ئاگامەندانە کە هەڵقوڵاوی فیکرو فەلسەفەو هزری گیرخواردوو بێت لەنێوان کێشەکانی بوونگەراییو کۆتابوونی ژیان، لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا



کەمتر روودەدات، بەو مانایەی مرۆڤ چەمکی مردن هەڵبژێرێت بۆئەوەی ئەزموونی بکات یان بەهەڵبژاردنێکی دروستی دابنێت و لەوپەڕی دروستی ئەقڵیو دەروونیدا ئەنجامیبدات، دەگمەنە، چونکە بەزۆری مرۆڤ لەم کۆمەڵگەیانەدا مەرگ وەك راکردن لەژیان هەڵدەبژێرێت نەك بەمانا فەلسەفییەکەی هیگل کە پێیوایە مەرگ ئاشنابوونی رۆحە لەگەڵ خۆیداو یان یەکگرتنی مرۆڤە لەگەڵ خواوەندا.

بەدەگمەن رەتکردنەوەی رۆڵی تەقلیدی ژن لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا دەبێتە رەهەندی خۆکوشتن لای ژنان، دەگمەنن ئەو ژنانەی پەنادەبەنە بەر خۆکوشتن لەبەرئەوەی نارازین بەکۆتوبەندەکانی کۆمەڵگە واتە خۆیان گەیشتبنە ئاستێکی رۆشنبیری و فیکری بەرزتر لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین و وەك رۆشنبیرێکی یاخی لەیاساو دەستوورەکانی کۆمەڵگە خۆیان بکوژن، یان خۆکوشتن بکەن بەپەیامێکی نارەزاییو کارتێکی فشار بۆ سەر کۆمەڵگە و حکومەت و یاساکانی و بەو هیوایەی خۆکوشتنی ئەمان گۆڕانێك لەکێشەی ژنو سستمی باوکسالاریدا دروستبکاتو ژنان بەمافەکانی خۆیان، بگەن، خواستمە بڵێم خۆکوشتن لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا زیاتر لەناو نەخوێندەواران و ئەوانەی ئاستی رۆشنبیرییان نزمە روودەدات و بەدەگمەن ژن خۆکوشتن لەدرکپێکردنێکی رۆشنبیرییو فیکرییەوە هەڵدەبژێرێت بۆ رەتکردنەوەی ئەو واقیعەی خۆی و ژنانی دیکەی کۆمەڵگەکەی تیادا دەژی، بەڵام لەسەر ئاستی جیهان نموونەی ئەو ژنانە بەرچاو دەکەون وەك سیلفیا بلاس[٢٨] (١٩٣٢-١٩٦٣)ی شاعیرو نوسەر کە لەسییەکانی تەمەنیدا خۆی کوشت، چونکە نارازیی بوو بەیاساو دەستووری ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژیاو هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو تەنیا یاخیبوون نەبێت لەرێگەی خۆکوشتنەوە، بێگومان خۆکوشتنی بلاس جەدەلێکی گەورەی دروستکردو سەرنجی رای گشتییو ناوەندی ئەدەبیو فیمینیزمی بۆلای خۆی کێشکرد، چونکە خۆکوشتنەکەی بانگەوازێك بوو بۆ ئاوڕدانەوە لەکۆژانی ژن لەجیهانێکدا کە پیاوان یاساکانیان داڕشتووە، بەڵام بلاس بەخۆکوشتنی ئەو رۆڵە تەقلیدییەی رەتکردەوە کە تا ئەو سەردەمە بە ژن بەخشرابوو ژنیش پێویست بوو وەك ئەرکی سەرەکیو ئامانجی جەوهەری لەژیانیدا تەماشای بکات ئەویش تەنیا بایەخدان بوو بەماڵ و منداڵ بەخێوکردن، بلاس بەتەواوەتی درکی بەوە کردبوو ئەم ئەرکەی کۆمەڵگە بەئەرکی سەرەکی ژنی دادەنێت لەتوانای ژن بۆ داهێنان و بەدیهێنانی خۆی کەمدەکاتەوە و زۆرجاریش دەبێتە بەربەستی تەواو و ژن لەهەموو هزرو چالاکیو بیرۆکەیەکی داهێنەرانەو هەستکردن بەخود دادەماڵێت و دەیکاتە دیلی ئەو ئەرکە تەقلیدییانەی کۆمەڵگە بەسەر ژندا سەپاندوونی.

بلاس لەچیرۆکی (سندوقی خۆزگەکاندا) باسی ئازارەکانی ژن دەکات و ئاماژەدەدات بەقەیرانی جەختکردن لەناسنامە و ئەو ئەستەمییانەی ژنی داهێنەر دووچاریان دەبێت، ژن ناتوانێت خەونی جۆراوجۆر زۆر ببینێت، لەدنیای نێرینەکاندا زیندانە و تەواوی ئەرك و مافەکانی لەچوارچێوەی خزمەتکردنی ئەوان تێپەڕناکاتو ئەم ژیانەش نەك تەنیا کۆتوبەندی جوولەی کردووە، بەڵکو ڕێگەی لێدەگرێت خەون و خۆزگەکانی لەچوار دیواری هاوسەرێتیو ماڵ و منداڵ تێپەڕن، ئەمانەش بێگومان خەیاڵە پاراوەکەییو هزرە ئەفرێنەرەکەی دەخنکێننو ڕێگەنادەن خۆی بدۆزێتەوە، بلاس خۆی کوشت، چونکە ئەوەی ڕەتکردەوە ژن تەنیا کەلوپەلی ماڵەکەی خاوێنبکاتەوە و خەون و دنیاکەشی تەنیا منداڵ و ژیانی هاوسەرێتی بێت.

بەپێی لێکدانەوەی فرۆید بۆ خۆکوشتن کە پێیوایە مرۆڤ کاتێك خۆی دەکوژێت بابەتێکی خۆشەویستو نزیك لەخۆیەوە کە لەگەڵیدا یەکیگرتووە، دەکوژێت، ئەوا ژن کاتێك خۆی دەکوژێت تەنیا کۆتایی بەژیانی خۆی ناهێنێت، بەڵکو بابەتێك کە بۆتە تەوەرە لەژیانیدا لەناودەبات، بەمپێیە دیاریکردنی ڕەهەندەکانی خۆکوشتن لای ژن کارێکی دژوارە، چونکە بەگشتیی هەموو مرۆڤێك خاوەنی بابەتی سەرەکیو خۆشەویستە لەژیانیدا و هاوکات بابەتگەلێکیش هەن بابەتی وەرسکەرو ناچیزن لەلای، ململانێی نێوان بابەتە باش و خراپەکانی دەبنە هۆی ڕوودانی قەیرانێکی نارسیزمیو ژن بەدەست تێکچوونی هاوسەنگی نێوان جیهانی ڕەمزی خۆیی و جیهانی دەرەکی واقیعییەوە دەناڵێنێت.

بەڵام بەگشتیی باری سۆزداری کاریگەرییەکی گەورەی بۆسەر ژیانی ژن هەیەو لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست لەرابردوودا یان لەئێستادا یان ترس بە لەدەستدانی خۆشەویستی ئەوکەسە، ڕۆڵێکی جەوهەری گرنگ دەگێڕن لەخۆکوشتندا، دەشێت ئەو لەدەستدانە واقیعی یان خەیاڵی یان ڕەمزی بێت، چونکە ئەو ژنە بەهۆی پشێوی باری سۆزدارییەوە تووشی هەستکردن بەشکستیو بێهیوایی دەبێت، لەوانەیە واقیع بەو شێوەیە نەبینێت کە هەیە، بەڵکو بەوشێوەیە دەیبینێت کە خۆی دەیەوێت یان تووشی جۆرێك لەئۆتیزم[٢٩] بووەو لەناو خەیاڵەکانی خۆیدا گیریخواردووە، زۆربەی ئەو پزیشك و زانایانەی کاریان لەسەر خۆکوشتن کردووە جەخت لەوەدەکەن جۆرێك لەپشێوی مەعریفی تووشی ئەوکەسە دەبێت کە خۆی دەکوژێت، ئەم پشێوییەش وادەکات ئەوکەسە واقیع و خەیاڵ تێکەڵبکات.



## خۆشەویستیو پەیوەندی

خۆشەویستی بەگرنگترین ڕەهەندەکانی خۆکوشتن و ئامانجەکانی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن دادەنرێت، چونکە بەشێوەیەکی خۆڕسك مرۆڤ پێویستی بەخۆشەویستییە و بەردەوام پێویستی بەجەختکردنەوەیە لەخۆشەویستی لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە، کاتێك من-ی ژن دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی لەدەستچوونی بابەتی خۆشەویستی، میکانیزمەکانی بەرگری چالاك دەبنەوە و دەکەونەوە کارکردن بۆ بەرگریکردن لەبابەتی خۆشەویستی کە لەبەهاو گرنگیدا یەکسانە بەپارێزگاریکردن لەمن، چونکە ژن کاتێك دڵنیادەبێت لەوەی بابەتێکی خۆشەویستییە لای کەسێك و هاوکات کەسێك بابەتی خۆشەویستییە لای ئەو بەچاوپۆشین لە لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەست بەئاسوودەیی دەکات، بەڵام هەرکاتێك هەستیکرد ئەو بابەتی خۆشەویستییە بەهۆی هەر هۆکارێکەوە بێت کەوتۆتە بەر هەڕەشەی فەوتان و زیان پێکەوتن، هاوسەنگی دەروونی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تێکدەچێت، من-ی ژن لەگەڵ من-ی ئەوی بەرامبەردا تووشی لێکترازان دەبێت، ئەمەش هەروا کارێکی سادە نییە، چونکە پێشتر زۆرێك لەبەشەکانی ئەو دوو من-ە یەکیانگرتووە، هەروەها لەپەیوەندییە قووڵەکانی خۆشەویستیدا لەوبارەدا کە ژن تەماهی لەگەڵ من-ی ئەوی بەرامبەردا واتە ئەو کەسەی بۆتە بابەتی خۆشەویستی لەلای، دەکات لەوکاتەدا کە کرداری لێکترازان و جیابوونەوەی من- لەسەر ئاستی نەستو لێکترازانی هەست لەسەر ئاستی واقیع ڕوودەدەن، ژن هەست بەئازارێکی وێنانەکراو دەکات، ئەم ئازارە لەدوو حاڵەتدا بەرجەستە دەبێت کە بەپێی کەسێتیو باری دەروونی ژنەکە دەگۆڕێت.

حاڵەتی یەکەم: ئەو ژنە بەتوندی لۆمەی خۆی دەکات و سەرزەنشتی دەکات و خۆی بە بەرپرس دەزانێت بەرامبەر ئەو جیابوونەوە و لێکترازانە و سزای من-ی خۆی دەدات بەکوشتنی خۆی و وێرانکردنی من-ی ڕزگارکردن و نەمرکردنی من- ئەوی بەرامبەر، چونکە من-ی خۆی ڕەتدەکاتەوە و بە من-ی خۆی دانانێت و بەشەڕانگێز وەسفیدەکات، لەکاتێکدا من-ی ئەوی بەرامبەر بە من-ی خۆی دەزانێت و بەئایدیال و بێگەردو باڵا وەسفیدەکات، بڕوای تەواوی بەوە هەیە پێویستە ئەو من-ە شەڕانگێزە سزابدرێت، لێرەوە کوشتنی من-ی خۆی دەکاتە بەڵگە بۆ سەلماندنی خۆشەویستی خۆی بۆ من-ی ئەوی بەرامبەرو ڕزگارکردنی لە من-ی لۆمەکراوی خۆی.

حاڵەتی دووەم: لۆمەی ئەوی بەرامبەر دەکات و هەست بە ڕق و شەڕانگێزی دەکات

بەرامبەری، پێیوایە غەدری لێکردووە، چونکە من-ی ئەوی بەرامبەری بە من-ێك داناوە - ئەگەر دەربڕینەکە شیاوبێت- من-ێکی سەروو توانا یان توانا هەمەکییە و قابیلی هیچ کارێکی نزم و نەشیاو نییە وەك جیابوونەوە و لێکترازان لەگەڵ ئەمدا، لێرەدا من-ی خۆی دەبێتە من-ێکی ئایدیال‌و بێخەوش و پێیوایە شایستەی من-ێکی شەڕانگێزی وەك من-ی ئەوی بەرامبەر نییە، بەمشێوەیە کاتێك شەپۆلەکان دژی خواستی ژن شەپۆل دەدەن، تووشی شۆك دەبێت، کتوپڕ یان لەماوەیەکی زەمەنی درێژدا ئەو بیرکردنەوەیە بەسەریدا زاڵدەبێت پێویستە ئەو من-ە تاوانبارەی ئەوی بەرامبەر سزابدرێت و شەڕانگێزی ئاڕاستەبکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر تەماهی لەگەڵدا کردووە کاتێك رق‌و توندوتیژی ئاڕاستەی ئەو دەکات خۆی دەبێتە ئامانج و بەوێرانکردنی من-ی ئەو، من-ی خۆی لەسەرئاستی نەست و جەستەی لەسەر ئاستی واقیع رووبەڕووی هێرشی رق و تۆڵە و شەڕانگێزی دەبنەوەو ئەو ژنە خۆی دەکوژێت، لەمبارەدا (کاری خۆکوشتن لای ئەوکەسە رێگەیەکە بۆ ئاشکراکردنی بابەتە لەدەستچووەکە و هاوکات هۆکارێکیشە بۆ رزگارکردنی خۆی دژی شەڕانگێزی ژینگەکەیی‌و کارکردنە سەر ئەو ژینگەیە)[٣٠]. خۆکوشتن دواجار جۆرێکە لەدووفاقی: )وێرانکردنی خود لەدوای ئەوەی هەموو گوناهێك دەدرێتە پاڵی یان دەخرێتە ئەستۆی، بەو هیوایەی لە رزگاربوونێکی وەهمیدا خودی راستەقینەی لەو خراپی‌و سووکایەتییەی بەرامبەری کراوە، خاوێن بکاتەوە، بەڵام تراژیدیای ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت بەشێوەیەکی دیاریکراو لەوێرانکردنی خودی سووکایەتی پێکراوو وێنە خراپەکەی خود-دا کۆدەبێتەوە ئەم وێرانکردنەش تەنیا لەرێگەی جەستەوە بەڕێوە دەچێت و لێرەشەوە لەناوبردنی راستەقینەی وجوود روودەدات، بەڵام لەوەهمی ئەو کەسەدا کە خۆی دەکوژێت کارەکە لەتوانای ئەنجامدانی کارێکی مەترسیدارو ریشەیی، لەپێناوی رزگاربووندا تێپەڕنابێت([٣١]).

سەرجەم ئەم پرۆسە و خەیاڵانە جگە لەپرۆسەی خۆکوشتنی فیعلی کە لەواقیعدا روودەدات، لەنەستدا روودەدەن لەبەرئەوە وێناکردنیان لەهەستداو تێگەیشتنیان لەواقیعدا دەشێت ئاسان نەبێت.

هەندێجار بەواقیعی ژن کاتێك خۆی دەکوژێت یان پێشتر کە بڕیاری خۆکوشتن دەدات لەوپەڕی درککردنی ئەقڵێدایە و لەشێوەی پەیامێکدا خۆکوشتن دەکاتە سزایەکی ئەبەدی بۆ ئەو کەسەی بابەتی خۆشەویستی بووە لای، لەیەکێك لەو پەیامە کاریگەرانەی ژنێك دوای خۆکوشتنی بۆ خۆشەویستەکەی جێهێشتووە، هاتووە: (خۆکوشتنم دەکەمە ئەو ئەڵقەیەی تا مردن لەگەردنتدا بێت و بەسزای ویژدانەوە بتلێیتەوە).



لەمبارەدا ئەمە تۆڵەکردنەوەیەکی ئاشکرایە لەوکەسەی خۆشیویستووە، ئەگەری ئەوەش زاڵە ئەو ژنە کاتێك لەژیاندا بوو هەستی بەخۆشەویستی زۆری ئەو پیاوە کردووە و خۆی دەزانێت بەهای خۆی لای ئەو پیاوە چەندە، بۆیە خۆکوشتنی دەکاتە ئەو سزایەی تا ئەبەد پێوەی بناڵێنێت.

لەهەندێك حاڵەتی خۆشەویستی و پەیوەندیشدا، ژن کاتێك خۆی دەکوژێت لەرێگەی ناوەڕۆکی پەیامێکەوە بەتەواوەتی هاوبەشەکەی لەسزای ویژدان ئاسوودە دەکات و پێیدەڵێت کە ئەو بەدەرە لەهۆکاری خۆکوشتنی ئەو بۆ نموونە فرجینیا ولف[٣٢] رۆماننووسی ئینگلیزی بەناوبانگ لەمارسی ساڵی ١٩٤١ دا خۆی فڕێدایە ناو رووباری ئۆس-ەوە و خۆی کوشت، پەیامێکی بۆ هاوسەرەکەی جێهێشتبوو تیایدا نوسیبووی: (ژیانمان پێکەوە زۆر خۆش‌و جوان بوو).

لەهەندێك حاڵەتی خۆشەویستی و بەهێزدا هاوکات لەگەڵ تێکچوونی باری دەروونی و میکانیزمەکانی بەرگریکردن لەغەریزەکانی ژیان و چوونەناو دۆخێکی عاشقانەی سەیرەوە، دەشێت ژن لەئەنجامی هەستکردن بەروودانی درزێك یان قڵێشبوونێك لەپەیوەندی خۆشەویستیدا لەگەڵ ئەوکەسەی خۆشیدەوێت گومان لەخۆشەویستی ئەوکەسە بکات کە بۆتە بابەتی سەرەکی خۆشەویستی لایی و خۆکوشتن بەئەزموونێکی دژوار و وێنانەکراو دابنێت بۆ تاقیکردنەوەی خۆشەویستی ئەو کەسەی بەرامبەر، بەڵام بێگومان لەمبارەدا ئەم رەهەندە تەنیا نییە و هەردەبێت ئەنگێزەی بێهیوابوون و لەگەیشتن بەو کەسە و جۆرێك لەپەشۆکانی دەروونی‌و وێنەیەك لەرقوکینە هەبێت بەهۆی لەدەستچوونی ئەو بابەتەی خۆشەویستییەوە و پاڵ بەو ژنەوە بنێن بۆ تاقیکردنەوەی خۆشەویستی هاوبەشەکەی، کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت، یەکێك لەو پەیامە دڵتەزێنانەی نموونەن لەسەر ئەم رەهەندی خۆکوشتنە، پەیامی کچێکە بۆ ئەو کوڕەی چوار ساڵ خۆشیویستبوو، تیایدا هاتووە: (خۆم دەکوژم بۆئەوەی بزانم چەندە منت خۆشدەوێت، ئایا دەتوانێت دوای من بەئاسوودەیی بژیت؟)

گومانی تیادا نییە ئەو ژنەی ئەم خەیاڵانە دەبنە رەهەندی خۆکوشتنی هاوکاتن لەگەڵ تێکچوونی باری دەروونیدا، چونکە درك بەوەناکات ئەی دوای خۆکوشتن چی دەبێت، خۆشەویستەکەی لەو ئەزموونە دژوارەدا کە خۆی کردۆتە قوربانی سەربکەوێت یان نا چ مانایەکی لەواقیعدا دەبێت.

ئەو ژنانەی بەزۆری ئەم ئەنگێزەی خۆکوشتنە بەسەریاندا زاڵە ئەوانەن کە خاوەنی کەسێتییەکی رەشبینانەن‌و تووشی جۆرێك لەخەمۆکی بوون.

(ولف M. Woalf 1958 لەوتارێکدا کە بەزمانی ئەڵمانی بڵاویکردەوە ئاماژەدەدات بەخۆکوشتنی کەسێتی رەشبینانە (ملانخۆلیا) [٣٣] بەو وەسفەی شەهیدبوونێکی نارسیزمییە بەهۆی بێ هیواییەکی توندەوە کە لەئەنجامی لەدەستچوونی ئەو خۆشەویستییەوە کە -من- لەگەڵیدا یەکبگرێت، لەمکاتەدا ئارەزووییەك لەخوددا سەرهەڵدەدات بۆ کوشتنی خاوەنی ئەو خۆشەویستییە، ئەم ئارەزووە لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕکردنی بەراوردکارانە لەرێگەی بێزرانی خودو رقلێبوونەوە لێی، بۆ خود دەگەڕێتەوە)[٣٤] ، واتە ژن کاتێك بێ هیوا دەبێت لەدەستکەوتنی خۆشەویستی ئەوکەسەی لەخەیاڵیدایە ئارەزووییەك بۆ تۆڵەکردنەوەو کوشتنی ئەوکەسەی لای دروستدەبێت، ئەم ئارەزووە لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕکردنی من-ی خۆی لەگەڵ من-ی ئەوکەسەدا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە لەبەرئەوە کاتێك رقی لەوکەسە دەبێت رقی لەخۆیشی دەبێت، بەمە رقو شەڕانگێزی بۆ خود دەگەڕێتەوە و خۆی دەکوژێت وەك ئارەزووییەك بۆ کوشتنی ئەو کەسەی خۆشیویستووە و لەدەستی چووە، لەم حاڵەتەدا خۆکوشتن وەك شەهیدبوونێکی نارسیزمی وایە، چونکە خود-ی خۆی دەکاتە قوربانیو شەڕانگێزی بەسەردا دەبارێنێت.

لێرەدا کاری خۆکوشتن لەبازنەی تۆڵەکردنەوە دەرناچێت، شێوەی تۆڵەکردنەوە لەئەوو تۆڵەکردنەوە لەخود، وەردەگرێت.

## تۆڵەکردنەوە لەئەو

لەشێوەی ئارەزوورییەکی بەتین بۆ تۆڵەکردنەوە لەوی بەرامبەر واتە لەو کەسەی ژن پێیوایە یان لەواقیعدا وایە کە بەرپرسە لەئازارەکانی، کاتێك ئەم ئارەزووە دەبێتە رەهەندی خۆکوشتن کە ویژدان بە رقوکینەو شەڕانگێزی و تینوێتی بۆ تۆڵە بارگاوی دەبێت و ئەنگێزەی سادی بەسەریدا زاڵەو ژن خۆی دەکوژێت، پێیوایە بەم کارەی ئەوی بەرامبەر کە رقی لێیەتی ئیبادە دەکات، چونکە زۆرکات ناتوانێت ئەو شەڕانگێزییە بەواقیعی بەرامبەر ئەوکەسە دەرببڕێت، بۆیە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە و خۆی وێراندەکات، هەروەها لەرێگەی پەنابردن بۆ هەندێك میکانیزمی دەروونی وەك تەماهیکردن و هەڵلووشینی ئەوی بەرامبەرو یەکگرتن لەگەڵیدا، ئارەزووی بۆ کوشتنی ئەوی بەرامبەر لەخۆیدا بەتاڵدەکاتەوە، چونکە بەرەمزی وادەزانێت ئەو لەناو خۆیدایە یان بۆتە بەشێك لەو یان بەتەواوەتی خۆی لێبۆتە ئەو. لێرەدا هەردوو ئارەزووی سادی و مازۆشی لەیەکدی جیاکراوە نین، بەڵکو هاوکاتن لەگەڵ یەکدیدا، چونکە هەموو



ئارەزووییەك بۆ کوشتن کاتێك لە من-ەوە دەردەچێت، لەبەرامبەردا وزەیەکی نەستی تیادا دەبزوێت، منی باڵا کاردەکات بۆ چالاککردنی ویژدانی هەستکردوو بەگوناه کە داوای سزایەکی هاوشێوەی ئەو ئارەزووە شەڕانگێزییانە دەکات کە لە من-ەوە دەرچووە و دەیەوێت ئەو-ی بەرامبەر وێرانبکات، واتە کاتێك دەیەوێت ئەو-ی بەرامبەر بکوژێت و شەڕانگێزی ئاڕاستەبکات ئەنگێزەی سادی زاڵە، بەڵام بەهۆی کاریگەری ویژدانێکی هەستکردوو بەگوناه و پێویستی خود بەوەی سزابدرێت، چونکە بیری لەئازاردانی ئەو-ی بەرامبەر کردۆتەوە، ئەنگێزەی مازۆشی بەسەر ژندا زاڵ دەبێتو ئارەزووی ئەوەی بکوژێت باڵی بەسەردا دەکێشێت، هاوکاتیش بەهۆی کارایی غەریزەی مردن لەم بارودۆخانەدا ئارەزووی مردن و پێشوازیکردن لەمردن بەهێزدەبن.

## تۆڵەکردنەوە لەخود

لەشێوەی ئارەزوورییەکی بەهێزدا بواری خۆی لەپێکهاتەی منی باڵای ژندا دەدۆزێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا روودەدات ویژدانی ژن زۆر هەستیارەو لەمنداڵییەوە لەسەر هەستکردن بەگوناه پەروەردەکراوە لەبەرامبەر هەر کارو رەفتارێکدا کە کەسانی چواردەوری نیگەرانبکات، ئەو ژنەی تۆڵەکردنەوە لەخود دەبێتە رەهەندی خۆکوشتنی ئەنگێزەی مازۆشی بەسەریدا زاڵە و بەم کارەی نەك هەر دەحەوێتەوە، بەڵکو چێژ دەبینێت لەو ئازارەی دەیچێژێت و لەو سزا توندەی بۆخۆی هەڵبژاردووە، چونکە ئەمانە لای ئەو ئاماژەن بۆ ملکەچبوونی تەواوی بۆ ئەو چەمك و بەهایانەی لەسەری گەورەبووە و بۆ کەس یان گرووپی کەوتۆتە ژێر رکێفییەوەو ئینتمای کوێرانەی بۆی هەیە.

بێگومان کێشە خێزانییەکان و نەگونجاندنی نێوان ژن و پیاو لەڕووی دەروونیو ئاستی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەوە و کێشە و گیروگرفتەکانی خێزان وەك منداڵو بارودۆخی نیشتەجێبوون و سەربەخۆنەبوونی ژن و پیاو لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە لەگەڵ ماڵە باوان، سەرجەم ئەمانە دەچنەوە سەر رەهەندی پەیوەندی خێزانی کە یەکێکە لە پەیوەندییە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا بەشێکی گەورەی ژیانی تاك دیاریدەکاتو تەواوکەریشیەتی لەبەرئەوە بوونی هەر تێکچوونێك یان لارییەك لەم پەیوەندییەداو دەرهاویشتەکانی زۆرجار دەبنە رەهەندی بەهێزی خۆکوشتن لای ژنان بەتایبەتی لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە تاك بەتایبەتی توخمی مێ لەسەرەتاییترین مافەکانی وەك مرۆڤ بێبەشە و یاسا و دابونەریتەکانیش هەمیشە

لەبەرژەوەندی پیاو داڕێژراون و کاریان پێدەکرێت واتە ژن کەمترین پشتیوانی یاسایی و مەعنەوی هەیە، بۆیە ئاساییە لەو بارودۆخانەدا دووچاری حاڵەتەکانی کوشتن یان هەوڵەکانی خۆکوشتن ببێت. لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەهەندێك لەو حاڵەتانە دەکەین کە هۆکارەکەی بۆ ناکۆکیو گرژی پەیوەندی هاوسەرێتی دەگەڕێنەوە:

-ڕۆژی٢٠٠٨/٢/٢٩ لەکۆمەڵگەی شاوێس ژنێك کە تەنیا چەند مانگێك بوو ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو خۆی سووتاند، چونکە کێشەی هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی.

-لە ڕۆژانی ١٩-٢٠٠٨/٣/٢٤ لەهەولێر سێ حاڵەتی خۆسووتاندن ڕوویداوە، یەکەمیان ژنێکی گەنج کە تەنیا یەك منداڵی هەبووە داوای ماڵی جیای لەهاوسەرەکەی کردووە، بەڵام ئەو بەقسەی نەکردووە، ئەمیش خۆی سووتاندووە.ژنێکی دیکە کە دوو منداڵی هەبووە خۆی سووتاندووە گوایە لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی ڕازینەبووە بیبات بۆ سەیرانی نەورۆز، ژنی سێەمیش کە یەك منداڵی هەبووە و دووگیان بووە، خۆی سووتاندووە لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی قسەی بەبراکانی وتووە. بێگومان ناکۆکی هەریەك لەو حاڵەتانە ڕەگوریشەی لەپێشینەیان هەبووە، بەڵام دەشێت لەوکاتەدا بەو شێوەیە گوزارشتیان لێ کرابێت یان هاوسەری ئەو ژنانە بۆ دوورخستنەوەی تۆمەتبارکردنی خۆیان و ڕزگاربوون لەلێپێچینەوەی یاسایی، هۆکارەکان پچووکبکەنەوە.

چەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی پەیوەندی خێزانیو هاوسەرێتی بەهێزبن ئەوەندە کەمتر ژن دووچاری خۆکوشتن یان هەوڵەکانی خۆکوشتن دەبێت، لەمبارەیەوە جبسو مارتن Gibbs and Martin[35] 1958 باس لەتەواوکاریی کۆمەڵایەتیو پەیوەندی بەخۆکوشتنەوە دەکەن کە دورکهایمیش باسیکردووە و ئاماژەشیان داوە بەپێناسەکەی هنری و شورت ١٩٥٤ کە ئەوە ڕووندەکاتەوە: تەواوکاریی کۆمەڵایەتی توندیو بەهێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو پەیوەستی خۆشەویستی نێوان ئەندامەکانی گرووپێك و ئارامی ئەم پەیوەندییانە و بەردەوامبوونیان دەگەیەنێت، هەروەها جبس و مارتن لەوباوەڕەدان ئەم پەیەوەندییانە بەپێی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە تاك هەیەتیو ئەو ڕۆڵانەی لەو پێگەیەدا دەیبینێت، دروستدەبن، لێرەشەوە خۆکوشتن پێچەوانە دەگونجێت لەگەڵ ئاستی تەواوکاری کۆمەڵایەتی تاك و ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە تاك لەناو ژینگەکەی خۆیدا هەیەتیو ئاستی خۆگونجاندنی لەگەڵیاندا و سەرکەوتنو ڕازیبوونی بەو ڕۆڵانەی لەو پێگەیەدا دەیبینێت.



## هەستکردن بەزوڵم و چەوساندنەوە

کاریگەریی هەستکردن بەزوڵم و چەوساندنەوە بۆ سەر دەروون زۆر زیاترە لەهەستنەکردن پێی تەنانەت ئەگەر لەباری دووەمدا قەبارەی زوڵم و چەوساندنەوە زۆر گەورەتریش بێت، چونکە کاتێك مرۆڤ هەستدەکات دەسەڵاتێکی بەهێزتر هەیە زوڵمی لێدەکات و مافەکانی پێشێلدەکاتو دەیچەوسێنێتەوە، میکانیزمەکانی بەرگریکردن لە من-ی خۆی دەکەونە کار بۆ بەرگریکردن، بەڵام لەژێر کاریگەریی زەبری ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرەدا توانای هێرشکردنیان بۆ سەر من-ی چەوسێنەر نییە و تەنیا کار بتوانن ئەنجامیبدەن بەرگریکردنە.

کاتێك تاك هەست بەزوڵم و چەوساندنەوە دەکات کە دەبینێت چەوسێنەرەکەی دەسەڵاتی ڕەهای بەسەریدا هەیەو بەحوکمی جۆری دەسەڵاتەکەی ئەو ئەرکانەی بەسەردا دەسەپێنێت کە خۆی ئارەزوویدەکات بێ ڕەچاوکردنی ئارەزووەکانی ئەو کەسەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتییەوە و بێئەوەی لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیدا هیچ مافێکی پێبدرێت، تەنانەت مافی ئەوەی لێزەوتکراوە گوزارشت لەخۆی بکات یان هیچ جۆرە ناڕەزاییەك دەرببڕێت، چونکە هەریەك لەمانە لای دەسەڵاتی چەوسێنەر بەلادان و سەرپێچی تەرجەمە دەکرێن.

ئەوەی لەنێوان چەوساوە و چەوسێنەردا بوونی نەبێت سۆز و خۆشەویستییە، تەنانەت ئەگەر لەهەستدا ئەمانە گوزارشتیان لێبکرێت لەنەستدا دژەکانیان بەتوندی چەسپاوە، هەرچەندە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەو دووانە زۆر نزیکیش بن بۆنموونە پەیوەندی نێوان باوك و کچ یان براو خوشك، یان ژن و پیاو.

کاتێك ژن درك بەمافی خۆی دەکاتو بە بەرچاوییەوە دەبینێت مافەکانی وەك مرۆڤ پێشێلدەکرێت و هەست بەقەبارەی ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیە دەکات کە دەسەڵاتە چەوسێنەرەکەی (کە بەزۆری باوك- برا- هاوسەرە) سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر ئەوکەسە دەپووکێتەوە، چونکە لەبەرامبەردا دژەکانیان هەڵدەئاوسێن. بەتێپەڕبوونی کات هەستەکانی ڕق و کینە لەنەستی ئەو ژنەدا بەهێزدەبن بەتایبەتی لەکاتێکدا هیچ دەروازەیەکیان بۆ دەرچوون و بەتاڵبوونەوە دەستناکەوێت لەبەرەوە هەر بەهێزدەبن و دەچنە چوارچێوەی تینوێتییەکی زۆر بۆ تۆڵەکردنەوە تا کاردەکاتە ئەو ئاستەی چیدی نەستی ژن بەرگەی ناگرێت و (من) بەشوێن بوارێك بۆ بەتاڵکردنەوە و گوزارشتکردن لێیان دەگەڕێت، لەمبارەدا ئارەزووی تۆڵەکردنەوە لەو دەسەڵاتەی ئەو ژنەی ئازارداوە دەبێتە ئامانجێکی سەرەکی و ئەو ژنە وابیردەکاتەوە کاتێك

خۆی دەکوژێت بەم کارەی سزای چەوسێنەرەکەی دەدات و ئەوکەسە بەدرێژایی ژیانی ویژدانی سزای دەداتو ئاسوودە نابێت، لەمبارەدا خۆکوشتن= تۆڵە.

مەرج نییە ئەم تۆڵەیە لەتەنیا کەسێك بێت و دەشێت تۆڵەکردنەوە لەتەواوی ژینگەی کۆمەڵایەتی چواردەوری بێت لەهەریەك لە دایك- باوك- برا- هاوسەر- خۆشەویستو ئەوکەسانەی کە لەگەڵیدا دەژین یان تەواوی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییی لەناویاندا دەژی. L.Z یەکێکە لەو نموونانە، ئەم کچە تەمەنی ٢١ساڵ بوو، خوێندکاری زانکۆ بوو،بەهۆی خواردنی بڕێکی زۆر دەرمان گیانی لەدەستدا، دایکی دەگێڕێتەوە، شەوی هەینی بوو پێی وتم هیلاکە و دەیەوێت پشوویەك بدات، بەلاّم بەپێچەوانەی شەوانی دیکەیەوە هیچ دەنگی گۆرانی لەژوورەکەی نەدەبیسترا وامزانی خەوتووە و دوایی هەڵدەستێت، بەلاّم هەردەنگی نەبوو، چووم بۆ لای دەرگاکەی داخستبوو دوایی هەرچۆنێك بوو دەرگاکەمان شکاند کە بینیمان هەموو شتێك تەواو بووە، لەسەر پارچە کاغەزێك بەگەورەیی نووسیبووی" مردن باشترە لەژیان لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە تەنیا بۆ جوانەکانە" ، L.Z ئەوەندە ناشرین نەبوو، بەلاّم نەیتوانی بوو سەرنجی هاوڕێکانی بۆلای خۆی راکێشێت، ئەمە وایکردبوو هەست بەجۆرێك لەرقوکینە بکات بەرامبەریان..

لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا ژن ناچاردەکرێت دەست لەتاکانەیی خۆی هەڵبگرێت لەپێناوی رازیکردنی گرووپدا و هەوڵدەدات ببێتە دەقێکی کۆپیکراوی کەسێك کە دەسەلاّت دەیخوازێت، ئەم کارەیان لەواقیعدا روودەدات و ئەو ژنە بەتەواوی تەسلیمی ئەو دەسەلاّتە دەبێت یان لەنەستدا لەڕێگەی هەندێك میکانیزمی دەروونی وەك تەماهیکردن و یەکگرتن و هەڵلوەشێنەوە لەگەڵ ئەو دەسەلاّتەدا تێکەڵدەبێت، بەلاّم دەستهەڵگرتن لەتاکانەیی هەروا بەسادەیی بەڕێوەناچێت و تاك هەست بەزوڵم و چەوساندنەوەدەکات، بەتێپەڕبوونی کات ژیان بێ بەها دەبێت لەلای، چونکە هەستناکات ئەوکەسانەی کە بەرپرسن لەچەوساندنەوەی هیچ بەهایەك بۆ بوونی ئەو دادەنێن، لێرەدا ئیدی خۆیشی خۆی لا بچووك دەبێتەوە و رێزدانانی بۆ من-ی خۆی لاوازدەبێت و خۆی بەکەم دێتە بەرچاو و هەستکردن بەچەوساندنەوە و دوونییەت بەسەریدا زاڵدەبن، لەمبارەدا بۆئەوەی بڕێك لەبەهاو رێز بۆ من-ی خۆی بگەڕێنێتەوە دەیەوێت وەك چەوسێنەر بێت، بۆیە تەماهی لەگەڵدا دەکات، کاتێك خۆی دەکوژێت بەخەیاڵ متمانەی یەقینی هەیە کە ئەوکەسەی کوشتووە کە چەوساندوویەتییەوە.



بەهەمان شێوە کاتێك ژن لەبەرامبەر دەسەلاّتێکی بەهێزدا کە هەستدەکات شکستدەهێنێت لەبەرەنگاربوونەوە و وەستان لەدژی دیسانەوە خۆکوشتن هەڵدەبژێرێت، چەندە دەسەلاّت بەهێزبێت ئەوەندە ئەو ژنە هەست بەبێدەسەلاّتیو بێ هیوایی لەرزگاربوون لەکۆتی ئەو دەسەلاّتە، دەکات، بۆیە هەستدەکات تەواوی دەرگاکان بەروویدا داخراون، چونکە دەسەلاّت لەچوارچێوەیەکدا قەتیسی کردووە کە چوارچێوەی خۆیەتی بێئەوەی هیچ تروسکاییەك بۆ هاتنەدەرەوە لەم گەمارۆدانە هەبێت، بێگومان هەمیشە تۆڵەکردنەوەش پێویستی بەرەگەزی توندوتیژییو وێرانکارییو بەبوارێك هەیە تا تیایدا بەتاڵبکرێتەوە، ژن ئەو توندوتیژییە ئاڕاستەی خۆی دەکاتو من-ی خۆی بەرەمزی و جەستەشی بەواقیعی وێراندەکات تا تۆڵە لەو دەسەلاّتدارە چەوسێنەرە بکاتەوە کە بوون و تاکانەیی لێزەوتکردووە، لەم رووەوە (فرۆید پێیوایە ئەوکەسەی خۆی دەکوژێت بۆتە قوربانی ئەو پاڵنەرە شەڕانگێزییانەی شکستدەهێنن لەگوزارشتکردن بۆ دەرەوە، لەبەرئەوە بەرەو ناوەوە بەئاڕاستەی خود دەشکێنەوە و لەناویدەبەن)[٣٦]، چونکە (من) لەئەنجامی چەوساندنەوە وەك پەرچەکردارێکی سروشتی شەڕانگێز دەبێت، کاتێك ناتوانێت ئەو شەڕانگێزی و توندوتیژییە بۆ من-ی بەرامبەر ئاڕاستەبکات بۆخۆی دەگەڕێتەوە و خۆی وێراندەکات. لەلایەکی دیکەوە دەشێت ژن بۆ تۆڵەکردنەوە لەو دەسەلاّتدارە چەوسێنەرە، تەماهی لەگەڵدا بکات، لەمکاتەدا خۆی دەکوژێت، چونکە لەراستیدا دەیەوێت چەوسێنەرەکەی بکوژێت، لەبەرئەوە کاتێك شەڕانگێزی ئاڕاستەدەکات خۆی دەبێتە قوربانی.

## هەستکردن بەگوناه

زۆرجار لەئەنجامی پەروەردەی نادروستی منداڵیو بەناسروشتی بەڕێوەچوونی قۆناغەکانی گەشەی جەستەییو سێکسوالیو دەروونی منداڵی کچ جیا لەکوڕ ویژدانێکی هەستیارو نەخۆشی دەبێت و لەبەرامبەر زۆرێك لەو کارانەی خێزان و کۆمەڵگە بەهەڵەو لادانو تابۆو سەرپێچی لەقەڵەمدەدەن، هەست بەگوناهدەکات، تەنانەت ئەگەر خۆیشی متمانەی بەڕاستیو دروستیان هەبێت، لەمبارانەدا کاتێك ژن کارێك دەکات کە بەلای ئەو گرووپەی ئینتمای هەیە بۆییو بڕوای بەبیروباوەڕو کلتوورەکەیەتی بەهەڵە دادەنرێت دەکەوێتە بەردەم ئازاری دەروون سەرزەنشتکردنی خۆییو سزادانی، بەزۆری ئەم حاڵەتە لەکاتی بەستنی پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ پیاوێکدا بێ هاوسەرێتیو پەیوەندی خۆشەویستی سێکسوالی لەدەرەوەی پەیوەندی

هاوسەرێتیو دەرهاویشتەکانی ئەو پەیوەندییە وەك ئاشکرابوونیو بڵاوبوونەوەی لەناو خێزانەکەییو لەناو کەسانی دەوروبەریداو قوڵبوونەوەی پەیوەندییەکەو لەدەستدانی پاکیزەییو هەندێجار سکپڕبوون و بێ هیوابوونی ئەو کچە یان ئەو ژنە لەوەی کەسێك هەبێت بتوانێت لەوکێشە گەورەیە رزگاریبکات، لەهەردوو رووەکەوە واتە لەڕووی دەروونییەوە کە خۆی هەست بەگوناهدەکات بەتایبەتی لەوبارانەدا کە ژن لەدەرەوەی پەیوەندی هاوسەرێتی پەیوەندی دیکەی هەیە، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کە نازانێت چۆن رووبەڕووی هاوسەرەکەی یان خێزانەکەی یان منداڵەکانیو دەرئەنجامی پەیوەندییەکەی ببێتەوە، بەتایبەتی هەموو تاکێك لەکۆمەڵگەداو کەم تا زۆر بەکلتووری کۆمەڵەکەی ئاشنایە و دڵنیا چ سزایەکی گەورەی کۆمەڵایەتی چاوەڕێی دەکات، لەم بارانەدا ژن سەرزەنشتی خۆی دەکاتو هەست بە بێهیواییو شکستیو بێدەسەڵاتی دەکاتو رووبەڕووی بارودۆخێکی ناخۆش دەبێتەوە کە نازانێت چۆن لێی بێتە دەرەوە، هەستکردن بەبێکەسیو نەبوونی هاوسۆزی و پشتیوانیو ترس لەئاشکرابوون و واقیع و رووداوەکانی دوای ئاشکرابوون باڵی بەسەردا دەکێشن. ژن لەم حاڵەتانەدا بیر لەخۆکوشتن دەکاتەوە لەپێناوی راکردن و رزگاربوون لەو واقیعەو لەو چارەنووسە نادیارەی چاوەڕێی دەکات هاوکات خۆکوشتنی دەکاتە پەیامێك بۆ ئەو کەس یان دەسەڵاتەی پێیوایە هەڵەو گوناهی بەرامبەر کردووە و لەم رێگەیەوە داوای بەخشین دەکات لەم بارەدا خۆکوشتن= بەخشین (داواکردنی بەخشین)، یان لەوانەیە خۆکوشتن لەم بارانەدا بەفیعلی هەڵقوڵاوی هەستکردن بەگوناه بێت و ژن بەڕاستی بیەوێت سزای خۆی بدات و لەمکاتەدا خۆکوشتن= سزا (سزادانی خود).

هەروەها دەشێت خۆکوشتن بۆ راکێشانی سۆزی ئەوکەسە خۆشەویستە یان خۆشەویستانەی دەوروبەری بێتو بۆئەوەی بیر لەو هەڵەیە نەکەنەوە کە کردوویەتی لەمبارەدا خۆکوشتن= بەزەیی (داواکردنی بەزەیی ئەوانی دی) . لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا خۆکوشتن مانایەکی تایبەتیو ناوو شوێنەوارێکی بەجێماوی مەعنەوی بەو ژنە دەبەخشێت، بەجێهێشتنی ژیان بەمشێوەیە تۆمارکردنی مێژووییەکی تراژیدییە بەدەگمەن لەیاددەچێت و دەشێت ئەگەر ئەو ژنە بەمەرگی ئاسایی بمردایە ئەوەندە لەیادەوەری مرۆڤەکانی چواردەوریدا نەمایەتەوە کاریگەری بەجێنەهێشتایە.

وێڕای رەهەندی خۆشەویستیو پەیوەندیو هۆکاری خێزانی(وەك نەگونجانی ژنو پیاو، نەبوونی متمانە لەنێوانیاندا، تەڵاق، فرەژنی، نەزۆکی، منداڵی زۆر)و راکردن لەواقیع بەهەموو



فشارو ئازارو کێشە و بەرپرسیارێتییەکانی ژیانەوە و ترس لەسزای دەروونی و کۆمەڵایەتیو یاساییو لەو بارانەشدا کە هاوسەری ژن دووچاری لادانێکی رەفتاری دەبێت یان خوو بەجۆرە رەفتارێکی کۆمەڵایەتی نەشیاوەوە دەگرێت وەك دزی یان قومار یان ئالوودەبوون لەسەر خواردنەوەی کهولییەکان یان تووشی لادانی سێکسوالی یان خیانەت دەبێت، لەم بارانەدا ژن دەکەوێتە ژێر فشاریی دەروونییو کۆمەڵایەتییو هەندێجار ماددیشەوە وێڕای بەرپرسیارێتی چاودێریکرنی منداڵەکانی، کە سەرجەم ئەم هۆکارانە دەشێت لەچوارچێوەی رەهەندی کۆمەڵایەتیدا کۆبکرێنەوە. بەڵام لەهەندێك حاڵەتی خۆکوشتندا دەشێت رەهەندی دیکە هاوبەش بن لەگەیشتن بەبڕیاری خۆکوشتن وەك:

**تەمەنو پیری:** بەدەگمەن لەکۆمەڵگەی کوردیدا رەهەندی رەتکردنەوەی تەمەن و داننەنان بەپیریدا دەبنە هۆکار بۆ خۆکوشتن، بەتایبەتی لەکاتێکدا بیروباوەڕی ئایینی بەسەر کەسێتی زۆربەی تاکەکانیدا زاڵە، ئەم ئیمانە دەبێتە لەمپەڕ لەبەردەم بیرکردنەوە لەکۆتاییهێنان بەژیان کاتێك تاك کێرڤی تەمەنی بەرەو سەرەوە دەکشێت، دواشت بیری لێدەکاتەوە مردنێکی ئاسوودەیە کە ئیمانی بەر زیان نەکەوێت، بەڵام لەکۆمەڵگەکانی دیکەدا ئەم حاڵەتانە دەبینرێت، مارتا لینش[٣٧] یەکێکە لەو ژنە نووسەرانەی بەرەگەز ئەرجەنتینییە و ناوبانگێکی جیهانی هەبوو، لەتەمەنی شەست ساڵیدا خۆی کوشت، هاوسەرەکەی لەدوای خۆکوشتنی ژنەکەی بەراگەیاندنەکانی وت کە ماوەی بیست ساڵە مارتا ململانێ لەگەڵ پیربووندا دەکات، مارتا چەند ساتێك بەر لەخۆکوشتنی چوو بووە بەردەم ئاوێنەکەییو تەماشای چرچەکانی روخساری خۆی کردبوو، راستەوخۆ دەمانچەکەی لەجانتاکەیدا دەرهێناوە و فیشەکێکی ناوە بەسەری خۆیەوە، هاوسەرەکەی ئەوەشی راگەیاند کە مارتای هاوسەری دوای خۆکوشتنی تەنیا ئەم پەیامەی جێهێشتووە: (ئێستا لەیارییەکەدا یەکسان بووین تۆ بە منت وێرا، بەڵام من کاتەکەم هەڵبژارد).

**نەخۆشی:** بەدەگمەن نەخۆشییە جەستەییە درێژخایەن یان مەترسیدارەکان و ئەوانەی مرۆڤ دووچاری ئازاری زۆرو بێزاری دەکەن، دەبنە رەهەندی خۆکوشتن لای ژنان، چونکە لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا تاکەکان بڕوایان بەدەسەڵاتێکی باڵا هەیە و بیروباوەڕێکی رەهایان بەقەدەر و چارەنووس هەیە، بەشێوەیەك لەنەخۆشیو بەتایبەتی نەخۆشییە قورسەکان دەڕوانن کە وەك ئەزموونێك وایە و بەهۆیەوە لەلایەن ئەو دەسەڵاتە رەهایەوە تاقیدەکرێنەوە، یان باوەڕیان وایە ئەو دەسەڵاتە رەهایە نەخۆشی بۆ ئەوکەسانە دەنێرێت کە خۆشەویستو نزیکن لێیەوە،

لەبەرئەوەی لەجیاتی کۆتاییهێنان بەژیانی خۆیان و بیرکردنەوە لەخۆکوشتن بەپێچەوانەوە وەك پاداشتێك لەحاڵەتی نەخۆشی خۆیان دەڕوانن و بەوپەڕی دان بەخۆداگرتن و بڕواوە لەچاوەڕوانی مەرگی ئیلاهیدا ژیان دەبەنەسەر.

هەروەها گیروگرفتەکانی خوێندن لەکچانی هەرزەکاردا یەکێکی دیکەیە لەهۆکارە هاندەرەکانی خۆکوشتن، کاتێك لەخوێندندا سەرکەوتوو نابێت یان بێ هیوا دەبێت لەدەرچوون یان بەدەستهێنانی ئەو نمرەیەی کە خۆی دەیەوێت یان لەترسی سزای خێزانەکەی بەهۆی هەستکردنی بەشەرمەزاری یان بەهۆی بوونی کێشەوە لەگەڵ مامۆستایەکیدا یان لەگەڵ بەڕێوبەرەکەیدا کاتێك هەڵەیەك دەکات و لێی خۆشنابن یان هاوکاری ناکەن بۆ راستکردنەوەی و داوای هاتنی باوکی دەکەن.

بەهۆی هەریەکە لەو هۆکارو بارودۆخ و حاڵەتانەوە دەشێت مرۆڤ تووشی جۆرەها باری دەروونی ناسروشتی ببێت کە کەسێتی و باری رۆشنبیری و ژینگەی کۆمەڵایەتی قۆناغی منداڵیو هەرزەکاری ئەوکەسە و ئەزموونەکانی لەژیانیدا، وادەکەن ئەو حاڵەتە دەروونییە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازبێت و بەو پێیەش بیرکردنەوە لەخۆکوشتن و بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی وەك دورکهایم پێیوایە وەك مۆراڵێکی باو لەکۆمەڵگەدا کاری پێناکرێت هەرکەس تووشی ئەو حاڵەتانە بوو پەنای بۆبەرێت.

دورکهایم خۆکوشتن بەکارێکی کۆمەڵایەتی باو دادەنێت کە تاك وەك هەر مۆراڵێکی باو لەکۆمەڵگەدا دەشێت پەیڕەوی بکات، لەبەرئەوە ئەو لێکدانەوانە رەتدەکاتەوە کە لەسەدەی نۆزدەدا خۆکوشتن بۆ هۆکاری بۆ ماوەیی یان تێکچوونی ئەقڵی دەگەڕێنێتەوە.

بێگومان لێکدانەوەی دورکهایم بۆ رەهەندی خۆکوشتن تا ئاستێکی زۆر راستە، بەڵام ناکرێت هۆکاری کۆمەڵایەتی بەتەنیا دابنرێت، چونکە هۆکاری دەروونی بەهۆکارێکی بەهێز بۆ خۆکوشتن دادەنرێت و تەماشاکردنی یان دانانی خۆکوشتن وەك مۆراڵێکی باو لەکۆمەڵگەدا تووشی هەڵەمان دەکات، چونکە کاتێك بەمۆراڵێك لەکۆمەڵگەدا دەوترێت باو کە زۆربەی تاکەکانی پەنای بۆ بەرن یان پەیڕەوی بکەن، بەڵام وەك دەزانین بۆ خۆشبەختی خۆکوشتن بەچاوپۆشین لەرەهەندو ئامانجەکانی نەبۆتە ئەو مۆراڵە باوە. هەندێجار بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو کێشەکانییەوە ژن دووچاری فشاری دەروونی دەبێت و ئەمەش کاردەکاتە سەر تەواوی پێکهاتەی دەروونی و دەشێت تووشی جۆرەها حاڵەتی دەروونی ببێت و ئەم حاڵەتانەش کاربکەنە سەر رەفتارو کەسێتیو هاوسەنگی دەروونیو یەکێك لەدەرئەنجامەکانی رووداني



پشێوی دەروونییە و لەوانەیە خۆکوشتنی کتوپڕ بێت یان تووشبوون بێت بەخەمۆکییەکی درێژخایەن و هەستکردن بەڕەشبینیو دواجار کۆتاییهێنان بێت بەژیان، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە کرسیلنك[٣٨] لەساڵی ١٩٥٢دا لەسەر (٦٦) کەس ئەنجامیداوە کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، دەرکەوتووە، خەمۆکیو دڵەڕاوکێو شەڕانگێزی و لەو سیفەتە سەرەکیانەن لەو کەسانەدا هەن کە خۆیان دەکوژن، هەروەها لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ تەندروستی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بەبوونی پەیوەندی لەنێوان خۆکوشتنو تووشبوون بەخەمۆکی ئاماژە دەدەن بەبوونی جۆرێك لەپەیوەندی لەکاتی تووشبوون بەخەمۆکی بەپلەیەکی گەورە یان قووڵ واتە لەکاتی تووشبوون بەحاڵەتە توندەکانی خەمۆکی رێژەی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بەرز دەبنەوە واتە بەندە بەپلەی خەمۆکیو مەودای قووڵییەکەی. لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەکان ئاماژەدەدەن: (١٨٪ی کوڕانو ٢٤٪ی کچان کە خۆیان کوشتووە تووشی حاڵەتی دەروونی بوون بەتایبەتی خەمۆکی لەپێشەوەی ئەو حاڵەتانە دەروونیانەیە کە خۆیان دەکوژن)[٣٩].

دەشێت وەك دورکهایم دەڵێت: خۆکوشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام مەرج نییە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ببنە هۆی خۆکوشتن، بەڵکو دەرئەنجامە دەروونییەکانی بەهۆی کێشەو فشارو کۆمەڵایەتییەکانی تووشی ژن دەبن لەوانەیە ببنە هۆی خۆکوشتن، خواستمە بڵێم لەهەندێك باردا کاتێك ژن خۆی دەکوژێت راستە لەڕوواڵەتدا لەوانەیە دەورووبەر وابزانن کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان بووبنە هۆی خۆکوشتنی، بەڵام راستییەکەی لەوانەیە ئەو ژنە بەهۆی ئەو کێشەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەوە تووشی جۆرەها پشێوی دەروونی بووبێت و ئەو حاڵەتە دەروونییە ناسروشتیانە بووبنە هۆی خۆکوشتنی نەك خۆی لەبارێکی دەروونیو ئەقڵی دروستدا خۆکوشتنی وەك راکردن لەو فشارە کۆمەڵایەتییانەی ژیانی هەڵبژاردبێت، ئەم دووحاڵەتەش جیاوازییان زۆرە، چونکە لەمبارەدا ئەگەر دەورووبەر هەست بەباری دەروونی ئەو ژنە و کێشەکانی ئەو ژنە بکەن دەتوانن یارمەتی بدەن و دڵنەوایی پێ ببەخشنو رێگەچارەی بۆ کێشەکانی بۆ بدۆزنەوە تا بیرۆکەی خۆکوشتن لەمێشکی دوور بخرێتەوە.

هەندێك حاڵەتی پشێوی دەروونیش هەن رەگوریشەیان بۆ قۆناغەکانی منداڵیو هەرزەکاری دەگەڕێنەوە، وێڕای ئەو حاڵەتانەی هۆکاری بۆماوەیی رۆڵی بنەڕەتی دەبینن، بەڵام کاتێك بەتەواوی لەسەر رەفتارو کەسێتی ژن دەردەکەون کە بارودۆخ رەخساو دەبن بۆی، بەتایبەتی کاتێك ژن دەچێتە قۆناغێکی نوێی ژیانەوە واتە کاتێك پەیوەندی لەگەڵ توخمەکەی دی

دەبەستێت و خۆشەویستیو هاوسەرێتی دەکات، دەرکەوتنی ئەم حاڵەتانەش پەیوەندی بەتینی بەجۆر و شێوازی ژیانی سۆزداری ئەو کچەوە هەیە لەگەورەییدا و سروشت و مۆرکی کەسێتیو رەفتاری ئەو پیاوەی دەبێتە هاوبەشی، هەندێجار ژن خۆی خاوەنی هەندێك گرێی دەروونیو باری شلۆقی دەروونییە و بەهەمان شێوە هاوبەشەکەشی لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی دەروون تەندروست دانانرێت، لەمبارەدا ئەو پیاوە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ خێرابوونی دەرکەوتنی پشێوییە دەروونییەکانی ئەو ژنەو رووداني دەرئەنجامی نێگەتیڤی وەك خۆکوشتن، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی لەقۆناغی منداڵیدا لەسۆزی خۆشەویستی یەکێك لەباوان بێبەش بوون بەتایبەتی لەکاتێکدا منداڵ لەناکاو دایکی لەدەستدەدات بەهۆی مردنی یان جیابوونەوەی لەباوکی، ئەم منداڵانە تووشی شۆك دەبن و کە گەورە دەبن بەردەوام ئەو ترسە لەدەروونیاندا دەمێنێتەوە هەر کەسێکیان خۆشویست دەترسن لەدەستی بدەن یان بمرێت، ئەم بیرکردنەوەیە تووشی دڵەڕاوکێو خەمۆکییان دەکات لەسەر رەفتارو مامەڵەیان لەگەڵ هاوبەشەکانیاندا رەنگدەداتەوەو بێگومان دەرئەنجامی نێگەتیڤیشی لێدەکەوێتەوە.

هەندێجار ژن بێ بوونی هیچ کێشە و فشارێکی کۆمەڵایەتی دیار یان کاریگەریش لەقۆناغێکی تەمەنیدا لەژیان بێ هیوا دەبێت و تووشی جۆرێك لەبێزاری و خەمۆکی دەبێتو هەست بەتامی ژیان ناکات بەتایبەتی ئەوەی دەرکەوتنی ئەم دۆخە خێرا دەکات مردنی کەسێکی نزیکە یان رووداوێکی ناخۆشە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ قۆناغی منداڵیو گەشەی دەروونیو ویژدانی ئەو ژنە دەگەڕێتەوە نەك رووداوە هەنووکەییەکانی لەوکاتەدا روودەدەن، لەزۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە ژن هاوسەرێتی کردووە کاتێك خۆی دەکوژێت راستەوخۆ پەنجەی تۆمەت بۆ هاوسەرەکەی رادەکێشرێت لەهەردوو رووی کۆمەڵایەتیو یاساییشەوە، بەتایبەتی کاتێك ئەو ژنە کێشەو گرفتی لەگەڵیدا هەبووبێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە هاوسەری ئەو ژنە تاوانبار بێت لەخۆکوشتنی، واتە لەڕووی دەروونییەوە ئەو پیاوە تەنیا چەوسێنەر نییە کە ژن لەنەستی خۆیدا بیەوێت بیکوژێت. د. مەکرەم سەمعان[٤٠] لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەخۆکوشتن ئاماژە بەنموونەیەك دەدات تەواو لەگەڵ ئەم بڕگەیەی باسەکەماندا دەگونجێت، کە باس لەژنێکی سویدی دەکات، ئەم ژنە لەخێزانێکی دەوڵەمەندی محافزکاردا گەورەبوو بوو، بایەخێکی تایبەتی بەپەروەردەکردنی درابوو لەخوێندنگەی تایبەتی خوێندنی دەستپێکردبوو، ئەم ژنە گەشتی بەناو زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا کردبوو، بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەو گەورەبوونی لەسەر گوێڕایەڵیکردنی باوکی راهاتبوو، تەنانەت هیچ نارەزاییەکی دەرنەبڕی



کاتێك باوکی پێیڕاگەیاند دەبێت هاوسەرێتی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بکات بێئەوەی بیناسێت یان خۆشی بوێت، ئەم ژنە دوای پانزەساڵ لەهاوسەرێتی لەگەڵ ئەو پیاوەدا تووشی هەرەسێکی دەروونی توندبوو کاتێك هاوسەرەکەی کۆچیکرد، ئەم ژنە هەستی بەتەنیاییەکی کوشندە کردو لەبارێکی دەروونی شلۆقدا ژیانی دەبردەسەر، وا بەخەیاڵیدا دەهات پێویستی بەنەشتەرگەرییەکی مەترسیدارە، پاشان رۆژێك لەچێشتخانەی ماڵەکەی خۆیدا شاپلێتەیەکی ئاگری ئاڕاستەی خۆی کردو هەوڵی خۆکوشتنیدا، بەڵام لەم هەوڵەدا سەرنەکەوت، دوای ئەم رووداوە خرایە ژێر چارەسەری دەروونییەوە، ماوەیەك باشبوو پیاوێکی دیکەی خۆشویست کە ئەویش هەر هاوڕێی باوکی بوو، هەرچەندە چەند ساڵێکیش لەژنەکە گەورەتر بوو، بەڵام لەسەر داوای ژنەکە هاوسەرێتییان کرد، ئەو پیاوە زۆر بەرەقی مامەڵەی لەگەڵ ژنەکە دەکرد، دوای ماوەیەك باوکی ژنەکە مرد، ژنەکە دووبارە تووشی هەرەسهێنان بۆوە و هەوڵەکانی بۆ خۆکوشتن دەستپێکردەوە، منجر کە کاری لەسەر حاڵەتی ئەم ژنە کردووە پێیوایە ئەم ژنە بەرپرسیارێتی مردنی هاوسەری یەکەمی خستۆتە ئەستۆی خۆی، چونکە پێیوابووە ئەم بۆتە هۆی خێراکردنی وادەی مردنی بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کە لەخێزانی پیاوەکە خۆیدا هەبووە، ئەم ژنە هەستی بەگوناه دەکرد و خۆی سەرزەنشتدەکرد، بەڵام لەڕاستیدا کاتێك هەوڵی خۆکوشتنیدا لەنەستدا ویستوویەتی باوکی بکوژێت، چونکە لەنەستدا دژبەیەکیەکی ویژدانی بەرامبەر باوکی هەبووە واتە وەك باوك خۆشیدەویست، بەڵام وەك چەوسێنەر رقی لێبوو، هاوسەرێتی دووەمجاری ئەم ناکۆکییەی بۆ شیکردەوە، چونکە وەك هاوسەر خۆشیدەویست، بەڵام کە دەیچەوساندەوە رقی لێبوو، تا ئەوکاتەی باوکی مرد، بەمردنی باوکی خەیاڵەکانی بۆ گەڕانەوە و ویژدانی هەستکردووی بەگوناه گەورە و بەهێزتر بوو، دەرئەنجامەکەشی دووبارە هەوڵدانی بوو بۆ خۆکوشتن، خۆکوشتنی ئەمجارەی تێکەڵەیەك بوو لەئارەزووی کوشتن و سزادانی خۆی واتە دەیویست کەسێك بکوژێت و خۆیشی سزا بدات، چونکە هەستی بەگوناه کردووە کە ویستوویەتی باوکی (واتە چەوسێنەری پێشووی) بکوژێت، لەکاتێکدا هاوسەری دووەمی کە ئەم خۆشیویستووە و ئەویش چەوساندوویەتییەوە بۆتە پاڵنەر یان فاکتەرێك بۆئەوەی چەوساندنەوەی پێشووی باوکی بیر بکەوێتەوە و ئارەزوو بکات بیکوژێت، هەوڵدانیشی بۆ خۆکوشتن دوای مردنی باوکی دەرئەنجامی ئەو هەستانەی پێشووە، چونکە لەنەستدا بەردەوام ئارەزووی کردووە ئەوەی ئەو باوکە بکوژێت کە چەوساندوویەتییەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی مەرج نییە ئەو ژنانەی کە خۆیان دەکوژن تەنیا هۆکار هاوسەرەکانیان بێت،

بەڵکو دەشێت باوك یان برای گەورە یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی رەهای بەسەر ژیانی ژندا هەبوو لەقۆناغە زووەکانی منداڵییەوە رەهەندی شاراوە بن لەنەستی ژنداو لەوێنەی چەوسێنەری یەکەمدا پارێزرابن.

هەرچی پەیوەندی خۆکوشتنە بەرەهەندی بۆماوەوە لەوە ناچێت خۆکوشتن پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەجینەکانەوە هەبێت، تەنیا لەهەندێك حاڵەتی نەخۆشی ئەقڵیو دەروونیدا نەبێت، ئەگەر ئەوە بسەلمێنرێت هەریەك لەو نەخۆشییانە بەهۆی جینەکانەوە دەگوازرێنەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین تا ئاستێك بۆماوە پەیوەندی بەخۆکوشتنەوە هەیە، بەڵام دەشێت مرۆڤ لەرێگەی تەماهیکردنەوە رەفتاری خۆکوشتن لەیەکێك لەو کەسانەوە وەربگرێت کە پەیوەندی خوێنیی لەگەڵیدا هەبووە بۆ نموونە دایك یان باوك یان باپیرە، کاتێك ئەستەمییەکانی ژیان و فشارە کۆمەڵایەتییەکان دەروازەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکیانەو خۆقوتارکردن لەبەردەم تاکدا، کلۆمدەکەن، خۆکوشتن دەبێتە فریادرەس بۆ رزگاربوون لەو دۆخە گرژییە و کەسی خۆکوژ تەماهی لەگەڵ یەکێك لەو وێنانەدا دەکات کە لەزەینیدا وێنابوونو بەندن بەخۆکوشتنەوە لەحاڵەتی خۆکوشتنی دایك یان باوك یان خوشكو برای لەخۆ گەورەتردا.

## خۆکوشتن و هەوڵی خۆکوشتن

ئەو ژنەی بڕیاردەدات خۆی بکوژێت جیاوازە لەو ژنەی هەوڵی خۆکوشتن دەداتو ئامانجی کارەکەش دیسانەوە جیاوازە ئەگەرچی هەندێجار هەوڵە خۆکوژییەکان لەئەنجامی توندیو بەهێزی ئەو ئامرازانەوەو کاریگەرییان بۆ سەر جەستە یان شکستهێنانی دەوروبەر لە فریاکەوتن و بەدەنگەوە چوونی ئەو ژنە، دەبنەهۆی گیان لەدەستدان و بەپێچەوانەشەوە هەندێجار ئەو ژنە بەفیعلی ئامانجی لەو کردارە کۆتایی هێنانە بەژیانی، بەڵام بەرێکەوت کەسێك دەبێتە هۆکار بۆ یارمەتیدانیو رزگارکردنی ژیانی لەمردن ئەگەرچی ئەم حاڵەتەی دووەمیان کەمتر روودەدات، ئەو ژنەی بڕیاری خۆکوشتن جێبەجێدەکات لەرووی سایکۆلۆژییەوە و ئەو حاڵەتە هەنووکەییەش کە لەساتی بەر لەکۆتایی هێنان بەژیانی تیایدا دەژی، جیاوازە لەگەڵ ئەو ژنەی هەوڵی خۆکوشتن دەدات، ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت من-ی تووشی تێکچوون بووە و دەلەقێت و هاوسەنگی لەدەستداوە و ناتوانێت وزە بەرگرییەکانی کۆبکاتەوە و رووبەرووی ئەو واقیعە ببێتەوە کە تیایدا دەژی و خۆی لەگەڵ دەرهاویشتەکانی ئەو واقیعەدا بگونجێنێت، ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت من-ی ئەوەندە ناسك بۆتەوە بەرگەی خەم و ئازاری



دیکە ناگرێت و پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم من-ەکانی چواردەوریی پچڕاندووە خەم و تراژیدیا لەژیانیدا گەیشتۆتە لوتکە، بەشێوەیەك هەموو دنیا لەبەرچاویدا بەرتەسك بۆتەوە و بایەخدانی بە بەهای ژیان کەمبۆتەوە، هەست بەبێکەسیو نامۆبوون دەکات وەك دەرئەنجامێکی سروشتی ئەو ژینگە وشك و زبر و دڵڕەقەی تیادا دەژی و ئارەزووەکانی تیایدا شکستیان هێناوە، بەواتایەکی دی ئەو ژنە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییە بێزارە و هەست ناکات ژیانێکی خۆشی تیادا دەباتەسەرو بەهۆی ئەم ژینگە نێگەتیڤەوە کە بۆتە هۆی هەرەسهێنانی سەرجەم پەیوەندییە پۆزەتیڤەکان لەژیانی ئەو ژنەدا، هەست بەشکستیدەکات لەدۆزینەوەی دەروازەیەك بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە بەژیان و بەستنی پەیوەندی نوێو پۆزەتیڤانەتر، (لێکۆڵینەوەکانی رافایل Raphael 1973 و هندسون Henderson 1938 و پالمر Palmer 1941 و تیچەر Teicher 1947، ئاشکرای دەکەن ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت کەسێکی ناکامڵە و گەڕاوەتەوە بۆ قۆناغی منداڵیو تەنیا لەسەر خۆی چەقی بەستووە و بەدەست تەنیاییەوە دەناڵێنێت، شەڕانگێزییەکی شاراوە لەکەسێتیدا هەیە و ناتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسایی کە خۆی لێی رازی بێت ببەستێت. لەساڵی ١٩٣٣دا لویس Lewis خۆکوشتنی لەروانگەی سایکۆلۆژییەوە باسکردووە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی خۆکوشتن لەئەنجامی هەرەسهێنانی کۆتایی پرۆسەی خۆگونجاندنی تاکەوە روودەدات)[٤١] ، بەشێوەیەك ئەم حاڵەتەی خۆنەگونجاندن و نامۆییە بەسەریدا زاڵە، خۆی بەکەسێکی تەواو جیاواز لەوانی دەوروبەری خۆی دەبینێت و زۆرجار هەست بەکەموکوڕیو دوونییەت دەکات، ئەم هەستە لەوانەیە واقیعی بێت و لەوانەشە دروستکراوی خەیاڵی خۆی بێت واتە دەشێت ژینگەی کۆمەڵایەتی ژنەکە هاندەر بێت بۆ هەستکردن بەمجۆرە هەستە نێگەتیڤانە یان ئەو ژنە خۆی بەوشێوەیە هەستدەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەو ژنانەی دەگەنە بڕیاری خۆکوشتن لەئەنجامی دووبارەبوونەوەی شکستهێنانیان لەرووبەڕووبوونەوەی واقیعو کێشەکانی یان لەدوای لەناکاو روودانی کارەساتێکی گەورەدا کە لەناخەوە ئەو ژنەی هەژاندبێت و هەستی بەشکستی کردبێت، دووچاری بێ هیواییەکی سەیر دەبن لەژیان و هیچ ئومێدێك بەدیناکەن بەرامبەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە یان گەیشتن بەو بابەتەی بووە بەبابەتی سەرەکیو یەکەم لەژیانیاندا، بۆیە هەستدەکەن کەسێکی کەمدەست و بێ تواناو شکستن و هەموو دەروازەکانی رزگاربوون لەسەریان داخراوە و کەسێکی تەنیاو لانەوازەن و جگە لەخۆکوشتن هیچ رێگە چارەیەکیان نەماوە بۆ رزگاربوون لەو دۆخەی تیادا دەژین، بەشێوەیەك هەڵوێستی خۆکوژی

بەسەریاندا زاڵ دەبێت ڕێگە دەگرێت باری بەئاگاییان سەرنجیان بۆ لای ژیان ڕابکێشێت و هاوکات جەستەیان دووچاری هەرەسهێنانێکی ئۆرگانی دەبێت و ئەقڵو هۆش توانای کۆنتڕۆڵکردنی جەستە و وەڵامدانەوەی نابێت و تەواوی خەیاڵو بیرکردنەوە تەمومژ دەبێت و ناتوانن لۆژیکیانە بیر لەخۆیانو لەژیان و کێشەکانی یان ئەو ئازارە بکەنەوە کە بەخۆیانی دەگەیەنن و تەنانەت شکستن لەبەردەم خۆیاندا و ناتوانن ڕێگە لەو ڕەفتارە شەڕانگێزە یان هەرکارێك بگرن کە زیان بەجەستەیان دەگەیەنێت، (ڕولف W.Roalfe 1928و ولیەمس E.Williams 1936 لەسەر ئەوە کۆکن ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێت کەسێتییەکەی نارسیزمی هەیەو لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکانی هەڕەشەکردن شکستە کە نووشوستیهێنان و بێبەشبوونیش دەگرێتەوە، ویژدان ڕێزگرتن لەخود لەدەستدەدات و ئەنگێزەی گەڕانەوە گەشەدەکات، تاك پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن وەك ڕاکردنێك لەو ململانێیەی بەرگەی ناگرێت و خۆکوشتنەکەی ئاماژەیە بۆ ئارەزوویەکی نەستی بۆ گەڕانەوە بۆ ناو قۆناغی کۆرپەلەیی لەناو منداڵدانی دایکدا....) [٤٢] ، ئەو ژنانەی بەردەوام پێویستیان بەجەختکردنەوەی دەوروبەر لەتواناکانیو دڵنەواییکردنەوە هەیە بەرامبەر بەو بابەتانەی جێگەی بایەخن لای ئەوان و خاوەنی کەسایەتییەکی نیمچە هەرزەکارانەن و لەڕووی سۆزدارییو دەروونییەوە ناسەقامگیرن، ئەگەری بیرکردنەوە لەخۆکوشتن ئەگەرێکی دوور نییە لەژیانیاندا ئەگەر هەندێك فاکتەری دیکە بوونە هاندەری، کەسێتیی ئەم ژنانە بەشەڕانگێز و توندوتیژ بەرامبەر دەوروبەرو خۆیشیان دەناسرێن کە هۆکارەکەی بۆ چەپاندنی ئارەزووە ئاساییو سێکسوالەکان دەگەڕێتەوە، تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیان بەرامبەر بەژیانو سەرجەم ئەو کەسانە هەیە کە لێیانەوە نزیکن، هەست بەبوونی خۆیان ناکەن، لەبۆشاییەکی پووچدا دەسووڕێنەوە و تواناکانی خەیاڵکردنەوە و وێناکردنیان پووکاونەتەوە و جگە لەخۆکوشتن بیر لەهیچ هەوڵو ڕێگەچارەیەك ناکانەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بارە دژوارەی تیایدا دەژین و ئەو فشارانەی واقیعی ژیان بەسەریاندا سەپاندوویەتی.

لەبەرئەوەی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ژن بەنهێنی خۆی بۆ خۆکوشتن سازدەکات، ئەستەمە بەوردی وەسفی ئەو دۆخ و حاڵەتانە بکرێت کە ژن بەر لەخۆکوشتن پیایاندا تێپەڕدەبێت یان تووشیان دەبێت و بەهەمانشێوە ئەستەمە باس لەڕۆژ و ساتەکانی بەرلەخۆکوشتن بکرێت، بەڵام بەگشتی لەزۆربەی ئەو توێژینەوە و بەدواداچوونانەی لەسەر خۆکوشتن ئەنجامدراون باس لەکۆمەڵە نیشانەیەك دەکەن لەو کەسانەدا کە بەنیازبوون خۆیان بکوژن یان مەیلی لەو جۆرە



بەخەیاڵیاندا هاتووە، بۆ نموونە هەندێك دەستەواژەی وەك ئەمانە دووبارە دەکەنەوە: (ئەمە کەی ژیانە)، (مردن لەم ژیانە خۆشترە)، (بۆچی خوا نامکوژێت و لەم ژیانە ڕزگارم ببێت)، (ناتوانم لەم ژیانەدا بەردەوام بم)، (خۆزگە بەیەکجاری چاوم لێکدەناو دەحەوامەوە)، (نازانم خەڵکی چۆن پێدەکەنن)، (هیچ لەم ژیانەدا شایەنی ئەوە نییە بۆی بژیت)، (خۆزگەم بەوانەی لەژێر خاکدا نووستوون و لەم ژیانە بێئاگان).... هتد.

K.N کچێکی تەمەن ٢٠ساڵ بوو، ٢٠٠٨/٥/١٠ لە سەربانی ماڵەکەی خۆیاندا فیشەکێکی دەمانچەی ئاراستەی دڵی خۆی کرد، دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە تەنها ١٠ خولەك ژیاو گیانی لەدەستدا. هاوڕێیەکی نزیکی باس لەوە دەکات کە ئەو ڕۆژە K.N ئاسایی نەبووە و زۆر گۆڕاوە و تەنانەت درەنگ هاتووە بۆ دەوام، بێدەنگ و خەمگین دورەپەرێز لەهاوڕێکانی دانیشتووە، ماوەی دوو سەعات گریاوە و هەرچەند لە هۆکاری ناڕەحەتیەکەیمان پرسیوە، بەڵام هیچی پێنەوتین و تەنیا وتوویەتی (وازم لێبێنن کێشەکەم زۆر ئاڵۆزە)، کاتێکیش دەوام تەواو بوو، ماڵئاوایی لێکردین و پێی وتین لەمەودوا ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر مۆبایلەکانمان بسڕینەوە، ، لەڕێگادا هیچ ئاگای لە خۆی نەبوو، تەنانەت هێندەی نەمابوو ئۆتۆمبێلێك خۆی پێدابکێشێت.

کەسانی نزیك لەو ژنانەوە لەوانەیە تێبینی هەندێك حاڵەتیان کردبێت کە بەسەر ئەو کەسانەدا ڕوویداوە، وەك: تەنیاییو هەستکردن بەبێزاری و بێتاقەتیو خەمۆکیو گریان بەبێدەنگی یان تووشبوون بەنۆرە گریانێکی هستریو لەگەڵیدا هاوارو قیژەو ڕەتکردنەوەی هەموو یارمەتیو دڵنەواییکردنەوە و قسەکردنێك لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لەو شوێنەدا ئامادەن، هەندێك لەو ژنانەش کە خۆیان کوشتووە کەسانی نزیك لێیان کە لەگەڵیاندا ژیاون لێیان دەگێڕنەوە کە بەغەیری عادەتی خۆیان جۆرێك لەئارامیو سوکنایی سەیرییان پێوە دیاربووە، هەروەك بڵێی کێشەکانی خۆیان چارەسەرکردووە و خۆیان لەگەڵ ژیاندا یەکلاییکردۆتەوە، بێتاقەتیو خەمۆکییەکی تا ئەوپەڕی خەمساردانە و هێمن لەڕوخسارییان هەستپێکراوە و بەزۆری دوورەپەرێزبوونو بەتەنیا دانیشتوون و بێ هیچ جووڵە و قسەیەك لەئەندێشەدا ماوەیەکی دوورودرێژ ماونەتەوە، ئەگەری ئەوە بەهێزە لەئەندێشەی مەرگدا نقووم بووبن، بەپێچەوانەی عادەتی خۆیان هەموو شتە دونیاییەکان کەم بایەخ بووە لایان و ئاسایی وەریانگرتووەو لەکاتی قسەکردنو دواندنیشیاندا زۆرترین دەستەواژە کەوتوویانەتەوە بریتیبووە لە: (دنیا چییە؟) یان (مرۆڤ تەنیا بەمردن لەژیان ڕزگاری دەبێت و بەیەکجاری دەحەوێتەوە).

ئەو ژنەی مەیلی خۆکوشتن لەدەروونیدا چەکەرەی کردووە یان پلانی بۆ خۆکوشتن دارشتووە بەگشتی سەرجەم چالاکییە ئاساییەکانی رۆژانەی خاوییو سستی پێوەدیاردەبێت، بۆنموونە ئارەزووی بۆ نانخواردن کەمدەبێتەوە و تووشی خەوزڕان یان خەوی پچڕپچڕ دەبێت، بایەخ بەڕوخسارو پاکوخاوێنی خۆی نادات و ئارەزووی سێکسوالی نامێنێت و خەفەت و خەمێکی قوولْ باڵی بەسەردادەکێشێتو بەزۆری کاتەکانی بەتەنیا بەسەردەبات، یان هەستکردن بەگوناهێکی توند بەسەریدا زاڵدەبێت و لەوانەیە دەستبکات بەپاڕانەوە و پاکبوونەوە لەو هەڵەو گوناهانەی کە ئاشکرا نییە واقیعین یان رەمزی و خەیاڵین، متمانەی بەخۆی و کەسانی دیکەش نامێنێت و هەستدەکات لەئەنجامدانی هەموو کارێکدا کەمتوانایە و شکستدەهێنێت و تەنانەت ئەنجامدانی هیچ کارو چالاکییەکی سروشتی و رۆژانە بەهەند وەرناگرێت و فەرامۆشیدەکات، هەندێجاریش ئەو ژنە بەرلەخۆکوشتن قسە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی دەکات و ناڕاستەوخۆ ماڵئاواییان لێدەکات. هەروەها توێژینەوەکان ئاماژەدەدەن ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن دەنگیشیان گۆڕانی بەسەردا دێت، لەمبارەیەوە( تیمێك توێژەران لەزانکۆی فاندربلت لەویلایەتی تینبسی ئەمەریکی بۆیان دەرکەوتووە ئەو کەسانەی بیر لەخۆکوشتن دەکەنەوە دەنگیان گۆڕانی بەسەردا دێت و بواری لەرەلەری دەنگییان تەسکدەبێتەوە، میشیل ویلکس کە یەکێکە لەئەندامانی تیمی توێژینەوەکە لەو باوەڕەدایە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هیلاکیو ماندووبوونەی ئەو کەسە هەستی پێدەکات کە بڕیاری خۆکوشتنی داوە، دەنگی ئەو کەسانە وەك توێژەرەوەکان وەسفیدەکەن لەو دەنگانە دەچێت کە واهەستدەکرێت لەگۆڕەوە دێن، واتە دەنگیان بەتاڵو بۆش دەبیسترێت)[٤٣].

ئەوکەسانەی لەگەڵ ژنێکدا دەژین کە تووشی ئەم حاڵەتانە یان هەندێك لەم حاڵەتانە بووە ئەگەر دڵڕەقییان بەرامبەر نواند بۆنموونە گاڵتەیان بەگریان و قیژە و هاوارکردنی یان قسەکانی یان خەم و خەفەتەکانی یان هەڕەشەکانی بۆ خۆکوشتن، کرد و ئەو هۆکارانەیان بەهیچ وەسفکرد کە ئەو لەپێناویدا دەگری و خەفەت دەخوات، ئەوا ئەوەندەی دیکە ئەو ژنە حاڵەتی دەروونی بەرەو پشێوی دەچێت و لەوانەیە راستەوخۆ بڕیاری یەکجارەکی خۆکوشتن بدات و لەنزیك فرسەتدا جێبەجێیبکات، یان هەنووکە و لەوساتەدا یەکسەر خۆی بکوژێت، واتە نەبوونی هاوسۆزی و دڵنەواییکردنەوە لەم دۆخانەدا وادەکەن ژن زیاتر لەسەر بیرۆکەی خۆکوشتن سووربێت و ژیان لەو ژینگە نێگەتیڤەدا رەتبکاتەوە.



بۆ بەدبەختی کەسانی چواردەور بەدەگمەن هەست بەحاڵەتی دەروونی ئەو ژنە دەکەن کە مەیلی خۆکوشتنی هەیە یان درك بەوە ناکەن ئەو مەیلە گەیشتۆتە قۆناغێکی مەترسیدارو پیلانیشی بۆ داڕشتووە، هەربۆیە ئاماژەدان بەو حاڵەت و نیشانانە تا ئاستێکی زۆر بەکارێکی تەواو و زانستی دانانرێت، چونکە بارودۆخی توێژینەوە و چاودێریکردن کارێکی ئاسان نییەو لەهەمانکاتدا پرسیارکردن و بەدواداچوونی هەرشتێك پەیوەندی بەخۆکوشتنەوە هەبێت لەو ژنەی کە دەیەوێت خۆی بکوژێت بەکارێکی نامرۆڤانە وەسفدەکرێت، چونکە لەوانەیە ئەو پرسیارانە ببنە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆئەوەی ئەو ژنە زووتر پیلانی خۆکوشتنەکەی جێبەجێبکات لەترسی ئەوەی کە ئاشکرا نەبێت.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا خۆکوشتن رووداوێکی هەنوکەیی یان رەفتارێکی سەرپێیی نییە و پێشتر بەماوەیەك کە هەندێجار لەمانگێك زیاتر تێدەپەڕێت ئەو ژنە نەخشەی بۆ دادەنێت، هەرچی هەوڵدانە بۆ خۆکوشتن زۆرکات دەرئەنجامی رەفتارێکی هەڵچوونی ساتەوەختییە و ئامانج لێی باشکردنی ئەو بارودۆخە هەنووکەیەیەکە تیادا دەژی و ئەو واقیعە کۆمەلاّیەتییە کە ئەو ژنەی ناڕەحەت کردووە و دەکرێت بەنمایشتێکی والای ئازارەکانی ژن وەسفبکرێت، هەرگیز ژن چاوەڕێی مەرگ ناکات وەك دەرئەنجامی ئەم قوربانیدانەی خۆی، بەلاّم لەنێوان خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن تەنیا تالّە دەزوویەکی باریك هەیە. کاتێك ژن دەیەوێت بەشێوەیەکی ئاشکراو کاریگەر گوزارشت لەئازارەکانی بکات و هاوکات داوای خۆشەویستیو باشکردنی بارو گوزەرانی ژیانی بکات، دەکەوێتە ململانێیەکی سەختەوە لەنێوان ئارەزووکردنی بۆ ژیان و مانەوە بەزیندوویی لەگەڵ ئارەزووکردنی بۆ وێرانکردن و لەناوبردنی خۆی وەك دوا رێگەچارە بۆ حەوانەوە و هاوکات تۆڵەکردنەوەش لەو ژینگە کۆمەلاّیەتییەی تیادا دەژی.

لێرەوە ئامرازەکانی خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن جیاواز دەبن، چونکە ئامانجەکان جیاوازن، بەپێی ئەو داتاو نموونانەی توێژەرو پسپۆڕان کاریان لەسەرکردووە ئەوکەسانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن بەشێوەیەك هۆکاری خۆکوشتن بەکاردەهێنن کە بوار دەدەن بەکەسانی چواردەورییان بۆ دەستێوەردان و یارمەتیدانیان، بەلاّم ئەوانەی خۆیان دەکوژن هۆکاری زۆر توندوتیژ بەکاردەهێنن کە راستەوخۆ بەهۆیەوە گیان لەدەستدەدەن و فرسەتی دەستتێوەردان لەلایەن کەسانی چواردەورەوە زۆر بچووکە، ئەگەر فریای ئەوەش بکەون کات تێپەڕبووەو ئەو کەسە بەهۆی سەختی ئازارو برینەکانیەوە گیان لەدەستدەدات.

(فاربرو شنیدمان) تێبینییان کردووە: ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن هۆکاری کەم کاراو لاواز بەکاردەهێنن وەك حەپە هێورکەرەوەکان و برینی خوێنبەر، بەڵام ئەوانەی خۆیان دەکوژن هۆکارێکی خۆکوشتن هەڵدەبژێرن کە کاراییەکی خێرای هەیە وەك خنکاندن و فیشەك، هەروەها لەشوێنێك ئەنجامیدەدەن کە دووربێت لەبواری کۆمەڵایەتی)[٤٤]، واتە دووربێت لەیارمەتی کەسانی چواردەوری یان کەسانی دی،بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئاگر زۆرکات تەنیا ئامرازی ژنە بۆ خۆکوشتن و لەهەوڵەکانیشیدا بۆ خۆکوشتن هەر ئاگرە، لێرەدا بەهۆی کاریگەری خەتەرناکی ئاگر و ئەو هۆکارە مەترسیدارانەی بۆ کڵپەسەندنی جەستەو خۆسووتاندن بەکاردێن وەك نەوت و بەنزین، ئەستەمە خۆکوشتنی ژن لەهەوڵدانی بۆ خۆکوشتن جیابکەینەوە، چونکە لەوانەیە خۆسوتاندن تەنیا هەوڵدانبێت بۆ خۆکوشتن نەك بڕیاری کۆتاییهێنانی تەواوبێت بەژیان، ژن لەرێگەی ئەو جەستە ئاگراوییەوە شوێنەوارێکی هەمیشەیی لەیادەوەری دەوروبەرو کەسە نزیکەکانیدا جێدەهێڵێتو هاوکات ئەو جەستە سووتاوە دەکاتە بزوێنەرێك بۆ هەژاندنی ویژدانیانو سزادان و تۆڵەکردنەوەش لێیان، بەڵام لەوبارانەدا کە مەبەستی ژن خۆکوشتن نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ خۆکوشتن، ئاگر وەك کاریگەرترین هۆکار بۆ ئازاردانی جەستەی خۆی هەڵدەبژێرێت تا هیچ گومانێك نەهێڵێتەوە بۆ سەلماندنی ئازارو ئەشکەنجەکانی لەوژیانەدا کە بێگومان ئاسوودەنەبووە تیادا تا ئەو ئاستەی بڕیاردەدات جەستەی خۆی وێرانبکات و بەو هیوایەی لەئایندەدا خۆشەویستیو دڵنەواییو ئاسوودەیی بەدەستبهێنێت بەتایبەتی خۆشەویستی ئەوکەسەی کە لەساتەکانی بەر لەهەوڵدان بۆ خۆکوشتن هەڵچوونێکی دژ بەیەکی بەرامبەری هەبووە واتە لەیەککاتدا خۆشیدەوێت و رقیشی لێی دەبێت. با لێرەدا لەم چەند نمونەیە وردبینەوە

- H.M 39 ساڵ هەردوو دەستی سووتاون و دەمووچاوی شێواوە و رێژەی سووتاوییەکەی ٧٩٪ پزیشکەکان وتویانە کە هیچ فرسەتێکی ژیانی نییە، H.M دەڵێت بە تەباخ سووتاوم، بەڵام وەك پزیشکەکان دەڵێن ئەگەر تەباخەکە بشتەقیایەتەوە ئەوەندەی نەدەسووتا".

-"B.O تەمەن ٢٥ ساڵ بەزۆر باوکی بە شوویداوە لە ماوەی پانزە رۆژ لە دوای شووکردنی سێ جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە لەرێگەی خواردنی دەرمانەوەو ئێستا دوور لە خێزان و هاوڕێکەی کە دەیویست هاوسەرێتی لەگەڵدا ببەستێت لەیەکێك لە پەناگەکانی ژنان لەسلێمانی دەژی و دەڵێت: نامەوێت بڕۆمەوە لای هاوسەرەکەم و ئەگەر بڕۆمەوە ماڵی باوکیشم، ئەوا باوکم دەمکوژێت وەك چۆن هاوڕێکەمی کوشت".



-"پزیشکێکی دەروونی لە سلێمانی ئاماژەی بە حاڵەتی ژنێکی تەمەن ٢٦ ساڵ کرد کە دوو منداڵی هەیەو بەزۆر بەپیاوێکی تەمەن ٥٦ ساڵ دراوە بەشوو، لە ماوەی ژیانی هاوسەرێتیدا دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە بەو پیاوە رازی نەبووە و پیاوەکەش لەبەرامبەردا دڕندانە ئازاری داوە و چەندجارێك بەجگەرە جەستەی سووتاندووە، ئەو ژنە یەکەمجار بڕێکی زۆر حەپ دەخوات، بەڵام فریای نەخۆشخانە دەخرێت و ژیانی لەمردن رزگاردەکرێت، دووەم جاریش نەوت دەکات بەخۆیدا، بەڵام دایکی فریای دەکەوێت.

وەك دەبینین حاڵەتی یەکەم ئاشکرا نییە ئەو ژنە خۆسوتاندنی بەمەبەستی خۆکوشتن بووە یان تەنیا هەوڵێك بووە بۆ راکێشانی سەرنجی هاوسەرەکەیو دەوروبەری بەهیوای باشکردنی ئەو ژیانەی بۆتە هۆی قوربانیدان بەجەستەی، یان بەتەواوەتی لەو ژیانە بێزاربووە و بێ هیوا بووە لەکێشە و فشارەکانی ژیانیو نائومێد بووە لەوەی کەسێك ببێتە پشتیوانی یارمەتی بدات. بەڵام حاڵەتی دووەم و سێیەم تا ئاستێکی زۆر بەهەوڵی خۆکوشتن دادەنرێن، چونکە ئەو دوو ژنە هەردووکیان مەبەستیان رزگاربوون و راکردنە لەژیان لەگەڵ پیاوێکدا کە خۆشیان ناوێت و خۆیان بەکەسێکی چەوساوە دەبینن و هەستدەکەن زوڵمیان لێدەکرێت، هەربۆیە هەوڵدانیان بۆ خۆکوشتن بانگەوازێکە بۆ ئەوەی یارمەتی بدرێن و لەو ژیانە رزگارییان بێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەو دوو ژنە لەشوێنێکداو بەشێوەیەك هەوڵی خۆکوشتنیان داوە کە بواریان هێشتۆتەوە بۆئەوەی کەسانی چواردەوریان بەهانایانەوە بێن، ئامانجیشیان لەم هەوڵانە راکێشانی سەرنجی کەسانی چواردەورییانە کە بزانن ژیانیان لەگەڵ هاوبەشەکانیاندا چەند ناخۆش و پڕ لە کێشەیە و خواستیان رزگاربوونە لەو دۆخە دژوارە".

هەروەها ئەو ژنانەش کە هەڕەشەی خۆکوشتن دەکەن بەهەمان شێوەی ئەوانەی بەفیعلی هەوڵی خۆکوشتن جێبەجێدەکەن، دەیانەوێت بەم کارەیان دەوروبەریان هانبدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و رەوینەوەی ناڕەحەتییەکانیان و بەدیهێنانی ئارەزووەکانیان، واتە ئەو ژنانە هیوایەکی گەورەیان بەژیان هەیە تا ئەو ئاستەی دەگاتە قوربانیدان بەجەستەی خۆیان، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ خۆکوشتندا، چونکە لەخۆکوشتندا ژن بێ هیوایە لەژیان، بۆیە خۆی دەکوژێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن ئەگەر لەڕووی ئامانج و بەکارهێنانی ئامرازەکانی وێرانکردنی خودو بارودۆخی فیزیکیو کۆمەڵایەتییەوە جیاوازبن،

ئەوا لەپاڵنەرو رەهەندەکانیاندا زۆر نزیکن لەیەکدی، بەلایەنی کەمەوە لەوکاتانەدا کە رەهەندەکان بەرەهەندی کۆمەلایەتی وەسفدەکرێن، دەرئەنجامی هەریەك لەم دوو پرۆسەیەش بەندە بە وەزیفە و ئامانجی پرۆسە و ئامرازی بەکارهێنراو و وەلامدانەوەی ژینگەی بەرامبەریان، لەبەرئەوە دەکرێت خۆکوشتن بەکارێکی زیاتر تاکانەیی وەسفبکرێت لەکاتێکدا هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بەکارێکی کۆمەلایەتی دابنرێت و تەنیا لەبەر رۆشنایی پەیوەندی نێوان ئەو هەوڵی خۆکوشتنە لەگەڵ ژینگەی مرۆیی ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت دەکرێت لەجەوهەری ئەو کارە تێبگەین.

دواجار هەوڵدان بۆ رێگەگرتن لەکاری خۆکوشتن یان هەوڵدان بۆ خۆکوشتن کە دەرئەنجامەکانیان زۆرجار لەژناندا و لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەیەکدییەوە نزیکن، کارێکی ئاسان نییە و هەوڵی رزگارکردنی ئەو ژنانە لەهەردوو بارەکەدا زۆر لاوازە، ئەویش بەهۆی نەدۆزینەوەی ئەو ژنانە و دەستنیشاننەکردنی حاڵەتەکانیانو یارمەتیدانیان بەر لەخۆکوشتن، هۆکاری ئەمەش زۆر ئاشکرایە، بەر لەهەموو هۆکارێك ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا کارێکتەرێکی ونە گەرچی ژیانی سەرجەم ئەندامانی خێزان بێ ئەو ناڕوات بەڕێوە، بەلام وازیلێهێنراوە و فەرامۆشکراوە وەك چۆن حەزو ئارەزووە سادەکانی دەشارێتەوە بەهەمان شێوە ئازارو کێشەکانیشی دەرنابڕێت، بۆیە هەستکردن بەخەم و کێشەی ئەو ژنانە و دۆزینەوە و یارمەتیدانیان کارێکی گەلێك قورسە، وێڕای ئەوەی ئەو ژنەی خۆی دەکوژێت یان هەوڵی خۆکوشتن دەدات زۆرکات بەر لەخۆکوشتن ئامێزێکی گەرم و سنگێکی فراوانی بەدینەکردووە باسی راز و نیازی خۆی بۆبکات نەك ئازارەکانی یان ئارەزوو و مەیلی بۆ خۆکوشتن.

ئەو ژنەی دەیەوێت خۆی بکوژێت تەنیا پێویستی بەکەسێکە دەردەدڵی خۆی بۆ باسبکات نەك ئامۆژگارییو رای وەربگرێت، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسەی گوێی لێدەگرێت بەفیعلیش خواستی یارمەتیدان و چارەسەرکردنی کێشەکانی بێت، ئەو یارمەتییەکانی رەتدەکاتەوە و تەنیا دەیەوێت باسی نەهامەتیو دژواری ژیانی خۆی بکات، لەبەرئەوە واباشە سەرەتا گوێی لێبگرین بێئەوەی هیچ قسەیەك بکەین، هەندێجار ئەگەر کەسی بەرامبەر بەهەندێك دەستەواژەی باو ویستی دڵنەوایی ئەو ژنە بکات، بۆنموونە پێیوت: (خەفەت مەخۆ ئەو شتانە زۆر سادەن)، یان (گوێ مەدەرێ ئەو کێشانە هەرچارەسەر دەبن)، ئەوا دوورنییە ئەو ژنە راستەوخۆ تەوەری قسەکان بگۆڕێت و باسی بابەتێکی ئاسایی رۆژانە بکات، چونکە ئەو واتێدەگات ئەو کەسەی بەرامبەری ئامادەیی تیادا نییە بۆ گوێگرتن لێی، لەبەرئەوە کارێکی باش نییە دەربارەی هەست و نارەزایی لەژیان و هۆکاری بیرکردنەوەی رەشبینانەی هیچ جۆرە لێدوانێك لەگەڵ ئەم ژنانە بکرێت، تەنیا



گوێگرتن لێیان و دروستکردنی متمانە لەسەرەتادا بەباشترین هەنگاو دادەنرێت، چونکە ئەو ژنەی گەیشتۆتە ئەو حاڵەتە هیچ ئامادە نییە بکەوێتە هەڵوێستێکی بەرگرییەوە و ئەوە بۆ تۆ بسەلمێنێت کە مافی خۆیەتی بەوشێوەیە خەفەت بخوات، بەو واتایەی کەسی گوێگر نابێت بچێتە سەنگەری هێرشبردن بۆ سەر بیرکردنەوە و دیدی ئەو ژنە بەرامبەر بەژیان و کێشە و نارەحەتییەکانی و سەرزەنشتی بکات، بەتایبەتی ئەگەر دانیشتنەکان لەسەرەتادا بوون، پێویستە بوار بۆ ئەو ژنە خۆشبکرێت زیاتر قسەبکاتو گوزارشت لەئازارەکانی بکات، چونکە بوونی کەسێك کە گوێی لێبگرێت و متمانەی پێی هەبێت زۆر کاریگەری بۆ سەر باری دەروونی ئەو ژنە هەیەو ئەگەری ئەوە دوور نییە ببێتە رێگر لەئەنجامدانی خۆکوشتن یان هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەو ژنە هەست بەحەوانەوەی دەروونی بکات لەگەڵ ئەوکەسەدا، درێژبوونەوەی کات یان ماوەی بەر لەخۆکوشتن لەپەرژەوەندی ژنەکەیە و دەشێت وردە وردە لەگەڵ هێوربوونەوەی مێشکیو حەوانەوەی دەروونی دەرگاکانی بیرکردنەوەی لۆژیکیانە بخاتەوە سەرپشت و لەبیرۆکەی خۆکوشتن یان هەوڵدان بۆ خۆکوشتن پاشگەز ببێتەوە، نەبوونی ئەو ئامێزە بەسۆزە ئەگەری بەجێهێنانی بیرۆکەی خۆکوشتن چەند هێند دەکات. لەمبارانەدا لەوانەیە رازیکردنی ئەو ژنە بۆئەوەی بۆلای پزیشکی دەروونی ببرێت و لەژێر چاودێری ئەودا چارەسەر وەربگرێت باشترین هەنگاوبێت بۆ یارمەتیدانی ئەو ژنەی خەیاڵ و مەیلی خۆکوشتنی هەیە، پزیشکی پسپۆرو بەئەزموون دەزانێت ئەو نەخۆشە پێویستی بەچی هەیە، دەشێت تەنیا بەقسەکردن لەگەڵیدا هێوری بکاتەوە یان لەگەڵیدا دەرمانی تایبەتی بۆ بنووسێت، لەوانەشە باری نەخۆشەکە گەیشتبێتە ئاستێکی خراپ و پزیشك چارەسەری لێدانی کارەبا بەپێویست بزانێت کە کاریگەرییەکی خێرای هەیە و دەبێتە هۆی گەڕانەوەی باری هاوسەنگی هەندێك ماددەی وەك سیرۆتۆنین کە بڕوا وایە لەحاڵەتەکانی توندوتیژی و خەمۆکی و خۆکوشتندا رێژەکەی دادەبەزێت.

## ئامارەکان[٢٥]

رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەئامارێکدا ئاماژەی بەرێژەی خۆکوشتن داوە کە ساڵانە بە ٨٠٠-٩٠٠ هەزار حاڵەت مەزەنەندە دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە د.خۆسیە مانویل کە لەبواری تەندروستی دەروونی سەربەرێکخراوی تەندروستی جیهانی کاردەکات، رایگەیاند ساڵانە ٢٠ ملیۆن بۆ ٦٠ ملیۆن کەس هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بەلام تەنیا نیو ملیۆن لەم ژمارەیە هەوڵەکانی خۆکوشتنیان سەردەگرێت، واتە لەهەر خولەکێکدا کەسێك خۆی دەکوژێت.[١]

کوردستان:

- ئامارەکان سەبارەت بەخۆکوشتنی ژنان زۆرن، بەڵام ئامارێکی سەرتاسەری لەبەردەستدا نییە و ئەوانەی دەستمان کەوتوون لەرێگەی ئینتەرنێت و رۆژنامەکانەوەیە و تایبەتن بەوەزارەتی تەندروستیو رێکخراوەکانی ژنانو بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، بەمشێوەیە وەك خۆیان دەیانخەینەڕوو:

- بەپێی سەرچاوەیەك لەوەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لەساڵی (١٩٩١-٢٠٠٧)، ٤١٩٥ حاڵەتی خۆکوشتن لەژندا لەکوردستان، روویداوەو ٢٦٨٠ یان بەهۆی خۆسوتاندنەوە گیانیان لەدەستداوە[٢].

- لەنێوان ساڵانی٢٠٠٣-٢٠٠٦ ئامارێکی دیکە ئاشکرایدەکات ٢٢٢٢ ژن لەکوردستان لەرێگەی خۆسوتاندنەوە خۆیان کوشتووە، واتە رۆژانە بەرێژەی پێنج حاڵەت کە لەم پێنجە سیانیان گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی سلێمانی ٤٤٫٤٧٪ی حاڵەتەکانی خۆکوشتن، ئەو ژنانە بوون کە تەمەنیان لەسەرروو ١٨ ساڵەوە بووە و بەسەر سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستاندا دابەشبوون. لەراگەیاندنێکی پزیشکی عەدلی لەسلێمانی ئاماژەدراوە کە ٩٨٪ی ئەو ژنانەی دەسوتێن خۆیان، خۆیان دەسوتێنن[٣] واتە رووداوی ئاسایی نین وەك زۆرجار دەڵێن تەباخ یان غاز یان پەرەمێزی پیادا تەقیوە.

- ساڵی ٢٠٠٥ لەکوردستان ٢٨٩ ژن خۆیان کوشتووە یان کوژراون، واتە بەرێژەی ٢٢٪ . ساڵی ٢٠٠٦ ئەم ژمارەیە بەرزبۆتەوە بۆ ٥٣٣ واتە ٨٨٪ .[٤]

- راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاشکرایدەکات لەساڵی ٢٠٠٦دا ١٤٠ ژن لەسلێمانیو ٦٦ لەهەولێرو ٤٢ لەدهۆك بەهۆی خۆسووتاندنەوە گیانیان لەدەستداوە کە تەمەنیان لەسەرروو ١٣ ساڵەوە بووە.[٥]

- هاوکات یەکێتی ژنانی کوردستان لە سلێمانی لەئاماری ساڵی ٢٠٠٧ یدا ئاماژەیداوە بە: رووداني ٨٣ حاڵەتی سووتان لەنیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ داو لەنیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ یشدا بووە بە ٩٥.

لە ساڵی ٢٠٠٧ یشدا ٢١٠ ژن لەرێگەی خۆسووتاندنەوە خۆیان کوشتووە، ٦ ژنیش خۆی خنکاندووە.[٦]



- لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ یشدا ٧٤٠ حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان بەهۆی خۆسوتاندنەوە روویداوە، ٣٨٠ یان بەهۆی زۆری رێژەی سووتاویەکەیانەوە گیانیان لەدەستداوە و تەمەنیشیان لەنێوان (١٥- ٢٥) ساڵدا بووە.[٧]

- لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨یش ئامارەکانی بەرێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان ئاماژەدەدەن بەرووداني ١٥٠ حاڵەتی خۆسوتاندنی ژنان کە بەمشێوەیە دابەشبوون: ٧٨ لەهەولێرو ٥٦ لەسلێمانیو ١٦ لەدهۆك. جێی سەرنجە دابەزینێکی بەرچاو دەبینرێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا.[٨]

- سەرچاوەیەکی دی ئاماژەیداوە لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ دا ٥٠ ژن هەوڵی خۆکوشتنیان داوەو ٨ ژنیش بەهۆی خۆخنکاندنەوە گیانیان لەدەستداوە.[٨]

سویدو نەرویج و دانیمارك:

- ئامارەکان ئاماژەدەدەن ٤٠ کەس لەهەر ١٠٠ هەزار کەسێك ساڵانە خۆیان دەکوژن.

بەریتانیا:

- خۆکوشتن سێیەم هۆکاری گیان لەدەستدانە لەدوای نەخۆشییەکانی دڵو شێرپەنجە.

ئەمەریکا:

- ساڵانە ٣٠ هەزار کەس خۆیان دەکوژن واتە رۆژانە ٨٥ کەس واتە لەهەر ٢٠ چرکەدا کەسێك خۆی دەکوژێت و ساڵانە زیاتر لە ٦٥٠ حاڵەتی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن تۆماردەکرێت.

ژاپۆن:

- ئاماری ساڵی ٢٠٠٠ ئاماژە دەدات بەژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن کە بەزیاتر لە٣٣ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، نیوەی ئەو ژمارەیە بەهۆی کێشەی تەندروستییەوە بووەو ١١٪ یان بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە بووە. لەساڵی ٢٠٠٣ یشدا ٤٣ کەس لەرێگەی ئینتەرنێتەوە خۆیان کوشتووە کە سایتی تایبەت بەخۆکوشتن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە و زانیاری دەربارەی شێواز و چۆنێتی خۆکوشتن پێشکەش بەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێت خۆیان بکوژن.

چین:

- خۆکوشتن بەچوارەم هۆکاری مردن دادەنرێت، ٥٨٪ی خۆکوشتن بەهۆی خواردنی مێرووکوژەوە دەبێت، لەئامارێکدا کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ٢٠٠٢ لە٢٤ نەخۆشخانە ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ٤٩٪یان ژن بوون، ٦٣٪یان نەخۆشی دەروونیان هەبووە و ٢٧٪یان پێشتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.[٩]

## پەراوێزەکان

(١) ماكوري، جون، الوجودية، ت:د. امام عبالفتاح امام، سلسلة عالم المعرفة، رقم ٥٨، ١٩٨٢، ص٢١٤

(٢) د. ابراهيم، ريكان، النفس والعدوان، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٧ ط١، ١٤٤

(٣) شورون، جاك، الموت في الفكر الغربي، ت: كامل يوسف حسين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط٢، ٢٠٠٠، ص٧.

(٤) سەرچاوەی پێشوو. (٣)، ل٦٤.

(٥) سەرچاوەی پێشوو. (٣)، ٥١.

(٦) القمودي، سالم، الانسان ليس عقلاً، مؤسسة الأنتشار العربي، بيروت، ط١، ٢٠٠١، ص٣٤.

(٧) سەرچاوەی پێشوو. (٦) ل٥٠.

(٨) سەرچاوەی پێشوو. (٦) ل٦٠.

(٩) د. عياش أحمد، الانتحار، دار الفارابي، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، ص١١٧.

(١٠) ولسون، كولن، مابعد لامنتمي، ت: يوسف شرورو عمر يمق منشورات دار الاداب، ط٤، بيروت، ١٩٧٨.

(١١) سەرچاوەی پێشوو. (٩) ل١١٧.

(١٢) سمعان، مكرم، مشكلة الانتحار، دار المعارف، ط١، قاهرة، ١٩٦٢، ص٢٨و ٢٩و ٣٠.

(١٣) سەرچاوەی پێشوو. (١٢)ل٤٦.

(١٤) سەرچاوەی پێشوو. (١٢)ل٤٧.

(١٥) سەرچاوەی پێشوو. (٢) ل٧.

(١٦) ئەفسانەی سیزیف: بە پێی میتۆلۆژی گریکی، سیزیف یان سیسفوس یەکێکە لە کەسایەتییە فێڵباز و فریودەرەکان کە توانیویەتی خواوەندی مردن ساناتوس هەڵبخەڵەتێنێت و قۆڵبەستی بکات، بەمەش خواوەندی زیوس سزای دەدات بە هەڵگرتنی تاشەبەردێك لە بەشی خوارەوەی شاخێکی بەرز بۆ بەشی سەرەوەی، بەڵام هەموو جارێك کە گەیشتۆتە لوتکەی شاخەکە تاشەبەردەکە بۆناو دۆڵەکە خلبۆتەوە و بەردەوام ئەمە دوبارە بۆتەوە بۆ هەتا هەتایە. هەر لەبەرئەوەیە چالاکییە مرۆییە بێ ئامانج و ناکۆتاکان بە سیزیفی وەسفدەکرێن. ئەلبیر کامۆ- یش لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩١٢ دا بە ناوی ئەفسانەی سیزیف دەڵێت: "سیزیف پووچێتیو نالۆژیکی و نالۆگۆسی ژیانی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات"، بەڵام لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: "سیزیف دڵشاد و دڵخۆشە، هەوڵ و ململانێ و کۆششکردن بەرەو بەرزاییو لوتکەکان، کەفیلە بەپڕکردنی دڵی مرۆڤ بەنەشوە و خۆشی".



(١٧) سەرچاوەی پێشوو. (٩)ل١١٧.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو. (٩) ل١٢٠.

(١٩) سەرچاوەی پێشوو. (٩)ل١٢١.

(٢٠) الوحدة تقتل السويسريين لەسەر سایتی www.annabaa.org

ئامیل دورکهایم (١٨٥٨-١٩١٧): فەیلسوف و زانای سۆسیۆلۆژی فەرەنسی، بەدامەزرێنەری بنەماکانی سۆسیۆلۆژی دادەنرێت، ئۆگست کۆنت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەری هەبووە و زۆر بە نووسینەکانی سەرسامبووە. دورکهایم هەر لەسەرەتای کارکردنییەوە هەوڵیداوە سۆسیۆلۆژی وەك زانستێکی سەربەخۆ بناسێنێت، ئامانجی ئاشکراکردنی ئەو یاسا و بنەمایانە بووە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە ملکەچی دەبێت، لەبەرئەوە دەبینرێت بایەخی بەبوارەکانی میتۆدی سۆسیۆلۆژی و خۆکوشتن و پەروەردە داوە، هەروەها ئارەزوویکردووە لەرێگەی میتۆدی تایبەتی و روانگەی سۆسیۆلۆژی، لەکێشەکانی کۆمەڵگە بکۆڵێتەوە دوور لەکێشەبەندی لەگەڵ زانستەکانی دیکەی وەك فەلسەفە و مێژوو بۆنموونە. دورکهایم رقی لە ئەندێشە فەلسەفییە نەزۆك و زانست تەنیا وەك زانست دەبۆوە لەبەرئەوە هەوڵیداوە سۆسیۆلۆژی بکاتە ئەو زانستەی کە تیشك دەخاتەسەر دەردەکانی کۆمەڵگە و لەرێگەی چاککردنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگەوە هەندێك کێشەکانی مرۆڤ چارەسەربکات هەروەها بایەخێکی زۆری بەپەروەردە داوە، چونکە پێیوابووە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەگونجاندنی تاك لەکۆمەڵگەدا.

(٢١) سەرچاوەی پێشوو. (١٢).

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو. (٩)١٣١.

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو. (٩)١٢٧.

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو. (٢٠).

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٣٩.

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٦٥.

(٢٧) وتارێکی د. لوتفی شەربینی بەناوی (الانتحار ليس حلاً)، لەرێگەی ئیمەیلەوە.

(٢٨) وتارێکی د. ئیمان الغفري سەبارەت بەژیانی ژنە شاعیر و نووسەر سیلفیا بلاس، لەسەر سایتیwww.arabiadream.com .

(٢٩) ئۆتیزم Autism: بیرکردنەوەیەکی مەحکوومە بەپێداویستییە تایبەتی یان خود-ییەکانی مرۆڤەوەو درککردنی جیهانە لەرێگەی ئارەزووەکانەوە لەجیاتی واقیع، خۆخواردنەوەیە لەناو خود-داو بایەخدانە بەبیرۆکە و خەیاڵەکانی خود. بەڵام وەك زاراوەیەکی نەخۆشی لەمنداڵدا یەکەمجار لەلایەن کانر Kanner لەساڵی ١٩٤٣دا بەکارهاتووە و لەنیشانەکانی دوورەپەرێزیی و خۆخواردنەوەیە و ئەستەمی پەیوەندیکردنە لەگەڵ کەسانی دی و پشێوی رەفتارییە لەشێوەی دووبارەکردنەوەی رەفتارێك یان وتنەوەی دەستەواژەیەکداو کاردانەوەیان بۆ کارتێکەرەکانی دەوروپشتیان نییە، رێژەی روودانی ٢-٥ منداڵە لەهەر دە هەزار منداڵێکی خوار دوانزە ساڵیو نیشانەکانی بەر لەتەمەنی ٣٦ مانگی دەردەکەون.

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٦٩.

(٣١) جامبل، سارة، الانسوية ومابعد النسوية، ت: أحمد الشامي، المشروع القومي للترجمة، ٤٨٣، قاهرة، ط١، ٢٠٠٢، ص٥٢١.

(٣٢) فیرجینیا ولف Virginia woolf (1882-1941): رۆمانووس و رەخنەگرێکی بەریتانی پایە بەرز بوو، نووسەری دەقی (ژوورێکی تایبەت بەخۆم)ە لەساڵی ١٩٢٩دا کە دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، چونکە ولف لەو دەقەدا کۆت و بەندە کلتووری و نامرۆییەکان دەخاتەڕوو کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم داهێنانی ژندا. لەرۆمانە بەناوبانگەکانی (ژوورەکەی چاکوب، ١٩٢٢) کە تیایدا دەڵێت: (بێگومان ئێستا فێربووم چۆن بەدەنگی خۆم گوزارشت بکەم لەکاتێکدا لەچلەکانی تەمەنمدام)، هەروەها رۆمانی (خاتوو دالاوی، ١٩٢٥)و (شەپۆلەکان، ١٩٣١)، (لەنێو وەرزەکاندا، ١٩٤١). لەبواری هزری فیمینیزمیشدا خاوەنی کۆمەڵێك کاری گرنگ بوو، یەکێك لەوانە (سێ ژنە بلیمەت، ١٩٣٨) بوو کە تیایدا هەوڵدەدات سیماکانی ناسنامەی فیمینیزم دیاریبکات کە سنوورەکانی سێکسوال و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان دەبڕێت، لەمبارەیەوە ولف وتەیەکی گرنگی هەیە دەڵێت: (لەبەرئەوەی ژنم هیچ وڵاتم نییە، لەبەرئەوەی ژنم نامەوێت هیچ خاوەنی وڵات بم، لەبەرئەوەی ژنم وڵاتی من تەواوی جیهانە)، بەڵام بەداخەوە فرجینا ولف هەر لەقۆناغی منداڵییەوە بەدەست نۆبەی دووبارەبووی نەخۆشییەکی دەروونییەوە دەیناڵاند و دواجار بووە هۆی کۆتاییهێنانی ژیانی بەدەستی خۆی.

(٣٣) ملانخۆلیاMelancholia : پشێوییەکی دەروونییە تووشی مرۆڤ دەبێت لەناوەڕاستی تەمەن یان لەتەمەنی نائومێدی یان لەپیریدا، ئەو کەسە تووشی دڵەڕاوکێ و نائومێدی و وەهم و وەسواسی



دەبێت، بەڵام ئەم زاراوەیە کۆنەو لەرابردوودا بەکارهاتووە، لەئێستادا بۆ وەسفکردنی ئەو حاڵەتانەو زۆر نیشانەی دیکەش زاراوەی خەمۆکی Depression جێیگرتۆتەوە.

(٣٤) سەرضاوەي ثێشوو. (١٢) ل٦٩.

(٣٥) سەرضاوەي ثێشوو. (١٢) ل١٠٧.

(٣٦) سەرضاوەي ثێشوو. (١٢).

(٣٧) "انتحار مارتا لينش" لەسەر سایتی www.arabtimes.com.

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٨١.

(٣٩) وتارێك بە ناونیشانی"انتحار عدوانية ضد الذات" لەسەر سایتیwww. balagh.com .

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٦٧.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٥٧.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٦٤.

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو. (٣٩).

(٤٤) سەرچاوەی پێشوو. (١٢) ل٢٢٢.

(٤٥) بۆ وەرگرتنی ئامارەکان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1- www.gemyakurda.net

2- www.pcwesy.org

3- www.wattan4all.org

4- www.khliljindy.com

5- www.ensan.net

6- www.radiosawa.com

7- www.newsinfo.net

٨- بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان.

٩- سەرچاوەی پێشوو. (٤).

١٠- سەرچاوەی پێشوو. (١).

## خەتەنەکردن، لە ژن خستن،
## سایکۆلۆژی خەتەنەکردن

**(پێویستە وشەی مێیەتی لەپەڵەی دوونییەت و گوناه و سەرکوتکردن و نائاسوودەیی و دوژمنکاری خاوێنبکرێتەوە)**

**بیرداکۆ**

**(تا لەژیانتا مابم لێت خۆش نابم، چونکە زۆرم هاوارکرد و گریام نەیەڵێت ژنە گوێزانبەدەستەکە بریندارم بکات، ژیانی من مردنێکی هێواشە، ئەگەر ئەوەندە رقت لێم بوو بۆچی زیندەبەچاڵت نەکردم؟)**

**کچێك**

**(لەدنیادا هێزێك نییە وام لێبکات بتوانم باسی ئەوە بکەم کاتێك ئەندامی زاوزێمیان بڕی هەستم بەچی کرد، وەك ئەوە وایە کەسێك گۆشتی رانت ببڕێتو لێیبکاتەوە، یان باڵێکت بقرتێنێت...).**

**واریس دیری**

کۆمەڵگە سستمێکی ئاڵۆزە لەئاوێتەبوونی تاك و ئەو بیروباوەڕانەی هەڵیگرتووە، لەناو سنووری ئەم سستمەدا چەمکێك نییە بۆ ئازادی تاك، بوونی تاك وەك بوونەوەرێکی ئازاد لەکۆی ئەو بیروباوەڕو دابونەریتانەدا سنووربەندکراو کە کۆمەڵگە بەناوی (پیرۆزییەکان)ەوە لەکۆمەڵێك چەمك و بەهادا داڕشتوونو هەرئەوانەشن کە حوکمی مرۆڤ وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی دەکەن و ماف و ئەرکەکانی بۆ دەستنیشاندەکەن، بوونی ماددی تاك (جەستە) بەردەوام هەڕەشەیە بۆسەر بوونی مەعنەوی (ئەقڵ) و بەپێچەوانەشەوە، هەرچەندە هەردووکیان بێ یەکدیش کارییان پێناکرێت.

لەسەر زاری ئادلەرەوە پرسیاردەکەم: جەستە یان ئەقڵ کامیان دەسەڵاتی بەسەر ئەوی دیدا گرتووە؟



وەڵام جەستە یان ئەقڵ بێت بۆ کەسێکی گەمارۆدراو لەنێو سنووری پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەدا لەوانەیە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت، ئەقڵ فەرمان دەردەکات و جەستە جێبەجێیدەکات، ئەمە گریمانەیەکی بەدیهیو ئاشکرایە، بەڵام کاتێك پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە کۆنترۆڵی ئەقڵی تاك دەکەن چی روودەدات؟ ئەقڵی تاك بۆ بەرجەستەکردنی واتاکانی ئەو پیرۆزییانە لەسەر جەستەی بێدەسەڵاتترین و لاوازترین بێگیان و بوونەوەر فرمانەکانی جێبەجێدەکات، ئەو فرمانانەی ئەقڵی تاك رازی نابێت لەسەر جەستەی خۆی جێبەجێبکرێن، چونکە هەندێك لەو فرمانانە جەستە لەخۆشیو حەوانەوە و چێژ لەلایەك و ئەقڵ لەلایەکی دیکە، بێبەشدەکەن.

لێرەوە خەتەنەکردن یەکێکە لەفرمانەکانی ئەقڵی کۆمەڵ (گرووپ) لەسەر جەستەی مێ دوور لەویستی خۆی جێبەجێ دەکرێت.

### خەتەنەکردنی مێ

زاراوەی Female Genital Mutilation بۆ خەتەنەکردنی مێ دانراوەو کورتکراوەکەی (FGM)ە واتە بڕینی یان لێکردنەوەی هەموو یان بەشێك لەئەندامی سێکسواڵی مێ، یان بەخاوێنکردنەوە ناودەبرێت، چونکە لەو شوێنانەی ئەم رەفتارە وەحشیگەرییە بەرامبەر بە مێ دەکرێت پێیانوایە ژن ئەگەر خەتەنە نەکرێت خاوێن نییە و تەنیا لەرێگەی خەتەنەکردنەوە خاوێن دەبێت.

هەروەها وشەی circumcision واتە بڕین بەبازنەییو وشەی excision واتە لێکردنەوە بۆ خەتەنەکردن بەکاردێت و هەردوو وشەکە لەبنچینەدا لاتینین.

د. جیرارد تسفانج دەڵێت: (میوتیلەیشن لێکردنەوەی یەکجارەکی ئەندامێکی ساغە بێئەوەی ئەو ئەندامە جارێکی دی بۆ ئەو کەسە بگەڕێتەوە یان بهێنرێتەوە)[1] ئەو بڕین و لێکردنەوەیە وەك چۆن هیچ یاساو رێسایەکی مرۆییو زانستی نییە بۆ ئەنجامدانی، بەهەمان شێوە، هیچ پێوەرێکیش نییە بۆ دیاریکردنی بڕی ئەو لێکردنەوەیە، رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەپێی جۆرەکانی بەمشێوەیە باسیدەکات:

**جۆری یەکەم:** لێکردنەوەی بەشێك لەمیتکە یان هەموو میتکە، لەکاتێکدا داکۆکیکەران لەخەتەنەکردنی کچان دەڵێن میتکە لێناکرێتەوە، بەڵکو پێستێکی زیادە بەمیتکەوە رادەکێشرێتو لێدەکرێتەوە، لەژێر ناوی خەتەنەکردنی شەرعی یان سوننی-دا چەندەها پاساو بۆ لابردنی دەهێننەوە.

**جۆری دووەم:** میتکە و بەشێك لەهەموو لێوە بچووکەکان لێدەکرێتەوە.

**جۆری سێیەم:** میتکەو هەموو دوو لێوە بچووکەکە لێدەکرێنەوە و دوو لێوە گەورەکە بەیەکەوە دەدورێن‌و زۆربەی دەرچەی زێ دادەپۆشن تەنیا کونێکی بچووك بۆ میزکردن و خوێنی سووری مانگانە دەهێڵنەوە.

**جۆری چوارەم:** وەحشیترین کاری مرۆییە و نەشتەرگەرییەکی تەواوی بێ بەزەییانەیەو بێ بەنجکردن چەند کەسێکی بەدەر لەهەموو تواناو شارەزاییەکی پزیشکی، بەشەکانی لەجۆری سێدا ناوبراون و بەشێك لە (زێ)یش لێدەکەنەوەو ئەو ناوچەیە دەسووتێنن و بەتەواوەتی تەختی دەکەن.

-(دوای ئەوەی دایکم پەتی قاچەکانمی کردەوە، توانیم سەیری خۆم بکەم، پارچەیەك پێستی تەواو تەختم بینی کە درزێکی بچکۆلەی لەبرینی سارێژبووی لەناوەڕاستدا بوو هەر لەزنجیری پانتۆڵ دەچوو)(٢).

ئەمە قسەی کچێکی خەتەنەکراوە لەجۆری سێیەم یان جۆری فرعەونی کە لەسودان زۆر باوە، ئەم جۆرە (وێڕای جۆری چوارەم) وەحشیترین جۆری خەتەنەکردنە، لەدوای دوورینەوەی تەواوی دوولێوە گەورەکە بەیەکەوە، هەردوو قاچی ئەو کچەی خەتەنەکراوە لەسمتەوە تا پاژنەی پێ تا ٤٠ رۆژ دەبەستنەوە بۆئەوەی نەجوولێت و برینەکە سارێژببێت، پاشان کاتێك ئەو کچە هاوسەرێتی دەکات بەچەقۆیەك یان پارچە شوشەیەك هاوسەرەکەی یان ژنێکی خزمی یان ئەو ژنەی لەمنداڵێدا تاوانی یەکەمی ئەنجامداوە بێ شەرمانەو بێ دوودڵی جارێکی دی ئەو دوورینەوەیە دەدڕێتەوە، ئەم کارە لەگەڵ ژیانی ئەم ژنەدا بەردەوام دەبێت، چونکە کاتێك منداڵی یەکەمی دەبێت پێویستی بەوەیە زیاتر ئەو کونە گەورەبکرێت، پاشان هاوسەرەکەی دەیەوێت زیاتر چێژ ببینێت، بۆیە دوای منداڵبوون جارێکی دی ئەو کونە بچووك دەکەنەوە، لەمەش دژوارتر ئەگەر هاوسەرەکەی سەفەری کرد یان گیانی لەدەستدا یان تەڵاقیدا، جارێکی دی دەبێت ئەو ژنە وەك منداڵی بدورێتەوە بۆئەوەی هیچ پیاوێکی دی نەتوانێت سێکسی لەگەڵدا بکات تا هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە یان جارێکی دی هاوسەرێتی دەکات. بەمشێوەیە بڕین و کردنەوە و داخستنەوەی جەستەی مێ بەردەوام دەبێت تا ئەوساتەی جەستەو رۆحو کەسێتی دادەڕزێت و مردن بەئاوات دەخوازێت واتە دوای ئەوەی تەواوی ژیانی گەنجێتی بەئازارو خوێن و بڕینەوە بەسەردەبات.



## سەرهەڵدانی خەتەنەکردن

مرۆڤ لەسەردەمە دێرینەکاندا خاوەن درك و ئاوەزێکی سادەبوون و کەمتر لێکدانەوەی ئەقڵییان بۆ رووداوو دیاردە سروشتییەکانی چواردەورییان هەبووە، بۆیە گەر مرۆڤ لەسەدەی بیست بەدواوە بەدەست رووخسارە نێگەتیڤ و شەڕخوازییەکانی تەکنۆلۆژی و پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤەوە نالاَندبێتی‌و بەردەوام بنالێنێت، ئەوا لەسەردەمەکانی رابردوو شارستانی سەرەتاییدا بۆتە قوربانی کەم ئەزموونی‌و کەم توانایی ئەقڵی خۆی (گریمانەکانی بتلهایم Bettelheim و براون Brown سەبارەت بەشارستانی سەرەتایی هاوبەشن و لەبناغەدا بۆ روهایم Roheim دەگەڕێتەوە کە دەڵێت: شارستانی سەرەتایی لەجۆری Autoplastic بووە، چونکە مرۆڤی سەرەتایی لەرێگەی هۆکارە خۆییەکانەوە هەوڵیداوە ئارەزووەکانی بەدیبهێنێت، بۆنموونە بۆ زۆرکردنی بەپیتی سروشت و ملکەچکردنی ژنان و سەرکەوتنی لەراودا، پەنای بۆ ئەنجامدانی سروتی دروستکردنی دروشمەکانی زام لەسەر جەستە بردووە، بەڵام مرۆڤ لەشارستانییەتی نوێدا هەوڵیداوە لەرێگەی کارکردنە سەر ژینگەی دەوروبەری ئارەزووەکانی بەدیبهێنێت)(٣).

جەستە بۆتە ئەو پانتاییەی کە ئەقڵی داخراوو سادەی مرۆڤ چی بەخەیاڵدا هاتووە جارێك لەسەری نەخشاندووە و جارێك کردوویەتییە قوربانی رووبار و فڕێیداوەتە ناوی و جارێك بەناوی دەرکردنی رۆحی شەڕانگێزییەوە جەستەی سووتاندووە (جەستە ئەو مۆدێلەیە کە لەوانەیە هێمابێت بۆ هەر سستمێك کە سنووری هەبێت، سنوورەکانی جەستەش لەوانەیە هێمابن بۆ بوونی هەر سنوورێکی هەڕەشەلێکراو بۆ سەر ئەو سستمە، جەستە بریتییە لەبونیادێکی ئاڵۆز، فرمانی ئەندامە جیاوازەکانی‌و پەیوەندییان لەنێوان یەکدیدا لەوانەیە سەرچاوەیەکی رەمزی بەبونیادێکی ئاڵۆزتر ببەخشن)(٤).

مرۆڤ لەکۆندا ئەقڵێکی سنووردار و درککردنێکی لاوازو پڕ لەگومانی بەرامبەر بەسروشت هەبووە، هەر لەبەرئەوە بەشوێن ئەو هۆکارانەدا گەڕاوە کە لەرێگەیانەوە ترسەکانی خۆی پێ بڕەوێنێتەوە، ترس و گومانی لەروودانی هەر گۆڕانکارییەك هەبووە کە لەسروشتی چواردەوری یان لەجەستەی هاوتوخمەکانی بینیویەتی، بۆنموونە لەهەورەتریشقەو وشکەساڵی ترساوە، بۆ رەوینەوەی ترس‌و ئاسوودەکردنی ناخی خۆی، قوربانیداوە. بەوردبوونەوە لەسروتەکانی قوربانیدان بۆ سروشت و خواوەندەکان دەبینین زۆرکات ژن کراوەتە قوربانی یان بەشێك لەجەستەی بەخشراوە، چونکە لەلایەك ژنیان بەلاواز داناوە و توانیویانە دەسەڵاتی بەسەردا

بگرن، لەلایەکی دیکەوە هەندێك لەخێڵو تیرەو گرووپە مرۆییەکانی سەردەمەکانی رابوردوو پێگەی ژنیان لەدەرەوەی مرۆڤێکی تێروتەواودا پۆلێنکردووە بۆنموونە (ماورییەکان Maoris پێیان وابووە لەبەرئەوەی ژن مانگانە خوێنی لێدەڕوات ئەوا ئەم خوێن لێڕۆیشتنە وەك جۆرێك لەکەموکوڕیی وایە لەبوونی مرۆییداو ئەگەر ئەم خوێنە نەبوایە ئەوا ژن دەبووە کەسێکی تێروتەواو، لەبەرئەوە ژن دۆخێکی ئەستەمی کەسێکی مردوو دەگەیەنێت کە قەد نەژیاوە)[٥].

لێرەوە خەتەنەکردنی کچان وەك سەرەتا بەیەکێك لەسروتەکانی قوربانیدان بۆ خواوەندەکان دادەنرێت، کە لەناو گرووپە سەرەتاییەکانی مرۆییدا بەشێوەی جیاواز پراکتیزە کراوە و لەوانەیە لەهەندێك شوێنی دونیادا تائێستاش بەشێوەی سەیرو جۆراوجۆر بەردەوام بێت.

پاڵنەری خەتەنەکردنی مێو لێکردنەوەی بەشێك لەجەستەو ئازاردانی بەپێی سەردەمەکان گۆڕاوە، لەکاتێکدا لەسەردەمەکانی رابردوودا یەکێك بووە لەسروتەکانی قوربانیو بەخشین لەپێناوی رازیکردنی خواوەندەکانو ترسو گومان بووە بەرامبەر ئەو ئەندامەی ژنو گۆڕانکاری و تواناکانی بۆ دروستکردنی ژیان، بەڵام دواتر بەپێی بەرژەوەندی ئەو پیاوانەی خاوەنی دەسەڵات بوون، گۆڕاوە. بۆنموونە لەسەردەمی کۆیلایەتیدا کە خاوەن کۆیلەکان ئاسایی پیاو بوون بۆ بەرژەوەندی خۆیان پەنایان بۆ خەتەنەکردنی کچان بردووە، د. ئەحمەد شەوقی فنجری دەڵێت: (خەتەنەکردن بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی دەگەڕێتەوە، دەرەبەگ خاوەنی هەزارەها مەڕومالآت و کۆیلە بووە لەژنو پیاو، مەڕومالآتو مرۆڤەکانی وەك یەك مامەڵەکردووە، نێرەی مەڕومالآتەکانی دەخەساند بۆئەوەی مێ-کان ئاوس نەبن کاتێك لەقۆناغی شیرپێداندا بوون، بەهەمان شێوە کۆیلە نێرەکانی دەخەساند تا لەژنەکانی خۆی نزیکنەکەونەوە، کۆیلە کچەکانیشی خەتەنەدەکرد بۆئەوەی چێژ لەسێکس وەرنەگرن، چونکە خۆی نەیدەتوانی هەموویان تێربکات، ئەم نەریتە پەیوەندی بەشوێن یان ئایینەوە نییە، پەیوەندی بەهەستکردن بەکۆیلایەتییەوە هەیە، ئەگەر بەسەریدا زاڵبین، ئەوا دەبێتە نەریتێکی رەتکراوە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر تەسلیمی بووین ئەوا دەبێتە بۆنەیەکی تایبەتییو ئاهەنگو بانگەشەی بۆدەکرێت، بۆئەمەش جارێك ئایین و جارێك دابونەریت دەکرێتە بەهانە)[٦].

پاشان لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی کۆیلایەتیو هاتنی سەردەمێکی نوێ کە دەرەبەگ چی دیکە نەیدەتوانی مامەڵە بەمرۆڤە بێدەسەڵاتەکانەوە بکات، نەریتی خەتەنەکردن هەرمایەوە وەك هۆکارێك بۆ جڵەوگرتنی ئارەزووی سێکسوالی مێو رێگەگرتن لەئازادبوونی، بەڵام ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی ئەم نەریتەیان پەیڕەوکردووە درکییان بەوە نەکردووە مێشك



ئەندامی سەرەکیو هاندەری سێکسییە نەك نێوان رانەکانو ئەو پارچە گۆشتەی لەژنی دادەماڵن[٧]، هەروەها دەشێت خەتەنەکردنی مێ بەیەکێك لەرووەکانی شەڕانگێزی نێرینە بەرامبەر بەتوخمی مێ دابنرێت، پیاو هەوڵیدابێت لەرێگەیەوە توانا سروشتییەکانی ژن کەمبکاتەوە یان بیشێوێنێت و تۆڵەی کەمتوانایی خۆی لێبکاتەوە، چونکە توخمی نێر بەشێوەیەك لەشێوەکان لەکێبڕکێیەکی شاراوەدا دەژی و لەناخی خۆیدا هەست بەجۆرێك لەئیرەیی بەرامبەر بەمێ دەکاتو پێیوایە خاوەنی خەسڵەتو سروشتی باڵاترە لەو، ول دیورانت دەڵێت: (نێر لەجیهانی ئاژەڵدا تووشی شۆك دەبێت بەرامبەر بەتوانای مێ نەك تەنیا لەقەبارەدا، بەڵکو لەسەرکەوتنی زیندەگیشدا، چونکە مێ راستەوخۆ جەستەی ئەو توخمە ئاژەڵییە هەڵدەگرێت)[٨].

ئەم شۆکە لای توخمی مرۆیی بنەچەیەکی دێرینی هەیە، بتلهایم[٩] لەکتێبی (زامە رەمزییەکاندا) کاتێك لێکدانەوە بۆ سروتە بەکۆمەڵەکانی ئوسترالییە بەبنەچە ئەفەریقییەکان دەکاتو ئاماژە بەو بنەمایانە دەدات کە دەروونشیکارەکان کاریان لەسەرکردووە و زیادەڕۆییان کردووە کاتێك دەڵێن کچان ئیرەیی بەکوڕان دەبەن، بەڵام ئیرەیی کوڕانیان بەرامبەر بەکچان فەرامۆشکردووە، هەروەها پێیوایە ئەو سروتانەی کە تیایدا برینداربییەك لەئەندامی زاوزێی کوڕاندا دروستدەکرێت بۆئەوەی خوێنی لێبڕوات گوزارشتە لەئیرەیی توخمی نێر بەرامبەر بە مێ.

بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان خەتەنەکردن نەریتێکی ئەفەریقییە و سەرەتا لەلایەن تیرەو هۆزە ئەفەریقییەکانەوە پراکتیزەکراوە، هەندێك بۆچوونیش هەیە بەنەریتێکی فرعەونی دادەنێت، جیفری باربندر دەڵێت: (خەتەنەکردن ئەو سروتەیە لەرووی ئەسڵو ئامانجەوە نادیارەو لای زۆربەی گەلانی سامیو میسرییەکانو زۆرێك لەهۆزو تیرە ئەفەریقییەکان باو بووە و موسڵمان و مەسیحییەکانی حەبەشە پراکتیزەیان کردووە، بەڵام لای زۆربەی گەلانی ئەورووپیو چینیو دراوسێکانیان نامۆیە)[١٠].

د. غلیونجی ومینادوس پێیوایە (میسرییە کۆنەکان بڕوایان وابووە هەرکەسێك لەناوەوەی نێرێتیو مێیەتی هەڵگرتووە، نێرینەیی لەکچدا خۆی لەمیتکەدا دەنوێنێت، مێیەتیش لەپیاودا خۆی لەکلاوەدا دەبینێت، بۆئەوەی جەخت لەنێرینەیی کوڕ بکرێتو بچێتە ریزی پیاوانەوە پێویستە لەسیفەتە مێینەکان رزگار بکرێنو ئەویش لەرێگەی لێکردنەوەی کلاوە کە بەشی مێینە لەئەندازەی زاوزێی پیاودا دەنوێنێت، بەهەمان شێوە کچیش بۆئەوەی بچێتە جیهانی ژنانەوە، دەبێت لەمیتکە رزگاری بێت کە سیفەتی نێرینە لەکچدا دەنوێنێت، یان میتکەو

لێوەکانیش هەمووی لادەبرێت و تەنیا لەرێگەی خەتەنەکردنەوە کچ دەبێتە مێیەکی تەواو)[11].

رایەکان دەربارەی ئامانج و هۆکاری سەرهەڵدانی خەتەنەکردن و ئەسڵی جوگرافی و ئایینی ئەم نەریتە زۆرن، ئایا نەریتێکی یەهودی یان مەسیحی یان ئیسلامییە، یان هیچ پەیوەندی بەئاینەوە نییە، د. نەوال سەعداوی لەوباوەڕەدایە لەئەندونیسیا لەپێش میسری کۆنەوە کچ خەتەنەکراوە، زانستی مێژوو ئەنسرۆپۆلۆژی سەلماندوویانە خەتەنەکردن و خەساندن پەیوەندییان بەمیسرییەکان یان عەرەب یان موسڵمان یان یەهودی یان مەسیحی یان بوزی... هتد نییە، پەیوەندییان بەسستمی کۆمەڵایەتیو ئابووری باوەوە لەکۆمەڵگەدا هەیە، نەك جۆری دین یان مرۆڤ یان رەنگ یان رەگەز یان تیرە یان زمانەوە، کیشوەری ئەفەریقا بەرامبەر ئەم تاوانە بەرپرس نییە، بەڵکو ئەمە یەکێکە لەتاوانەکانی کۆیلایەتی لەمێژووی مرۆییدا. د. سامی زبیبیش لەکتێبە ناوازەکەیدا لەسەر خەتەنەکردن هۆکاری ئەم تاوانە بۆ سستمی پیاوسالاری دەگەڕێنێتەوە کە رێگە بەفرەژنیو کۆیلایەتی دەدات، هەروەها ئاماژە بەکتێبەکەی (کاماسوترا) دەدات و باس لەپیاو دەکات لە سستمی (حەریم)دا کە نەیتوانیوە هەموو ئەو ژنانە رازی بکات کە خاوەنییان بووە، بۆ سێکسکردن لەگەڵیاندا لێی هەڵبژاردوون، لەبەرئەوە هەندێك لەو ژنانە بەهۆی بێبەشبوونیانەوە لەپیاوەکەی خۆیان و بۆ تێرکردنی شەهوەتییان پەنایان بۆ پیاوی دیکە بردووە، لەبەرئەوە خاوەنەکانیان (پیاوەکانیان) بۆئەوەی رێگەی ئەم کارە ناشەرعییانەیان لێبگرنو نەیەڵن بەدەر لەخۆیان شەهوەتەکانیان تێربێت و بۆئەوەی منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵی ناشەرعی پیاوی دیکە تێکەڵ نەبن خەتەنەکردنیان بەسەردا سەپاندوون.

ئەم نەریتە تەنیا لەئەفەریقا بڵاونەبۆتەوە، (لەساڵی ١٨٥٨ د. ئیسحاق بیکەر براون لەبەریتانیا ژنانی خەتەنەکردووە، وەك بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لەنەخۆشییە جەستەییو ئەقڵییەکان پەنای بۆ بردووە کە بڕوای وابووە ژنان بەهۆی رووبەڕووبوونەوەی وروژێنەری سێکسوالەوە تووشی دەبن، د. براون میتکەو هەردوو لێوە بچووکەکەی لێکردۆتەوە وەك چارەسەرێك بۆ ئەم نەخۆشییانە و تەنانەت هەندێجار بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانو تەنانەت کێشەی تەڵاقیش پەنای بۆ بردووە، هەروەها شانازیشی بەوەوەکردووە کە ئەو دەتوانێت ئەو ژنانە بەتەواوەتی سڕبکات، کارەکانی ئەم پزیشکە بووە هۆی دەرکردنی لەسەر کارەکەییو داماڵینی لەهەموو پلە زانستییەکانی)[12].



## ئەو رەهەندانەنی کە پشت خەتەنەکردنەوەن

**ئەوەی لەسەر جەستەی مرۆڤ نەخشدەکرێت وێنەی کۆمەڵگەیە.**

**(ماری دوگلاس)**

خەتەنەکردن یەکێکە لەو وێنە ترسناکانەی لەسەر جەستەی مێ وەك تابلۆیەکی خوێناوی نەخشدەکرێت و تا ئەو جەستەیە زیندووبێت هێڵە نەخشێنراوەکانی ئەو تابلۆیە لەژیانی مێدا بەتۆخی بەرجەستەدەبن.

خەتەنەکردن یەکێکە لەمۆدیلە چەوتەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، شێوازێکە بۆ چەوساندنەوەی زیاتر و جڵەوگرتنی مێ کاتێك پاکوخاوێنیو پاراستنی پاکیزەیی کچ و دامرکاندنەوەی شەهوەتی سێکسوال دەکاتە پاساو بۆ شێواندنی ئەو ئەندامە، خەتەنەکردنی مێ جگە لەپابەندبوونێکی کوێرانە بەکلتووری کۆمەڵگە و جەختکردنەوە لەناسنامەی گرووپ و سۆز و ئینتما بۆ رابردوو ئاوڕدانەوە و گوێشلکردن بۆ پەندەکانی باوباپیران و ترس لەهەنگاونان بەرەو ئایندەو نوێگەری، هیچ بەهانەیەکی بەهێزو لۆجیکی نییە بۆ پشتیوانیکردن لەپراکتیزەکردنی. ئەو کۆمەڵگەیەی نەریتی وەك خەتەنەکردن بەسەر مێیەکانیدا دەسەپێنێت ئەندامەکانی مرۆڤی گیرۆدە و دواکەوتوون و جگە لەپابەندبوون بەنۆرمەکانی کۆمەڵگەکەیانەوە هیچ کارێکی دیکە لەتوانایاندا نییە و لەناو زەلکاوی دابونەریتدا رۆچوون، چونکە (کۆمەڵگەی دواکەوتوو، کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی دۆگمایە، بەرەو رابردوو ئاراستەی گرتووە، دابونەریت وەك رێسایەك بۆ رەفتارو پێوەرێك بۆ روانین لەهەموو شتێکدا دادەنێت، مرۆڤی دواکەوتوو بوونەوەرێکە دابونەریت حوکمی دەکات و لەهەموو جوولەیەك یان دەرچوونێك بەرەو ئایندە دەیبەستێتەوە)[13].

لەسەردەمەکانی زوودا کاتێك سنووری ئەقڵی مرۆڤ بەرتەسك بووە و پەی بەو رێگەچارانە نەبردووە بەرامبەر ئەو رووداو و گۆڕانو دیاردانەی بەسروشتی لەچواردەوری روویانداوە، پەنای بۆ هەرکارێك بردووە لەترس و دڵەڕاوکێ رزگاری بکات، بۆنموونە ئەم ئەقڵە بچووکەی میتکەی کردۆتە قوربانی خواوەندی منداڵبوون و پێیوابووە بە بەخشینی ئەو پارچە گۆشتە لەمنداڵ بێبەشنابێت، یان لەوباوەڕەدا بووە بەم کارەی خواوەندی خێر و بەرەکەت لێی رازی دەبێت و سروشت هێمن دەبێت و کارەسات و رووداوی ناخۆش روونادەن، دواتر بەتێپەڕبوونی کات هەر

ئەم ئەقڵە بچووکە چەندەها پاساوی دیکەی بۆ ئەم کارە هێناوەتەوە، لێرەدا بەگشتیی گرنگەکانیان باسدەکەین:

- **بوون بەمێیەکی تەواو:** یان چوونە ناو جیهانی مێیەتییەوە و بەجێهێشتنی منداڵی. لەهەندێك لەوشوێنانەی ئەم نەریتە پراکتیزەکراوە بڕوا وابووە لێکردنەوەی میتکە یارمەتی منداڵی کچ دەدات خێراتر گەورەببێت و ببێت بەمێیەکی تێروتەواو.

-هاوسەرێتی: لەوشوێنانەی خەتەنەکردن زاڵە، بەمەرجێکی سەرەکی بۆ هاوسەرێتی دادەنرێت و ئەو کچەی خەتەنە نەکرێت فرسەتی چوونە ناو ژیانی هاوسەرێتی لەدەستدەدات.

- **پابەندبوون بەجێندەرەوە:** لەهەندێك لەوشوێنانە بڕوا وایە نابێت ژن و پیاو هەردووکیان وەك یەك وابن و ئەندامی زاوزێیان دەرکەوتووبێت لەبەرئەوە ئەو ئەندامە تەخت دەکەن تا ژن لەپیاو جیابکرێتەوە.

- **پەیوەندی سێکسوال:** لەوشوێنانە بڕوا وایە میتکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی کرداری سێکسوالو پیاو ئازاردەدات و ڕێگەی لێدەگرێت بەباشی ئەو پەیوەندییە بکات، هەروەها لەوجۆرانەی کە دەرچەی زێ بچووك دەکرێتەوە ئەو پاساوە دەکرێتە بیانوو کە پیاو بەهۆی ئەم بچووککردنەوەیەوە هەست بەچێژی زیاتری سێکسوال دەکاتو ژنیش لەلادان و خیانەت دووردەخاتەوە.

- **وەچە خستنەوە:** لەوشوێنانە بڕوا وایە ئەگەر میتکە لێنەکرێتەوە ئەوا دەبێتە هۆی کوشتنی تۆوەکانی پیاوو تووشبوون بەنەزۆکی، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕاستە، چونکە خەتەنەکردن مەترسی تووشبوون بەنەزۆکی زیاددەکات (لەشوێنێکی دیکەی بابەتەکەدا ئەم خاڵە باسکراوە).

- **پاراستنی کچ:** لەهەندێك لەوشوێنانە بەمشێوەیە پاساو بۆ خەتەنەکردنی کچان دەهێننەوە، گوایە لابردن و لێکردنەوەی ئەم بەشە لەکۆئەندامی زاوزێیی کچ هەستیارێتی بەرامبەر بەئارەزووی سێکسوال کەمدەکاتەوە و کچ لەهەڵەو لادان دەپارێزێت و پارێزگاری لەکچێنیو پاکیزەیی دەکات تا کاتی شووکردنیو ڕێگە لەکچ دەگرێت یاری بەو ئەندامە بکات، واتە وەك هۆکارێك بۆ ڕێگەگرتن لەماستەربەیشن[١٤] پەنای بۆبراوە، (د. جیستاف براون لەڤییەنا لەسەدەی نۆزدەدا کچانی خەتەنەکردووە و وای بڵاوکردۆتەوە کارێکی باشیان لەگەڵدا دەکات، چونکە بەهۆیەوە ماستەربەیشن ناکەن)[١٥].



- **منداڵبوون:** هەندێك بۆچوون سەبارەت بەهۆکاری خەتەنەکردن هەیە پێیوایە میتکە ڕێگە لەمنداڵبوون دەگرێت، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕاستەو شوێنەواری سارێژبوونی خەتەنەکردن لەوانەیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم منداڵبووندا (لەشوێنێکی دیکەی بابەتەکەدا ئەمە باسکراوە).

- **کلتوور:** لەوانەیە کۆمەڵگە وەك بەشێك لەکلتوور ئەم نەریتە پیادەبکات، تاك لەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی تیادا دەژی هەوڵدەدات جیاواز نەبێت و دەترسێت لەناویاندا شازو جیاواز بێت، بۆیە دەیەوێت وەك کەسانی دەوروپشتیو پێش خۆی ڕەفتاربکات، بەمشێوەیە دایك کچەکەی خەتەنەدەکات تا وەك خۆی بێت و لەکچانی دیکەش جیاوازنەبێت.

- **تۆڵەسەندن:** ئارەزووی تۆڵەسەندن زاڵە بەسەر کەسێتی ئەو ژنانەی خەتەنەکراون، ئەوان ئارەزووەکەن دیمەنی خەتەنەکرنی منداڵی خۆیان کە لەناو نەستیاندا حەشاردراوە، دووبارە لەواقیعدا پراکتیزەی بکەن، لەوانەیە بەشێکی ئەم بیرکردنەوەیان بۆئەوە بگەڕێتەوە کە دەخوازن بەم کارەیان دەروونی خۆیان ئاسوودە بکەن و خۆیان ڕازیبکەن کە کارێکی خراپ بەرامبەرییان نەکراوە کاتێك دایکیان بەمنداڵی خەتەنەی کردوون، چونکە ئەوەتا ئەمانیش لەئێستادا بۆ کچەکانی خۆیان دووبارەی دەکەنەوە، ئەمەش بۆئەوەی لەو هەستی ڕقوکینەیە ڕزگارییان بێت کە بەرامبەر دایك و خێزانەکانیان هەیانە (لەشوێنێکی دیکەدا بەدرێژی باسی ئەم هەستە بەرامبەر دایك کراوە).

تەنانەت ئەم ژنانە ڕێگە بەخۆیان دەدەن لەجیاتی کچەکانیان بیربکەنەوە و ئەو مافە بەخۆیان دەدەن لەجیاتی ئەوان بڕیاربدەن و دەڵێن ئەگەر خەتەنەیان نەکەین کە گەورەبوون گلەیی ئەوەمان لێدەکەن بۆچی خەتەنەتان نەکردووین.

- **جوانکاری:** ئەمە یەکێکە لەو پاساوانەی بۆ ئەم شێواندنە دەهێنرێتەوە، گوایە ئەو بەشە زیادەیەو ئەو شوێنەی ناشرین کردووە و پێویستە لێبکرێتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر ئەمە ڕاست بێت پێویستە ئەم مەسەلەیە بۆ قۆناغەکانی دواتری تەمەن بەجێبهێڵرێت بۆ ئەوکاتەی ئەو کچە گەورە دەبێت و وەك هەر مەسەلەیەکی دیکەی کە پەیوەندی بەجوانکاری ڕووخسارو ئەندامەکانی جەستەوە هەیە، خۆی بڕیاری لەسەربدات.

- **پاراستن لەنەخۆشی:** یەکێکە لەوپاساوە بێ بنەمایانەی بۆ ئەم کارە دەهێنرێتەوە گوایە هۆکارێکە بۆ پاراستنی کچ لەهەندێك نەخۆشی جەستەییو ئەقڵیو دەروونی، بۆ نموونە لەئەفەریقا بڕوا وابووە خەتەنەکردن کچ لەهستریا دەپارێزێت. هەروەها بە بەهانەی پاراستنی

مندالّ لەهەندێك نەخۆشی جەستەییو حالّەتی دەروونی کە زۆر دوورن لەوناوچەیەوە، خەتەنەکراون (لەنێوان سالآنی ١٨٧٠ و ١٩٢٠دا هەزارەها وتار لەگۆڤارە پزیشکییە بەناوبانگەکانی ئەمەریکادا بلاوکراونەتەوە کە باس لەنەشتەرگەری خەتەنەکردن دەکەن بۆ کچانو کوڕان وەك هۆکارێك بۆ پاراستنی لەهەندێك نەخۆشی وەك رەبۆ و فی و سیل و میزبەخۆداکردن)[16].

هەروەها هەندێجار پاساوی ئەوە دەهێنرێتەوە کە خەتەنەکردن ژن لەتووشبوون بەشێرپەنجەی ئەندامی زاوزێ دەپارێزێت، بەلاّم د. محەمەد رەمەزان یەکێکە لەو پزیشکانەی ئەم بۆچوونە رەتدەکاتەوە و دەلّێت: (ئەو بۆچوونەی پێیوایە ژنی خەتەنەکراو بەشی دەرەوەی ئەندامی زاوزێی (میتکە و لێوەکان) تووشی شێرپەنجە نابن، یان شێرپەنجە لەوشوێنەدا روونادات، چونکە لێکراونەتەوە، بانگەشەیەکی هەلّەیە، بەدلّنیایی ئەمە بەشێوازێکی زانستی بۆ خۆپاراستن لەشێرپەنجە دانانرێت، رێژەی روودانی شێرپەنجە لەئەندامی زاوزێدا زۆرکەمە و لەرێژەی روودانی لەپێستی هەر شوێنێکی دیکەی لەش تێپەڕنابێت، بەلّکو بەپێچەوانەوە لێکردنەوەی ئەندەکی ئەو ئەندامانە ئەگەری تووشبوون بەشێرپەنجە زیاددەکەن، ئەویش لەئەنجامی سارێژبوونی شوێنی برینەکە کە لەشانەی ئاسایی زیاتر ئەگەری هەوکردنیان لێدەکرێت)[17].

## کاریگەری خەتەنەکردن بۆسەر سایکۆلۆژی ژن

**پێویستە ژن ببێت بەبینەری خود-ی خۆی و هەموو جیهان،**
**لەجیاتی ئەوەی بەهۆی هەستکردن بەگوناهەوە تەنیا**
**ئەکتەرێك بێت بۆ جێبەجێکردنی فرمان.**
**(بیرداکۆ)**



## خەتەنەکردن: تێکچوونی بونیادی خود

لێکردنەوە و بڕین و زیانپێکەوتنی هەر بەش یان ئەندامێکی جەستە کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر خودی مرۆڤ بەجێدێلّێت، چونکە (جەستە شانبەشانی شتە مادییەکان و کۆمەلّێك بیروباوەڕو هزر، یەکێکە لەو رەگەزانەی بونیادی خود پێکدێنێت)[18]. بۆ نموونە کەسێك پەنجەیەکی یان مەمکێکی یان گورچیلەیەکی یان قاچێکی لەدەستدەدات، دەبینیت گشت بونیادی کەسێتی ئەو تاکە کاریتێدەکرێت، چونکە جەستە لەبونیادی خود لەوکەسەدا بەر زیان کەوتووە و دووچاری ناتەواوی و تێکچوون بووە، کاریگەریی نێگەتیڤی ناتەواوی جەستە بۆسەر خود لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، ئەویش بەپێی بایەخ و گرنگی ئەوبەشە یان ئەندامە لەدەستچووە لەجەستەی مرۆڤ، بەلاّم ئەوەی جێگەی گومان نییە هیچ ئەندام یان بەشێکی بێ بایەخ بەسروشتی لەجەستەی مرۆڤدا نییە، تەنانەت ریخۆلّەکوێرەش ئەگەر هەوی نەکردبێت لێناکرێتەوە و فڕێ نادرێت.

لێرەوە دەستکاریکردنی سروشتی پێکهاتەی جەستەی ژن لەرێگەی خەتەنەکردنەوە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بەژن دەکرێتو دەستکاریکردنی هەموو پێکهاتەی سایکۆلۆژی ژن دەگەیەنێت، دەبێت دامالّین لەبەشێك لەجەستە بێ ویست و ئیرادەی مرۆڤ خۆی چ حیکمەت و ئامانجێکی لەپشتەوە بێت؟ پاشان ئەم کارە چ تراومایەك لەسەر بونیادی خود لای مێ بەجێدێلّێت؟ لەکاتێکدا ئەو بەشەی کە مێی لێ بێبەشدەکرێت بە بەشێکی هەستیاری ئەندامی زاوزێ و سێکسوال دادەنرێت.

جەستە لەباری سروشتیدا بەپلەیەکی نموونەیی هەریەك لەکۆئەندام و ئەندامەکانی کاردەکەن و فرمانەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن، بەلاّم کاتێك دەستکاری ئەندامێك یان بەشێکی جەستەدەکرێت یان لادەبرێت یان نەخۆش دەکەوێت و فرمانی خۆی جێبەجێناکات، چی روودەدات؟ مەرج نییە ئەو کەسە گیان لەدەستبدات یان جەستەی بەتەواوەتی لەکاربکەوێت، بەلاّم مەحالّە ئەندامەکانی جەستەی وەك پێش ئەو دەستکارییە یان لابردنە کاربکەن، د. محەمەد سەعید حەدیدی دەلّێت: (ئەگەر خوا نەکردە یەکێکمان زمانی بڕاو داوای لێکرا تامی خواردنێك بکات و بڕیار لەسەر خۆشی یان ناخۆشی تامی ئەو خواردنە بدات، بێگومان ئەستەمە بۆی ئەم کارە بکات، لەوانەیە ئەو خواردنە بخوات لەبەرئەوەی بۆنی خۆشە یان شێوەی جوانە یان لەبەرئەوەی دەزانێت کە خواردنێکی بەتامە، لەم کاتانەدا تەنیا لەرووی مەعنەوییەوە بڕوا بەوە دەهێنێت کە ئەو خواردنە سوودی پێدەبەخشێت... کەواتە ژنێك ئەگەر

خەتەنەکرابێت و ئەندامێکی تایبەت بەهەستیاریتی سێکس و چێژبینینی لێکرابێتەوە چۆن هەست بەو چێژ و هەستانە دەکات)[١٩]. کەواتە خەتەنەکردن تەنیا دەستکاریکردنی ئەو ئەندامە و شێواندنی ئەو شوێنە ناگەیەنێت، بەڵکو دەستکاریکردنی سستمی کارکردنی سروشتی جەستە و لێرەشەوە دەستکاریکردنی بونیادی خود دەگەیەنێت.

## ماف- ئەرک- سزا

کۆمەڵگە کاتێك مافی ژنبوون بەمێ دەبەخشێت واتە وەك ژنێك تەماشای دەکات کە قابیلی هاوسەرێتیو خێزان دروستکردن و بوون بەدایك و بەڕێوەبردنی ماڵ و... هتد دێت کە کۆمەڵێك ئەرك جێبەجێبکات و بەکۆمەڵێك ڕێساو یاساوە پابەندبێت، ئەگەر پابەندنەبوو ئەوا مافی نابێت، لەبەرئەوە (دەکرێت ماف بەشێوەیەك پێناسەبکرێت کە سستمێکە یان دەزگایەکە لەسزا)[٢٠]. هەندێجار جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کۆمەڵگە بۆ ژنی دیاریدەکات خۆی لەخۆیدا سزایە، لەنێوان جێبەجێکردنی ئەرك و سەپاندنی سزادا بوونەوەرێکی شکست و لاوازکراو لەدایك دەبێت کە لەنێوان جیاکردنەوەی ماف و ئەرك و سزادا تووشی نامۆیی دەبێت و ستراکتۆری سایکۆلۆژی ئەم بوونەوەرە دووچاری ئاڵۆزی و گرێ و لەهەمانکاتدا هەستکردن بەپرپووچیو ساویلکەییو ئاستی گێلیو کەم توانایی لەدرکو ژیریدا، دەبێت. هەندێجار ژن پێش ئەوەی لەمانای ئەرك تێبگات و بزانێت ئەو ئەرکانە چین کە لەسەریەتی جێبەجێیان بکات تا کۆمەڵگە مافەکانی خۆی پێ ببەخشێت، سزایەکی توند دەدرێت کە کۆمەڵگە پێیوایە ئەم سزایە کەفیلە بۆئەوەی ژن بەدرێژایی ژیانی ئەرکەکانی جێبەجێبکات، تا ببێتە بوونەوەرێکی دەستەمۆو کۆیلە کە هیچ شتێك بەمافی خۆی نەزانێت و هەستێکی وا لەناخیدا دەچێنێت کە ئەو (واتە ژن) دەبێت ملکەچ بێت بۆ هەموو داواکارییەکانی ئەوکەسەی لەسەروو ئەمەوەیە و ئەرکی تەنیا دەرکردنی فرمانە و دەبێت ئەم وەك ژنێك بەهەموو ئەرکەکانیەوە پابەندبێت.

بەمشێوەیە هاوکێشەی بەجێهێنانی ئەرك = ماف لەگەڵ بەجێنەهێنانی ئەرك = سزاو ئاوێتەبوونیان لەهاوکێشەیەکی نوێدا: سزادان لەپێناوی زامنکردنی بیرنەکردنەوە لەبەجێنەهێنانی ئەرکدا، ئەم هاوکێشانە لەپەیوەندیی نێوان خاوەن دەسەڵات و ئەوکەسەی لەژێردەستیدایە، ڕەنگدەدەنەوە، جەی. ئێلیۆت J.Elliot جەخت لەوەدەکات (ئەو کەسەی لەپێگەیەکی سەرکەوتوودایە لەکاتی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتدا هەستدەکات ئەو دەسەڵاتەی



ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتێکی سادی و وێرانکەرە، لەکاتێکدا ئەوکەسەی فەرمان وەردەگرێت، هەستدەکات هەروەك بڵێی ملکەچی دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو توانا هەمەکییە)[٢١]، چونکە خاوەن دەسەڵات کە لەپێگەیەکی بەهێزدایە و دەرئەنجامی سەردەمێکی دوورودرێژ لەچەوساندنەوە و سەرکوتکردن و بچووککردنەوەی ئەوانەی لەژێر دەستیدان وای دادەنێت مافی خۆیەتی بەوشێوە سادییە پراکتیزەی دەسەڵات بکاتو سروشتییە ئازاری کەسانی ژێردەستەی خۆی بدات، لەکاتێکدا ئەوکەسەی ژێردەستەیە و تەنیا فەرمانەکانی سەرگەورە جێبەجێدەکات واهەستدەکات پێویستە لەسەری بەوەدەسەڵاتە ڕازی بێت و سروشتییە هەست بەئازار بکات تا ئەو ئاستەی هەندێجار چێژ لەوە وەردەگرێت کە ئازار دەچێژێت واتە مازۆشیانە ڕەفتاردەکات.

بەمشێوەیە خەتەنەکردن یەکێکە لەو سزا سەختانەی کۆمەڵگە بەسەر ژندا سەلماندوویەتیو لەکاتێکدا لەسەر جەستەی ژن پراکتیزەی دەکات کە ژن هێشتا منداڵێکی بچکۆلەیە و لەمانای مافو ئەرك تێناگات.

سروتی خەتەنەکردن زۆرجار لەتەمەنێکی هەستیاری نێوان دوو قۆناغدا بەڕێدەچێت، کاتێك کچ خەریکە قۆناغی منداڵی بەجێدێڵێت و بەرەو قۆناغی هەرزەکاری و گەورەبوون دەچێت، ئەم سروتە وەك سزایەك وانییە بۆکچ، بەڵکو لەواقیعدا خۆی سزایەکی تەواوە لەسەر جەستەی کچ پراکتیزە دەکرێت لەرێگەی لێکردنەوەی پارچەیەکی هەستیار لەشوێنێکی هەستیار لەجەستە کە بەدرێژایی ژیان شوێنەواری جەستەییو سایکۆلۆژی ئەو زامە ناسڕێتەوە.

لێرەوە کۆمەڵگە خەتەنەکردن وەك سزایەك لەشێوەی وانەیەکی مۆرالی پراکتیکیدا جێبەجێدەکاتو لەو ڕێگەیەوە ژن بەو ئەرکانە ئاشنادەکات کە وەك ژن دەبێت پێیانەوە پابەندبێت تا لەکۆمەڵگەدا مافی ژنبوونی پێ ببەخشرێت.

## کوشتنی تاك: بەنەمری هێشتنەوەی گرووپ

کچ کاتێك خەتەنەدەکرێت تێناگات بۆچی ئەم کارەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام دایك بەباشی دەزانێت بۆچی سوورە لەسەر بەجێهێنانی ئەم ئەرکە کە بەپێداویستییەکی سەرەکی زامنکردنی ڕووسووریو ئایندەی هاوسەرێتی کچەکەی دادەنێت و سەرەتای ئاشنابوونی کچە بەرامبەر لەئەستۆگرتنی ئەرکە قورسەکانی مێ لەکۆمەڵگەیەکی داخراوو دواکەوتوودا.

کاتێك دایك وەك دابونەریتێکی باوی کۆمەڵایەتی لەسروتی خەتەنەکردن دەڕوانێت ناتوانێت خۆی لەبەجێنەهێنانی یان هاوبەشینەکردن لەو سروتە بەدووربگرێت، دابونەریت بەسەر

تاكدا زاڵە و ئەقڵی تاك داگیردەكات، ئەمەش هۆكاری سەرەكییە لەمانەوەی ئەو دابونەریتانەی كە لەكۆمەڵدا بەشێوەیەكی دەستە جەمعی پراكتیزە دەكرێن. سمنر پێیوایە (دابونەریت هەموو كارێكی مرۆڤ رێكدەخات لەخواردن و خواردنەوە یان خۆشتن و جوانكاری... هتد بەكورتی مرۆڤ لەسەر لانكەوە تا مردن دیلی ئەو نەریتە كۆنانەیە كە پراكتیزەیان دەكات، لەژیانی مرۆڤدا رەفتار یان هەڵسوكەوتێك نییە ناوی بنرێت ئازاد free یان خۆبەخۆیی Spontaneous یان رەسەن Original، تاك بەئیرادەی خۆی ناتوانێت بەرەو ژیانێكی باشتر یان باڵاتر بڕوات، ناتوانێت بارودۆخی ئەقڵی یان رۆحی خۆی باشتربكات، لەهەموو ئەمانەدا مەحكوومە بەكۆمەڵێك دابونەریتی ئەو گرووپەی تیایدا دەژی، ئەمەش بەپلەی جیاواز بەسەر هەموو تاكەكانی ئەو گرووپەدا جێبەجێدەبێت)[٢٢].

بێگومان لەكۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا ژنان پشكی گەورەیان لەبەجێهێنان و سەپاندنی دابونەریتەكانی كۆمەڵگە، بەردەكەوێت‌و كەمتر فرسەتی یاخیبوون‌و دەربازبوونیان لەكۆت‌و پێوەندە جەماعییەكان بۆ دەڕەخسێت، چونكە دوالیزمێكی دروستكراو لەكۆمەڵگەدا دەسەڵات و پێگە و ماناو بەها و هەموو چەمكەكانی ژیانی دابەشكردووە: فەرمان پیاوانەیە و جێبەجێكردن و ژنانەیە، یاخیبوون سیفەتی پیاوەو قەناعەتكردن سیفەتێكی ژنانەیە، هێز خەسڵەتی پیاوەو گریان مافی ژنە، دەسەڵات بۆ پیاوە و ملكەچبوون بۆ ژن، پیاو جەمسەری پۆزەتیڤەو ژن نێگەتیڤ... هتد، بێگومان ئەم دوالیزمە دروستكراوە پێچەوانەی دووالیزمی تاوی چینییەكانە[٢٣]، تاوی فەلسەفەیەكی چینییە یان راستترە بوترێت رێگەیەكی ژیانەو لەگەڵ هیچ ئایین یان بیروباوەڕێكدا دژ ناوەستێت، لەوباوەڕەدایە ژیان و بوون هەمووی لەدوو لایەن یان بەشی تەواوكەری یەكتری پێكدێن كە ئەویش (ین)و (یان)ە واتە (مێ)و (نێر)، بەو مانایەی هەموو شتێك لەبووندا یان نێرە یان مێ: لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و ئەندامەكانی جەستە و ئاسمان و زەوی و خۆراك، بۆنموونە رۆژ نێرە و شەو مێ، گەرما نێرەو سەرما مێ، سوێر نێرەو شیرینی مێ، ئاسن نێرەو تەختە مێ،... هتد.

ئەم دووالیزمە تاوییە دووالیزمی پێكەوەژیان و تەبابوونە لەگەڵ یەكدی نەك دووالیزمی دژایەتی یان دابەشكردن بۆ خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات، بەهێز و لاواز، زاڵم و مەزڵووم... هتد.

ئەو تاكانەی لەكۆمەڵگەدا پێگەی دەسەڵاتیان داگیركردووە لەبناغەدا زۆربەی دابونەریتەكانیان بەشێوەیەك داڕشتووە لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا بگونجێت یان یارمەتیدەربوون لەتۆخكردنەوەیان بەوشێوەیەی لەگەڵ ئارەزوو و ژیانی خۆیاندا دژ نەوەستێت، بەمشێوەیە تاكی



لاواز لەكۆمەڵگەدا زیاتر ملكەچی جێبەجێكردنی دابونەریتەكانە بەهەمان حاڵی ئەوكەسەی لەخێزانێكدا نەخۆشەو بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە لەئەندامانی خێزانەكەی جیاوازە، واتە كەسێكی لاوازە و پێگەیەكی بەهێزی لەناو خێزانەكەیدا نییە لەبەرئەوە هەموو ئەندامانی خێزان بەمافی خۆیانی دەزانن سنووری تاكێتی ئەو ئەندامە ببەزێنن و فەرمان بەسەریدا دەربكەن، ئەویش تەنیا مافی جێبەجێكردنی هەبێت، هەموو ئەمانە بە بەهانەی ئەوەی كە نەخۆشە و بۆ بەرژەوەندی ئەو هەموو كارێك دەكەن و لەمەترسیو زیان دەیپارێزن، ژن لەكۆمەڵگە دواكەتووەكاندا رۆڵی ئەو ئەندامە نەخۆشە دەبینێت و تەنیا دابونەریتەكان جێبەجێدەكات بێئەوەی مافی دەستكاریكردنیان هەبێت یان پرسیاربكات بۆچی دەبێت وابكات یان وانەكات، چونكە بەوشێوەیە تێیدەگەیەنن كە هەموو شتێك لەبەرژەوەندی ئەوە، ژن دەكەوێتە ناو تەمومژو نادیارییەكەوە كە دووچاری شێواندنی لەبیركردنەوەدا دەكەن، چونكە كاتێك كۆمەڵگە لەجیاتی ئەو بیردەكاتەوە و هەستدەكات و بڕیار دەدات، سنووری تاكانەیی ئەم تاكە دەبڕێت، نازانێت بڕوا بەهەستەكانی خۆی بكات یان ئەوانەی دەوروپشتی (لەخێزان‌وكۆمەڵگە)، ئەگەر یەكەمیان هەڵبژێرێت ئەوا دوورنییە دووەمی لەدەستبچێت.

ئەو كچەی خەتەنەدەكرێت و ئەو دایكەی رێگە بەخەتەنەكردنی كچەكەی دەدات هەردووكیان رۆڵی ئەو نەخۆشە دەبینن كە لاوازە و خۆی مافی بیركردنەوە و بڕیاردانی نییە، چونكە كەسێكی تەواو تەندروست نییە، ئەو دایكەی كچەكەی خەتەنەدەكات خۆی تەسلیمی ئەو هێزەكردووە كە لەجیاتی ئەو هەموو شتییێك دەكات، لەبەرئەوە هەست بەحەوانەوەیەكی دەروونی دەكات‌و دڵی خۆشە لەدابونەریتی كۆمەڵگە لاینەداوە و پێیانەوە پابەندبووە، باوك جەخت لەدایك دەكات كە وەك دایك نابێت ئایندەی كچەكەیان وەك ژنێكی خواستراوو ئامادەكراو بۆ هاوسەرێتیو پارێزراو لەهەموو مەترسییەكی لەدەستچوونی روو سووری و كچێنی، لەیادنەكات، هەرچی دایكە لەجێگەی خۆیەوە دڵی ناحەوێتەوە تا ئەوكارە بۆ یەك بەیەكی كچەكانی ئەنجامدەدات، ئەو كچانەش كە گەورە دەبن هەمان رەفتاری دایكیان دووبارەدەكەنەوە و كتومت دەبن بەدایكی خۆیان، هێزێكی گەورە بەسەر بیركردنەوە و ناخی ئەم تاكانەدا زاڵ بووە كە هێزی ئینتمایە بۆ ئەوانەی پێش خۆت و بۆ رابردوو، ئەمیش لەرێگەی پابەندبوون بەدابونەریتەوە جەختی لێدەكرێت، هەر تاكێك لەم گرووپە داخراوانەدا تەماهی لەگەڵ تاكەكانی پێش خۆیدا دەكات بەو واتایەی خەتەنەكردن پرۆسەی تەماهیكردنە لەگەڵ كۆنەستی گرووپدا كە یۆنگ بەمشێوەیە وەسفی دەكات (ئاوڕدانەوەیە بۆ دواوەی خۆت،

تەماشاکردنی سەرچاوەیە، وەك سۆزی تاك وایە بۆ دایك، ئەم تەماهییە لەهەموو تاکێکدا خۆڕسکە)[٢٤].

تاك هەمیشە دیلی ئەو دابونەریتانەیە کە لەگرووپی کۆمەڵایەتی چواردەوریدا پراکتیزە دەکرێت، ناتوانێت خۆی لێیان لابدات تەنانەت ئەگەر بڕواشی پێیان نەبێت وەك ئەو سەرکردە ئاینییە سودانییەی ژنە نووسەری ئەمەریکی لایتفوت کلاین لەکتێبی (زیندانی سروتەکان)دا ئاماژەی پێداوە و نووسیویەتی ئەو پیاوە دەڵێت: (لەقورئاندا تەنیا باس لەخەتەنەکردنی سونی کراوە، بەڵام هەموو کچەکانم لەسەر شێوازی فرعەونی خەتەنەکراون... کاتێك کلاین پرسیاری لێکردووە بۆچی ئەوکارەی کردووە کە بڕوای پێ نییەو لەقورئاندا نەهاتووە، ئەو پیاوە لەوەڵامدا وتوویەتی دابونەریت لەناو گەلدا زۆر بەهێزە و کەس ناتوانێت بەرهەڵستی بکات)[٢٥].

ئەوەی کۆمەڵگە نەمر دەکات ئەو دابونەریتانەیە کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە پابەند دەبن بەجێبەجێکردنیانەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو دابونەریتانە ببنە هۆی کوشتنی تاك و زیان پێگەیاندنیشی کە بێگومان تاکی لاواز ئاسانتر دەبێتە قوربانی مانەوەی ئەو نەریت و سروتانەی پارێزگاری لەبەهای بوونی گرووپ دەکەن (کۆمەڵگە وا چاوەڕوان دەکات لەهەر تاکێك ڕۆڵی خۆی بەباشترین شێوە ببینێت، بۆنموونە کۆمەڵگە داوا لەقەشە دەکات بێ هیچ نارەزاییەك ئەرکەکانی خۆی لەئەستۆ بگرێت، کۆمەڵگە داوا لەتاك دەکات ڕۆڵی خۆی ببینێت وەك جۆرێك لەزامنکاری و تەئمین: هەرکەس لەجێگەی خۆی و لەبواری خۆیدا بمێنێتەوە...)[٢٦].

کاتێك ژن لەکۆمەڵگە ڕۆڵی تاکێکی لاوازو نەخۆش دەبینێت کە بەدەگمەن نەبێت لەو ڕۆڵە بۆدانراوەی یاخی نابێت، ئەو فەرمانانە جێبەجێدەکات کە بەئەرکی خۆی دەزانێت، چونکە کۆمەڵگە ئەوەی لێ دەخوازێت. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کۆنەست لەپرۆسەی خەتەنەکردنی کچدا زاڵە کاتێك کۆمەڵێك ژن پێکەوە بڕیارێکی بەربەرییانەی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە جێبەجێدەکەن کە ئینتمایان هەیە بۆیو بەشێکی گرنگ و هەستیار لەجەستەیەکی زیندوو دادەماڵن لەکاتێکدا ئەو ئەندامە سەرچاوەی زۆرێك لەچێژە سروشتییەکانە و بەردەوامی بەژیانی مرۆیی دەبەخشێت، ئەو ژنانەی کاری خەتەنەکردن دەکەن و ئەوانەی کچەکانیان خەتەنەدەکەن لەبارێکی سایکۆلۆژیی نەخۆشدا دەژین کە هەستکردن بەگوناه یان بەپێی گوزارشتەکەی بیرداکۆ سۆزی هەستکردن بەگوناه بەسەریاندا زاڵە،



ئەوکەسانەی لەم سۆزە دژوارەدا ژیان دەبەنەسەر هەمیشە دەترسن لەوەی لۆمەو گازاندەبکرێن یان بکەونە بەر ڕەخنەی ئەوکەسانەی باڵادەستن بەرامبەر بێ تواناییو لاوازی ئەمان، ئەو ژنانەی بێ دوودڵی بەچەقۆیەکی قەڵەمی یان پارچە گوێزانێك بەشێکی زیندووی جەستەیەکی زیندوو لێدەکەنەوە، هیچ هەست بەئازاری ئەو نێچیرەی بەردەستیان ناکەن، چونکە هۆکاری پاڵنەری ئەوکارەیان زۆر بەهێزە و دەیانەوێت بەهەر نرخێك بێت بۆ دەسەڵاتی باڵای سەروو خۆیان (پیاو- کۆمەڵگە- بیروباوەڕ- دابونەریت... هتد) بەڵگەی وەفاو ئینتمابوونیان بسەلمێنن، ئەمەش لەبەرئەوەیە تەنیا لەوکاتەدا هەست بەئاسوودەیی دەکەن کە ئەو دەسەڵاتە باڵایەی هەژموونی کردوون لێیان ڕازی بێت، ئەم ژنانە پێویستیان بەوەیە بەردەوام ئەو ڕەفتارانە پیادەبکەن کە ئەو دەسەڵاتە دەستخۆشییان لێبکاتو لەبەرامبەردا ئاسوودەییو خۆشەویستیان پێببەخشێت، هەموو کارێك دەکەن بۆئەوەی ئەو دەسەڵاتە دان بەبوونیاندا بنێت و هەندێجاریش بۆئەوەیە لەهەستکردن بەهەندێك شعوری دوونیەتو بێ نرخیو بێ بەهایی ڕزگارییان ببێت و بۆئەوەی بیسەلمێنن کە ئەمانیش خاوەنی هەژموونن ئەگەرچی ئەو هەژموونە بەسەر هاوتوخمی خۆیانیشدا بێت.

بێگومان دروستبوونی ئەم هەستە ڕەگوریشەیەکی قووڵی لەژیانی سایکۆلۆژیی تاکدا هەیەو بەندە بەجۆرەها هۆکارو پاڵنەرەوە، ئەوکەسەی تووشی بووە بەلایەوە (سروشتییە هەرکارێك بکات بۆئەوەی خۆی لەسۆزی هەستکردن بەگوناه بەدووربگرێت)[٢٧].

## توندوتیژی بەرامبەر مێ
## (خەتەنەکردن وەك نموونە)

نواندنی شەڕانگێزی بەرامبەر کەسێك واتە مامەڵەکردنی ئەوکەسە بەشێوەیەکی توندوتیژ و زیان پێگەیاندنی (زیانی جەستەیی، زیانی مەعنەوی)، بەو واتایەی کاتێك کەسێك بەرامبەر کەسێکی دی توندوتیژ دەبێت، پێیدەوترێت کەسێکی شەڕانگێزە و بەدووەمیش دەوترێت توندوتیژی بەرامبەر کراوە، چونکە کەسێکی دەروون تەندروست و بەدەر لەبوونی ئەنگێزەی شەڕانگێزی توندوتیژی نانوێنێت بەرامبەر کەسێکی دی، بەڵام فرۆید لەوباوەڕەدایە (شەڕانگێزی پاڵنەرێکی خۆڕسکی هەیەو بەشێوەیەکی وێرانکەر ئەم شەڕانگێزییە ئاڕاستەی خود کراوە)[٢٨]، بەوپێیە دەشێت تاك بەشێوەیەکی خۆڕسك شەڕانگێز بێت یان شەڕانگێزی بنوێنێت کاتێك هەست بەمەترسی دەکات، بیرداکۆ ئەم شەڕانگێزییە بەشەڕانگێزییەکی

نادروست وەسفدەکاتو بەبوونی ترسەوە گرێی دەدات: (ئەو شەڕانگێزییە روخساری رووخێنەر و دوژمنانەتی هەیەو بەشێوەیەکی کردەیی هەمیشە بەترسەوە بەندە...)(٢٩). پیاو لەتوانا خۆڕسك و بایۆلۆژییەکانی ژن سڵدەکاتەوە، چەندە پەرۆشی جوانی ژنە، ئەوەندە دەترسێت ژن فریوی بدات یان جوانییەکەی بۆ مەرامێکی خۆی بخاتەکار، هەروەها لەتواناى ژن بۆ منداڵبوونو هەڵگرتن و دروستکردنی بوونەوەرێکی زیندوو، دەترسێت کە ژن تەنیا خۆی دەزانێت ئۆڤا (ova)کەی لەگەڵ سپێرم (sperm)ی چ پیاوێکدا یەکیگرتووە، بەمشێوەیە تواناى خۆڕسکی ژن بۆ دروستکردنی ژیان و ئارەزووی سێکسواڵیو کێشکردنی پیاو، بەردەوام هەر لەسەردەمی بەربەرییەکانەوە مێشکی پیاوی جەنجاڵ کردووە، بەو واتایەی ئەم توانا خۆڕسك و بایۆلۆژییانەی ژن بەردەوام مەترسی بوون بۆسەر ئاسوودەیی پیاو، هەرچەندە ئەم توانایانەی ژن هۆکاری سەرەکیو سەرمەدی بەردەوامی ژیان و مانەوەی توخمی مرۆڤیشن.

بێگومان شەڕانگێزی رووخسارێکی دزێو و ناشرینە لەخەسڵەتی مرۆییداو مرۆڤ بەسروشتی چەندە شەڕانگێزیش بێت دان نانێت پیایدا، لەبەرئەوە پیاو وەك بەشێکی رەتکراوە لەناو خوددا لەم شەڕانگێزییە دەڕوانێت، بۆ رزگاربوون لێی رووبەڕووی سێ دەروازە دەبێتەوە کە سروشت و پێکهاتەی سایکۆلۆژیی پیاو بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێکیان یان هەرجارەی یەکێك یان دووانیان دەدەن، دەروازەی یەکەم: پیاو ئەو شەڕانگێزییە دەچەپێنێت و لەحاڵەتی زۆر تایبەتیو بارگاوی و ئامادەکراودا نەبێت بڵێسەی ئەو شەڕانگێزییە کڵپە ناکات. دەروازەی دووەم: ئەو شەڕانگێزییە لەروخسارێکی زۆر —هێمنی- لاوازی- ترسنۆکیو بەردەوام ملکەچبوون بۆ داوای کەسانی دی، دەردەکەوێت. دەروازەی سێیەم: مەبەستی ئێمە زیاتر لەم دەروازەیەدا خۆی دەبینێتەوە، پیاو ئەو شەڕانگێزییەی خۆی کە وێنەیەکی رەتکراوەیە لەناو من- egoدا دەخاتە پاڵ ژن واتە کرداری خستنە پاڵ- پرۆجێکشن projection دەکات، بەمشێوەیە لەو روخسارە شەڕانگێزەی ناخی خۆی رزگاری دەبێت کە ناتوانێت بەرگەی بگرێت.

لەلایەکی دیکەوە هەندێك پێیانوایە شەڕانگێزی غەریزەیەکی بۆماوەیە لەمرۆڤداو دەشێت ژینگە پەرەپێبدات یان لاوازی بکات و رێگە لەدەرکەوتنی بگرێت بەشێوەی توندوتیژی و روخساری روخێنەرو نامرۆڤانە، میلانی کلاین یەکێکە لەوانەی پێیوایە (شەڕانگێزی غەریزەیەکی بۆماوەییە و دڵەڕاوکێو بارودۆخی ناخۆشو ئەستەمی ژینگە رۆڵییان دەبێت لەزیادکردنیدا)(٣٠).

واتە مەبەستمە بڵێم شەڕانگێزی بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناخی مرۆڤدا بوونی هەیە بەژن و پیاوەوە، پاشان دەرەئەنجانەی سستمی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و سەرشۆڕکردنی ژن لەلایەن



کۆمەڵگەوە دەشێت جۆرێك لەشەڕانگێزی کامۆفلاجکراو(٣١) لەدەروونی ژندا چەکەرەبکات کە شەڕانگێزییەکی کەڵەکە بووە و لەوێنەی دیکەدا خۆی پیشاندەدات، دەرئەنجامی ئەم شەڕانگێزییانە (واتە ئەو شەڕانگێزییەی پیاو خستوویەتییە پاڵ ژن، شەڕانگێزی بۆماوە، شەڕانگێزی کامۆفلاجکراو) جۆرێك لەشەڕانگێزی جیاواز لەرووی هۆکارو یەکگرتوو لەرووی پراکتیزەکردنەوە دروستدەبێت، پەرچەکرداری ژن بەرامبەر ئەم سێ شەڕانگێزییە پرۆسەی پراکتیزەکردنی توندوتیژی لێ بەرهەم دێت کە خەتەنەکردنی مێ لەلایەن مێ-وە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم توندوتیژییەیە.

بەو واتایەی ئەسڵی ئەو توندوتیژییەی لەشێوازی خەتەنەکردندا بەرامبەر مێ پیادەدەکرێت بۆ شەڕانگێزی پیاو دەگەڕێتەوە، کاتێکیش پیاو لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا خۆی بەخاوەنی ژن دەزانێت، بەمافی خۆی دادەنێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جەستەیەدا بکات کە تەنانەت خاوەنی ئەو ناوەش نییە کە هەڵیگرتووە و زۆرجار هەر بەپێویست دانانرێت بەناوی خۆیشیەوە بانگ بکرێت.

پیاو هەرچەندە خۆی بەخاوەنی ئەو جەستەیە دەزانێت، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هەمیشە لەو جەستەیە و لەئارەزووەکانی ترساوە، هەر لەبەرئەوەش چەندەها شێوازی بۆ سڕکردنی ئەو جەستەیەو جڵەوگرتنی ئارەزووەکانی گرتۆتەبەر، لێرەوە خەتەنەکردن یەکێکە لەو کۆتانەی ویستراوە لەرێگەیەوە ئارەزوو شەهوەتی سێکسواڵی ژنی پێ بەندبکرێت وێڕای ئازادی جەستەو بوونی مەعنەوی، ئەم کۆتە بەسەرەتای کۆمەڵێك کاری توندوتیژی دادەنرێت کە بۆ سنووردارکردنی ئازادی ژن و گەمارۆدانی ئازادی جەستەو ئارەزووەکانی لەلایەن کۆمەڵگەوە پراکتیزە دەکرێت -کچ لەماڵی باوکیدا خەتەنەدەکرێت- دوایی لەبەرامبەر بڕێك سامان کە ناوی لێنراوە مارەیی بەپیاوێك دەدرێت کە بەپێی تواناى ئابووری خۆی کۆمەڵێك کۆتی داخراو لەئەڵقەو بازن و ملوانکە دەکاتە پەنجەو دەست و گەردنی، ئەم پیاوە لەچوارچێوەی کۆتێکی دیکەدا بەناوی—شەرەف- دەبێتە بەرپرسی یەکەم و دواخاوەنی ژن لەگشت هەڵسوکەوت و رەفتار و ئارەزوو و جوڵەیەکیدا، کەواتە خەتەنەکردن یەکێکە لەو بناغە سەرەکییانەی سستمی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی مێو نواندنی توندوتیژی بەرامبەریی، لەسەر بنیاتنراوە کە پێیوایە شەرەف تەنیا لەجەستەی ژن و ئەندامی زاوزێی ژندایە، بەدەر لەژن و لەو ئەندامە کۆمەڵگە هیچ کارو کردەوەیەکی ناشرین و نامرۆڤانە ناخاتە قاڵبی لەکەدارکردنی شەرەف، لەبەرئەوە جەستەی ژن و بەتایبەتی ئەو ناوچە هەستیارەی کە شەرەفی سەرجەم بنەماڵەی پێوە گرێدراوە دەبێت

پارێزراو بێت تەنانەت ئەگەر بەزۆریش بووە یان لەرێگەی نواندنی توندوتیژیشەوە بووە بەرامبەری، بەمشێوەیە خەتەنەکردن کراوەتە هۆکارێك بۆ پاراستنی جەستە یان شەرەفی ژن، بۆیە وشەی (یان) بەکاردێنم، چونکە ئەم دوو وشەیە بوونەتە هاوواتا لەکلتووری دواکەوتوویی کۆمەڵگەدا کە پێیوایە لەرێگەی لێکردنەوەی میتکەوە شەهوەتو ئارەزووی سێکسوال دادەمرکێتەوە و شەرەف پارێزراو دەبێت.

خەتەنەکردن جۆرێکە لەتوندوتیژی رەمزی بەرامبەر بەژن پراکتیزە دەکرێت کە بیار بۆردیو لەکتێبی (هەژموونی نێرینە)دا باسیدەکات و دەڵێت: (توندوتیژییەکی خامۆش و نەبینراو و هەستپێنەکراوە تەنانەت لای قوربانیانی ئەم توندوتیژییەش، قوربانی و جەلاد لەم توندوتیژییەدا هاوبەشن، هەمان بۆچوون و بیرکردنەوەیان هەیە، کە هەردووکیان ئەو توندوتیژییە بەتوندوتیژی دانانێن)[٣٢]، لەخەتەنەکردنیشدا زۆرجار هەروایە، ژن گەیشتۆتە ئاستێك لەبەرچاو لیڵی‌و بڕواپێهێنانی فریودەرانە کە پێیوانییە خەتەنەکردن هیچ ئازارێك ببەخشێت یان ئازارێك جێبێڵێت، لەخەتەنەکردندا پیاو جەلادو ژن قوربانی، بەڵام پیاو دەستی خۆی بەخوێنی ئەو پارچە گۆشتە پیس ناکات کە پێیوایە مانەوەی مایەی پیسی و ناشرینی و نەهامەتی و ئابڕووچوونە بۆ ژن و هەموو کۆمەڵگە، کەواتە لەتاوانی خەتەنەکردندا بڕیاردەر و جەلاد پیاوە و ئەنجامدەر و قوربانی ژن خۆیەتی.

دواجار خەتەنەکردن تەنیا توندوتیژییەکی جەستەیی نییە کە خۆی لەبڕین و لێکۆڵینەوەی پارچەیەکی جەستەدا بنوێنێت، بەڵکو جەختکردنەوەیە لەو پرەنسیپەی کە پێویستە کچ هەر لەسەرەتای ناسینی خۆی وەك توخمی مێ پێی ئاشنابێت: تۆ لەتوخمی مێیت، ئازادی تۆ سنووردارە هەموو رەفتار و جوڵە و ئارەزوو تەنانەت بوونی تۆ وەك مێ لەنگییە ئەگەر جڵەوت نەگیرێت... د. ناهد تویبا کە پزیشکێکی سودانییە پێیوایە (جیاوازی لەنێوان خەتەنەکردنی کوڕان و کچاندا لەسەر ئاستی پزیشکی نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییە، لەخەتەنەکردنی کچاندا پەیامێك دەنێرێت کە ناوەڕۆکەکەی دەڵێت: ("چالاکی سێکسوالی تۆ مەترسیدار و زیانبەخشە پێویستە چاودێری بکرێیت بەهەر نرخێك بێت و پێویستە بەداخراوی تەنیا لەچوارچێوەی منداڵبوون و خزمەتی پیاو لەرووی سێکسوالەوە بمێنێتەوە بێئەوەی داوای هیچ شتێك بۆخۆت بکەیت"، بەڵام لەخەتەنەکردنی کوڕاندا ئەم جۆرە پەیامە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەتەنەکردن لەکۆمەڵگەی ئەفەریقی‌و ئیسلامیدا هۆکارێکە بۆ زیادکردنی پیاوەتی و دەروازەیەکە بۆ ناو دەسەڵاتی نێرینە)[٣٣].



## گواستنەوەی توندوتیژی (لەدایکەوە بۆ کچ)

زۆربەی ئەو دایکانەی خۆیان خەتەنەکراون جەخت لەوەدەکەن پێویستە کچەکانیان خەتەنەبکرێت، تەنیا لەوحاڵەتە دەگمەنانەدا نەبێت کە دایك خۆی خەتەنەکراوە، بەڵام بەهۆی رۆشنبیری و خوێندەواری یان تێکەڵاوبوون و کارپێکردن و بەرکەوتن لەگەڵ کلتورێکی جیاواز لەکلتوری کۆمەڵگەکەی درك بەزیانەکانی خەتەنەکردن دەکات وەك تاوانێك بەرامبەر بەمنداڵ تەماشای دەکات، لەم حاڵەتەدا کچەکەی خەتەنەناکات و رێگەنادات بەخەتەنەکردنی.

هەرچەند سروتی خەتەنەکردن دابونەریتێکی کۆمەڵایەتییەو کۆمەڵگە لێی بەرپرسیارە، بەڵام نکۆڵی لەوەناکرێت جێبەجێکەری ئەم سروتە خوێناوییە و ئەم توندوتیژییە ژن خۆیەتی‌و بەرامبەر بە ژنە و لەسەر جەستەی ژنیش پراکتیزەی دەکات.

مەسەلەی خەتەنەکردنی کچ و رێگەدانی دایك بۆ ئەم کارە و ئازاردانی منداڵەکەی بەرەزامەندی خۆی و لەبەرچاوی خۆی، کۆمەڵێك فاکتەری سایکۆلۆژی گرنگ لەپشتیەوەیەتی کە بەشی گەورەی فۆرمەلەبوونیان بۆ قۆناغی منداڵی‌و ئەو توندوتیژییە چاوەڕواننەکراوە دەگەڕێتەوە کە دایك لەسروتی خەتەنەکردندا بەرامبەر بەکچ نواندوویەتی، ئەو کچەی خەتەنەدەکرێت دوو هەستی زاڵ هەموو بونیادی داگیردەکەن:

یەکەمیان: هەستکردن بەبرینداربوونی جەستە و شێواویی‌و بێ بەهایی خود، واتە هەستکردن بەچەوسانەوە لەلایەن کەسێکی بەدەسەڵاتەوە کە دەستدرێژی کردۆتە سەری.

دووەمیان: هەستکردن بەرق و شەڕانگێزییەکی زۆر بەرامبەر ئەو دەستدرێژکارە کە دایکێتی.

لێرەدا بەشوێن رەوتی ئەو دوو هەستەدا دەڕۆین کە دەبنە دوو فاکتەری بەهێز بۆئەوەی ئەو کچە خۆی کاتێك دەبێت بەدایك بتوانێت بەهۆیانەوە کچەکەی خۆی خەتەنەبکات، ئەو توندوتیژییەی دایك بەرامبەر دایکی خۆی لەناخیدا حەشاریداوە لەئاڕاستەکردنی ئەو توندوتیژییەدا بەرجەستە دەبێت کە دایك بەرامبەر کچەکەی خۆی دەینوێنێت، بۆ ئەم کردارەش پەنا بۆ دوو میکانیزمی سایکۆلۆژی دەبات:

**یەکەمیان:** تەماهیکردن لەگەڵ وێنەی دێرینی دایکی خۆی.

**دووەمیان:** تەماهیکردن لەگەڵ وێنەی تازە یان دروستکراوی کچەکەیدا.

## تەماهیکردن(هاوچەشنکردن) لەگەڵ وێنەی دایك

ئەو دایکەی کچەکەی خەتەنەدەکات تەماهی لەگەڵ وێنەی شەڕانگێزی دایکی دەکات، لەوساتەدا خۆی بەدایکی دەزانێت واتە خۆی وەك دایکی دێتە بەرچاو، دیمەنی منداڵی دێتەوە یاد کاتێك لەدایکی دەپاڕایەوە لەگوێزان و چەقۆ بەدەستەکان بیپارێزێت، بەڵام دایکی بەزەردەخەنە و خۆشی وەڵامیدەدایەوە و دەستخۆشی لەو ژنانە دەکرد کە توند گرتبوویان و هەناسەیان لێ بڕیبوو، رووخساری ئاسوودەیی دایکی دێتەوە بەرچاوی کاتێك ئەم لەتاو ئازار دەیقیژاند و خوێنی لێدەڕۆیشت، ئەویش ئێستا تەماهی لەگەڵ ئەم وێنە شەڕانگێزەدا دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر لەباری هۆشیاریدا هەست بەجۆرێك لەهەستکردن بەگوناه و ئازاری ویژدان بکات یان غەریزەی دایکایەتی‌و سۆزی ژنێتی ببزوێت، ئەوا خێرا فەنتازیاکان لەنەستدا بەرپەرچی ئەو هەستە دژوارە دەدەنەوە و لەرێگەی تەماهی لەگەڵ وێنەی دایکدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆی و دایکیدا بەدیناکات.

دەشێت کۆمەڵێك هۆکار ببنە پاڵنەر بۆ روودانی ئەم تەماهیکردنە، بەڵام گرنگترینیان ئەم دووانەیە:

**یەکەم:** بۆئەوەی ئەو هەستە ئازاراوییە رەتبکاتەوە لەمنداڵیدا هەستیپێکردووە کە بریتییە لەتەماشاکردنی دایکی وەك دایکێکی خراپ، هەمان کاری دایکی دووبارە دەکاتەوە و نایەوێت ئەو راستییە بەسەر ناخیدا زاڵ بێت کە دایکی شەڕانگێز بووە، ئەوەتا لەئەمڕۆدا خۆی هەمان رەفتاری شەڕانگێزی دایکی دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش باشترین سەلماندنە بۆ سروشتی ئەو کارە توندوتیژییەی دایکی لەمنداڵیدا بەرامبەر بەم کردوویەتی‌و بەسروشتیکردن و شەرعییەتدانە بەو توندوتیژییە.

**دووەم:** کاتێك دایك تەماهی لەگەڵ وێنەی دایکی خۆیدا دەکات، دەیەوێت کەمێك بەها بۆ خودی خۆی بگەڕێنێتەوە و لەهەستکردن بەچەوساندنەوە رزگاری بێت کە هەر لەساتی خەتەنەکردنی خۆیەوە تا ئەوساتەی کچەکەی خۆی خەتەنەدەکات بەسەریدا زاڵ بووە و دایکی وەك کەسێکی دەستدرێژیکار بۆسەر ئەندامەکانی جەستەیی‌و سنوورەکانی تاکانەیی‌و بیرکردنەوە و بڕیارەکانی، تەماشاکردووە، ئێستا دەیەوێت لەسەرجەم ئەو هەستانە رزگاری بێت لەبەرئەوە تەماهی لەگەڵ وێنەی شەڕانگێزی دایکی دەکات کە لەوێنەی کەسێکی دەستدرێژکاردا دەیبینێت (تەماهی لەگەڵ دەستدرێژکاردا لەرێگەی تەماهیکردن لەگەڵ شەڕانگێزی ئەو دەستدرێژکارەدا، ئەو کەسەی خۆی چەوسێنراوەتەوە شەڕانگێزی ئەوکەسە



دەنوێنێت کە چەوساندوویەتییەوەو لەسەر کەسێك پراکتیزەی دەکات کە لەخۆی لاوازترە و دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێت، لەم کاتەدا ئەم کەسە کەمێك لە رێزدانانی بەرامبەر خۆی بۆ دەگەڕێتەوە، بەواتایەکی دی کەمێك لەگەڵ خود-دا ئاشتدەبێتەوە تەماهیکردن بەشەڕانگێزی دەستدرێژکار واتە ئاشتبوونەوە لەگەڵ خود-دا، هەرچەندە ئەم ئاشتبوونەوەیە کاتی یان جێگیریش نەبێت)[٣٤]. لەم کاتەدا رۆڵەکان هەڵدەگەڕێنەوە ئەو دایکەی لەمنداڵیدا چەوسێنرابۆوە، واتە قوربانی بوو دایکیش دەستدرێژکار بوو، ئێستا خۆی دەبێتە دەستدرێژکارو کەسێکی دی دەچەوسێنێتەوە کە کچەکەی خۆیەتی: دەستەواژەی (من ئازاردراوم) دەگۆڕێت بۆ (من ئازاردەرم).

## تەماهیکردن (هاوچەشنکردن) لەگەڵ وێنەی کچ

ئەو کچەی کە خۆی خەتەنەکراوە و ئێستا بووە بەدایك، رقی لەدایکیەتی‌و هەست بەشەڕانگێزی و تووڕەیی دەکات بەرامبەری، ئەم هەستە لەمنداڵیدا چەپێنراوە و شاراوەتەوە، بەڵام چەپاندنی مانای ئەوە نییە شی بۆتەوەو نەماوە.

رق‌و شەڕانگێزی بەرامبەر دایك ئەو بەشەیە کە ئەم ژنە خەتەنەکراوە لەنەستدا، رەتیدەکاتەوە، چونکە نارەوایە رقی لەدایکی خۆی بێت و هەست بە رق و شەڕانگێزی بکات بەرامبەری، لەنەستدا نەخشەیەك بۆ فڕێدان و دوورخستنەوەی ئەو بەشە رەتکراوە لەخود-دا دادەڕێژێت، بۆئەوەی تاك بەشێکی رەتکراوەی خۆی کە نایەوێت ئاشکرابێت رزگاریی ببێت، پێویستە بۆ دەرەوە فڕێی بدات و پێویستە کەسێك هەبێت ئەو بەشە رەتکراوە لەخۆی بگرێت‌و بێ هیچ بەرهەڵستی وەریبگرێت، لێرەدا دایك ئەو بەشە رەتکراوە دەخاتە پاڵ projection کچەکەی، واتە بەم پێیە کچەکەی رق‌و شەڕانگێزی دایکی لەخۆدەگرێت (واتە رق و شەڕانگێزی ئاڕاستەکراو بۆ دایك)، ئەم دایکە تەماهی لەگەڵ وێنەی تازەی کچەکەیدا دەکات (واتە ئەو وێنەیەی کە کچەکەی رق و شەڕانگێزی ئاڕاستەی دایکی کردووە)، کاتێك ئەم دایکە شەڕانگێزی بەرامبەر کچەکەی دەنوێنێت (واتە توندوتیژی لەشێوەی خەتەنەکردندا بەرامبەر دەکات) لەنەستدا پێیوایە کچەکەی کچێکی باش نییەو شەڕانگێزی و رقی ئاڕاستەکردووە، بۆیە ئەمیش بەشەڕانگێزی و رق بەرپەرچی داوەتەوە، هەر لەبەرئەوە لەساتی خەتەنەکردنی کچەکەیدا هەست بەئازاری ویژدان ناکات و سۆزی دایکایەتی نایهەژێنێت.

بێگومان خەتەنەکردن تەنیا لێکردنەوەیەکی ئۆرگانی جەستەیی نییە و شوێنی ئەو زامە سارێژببێت، بەڵکو کاریگەرییەکانی بەژیانی سایکۆلۆژی ژندا رۆدەچێت وەك لەدوایدا بەدرێژی باسیاندەکەین، ئەو ژنەی لەمنداڵیدا توندوتیژی بەرامبەرکراوە (خەتەنەکراوە)، لەداهاتوودا خۆی دەبێتە دایکێکی توندوتیژ و دەبێتە نمایندەی دایکی خۆی بۆ بەرجەستەکردنی توندوتیژی و بەمشێوەیە ئەم زنجیرەیە بەردەوام دەبێت.

ئەم هەستە دژ بەیەکانە لەناخی ژنداو پەنابردن بۆ ئەم میکانیزمە دەروونیانە بۆ رزگاربوون لەدڵەڕاوکێو چەوساندنەوە و هەستکردن بەگوناه و پێویستی ئینتما بۆ گرووپ وادەکەن ئەو ژنانە هەست بەتوڕەییو شەڕانگێزی بەرامبەر بەتوخمی مێ بکەن، هەروەها دیدیان بۆ کچەکانیان یان بۆ مێ بەگشتیی هەمان دیدی دواکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە کچەکانیانی بۆ دەکەنە قوربانیی مانەوەی دابونەریتەکانی وەك چۆن خۆیان پێشتر کراونەتە قوربانی.

ئەو ژنانە لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی هەژار بەخۆشەویستیو باوەشی گەرم و پڕ سۆزی باوان گەشەیان کردووە، لەقۆناغی منداڵیو هەرزەکارییاندا هەڵوێستەکانی هەستکردن بەشکستیو سەرشۆڕییو پلەنزمیو بێ بەهایی زیاتربوون لەهەڵوێستەکانی بەتواناییو بەهابۆدانان و رێزگرتن لەسنوورەکانی تاکانەیی، لەبەرئەوە نەستی ئەم ژنانە باشترین زەمینەیان رەخساندووە بۆ کارابوونی ئەو شەڕانگێزییەی دەرئەنجامی توندوتیژی باوان و ژینگەی چواردەورییان دروستبووە بەتایبەتی بەرامبەر بەدایکیان.

شەڕانگێزی ئەم ژنانە پێویستە لەشێوەی ئاڕاستەکردنی توندوتیژیدا بەرامبەر کەسێك بەرجەستە بکرێت، دایك لاوازترین و بێدەسەڵاترین و لەهەمانکاتدا نزیکترین و خۆشەویسترین بوونەوەر لەخۆیەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم توندوتیژییە هەڵدەبژێرێت، لەم بەتاڵکردنەوەیەدا دوو مەبەستی هەیە، یەکەمیان رزگاربوونیەتی لەو توندوتیژییە کە بۆ قۆناغی منداڵی دەگەڕێتەوە و سالآنێکی زۆرە لەنەستدا چەپاندوویەتی، دووەم جەختکردنەوەیە لەپەیوەستی بەتینی بەکچەکەیەوە، چونکە دایك کچ هەر بە بەشێك لەخۆی دادەنێت و دان بەوەدا نانێت بەشێکی سەربەخۆیە لێی تا ئەوساتەی شوێنەوارێکی وا لەسەر جەستەی بەجێنەهێڵێت کە بەدرێژایی ژیانی ئاماژە یان سونبول بێت بۆ ئەسڵی ئەو جەستە گشتییە هەمەکییە و ئەو جیابوونەوە بەسوێیە لەجەستە.

دواجار کاتێك دایك کچەکەی خەتەنەدەکات بێئاگایە لەئازاری کچەکەیی و بەهیچ شێوەیەك بەتوندوتیژی دانانێت، بەڵکو ئەنجامدانی سروتی خەتەنەکردن بەیەکێك لەئەرکەکانی



خۆی تەماشادەکات، چونکە (ئەم دایکە نمایندەی ژنێکی دیکەیە، ئەو ژنەی دی دایکی خۆیەتی کە پێودانگی ئەو ئەرکانەی دیاریکردووە و ئەمیش پێویست بووە پەیڕەوییان بکات)[٣٥].

## تراومای خەتەنەکردن

ژن بەشێك لەجەستەی لێدەکاتەوە بۆ رازیکردنی ئەو بەشە پیاوانەیەی لەجەستەیدایە (Animus)، بەشە پیاوانەییەکی ناوجەستەی ژن پاڵ بەژنەوە دەنێت شەڕانگێزی بەرامبەر هاوتوخمی خۆی بنوێنێت، (Animus) ژن بەوە هەڵدەخەڵەتێنێت ئەگەر ئەوکارە نەکات لەپیاو دەچێت و ژنێتی ئەو بەبوونی ئەو جیاوازییە دەسەلمێت، رازیبوون بەلێکردنەوەی بەشێك لەجەستەی خۆت (دایك کچەکەی خەتەنەدەکات، بەڵام وەك ئەوە وایە ئەو پارچە گۆشتە لەجەستەی خۆی بکاتەوە، چونکە کچەکەی درێژبوونەوەی نارسیزمی خۆیەتی) ئەوەندە کارێکی ئاسان نییەو دەروون دووچاری ململانێیەکی تونددەبێت، لەمکاتەدا چەندە قەبارەی ئەو ترۆماتیزمەی لەسەر دەروونی ژن بەهۆی خەتەنەکردنی خۆیەوە لەمنداڵییەوە جێماوە، گەورە و کاریگەربێت (بەومەرجەی زنجیرە پرۆسەیەکی هۆشیاری بەهێز بەسەر خود-دا رووینەدابێت)، ئەوەندە ئەو ژنە زووتر تەسلیمی ئەنگێزە شەڕانگێزییەکانی ناخی دەبێتو بێ دوودڵی کچەکەی دەخاتە بەردەم ئەو ژنانەی لێکردنەوەی میتکەیان وەك نینۆك کردن بەلاوە ئاسانە.

بەکورتی ئەمە ئەو نەخشە شێواوەیە کە پرۆسەی خەتەنەکردن تانوپۆی لەناو نەستی ژندا، دەنەخشێنێت، ئەو ژنانەی خەتەنەکراون وەك چۆن ستراکتۆری جەستەییان شێوێندراوە بەهەمان شێوە ستراکتۆری سایکۆلۆژیشیان بەگشتیی شێوێندراوە، ئەو ژنانە جۆرێك لەرقو شەڕانگێزی دەروونیانی داگیرکردووە، تەنیا بەئازاردانی کچانی منداڵ لەرێگەی خەتەنەکردنەوە بەتاڵ دەبێتەوە، ئەم رق و شەڕانگێزییە بەسروشتی خۆڕسك و غەریزەی ژن نامۆیەو لەئەنجامی پیادەکردنی توندوتیژی کۆمەڵگەو تێکچوونی ستراکتۆری باری سایکۆلۆژییانەوە فۆرمەلە بووە (ئەو ترۆماتیزمەی دەرئەنجامی خەتەنەکردن لەسەر دەروونی کچ بەجێدەمێنێت ئەگەری ئەوە زۆرە کاربکاتە سەر کەسێتی کچ)[٣٦]. هەروەها ئەم کاریگەرییانە هەندێجار لەپێش خەتەنەکردنەوە دەستپێدەکەن (کاتێك ئەو کچە لەکەسوکارو هاوڕێکانییەوە کە لەخۆی گەورەترن گوێی لەخەتەنەکردن دەبێتو ئەو کچە چەند لەو تەمەنە نزیکبێتەوە کە خەتەنەکردنی تیادا دەکرێت دڵەڕاوکێی زۆر دەبێت و ئەم دڵەڕاوکێیەی بۆ فۆبیایەکی دەروونی

دەگۆڕێت، هەندێجار دەگاتە ئاستی بینینی خەونی ناخۆش و وڕێنەكردن بەدەم خەوەوە و دواكەوتن لەخوێندن)[٣٧]، ئەم كاریگەرییانە لەگەڵ ژیانی ئەو منداڵەدا بەردەوام دەبێت كاتێك دەبێتە هەرزەكار و كچێكی گەنج و پەیوەندی دەبەستێت و هاوسەرێتی دەكات و دەبێتە دایك، ڕۆژ و ساتی خەتەنەكردن و چۆنیەتی ڕاپێچكردن و شەتەكدانی‌و قیژە و هاوار و تەماشاكردنی ڕوخساری خۆشی‌و شادی دایكی‌و ئامادەبووانی خەتەنەكردن، وەك تراژیدیایەكی ناخۆش و قیزەون لەیادەوەرییدا دەمێنێتەوە، چونكە (كاریگەرییە سایكۆلۆژییەكانی خەتەنەكردن لای كچ ناسڕێتەوە، كە غەدری لێكراوە و لەئاهەنگێكدا بەستراوەتەوە و چەكەكانی خەتەنەكردنی بینیوە و ئازار و ماكەكانی خەتەنەكردنی لەبیرناچێتەوە و چۆن لەبەرامبەر هەندێك بەرتیلی ماددی بێ نرخدا بەخەتەنەكردن ڕازییان كردووە، چونكە ئەو كچەی كە خەتەنە دەكرێت چەند تەمەنی بچووك بێت دەتوانێت بەراوردبكات لەنێوان ئەو شتە ماددییانەی پێشكەشكراوە لەخواردنی تایبەتی‌و جلی نوێ لەگەڵ ئەوەی لەبەرامبەر ئەمانەدا داویەتی لەكەرامەتی خۆی كاتێك ڕووتكراوەتەوە و جلەكانی ژێرەوەی لێداماڵراوە لەبەردەم كەسانی غەریب و نامۆدا، لەمەشەوە ئەو كچە بچووكە متمانەی بەباوانی یان ئەوانەی لەجێی ئەوانن لەدەستدەدات، ئەم غەدرو ئازارە جەستەیی و دەروونییەی پەیوەست دەبێت بەدروستبوونی جۆرێك لەهەستكردن بەزوڵم، كە هەندێجار ئەو كچە بچووكە لەڕێگەی میزبەخۆداكردنەوە و خۆخواردنەوە و دوورەپەرێزی كۆمەڵایەتییەوە گوزارشتی لێدەكات، كەواتە خەتەنەكردن تەنیا لێكردنەوە و بڕینێكی ئەندامی نییە، بەڵكو بڕینێكی سایكۆلۆژیشە)[٣٨].

سروتی خەتەنەكردن لەمنداڵیدا وانەیەكی پراكتیكییە بۆ فێركردنی مۆراڵەكانی گرووپ، وانەیەك تاكی فێركراو (ئەو كچەی خەتەنەدەكرێت) بەدرێژایی ژیانی بیری ناچێتەوە، ئەم وانەیە هەروەك ئەتككردن و لووتبڕین و گوێ بڕین وایە كە لەگەورەییدا بەرامبەر بە مێ دەكرێت كاتێك پێ دەخاتە ناو گۆڕەپانی تابۆكانی كۆمەڵ و دەیەوێت ئارەزووەكانی بۆ یاریكردن لەگەڵ تۆخمەكەی دی ئاشكرابكات.

كاتێك تاك لەجێبەجێكردنی وانە مۆرالییەكانی كۆمەڵ شكست دەهێنێت و لەملكەچ بوون بۆیان یاخی دەبێت، ئەگەر ئەم تاكە مێ بوو، ئەوا فرسەتێكی بۆ گەڕانەوە بۆناو مێگەلی گرووپ و ڕازی بوون بەدابونەریتەكانی پێنابەخشرێت، بەڵكو كوشتن دەبێتە دوا وێستگەی یاخیبوونو گۆڕستانی ئارەزوو خەونەكانی، كوشتن كۆتایی هێنانە بەژیانی بایۆلۆژی و بوونی



مرۆڤ، بەڵام بریندارکردن لێکردنەوەی بەشێك لەجەستە داخكردن و سووتاندن لەژێر ناوی خەتەنەكردن لەمنداڵیداو ئەتككردن لەگەورەییدا، ئەمانە وانەی مۆرالین و مەبەست لێیان بێزازكردنی ئەو مێ-یەیە، بەڵام بەشێوەیەك ئاسەوارێك لەسەر جەستەو ئازارێك لەناخدا بەجێدێڵن كە ئەو تاكە نەتوانێت بەدرێژایی ژیان بیر لەهیچ یەكێك لەوكارانە بكاتەوە كە لای كۆمەڵ بەلادان و گوناه دادەنرێن، د. عادل سادق كە مامۆستای پزیشكی دەروونییە، دەڵێت: (خەتەنەكردن كردارێكی لێكردنەوە و بڕینە لەخەیاڵی كچدا بەدرێژایی تەمەنی دەمێنێتەوە، هەستكردن بەبڕینی ئەندامێكی گرنگی لەش بەمانا سێكسوالەكانیشیەوە دەبێتە بەشێكی ڕاشكاو لەئاوەزی كچدا، دەوترێت لەخەتەنەكردندا ئەم بەشە لێدەكرێتەوە تا ئەو كچە تووشی لادان نەبێت، بەمە چەمكی مۆراڵ پەیوەست دەكەن بەغەریزەوە كە هیچ ئیرادەی كچی تیادا نییە، لەبەرئەوە وەك مێ-یەك بێبەشی دەكەن شانازی بەمۆرالی مرۆڤایەتی خۆیەوە بكات كە لەقەناعەت و ئیمانەوە دروستدەبێت)[٣٩].

كچ بەرامبەر ئەو ئازارەی لەخەتەنەكردندا دەیچێژێت تووشی شێواوی و تەمومژییەك دەبێت دەگەڕێت بەشوێن ئەوكارە خراپ یان هەڵەیەی كردوویەتی تا بەمشێوەیە سزابدرێت، ئەو وا ڕاهاتووە لەبەرامبەر كاری هەڵە -ڕەفتاری نەشیاو- بێ گوێی كردنی دایكی سزابدرێت، لەوانەیە پێشتر كارێكی هەڵەی كردبێت دووچاری ئازاری جەستەیی بووبێت، بەڵام ئێستا سەری سوڕدەمێنێت لەوسزادانە جەستەییە كە مۆركێكی هەمیشەیی بەبوونیەوە بەجێدێڵێت، هەروەها هەر لەتەمەنێكی بچووكەوە فێردەبێت كە ئەو ناوچەیە شوێنێكی حەرامە و ناوچەی پیسی‌و عەیب و شەرمە، لەلایەكی دیكەشەوە پێیدەڵێن خەتەنەكردنی ئەو ئەندامە زامنی ژیانی هاوسەرێتی و ڕازیكردنی پیاو و منداڵبوون و ژیان و ڕووسووریت بۆ دەكات، كچ لەو تەمەنە بچووكەدا لەوانەیە لەخۆی بپرسێت ئەگەر شوێنێكی بێ بایەخ و پیسە بۆچی فەرامۆشناكرێت؟ ئەگەر هێندە گرنگ و پڕ بایەخیشە بۆچی بەوشێوەیە دەیدەنە بەر نەشتەرو چەقۆی ژەنگاوی دەستی پیرەژنەكان؟

خەتەنەكردن پابەندبوونە بەسروشتێكی كلاسیكی بەربەری بۆ جەختكردن لە ئینتیمابوون بۆ ئەو گرووپە كۆمەڵایەتییەی تاك لەناویدا چاو دەكاتەوە و هەر لەمنداڵییەوە ناچاردەكرێت ملكەچی هەموو نۆرم و یاساكانی بێت، بڕیاردان لەسەر پێویستی لێكردنەوەی پارچە گۆشتێك لەجەستەی زیندووی منداڵێك لەلایەن كۆمەڵێك كەسی بەدەر لەهەر شارەزایی‌و توانایەكی پزیشكی‌و بەرپێوەچوونی ئەم سروتە وەحشیگەرییە و تەنانەت كاتی لێكردنەوەیشی هەموویان گوزارشتن لەستایلێكی كۆمەڵایەتی نەخۆش كە ئەندامانی ئەم گرووپەی پێ جیادەكرێتەوە،

خەتەنەکردن بەروونترین شێوە ئارەزووی سادیزمی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە بەرجەستە دەکات کە ئەنجامی دەدەن (بەگشتی خەتەنەکردن بەئامادەبوونی کۆمەڵێك کەس بەڕێوەدەچێت کە لەبارێکی خۆشیدان لەدەوری ئەو منداڵەی هاواردەکات و دەیەوێت لەدەست ئازار رزگاری بێت، بەمشێوەیە خەتەنەکردن بەدیاردەیەکی سادی جەماعی دادەنرێت کە ئامادەبووان چێژ لەئازار چەشتنی کەسێکی دیکە وەردەگرن)[٤٠]، چونکە لەسیفەتە دیارەکانی ئەو کەسانەی تووشی سادیزم بوون فەرامۆشکردنی قیژە و هاوار و ئازاری بەرامبەرە (ئەوکەسەی دەبێتە قوربانی)، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسی سادی چێژ لەبینینی دیمەنی ئازار چەشتنی قوربانییەکەی وەردەگرێت. هەروەها دەشێت ئەم حاڵەتە تەنیا پشێوییەکی سایکۆلۆژی سۆسیۆلۆژی نەبێت و پەیوەندی بەکیمیایی مێشکیشەوە هەبێت، چونکە توێژینەوەکان ئاشکرایان کردووە (ماددەی سیرۆتۆنین لەو کەسانەدا تووشی خەمۆکی بوون و هەوڵی خۆکوشتنیان داوە رێژەکەی کەم بووە، لەبەرئەوە لەوانەیە کەمی ئەم ماددەیە ببێتە هۆی نواندنی هەڵسوکەوتی توندوتیژی بەرامبەر بەخودو کەسانی دیکەوە وەك لەدیاردەی خەتەنەکردندا)[٤١].

هەڵبژاردنی شێوازو ئەو تەمەنە خەتەنەکردنی کچانی تیادا دەکرێت دیسانەوە بەڵگەن بۆئەوەی ئەو کەسانەی رازی دەبن بەئەنجامدانی لەسەر کچەکانیان، کەسانی سادین و خاوەنی دەروونێکی نەخۆشن کە خەتەنەکردنی خۆیان لەمنداڵیدا بەیەکێك لە فاکتەرە بەهێزەکانی تووشبوونیان بەم حاڵەی ئێستایان دادەنرێت.

کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی تووشبوون بەحاڵەتی سادیزم یەکێکە لەدەرئەنجامە ترسناکەکانی خەتەنەکردنی کچانو دواتر لەکاریگەرییەکانی خەتەنەکردن بۆ سەر پەیوەندی مێکسوال دەرهاویشتەکانی تووشبوون بەسادیزم باسیدەکەین.

لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکانی نەریتی خەتەنەکردن باوە کچ پێویستە پێش ئەوەی پێ بخاتە ناو جیهانی ژنبوونەوە باجێکی گەورەبدات، چونکە بەکچی لەدایکبووە، پێویستە باجێکی جەستەیی بەو گرووپە ببەخشێت کە لەناویدا دەیەوێت ژنبوونی خۆی تاقیبکاتەوە، ئەمەش وەك زەمانەتێك بۆ مانەوەی بەکچی‌و پاکیزەیی تا ئەو ساتەی دەچێتە ژێر رکێفی پیاوێکی دیکەوە کە هاوسەرەکەیەتی، تەنانەت لەگەڵ ئەویشدا ئەگەر ئەو باجەی نەدابێت (خەتەنە نەکرابێت) جێگەی متمانە نییە و لەوانەیە جۆشوخرۆشی سێکسوالی مێینەی تووشی گوناهەو کاری لادەرانەی بکەن، بۆیە خێزانەکەی بەلایەوە باشترە خەتەنەکراو بێت و ئەمەش فرسەتی هاوسەرێتی بۆ زیاتر دەکات.



ئەم کچە منداڵە کە لەقۆناغێکی هەستیاری گەشەی سێکسوالی دەروونیدایە مۆتەکەی خەتەنەکردن ژیانی لێ ئاڵۆز دەکات، لەکاتێکدا لەتەمەنێکدایە دەیەوێت جیهانی مەعنەوی ناخی خۆیی‌و دەرەوەی ئاشکرابکات و خەریکە وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ لەدایکی، خۆی دەناسێت و چەمك و بەهاو ئادابە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان لەلای فۆرمەلە دەبن و بناغەی کەسێتی دادەڕێژێت، لەقۆناغێکدایە دەیەوێت بۆ دایکی بسەلمێنێت گوێڕایەڵی ئەوەو حەزدەکات گوێ لەئامۆژگارییەکانی بگرێت، هەوڵدەدات لەکاتی توڕەبوون و هەڵچوونەکانیدا دان بەخۆیدا بگرێت و واز لەهەڵەشەیی‌و بیانووگرتنی قۆناغی پێشتری منداڵی بهێنێت، هەر لەو قۆناغەدا کە هەستدەکات زیاتر لەدایکی دەچێت و لەباوك یان براکەی جیاوازە، مۆتەکەی خەتەنەکردن سەرتاپای خەیاڵو بیرکردنەوەکانی لێ تێکدەدات و ئەو کچە منداڵەی بەبەرائەتەوە لەهەموو کاتێکی خۆش و ناخۆشدا و هەرکاتێك هەستی بەبچووکترین مەترسی کردبێت خۆی فڕێ داوەتە ئامێزی دایکی، لەئێستادا وێنەی ئەو دایکە پێچەوانە دەبێتەوە و لەکەسێکی سۆزبەخشەوە بۆ ئازاربەخش دەگۆڕێت ئامێزی بەسۆزی دەبێتە ئامێزێکی خوێناوی و هەر لەباوەشی ئەودا دەستدرێژی دەکرێتە سەر هەستیارترین بەشی جەستەی. لەلایەکی دیکەوە (لێکردنەوەی بەشێك لەجەستەی وەك ئەوە وایە بەعەیبێکەوە لەدایکبووبێت کە لەپایەی کەمدەکاتەوە، ئەو دڵڕەقییە زۆرەی لەگەڵیدا پیادەدەکرێت وای لێدەکات هەستبکات گوناهێکی کردووە، ئەمەش جۆرێکە لەسزا)[٤٢]، بەواتایەکی دی تەنیا خەتەنەکردن خۆی نابێتە هۆکار بۆ دروستبوونی پشێوی و گرێ دەروونی‌و گیروگرفتە جەستەییەکانی لەسەر پەیوەندی سێکسوال رەنگدەدەنەوە، بەڵکو ئەو رووداوانەی هاوکاتن لەگەڵیدا ئەوانیش کاریگەریی نێگەتیڤ لەژیانی کچدا بەجێدێڵن، وەك تووشبوونی بەسەرسامی‌و خورپە کاتێك دەبینێت دایکی خۆی بەشداریدەکات لەئازار پێگەیاندنی لەکاتێکدا پێشتر دایکی پارێزەری بووە بەرامبەر هەموو مەترسییەك و تیمارکەری هەموو زام و ئازارێکی بووە، لێرەوە کچ هەست و سۆزی بەرامبەر دایکی دەگۆڕێت‌و لەوانەیە رق و شەڕانگێزی لەناخیدا مۆڵگە ببەستێت (لەشوێنێکی دیکەدا ئەم بابەتە بەدرێژی باسکراوە).

ئەم کچە متمانەی بەخۆی نابێت وەك کەسێك توانای پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت، هەستدەکات کەسێکی لاوازەو نەیتوانیوە بەرگری لەخۆی بکات، هەروەها خۆی بەناتەواو دێتە بەرچاو، چونکە پێیوایە ئەگەر بەتێروتەواوی لەدایکبوایە دەستکاری نەدەکرا، ئەگەر لەو بڕوایەشدا بێت کە بەتێروتەواوی لەدایکبووە، ئەوا خەتەنەکردن جەستەی شێواندووە، لەهەردوو

حاڵەتەکەدا ئەو کچە دووچاری زامێك دەبێت کە شوێنەوارەکەی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازەو بەدرێژایی ژیان لەوانەیە رزگاری نەبێت لێی.

خەتەنەکردن وایلێدەکات خۆی وەك کەسێکی کەم بێتە بەرچاو، چونکە هەستدەکات مرۆڤایەتیو کەرامەتی بریندداربووە لەبەرئەوەی دەستدرێژی کراوەتەسەر پارچەیەك لەجەستەی لەبەردەم حەشاماتێکدا، ئەم هەر لەوکاتەوە فامی کردۆتەوە وافێرکراوە ئەو ئەندامە لەجەستەی بپارێزێت و رێگەنەدات هیچ کەس ببینێت، بەڵام ئێستا بەناچاری و بەرەزامەندی دایکی جلەکانی ژێرەوەی لەبەر فڕێ دەدەن و بەگوێزان و چەقۆی قەڵەمی ئیش لەسەر جەستەی دەکەن، ئایا ئەم کارە جۆرێك نییە لەئیختساب یان لە ئیختسابیش خراپترە؟

ئەم هەڵوێستە ناخۆشەی ئەم کچە منداڵەی تێدەکەوێت دووچاری شۆکێکی گەورەی دەکات و ترسێك سەرتاپای ژیانی دەگرێت، وێڕای لەدەستدانی متمانەی بەخێزانەکەی (بەتایبەتی بەدایکی)، متمانەی بەخۆشی نامێنێت، (چونکە ئەو خەتەنەکردنە وایلێدەکات هەستبکات کە ناتوانێت جڵەوی غەریزەکانی خۆی بگرێت و کۆنترۆڵی غەریزەی سێکسوالی بکات و ئەقڵی نییە و ژیر نییەو بێ ویژدانەو تەنیا لەرێگەی خەتەنەکردنەوە نەبێت ناگیرێت)[٤٣].

کاریگەرییەکانی خەتەنەکردن بۆسەر سایکۆلۆژی مێ بەوەندەوە ناوەستن سەرتاپای ژیان دەگرنەوە و ئەوکچەی لەمنداڵیدا خەتەنەدەکرێت بەئاستەم لەکاریگەرییە نێگەتیڤەکانی خەتەنەکردن بۆسەر باری دەروونی رزگاری دەبێت، چونکە ئەو کچانە گۆڕانێك لەنەستیاندا روویداوە وەك دەرئەنجامی ئەو کارەساتەی لەقۆناغێکی هەستیاری گەشەکردندا دووچاری بوون، ئەم کچانە کە گەورە دەبن ئەگەر بەبەردەوامی تووشی خەمۆکی نەبن ئەوا ماوەماوە حاڵەتی هەستکردن بەبێزارییو دڵتەنگیو خەمۆکیو بێ بەهایی پەیوەندییان لەگەڵ هاوبەشەکانیاندا ژیانیان لێ وەڕس دەکات، هەروەها (ئەو ژنانەی خەتەنەکراون هەست بەدڵەڕاوکێ، تۆقین، سەرشۆڕی و بێدەسەڵاتی دەکەن و هەمیشە هەستێکی وایان هەیە کە خیانەتیان لێکراوە)[٤٤]، رەگوڕیشەی هەستکردن بەم حاڵەتە دەروونیانە بۆ قۆناغی منداڵیو بەتایبەتی سەرەتای فۆرمەلەبوونی کەسێتی منداڵ دەگەڕێتەوە کە لێرەدا خەتەنەکردن وەك فاکتەرێکی بەهێز بۆ تووشبوون بەم حاڵەتانە تۆمەتبار دەکرێت، ئەو ژنانە بەتایبەتی لەپێش سوڕی مانگانە و کاتی منداڵبوون لەوانەیە دووچاری ئەم حاڵەتانە بن، هەروەك بڵێی خوێنی سوڕی مانگانە یان منداڵبوون خوێنی خەتەنەکردن دێنێتەوە یادیان، هەستکردن بەبێکەسیو تەنیاییو نائومێدی لەکاتی منداڵبوون و سوڕی مانگانەدا زاڵترین ئەو هەستانەن کە ژنی خەتەنەکراو هەستی



پێدەکات. ئەم ژنانە بەرامبەر هەر گۆڕان یان کردارێك کە ئەو ناوچەیە لەجەستەدا بگرێتەوە تووشی ناڕەحەتیو بێتاقەتی دەبن، خۆیان بەدووردەگرن لەهەر کردارێك پێویستی بەئاشکراکردنی ئەو بەشە هەبێت تەنانەت لەپشکنینی پزیشکیش سڵ دەکەنەوە، چونکە دیمەنی خەتەنەکردن لەنەستی ئەم ژنانەدا پارێزراوە و لەمکاتەدا بۆ ناو هەست دزەدەکات، یاخود ئەو دیمەنانە دێنەوە یادی کە هاوکات بوون لەگەڵیدا.

بەمشێوەیە سروتی خەتەنەکردن دەبێتە بناغەی ئەو وانە مۆرالییو کۆمەڵایەتییانەی لەمنداڵییەوە تا کۆتایی ژیان کۆمەڵگە بەردەوام لەشێوازی جۆربەجۆردا لەسەر بونیادو کەسێتیو جەستەو رۆحی مێ پراکتیزەیان دەکات، چونکە خەتەنەکردن پەیوەندییەکی بەتینی بەچۆنیەتی روانینی کۆمەڵگە بۆ ژن هەیە، ئایا کۆمەڵگە چۆن لەژن دەڕوانێت وا بەوشێوەیە رەفتاری لەگەڵ دەنوێنێت؟ وەك بوونەوەرێکی مرۆیی یان مرۆڤێکی ناتەواوو کەمدەست و لاواز تەماشای دەکات کە پێویستی بەپاراستنو دروستکردنی بەربەستو لێکردنەوەی میتکەو دوورینەوەی ئەندامی زاوزێ هەیە تا شەرەفو رووسوورییەکەی بپارێزرێت و فرسەتی هاوسەرێتیو منداڵبوونی لەژیاندا بۆ زامن بکات و لەهەمانکاتدا لەلایەن کۆمەڵگەشەوە رەتنەکرێتەوە و وەك مێیەکی کۆمەڵایەتی کە شایستەی ئەوەبێت ناوی هاوسەرو دایك و ژنی پێ ببەخشرێت دان بەبوونیدا بنرێت و نەخرێتە خانەی (منداڵو شێتو لەشفرۆشەوە)[٤٥].

دواجار ژنانی خەتەنەکراو لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا مەگەر تەنیا دڵیان بەوە خۆش بێت کە لەکۆمەڵگەدا بەلادەر و شاز وەسفناکرێن، چونکە دڵسۆزبوون لەپەیڕەوکردنی سروتی لەتوپەتکردنی جەستەی کچە بچووکەکانیاندا.

## کاریگەری خەتەنەکردن بۆسەر پەیوەندی سێکسوال

ژنی خەتەنەکراو وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا تەنیا جەستەی دووچاری شێواندن نابێت، بەڵکو ستراکتۆری سایکۆلۆژی ئەو ژنە ماوەی بەر لەخەتەنەکردن و ساتی خەتەنەکردن و دوای خەتەنەکردن دووچاری گۆڕانی گەورە دەبێت، وەك تووشبوون بەجۆرەها حاڵەتی هەڵچوون و پشێوی و هەستکردن بەزوڵم و چەوساندنەوەو ئازاردان و بەزاندنی سنوورەکانی تاکانەییو تێکشکاندنی کەسێتیو سەرشۆڕیو... هتد وەك دەرئەنجامێکی ئاسایی بەڵگەنەویست لەسایکۆلۆژیدا ئەم گۆڕانە نێگەتیڤو حاڵەتە ناسروشتیانە لەدەروونی ژندا رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی سێکسوال دەبێت و دووچاری تێکچوون و لاسەنگی دەبێت، چونکە (ژنان ئەوە

لەیادەکەن یان خۆیان فەرامۆشی دەکەن کە سێکسوال بەندە بەباری سایکۆلۆژییەوە و هەر تێکچوونێك لەناخیاندا رووبدات لەسەر ژیانی سێکسوالیان رەنگدەداتەوە)[٤٦]، ئەمە وێڕای فسیۆلۆژی جەستەی مێ کە خەتەنەکردن زیانێکی گەورە بەو ئەندامە دەگەیەنێت، چونکە (خەتەنەکردن ئامانجەکەی لێکردنەوەی میتکەیە کە ئەندامێکی بچووکە توانای رەپبوونی هەیە، درێژییەکەی ١,٥ سم دەبێت و بەرامبەر بەچووکە لە کوڕدا و لەپێکهاتەدا هاوتایەتی، دەکەوێتە نێوان دوو لێوەکەوە لەسەروو دەرچەی زێ، لەکاتی ورووژاندنی سێکسیدا رەپ دەبێت یان قەبارەکەی گەورە دەبێت، هەروەها بەگرنگترین ئەندامی هەستیاری شەهوەت و چێژی سێکس دادەنرێت و فرمانی بزواندنی ئارەزووی سێکسیە و بەدیهێنانی هەستکردن بەچێژە لەژندا)[٤٧].

لێرەدا ئەنجامدەران و پیلان داڕێژەرانی لەپشت ئەم تاوانەوەن و ئەوانەی دەستیان لەتۆخکردنەوە درێژەدان بەم سروتە هەیە یەکێك لەمەرامەکانی خۆیان دەهێننەدی، چونکە ئەم شێواندنە کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر ژیانی سێکسوالی ژن بەجێدێڵێت.

لەکاتێکدا هۆکارو پاڵنەری سەرەکی پیادەکردنی خەتەنەکردن گرتنی جڵەوی مێیە لەرووی سێکسوالەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەوە پیاوە کە جڵەوی غەریزە سێکسوالەکانی خۆی پێ ڕاناگیرێت نەك ژن، چونکە ژن کاتێك لەپیاو نزیك دەبێتەوە ئامانجە کۆمەڵایەتیو بارە سۆزدارییەکان زیاتر لەئامانجە سێکسوالەکان (یان سێکس)، پاڵی پێوەدەنێن، بەڵام کۆمەڵگە دێت و لەرێگەی خەتەنەکردنەوە جڵەوی سێکسوالی ژن دەگرێت و بەم کارەشی هەموو مێیەکی خەتەنەکراو لەچێژی سێکسوال تەنانەت لەگەڵ هاوسەرەکەشیدا بێبەشدەکات وەك سزایەك بەرامبەر تاوانێکی ئەنجامنەدراو، چونکە ئەو کچەی خەتەنەدەکرێت هیچ ئاگای لەهەستی سێکسوال نییەو هیچ بەهانەیەکی لۆجیکی یان زانستیش لەئارادا نییە ئەوە بزانرێت ئایا ئەو کچە کە گەورە بوو پەیوەندی سێکسوالی نامەشروع دەکات یان نا، یاخود ئەو کچەی خەتەنەدەکرێت چیدی هیچ پەیوەندییەکی سێکسوالی نامەشروع ناکات کە کۆمەڵگە بەرەفتاری لادەرو رێگەپێنەدراو دایدەنێت، لێرەوە دەبینین کۆمەڵگە یان ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی پشت بەخەتەنەکردن وەك هۆکارێك بۆ جڵەوگرتنی سێکسوالی ژن دەبەستن لەپارادۆکسێکی سایکۆلۆژی قوڵدا دەژین، پیاوان لەم کۆمەڵەدا وەك هەر پیاوێکی دی حەزدەکەن بەئارەزووی خۆیان کرداری سێکسوال لەگەڵ مێدا بکەن، ئارەزووی ژنی سێکسی تەنانەت شەبەقی دەکەن، ئەگەر ژنەکانی خۆیان لەگەڵیاندا ساردبوون پەنا بۆ ژنانی دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرێتی دەبەن



یان دوو ژن و سێ ژن بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکەن، ژنەکانیان بەنەخۆش و پیر و پەککەوتە و ساردوسڕ وەسفدەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا هەرخۆیان بوون بەبڕیاردەرو هاندەر بۆ ساردوسڕکردنی مێ لەرێگەی خەتەنەکردنەوە.

هۆکاری ئەم مامەڵەکردنەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە لەوکۆمەڵگایانەدا ژن وەك هەر شتێکی بێ ئیرادە یان بوونەوەری کەم ئەقڵو بێ هەست تەماشادەکرێت، چونکە لێکردنەوەی بەشێکی هەستیار لەجەستەی منداڵێکی بچووك یاریکردنە بەجەستە و بوون و بەهاکانی مرۆڤ و تەماشاکردنی مرۆڤە وەك شتێکی بێ درك و بێ ئاوەز، ئەمەش گەورەترین ریسوایيو سەرشۆڕییە بۆ مرۆڤایەتیو بەدەستپێکی ئەو توندوتیژییانە دادەنرێت کە لەداهاتوودا بەرامبەر بە مێ دەکرێت، ئەمەش سروشتییەو هیچ جێگەی سەرسامی نییە کاتێك کۆمەڵگە لەئازارو دەرهاویشتەکانی خەتەنەکردنی مێ بێ باك بێت و بەتوندوتیژی دانەنێت، چونکە هەر ئەو کۆمەڵگەیەیە کە پاکیزەیی دەکاتە مەرجی هاوسەرێتیو رووسووری بنەماڵەو بەناوی پاراستنو سپیکردنەوەی شەرەفەوە خوێنی ژن حەڵاڵ دەکات.

کاریگەریی خەتەنەکردن بۆسەر باری سایکۆلۆژی تاك و رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی سێکسوالی لەداهاتوودا بەپێی جیاوازی بارودۆخی ژینگەو فاکتەرە بۆماوەییو ئامادەباشییەکانی تاك، دەگۆڕێت، دەشێت وەك دەرئەنجامی ئەو سەرکوتکردن و توندوتیژییەی لەبەرامبەریان کراوە ئەو کچانە لەئایندەدا ببنە کەسانی ملکەچ و لاوازو بێدەسەڵات کە بەئاسانی جڵەوییان بگیرێت و بێ ئارەزوو ویستی خۆیان پیاو بتوانێت پەیوەندی سێکسوالیان لەگەڵدا بکات، لەوانەشە خەتەنەکردن پەرچەکردارێکی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە و ئەو ژنانە بەئەستەم تەسلیمی ئەو پیاوانە ببن کە پەیوەندی سێکسوالیان لەگەڵدا دەکەن.

ئەگەری ئەوە دوورنییە ئەو ژنەی خەتەنەدەکرێت دووچاری جۆرێك لەحاڵەتی سادیزم ببێت لەسەر ئاستی پەیوەندی سێکسوال، چونکە لەکاتی ئەو پەیوەندییەدا دیمەنی خەتەنەکردنی منداڵی دێتەوە بیری، کاتێك بەچەند کەسێك قاچیان گرتووە و بڵاویان کردۆتەوە و ئەمیش چەند هێزی تیابووە قاچی پیاکێشاون و بەچڕنووك دەستی بریندارکردوون، لەوانەیە ئەم ژنانە لەکاتی سێکسدا حەزبکەن ئازاری پیاو بدەن، ئارەزوو بکەن دەست و دەم و چاوی پیاو بریندار بکەن، چونکە لەجیاتی هەستکردنی سروشتی بەچێژی ئەو پەیوەندییە، هەستدەکەن لەلایەن هاوبەشەکانیانەوە ئیختساب کراون، هەندێجاریش ژنان بەبینینی رۆڵێکی نێگەتیڤ و وەڵامدانەوەی سێکسوال دەیانەوێت پیاو ئازاربدەن، چونکە لەنەستدا شتێك پاڵیان پێوەدەنێت

بۆ تۆڵەکردنەوە و یاخی بوون لەئارەزووی سێکسوالو بێبەشکردنی هاوبەشەکەیان لەچێژوەرگرتن.

هەندێجار خەتەنەکردن دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ژن لەبەستنی پەیوەندی هاوسەرێتی بەهۆی ئەو ترسو هەستیارییە زۆرەی بەرامبەر دەستلێدان لەو ئەندامە لایان دروستبووە، یان بەهۆی شێواندنو تێکدانی ئەو شوێنەوە کە ئەو کچە بەدرێژایی ژیانی نایەوێت کەس ئەو شێواوییە ببینێت و دەترسێت لەپەیوەندی هاوسەرێتیدا سەرناکەوێت، لەبەرئەوە جۆرەها پاساو دەدۆزێتەوە و بۆ دوورکەوتنەوە لەبەستنی پەیوەندی لەگەڵ پیاودا و هاوسەرێتیکردن.

لەوانەیە ژنانی خەتەنەکراو ببنە کەسانێکی مازۆشیو لەسەر ئاستی پەیوەندی سێکسوال حەزبکەن هاوبەشەکانیان ئازارییان بدەن و چێژ لەو ئازارە وەربگرن، بۆنموونە لەوانەیە تەسلیمی پیاو نەبن ئەگەر ئازاری جەستەیی نەدرێن، ئەو ژنانەی بەمازۆشی وەسفدەکرێن، حەزدەکەن لەکاتی سێکسدا پیاو بەتوندی بەجەستەیاندا بکێشێت و قژییان بگرێت، پیاکێشان بەتوندی بەجەستەدا (بەتایبەتی بەشی دواوە)و قژگرتن و ئازاردانی جەستەیی لای ئەو ژنانە ئارەزوویەکی سەیر نییە و زۆرکات تەنیا لەکاتی هەستکردن بەو ئازارە جەستەییە چێژ لەپەیوەندی وەردەگرن تەنانەت رەفتاری مازۆشی ئەم ژنانە خەریکە دەبێتە یەکێك لەمۆدێلەکانی پەیوەندی سێکسوالو لەمکاتەدا ئەستەمە ئەو جیابکرێتەوە ئایا ئەو ژنە مازۆشییە یان ئەو پیاوەی ئازاری دەدات دووچاری حاڵەتی سادیزم بووە، یان ئەو لادانە لەهەردووکیاندا هەیە و یەکتری دەورووژێنن بۆ نواندن و بەرجەستەکردنی ئەو رەفتارە ناسروشتیانە.

بێگومان بوون بەکەسێکی مازۆشی هەروا حاڵەتێکی ئاسایی نییە و پەلوپۆی بەناو ژیانی سێکسوال و سۆزداری ژندا بڵاودەبێتەوە و کاردەکاتە سەر پەیوەندی ژن لەگەڵ پیاوداو پرۆسەی هاوسەرگیری و ئاسوودەیی ژیانی هاوبەشیان، ئەو ژنەی تووشی حاڵەتی مازۆشی بووە تەنیا لەگەڵ پیاوێکدا دەتوانێت ژیانی هاوبەش بەسەربەرێت کە توندوتیژە یان کەسێکی سادییەو چێژ لەئازاردانی هاوبەشەکەی وەردەگرێت، ئەم ژنانە هەوڵدەدەن سادیزمی ئەو پیاوانە بورووژێنن تا مازۆشی خۆیانی پێ تێربکەن، دکتۆرە لینۆر ولکر[٤٨] لەهەشتاکاندا پەرەی بەو تیۆرەدا کە پێیوایە ژنی مازۆشی بەشوێن پیاوێکی شەڕانگێزدا دەگەڕێت و پاشان ئستفزازی دەکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکات، دکتۆرە لینۆر لەوباوەڕەدایە ئەو ژنانە خۆیان دەیانەوێت زووبگەنە ئەو قۆناغەی هاوبەشەکانیان لەگەڵیاندا توندوتیژی دەنوێنێت



لەدوای قۆناغی کەڵەبوونی گرژی و خەفەکردنی هەڵچوونەکانیان، چونکە بەدوایدا قۆناغی لێبوردن و بەخشین دێت کە بە (مانگی هەنگوینی) ناسراوە، لەم قۆناغەدا ژن دەلاوێنرێتەوە و دەستدرێژکار (پیاو) بەنەرمی لەگەڵیدا دەجولێتەوەو وایتێدەگەیەنێت هەموو شتێك تەواوبووە و جارێکی دی ئازاری نادات و خۆشی دەوێت و ناتوانێت بێ ئەو بژی.

بەڵام مەرج نییە ژن بەدرێژایی ژیانی توندوتیژی قبوولبکات و وەك کەسێکی مازۆشی شەڕانگێزی هاوبەشەکەی بورووژێنێت و چێژ لەمە وەربگرێت لەوانەیە لەقۆناغێکی دیکەی پەیوەندی نێوانیاندا چیدی بەتوندوتیژی رازی نەبێت، بەڵکو خۆی توندوتیژی ئەنجامبدات و لەکەسێکی مازۆشییەوە بێتە کەسێکی سادی، چونکە بەپێی دکتۆرە لینۆر ئەو ژنانە لەدوای ئەوەی دەگەنە قۆناغی هەستکردن بەشکستی خۆیان دەبنە کەسانی توندوتیژ، تەنانەت (زۆرجار ئەو تیۆرە لەبەریگردن لەو ژنانە بەکاردێت کە بوونەتە قوربانی دەستدرێژیکردن، کاتێك دەستدرێژکار دەکوژن، چونکە ئەو توندوتیژییە زۆرەی لەسەریان پراکتیزە کراوە وایلێکردوون هەرەس بێنن)[٤٩].

## چێژی ئۆرگازم

هەستکردن بەئۆرگازم یان ترۆپکی چێژ لەکاتی پەیوەندی سێکسوالدا وەسفدەکرێت بەروودانی شڵەژانێکی تایبەتی کە هەموو جەستە دەگرێتەوە لەناوقەد بەرەوخوار گرژبوونێکی ماسولکەیی روودەدات، لەگەڵ هەستکردن بەجۆرێك لەگێژبوونو سووکە ئازارێکی تێکەڵ بەچێژو خۆشیو گێژبوون و تەسلیمبوون و گەرماییو هەناسەبڕکێو تینوێتی، تەنانەت ژنە فەڕەنسییەکان بەسووکە مردن وەسفی دەکەن، لەدوای روودانی ئۆرگازم ئەوکەسە لەرووی جەستەییو سایکۆلۆژییەوە هەست بەحەوانەوە دەکات.

وەك دەزانین خەتەنەکردن لەسادەترین و سووکترین جۆرەکانیدا لێکردنەوەی میتکەیە کە بە بەشێکی هەستیاری ئەندامی سێکسوالی مێ دادەنرێت، چونکە (لەشانەی رەپبوو پێکدێت کە لەکاتی وروژاندنی سێکسوالدا پڕدەبێت لەخوێن و رەق دەبێت و سووردەبێتەوە و دەئاوسێت بەشێوەیەك لەشوێنەکەی دێتە دەرەوە و بۆ چێژوەرگرتن ئامادەدەبێت)[٥٠]. لێکردنەوەی ئەم بەشە یان دەستکاریکردنی دەبێتە رێگر لەبەردەم گەیشتنی ژن بەچێژی میتکە، بەڵام چێژ لەناوچەی زێدا زیانی پێناگات، سەبارەت بەروودانی ئۆرگازم لەناوچەی زێ و لەمیتکەدا دوو چەمکی دژ بەیەك هەیە (چەمکی فرۆیدی بایەخی زیاتر دەدات بەوەی کە چالاکی ئیرۆسی

کچی بچکۆلە و هەرزەکار پشت بەمیتکە دەبەستێت و دواتر لەباڵقبووندا بەرەو ناو زێ دەگۆڕێت. چەمکی دووەم دژی ئەم رایە دەوەستێت: کینسی kinsy وایداناوە تەنیا ئۆرگازمی میتکەیی بوونی هەیە ئۆرگازمی زێیی هیچ بناغەیەکی نییە، پاشان کارەکانی جۆنسن Jonhonو ماستەرس masters بەدوایدا هاتن و جەختیان لەم رایە کردو وایان دانا کە وروژێنەرەکانی میتکە بناغەی گەیشتنن بەئۆرگازم لەژنداو زێ تەنیا لەسەر ئاستی سێ بەشی یەکەمی دەروازەی زێ دەورووژێت)[٥١].

لێکردنەوەی میتکە ژن لەئۆرگازمی میتکەیی بێبەشدەکات، بەڵام سەرچاوەی زانستی هەن کە جەخت لەوەدەکەن میتکە تەنیا ئەندامی سێکسوال نییە و ئۆرگازمیش تەنیا مەرجی چێژوەرگرتن نییە لەپەیوەندی سێکسوال، ئەگەر ژن بەئۆرگازمی میتکەیش نەگەیشت بەهۆی هۆکاری ماددی (وەك لێکردنەوەی میتکەوە بەهۆی خەتەنەکردنەوە) یان بەهۆی هۆکاری سایکۆلۆژیی یان هۆکاری ئۆرگانی فسیۆلۆژییەوە بێت، هەر دەتوانێت چێژ لەپەیوەندی سێکسوال وەربگرێت بەومەرجەی لەگەڵ هاوبەشەکەیدا گەیشتبنە ئاستێکی بەرز لەنزیکبوونەوەی سۆزداری و کێشکردنی ئارەزووی یەکدی، هەروەها لەرووی ئەندامییەوە نەخۆش نەبن (پێویستە کرداری سێکسوال هەردوو جەمسەر ژن و پیاو تێربکات، ئەگەر تێربوون هەبێت، ئەوا پێویست ناکات ژن و پیاو سەبارەت بەروودانی ئۆرگازم لەهەر بەیەکگەیشتنێکدا فشار بخەنە سەر خۆیان، سێکس بێ ئۆرگازم جیاوازە لەسێکس بەگەیشتن بە ئۆرگازم، هەریەکەیان ئەزموونێکی تایبەتییەوخەسڵەت و چێژی خۆیان هەیە، بەڵام زۆرکەسیش هەن ژیانێکی سێکسوالی پڕ چێژ دەژین تەنانەت بێئەوەی ئەو ژنە تەنیا یەکجاریش بەئۆرگازم گەیشتبێت، کاتێك نەگەیشتن یان روونەدانی ئۆرگازم دەبێت بەگیروگرفت، ئەگەر هەستکردن بەچێژ لای ژن بەهیچ شێوەیەك نەبوو)[٥٢].

لەهەمانکاتدا رای دیکەش هەن کە بەتەواوەتی دژی ئەو بۆچوونەن کە پێیوایە ژن دەتوانێت چێژ لەپەیوەندی سێکسوال وەربگرێت تەنانەت ئەگەر لەرێگەی خەتەنەکردنەوە میتکەش لابرابوو، د. جیرارد تسفانج[٥٣] یەکێکە لەو پزیشکانە لەکۆنگرەیەکدا سەبارەت بەخەتەنەکردن لەجنێف وتی: ئەوکەسەی دەڵێت ژنانی خەتەنەکراو بەردەوام دەبن لەچێژوەرگرتن لەسێکس لەدوای خەتەنەکردنیش تەنیا قسەی پڕوپووچەو هیچ بەڵگەیەکی پزیشکی تاقیگەیی لەسەر ئەم وتەیە نییە... هەروەها لەو کۆنگرەیەشدا کە لە لۆزان لەساڵی ١٩٩٦دا بەسترا جەدەلێك لەنێوان ئەم پزیشکەو ژنێکی ئەفەریقی خەتەنەکراودا روویدا کە ئەو ژنە وتی: لەگەڵ ئەوەشدا



خەتەنەکراوە دەگاتە تێربوونی سێکسوالیو پزیشکەکەش وەڵامی دایەوە و وتی: ئەو ئامرازانەی چێژی سێکسوالی پێدەپێورێن نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەو هەرکەس بانگەشەی پێچەوانەی ئەمەدەکات دەبێت رێگەبدات پشکنینی بۆبکرێت، ژنەکان ئەمەیان بەسووکایەتی داناو د. جیراردیش وەڵامیدانەوە کە ئەو وەك زانایەکی سێکس دەبێت بەشوێن پێوەری زانستیدا بگەڕێت بۆ دڵنیابوون لەهەر شتێك لەبواری خۆیداو بەهیچ شێوەیەك مەبەستی سووکایەتی پێکردن نەبووە.

لەدەستچوونی ماددی میتکە بەتەنیا بەرپرس نییە لەنەگەیشتنی ژن بەئۆرگازم، بەڵکو هۆکارە سایکۆلۆژییەکان رۆڵێکی کاریگەر دەبینن کاتێك ژن دووچاری چەندەها پشێوی سێکسوال دەکەن و دەبنە رێگر لەبەردەم وەڵامدانەوەی سروشتی ژن لەپەیوەندی سێکسوالیدا لەگەڵ هاوبەشەکەی، لەم کاتەدا نەك تەنیا بەئۆرگازمی میتکە ئاشنانابێت، بەڵکو لەوانەیە تووشی هەندێك حاڵەتی دیکە لەپشێوییە سێکسوالییەکان ببێت وەك تووشبوون بەهەوکردن و ئازاری جووتبوون و کەمبوونەوەی تەڕایی ناوچەی زێ و سێکس ساردی و گرژبوونی زێ، بێگومان بەهۆی تووشبوون بەم پشێویانە ژن لەپەیوەندی سێکسوالیدا لەگەڵ هاوبەشەکەی سەرناکەوێت و لەرووی سێکسوالەوە هەست بەچێژ و تێربوون ناکات، ئەمەش دووچاری کۆمەڵێك گیروگرفتی دەروونی و ناڕەحەتی دەکات وەك هەستکردن بەخەمۆکی و تووڕەیی و زووهەڵچوون و رازینەبوون بەکاری سێکسوال لەگەڵ هاوبەشەکەیداو بێزاری و وەڕسی و بێ هیوایی و هەستکردن بەسوکایەتیو بێ بەهایی پەیوەندی سێکسوال لەژیانداو رەتکردنەوەی مێیەتی خۆی، بەتێپەڕبوونی کات ئەم ژنە متمانەی بەتوانای مێیەتی خۆی نامێنێت کە بتوانێت لەگەڵ هاوبەشەکەیدا ئەو پەیوەندییە بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدات و لەوانەیە سێکس لەلای ببێتە شتێکی ناخۆش و جۆرەها بەهانە بۆ دوورکەوتنەوە لێی بهێنێتەوە یان ببێتە بابەتێکی رۆتینیو تەنیا بۆ بێدەنگکردنی هاوبەشەکەی رازی بێت بەئەنجامدانی، وەك جەستەیەکی ساردو بێ گیان بەشداریبکات، مانەوەی ئەم بارودۆخە بەمشێوەیە ژن بەتەواوەتی تووشی سێکسساردی دەبێت و لەمەش زیاتر ئەمە بەبارێکی ئاساییو سروشتی دادەنێت و وەك بابەتێکی سەرپێیی باسیدەکات، بیرداکۆ دەڵێت: (ئەم جۆرە ژنانە بەشێوەیەکی کەم بایەخ لەسێکسساردی دەڕوانن و وەك هەر حاڵەتێکی ئاسایی تەماشای دەکەن چۆن داوای دەرمانی هێورکەرەوەی ئازاری گەدە دەکەن کە هۆکارەکەی نازانن، ئاوا باسی سێکسساردییان دەکەن)[٥٤]. بێگومان ئەم ژنانە دەتوانن پەیوەندی سێکسوال ببەستن، بەڵام بێ هیچ هەستکردن

بەچێژ یان تێربوونێك و لەوانەیە بێ ئەوەی هەستبكات چۆن ئەو كردارە بەڕێوەدەچێت چەند منداڵێكیش بخاتەوە! ئەمە ئەوە ناگەیەنێت چیدی ئەو ژنە هیچ گیروگرفتێكی لەژیانی سۆزداریو سێكسوالی لەگەڵ هاوبەشەكەیدا نییە، چونكە ژن ئەگەر ئارەزووش نەكات و چێژیش وەرنەگرێت هەر دەتوانێت ئەو پەیوەندییە بكات، بەڵام كارەسات لەوەدایە كاتێك ژن لەگەڵ هاوبەشەكەی پەیوەندی سێكسوال دەكات و هەست بەقێزەوەنی یان بێزاری یان زوو رزگاربوونی لەو پەیوەندییە بكات، چونكە (كاتێك ژن لەكاتی پەیوەندی سێكسوال هەست بەهیچ ناكات، ئەوا بەلایەنی كەمەوە لەوساتەدا ئەو پیاوەی خۆشناوێت یان هەستدەكات ئەو پیاوە ئەوی خۆش ناوێت)[٥٥]، تیودور رایك لەكتێبی خۆشەویستی لەنێوان شەهوەت و من-دا باس لە گیروگرفتی ئەو ژنانە دەكات و هەندێكیانی وەك نمونە خستۆتەڕوو: (من وەك خۆم لەوێ نەبووم) (هەروەك بڵێی كارەكە پەیامێك بوو جێبەجێم كردو تەواو)، (دان هەڵكێشانم بەلاوە باشتربوو)، (هەستم كرد جارێكی دی خاوێن نابمەوە).

بێگومان هیچ هەستێكیش لەوە دژوارتر نییە ژن هەستبكات تەنیا ئامڕازێكە بۆ تێركردن و بەتاڵكردنەوەی گرژبوونی سێكسوالی پیاو یان دەزگایەكە بۆ دروستكردنی منداڵ، بۆیە ژن لەم حاڵەتانەدا لەنێوان بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەستەداو تەسلیمبوون بەو واقیعەی وەك جەستەیەكی ساردوسڕ و بێ گیان ئارەزووی هاوبەشەكەی خامۆش بكات، دەكەوێتە ململانێوە، دەرئەنجامی ئەم ململانێیەش سروشتی پەیوەندی نێوانیان تێكدەچێت، چونكە پیاو هەست بەسووكایەتی دەكات یان بێزاردەبێت بەردەوام هاوبەشەكەی رەتیبكاتەوە یان هەستبكات پەیوەندی سێكسوالی نێوانیان چێژ و خۆشی پێنابەخشێت، بۆیە بۆ پڕكردنەوەی ئارەزووەكانی یان تۆڵەكردنەوە لەهاوبەشەكەی لەوانەیە پەنا بۆ پەیوەندی دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتی بەرێت تەنانەت لەوانەیە دووچاری هەندێك حاڵەتی لادانی سێكسوالی بكات، یان وردە وردە وەڵامدانەوەی سێكسوالی لاوازببێت و ئارەزووی كەم ببێتەوەو تووشی هەندێك حاڵەتی پشێوی سێكسوالی ببێت وەك پەككەوتنی سێكسوالو زوو رژاندن و درەنگ رژاندنو... هتد.

دواجار بەپێی رای د. جیرارد تسفانج ئەو تەمەنەی كچی تیادا خەتەنەدەكرێت پەیوەندی هەیە بەئەگەری زیان پێكەوتنی ئەندامەكانیو هەستكردن بەچێژی سێكسوال، بەوپێیە كچ تا درەنگتر خەتەنەبكرێت هەرچەندە لەرووی سایكۆلۆژییەوە كاریگەرییە نێگەتیڤەكانی قووڵتردەبن، بەڵام لەرووی فسیۆلۆژییەوە كاریگەریی كەمتردەبێت لەسەر هەستكردن بەچێژی سێكسوال ئەویش پشتبەستن بەبۆچوونەكەی د. جیرارد كە دەڵێت: (سستمی دەماری لەكاتی



لەدایكبووندا لەقۆناغە سەرەتاییەكانیدایە و لەنێوان ساڵانی دووەم و سێیەمی تەمەندا دەست بەپەرەسەندن دەكات كاتێك منداڵ جەستەی خۆی ئاشكرادەكات، هەستكردن بەچێژی سێكسوال لای كچ درەنگتر روودەدات وەك لەكوڕ، چونكە چووكی كوڕ بەپێچەوانەی میتكە لەكچدا زووتر كارادەبێت و تێبینی كراوە، هەندێك منداڵی كوڕ هەر لەناو منداڵدانی دایكیانەوە دەست بۆ چووكیان دەبەن، كاركردنی دەمارەكانی چێژ لەكچدا لەتەمەنی شەش بۆ حەوت ساڵی تێروتەواودەبێت، لەگەڵ دەستبردن بۆیان زیاتر پەرەدەسێنن، پەرەسەندنی ئەم دەمارانە بەردەوام دەبێت، بەڵام پەرەسەندنی سێكسی لای كچان تەنیا لەماوەی دووەمی تەمەنیاندا روودەدات واتا دوای تەمەنی دە ساڵی، لەم تەمەنەدا ئیتر دەتوانن سێكس بكەن و لەرێگەی دەمارەكانی دەرچەی زێ-وە هەست بەچێژ بكەن، تەنانەت لەدوای بڕینی میتكەش هەست بەچێژدەكەن، بەڵام بەو مەرجەی كاتێك میتكە بڕابێت و لێكرابێتەوە كە دەمارەكان پەرەیان سەندبێت)[٥٦].

هەروەها د. فەوزیە دریع لەوباوەڕەدایە (بڕینی میتكە ئارەزووی سێكسوال ناوەستێنێت، بەڵكو لابردنی ئەوبەشەی لەدەماخدا لەم ئارەزووە بەرپرسە دەیوەستێنێت)[٥٧].

## كاریگەریی خەتەنەكردن بۆسەر تەندروستی گشتیی:

**- ئازار:**

هەستكردن بەئازارێكی زۆر لەكاتی خەتەنەكردن و دوای خەتەنەكردنیش كە ئەستەمە منداڵێكی تەمەن (٤-٨) بەرگەی بگرێت، چونكە بەزۆری خەتەنەكردن بێ بەكارهێنانی هیچ ماددەیەكی بێهۆشكەر ئەنجامدەدرێت.

**- خوێنبەر لەبەر رۆیشتن:**

لە ئەنجامی ئەو بڕینە لەجەستەدا خوێنبەربوون روودەدات و بۆ گیرسانەوەی پەنا بۆ هەندێك هۆكاری سەرەتاییو نەشیاو دەبرێت وەك خۆڵەمێش و گژوگیای سارێژكەرەوەی برین، بەڵام هەندێجار خوێنبەربوونەكە ئەوەندە زۆردەبێت بەئاسانی ناگیرسێتەوە وەك لەحاڵەتی زیان پێكەوتنی خوێنبەری میتكە و ئەو منداڵەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت خوێنێكی زۆری لێدەڕوات و پێویستی بەدەستێوەردانی پزیشك و گواستنەوەی خوێن هەیە.

- **بورانەوە**

لەئەنجامی ئەو ئازارە زۆرە و ئەو خوێنە زۆرەی لێی دەڕوات، ئەگەری ئەوە زۆرە ئەو منداڵە ببورێتەوە لەهۆش خۆی بچێت.

- **مردن**

ئەگەر خوێنبەربوون روویداو بەخێرایی فریای نەکەوتن یان ئەو منداڵە نەخۆشییەکی بۆماوەیی وەك خوێن نەمەینی بۆماوەیی هەبوو خێزانەکەی پێیان نەزانیبوو، ئەوا ئەگەری گیان لەدەستدانی بەدوورناگیرێت.

- **زیان پێکەوتنی ئەندامەکانی دیکە**

لەکاتی خەتەنەکردندا لەئەنجامی جوولەی ئەو منداڵە و ناشارەزایی ئەوکەسەی ئەم نەشتەرگەییە ئەنجامدەدات، لەوانەیە شوێنی دیکەی نزیك ئەو ئەندامەی ببڕێت وەك ڕێڕەوی میز و کۆم و هەندێجار ئەو کچە منداڵە لەدوای چاکبوونەوەی برینی خەتەنەکردن ناتوانێت کۆنترۆڵی میزو پیسایی بکات. هەروەها لەوانەیە شوێنی دیکەی جەستەی ببڕێت و زیانی پێبکەوێت وەك ران و قاچەکانی.

هەرچی کاریگەرییەکانی دوای خەتەنەکردن، ئەمانەن:

- **هەوکردن**

بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەی نادروست و پاکژنەکراوە لەکاتی خەتەنەکردن و بۆ گیرسانەوەی خوێن، هەوکردن لەوناوچانەدا روودەدات، هەروەها بەهۆی ترس لەمیزکردن لەدوای خەتەنەکردن و کولانەوەی ئەو برینە، میز پەنگدەخواتەوە و میزڵدان و گورچیلە هەودەکەنو لەوانەیە ئەم هەوکردنە هێلکەدان و جۆگەی فالوپیش بگرێتەوە.

هەروەها (لەخەتەنەکردنی فرعەونیدا واپێویست دەکات هاوسەری ئەو کچە یان ژنێکی شارەزا لەکاری خەتەنەکردن و دوورینەوەدا بەچەقۆ یان پارچە شووشەیەك ئەو شوێنە هەڵبدڕێتەوە کە لەکاتی خەتەنەکردندا دووراوەتەوە، بەهەمانشێوە لەکاتی منداڵبووندا، ئەمەش ئەو ژنە دووچاری تووشبوون بەجۆرەها میکرۆب و پیسبوون دەکات وەك تووشبوون بەڤایرۆسی ئەیدز HIV وەك لەهەندێك شوێنی وەك ئەفەریقا)[٥٨].

- **نەزۆکی**

ئەو هەوکردنە زۆرانە لەو ناوچانەدا و مانەوەیان لەوانەیە ببنە هۆی نەزۆکی، لەمبارەیەوە (ژمارەیەك توێژەرەوەی سویدی توێژینەوەیان لەسەر ٣٠٠ ژنی خەتەنەکراو لەسودان ئەنجامداو



بۆیان دەرکەوت ئەگەری تووشبوونیان بەنەزۆکی (٥-٦) جار زیاترە لەو ژنانەی کە خەتەنە نەکراون، بۆنموونە لەسودان لە ٢٥٪ی ژنانی نەزۆك لەوانەن کە خەتەنەکراون)[٥٩]، هەروەها د. لارس ئەلمدروس پزیشکی منداڵان و توێژەرەوە لەپەیمانگای کارولینسکا لەستۆکهۆڵم سەبارەت بەکاریگەریی خەتەنەکردن بۆسەر نەزۆکی، دەڵێت: (ئەگەری ئەوە زۆرە هەموو جۆرەکانی خەتەنەکردن تەنانەت ئەوانەش کە زۆر توندوتیژ نین مەترسی تووشبوونی ژن بەنەزۆکی زۆربکەن، ئەم توێژینەوەیە ئەنجامەکانی لەگۆڤاری پزیشکی لانسیت بڵاوکراوەتەوە و یەکەم لێکۆڵینەوەی کلینیکییە کە ئاشکرایدەکات خەتەنەکردن دەرئەنجامی پێچەوانەوە بەدەستەوە دەدات، هۆکاری نەزۆکییەکەش ئەو میکرۆب یان هەوکردن یان گرێ یان گۆڕانە فیزیکیانە دروستیدەکەن کە هاوکات لەگەڵ خەتەنەکردندا روودەدەن... ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر دوو نەخۆشخانە لەخەرتوم (سودان) لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ ئەنجامدراوە)[٦٠].

- **شێواندن**

بەهۆی خەتەنەکردنەوە بەتایبەتی لەجۆری سێیەم و چوارەمی خەتەنەکردن ئەو ئەندامەی مێ بەتەواوەتی دەشێوێندرێت و رووخسارێکی سەیرو ناشرین وەردەگرێت، هەروەها لەئەنجامی چەندجار دوورینەوە و کردنەوەی ئەو شوێنە کاتێك کچ بەجۆری فرعەونی خەتەنەدەکرێت دەشێت پێستی ئەو شوێنە تووشی زیان ببێت و گرێ یان پارچە گۆشتی زیاد دروستبکات.

- **فرمان**

خەتەنەکردن کاردەکاتە سەر هەموو بەشەکانی ئەو ئەندامە کە بەسروشتی فرمانی خۆیان جێبەجێبکەن.

- **ئەستەمی منداڵبوون**

لەئەنجامی سارێژبوونی ئەو برینەی کە خەتەنەکردن دروستیکردووە لەوانەیە گرێیەك یان شانەیەکی ریشاڵی لەوناوچەیدا دروستببێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی نارەحەتی لەکاتی منداڵبووندا، چونکە ناوچەی دەرچەی زێ توانای بۆ کشان و چوونەوە یەك کەمدەبێتەوە کە ئەگەر لەکاتی منداڵبووندا گەورەبێت ئەوا ئەو ناوچەیە دووچاری دڕان دەبێت و لەوانەیە کێشە و گیروگرفت بۆ دایکەکە دروستبکەن بۆنموونە لەوانەیە کاربکاتە سەر توانای ماسولکەکانی کۆئەندامی زاوزێ بۆ ئەنجامی فرمانی سروشتی خۆیان.

هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی لەوناوچەیەدا بەهۆی خەتەنەکردنەوە روویانداوە لەوانەیە ببنە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی منداڵبوون و زیان پێکەوتنی کۆرپە، چونکە دواکەوتنی لەدایکبوون

لەوانەیە ببێتە هۆی خنکانی منداڵ بەهۆی کەمی ئۆکسجینەوە، یان منداڵەکە لەوانەیە تووشی جۆرێك لەتێکچوونی ئەقڵی یان جووڵەیی ببێت[٦١].

هەروەها بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)[62] لەحوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦دا بەپێی ئەم رێژانەی خوارەوە منداڵانی ئەو ژنانەی خەتەنەکراون دووچاری مەترسی بوون:

- ١٥٪ی منداڵی ئەو دایکانەی بەجۆری یەکەم خەتەنەکراون.
- ٣٠٪ی منداڵی ئەو دایکانەی لەسەر شێوازی دووەم خەتەنەکراون.
- ٥٥٪ی منداڵی ئەو دایکانەی بەجۆری سێیەم یان فرعەونی خەتەنەکراون.

## هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی

خەتەنەکردن وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا نەریتێکی کۆنە و ئەستەمە ئەوە یەکلایی بکرێتەوە لەئەفەریقاوە هاتووە یان نەریتێکی فرعەونی بووە، چونکە ئەم نەریتە لای یەهودیش هەبووە هەرچەندە لەکتێبە پیرۆزەکاندا باسنەکراوە، بەڵام بەپێی هەندێك سەرچاوە (لەساڵانی ٢٣ و ٢٥ی پێش مەسیح یەهودییەکان کچان و کوڕانیان وەك یەك خەتەنەکردووە)[٦٣]، هەروەها لەناو مەسیح و لە ئیسلامیشدا خەتەنەکردنی کچان هەبووە و بێگومان کوردیش لەم تاوانە بەرامبەر بەکچانی منداڵ بێبەری نییە و تائێستاش لەهەندێك ناوچەی کوردستان هەرماوە، د. نەوال سەعداوی لەپێشەکی کتێبە ناوازەکەی د. سامی زیب لەسەر خەتەنەکردن دەڵێت لەقورئاندا باسی خەتەنەکردنی کچان نەکراوە، هەروەها د. جەمال ئەبوسرور بەڕێوەبەری ناوەندیی نێودەوڵەتی ئیسلامی لەزانکۆی ئەزهەرو مامۆستای نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون، جەخت لەوەدەکات کە خەتەنەکردن پەیوەندی بەئیسلامەوە نییە و نەریتێکی ئیسلامی نییە، بەهەمان شێوە یەهودو مەسیحیش دان بەخەتەنەکردنی کچاندا نانێن.

بەگشتیی ئەم نەریتە لەزۆر ناوچەی دنیادا پەیڕەوکراوەو تائێستاش هەر بەردەوامە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم نەریتە لەهەندێك شوێن بەشاراوەیی ئەنجامدەدرێت و بەئامادەبوونی ئەو ژنەی خەتەنەکردن دەکات لەگەڵ چەندکەسێکی نزیکی ئەو کچەی خەتەنەدەکرێت وەك دایك و خوشك و پورەکانی یان نەنك و دراوسێکانی، بۆیە هیچ کەس دەنگی ناڕەزایی کچە خەتەنەکراوەکان نابیستێت تا هەوڵی رزگارکردنیان بدرێت و ئەم نەریتە بەشێوەیەکی یەکجارەکی بنبڕبکرێت،



ئەو گرووپەش بەشداری خەتەنەکردن دەکەن هەموویان پێشتر خەتەنەکراون و بەتوندی داکۆکی لەخەتەنەکردنی کچانی دوای خۆیان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو شوێنەی ئەم کارە بەربەرییەی لێ ئەنجامدەدرێتماڵی کچ یان دراوسێیەکیانە، لەکوردەواریدا کاتێك کچ خەتەنەدەکرێت کە ماڵ چۆڵەو پیاوان چوون بۆ سەر کاری خۆیان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو باوك و برایانە خەتەنەکردنی کچ و خوشکەکانیان رەتبکەنەوە یان ئەگەر ئەوان لەماڵ بن رێگەی لێبگرن، بەڵکو ئەوان ئەمە بەکاری خۆیان نازانن و ئەو ئەشکەنجەدانەیان بەژن خۆی سپاردووە.

لەناو هەندێك تیرە و هۆزە ئەفەریقییەکانیشدا لەشوێنێکی دوور لەماڵ و ئاوەدانی و لەبەرەبەیانێکی زووداو لەژێر دارێك یان قەراغ روبارێکدا یان تەنیشت بەردێك، پێش ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەخەبەربێن و تەیرو باڵندە بجریوێنن تاریك و روون کچ خەتەنەدەکرێت و لەهەندێك شوێنیش بۆنموونە لەسودان کچان تا چل رۆژ نابرێنەوە ناو خێزانەکانی خۆیان و دوای چاکبوونەوەیان دەڕۆنەوە یان بەیەکجارەکی بەهۆی ماکەکانی خەتەنەکردنەوە گیان لەدەستدەدەن، لەبەرئەوە سروتی خەتەنەکردن بەشاراوەیی بەڕێوەدەچێت و بەهەندێك شیرینیو قسەی خۆش یان بەتوندوتیژی و هەڕەشە ئەو کچە منداڵانە بێدەنگ دەکرێن و باسی هیچ ئازارو ئەشکەنجەیەکی خۆیان بۆ کەس ناکەن.

هەروەها خەتەنەکەر ژنێکی بەتەمەن یان مامانێکی تەقلیدی یان برینپێچ یان سەرتاش (وەك لەهەندێك شوێن لەمیسر)، یان مامانێکی بەئەزموون یان مۆڵەت پێدراو یان لەلایەن پزیشکەوە ئەنجامدەدرێت (وەك لەناو پەناهەندە سودانی و ئەفەریقی و میسرییەکاندا کە لەوڵاتانی خۆرئاوا نیشتەجێن)، پاشان ئامرازی خەتەنەکردن ئەوەندە سادە و لەبەردەستدایە هیچ پێویستی بەگەڕان نییە، ئاسایی (پارچە شوشە یان مقەست یان چەقۆی قەڵەمی یان گوێزان یان سەری قوتوو یان تەڵەزمە بەردی تیژ بەکاردێت)[٦٤]و ماددەی سڕکەر هەر بوونی نییەو ماددەی سارێژکەرو خاوێنکەرو ئازارشکێنی ئەو کچە داماوانەش دیسانەوە زۆر سادەیە و هەندێجار کاریگەریی ئەو ماددانە دوورە لەو مەبەستەی کە بۆی بەکاردەهێنرێن، ئەوانەش بریتین لە (هەویرێکی دروستکراو لەگژوگیا یان شیر یان هێلکە یان پەیینی ئاژەڵ یان خۆڵەمێش)[٦٥]، یان دەخرێنە ناو تەشتێك ئاو یان دەدرێنە بەر ئاوێکی سارد.

کاتێك ئەم کارە دڕندانەیە بەم ئاسانییەو بێئەوەی پێویستی بەکەسانی شارەزا و ئامراز و شوێن و کەلوپەلی تایبەتی هەبێت و کاتێك بەرەزامەندی دایك و ئامادەبوونی کەسانی نزیك

لەکچ خۆیەوە، ئەنجامدەدرێت، ئەوا زۆر ئاساییە وەك خۆی بمێنێتەوە و نەوەبەنەوە ئەم ئەشکەنجەدانە بگوێزرێتەوە، لێرەشەوە هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی یەکجارەکی ئەستەم دەبێت و لەهەندێك ناوچە هەر شکست دەهێنێت، چونکە ئەم کارە زیاتر نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی بەمێشك و کرانەوەی ئەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و وێڕای ئەوەی لەناو کەشێکی تەمومژاوی و شاراوەدا ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەگەڵ کرانەوەی مێشکی مرۆڤ و بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنی بوارەکانی زانست وەك بواری پزیشکی و سایکۆلۆژی و ئەو بوارانەی بایەخ بەجەستە و ناخی مرۆڤ دەدەنو چالاکبوونی رێکخراوەکانی داکۆکی لەمافی مرۆڤ بەگشتیی و مافی منداڵ و ژنان بەتایبەتی دەکەن و هەروەها لەگەڵ تەشەنەسەندنی تەوژمەکانی جیهانگیری و پێکەوەبەستنی هەموو جیهان و بەئاسانی پەیوەندیکردنی هەموو دونیا بەیەکەوە، دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەخەتەنەکردنی کچان لەهەموو لایەکی دونیاوە بەرزبۆتەوەو ماوەی دەیەیەك زیاتر جەدەلێکی گەرم لەنێوان داکۆکیکەران لەخەتەنەکردنی کچان و ئەوانەی بەرگری لەمافەکانی ژنان دەکەن، هاتۆتە ئاراوە.

سەرەتای هەوڵدان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژی خەتەنەکردنی کچان وتارێکی د. ئوسامە بوو لەگۆڤاری (الرسالة) لەساڵی ١٩٤٣داو نوسیویەتی: (خەتەنەکردن تاوانێکە بەرامبەر بەکچ دەکرێتو هیچ پەیوەندی بەخاوێنیو جوانکردنی ئەندامی زاوزێی کچەوە نییە)[٦٦]، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم وتارە هەروا بەئاسانی لەناو میدیای میسری و ناوەندە ئاینیو ئیسلامییەکاندا تێنەپەڕی و چەندەها کەس و لایەن وەڵامیان دایەوە بەتایبەتی باسکردنی ئەو بابەتە لەوکاتەداو راستەوخۆ دانانی بەتاوان هەنگاوێکی بوێرانە بوو، دسوقی ئیبراهیم یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی بەکۆمەڵێك وتەی پێغەمبەرو وتەی کۆن وەڵامی دایەوە ئەوپەڕی زیرەکیو بەڵگەی ئایینی خستەکار بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە خەتەنەکردن ئەرکێکی ئاینییە و پەیوەندی بەپابەندبوون بەئایینی ئیسلامەوە هەیە، لەم کاتەدا عەبدول متعال سەعیدی دێتە ناو ئەم لێدوانانە و داوا لەپزیشکان دەکات بڕیارێکی بەکۆمەڵ سەبارەت بەخەتەنەکردنی کچان، دەربکەن.

هەوڵەکان بۆ ئیدانەکردنی خەتەنەکردنی کچان و دژایەتیکردنی ئەم هەوڵانە بەردەوام بوون، هەندێجار پیاوانی ئایینی پشتیوانیان لەخەتەنەکردنی کچان دەکردەوە و پزیشکان رەتیان دەکردەوە، هەندێجاریش بەپێچەوانەوە، نموونەش فەتواکەی شێخ مەحمود مەخلوف بوو لەساڵی ١٩٤٩ بەخەڵکی راگەیاند (خەتەنەکردنی کچان ئەرکێکی ئایینی نییە و نەکردنیشی گوناه نییە)[٦٧]، لەبەرامبەرداو دووساڵ دوای فەتوای ئەو شێخە گۆڤاری (الدکتور)[٦٨] رای کۆمەڵێك



پزیشکی لەپاشکۆیەکی تایبەتدا بڵاوکردەوە کە تیایدا پشتیوانیان لەخەتەنەکردنی کچان کردبوو، هەرچەندە لەهەمانکاتدا گۆڤارەکە زیانەکانی خەتەنەکردنیشی خستبووەروو، بەڵام پشتیوانکردنی کۆمەڵێك پزیشك لەخەتەنەکردنی کچان رۆڵێکی خراپی هەبوو لەزنجیرەی ئەو هەوڵانەی بۆ رەتکردنەوەی دەدرا.

نەوال سەعداوی یەکێکە لەو ژنە پزیشکە پێشەنگانەی بەعادەتی خۆی کە بەردەوام ژنێکی ئازاو چاونەترس بووە لەباسکردنی مەسەلە هەستیارەکانی تایبەت بەکۆمەڵگە بەگشتییو ژن بەتایبەتی، هەوڵەکانی بۆ ئیدانەکردنی ئەم نەریتە دەخاتەڕوو دەڵێت: (لەشەستەکاندا هەوڵمدا مەسەلەی خەتەنەکردنی کچان و کوڕان لەسەندیکای پزیشکانو وەزارەتی تەندروستی میسری بورووژێنم، بەڵام هاوڕێکانم بێدەنگیان کردم)[٦٩]، ئەم بێدەنگکردنەی سەعداوی لەکاتێکدایە کە حکوومەتی میسری توانیبووی بەبڕیارێکی وەزاری (ژمارە ٧٤ی ساڵی ١٩٥٩)[٧٠] رێگە لەخەتەنەکردنی کچان لەناو نەخۆشخانەکاندا بگرێت و بەهەمان شێوە لەناو هەموو یەکە تەندروستییەکاندا، هەروەها لەبڕگەیەکی ئەو یاسایەشدا هاتووە نابێت ئەو مامانەی مۆڵەتیان هەیە کاری خەتەنەکردنی کچان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم یاسایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەو هەوڵانە نەبوو کە بۆ ئیدانەکردن و رێگەگرتن لەخەتەنەکردنی کچان لەگەڕدا بوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەرکردنی ئەم یاسایەو بەوشێوەیە هێندەی دیکە خەتەنەکردنی کچانی شاردەوە و لەسنووری ماڵ و ژوورە تاریکەکاندا قەتیسی کرد کە کچان دەنگیان بەهیچ کەسێك نەدەگەیشت و ژمارەی ئەو کچانەش کە رۆژانە بەهۆی ماکەکانی خەتەنەکردنەوە گیانیان لەدەستدەدا کەم نەبوون، چونکە خێزانەکانیان لەترسی سزادانیان بۆ چارەسەرکردن نەیاندەبردنە نەخۆشخانە.

لەسودانیش[٧١] لەساڵی ١٩٤٦دا بەپێی یاسایەك خەتەنەکردنی جۆری فرعەونی بەتاوان دانراو لەساڵی ١٩٧٤یشدا ئەم یاسایە هەموارکرا و هەموو جۆرەکانی خەتەنەکردنی گرتەوە جگە لەخەتەنەکردنی سونی، بەڵام لەدوای ئەوەی لەساڵی ١٩٨٣وە یاسای تاوانەکان لەسودان دەستکاری کرا بابەتی خەتەنەکردن و دانانی بەتاوان بەتەواوەتی شکستی هێناو دواتر بەهیچ شێوەیەك کاری پێنەکرا.

جەدەلی خەتەنەکردنی کچان لەساڵی ١٩٩٤ قۆناغێکی نوێی بەخۆوە بینی لەمانگی نۆی ئەو ساڵەدا لەقاهیرە کۆنگرەیەك تایبەت بەدانیشتوانی جیهان بەستراو لەوێدا باسی کێشەی خەتەنەکردنی کچان لێدوانی لەسەرکرا. هەر لەوساڵەدا بۆ هێمنکردنەوەی رای گشتیی

دەربارەی ئەم بابەتە وەزیری تەندروستی میسری بەڵێنیدا بڕیارێك بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکردن دەربکات، بەڵام کەوتە نێوان دوو بەرداشەوە لەلایەن دەنگی نارەزایی دژی خەتەنەکردنی کچان دەنگێکی دلێر بوو، لەلایەکیش هەڕەشەی پیاوانی ئایینی هەڕەشەیەکی توند بوو کە لەمەترسی ڕوودانی کارەسات و کێشەی ئایینی بەدەرنەبوو، لێرەوە حکوومەتی میسری لەبەڵێنی خۆی پاشگەزبۆوە و بڕیارێکی خراپتری دەرکرد ئەویش بریتی بوو لەرێگەدان بەخەتەنەکردنی کچان تەنیا لەنەخۆشخانەکاندا. لەباسکردنی هەوڵەکان بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە بەزۆری باسی میسرمان کردووە، چونکە میسر بەلانکەی هەوڵەکان بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ژن لەخۆرهەڵات دادەنرێت و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لەبواری رۆشنبیریی و ژیاریدا ئەم وڵاتە بەخۆیەوە بینیووە و لەنێوان وڵاتانی عەرەبیدا لەزۆر بواری کلتوری و رۆشنبیری و هونەریدا پێشەنگ بووە، هەربۆیە دەنگی نارەزاییەکانیش بەرامبەر خەتەنەکردنی کچان هەر لێرەوە سەریهەڵدا.

بێگومان داکۆکیکەران لەرزگارکردنی کچان لەخەتەنەکردن بێدەنگ نەبوون و بۆ خۆشبەختی ژمارەیەکی زۆریان ژن بوون، نموونە وەك عایدە سەیف لدەولەو د. ئامال عەبدول هادیو د. سوهام عەبدول سەلام و زۆری دیکە، بەڵام داکۆکیکەران لەخەتەنەکردنی کچان ئەم دەنگی نارەزاییانەیان بەهەل قۆستەوە و بانگەشەی ئەوەیان لەناو خەڵك و میدیاکاندا بڵاوکردەوە کە ئەو هەوڵانە سوکایەتیکردنە بەئیسلام و هەوڵدانە بۆ ناو زڕاندنی ئایین، د. نەوال سەعداوی یەکێك بوو لەو دەنگە بوێرانەی وەڵامی دانەوە و وتی: (خەتەنەکردنی کچان نەریتێکی فرعەونی یان میسری کۆن نییە وەك لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفی بەریتانیدا هاتووە، بەڵکو ئەم کارە لەهەموو وڵاتانی دونیادا ئەنجامدراوە، بە بەریتانیاو وڵاتانی ئەورووپیو ئەمەریکیشەوە و لەهەموو کیشوەرەکاندا، دۆکۆمێنتەکانی مێژووی نوێ و ئەنسرۆپۆلۆژی روونیان کردۆتەوە ئەم نەریتە لەگەڵ دەرکەوتنی سیستمی کۆیلایەتی لەخۆرهەڵات و خۆرئاواو باکورو باشوردا بڵاوبۆتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە رەنگ یان ئایین یان توخم یان تیرەوە نییە... تەنیا کیشوەری ئەفەریقی یان رەش پێستەکان لەم تاوانە بەرپرس نین، بەڵکو ئەمە یەکێکە لەتاوانەکانی کۆیلایەتی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا)[٧٢].

جێگەی ئاماژەیە بڵێین رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهاندا خەتەنەکردن رەتدەکەنەوەو بەردەوام لەهەوڵداندان بۆ بنبڕکردنی یەکجارەکی ئەم نەریتە و وەك توندوتیژی بەرامبەر بەمێ حیسابی بۆ دەکەن، هیلاری کلنتۆن یەکێکە لەو ژنە پێشەنگانەی ئەم کارە



بەرامبەر بەمێ رەتدەکاتەوە و لەساڵی ١٩٩٥ەوە هەوڵەکانی بۆ بنبڕکردنی ئەم توندوتیژییە خستۆتەگەڕو هەر لەوپێناوەشدا بەشداری چوار کۆنفرانسی جیهانی سەبارەت بە ژن کردووە و لەوتەیەکیدا سەبارەت بەخەتەنەکردن دەڵێت: (ئەمە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە کاتێك کچی تەمەن بچووك بەوشێوە وەحشیەتە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەرێگەی خەتەنەکردنەوە دووچاری ئازارو سووکایەتی پێکردن دەکرێت)[٧٣].

فراوانترین هەڵمەتیش بۆ وەستاندنی خەتەنەکردنی مێ لەکوردستان لەساڵی ٢٠٠٥دا بوو لەلایەن WADI ی ەوە[٧٤] کە رێکخراوێکی ناحکوومی ئەڵمانییە و رووپێوێکی مەیدانییان لە ٤٢ گوندی ناوچەی گەرمیان و کەرکوك ئەنجامداو لەکۆی ١٥٥٤ژنو کچ ٩٠٧ یان (واتە ٦٠٪) دانیان بەوەدانابوو کە خەتەنەکراون، ئەم رێکخراوە لەساڵی ٢٠٠٤دا بەهاوکاری فیلمسازێکی کورد فیلمێکیان بۆ هۆشیارکرنەوەی خەڵك بەرامبەر زیان و مەترسیەکانی ئامادەکرد کە تیادا دوو زانای ئایینی ناسراوو پزیشکێکی ژنان و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و چەندان کەسایەتیو خەڵکی سادە باس لەلایەنە نێگەتیڤەکانی خەتەنەکردن دەکەن. دوا ئاماری ئەم رێکخراوە ئاشکرایدەکات ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ لە ٢٠١ گوندو شارۆچکەی ناوچەکانی دهۆك، سلێمانی، هەولێر، گەرمیان، رانییە، سۆران و بەشێك لەکەرکوك لەکۆی ٥٦٢٨مێ ٣٥٠٢ یان خەتەنەکراون واتە بەرێژەی ٦٢٪ هاوکات بەسەرپەرشتی هەمان رێکخراو هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوە لەدژی خەتەنەکردنی مێ راگەندراو ١٤٠٠٠واژۆ کۆکرایەوە بۆ کۆتایی هێنان بەخەتەنەکردنی مێ. پاشان لەلایەن ١٤ رێکخراوی شاری سلێمانییەوە دەقی یاسایەکی پێشنیارکراو ئاڕاستەی لیژنەی داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان کراوە ئەمەش لەمانگی چواری ساڵی ٢٠٠٧دا بوو. وێڕای هەوڵی بەردەوامی رێکخراوەکانی ژنان بۆ هۆشیارکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری شارو گوندەکان.

لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەدا کە بۆ بنبڕکردنی خەتەنەکردن دەدرێت خەتەنەکردن لەزۆر شوێنی جیهاندا بەکوردستانیشەوە هەرماوە و تائێستا کچانی منداڵ بەم دەردە دەبرێن، پابەندبوونی تاك بەکلتورو دابونەریتی کۆمەڵگە بەهێزترین فاکتەرە بۆ مانەوەییو پراکتیزەکردنی، تەنانەت لەناو چینی خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەشدا، لەماوەی کارکردنم لەسەر ئەم بابەتە و لەزنجیرەی ئەو کتێب و بابەتانەی لەسەر خەتەنەکردن خوێندمەوە، نامیلکەیەکم بینی لەلایەن پزیشکێکی ژنەوە نووسرابوو کە پسپۆڕە لەنەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نووسینەکەی تایبەت بەئاشکراکردنی روانگەی پزیشکی لەبەرامبەر خەتەنەکردنی کچان[٧٥]، هەر بەخوێندنەوەی

سەرەتای بابەتەکە نیگەران بووم کاتێك بینیم ئەم ژنە پزیشکە بەوپەڕی متمانەوە داکۆکی لەخەتەنەکردنی کچان دەکات، چونکە لەراستیدا پشتگیریکردنی خەتەنەکردنی کچ لەلایەن هەندێك کەسایەتیو کەسەوە کە لەناو کۆمەڵگەدا شوێن و پایەی تایبەتیان هەیە و خەڵکی ئاسایی ڕێز و بەها بۆ بیر و بۆچوونەکانیان دادەنێن، ئەمە دەبێتە هۆی چەسپاندنی زیاتری ئەم نەریتە، هەروەها رای پۆزەتیڤی پزیشك لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبێتە پاڵپشتێکی پتەو بۆ بەسەردەمیکردنی ئەم نەریتە دڕندانەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو پزیشکە ژن بێت و پسپۆڕی لەنەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوونیشدا هەبێت، بیهێننە بەرچاوی خۆتان ژنێك پزیشکی ژنان بێت و داکۆکی لەخەتەنەکردنی مێ بکات بەناوی خەتەنەکردنی شەرعییەوە، دەبێت چۆن ئامۆژگاری ئەو ژنە نەخۆشانە بکات کە دێنە لایی و چۆن رۆشنبیرییان بکات بۆئەوەی لەخەتەنەکردنی کچەکانیان دوودڵ نەبن و دوانەکەون! ئەی دەبێت رێنماییەکانی چ کاریگەرییەکی بەهێز لای ئەو ژنە نەخۆشانە دروستبکات کە بۆ چارەسەرکردن دێن بۆلای بەتایبەتی لەکاتێکدا لەوانەیە ئەو ژنانە ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیریان نزم بێت یان نەخوێندەوار بن.

ئەگەر خەتەنەکردنی مێ لەپێگەیەکی بەهێزی وەك بواری پزیشکی پشتیوانی لێبکرێت، ئەوا ئەستەمە بتوانرێت بەئاسانی بنبڕبکرێت، سەیر لەوەدایە ئەم ژنە بواری پزیشکی خوێندووە، بەڵام بەوپەڕی بڕواو متمانەی زانستی خۆیەوە لەژێر ناوی هۆکارە پزیشکییەکان بۆ نەشتەرگەری خەتەنەکردن باس لەو پاساوانە دەکات کە دایك و نەنکەکانی ژیانی هەزارەها مێیان پێکردۆتە دۆزەخ، هۆکارەکانی پۆلێنکردووە، بۆنموونە لەژێر ناوی هۆکاری ئۆرگانیدا، دەڵێت: (گەورەیی قەبارەی پێستی سەرمیتکە و درێژییەکەی) لەکاتێکدا ئەم ئەندامە وەك هەر بەش و ئەندامێکی جەستە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، بۆ دەبێت هەموو مێیەك ئەو ئەندامەی وەك یەك بێت و بەئەندازەی یەك درێژبێت؟ کەواتە ئەو پزیشکە بۆ درێژی پەنجەکانی دەست و کورتیو درێژی دەست و قاچ و بالاو... هتد چی دەڵێت، بەوپێیە بێت دەبێت نەشتەرگەری بۆ هەموو ئەندامێکی جەستە بکرێت تا ئەندامی کەس لەکەس درێژتر یان کورتتر نەبێت! یان باسی کۆبوونەوەو کەڵەکەبوونی پیسی لەوشوێنەدا دەکات گوایە بەخەتەنەکردن رێگە لەکۆبوونەوەی پیسی دەگیرێت و ئەو کچە تووشی نەخۆشی نابێت، ئەمەشیان لەرووی زانستییەوە بەهانەیەکی لاوازە و ئەو حاڵەتە پەیوەندی بەپاکوخاوێن راگرتنی ئەو شوێنەوە هەیە.



لەژێر ناوی هۆکارە سێکسوالیەکاندا، دەڵێت: (بەهۆی بچووکی پێستی سەر میتکەوە یان گەورەیی قەبارەکەییو دووری لە لەشەوە، تێربوونی سێکسوالی کەم دەبێت و واباشە کچ خەتەنەبکرێت)، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێت: بۆئەوەی گوڕوتینی شەبەقی سێکسوالی کەم بکرێتەوە...)، ئەم دوو کردارە پێچەوانەی یەکن و نازانین ئەم پزیشکە چۆن گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامە نازانستییە، چۆن خەتەنەکردن لەیەك کاتدا دوو ئەرك جێبەجێدەکات واتە لێکردنەوەی میتکە چۆن لەلایەك تێربوونی سێکسوالی زیاددەکات و لەلایەکی دیکەوە چۆن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شەبەقی سێکسوالیو وێڕای ئەمانە ئەم پزیشکە حاڵەتی شەبەق و ئارەزووکردنی زۆری سێکسی لەگەڵ یەکدا تێکەڵ کردووە.

پاشان لەژێر ناوی هۆکارە سایکۆلۆژییەکاندا، ئەم پزیشکە نووسیویەتی: (سێکس ساردی، هستریا، میز بەخۆداکردن، هەندێك حاڵەتەکانی خەمۆکی دەروونی، نمفومینیا (هەوەسی سێکسوال). ئەگەر بەوردی لەبابەتی کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی خەتەنەکردن بۆسەر مێ وردبینەوە بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێت حاڵەتی سێکسساردی و میزبەخۆداکردن و خەمۆکی دەرئەنجامی نێگەتیڤی خەتەنەکردنن نەك هۆکاربن بۆ ئەنجامدانی خەتەنەکردن واتە ئەوانە دەرئەنجامن نەك پاڵنەر، هەرچی حاڵەتی هستریا-یە ئەوا ئەم پزیشکە کەوتۆتە هەڵەی دەیەکانی سەدەی نۆزدە کاتێك وادەزانرا هستریا پەیوەندی بەمناڵدانەوە هەیە و وشکبۆتەوە و لەشوێنی خۆی لەناو جەستەدا دەجولێت و بەشوێن تەڕاییدا دەگەڕێت، یان شەیتان چۆتە ناو جەستەی ئەو ژنانەوە و مناڵدانیان دەجولێنێت، لەیادی چووە فرۆیدو برویر Bruerی هاوڕێی لەساڵی ١٨٩٥[٧٦]دا ئاراستەیەکی سایکۆلۆژی چەسپاویان بەلێکدانەوەی حاڵەتی هستریا بەخشی، کۆمەڵێك تیۆری جیاواز بۆ لێکدانەوەی هۆکاری هستریا هەیە، بەپێی تیۆرەکەی فرۆید دەشێت هۆکاری هستریا بۆ ئەزموونێکی ناخۆش لەژیانی تاکدا بگەڕێتەوە و نیشانەکانی هستریا وەك هێمایەك وان بۆ یادەوەری ئەوکەسە نەخۆشە بەرامبەر ئەو شۆك و ترۆماتیزمەی لەقۆناغەکانی پێشووی ژیانیدا تووشی بووە، بەم پێیە خەتەنەکردنی مێو ئەزموونی ناخۆشی ئەو ئازارە دەشێت ببنە هۆکار بۆ دەرکەوتنی نیشانەکانی هستریا نەك خەتەنەکردن وەك هۆکارێك بۆ چارەسەرکردن یان تووش نەبوون بەهستریا دابنرێت، بەتایبەتی لەکاتێکدا زۆر لەمێژە بواری پزیشکی سایکۆلۆژی ئەوەیان سەلماندووە کە هستریا بەتەنیا تووشی مێ نابێت و نێریش تووشی دەبێت.

هەوڵەکان بۆ سەردەمیکردن و بەخشینی رووخسارێکی زانستی بەخەتەنەکردن کەم نین، د. ئامال ئەحمەد یەکێکی دیکەیە لەو پزیشکانەی دەیەوێت پاساوی زانستی بۆ هێورکردنەوەی ئازاری خەتەنەکردن بێنێتەوەوبەکردارێکی نەشتەرگەری ئاسان وەسفیدەکات و دەڵێت: (ماکەکانی خەتەنەکردن لەماکەکانی هەر نەشتەرگەرییەکی ئاسانی دیکە تێناپەڕێت وەك روودانی خوێنبەربوونێکی کەم کە بەئاسانی چارەسەردەکرێت یان لەوانەیە سووکە هەوکردنێك رووبدات)[٧٧].

هەروەها ئەم ژنە پزیشکە بەپێی سەرچاوە پشتپێبەستووەکانی لەوتارەکەیدا، خەتەنەکردن دەخاتە ریزی لابردنی ریش و مووی بنباڵ و نینۆککردن و... هتد لەکاتێکدا خەتەنەکردن لێکردنەوەی پارچەیەك گۆشتی زیندووی جەستەیە و نایەتەوە شوێنی، وێڕای هەستیاریی و دەوڵەمەندی ئەو شوێنە بەموولوولەی خوێن و دەمار، بەڵام نینۆك و موو وەك دەزانین خانەی مردوون و دیسانەوە درێژدەبنەوە.

## ئامارەکان و دابەشبوونی جوگرافیای خەتەنەکردن

-ژمارەی ئەوکچانەی لەجیهاندا رووبەڕووی خەتەنەکردن دەبنەوە بە ١٣٥ ملیۆن دەخەملێنرێت، ساڵانەش نزیکەی دووملیۆن رووبەڕووی مەترسییەکانی خەتەنەکردن دەبنەوە واتە لەرۆژێکدا شەش هەزارو بەرێژەی ٣,٨ منداڵ لەهەر دەقیقەیەکدا.

-لەئەفەریقاو هەندێك وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدەدرێت، بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان لە ٢٨ وڵاتی ئەفەریقی کچ خەتەنەدەکرێت، بەڵام زانیاری ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە بزانرێت رێژەی خەتەنەکردن لەئاسیا چەندە.

-لەهەندێك ناوچەی کوردستان کچان خەتەنەدەکرێن، بەڵام بەزۆری لەدەوروپشتی شارو لادێکانو لەناوشاردا کەمە.

- لەنێو موسڵمانانی ئەندەنوسیا، سریلانکاو مالیزیا هەیە، بەڵام لەهیندستان تەنیا لەنێو گرووپێکی بچووکی ئیسلامدا هەیە بەناوی داودی بوهرا Daudi Bohra.

- لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە میسر و عەممان و یەمەن و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو هەیە، هەروەها لەنێو هەندێك لەنیشتەجێیانی ئەمەریکای باشوور هەیە، بەڵام زانیاری زۆر کەم دەربارەی دەستکەوتووە.



- لەوڵاتە پیشەسازییەکاندا لەنێو کۆچەرییەکاندا و ئەوکەسانەی بەبنەچە دانیشتووی ئەو شوێنە نین و کۆچیان کردووە بۆی کچان خەتەنەدەکرێن وەك لەئوستورالیا، کەنەدا، دانیمارك، فەڕەنسا، ئیتالیا، سوید، کچان لەم وڵاتانەدا بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن ئەو پزیشکانەوە خەتەنەدەکرێن کە سەر بەهەمان نەتەوە یان گرووپی ئەو کچانەن و لەو وڵاتانەدا نیشتەجێن.

- بەپێی هەندێك سەرچاوە رێژەی ژنانی خەتەنەکراو دەگاتە ٥٪ واتە ١٠٠ ملیۆن ژن.

- رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ٢٨ وڵاتی ئەفەریقیدا ئەم ئامارانەی خستۆتەڕوو:

- ساڵی ١٩٩٤ ← ١١٤٢٩٦٠٠
- ساڵی ١٩٩٦ ← ١٣٢٤٩٠٠٠٠
- ساڵی ١٩٩٨ ← ١٣٦٧٩٧٤٤٠

لە ١٥٪ بۆ ٢٠٪ی ئەم ژمارانە بەخەتەنەکردنی جۆری فرعەونی خەتەنەکراون.

- سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژەیداوە بەژمارەی ئەو کچانەی لەناوچەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەفەریقا رووبەڕووی خەتەنەکردن دەبنەوەو بە ١١٤,٨٥ مەزندە دەکرێت.

- بەپێی ئامارێکی رێکخراوێکی ناحکوومی لەکۆی ١١٦ گوندی جیاجیای باشووری کوردستان ٢٣٢٠ کچ خەتەنەکراون و زۆربەیان تەمەنیان لەخوار ١٠ ساڵەوە بووە.

- رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەو ئامارانەی خستەڕوو، لەماوەی سێ ساڵی جیاوازدا لەمیسر رێژەی خەتەنەکردن بەمشێوەیە بووە:

- لەساڵی ١٩٩٤ ٥٠٪ واتە ١٣٦٢٥٠٠٠
- لەساڵی ١٩٩٦ ٨٠٪ واتە ٢٤٧١٠٠٠
- لەساڵی ١٩٩٨ ٩٧٪ واتە ٢٧٩٠٥٩٣٠

جیاوازی نێوان ئەم ئامارانە ئەوە ناگەیەنێت کە رێژەی خەتەنەکردن بەرزبۆتەوە، بەڵکو زانیارییەکان لەمبارەیەوە بەشێوەیەکی وردتر دەستکەوتوون.

-لەسودانیش بەپێی ئامارێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ، لە ٩٠٪ی ژنان خەتەنەکراون و لەساڵی ٢٠٠٤دا ٨٢٪ی ژنە سودانییەکان بەجۆری فرعەونی خەتەنەکراون، پێشتریش لەساڵی ١٩٩١ بەپێی توێژینەوەیەك کە لەناوچەی (ئوم شانق) لەسودان ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە لە ٩٩,١٪ی دایکان سوورن لەسەر خەتەنەکردنی کچەکانیان و لە ٨٤,٤٪یشیان سوورن لەسەر ئەنجامدانی بەرێگەی فرعەونی[٧٨].

## پەراوێزەکان

(١) سایتی نووسەری عەرەبی سامی زیب http://go.to/samipage.

(٢) گوڵی بیابان، واریس دیری، کتێبی گیرفان/ ٤٤، و: زۆراب، ٢٠٠٤، لەبڵاوکراوەکانی چاپو پەخشی سەردەم.

(٣) دوغلاس، ماري، الطهر والخطر، ت: عدنان محسن، ١٩٩٥/ط١، دمشق، دارالمدى، ص[٢٠٢].

(٤) سەرچاوەی پێشوو. (٣)، ل[٢٠٠].

(٥) سەرچاوەی پێشوو. (٣)، ل[١٦٨].

(٦) وتارێکی د. خالد منتصر (الختان ليس عادة اسلامية أو فرعونية ولا هي عادة عبودية) لەسەر سایتی:

http://www.elaph.com.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەری مێشك بۆ سەر سێکس تەماشای کتێبەکەی د. فريدريك كهن (حياتنا الجنسية) ل[٣٢] بکە.

(٨) ديورانت، ول، مباهيج الفلسفة، ت: أحمد فؤاد الآهواني، مكتبة الانجلو المصرية ص[١٨١].

(٩) سەرچاوەی پێشوو. (٣) ل[٢٠١] و [٢٠٢].

(١٠)بارندر، جيفري، الجنس في اديان العالم، ت: نورالدين البهلول، ٢٠٠١، دمشق، دارالكلمة للنشر و التوزيع والطباعة ط١، ص[٢٣٧].

(١١) رمسيس، نادية فرع، حياة المرأة وصحتها، ١٩٩٢/ ط١، دارالجيل- بيروت، سينا للنشر- القاهرة، ص[٣٧].

(١٢) سەرچاوەی پێشوو. -ی (٦).

(١٣)د. حجازي، مصطفي، التخلف الاجتماعي مدخل الى سيكولوجية الانسان المقهور، ٢٠٠١/ ط٨، دارالبيضاء- المغرب، ص[١٠٤].

(١٤) ماستەر بەیشن mustarbation: لەکوردەواریدا پێی دەوترێت دەستپەڕ واتە چێژوەرگرتن لەرێگەی دەستبردن و یاریکردن بەئەندامی زاوزێ.

(١٥) د. الذيب، سامي، مؤامرة الصمت ختان الذكور والآناث، ٢٠٠٣/ ط١، دارالآوائل للنشر والتوزيع- دمشق، ص[٢٠٠].

(١٦) سەرچاوەی پێشوو. -ی (١).

(١٧) سەرچاوەی پێشوو. -ی (١).



(١٨) سيدني م. جوراردو تيدلاندزمن، الشخصية السليمة، ت: د. حمد دلي الكربولي وموفق الحمداني، ١٩٨٠/ ط١، بغداد، ص[٢١٩].

(١٩) سەرچاوەی پێشوو. (١٥)، ل[١٨١].

(٢٠) ليفي، هنري برول، سوسيولوجيا الحقوق، ت: عيسى عصفور، ١٩٧٤/ ط١، منشورات عويدات- بيروت، ص[٣٢].

(٢١) د. سمعان، عبدالحليم، المال والتحليل النفسي، ١٩٩٩/ ط١، دارالحداثة، بيروت، ص[٢٠٥].

(٢٢) د. دياب، فوزية، القيم والعادات الاجتماعية، ١٩٨٠/ ط٢، دارالنهضة العربية- بيروت، ص[١٢١].

(٢٣) مطر، سليم، الذات الجريحة اشكالات الهوية في العراق والعالم الغربي، ٢٠٠٠/ ط١، دارالصبح والنشر- بيروت، ص[٦٣].

(٢٤) يونغ، كارل غوستاف، جدلية الآنا ولاوعى، ت: نبيل محسن، ١٩٩٧/ ط١، دار الحوار للنشر والتوزيع- سورية، ص[٨١].

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٢٦) سەرچاوەی پێشوو. (٢٣) ل[١١٧].

(٢٧) داكو، بيير، انتصارات التحليل النفسي، ت: وجية أسعد، ٢٠٠٤/ ط٢، مؤسسة الرسالة- بيروت، ص[٣٧٦].

(٢٨)د. ابراهيم، ريكان، النفس والعدوان، ١٩٨٧/ ط١، دارالشؤون الثقافية العامة- بغداد، ص[١٧].

(٢٩) کۆمەڵێك نووسەر، من هەم من شەڕانگێزم، و: سۆزان جەمال، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، ل١١٤.

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو. (٢٨) ل[١٨].

(٣١) کامۆفلاج camouflage: لەبنەڕەتدا ئەم وشەیە واتە هەڵخەڵەتاندن و فریودان، کاتێك لایەنێك یان تیمێکی سەربازی ڕەنگی ئامراز و ئۆتۆمبێل و چەك و تەقەمەنی خۆیان دەگۆڕن لەرێگەی سواخدان بەقوڕ یان شاردنەوەیان بەگەڵای دارو درەخت، بەمە دەوترێت کامۆفلاج بۆئەوەی سەر لەدوژمن تێکبدەن و نەناسرێنەوە. شەڕانگێزی کامۆفلاجیش لێرەدا مەبەست لەو شەڕانگێزییە کە لەڕوخساری دیکەدا خۆی گۆڕیوە و ناناسرێتەوە و نابینرێت.

(٣٢) وتارێکی (رجاء بن سلامة) بەناوی (العنف ضد المرأة: هل سنكون برابرة العالم؟) لەسەر سایتی: www.kwtanweer.com.

(٣٣) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو. (١٣) ل١٢٦.

(٣٥) د. سمعان، عەبدولحەلیم، سایكۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی و: سۆزان جەمال، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧، چاپی یەكەم، ل٤٩٤.

(٣٦) لەوتاری Female Genital Mutilation لەسەر سایتی:
www.unicef.org/protection/idex-genital mutilation.html

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو. (٦).

(٣٨) سەرچاوەی پێشوو. (٦).

(٣٩) سەرچاوەی پێشوو. (٦).

(٤٠) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٤١) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو. (١١) ل٢٩٥

(٤٣) وتارێكی د. منجية سوائحي بەناوی (العنف ضد المرأة- ختان نظرة اسلامية) لەسەر سایتی:
http://www.elaph.com

(٤٤) سایتی: www.crip.org/pages/female

(٤٥) سەرچاوەی پێشوو. (١٤) ل٢٣٥.

(٤٦) داكو، بيير، المرأة؟ بحث في سيكولوجية الأعماق، ت: وجية أسعد ١٩٩١/ ط٢، مؤسسة الرسالة- بيروت، ص٣٠١.

(٤٧) (١١) ل٧١.

(٤٨) دلتافو، أليسا، العنف العائلي، ت: نوال لايقة، ١٩٩١/ ط١ دار المدى للثقافة والنشر- دمشق، ص٩٦.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو. (٤٧)، ل٩٦.

(٥٠) د. كهن فريدريك، حياتنا الجنسية، دارالتربية للطباعة والنشر، ص٥٧.

(٥١) سەرچاوەی پێشوو. (٣٤)، ل٣٤٨.

(٥٢) د. الدريع فوزية، مليون سؤال في الجنس ج١، ٢٠٠٦/ ط١، منشورات الجمل- كولونيا- بغداد، ص٢٢.

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو. (١).



(٥٤) سەرچاوەی پێشوو. (٤٥)، ل٣٠١.

(٥٥) رايك، تيودور، الحب بين الشهوة والأنا، ت: ثائر ديب، ١٩٩٢/ ط١، دارالحوار للنشر والتوزيع- سورية، ص١٧٦.

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو. (١٤) ل١٨١.

(٥٧) سەرچاوەی پێشوو. (٥١).

(٥٨) وتاری The physical effects of female genital mutilation لەسەر سایتی:
www.religioustolerance.org/fem-circ.htm.

(٥٩) هەواڵێك بەناوی (الختان يهدد خصوبة المرأة) لەسەر سایتی:
www.balagh.com/womanlakhbar/kuowpo2v.htm.

(٦٠) سەرچاوەی پێشوو. (٥٨).

(٦١)بۆ زانیاری زیاتر تەماشای كتێبەكەی د. سامی زيب (مؤامرة الصمت ختان الذكور والأناث، ٢٠٠٣/ ط١) بكە.

(٦٢)Medical consequences لەسەر سایتی:
www.childbirthsolutions.com/articles/issues/fgm/index.php.

(٦٣) سەرچاوەی پێشوو. (١٤) ل٧٦.

(٦٤) وتاری The procedures followed لەسەر سایتی:
www.unicef.org/potection/idex-genital mutilation.html.

(٦٥) سەرچاوەی پێشوو. (٦٢).

(٦٦) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٦٧) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٦٨) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٦٩) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٧٠) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٧١) وتاری (الختان: رعب يطارد المرأة السودانية) لەسەر سایتی:
www.amanjordan.org/anews/wmview.php=2779.

(٧٢) سەرچاوەی پێشوو. (١).

(٧٣) وتاری Human rights issues لەسەر سایتی: www.childbirthsolutions.com

(٧٤) سایتیwww.Time.com و ڕۆژنامەی هاولاتی ژمارە٤٥١ ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٤.

(٧٥) د. ست البنات خالد محمد، كتيب ختان الاناث رؤية طبية.

(٧٦) هستریا: پشێوییەکی خۆنەویستانەیە لەفرمانە جوڵەیی یان هەستی یان یادەوەرییەکاندا، ڕوودەدات کە گوزارشت لەململانێیەکی نیورۆسسی دەکات و بەندە بەپێداویستییە نەستییەکانەوە لای کەسی تووشبوو. هستریا لەپێشەوەی ئەو حاڵەتە نیورۆسسیانە بوو کە جانیە Janetو فرۆید Freudو برۆیەر Breuer لەدوای لێکۆڵینەوەکانی شارکۆ Sharcot کاریان لەسەر کردو توێژینەوەکانی باڤلۆڤیش هاوکاربوون لەخستنەڕووی زۆرێک لەو ڕاستیانەی دەربارەی هستریا فۆرمەلەبوون. فرۆیدو برۆیەری هاوڕێی سەرچاوەی نیشانە هسترییەکانیان بۆ ئەو هەستە سێکسوالانە گەڕاندەوە کە لەململانێدان لەگەڵ یەکدی، بەگشتی لەحاڵەتی ئاشتیدا پەیوەندی بەسێکسەوە هەیە، بەڵام لەباروودۆخی شەڕدا پەیوەندی بەمەترسیوهەڕەشە و کەشی جەنگ و کوشتارەوە هەیە، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وادەزانرا هستریا تەنیا تووشی ژنان دەبێت، دوایی دەرکەوت پیاوانیش تووش دەبن، بەڵام لەباروودۆخی ئاشتیدا ڕێژەیان هاوسەنگ نییەو ٧٠٪ی حاڵەتەکانی هستریا ژنانن و هۆکارەکەشی دیاریکراونییە، بەڵام لەوانەیە ئەو واقیعەی ژنان لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا تیادا دەژین، بەهۆکارێکی کاریگەر دابنرێت، لەو واقیعەدا کە ژنان وا پەروەردە دەکرێن بەردەوام پشت بەپیاوان ببەستن و پەنا بۆ هۆکاری نێگەتیڤ بەرن بۆ ڕاکردن لەو ئەستەمیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها زوربەی کلتورەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان تائێستا چاوەڕێی ئەوە لەژن دەکەن زیاتر لەپیاو پاڵنەرە سێکسوالەکانی بچەپێنێت.

ئیلین شوالتەر (١٩٤٢- ) لەکتێبی نەخۆشی ژنانە: ژن و شێتیو کلتوری ئینگلیزی-١٩٨٧ دا باس لەپەیوەندی تەقلیدی نێوان ژن و هستریا دەکاتوئەم پرۆژەیەی شوالتەر بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ درێژەی کێشا بەناوی چیرۆکە هسترییەکان: پەتای هستریو کلتوری نوێ-١٩٩٧، پوختەی بیرۆکەکەی شوالتەر، دەڵێت: ئێمە ئێستا لەسەر لێواری تاعونی هستریی وەستاوین، نمایشتی جەنگی کەنداوو شەکەتبوونی درێژخایەنو بێشێلکردنی سێکسوالی شەیتانی بەکاری هستریی پۆلێندەکرێن. هەروەها شوالتەر لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی نیشانەی هستریەکان پێدادەگرێت، چونکە پێیوایە ململانێی ناوەکیو کلتوریی دەنوێن.ئەم بۆچوونانە پێشوازی زۆریان لێکرا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە و هەندێک پێیان وابوو شوالتەر وەک خەیاڵێکی ڕووت لەم دیاردانە دەڕوانێت و سووکایەتییان پێدەکات.

(٧٧)د. امال احمد البشير، ختان الانثى في الطب والاسلام بين الافراط والتفريط.



(٧٨) بۆ وەرگرتنی ئامارەکان پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە:

-Elbeshier, Amal, Aplan far the establishment of amodel helth area around Om shanig, 1991 Rural Hospital.

-Lightfoot-klein.H.prisoners of Ritual: An Odyssey in to female Genital circumcision in Africa, Haworth press, Newyork, 1989.

- مؤمرة الصمت، د. سامي زيب.

- وتاری (الختان: رعب يطارد المرأة السودانية).

- ئەو ئامارەی تایبەتە بەکوردستان لەڕۆژنامەی هاولاتی ژ: ٣١٤ ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢١ و ژمارە٤٥١ ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٤وەرگیراوە.

## ژن وەك نموونە

## نارسیزم ئەنگێزەیەکی هەمیشەیی، بەردەوام لەگەڵماندا دەژی

**هیچ مرۆڤێك نییە کەسی دیکەی وەك خۆی خۆش بوێت،**
**پایەی هیچ کەسێکیش وەك پایەی خۆی مەزن ناکات و**
**هزری مەزنتر لەخۆی درك پێناکات.**

**(بلاك)**

کاتێك گوێمان لەوشەی نارسیزم narcissisme[*] یان نێرگزی دەبێت راستەوخۆ وێنەی کەسێك دێتە خەیاڵمانەوە کە کۆمەڵێك سیفەتی نەخواستراوی هەڵگرتووە، دیارترینیان خۆشەویستی خۆیەتی تا پلەی ئەشقبوون، ئەم مرۆڤە کە شەیدای خۆیەتی خاوەنی کەسێتییەکە تۆمەتبارەکرێت بەخۆپەرستیو فەرامۆشکردنی کەسانی دیکەو خولگەبەستن تەنیا لەچواردەوری خودو ئارەزووە تایبەتییەکانی، نمونەی ئەم کەسانە خۆیان لەچەقی گەردووندا دەبیننەوە وەك بەشێکی هەرە سەرەکی لەبوون و کەسانی دیکە و هەموو بابەتەکانی دیکەش بەلاوەکیو کەم بایەخ دەبینن، راو بۆچوونەکانی خۆیان بەتەنیا بابەتی راست دادەنێنو بەبێ راوەستان و دوودڵی هەموو راو بۆچوونێکی دیکە دەربارەی هەر بابەتێك رەتدەکەنەوە، هەروەها زۆرجار بەکەسانی خۆپەرست و لەخۆرازی هەر دەوترێت نارسیزم، کە بڕوایان وایە هەر لەئەزەلەوە لەئاستێکی بەرزدان و هیچ پێویستیان بەتێبینیو سەرنجی کەسانی دیکە نییە، چونکە خۆیان کەسانی تێروتەواون و خاوەن کەمالێکی تایبەتن کە وێنەی لەهیچ کەسێکدا دووبارەنەبۆتەوە، واتە تا ئاستێکی زۆر لەخۆیان رازین و ئامادەن لەپێناوی خۆشیاندا هەموو شتێك بکەن، بەردەوام باسی تواناو جوانیو دەستکەوت و خەونەکانی خۆیان دەکەن هەروەك بڵێی ئەوان بەتەنیان لەم جیهانەدا یان ئەوان خاوەن مۆرکێکی زۆر بالاترن لەجەوهەری پێکهاتنو کەسێتییاندا، بەڵام ئایا زۆربەی ئەم سیفەتانە لەبەشێکی زۆری مرۆڤدا بەدیناکرێت لەکاتێکدا مرۆڤ کەم تا زۆر لەجێی خۆیەوە خۆی بەچەقی گەردوون دەزانێت و بایەخ و گرنگی هەموو بابەتەکانی دیکەش لەو چەقەوە هەڵدەسەنگێنێت؟ کەواتە دەشێت نارسیزمی یەکێك



بێت لەخەسڵەتەکانی کەسێتی مرۆڤ و لەهەر کەسێکدا بەرەنگ و شێوەیەکی تایبەتی دەربکەوێت هەرچەندە هیچ مرۆڤێك نابینیت دان بەبوونیدا بنێت.

کەسی نارسیزمی بەمانا گشتییەکەی بەکەسێکی لەخۆرازی یان متمانە بەخۆبوو زیاد لەپێویست ناسراوە کە خۆی وادەردەخات بڕوایەکی بەتینی بەخۆی هەیە بەبێ ئەوەی پێویستی بەجەختلێکردنەوە لەلایەن کەسانی دیکەوە هەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە نارسیزمی بڕوای بەخۆی لەق و فشەڵ و بەردەوام پێویستی بەجەختلێکردنەوە و دان پیادانانی کەسانی دی هەیە، نارسیزمییەکان هەرچەندە خۆیان وایپیشان دەدەن کە خاوەنی راو بۆچوونی چەسپاوو بیرکردنەوە و رێبازی نەگۆڕن لەژیانیاندا و کەسانی چواردەورییان کاریان تێناکات، بەڵام بەبچووکترین رەخنە یان سەرنج توڕەدەبن هەروەك بڵێی قابیلی هیچ هەڵەیەك یان کەموکوڕییەك نین، بەردەوام چاوەڕێی پیاهەڵدانی چواردەورن و هەندێجار کەسە نزیکەکانی خۆیان بەتایبەتی هاوبەشەکانی ژیانیان دووچاری سەرسوڕمان و وەڕەسی دەبن لەچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، چونکە ئەوان لەڕوانگەی نارسیزمی تایبەتی خۆیانەوە لەهەموو دنیا دەڕوانن و لەوانەیە ئەوەی لای کەسانی دی تێبینی یان تیشك خستنەسەر خاڵێکی ئاسایی بێت لەلای ئەوان توندترین رەخنەی ئاڕاستەکراو بێت بۆسەر خودییان و دووچاری ئازارییان بکات، نارسیزمییەکان هەموو ژیانی خۆیان بۆ خۆیان و جیهانە شاراوەکەی ناوەوەیان تەرخاندەکەن و هیچی دی نابینن، بەڵام بێگومان ئەستەمە مرۆڤ بەتەنیا بژی، بۆیە ئەم کەسانە زۆرجار هەست بەبێزاری و ونبوون دەکەن و لەناخی خۆیان و لەخۆیان رازی نین هەرچەندە ئەمە ئاشکرا ناکەن، بۆیە بەردەوام بەشوێن سەرچاوەی جوانی و هێز و توانای نوێدا وێڵن تا ناخی تینوویان بۆ گەیشتن بەوێنەیەکی تێروتەواو کە لەمێشکییاندایە رازی بکەن، ئەمەش وایان لێدەکات لەرامانو سەرسامییەکی هەمیشەییدا بژین. لەرووی سێکسوالیشەوە (کەسی نارسیزم ناگاتە لوتکەی چێژ تەنیا لەرێگەی بینینی خۆیەوە نەبێت لەوێنە و ئاوێنەدا بەجۆرەها شێوە و لەکاتی جیاوازدا، دەروونشیکاری ئاماژە دەدات بەوەی ئەم کەسانە لەقۆناغی چووکیدا چەقیون و دوورەپەرێزن و زۆرکات لەرێگەی ماستەربەیشنەوە پێویستی سێکسوالی خۆیان پڕدەکەنەوە) [1].

تێڕوانینێکی لەمجۆرە سادەو سەرپێییە لەنارسیزم ناهەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە کەسی نارسیزم و خودی زاراوەکەش کە مانایەکی زۆر لەمانە قوڵترو سەراپاگیرتری لەسایکۆلۆژی و ژیانی مرۆڤدا هەیە و دەکرێت بڵێین زاراوەی نارسیزمی بۆ یەکەمینجار لەلایەن هافیلوك ئیلیس لەساڵی ١٨٩٨دا لەنێوکۆی پزیشکی سایکۆلۆژیدا وەك چەمکێك بۆ شیکردنەوەی

دەروونی بەکارهێنراوە، فرۆیدیش لە (سێ هەوڵ)دا لەساڵی ١٩١٠دا نارسیزمی بەقۆناغێکی گەشەی دروستی داناوە و وتوویەتی: ڕێڕەوی سێکسوالی بەنارسیزمیدا دەڕوات، هەروەها رانك لە (هەوڵێك دەربارەی نارسیزم) لەساڵی ١٩١١ نارسیزمی بەچەمکی سەرسامبوون بەخۆ ناوبردووە، لەگۆڤارێکی سایکۆلۆژیشدا لەڤییەنا لەساڵی ١٩٦٧دا چەند توانجێکی فرۆید دەربارەی نارسیزم بڵاوکراوەتەوە، کە دەڵێت: (تێبینییەکانی سادجر سەبارەت بە پەیوەندی نارسیزمی، بەلامەوە بابەتێکی تازە و دروستن)، هەروەها لەوتارێکدا لەوەرزە گۆڤاری سایکۆلۆژی شیکاریدا لەساڵی ١٩٦٢ بەناونیشانی (ئاڕاستەی پارادۆکسی نارسیزمی) باسی نارسیزم کراوە و نووسەری وتارەکە هەوڵدەدات دژیەکی ئاڕاستەی کەسی نارسیزمی راڤە بکات کە دوو ئاڕاستەی هەیە: یەکەمیان، بەهەر نرخێك بەشوێن تاکانەیی خۆیدا دەگەڕێت، ئاڕاستەی دووەمیشی، ناتوانێت بەبێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی تواوە لەناو ئەوی دیکەدا بژی[٢]، لەئینسکلۆپیدیای سایکۆلۆژیشدا بەمشێوەیە پێناسەی نارسیزم کراوە:

(خۆشەویستی زیاد بۆ خود، ئەم ئەنگێزەیە بەم ناوە ناونراوە بەناوی کەسێتی نارسیس لەئەفسانەی گریکی کۆندا، کە کەوتۆتە خۆشەویستی خەیاڵی خۆیەوە کاتێك لەسەر رووی ئاوەکە خۆی بینیوە، شیکارکارە سایکۆلۆژییەکان وایدادەنێن قۆناغێکی زووە لەپەرەسەندنی دەروونی- سێکسوالی، کە خود دەبێتە شوێنگەی بایەخپێدانی سێکسوال لەلایەن مرۆڤەوە، چونکە خۆویستن و ئەشقبوونی خود مۆرکی جەوهەرییە لەجیاکردنەوەی ئەم ئەنگێزەیەدا)[٣].

نارسیزمی لەراستیدا ئەنگێزەیەکی بەتەنیاو بێگەرد نییە بەتەواوەتی بەو مانایەی بەتەنیا لەناوچەیەکی دەروونددا بێت یان دەروونی داپۆشی بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە واپێویست دەکات بەکۆمەڵێك فاکتەر یان بەلایەنی کەمەوە بەفاکتەرێکی دیکەوە گرێ درابێت، ئەو گرێدانە لەوانەیە بەشێوەیەکی نەرم و هارمۆنی بێت، دەشکرێت بەشێوەیەکی دژ و ناکۆکی ئامێزبێت، بەڵام لەهەموو بارێکدا نارسیزمی ئەنگێزەیەکی سەراپاگیرە و دەشێت سەرتاپای ژیانمانی گرتبێتەوە بەبێ ئەوەی هێندە لێی بەئاگابین، لەکاتێکدا نارسیزم حاڵەتێکە دەروون خۆی پنتی پڕ بایەخی هەموو بابەتە پەیوەست بووەکانە بەتاکەوە و خۆی تاقانەیە و بەهیچ شێوەیەك دان بەبوونی ئەوی دیکەدا نانێت، بەڵام پێویستییەکی بەڵگەنەویستی بەوی دیکە هەیە تا جەخت لەبوونە تاقانەکەی بکاتەوە و بەمە پارێزگاری لەخۆی دەکات.

مرۆڤ دەیەوێت هەست بەشکۆیی خۆی بکات لەرێگەی خۆدەرخستنەوە و وەلانانی هەموو ئەو بابەتانەی بەرەو دژە شکۆبوونی دەبەن، لەنێوان گەیشتن بەلوتکەی هەستکردن بەگەورەیی و



مەزنی و شکۆییو بێخەوشیو خێرخوازی و چاکەداو... هتد لەگەڵ هەموو دژەکانی ئەمانەدا مرۆڤ دووچاری گێژبوون دەبێت و نازانێت چۆن دەستی لەلوتکە گیربێت و پێیەکانیشی لەدامێنی ئەو لوتکەیەدا چەسپاوبێت، چونکە بۆئەوەی بزانێت کە ئەو کەسێکی خێرخوازە دەبێت دژەکەی (شەڕخوازێك) هەبێت تا جەخت لەخێرخوازی ئەم بکاتەوە، (کرداری قوڵبوونەوەی ناردنی شەڕانگێزی بۆ کەسانی دیکەو هەستکردن بەوەی کە تاك خێرخوازەو بێ زیانەو وەرگرتنی شتە باشەکانو پێکەوەنووسان introjection لەگەڵیدا دەبێتە هۆی هەستکردن بەبێگەردی و بێ خەوشی، لەبەرئەوەی ئەم میکانیزمانە بەیەکەوە بەهێز و سەرەتایین، وێنەی راستەقینەی تاك تەمومژ دەکەن و ئەم بارەش ناودەبرێت بەنارسیزم)[٤].

کەواتە دەبێت نارسیزم قۆناغێکی سروشتی گەشەکردنی سایکۆلۆژی سێکسوالی بێت و هەموو تاکێك پیایدا تێپەڕبێت یان بارێکی پاسۆلۆژی بێت و مرۆڤ خۆی درکی پێنەکات؟ بەوردبوونەوە لەقۆناغی پێش جێنیتالی (زایەندی) لەمنداڵداو تا دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری و دواتر هەڵبژاردنی هاوبەشی سێکسوالی دەبینین نارسیزم بەردەوام هەیەو (هەڵسوکەوتە مرۆییەکان بەشێوەیەکی قووڵ و درکپێنەکراو بەنارسیزمی تێرن)[٥]، نارسیزمی یەکەمی (سەرەکی)و نارسیزمی دووەمی (لاوەکی) هەیە، نارسیزمی پۆزەتیڤ هەیە کە دەبێتە یەکێك لەو فاکتەرانەی کەسێتی مرۆڤ فۆرمەلەدەکەن و وزەی پێویست بۆ گەشەسەندنی (من)و روانینی دروست بەرامبەر بە (بابەتە سێکسوالییەکان) دابیندەکەن، لەهەمانکاتدا، نارسیزمی نێگەتیڤیش هەیە کە مرۆڤ دووچاری نەخۆشییە دەروونیو نیۆرۆسییەکان دەکات و رەنگدانەوەی خراپیشی لەسەر رەفتارو کەسێتی مرۆڤ و شێوازی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دیدا، دەبێت. نارسیزم لەوپیاوانەدا هەیە کە بەردەوام لەهەوڵی نمایشتکردنی پیاوەتی خۆیاندان کە تەنیا لەدەرخستنی هێزو توانای سێکسوالییاندا ئەو پیاوەتییە دەبیننەوە، هەروەها هۆمۆسێکسوالەکان (لەهەردوو توخم) کاتێك لەگەڵ کەسێکی هاوتا بەتوخمەکەی خۆیان پەیوەندی سێکسوالی گرێدەدەن چێژێکی گەورەی لێدەبینن، چونکە درێژکراوەی نارسیزمی خۆیان لەوکەسەدا دەبیننەوە، بەهەمان شێوە بەو ژنە دەوترێت نارسیزمە کە سێ بەشی ژیانی لەبەردەم ئاوێنەدا و لەجوانکردنی خۆیدا بەسەردەبات، چونکە زۆر بەسانایی لەوە زیاتر خۆی خۆش دەوێت کە ئەو کاتە بەزۆر بزانێت و ئەو خۆشەویستییەی ئاڕاستەی بابەتەکانی دیکەش بکات، ئەم ژنە کە بیرکردنەوەی لەسەر بابەتی جوانکردنی خۆی بەهەموو شێوەیەك، چڕدەکاتەوە نارسیزمییە و دەیەوێت بەهەموو شێوەیەك ئەوانەی لەخۆیدا

پێی سەرسامە خزمەتییان بکات و تەنانەت ئەو تەنیا ئەو جوانییانە لەخۆیدا بەدیدەکات و خاڵی سەرەکیش لەلای هەر خۆیەتی، ئەو کوڕانەش کە یاری لەشجوانی دەکەن و لەسەر سەکۆی نمایشتکردنی یانەکان خۆیان گیف دەکەنەوە خەون بەو ساتەوە دەبینن کە جیهان لەگەڵیاندا هاوبەش بێت و لەسەرسام بوونیان بەجوانی لەشییان و پتەوی و گەورەیی ماسولکەکانیان تا جەخت لەوێنەی پیاوەتی خۆیان بکەنەوە لەشێوەی دەرخستنی لەشولاری پڕ لەماسولکەی بریقاوەیاندا، ئەو ژنانەی ئاساییە لایان یان ئارەزوودەکەن خۆیان لەئامێزی زۆرترین ژمارەی پیاودا ببیننەوە ئەوانەش نارسیزمین و زۆر پێویستیان بەوەیە هەست بکەن خۆشەویستن، جوانن، سەرنجڕاکێشەرو ئارەزووکێشکەرن، ئەو ژنە سێکسساردانەش کە دەیانەوێت پیاوان رابکێشن، بەڵام خۆیان تەسلیم ناکەن هەر نارسیزمین، چونکە لەو باوەڕەدان ئەوان شایستەی پیاوی بەتواناتر و رەندترن یان پێویستییان بەوان نییە و بەبێ ئەوانیش دەتوانن وەك خۆیان بەتەنیاو بەبێ سێکس بژین، بەهەمان شێوە ئەو ژنانەش کە خۆیان فەرامۆش دەکەن و بایەخ بەرەنگ و رووخساری خۆیان و رووکاری دەرەوەیان نادەن و خزمەتی خۆیان بەزیادە دەزانن هەر پێیان دەوترێت نارسیزمی، چونکە بڕوایەکی رەهایان بە کەمال و جوانی خۆیان هەیە و پێیانوایە پێویستیان بەهیچ نییە و هەر لەخۆڕسکەوەو تا ئەبەد هەر خۆیان خۆبەخۆ جوان و سەرنجڕاکێشەروتێروتەواون.

لەهەمانکاتدا ئەو پیاوانەش کە بەشوێن زۆرترین ژمارەی کچانەوەن و هەوڵی کێشکردنییان دەدەن نارسیزمین و پێویستیان بەکەسانێك هەیە کە جەخت لەپیاوەتییان بکاتەوە کە لەرێگەی سەرنجڕاکێشانی توخمەکەی دییەوە (ژنان) ئاسوودەبن.

تەنانەت هونەرمەندیش بەشێوەیەك لەشێوەکان کەسێکی نارسیزمییە کاتێك هونەرەکەی کە وەرگێڕانی ناوەڕۆك و ناخی خۆیەتی لەواقیعدا بەرجەستەدەکات و ئارەزوودەکات هەموو دونیا پێی سەرسام بێت، فرۆید[٦] ئەوەی ئاشکراکرد هونەرمەند ناتوانێت دەستبەرداری خۆشییە غەریزەییەکانی ببێت و رەتکردنەوەی بۆ ئەو دەستبەرداربوونە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی فەنتازیاکانیەتی، کە دەزانێت لەرێگەی ئارەزووە تایبەتییەکانییەوە رێگایەك بۆ گەڕانەوە بۆ واقیع بدۆزێتەوە بەشێوەیەك ئەو فەنتازیایە دابڕژێتەوە کەوا لەجیهان بکات خەسڵەتی شەرعیو پێشکەوتنی ئەو خۆشییە غەریزییانە بەهونەرەکەی ببەخشن.

ئەوانەی بەکورتی ئاماژەمان پێدان بێگومان هەموو نارسیزم نییە و کەسانی نارسیزمیش هەرئەوانە ناگرێتەوە، لێرەوە هەوڵی شروڤەکردنی زیاتری نارسیزم دەدەین و لەکوچە و



پەناگەکانی ناخ و شەپۆلەکانی تەمەن و تەمومژی فەنتازیاکانی بیرکردنەوەدا، نارسیزم بەدیدەکەین هەروەك لوئاندریاس سالومە، دەڵێت: (نارسیزم تەنها قۆناغێکی ناکاملی پێنەگەیشتوو نییە کە پێویست بکات لێی تێپەڕبین، بەڵکو هاوڕێی ژیانەو بەردەوام نوێ دەبێتەوە)[٧]. نارسیزم کە ماناکەی بە (خۆشەویستی خود) لێکدەدرێتەوە دەشێت هەوڵێکی شکستهاتوو بێت لەسڕینەوەی ئەو بابەتانەی مرۆڤ قەڵسو جاڕس دەکەن، کە ئەو بابەتانە ئاسایی تاك لەدەرەوەی خودی خۆی دایان دەنێت و خۆی خۆشدەوێت خۆی بەسەر هەموویاندا دەسەپێنێت تا لەرێگەی ئەو پەردە پۆشکردنە واقیعییەوە هەموو بابەتەکان جگە لەخۆی رەتبکاتەوە، هەمیشەش واباوە ئەم کەسانە کە خۆیان خۆش دەوێت و خۆیان بەسەرەکیو چەقی بایەخ و گرنگیدان دادەنێن و هەموو بابەتو کەسێکی دیکەش بەلاوەکیو کەم بایەخ تەماشا دەکەن و خۆشیو چێژەکانی خۆیان بەردەوام لەپێش هەموو شتێکەوەیە لەلایان، ئەم کەسانە لەکۆمەڵدا بەباشی ناونابرێن، چونکە کۆمەڵگە بەردەوام ئەو وانانە بۆ تاکەکانی دووبارەدەکاتەوە کە لێبوردەیی و خۆشەویستی کەسانی دی و لەیادکردنی خودو خۆنەویستیو قوربانیدان بەخۆ لەپێناوی ئەوانی دیدا، بەرجەستە دەکات، لەبەرئەوە گوزارشتکردن لەچێژ و حەزە خودییەکان واتە راشکاوانە دانان بەنارسیزمدا هەمیشە بەکارێکی هەڵەو بێزراو دادەنرێت و ئەو کەسەش بەنارسیزمێکی بێ شەرم ناوی دەبرێت، بەڵام (بۆچی نارسیزمی یان کەسی نارسیزمی ناو و ناوبانگێکی بەدی هەیە؟ بۆچی نارسیزمی گوناهە، وەڵامەکەی بەم شێوەیەیە: چونکە منی باڵا کە حیساب بۆ ئایین و کلتور و داب و نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگە، دەکات پێمان دەڵێت نابێت خۆپەرست بین، دەبێت کەسانی بەرامبەرمان خۆشبوێت لەخۆشیو یارمەتیو خێرەکانمان بێبەشیان نەکەین)[٨].

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کاتێك ئاماژە بەنارسیزم وەك سیفەتێکی نەخواستراو لەکۆمەڵگەدا دەدەین و بۆچی راشکاوانە گوزارشتکردن لەنارسیزم کارێکی شەرمهێن و ناشرینە، باسی ئەو بۆچوونەش یان ئەو تێڕوانینە بەرامبەر بە ژن بکەین کە تێڕوانینێکی ئەگەر نەڵێین تەواو هەڵەیە ئەوا بەدڵنیایی تێڕوانینێکی ناتەواوە کە ژن لەپیاو بەنارسیزمتر دادەنێت، تەنیا بەهانەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، دەڵێن: ژن نارسیزمترە، چونکە زیاتر تەماشای ئاوێنە دەکات، لەراستیدا ئەم بۆچوونە لەبنەڕەتدا هەڵە تێگەیشتنە لەخودی نارسیزم، چونکە تەنیا بەپێی ئەفسانەکەی (نارسیس) کە بەردەوام تەماشای خۆی لەئاودا کردووە نارسیزم لێکدەداتەوە، لەکاتێکدا (لەرووی تێگەیشتنی شیکاری سایکۆلۆژییەوە نارسیزم واتە وزەی

سێکسوال (لیبیدو) لەدوای ئەوەی بۆ بابەتی دەرەوەی خودی تاك درێژدەبێتەوە جارێکی دیکە ئەم بابەتە سەرلەنوێ بۆلای خودی تاك کێش دەکرێت)[٩].

ئەگەر نارسیزم واش لێکبدرێتەوە کە ئەو کەسە بەتەنیا خۆی خۆشدەوێت و خزمەتی خۆی دەکات ئەوا دیسانەوە بەهانەیەکی بێ بنەمایە، چونکە لەگەڵ وێنەی واقیعی ژندا هاوجێ نابێت، خۆنەویستنی ژنو هەوڵدان بۆ بەختەوەرکردنی چواردەوری ئەگەر سیفەتێکی غەریزەییش نەبێت لەژندا ئەوا شێوازی ژیان و سستمی کۆمەڵگە کارێکیان کردووە ئەمانە بوونەتە خەسڵەتی خۆڕسکی ژن و بەردەوام نموونەی ئەو ژنانە لەواقیعدا زۆرن کە لەئارەزوو و ویست و خەونەکانی خۆیان دەبوورن لەبەرخاتری ئارەزوو و ویست و خەونەکانی ئەو کەسانەی خۆشیاندەوێن و خۆشی خۆیان بە بەختەوەری ئەوانەوە گرێدەدەن.

بەپێی توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژی نوێ کە لەساڵی ١٩٩٣دا لەلایەن پزیشکێکی کەنەدی پسپۆڕ لەبواری پشێوییەکانی کەسێتیدا بەناوی دکتۆر[١٠] (w.John Livesley) ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە نارسیزم سیفەتێکی بۆماوەییە، دکتۆر جۆن توێژینەوەکەی لەژێر ناونیشانی (بۆ ماوە و رۆڵی ژینگە لەروودانی پشێوییەکانی کەسێتیدا) لەسەر (١٧٥) دوانەی خۆبەخش ئەنجامدا کە (٩٠)یان دوانەی لەیەکچوو بوون، (٨٥)یشیان دوانەی لەیەکنەچوو بوون، هەریەك لەو دوانانە وەڵامی فۆرمێکیان دایەوە کە (١٨) رەهەندی پشێوی کەسێتی لەخۆگرتبوو، ئەو پزیشکە ئەو رەهەندانەی کەسێتی کە قابیلی گواستنەوەن لەرێگەی بۆماوەوە لەمیتۆدی ستاندەرەوە، وەرگرتبوو، لەو هەژدە رەهەندە دەرکەوت نارسیزم خاوەنی بەرزترین توانای گواستنەوەیە لەرێگەی بۆماوەوە کە هاوکۆلکەی گواستنەوەکەی (٠,٦٤) بوو، دکتۆر جۆن ئاماژەی بەوەدا هاویەك بوونی ئەم سیفەتە لەدوانەی لەیەکچوودا بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بۆماوە دەگەڕێتەوە، لەرەهەندەکانی دیکەی کەسێتی جگە لەنارسیزم تەنیا چوارییان هاوکۆلکەی بۆماوەکەی لە (٠,٥) گەورەتر بوو، کە ئەوانەش بریتی بوون لەرەهەندی دڵڕەقیو کەڵلەڕەقیو دژایەتیو دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی لەکەسێتیدا.

## نارسیزمی یەکەمی (لەمنداڵدا)

چالاکی سێکسواڵ بەدوو ماوەدا تێپەڕدەبێت کە قۆناغی متبوون Latency stage جیایان دەکاتەوە، ماوەی یەکەم پێی دەوترێت پێش جێنتیالیو سێ قۆناغە کە فرۆید لەژێر ناوی قۆناغەکانی گەشەی سێکسواڵدا پۆلێنی کردوون کە ئەوانیش ئەمانەن: قۆناغی زارەکی



oral stage قۆناغی کۆمی Anal stageو قۆناغی چووکی- ئۆدیبی phallic-odipas stage (خەسڵەتی جێگیری غەریزەی سێکسوال لەماوەی پێش جێنیتالیدا، نارسیزمە، پێویستە ئەم ستێرۆتایپە لەنارسیزم کە ناونراوە بەنارسیزمی یەکەمی لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت نارسیزمی دووەمی تێکەڵ نەکەین. نارسیزمی یەکەمی ئاماژەیە بۆ ئەو سۆزە هەستییانەی کە لەبەئاگا هێنانەوەی خودییەوە سەرهەڵدەدەن، ئەم نارسیزمە خۆی لەچێژێکی جەستەییدا دەنوێنێت وەك مژینی پەنجە، پیساییکردن و گرتنی پیساییو دەستلێدان لەئەندامی زاوزێ)[١١].

نارسیزمی یەکەمی لەمنداڵدا نەخۆشی نییە، بەڵکو خەسڵەتێکی سروشتی ماوەی پێش جێنیتالییە و لەگەڵ گەشەی دەروونیو سێکسوالی دووردرێژی پێگەیشتن و کامڵبوونی سۆزداریدا منداڵ دەستبەرداری دەبێت لەکاتێکدا کە پێشتر (بەتەواوەتی نارسیزمییە و وزە لیبدۆکەی- سێکسوالەکەی- بەهەمەکی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیو پاراستنی بوونی تەرخانە. لەم رۆڵەدا منداڵ خاوەنی هەستێکی خودی دەروونی نییە و لەلای ئەو هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەوو جیهانی شتەکاندا نییە، لەم واقیعە جیانەکراوەدا منداڵ هەموو شتێك کە لەجیهانەکەیدایە وایدادەنێت کە ئەوە، هێزی ئەم جیهانە و هەموو شتێك کە تیایەتی بەهێزی خۆی دادەنێت، ئەم هەستە هاوتایە لەگەڵ هەستی سۆفییەك کاتێك لەگەڵ هەموو گەردووندا لەتەنیا (خود)ێکدا یەکدەگرێت)[١٢].

منداڵ لەسەرەتای درککردنیدا خۆی وەك بەشێکی لێکنەپچڕاو لەگەڵ دایکیدا هەست پێدەکات کە دایکی دابینکەری پێداویستییەکانییەتیو تواناکانی رەهان، نارسیزمیش وەك وتمان لەتەمەنێکی زوودا دەردەکەوێت، بەڵام کارپێکردنی دیاریی نارسیزم هاوکاتە لەگەڵ دروستبوونی (من)ی قسەکەردا کە دروستنابێت تەنیا دوای (قۆناغی ئاوێنە)[١٣] نەبێت، واتە چاوپێکەوتنی یەکەمی نێوان منداڵ و وێنەکەی خۆی لەناو ئاوێنەدا کە ئەم ناسینە بەسێ قۆناغدا دەڕوات و لەساڵ و یەك مانگەوە بۆ دووساڵ و نیوی دەخایەنێت و منداڵ لەسەرەتادا خۆی ناناسێت و بوونی خۆی لەگەڵ کەسێکی دیکە جیاناکاتەوە، پرسیاردەکات ئەوە کێیە دایکی پێی دەڵێت ئەوە تۆیت، لەدوای ئەوەی درك بەوە دەکات ئەو وێنەیە خۆیەتی ئەوکاتە خۆی دەناسێت و دەست بەبیرکردنەوە لەخۆی و کۆنترۆڵکردنی خۆی لەرێگەی ئارەزوو فەنتازییاکانییەوە، دەکات، خۆناسینی منداڵ کاتێك کە هاوکات دەبێت لەگەڵ پیاهەڵدانی زیادەڕۆیانەی دایك و باوك کە پێی دەڵێن هیچ منداڵێك لەدنیادا نییە لەتۆ جوانتر یان ژیرتر یان زیرەکتر... هتد، منداڵ زیاتر خۆی خۆشدەوێت و شانازی بەخۆیەوە دەکات و وادەزانێت

بوونێکی ناوازەیەو خاوەنی توانایەکی هەمەکییە، دەیەوێت وەك دایك و باوکی وابێت و لەکرداری هەوڵدانیو خەیاڵکردنەوەیدا لەوەی کە رۆڵی ئەوان ببینێت بەر ئەوحەقیقەتە دەکەوێت کە ئەو لاوازە، منداڵی کوڕ بێهێزی خۆی درك پێدەکات کاتێك تەسلیمی ئەو راستییە دەبێت کە ناتوانێت جێگەی باوکی بگرێتەوە، کچیش بەهەمان شێوە کاتێك درك بەو راستییە دەکات کە گەیشتن بەباوکی و جێگەگرتنەوەی دایکی، ئەستەمە.

چەپاندنی ئەو پاڵنەرە پێش جێنیتالییانە دەشێت رۆڵێکی پۆزەتیڤانە لەفۆرمەلە بوونی (من) لەکاتی داڕشتنی کەسێتی منداڵداو گەشەی دەروونی سێکسوالیدا ببینێت، لەوانەشە ببنە ناوکی زنجیرەیەك ململانێی سایکۆلۆژی هەمیشەییو لەئایندەدا لەچوارچێوەی پەیوەندی خۆشەویستیدا سەرهەڵبدەنەوە.

منداڵ پێویستی بەهۆکارێکە بۆئەوەی لەقۆناغی منداڵیدا نارسیزمییەکەی بپارێزێت لەکاتێکدا کە هەڵپەی ئەوە دەکات دەستکاری توانا رەهاکانی باوانی بکات بەهەوڵدان بۆ جێگەگرتنەوەی و لەکاتی فۆرمەلەبوونی رەگەزەکانی (من) لەخۆیدا (ئەو بووکە شوشە یان ورچە پەڕۆیینەی منداڵ دەیکاتە هاوڕێی خۆی دەبێتە پاسەوانێکی باشی نارسیزمییەکەی...)[١٤]، دەشێت ئەو پاسەوانە کەسێتییەکی خەیاڵی بێت و ناوێکی لێنرابێت یان بوونێکی بەرجەستەی لەورچێکی یان کەروێشکێکی پەڕۆینەدا هەبێت یان بوونێکی بەرجەستەی زیندووی لەئاژەڵێکی وەك پشیلەدا هەبێت، نەك تەنیا کاری گەورە بۆ منداڵ دەکات، بەڵکو باوانیش زۆرجار دەستی یارمەتی بۆ درێژدەکەن و لەزمانی ئەوەوە پەیامەکانیان بەمنداڵەکانیان دەگەیەنن، بۆ نموونە پێی دەڵێن پشیلەکەت یان کەروێشکە پەڕۆینەکەت (کە زۆرجار منداڵ ناوێکی تایبەتی لێ دەنێت) لێت زویرە، چونکە شیرینیت زۆر خواردووە، لەهەمانکاتدا منداڵەکەش ناخی خۆی لەئارەزوو خواستەکانی هەر لەرێگەی ئەو هاوڕێیەوە دەردەبڕێت، هەروەها ئەو هاوڕێیە نهێنییەکانی بۆ دەپارێزێت کە کاریگەری گەورە لەسەر هەڵسوکەوتی بەجێدێڵن، لەلایەکی دیکەشەوە (کە ئەمە زیاتر مەبەستە) ئەو هاوڕێیە وادەکات منداڵ هەست بەبەهاو بوونی خۆی بکات کە خاوەنی هاوڕێیەکی تایبەتییە و ئەو هاوڕێیە خۆشیدەوێت و خەمخۆرییەتی واتە بایەخ بەنارسیزمییەکەی دەدات، ئەم بارە هێندە درێژە ناکێشێت و لەگەڵ سەرەتای چوونە قوتابخانە ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە ئەو هاوڕێیە بەهاوڕێیەکی منداڵ بگۆڕێتەوە، بەڵام هەرجۆرە سۆزێکی بۆی دەمێنێت و لەوانەیە تا گەورەیی هەر بیپارێزێت وەك بەشێك لەیادەوەرییەکانی منداڵی کە بەشێك لەنارسیزمییەکەی دەنوێنێت.



## نارسیزمی دووەمی (لەکچدا)

کچ بۆ جەختکردنەوە لەمێیەتی خۆی لەبەردەم دایکیدا کە بەخەیاڵی خۆی دایکی ئەو هێزەیە کە مێیەتی ئەم رەتدەکاتەوە و لەهەمانکاتدا بۆ جەختکردنەوەی لەمێیەتی خۆی لەبەردەم باوکیداو بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە ئێستا مێیەکی تەواوە، ئارەزووی خۆشەویستی دەکات بەهەردوو جەمسەردا واتە کەسێکی خۆشبوێت و لەهەمان کاتیشدا خۆشەویست بێت، ئامانجی لێرەدا خودی کەسەکە یان بابەتی خۆشەویستییەکە نییە، بەڵکو تێرکردنی ئارەزووە سۆزدارییەکانیەتی، چونکە لەدوای ئەوەی وزەی سۆزداری لەمنداڵیدا بەرەو دایك و خێزان بوون ئێستا لەهەرزەکاریدا ئەو وزەیە رووە و دەرەوە ئاراستە دەکرێت کە لەکۆتایی قۆناغی منداڵیو سەرەتایی هەرزەکاریدا لەخۆشەویستی کچێکی هاوتەمەنی خۆیدا مۆڵگە دەبەستێت و وێنەی درێژکراوەی خۆی تیادا دەدۆزێتەوە، کە بەتەواوەتی قۆناغی منداڵی بەجێدەهێڵێت بارگە هەڵچوونیو سۆزدارییەکانی لەناو خۆیدا چڕدەبنەوە و دەستدەکات بەبایەخدان بەخۆی بەهەموو شێوەیەك ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نارسیزمییەکی بەهێز باڵی بەسەردا دەکێشێت کە نارسیزمی دووەمییەو (لەکاتێکی دوای منداڵیدا سەرهەڵدەدات، کاتێك لەچوارچێوەی شتەکانی دەوروپشتی جیادەبێتەوە و هەندێك لەوزەی لیبدی لەخودەوە بۆ هەندێك شتەکان لەدەوروبەری دەرەکی دەڕۆن و پەیوەست دەبن پێوەی، ئەم گۆڕانە لەئاراستەکردنی وزەدا رووەدات بەهۆی درك پێکردنی ئەو منداڵە هەرزەکارەوە بەوەی کە کەمکردنەوەی گرژییەکانیو دەستکەوتنی چێژ بەهۆی کەسێکی دیکەوە دەستدەکەون، لەبەرئەوە کەمێك لەوزەی لیبدی خۆی بۆیان تەرخان دەکات، بەمە نارسیزمی یەکەمی بۆ پەیوەندییەکی بابەتگەرییانە دەگۆڕێت، ئەوەی لەم قۆناغەدا رووەدات منداڵ رووبەڕووی نوشوستیو سەرشۆڕی یان رەتکردنەوە دەبێت لەوشتانە کە وزەی لیبدی خۆی پێ بەخشیون، ئەگەر ئەمە رووبدا جارێکی دی ئەو وزەیەی کە بەخشیویەتی لێیان دەکێشێتەوە و بۆخۆی دەخاتەوە بەرفرمان)[١٥].

ئەم کچە هەرزەکارە کاتێك کوڕو کچێك دەبینێت پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەنێوانیاندایە (بەواقیعی یان لەفیلم و چیرۆکەکاندا) ئارەزوودەکات هەمان رۆڵ ببینێتەوە. (کێشەی ویژدانی بەنیسبەت کچەوە لەپێش نەرزەبوون ئەوەیە چ بابەتێك بکاتە ئامانجی خۆشەویستییەکەی، بەڵام ئێستا کەسێك دەکاتە ئامانجی ئەو خۆشەویستییەی لەوێنەیەکی راشکاو یان بڕواپێهێنراودا. لێرەوە خۆخواردنەوە و ئالودەبوون بەئەندێشەلێگرتنیو بایەخدانی

زیاد بەخودو لەخۆبایی زیاد، دەستپێدەکەن. ئەم نارسیزمە توندە وادەکات ئەستەم بێت کچ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەیەکی پێگەیشتوو بەتین دابمەزرێنێت و هەرچەندە زۆربەی جار ئەو پەیوەندییانە بەسۆزداری و ڕۆمانسییەتێکی توند وەسفدەکرێن. ئەمەش هەستیاری کچ لێکدەداتەوە بەرامبەر بەشکستهێنانی لەخۆشەویستییەکەیدا، چونکە زیاد لەپێویست داوای خۆشەویستیو ڕێزدەکات)[١٦] ئەم کچە پێویستییەکی زۆری بەخۆشەویستییەکی ئایدیالی هەیە کە بیگەیەنێتە ئەو کەماڵەی تینوێتی نارسیزمەکەی پێ دەڕەوێنێتەوە، بەدەستهێنانی ئەو جۆرە خۆشەویستییەش سانا نییە و دەکەوێتە بەردەم ململانێیەکی دژوارەوە لەنێوان تەسلیمبوون بەنارسیزمەکەییو پاراستنی هێشتنەوەی پەیوەندی ناوازەی لەگەڵ دایکیدا کە تا ئێستا ئەو نزیکترین کەس بووە لێیەوە و هاوکات هێمایە بۆ کۆمەڵێك بەهاو چەمکی کۆمەڵایەتی فێرکراو و سەپێنراو، لەم نێوەندەدا دووچاری پەرتبوونێك دەبێت لەنێوان سۆزە تایبەتییەکانیو ئەرکە مۆرالییەکانیدا، لەهەمان کاتدا گومانەکانی بەرامبەر بەتوانای ڕەهای دایکیو تەماشاکردنی وەك وێنەیەکی ئایدیالیزەکراو، تۆختر دەبنەوە.

قۆناغی هەرزەکاری کە قۆناغێکی ناسکی یەکلاییکردنەوەیە لەنێوان دوو جیهانی تەواو جیاواز لەیەکدی، جیهانی منداڵی و جیهانی گەورەبوون، تاك بەکۆمەڵێك مۆرالی کۆمەڵایەتیو بەهاو چەمکی نوێ و هەندێجار دژ بەو مانایانەی لەمنداڵیدا وەریگرتوون ئاشنادەبێت، فێردەبێت چۆن هێز و توانا هەیە بێ هێزی و لاوازیش هەیە، بەهەمان شێوە ڕق و خۆشەویستی، بەزەییو دڵڕەقی، ئازایەتیو ترسنۆکی، دڕندەییو مرۆیبوون هەن،... هتد، بەرلەوەی تێڕوانینەکانی بەرامبەر بەجەوهەری مرۆڤ و ئەو چەمکانەی هەڵیگرتوون بەگشتی ڕوونببێتەوە پێویستی بەوەیە بەهەقیقەتێك ئاشنابێت یان هەقیقەتێك ئاشکرابکات، لەمنداڵیدا لەبەشێك لەخۆشەویستی بۆ خۆی دەبووری و بەبەشێك لەبەها هاوبەشەکان لەگەڵ باوانیدا پڕیدەکردەوە، چونکە لەوباوەڕەدابوو ئەوان خاوەن توانایەکی ڕەهان، کچ لەمنداڵیدا هەستدەکات دایکی توانای بەدیهێنانی هەموو خواستەکانی ئەمی هەیە لەبەرئەوە لەبەشێك لەخۆشەویستی خۆی دەبورێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەشێك لەوزەی لیبدی خۆی دەدات بەشتەکانی چواردەوری و بەمەش وادەزانێت لەڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە لەگەڵ دایکیدا کەسێکە گەیشتۆتە کەمال، لەچاولێکردن و وەرگرتنی فۆرمێکی پێگەیشتوو بۆ کەسێتی خۆی دایکی نموونەیەکی سەرەکی بووە، بەڵام ئێستا پێویستە درك بەوەبکات کە دایکی ئەوکەسە توانا ڕەهاو تێروتەواو نییە ببێتە دوا وێنەی ئایدیالیزەکراو لەلای، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا



کەسێتی دایك بۆ کچ دەبێتە ئەو ڕێنیشاندەرەی زامنی وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتیو جەوهەری بەها مۆرالییەکان لەلای ئەو کچە، لەئایندەدا، بەدوو ئاڕاستەدا، دەبەن: ئاڕاستەیەکی دروست کە کچەکە ببێتە خاوەن کەسێتییەکی پێگەیشتوو کامل لەڕووی سۆزدارییەوە، ئاڕاستەی دووەمیش ئاڕاستەیەکی بەئامێرکراوە واتە کچەکە کراوەتە ئامێرێك بۆ بەدیهێنانی خواست و خەونە بەدیهاتوو بەدینەهاتووەکانی دایکەکە و سەپاندنی هەموو ئەو بەهایانەی کە دایکەکە خۆی دەیانخوازێت بەبێ هیچ پێودانگ دانانێك بۆ خەونو خواست و بوونی کچەکە و گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی سەردەم، کچ لەسەرەتای چوونە قۆناغی هەرزەکارییەوە نارسیزمەکەی بەشێوەیەکی بێ سنوور کارایە و وای لێدەکات (لەجیهانێکی توانا ناکۆتادا خۆی ببینێتەوە، کە دەکرێت ببێتە ژن یان پیاو یان شاعیر یان ئەکتەر یان پڕۆگرامدانەری کۆمپیوتەر یان گەردووناس یان پەرستیار یان پزیشك یان شازادە یان زانا یان ڕۆماننووس... هتد لەوانەیە بەشێوەیەکی هەمەکی ببێتە کەسێکی نوێ، چونکە ڕۆژگار لەبەرەو پێشچوونێکی بەردەوامدایە)[١٧].

ئەم نارسیزمە بەهۆی گۆڕانە فسیۆلۆژییەکان و ئەو گۆڕانانەی لەپێکهاتەی سایکۆلۆژی کچدا ڕوودەدەن بەرەو زیادبوون دەچن، لەپێش ئەوەی توانای بەستنی پەیوەندییەکی تێکەڵاو لەسۆزداری و بێگەردیی منداڵیو چێژی سێکسوالی لەگەڵ توخمە دژەکەیدا (کوڕ)، هەبێت بایەخ پێدانەکەی بۆناو خۆییو لەسەر جەستەی چڕدەبنەوە، ئەم نارسیزمە دووچاری بەرکەوتن دەبێت لەگەڵ ئەرکە مۆرالییەکانی (منی باڵا)دا کە ڕەگوریشەکەی بۆ ناو نارسیزمی یەکەم دەگەڕێتەوە و (هەوڵدەدات بەرهەڵستی ئەو هەڕەشانەبکات کە ڕووبەڕووی نارسیزمەکەی دەبنەوە ئەویش لەڕێگەی کردارە ڕزگارکەرە نموونەییەکانی لەهەرزەکاریدا ڕوودەدەن کە هەمان کردارەکانی چڕکردنەوەی بیرە لەسەر خود بەشێوەیەکی زیادەڕۆییانە، وەك چەند سەعاتێك دانیشتن لەبەردەم ئاوێنەداو گەڕان و پشکنین بەشوێن کەموکورییە جەستەییەکانداو فڕێدانی جلوبەرگ و بەجێهێشتنی ژوورەکەی لەبارێکی فەوزەویدا و درەنگ هاتنەسەر خوان و فەرامۆشکردنی هەموو کاتە خێزانییەکان... هتد)[١٨]. ئەو کەسایەتییانەی کچی هەرزەکار بەناو و ناوبانگی هونەریی یان ئەدەبیی یان جوانیی یان دەوڵەمەندیی یان زیرەکییان... هتد سەرسام دەبێت، خۆی لەوێنەی ئەواندا دەبینێتەوە، دەگەڕێت بەشوێن نمونەی تەرزی نوێ لەجیهانی دەرەوە دوور لەکیانی دایکی کە تا ئێستا هەوڵی وەرگرتنی هەموو سیفەتەکانی ئەوی داوە، وردە وردە ئەو هەستە لای بێهێز دەبێت کە پێشتر پاڵی پێوەدەنا وەك دایکی

وابێت، ئێستا دەیەوێت خۆی بێت نەك هەرئەوەندە، بەڵکو دەیەوێت خۆی لەوێنەیەکی تەواو کەمالدا بدۆزێتەوە لەدایکی باشتربێت، هەڵواسینی وێنەی کۆمەڵێك کەسایەتی بەدیواری ژوورەکەیدا یان هەڵگرتنی وێنەکانیان لەناو ئەلبووم و لەسەر دەفتەرەکانی خوێندنگە، تەنها هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی خودی خۆی، چونکە لەوکاتەدا هەست بەتواناو هێزی خۆی دەکات لەرێگەی پەیوەستبوونی بەو کەسایەتییانەی پێیان سەرسامە کە دەشێت پەیوەندی پێیانەوە واقیعی بێت یا تەنیا لەرێگەی کۆمەڵێك وێنەو کاسێت و تۆمارەوە بێت و لەخەیاڵ و زیندەخەونەکانیدا جۆرەها چیرۆك و پەیوەندی سەیری لەگەڵیاندا هەبێت.

پاشان دەستدەکات بەدووبارە لێکدانەوەی مانا شاراوەکانی ئەو چیرۆکانەی خەیاڵییان داگیرکردووە یان ئەو زیندەخەونانەی تیایاندا دەژی، ئەو بابەت و چیرۆکانەی پێشتر هیچ مانایەکی زەمەنییان تیادا ئامادەنەبوو، ئێستا لەگەڵ رابوردوو و ئایندەدا بەراوردیان دەکات، وێڕای هەستکردن بەدوورکەوتنەوە لەوانەی خەیاڵین‌و نزیکبوونەوە لەواقیع.

(ئەو کچە گەنجە لەدەوروپشتی خۆی دەڕوانێت درك بەو کەموکوڕییە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە بۆی ماوەتەوە، چونکە کۆمەڵگە ئەو دایکە ئەفسوناوییە نییە کە چاودێریکردنی سەراپاگیربێت یان ئەو فریادرەسە نییە کە خەون و ئارەزووەکان بەدیبهێنێت)[١٩]، وردە وردە لەوە تێدەگات زیندە خەون و فەنتازیاکانی لەگەڵ پاڵەوانی فیلم و رۆمانەکاندا لەژیانی واقیعدا زۆر جیاوازە و بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵیداو تووش هاتن بەشۆکی نوشوست هێنان لەیەکەمین پەیوەندیدا، دەبنە راچڵەکێنەرێکی بەهێز بۆ نارسیزمەکەی کە بڕوای تەواوی بەکەماڵ‌و ناوازەیی خۆی هەبوو، بەلایەنی کەمەوە بیرلەوەدەکاتەوە لەنێوان واقیع و فەنتازیاکانیدا پردێك هەیە دەشێت لەرێگەیەوە خەونەکانی بێنەدی، بەڵام لەوانەیە هاتنەدیی خەونەکانی لەئاست ئەو خواستە گەورانەدا نەبن کە دونیای ئەمییان داگیرکردووە.

گەڕان بەشوێن بابەتێکدا بۆ تێرکردنی ئارەزووە سۆزدارییەکان و جەختکردن لەخود وەك مێیەکی سەربەخۆو کامڵ‌و دڵنیابوون لەبوونی لایەنە باشەکان و سیفەتە جوانەکان لەناو خوودا لەرێگەی جەختکردنەوە لێیان لەلایەن توخمەکەی بەرامبەرەوە و ئاراستەگرتنی وزە سۆزدارییەکان رووە و دەرەوە کە پێشتر رووە و ناوەوە واتە خێزان و دایك بەپلەی یەکەم ئاراستەکرابوون، ئەمانە دەبنە باشترین پاڵنەر بۆ خودی ئەزموونە سۆزدارییە واقیعی‌و خەیاڵییەکانی کچ لەهەرزەکاریداو چەندبارە بوونەوەیان، لەلایەکی دیکەوە نموونەی ئەو کچانە زۆرن کە دەتوانن و ئارەزوو دەکەن دڵی ژمارەیەك کوڕ رابکێشن و بەئاسانی ئاڵوگۆڕییان



پێبکەن بەبێ ئەوەی هێندەی کوڕان پاڵنەرە سێکسوالییەکان بیان وروژێنێت، چونکە (کچ لەکوڕ زیاتر دەتوانێت جارێکی دی بکەوێتە خۆشەویستییەوە لەدوای یەکەمجار، بەڵام لەکوڕ کەمتر هەست بەو پاڵنەرە سێکسوالییانە دەکات کە لەودیو هەستەکانییەوەن، حەزدەکات زۆرترین ژمارەی کەس بکەونە داوی خۆشەویستییەکەیەوە و دڵی زۆرترین ژمارەی پیاوان بشکێنێت. لەوانەیە ئەمە هێمابێت بۆ پێگەیشتنی کچ لەڕووی سۆزدارییەوە، بەو پێودانگەی دەستیکردووە بەئاراستەکردنی خۆشەویستییەکەی بۆ تاکەکانی رەگەزەکەی بەرامبەری، بەڵام شیکارییەکان ئاماژە دەدەن پەیوەندی کچ بەرەگەزە دژەکەیەوە لەبەشی یەکەمی هەرزەکاریدا مۆرکێکی نارسیزمی هەیە، چونکە کاتێك کوڕێکی دیکەی خۆشدەوێت لەراستیدا دەیەوێت جەخت لەمێیەتی خۆی بکات و پێگەیشتنی خۆی بسەلمێنێت)[٢٠].

بەستنی ئەم پەیوەندییانە لەواقیعدا لەنێوان پەیوەندی دەوروبەری سەرپێی‌و پەیوەندی ئەڤینداری گەرمدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش بەپێی کەسێتی داڕێژراوی ئەو کچە تا ئەو ساتەو بارودۆخی خێزانی‌و ئامادەبوونی سانسۆری دایك و باوك و هەستکردن بەلێپرسراوێتی بەرامبەر ئەرکە مۆرالییەکان، دەگۆڕێت، بیرکردنەوەی سەرەکی کچ لەم پەیوەندییەدا لەسەر یەك خاڵ چڕدەبێتەوە ئەویش ئەوەیە چەند چێژ لەو خۆشەویستییە دەبینێت و وەك مێ هەستی پێدەکات و لەبەردەم کچە هاوڕێکانیدا خۆی پێوە رادەوەشێنێت، کە لێرەدا نارسیزمەکەی هەندێجار پاڵی پێوەدەنێت بۆ رۆیشتنە ناو هەندێك ئەزموونی خۆشەویستی منداڵانە یان نەگونجاودا تەنیا بۆئەوەی هاوڕێ کچەکەی قەڵس‌و وەڕس بکات‌و ناڕاستەوخۆ پێی بڵێت من لەتۆ جوانترم یان خواستراوترم، لەئارەزووی جڵەونەگیریدا بۆ چێژبینین لەخۆشەویستی، دەشێت کەسێکی نەگونجاوی خۆشبووێت یان هۆگری کەسێك بێت ئەو هەر ئاگاشی لێینەبێت تەنانەت لەواقیعیشدا ئەو کەسە زۆر دووربێت لەژیانی ئەمەوە، وەك ئالودەبوون بەخۆشەویستی ئەکتەرێك یان گۆرانی بێژێك... هتد، یان کەسێك لەخزم یان ناسیاوەکانی خێزانەکەی یان مامۆستاکەی دەبنە سوارچاکی زیندە خەونەکانی‌و جۆرەها سیناریۆی هەست بزوێن لەگەڵیدا دەهۆنێتەوە و تیایدا دەژی و چێژی گەورەی لێ دەبینێت، لەهەندێك باردا مەرج نییە ئەو خۆشەویستییە گەورەیە راستەوخۆ لەچوارچێوەی ناسنامەی کەسێکدا خۆی ئاشکرابکات، بەڵکو لەوانەیە ئەو کچە هەرزەکارە ئالودەی بیروباوەڕ یان رێبازی بیرکردنەوە و فیکری ئەو سەرکردەیە یان شۆڕشگێڕە یان نووسەرە دەبێت و (دەیکاتە ئامانجی ژیانی وەك بیروباوەڕێکی نیشتمانی یان ئایینی یان فەلسەفی، هەرچەندە ئەم هۆگربوونە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بالاترە

لەهۆگربوون بەکەسێکی دیاریکراوەوە، بەڵام هۆگربوونێکە کە لەرەگەزی نارسیزم بەدەرنییە، روخسارێکە لەڕوخسارەکانی خواستی خۆپەرستی، بەڵام وەك پردێك وایە کە کچی هەرزەکار بەجیهانی بەرفراوانەوە، دەگەیەنێت)[٢١]، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگارو بەرەوپێشچوونی تەمەندا ئەو کچە هەرزەکارە دەبێتە کچێکی گەنج و هەوڵە بەردەوامەکانیشی بۆ خۆشەویستیو چێژ بینین لەهەستکردن بەخۆی وەك مێ واتە رێگەدان بەکارکردنی نارسیزمەکەی کاریگەرییەکی کارا لەسەر گەشەسەندنی کەسێتیو فۆرمەلەبوونی وەك کەسێکی پێگەیشتوو کامڵ بەجێدێڵن، کەمتر سەرقاڵی جەستەی خۆی دەبێت و ئەو نارسیزمە بێ پلانەی پێشتر ئاڕاستەی دەرەوەی دەکرد ئێستا بۆ سەرچاوەکانی لەناو جەستەیدا دەگەڕێتەوە درك بەوە دەکات بۆ بەستنی پەیوەندییەکی خۆشەویستی دروستدەبێت جیاوازی لەنێوان ئەوەی واقیعەو ئەوەی فەنتازیایە بکات لەرێگەی دۆزینەوەی نموونەیەکی ئایدیالیزەکراو و نارسیزمەکەی رووەو پێشەوە لێشاوەدەگرێت و درێژبوونەوەی نارسیزمی خۆی لەکەسێکی دیکەدا دەبینێتەوە.

## دەرهاویشتەکانی نارسیزم

ئەو نارسیزمەی لەمنداڵیدا باسمان کرد قۆناغێکی سەرەکی گەشەکردنی دەروونی-سێکسوالییە کە لەخۆشەویستی خودەوە بۆ خۆشەویستی کەسانی دی تێپەڕدەبێت کاتێك درك بەوە دەکات دەتوانێت چێژ لەکەسانی دی وەربگرێت بۆ تێرکردنی سۆزەکانی، بەڵام ئەوەی روودەدات رەتکردنەوەی منداڵە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە ئەم وزەی لبیدی خۆی پێ بەخشیوون[٢٢].

ئەو نارسیزمەی کە لەهەرزەکاریدا دەردەکەوێت بەتایبەتی لەکچدا باسمانکرد لەپاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناغە و پێگەیشتنی تاك، بەرەو لاوازی دەچێت، بەڵام ئەو دەرئەنجامەی لەم دوو نارسیزمە دەستدەکەون بەهیچ شێوەیەك رەوینەوەی یەکجارەکی نارسیزم ناگەیەنن، بەڵکو راستره بوترێت ئاڕاستەی نارسیزم جۆرە گونجاندێك لەنێوان خۆشەویستیو خودو خستنەوەبەرفرمانی بابەت یان کەسێکی دیکەدا، دەدۆزێتەوە.

نموونەکان زۆرن لەسەر ئاستی پەیوەندی دووانی نێوان دوو ئاشقو سەرەتای ناسینو پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان و پەیوەندی منداڵ بەباوانەوە لەگشتیاندا ئەنگێزەی نارسیزم هەن هەرچەندە لەشێوەی دەرکەوتنو هەستپێکردنیشیاندا، جیاوازن.



یەکێك لەو فاکتەرە سایکۆلۆژییە کاریگەرانەی بەشێوەیەکی قووڵ کاردەکاتە سەر کرداری یەکترناسینو دروستبوونی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو فاکتەری نارسیزمە کە بەئاسانی لەرووکەشدا دەرناکەوێت، چونکە کاریگەری نارسیزم بۆسەر پرۆسەی یەکتر راکێشان و خۆشەویستی یەکدی لەنەستدا روودەدات و مرۆڤ لەهەستدا بێ ئاگایە لێیان، (زۆر شیاوە هەڵبژاردنی هەموو بابەتەکان بکەونە ژێر دەسەڵاتی پلەیەك لەپلەکانی نارسیزمەوە بۆ نموونە لەوانەیە زۆرکات دووکەس نەکەونە خۆشەویستی یەکدییەوە ئەگەر بەشێوەیەك لەشێوەکان لەیەك نەچن، بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان لەچینی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە هەمان بایەخدان و ئارەزووی لێکچوویان هەیە دەکەونە خۆشەویستی یەکدییەوە و هاوسەرێتی دەکەن)[٢٣].

ئاشق وێنەیەکی ئایدیالی خۆی لەمەعشوقەکەیدا دەبینێتەوە ئەو کەسە ئەو سیفەت و خەسڵەتانەی خۆی لەوخۆشەویستەدا دۆزیوەتەوە واتە خۆی یان درێژبوونەوەی نارسیزمی خۆی تیادا دەبینێتەوە، لەبەرئەوە بەلایەوە ئاساییە لەوی بەرامبەردا بتوێتەوە و دەستبەرداری هەموو ئەو سیفەت و خەسڵەتانە ببێت کە لەوی بەرامبەردا بەڕاستی هەن یان ئەم پێی بەخشیون، چونکە ئاشق کە تەماشای مەعشوقەکەی دەکات هەروا دەزانێت خۆیەتیو زۆرجاریش بەسەرسامییەوە پێی دەڵێت: (رێکەوتێکی سەیرە لەهەموو شتێکدا لەیەك دەچین). ئاشق لەبەردەم خۆشەویستەکەیدا کە لەڕاستیدا نموونەی نارسیزمەکەی خۆیەتی، خۆی دەبینێتەوە، واتە خۆشەویستەکەی کاری ئەو ئاوێنەیە دەکات کە وێنەی مرۆڤ بەرەوانی لەسەری دەردەکەوێت لەبەرئەوە کاتێك خۆی بچووك دەکاتەوە یان بەتەواوەتی خۆی دەسڕێتەوە لەرێگەی گەورەکردن و شکۆکردنی پایەی خۆشەویستەکەی بەلایەوە ئاساییە، چونکە هەر خزمەتی خۆی دەکات و ئەو بابەتە تانوپۆی نارسیزمەکەی لەواقیعداو لەناو پانتایی ئەو خۆشەویستییەدا، وێنادەکات، بۆیە چەندە لەقەبارەی بەهاکانی خۆی بچووك بکاتەوەو بابەتەکەی (واتە خۆشەویستەکەی) پێ گەورەبکات لەهەمان کاتدا ئەوەندە نارسیزمەکەی پێ دەبوژێنێتەوە، لەم کاتەدا بێگومانە لەهاوسەنگبوونی هەردوولای هاوکێشەکە:

خود+ نارسیزمەکەی= ئەو+ بابەتەکەی (خۆشەویستییەکەی)، بەئاشقێکیان وت: کە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا لەڕووی بالآوە ناتەبابوون "ئەو زۆر لەتۆ بچووکترە". لەوەڵامدا بەسەرسامییەوە پرسی: "ئەو لەمن بچووکترە!؟ نەخێر من زیاد لەپێویست درێژترم".

ئەمە لەکاتێکدا لەسەرەتای پەیوەندی و یەکترناسیندا روودەدات کە تاك کەسێك دەدۆزێتەوە کە خۆشی بوێت تا هەست بکات کە خۆیشی خۆشەویستە، ئەوکەسە کە درێژبوونەوەی نارسیزمی ئەو تاکە دەنوێنێت و ئامادەنییە لەو وێنەیە بچووکتر یان کاڵتر تەماشا بکرێت کە لەلای خۆی هەیەو لەچوارچێوەی بەرامبەرەکەیدا داینـاوە، چونکە (ئاشق کاتێك بەهایەکی گەورە بەبابەتی خۆشەویستەکەی دەبەخشێت بەهیچ شێوەیەك هەست ناکات بەهەمان بڕ لەبەهای خۆی کەم دەبێتەوە، چونکە خۆشەویستی سۆزێکی خۆشبەخشە و تاك بەرزدەکاتەوە لەجیاتی ئەوەی دایبەزێنێت)[٢٤].

ئەمە لەکاتێکدا فرۆید پێیوایە هەرچەندە بەخشینی بەهایەکی گەورە بەوکەسەی خۆشمان دەوێت لەڕووی نارسیزمەوە لەبەرژەوەندیمانە، بەڵام لەواقیعدا لەلیبیدۆی خۆمان دادەماڵێنو بەوی بەرامبەری دەبەخشین ئەمەش دەشێت تووشی بێزاریمان بکات، چونکە ئاسایی لەدوای قۆناغی ناسینو بەستنی پەیوەندی و توانەوە و سەرەتایەکی کورتی پەیوەندی هاوسەرێتی، ئەو دوو هاوسەرە کە هەمان دوو ئاشقەکەی پێشوو بوون لەوە سڵدەکەنەوە بەتەواوەتی لەگەڵ یەکدیدا یان لەناو یەکدیدا بتوێنەوە، ئەو هاوسەرەی لەسەرەتادا لەپێناوی نارسیزمەکەی خۆیدا پایەی مەعشوقەکەی بەرزدەکردەوە لەڕێگەی بچووکردنەوە و داماڵینی هەندێك سیفەت لەخۆی، ئێستاش بەهەمان شێوە هەر لەپێناوی پاراستنی نارسیزمەکەیدا هەڵوێستەکانی دەگۆڕێت، ئەگەر لەسەرەتای ناسین و پەیوەندیدا پرسیار لەپیاوێك دەربارەی جوانی خۆشەویستەکەی، بکەین، بەتامەزرۆییو متمانەوە، دەڵێت: "ئەو زۆر جوانە! ئەگەر لەژنەکەش پرسیار دەربارەی خەسڵەت و مۆرکی ئەو پیاوە بکەیت، بەزەردەخەنەیەکی ئاسوودەوە"، وەڵام دەداتەوە: "ئەو وەك من نییە، هەتا بڵێی کەسێکی هێمن و بە ویژدان و بەویقارە".

ئەم ژن و پیاوە لەبەهای خۆیان کەمدەکەنەوە و بەهاوبەشەکانیانی دەبەخشن کە خزمەت بەنارسیزمەکەیان دەگەیەنێت، بەڵام لەدوای تێپەڕینی قۆناغی توانەوە و مانگی هەنگوینیو لەدوای ئەوەی یەکێکیان یان هەردووکیان درك بەوە دەکەن دەشێت بەهۆی ئەو توانەوەیەوە خودی خۆیان یان بەهاکانی خۆیان بەتەواوەتی لەدەستبدەن، هەریەکەیان هەوڵی گێڕانەوەی دەکەن و هەریەکە دەیەوێت نارسیزمەکەی خۆی ببوژێنێتەوە، ئەگەر دووبارە هەمان پرسیاریان لێبکەیتەوە وەڵامەکەیان بەمشێوەیە دەبێت، پیاوەکە دەڵێت: "خراپ نییە بەیەکدی رازی بووین"، ژنەکەش دەڵێت: "جاران وانەبوو، ئێستا ئەوەندە تووڕەیە تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنێت". بەڵام مەرج نییە ئەم دوو هاوبەشە هەردووکیان لەگێڕانەوەی بەهای لەدەستچوو



بووژاندنەوەی نارسیزمەکەیان سەرکەوتن بەدەستبێنن و زۆرجار یەکێکیان دەتوانێت هەژموونی ئەوی دیکە بکات، یان ناوبەناو رۆڵی هەژموونیو بەزیوییان دەگۆڕنەوە بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن.

## جەخت لێکردنەوەی نارسیزمی

هەموو تاکێك پێویستی بەو هەستەیە دڵنەوایی پێ ببەخشێت سەبارەت بەتواناکانی- لەڕووی مەعنەوی و فیزیکییەوە- پێویستی بەکەسێك هەیە ئەو زامانەی بۆ سارێژبکات کە لەناخیدا لێیان دەترسێت: لەڕوودانیان سڵدەکاتەوە، وەك ئەوەی پێی بڵێن "تۆ بێ سوودی" یان "روخسارێکی دزێوت هەیە" یان "کەسێکی گێلو دەبەنگیت" یان "خاوەنی ئاکاری ناشرینیت" یان "تەمەن زەفەری پێ هێناویت" یان "لەڕووی سێکسوالەوە تۆ لاوازیت یان سەرنجڕاکێشەر نیت"، واتە پێویستی بەجەختلێکردنەوەی نارسیزمی هەیە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم پێویستییە بۆ جەختلێکردنەوە لەکەسانی لاواز لەڕووی بونیادی سایکۆلۆژییەوە زیاتر بەدیاردەکەوێت وەك لەکەسانی سروشتی، مرۆڤ بەگشتی پێویستی بەخۆشەویستی کەسانی دییە، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا پێداویستی بەوەیە کەسانی دی خۆش بوێت تا خۆیشی خۆشەویست بێت، بەڵام هەندێجار ناهەقی لەژن دەکرێت و دەوترێت ژن بەردەوام دەیەوێت خۆشەویست بێت یان واز لەخۆی دەهێنێت خۆشیان بوێت، هەروەك بڵێی مەبەستەکە لێرەدا ئەوەبێت کە ژن خۆی توانای خۆشەویستی نەبێت، یان تەنیا ژن پێویستی بەخۆشەویستی هەبێت.

جانین لمپل دی گروت J.lampl-De-Groot[25] یەکێکە لەوانەی کە پێی وایە ژن واز لەخۆی دەهێنێت خۆشیان بوێت و پیاو خۆشەویستی دەکات.

دەشێت ئەم بۆچوون و لێکدانەوانە راست بن ئەگەر لەو روانگەیەوە شرۆڤەکران کە ژن لەبەرئەوەی توانایەکی بێ شوماری بۆ بەخشینی خۆشەویستی هەیە لەبەرامبەردا داوای خۆشەویستی بکات، بەڵام ئەگەر لەو روانگەیەوە لێکدرایەوە کە ژن خۆی توانای خۆشەویستی نییە و وەك قەرەبوویەك بۆ نەبوونی ئەو توانایە واز لەخۆی دەهێنێت خۆشییان بوێت ئەوا ئەمە بۆچوونێکی لەهەڵە بەدەر نییە، چونکە خۆشەویستی یەکێکە لەخەسڵەتە خۆڕسکەکانی ژن و لێی جیانابێتەوەو زۆرکات ژن لەبەرامبەر بەخشینی خۆشەویستییەکەیدا چاوەڕێی هیچ خۆشەویستیو سۆزێکیش ناکات، ئەوە نەبێت کە خۆی هەست بەئاسوودەیی دەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین کە هەوڵدانی ژن بۆئەوەی خۆشەویست بێت خەسڵەتێك نییە تایبەت بێت بە ژن و پیاو نەگرێتەوە، بەڵکو ئەم سیفەتە لەهەردوو توخمەکەدا هەیە و بەشێك لەبەهادانانی خود لەلایەن خۆیەوە لەم سیفەتەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوە تەنیا ژن نییە لەڕێگەی خۆشەویستی بەرامبەرەکەیەوە جەخت لەبەهای خودێتی خۆی دەکات، بەڵکو (هیچ مرۆڤێك نییە لەبەهای خۆیی‌و ڕێزدانانی بۆ خۆی دڵنیا بێت هەروەها دڵنیا بێت لەوەی توانای هەیە کەسانی دیکە پێی سەراسیمە بن و خۆشەویستی بکات و خۆیشی کەسێکی خۆشەویست بێت.مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەوەیە کەسانی دیکە جەخت بکەنەوە لەهەستکردنی بەبەهای خۆی لەسەر ئەو ئاستە نارسیزمیەی کە بەشێوازی جیاواز گوزارشتی لێدەکات.)[٢٦] . کاتێك بە بەرامبەرەکەمان دەڵێین (خۆزگەم بەزیرەکییەکەت) یان (کەمێك لەجوانی یان شارەزایی یان دانایی یان... هتد تۆم هەبوایە...) ئەمانە بانگەشەیەکی ئاشکران بۆ داواکردنی جەختکردنەوە لەو سیفەتانە لەخۆماندا، هەرچەندە ئەم دەربڕینانە لەهەستدان، بەڵام ڕەگوریشەیان لەنەستدایە، لەوساتەدا خوازیاری ئەوەین بەرامبەرەکەمان پێمان بڵێت: (ئەی بۆ باسی زیرەکی یان شارەزایی یان جوانی یان... هتد خۆت ناکەیت، کە منی سەرسام کردووە!)

هەروەها کە باسی قۆناغی منداڵی دەکەین، لەنەستدا ئارەزوویەك بۆ تۆخکردنەوەی نارسیزمی کێشمان دەکات، ئەستەمە وردودرشتی یادگارییەکان باسبکەین یان وەك خۆی بێنەوە یادمان بەدەستکارییەکی جوانکارییەوە دەیانگێڕینەوە تەنانەت ئەگەر قۆناغی منداڵی قۆناغێکی ناخۆشیش بووبێت بەجۆرێك مرۆڤ سیناریۆی بۆ دادەڕێژێتەوە کە وەك پاڵەوانێکی ڕاستەقینە لەناو لێشاوی کێشە و گیروگرفتەکاندا یان مامەڵەی خراپی دەوروبەر یان دڵڕەقی قەدەر وەك ئەستێرە بدرەوشێتەوە، ئەو گێڕانەوەیە بەوشێوەیە، نارسیزم دەیبزوێنێت واتە بزوێنەرەکەی نارسیزمە، یان ڕاستترە بڵێین ئەوە نارسیزمەکەمانە هاتۆتە گۆو قسەدەکات.

زۆربەی مرۆڤەکانیش چێژێکی تایبەتی لەگێڕانەوەی منداڵی خۆیان دەبینن و هەرئەوەندە جڵەوت بۆ شلکرد نارسیزمەکەی بەئاسانی‌و بەزمانێکی سادەو بێ گرێ دێتە ئاخاوتن و ئەو کەسە هەمیشە زەردەخەنەیەکی ئارامی تا ئاستێك لەخۆڕازییانە ڕوخساری دادەپۆشێت و هەندێجاریش ئاو لەچاوی دەزێت و چاوەکانی لەبارێکی کرانەوەیی نائاساییدا دەبینرێن، هەروەك ئەو نەخۆشانەی دێنە لای پزیشك و دەروونشیکار کە چێژێکی نارسیزمی هەستپێدەکەن کاتێك باسی خۆیان و ئەزموون و نهێنییەکانی ژیانیان دەکەن.



ئەمەش لەبەرئەوەیە مرۆڤ چێژێکی تایبەتی (نارسیزمی) هەستپێدەکات لەکاتێکدا کە باسی خۆی دەکات، تەنانەت کە ئامۆژگاری کەسێك دەکەین یان ڕێگەی پیشاندەدەیت، باسی خۆتی بۆ دەکەیت، چونکە نارسیزمەکەت دەبزوێت، هێندەی لەوکاتەدا مەبەستتە باسی خۆت بکەیت هێندە ئاستی سوودوەرگرتنی بەرامبەرەکەت بەلاوە گرنگ نییە و تەنانەت هەندێجار بابەتەکەی ئەو یان کێشەکەی یان پرسیارەکەشی لەیاد دەکەیت.

## چاولێکردنی نارسیزمی

هەندێجار مرۆڤ بەشوێن بابەتێکدا دەگەڕێت لەکەسی بەرامبەردا کە لەخۆیدا، هەیە و دەیەوێت لەودا جەختی لێبکاتەوەو بۆلای خۆی کێشی بکات یان وێنەی خۆی لەودا ببینێتەوە، بەمە دەوترێت چاولێکردنی نارسیزم، هۆمۆسێکسوالەکان کاتێك لەگەڵ توخمی هاوتای خۆیاندا پەیوەندی سێکسوال دەبەستن نارسیزمەکەیان هێندە کارایە پاڵیان پێوە دەنێت ئەو پەیوەندییە لەگەڵ توخمە دژەکەیان نەبەستن، چونکە لەم بارەدا ئەوەندە ئارەزووەکانیان تێرنابێت و خۆیان لەو هاوبەشەدا نادۆزنەوە.

ئەگەر ئەم کەسانە بواریشیان بۆ نەڕەخسێت وەك کەسێکی هۆمۆسێکسوال ئارەزووەکانیان تێربکەن، بەلایەنی کەمەوە بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن کە زیاتر لەتوخمەکەی خۆیانەوە نزیك بێت بۆ نموونە ئەوکەسە ئەگەر پیاوێك بێت ئارەزووی ژنێك دەکات کە خەسڵەتی پیاوانە بەسەریدا زاڵبێت و هەروەها بەپێچەوانەشەوە، بەڵام (نابێت چاولێکردنی نارسیزمی‌و هەڵبژاردنی بابەتییانە تێکەڵ بکەین، چونکە کاتێك کەسێك بابەتێك هەڵدەبژێرێت ئەوکارە دەکات، چونکە ئەو بابەتەی دەیەوێت، لەچاولێکردنی نارسیزمیدا دەبینین ئەو کەسە خۆی پێشتر ئەو بابەتەی هەیە کە دەیەوێت، بارگەکانی خۆی ئاڕاستەدەکات تەنیا بۆئەوەی ئەوکەسانە رابکێشێت کە هەمان بابەتیان هەیە، هەندێك کەس چاو لەکەسانی دیکە دەکەن لەبەرئەوەی سیفەتی هاوبەشی دیاریکراو لەنێوانیاندا هەیە)[٢٧] .

## تەماهیکردن (هاوچەشنکردن)ی نارسیزمی

هەموو تاکێك کاتێك وێنەی خۆی لا جوان نابێت واتە کۆمەڵێك خەسڵەت و سیفەت کە لەخۆیدا نین و ئاوات بەبوونیان دەخوازێت، دێت و دەگەڕێت بەشوێن وێنەیەکی خۆی، بەڵام بەوسیفەتانەوە کە دەیخوازێت و دەیەوێت تەماهی(هاوچەشنی) نارسیزمی لەگەڵدا بکات، بەم کارە،

وێنەیەکی ئایدیالیزەکراوی من-ی خۆی پێکدێنێت، خۆی بەو کەسە دێتە بەرچاو و ئەمەش ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت و لەهەمانکاتدا جەخت لەنارسیزمەکەی دەکات بەهۆی ئەم میکانیزمەوە، یان بەشوێن وێنەیەکی هاوجێی خۆیدا دەگەڕێت ئەو سیفەتانەی تیابێت کە خۆی دان نانێت بەبوونیاندا لەناو خۆیداو رەتییان دەکاتەوە، بەڵام بێگومان دەرکردنی ئەو سیفەتانە پێویستی بەشوێنێکە لەخۆیان بگرێت، کەسێك بەدیدەکات بەو خەسڵەتە نێگەتیڤانەوە و خۆی تیادا بەتاڵ دەکاتەوە تەنانەت ئەگەر سیفەتەکانی ئەوکەسە ئەوەندە نێگەتیڤیش نەبن، ئەم خەسڵەتە خراپەکانی خۆی دەخاتە پاڵ‌و دەیکاتە کەسێکی خراپ بۆ شاردنەوەی خراپی خۆی و خۆیشی هەست بەبارسووکی‌و ئاسوودەیی دەکات لەڕێگەی ئەم میکانیزمە سایکۆلۆژییەوە کە پێی دەوترێت خستنەپاڵ(پرۆجێکشن) projection[28]، ئەم هاوجێکردنە لەگەڵ وێنەی کەسێکی دیکە، سوودی نارسیزمی بەهەردووکیان (ژن و پیاوەکە) دەبەخشێت، یەکەمیان لەڕووی نارسیزمەوە ئاسوودە دەبێت بەدەرکردنی سیفەتە خراپەکان لەناو خودیدا و بەتاڵکردنەوەی لەهاوبەشی دووەمدا، دووەمیش کە بۆتە نمایندەی خەسڵەتە نێگەتیڤەکانی هاوبەشی یەکەم هاوچەشنی لەگەڵدا دەکات (واتە لەگەڵ یەکەم) کە ئێستا لەدۆخە پەسەندکراوەکەدا دەژی و نمایندەی هەموو خەسڵەتە باشەکان دەکات، واتە ئەویش (دووەم) لەڕووی نارسیزمەوە هەر لەبارێکی ئاسوودەدا دەژی، بەڵام ئەم دابەشکردنە بەجێگیری نامێنێتەوە و ئەم دوو هاوبەشە لەبارودۆخی دیکەدا رۆڵەکانیان بەئاسانی‌و بێ کێشە دەگۆڕنەوە (دابەشکردنی فرمانی رۆڵەکان زۆرجار بەشێوەیەکی نەرم و ئاسان بەڕێوەدەچن، تێبینی دەکەین ئەو هاوبەشەی کە رۆڵی نێگەتیڤی بینیوە لەبارودۆخێکی تایبەتیدا دەبێتە خاوەن رۆڵی پۆزەتیڤ و ئەمەش پێکهاتە و بوونێکی جێگیر بەپەیوەندی، دەبەخشێت)[٢٩].

## ئەنتی نارسیزم

توانەوەی ژن لەپیاودا لەسەرەتای پەیوەندیدا یان پیاو لەژندا لەسەر ئاستی جەختلێکردنەوەی نارسیزمی بۆ هەریەکەیان بەهای خۆی هەیە، کاتێك کەسێك بەخۆشەویستەکەی یان هاوبەشەکەی لەسەرەتای پەیوەندیدا، دەڵێت: "ئەو هەموو سیفەتە جوانانە بەدەگمەن لەمرۆڤێکدا پێکەوە کۆدەبنەوە، من زۆر سەرسامم پێت"، ئەویش وەڵامی دەداتەوە: "ئەوە بەڵگەیە بۆ ئارەزووی جوانی تۆ، من شانازی پێوەدەکەم...".



ئەم جۆرە گفتوگۆیانە و لەمەش تۆختر لەسەرەتای پەیوەندی و پاش ماوەیەك لەیەکترناسین بەسروشتی لەنێوان زۆربەی ژن و پیاوەکاندا روودەدەن، کە ئەو گوزارشتەی هەردووکیان لەبنەڕەتدا جەختلێکردنەوەیەکی کاریگەرە بۆ نارسیزمی هەردووکیان.

ئەم توانەوەیە هەروا بەئاسانی‌و بێ بوونی هیچ بەرهەڵستییەك بەکارایی نامێنێتەوە، بەڵکو هێزێکی کە لەڕووی کاریگەرییەوە لەو کەمتر نییە رووبەڕووی دەبێتەوە، (لەقووڵایی پاڵنەرە مرۆییەکاندا جۆرێك لەیەکسانیکردنی پێویست لەنێوان نارسیزم و ئەنتی نارسیزمدا، هەیە، ئەم بزاوتنە دیالێکتییە لەچوارچێوەی پەیوەندی خۆشەویستیدا زۆرجار دەردەکەوێت کە تاك لەلایەکەوە هۆگربوون و پاشکۆیەتی تەواو بۆ هاوبەشەکەی دەردەبڕێت لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدات خۆی بپارێزێت و بەشێوەیەکی ئەندەکی سەربەخۆبێت لێی)[٣٠].

نارسیزم هەمووی ئەو هێز و ئارەزووە ئیرۆسیە و بەهاو توانست و چەمکانەیە کە تایبەتن بەخود و خود بەردەوام هەوڵی جەختلێکردنەوە و هێشتنەوەیان دەدات، ئەنتی نارسیزمەکەش ئەو ئارەزوو هێزانەیە کە لەتاکی بەرامبەرەوە دەردەچن و دەشێت باڵی بەسەردابکێشن و لەناو نارسیزمی تاکی بەرامبەردا بەیەکجارەکی بتوێنەوە و تێکەڵ بن، جا بەحوکمی زۆر فاکتەر گرنگترینیان فاکتەری کۆمەڵایەتی و فاکتەری ئابورییە زۆرجار پیاو لەسەرەتادا زیاتر لەناو ئەو بۆتە هاوبەشەدا دەستبەرداری نارسیزمەکەی خۆی دەبێت و ژنیش زیاتر پێ رادەکێشێت (ئەگەر دەربڕینەکەمان بەم شێوەیە شیاو بێت)، بەڵام دۆخەکە وا نامێنێتەوە و بەتێپەڕبوونی رۆژگار ئەم دوو جەمسەرە پێچەوانە دەبنەوە، ئەگەر لەرابردوودا و لەسەرەتای پەیوەندیدا پیاوەکە جەمسەری بەزیو بووبێت و لەبەشێکی گەورەی نارسیزمی خۆی بورابێت و ژن جەمسەری خاوەن هێزبوو بێت و نارسیزمەکەی ئەو زاڵبووبێت، ئەوا ئێستا پیاوەکە (دەشێت ژنەکەش) سڵدەکاتەوە لەتوانەوەی یەکجارەکی لەوبۆتەیەدا کە پشکی گەورەی جەختلێکردنەوە بەر ئەو نەکەوتووە، واتە ئەگەر لەو توانەوەیە تێکەڵەیەك لەخەسڵەت و سیفەت پێکهاتبێت بەشی گەورەی ئەوانەی فەنابوون و سیمای راستەقینەیان لەدەستداوە تایبەت بوون بەپیاوەکە، لەبەرئەوە دەستدەکات بە بەرهەڵستیکردنی ئەو توانەوەیە و سنووردانان بۆ ئەو تێکەڵاوبوونە، بەڵام ژن لەگەڵ ئەو باڵادەستییەی لەسەرەتادا هەیبووە، بەحوکمی ئەو دوو فاکتەرە و کۆمەڵێك فاکتەری دیکەش (وەك بونیادی سایکۆلۆژی وەرگیراو کارتێکراو لەلایەن ژینگەوە، کلتورو ئاستی رۆشنبیری...) زیاتر لەپیاو دەستبەرداری بەشە تایبەتییەکانی خۆی یان نارسیزمەکەی دەبێت و پیاو دەسەڵاتی گەورە بەسەریدا پراکتیزە دەکات، واتە دژە نارسیزمییەکەی کاراتر دەبێت بۆ بەرهەڵستی کردنی نارسیزمی خۆی.

## زامی نارسیزمی

تاك بەسروشتی خۆی بەردەوام پێویستی بەدانپیادانان و بەبوون و ڕێزلێگرتن و پێودانگدانان بەخود-یدا هەیە، کاتێك لەئەنجامی رووبەرووبوونەوە و بەرکەوتنێکی نەخواستراو لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا بوارە قووڵەکانی خود بەر زیان دەکەون، تاك تووشی ئازارێکی قووڵی مەعنەوی دەبێت و دڵەڕاوکێ هەراسانی دەکات. لەمکاتەدا تاك هەستدەکات نارسیزمییەکەی بەر زیان کەوتووە، بۆیە بەهەموو شێوەیەك و لەرێگەی چەندەها کرداری وەك تەماهیکردنوچاولێکردن و خستنەپاڵ و پێکەوەنووسان و... هتد هەوڵدەدات خزمەتی نارسیزمەکەی بکات، وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر مەترسی برینداربوونی نارسیزمییەکەی هەستێکی شەڕانگێزی راشکاو یان شاراوەی لا دروستدەبێت بەرامبەر ئەو کەسانەی یان فاکتەرانەی بوونەتە هۆی روودانی ئەو هەڕەشەیە کە دوور نییە لەساتەوەختێکی چاوەڕواننەکراودا نارسیزمەکەی دووچاری بەرکەوتنی تەواو ببێت لەگەڵ ئەو بابەتانەدا کە ئارەزوویان ناکات و بەمەش زامێك لەنارسیزمەکەیدا دروستببێت، وەك ئەو زامەی ژنانی نەزۆك تووشی دەبن و لەمنداڵخستنەوە نائومێد دەبن یان ئەو کچانەی تەمەنی گەنجێتی جێدەهێڵن بێئەوەی هاوسەرێتییان کردبێت یان هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ هیچ پیاوێکدا هەبێت یان ئەو ژنانەی منداڵی کەمئەندام و نەخۆش دەخەنەوە، ئەم ژنانە هەست بەزامێکی نارسیزمی قووڵ لەمێیەتییاندا دەکەن.

هیچ زامێك ناگاتە ئەو زامە نارسیزمەی ژن دەپێکێت کاتێك لەدوای ماوەیەکی زەمەنی کەم یان زۆر (دەشێت دوای پەیوەندییەکی خۆشەویستی کورت یان ساڵانێکی دوورودرێژی هاوسەرێتی ئەم هەستە دروستدەبێت) هەستدەکات خۆشەویستەکەی یان هاوسەرەکەی بەو هێندە خۆشی نەویستووە کە ئەم خۆشیویستووە یان وای زانیوە، ئەم زامە مەرج نییە تەنیا ناخی ژن داگیربکات، بەڵکو پیاویش بەهەمان شێوە لەدوای دابڕانی لەخۆشەویستەکەی یان ژنەکەی یان هەستکردنی بەوەی وەك پێویست خۆشەویستی نەبووە، ئەم هەستە ناچیز و وەڕسکەرە سەرتاپای کیانی دەگرێتەوە.

ئەو ژن و پیاوانەی دووچاری ئەم حاڵەتانە دەبن (هەست بەڕسوایی‌و سەرشۆڕی دەکەن، چونکە بەخۆشەویستییەکی هەمیشەیی هەڵخەڵەتاون، هەست بەزامێکی نارسیزمی قووڵ دەکەن، زامێکی دابەشبوو ئاڵوگۆڕکراو لەنێوانیاندا، هەروەها هەست بەئازارێك دەکەن کە گوزارشتکردن لێی ئەستەمە)[٣١] لەبەرئەوە هەریەك لەو دوانە بۆ دوورکەوتنەوە لەو ئازارە کە



دەشێت زامێکی نارسیزمی قووڵ دەرئەنجامەکەی بێت و تاك بەدرێژایی ژیانی یان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەژیانیدا پێوەی بناڵێنێت، پەنا دەباتە بەر میکانیزمی دی بۆ کارکردن لەڕێگەی (من)ێکی باڵای نوێ و فەرامۆشکردنی ئەو (من)ە کۆنەی بۆتە هۆی یان دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی زامێکی نارسیزمی قووڵ، لەم بارەدا واهەستدەکرێت ئەم کەسە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە و دەبینێت بەشێوەیەکی تەواو جیاواز رەفتار دەکات، وەك ئەو ژنەی لەدوای جیابوونەوەی لەهاوسەرەکەی بۆ سارێژکردنەوەی ئەو زامە نارسیزمەی بەجێهێشتنی پیاوەکە دروستیدەکات، دەستدەکات بەتاوتوێکردنی ئەو بەهاو چەمك و بابەتانەی پێشتر بڕوای نەلەقاوەی پێیان هەبووە وەك دڵسۆزی هەتاهەتایی‌و خۆشەویستی ناکۆتاو قوربانیدان بەخود لەپێناوی دڵخۆشکردنی بەرامبەرداو... هتد.

لەوانەیە ئەم تاوتوێکردنە لەدایکبوونی چەمك و لێکدانەوەی تەواو نوێ و زیانبەخش و هەندێجار مەترسیدار لەخۆبگرن، وەك ونبوونی تاك لەژیانداو کارکردن بەپێی پرەنسیپێکی نادروست یان دژ بەبەهاو نەریتی باو وەك نموونەی ئەو کوڕو کچانەی بەهۆی نوشوستییان لەپەیوەندییەکی خۆشەویستیداو بۆ سارێژکردنی زامی نارسیزمییان خۆیان دەخەنە بەر شەپۆلی ئەزموونە ئەڤیندارییە سەرپێیەکان و ئامانجیان پاراستنی نارسیزمەکەیانە و جەختکردنەوە لەخۆیان کە ئەمان هۆکاری ئەو جیابوونەوەیە نەبوون کە روویداوە یان لەکەموکوڕی ئەمانەوە ئەم بارە نەهاتۆتە ئاراوە.

لەمانەش زیاتر یان مەترسیدارتر ئەو شرۆڤەکردنەیە کە پاراستنی نارسیزمی بەفەنابوونی ماددی- جەستەییەوە دەبەستێتەوە و پێیوایە بەم کارە زامە نارسیزمەکەی سارێژدەبێت و بەمە نارسیزمەکەی بەپارێزراوی دەمێنێتەوە.

ساتی بڕیاردانی تاك بۆ خۆکوشتن ئەو ساتەیە تاك دەیەوێت نارسیزمەکەی چیدی ئازارنەدات یان بەلایەوە باشترە خۆی ئازارێکی توندی خۆی (ئازارێکی ئەبەدی) بدات بۆئەوەی هێزە دەرەکییەکان (هەموو بابەتەکانی دەرەوەی خود) ئازاری نەدەن، یان گەیشتۆتە ئەو ساتەی زەبرە دەرەکییەکان بۆسەر نارسیزمەکەی رەتدەکاتەوە و بۆ هەمیشە خۆی دەخاتە بێ ئاگاییەکەوە بۆئەوەی نارسیزمەکەی تیادا پارێزراوبێت، چونکە ئەو ساتەی مرۆڤ رقی لەخۆی دەبێتەوە و خۆی بەبێزاری و ناشرینی دەبینێت و کاتێك واقیع دژی خواستەکانی دەبێت، کۆتایی بەژیانی دەهێنێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت رقی لەنارسیزمی خۆی دەبێتەوە، بەڵکو رقی لەو واقیعەیە کە خۆی بەوشێوەیە تیادا دەبینێت و لەهەموو ساتێك زیاتر خودی خۆی خۆش

دەوێت و لەوساتەدا پێیوایە خزمەت بەنارسیزمەکەی دەگەیەنێت، هەموو وزەیەکی کۆدەکاتەوە بۆ سنووردانان لەنێوان بوونە فیزیکیو ناخی خۆی لەگەڵ هەموو جیهاندا، نایەوێت نارسیزمەکەی بەو واقیعەی ژیان کە دژی خواستەکانییەتی دووچاری بەرکەوتن ببێت.

دواجار دەگەینە ئەو سەرنجەی پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان مرۆڤ بەهەموو جۆرەکانییەوە واتە لەنێوان توخمە هاوتاکان (ژن و ژن یان پیاو و پیاو)و توخمە دژەکانیشدا (ژن و پیاو) لەجۆرێك لەنارسیزم بەدەر نییە تەنانەت ئەو پەیوەندییە بەتینانەش کە بەخۆشەویستیو ئالوودەبوونێکی زۆر دەناسرێن، هەروەها پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك یان منداڵ و باوان، بەگشتی جۆرێك لەنارسیزم و بەرژەوەندی تاك لەڕووی تێرکردن و چێژبینینی سۆزدارییو پێداویستییە کەسییەکان لەخۆدەگرێت.

(بەپێی وتەی p.c. Racamier ئەو کەسەی بەدەست لادانی نارسیزمی perversion narcissque یەوە دەناڵێنێت هەست بەئارەزوویەك دەکات بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنی سیفەتەکانی خۆی تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی هاوبەشەکەی بەرامبەریشی بێت، لەم حاڵەتەدا ئەو هاوبەشە وەك کەسێکی مرۆیی مامەڵە ناکرێت، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ سوودی تایبەتی)[32] واتە کاتێك کەسێکمان خۆشدەوێت بەشێکی ئەو سۆزە دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووکردنمان بۆ دەرخستنی سیفەتەکانی خۆمان لەڕێگەی ئەوی بەرامبەرەوە و وەرگرتنی هەندێك لەسیفەتە پەسەندکراوەکانی ئەویش، یان خۆمان دەبینینەوە لەودا وەك لەپەیوەندی نێوان منداڵ و باواندا ئاشکرا دەردەکەوێت، چونکە منداڵ درێژبوونەوەی نارسیزمی باوان دەنوێنێت، هەربۆیە بەدڵخۆشی منداڵەکانمان ئاسوودە دەبین و بەدڵتەنگیشیان هەست بەئازارو بێ هیوایی دەکەین، ئەو خواستانەی کە بۆ خۆمان نەهاتوونەتە دی بەزیندوویی لەمنداڵەکانماندا دەیبینینەوە و هەوڵی هێنانەدییان دەدەین، کاتێکیش ئەو ئامانج و خواستانەی خۆمان بەهۆی منداڵەکانمانەوە، دێنەدی، هەست بەمەزنی خۆمان دەکەین، بەهۆی گەڕانەوەی ئەو کەماڵە نارسیزمەی لەدەستمان چووە.

نارسیزمی تەنیا دیوێك نییە لەقۆناغی گەشەی سایکۆلۆژی سێکسوالی منداڵ و کۆتایی پێبێت یان تەنیا بارێکی دەروونی لادراو یان پشێوییەك نییە لەکەسانی نەخۆشدا هەبێت، بەڵکو نارسیزم بەمانا سەراپاگیرو قووڵەکانی، ئەنگێزەیەکی هەمیشەییە و هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ژیانمان لەگەڵماندایە وەك فرۆید دەڵێت تەنیا خۆشەویستی تاك بۆ خۆی نانوێنێت، بەڵکو سۆزێکی توانا هەمەکی دەنوێنێت.



## پەراوێزەکان

(*) narcissisme نارسیسیزم لەمیسۆلۆژیی گریکیدا نارسیس منداڵێکی زۆر جوان بووە دایکی یەکێك بووە لەحۆرییەکانی ئاو و باوکی رووبار بووە، تریزیاسی فاڵگرەوە پێشبینی ئەوە دەکات کە نارسیس زۆر دەژی بەمەرجێك خۆی نەبینێت، رۆژێك یەکێك لەدوژمنەکانی هەڵیدەفریوێنێت و لەسەر رۆخی ئاوەکە بەناوی ئاوخواردنەوەوە رایدەوەستێنێت، نارسیس هەر کە بۆ ئاو خواردنەوە سەری شۆڕدەکاتەوە وێنەی شکاوەی خۆی لەئاوەکەدا دەبینێت، راستەوخۆ گیان لەدەستدات و جەستەی بۆ گوڵی نێرگز دەگۆڕێت، لەوکاتەوە گوڵی نێرگز بۆتە سیمبولی خۆشەویستییەکی بێ دڵ یان ئاماژەیە بۆ سۆزێکی ناڕاست، لێرەوە ناولێنانی حاڵەتی ئەشقبوونی خود بەنێرگزی یان نارسیسزم ناونراوە.

(١) د.أبراهيم، ريكان، النفس والعدوان، دارالشؤون الثقافية العامة-بغداد ١٩٨٧ ط١

(٢) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەسەرەتایی سەرهەڵدانی زاراوەی نارسیزم باسکردنی وەك بارێکی سایکۆلۆژی تەماشای کتێبی- النرجسية دراسة نفسية، د. بيلا غرانبرغر بكە.

(٣) موسوعة علم النفس، اعداد: د. أسعد رزوق، مراجعة: د. عبداللة عبدالكريم، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١ ١٩٧٧، ص (١٠٨).

(٤) هنشل، روبرت وأخرون، اقدم لك ميلاني كلاين، ترجمة: حمدي جابري، المشروع القومي للترجمة (٥٤٤)، المجلس الاعلى للثقافة- قاهرة/ ٢٠٠٣، ص (١٣٥).

(٥) د. غرانبرغر، بيلا، النرجسية دراسة نفسية، ترجمة: وجية أسعد، منشورات وزارة الثقافة- دمشق/ ٢٠٠٠، ص (٢٣).

(٦) د. سنايدر، اي، التحليل النفسي والفن، ترجمة: يوسف عبدالمسيح وزارة الثقافة والاعلام- عراق/ ١٩٨٤، ص (١٦٢).

(٧) سەرچاوەی پێشوو (٥) ل (٣٣).

(٨) سەرچاوەی پێشوو (٥) ل (٤٢).

(٩) د. كمال، علي، الجنس والنفس في الحياة الانسانية، دار الوسط- لندن/ ١٩٨٦، ص (٣٧٨).

(١٠) ئینتەرنێت، From Wikipedia, the free encyclopedia.

(١١) هال، كلفن، علم النفس الفرويدي، ترجمة: د. محمد فتحي الشنيطي، دار النهضة العربية- بيروت/١٩٧٠، ص (١٣٣).

(١٢) سەرچاوەی پێشوو (٩)، ل (٣٧٩).

(١٣) حب اللة، عدنان، التحليل النفسي من فرويد الى لاكان، مركز الانماء القومي- لبنان/ ١٩٨٨، ص (٩٥).

(١٤) كابلن، لويز، المراهقة وداعاً ايتها الطفولة، ترجمة: أحمد رمو منشرات وزارة الثقافة- دمشق/١٩٨٨، ص (٢٠٥).

(١٥) سەرچاوەی پێشوو (٩)، ل (٣٧٨).

(١٦) د. المليجي، عبدالمنعم و د. حليمي المليجي، النمو النفسي، دار النهضة العربية- بيروت/ ١٩٧١، ص (٣٦٠).

(١٧) سەرچاوەی پێشوو (١٤)، ل (١٥٩).

(١٨) سەرچاوەی پێشوو. (١٤)، ل (١٦٤).

(١٩) سەرچاوەی پێشوو. (١٤)، ل (١٥٩).

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو. (١٦)، ل (٣٦١).

(٢١) سەرچاوەی پێشوو. (١٦)، ل (٣٦٢).

(٢٢) وەك لەگرێی ئۆدیبدا روودەدات، مندالّی کوڕ دووچاری شۆك دەبێت کە دایکی رەتی دەکاتەوە کچیش بەهەمان شێوە بێ هیوا دەبێت لەگەیشتن بەباوکی.

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو. (١١)، ل (٨٧).

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو. (٥)، ل (١٣).

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو. (١٣)، ل (١٨٦).

(٢٦) د. سەمعان، عەبدولحەلیم، سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی، و: سۆزان جەمال، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧. ل٣٠.

(٢٧) هـ. س-ی (١١)، ل (٨٦).



(٢٨) projection خستنەپاڵ: میکانیزمێکی سایکۆلۆژییە تاك لەهەستدا پەنای بۆ دەبات لەپێناوی شاردنەوەی هەندێك پێکهاتەی نەستی کە پاڵنەرو ئارەزووی چەپێنراو و هەندێجار نەخواستراو لەخۆدەگرێت، وەك ئەو سیفەتانەی لەخۆیدا ئارەزووی ناکات و وەرسی دەکەن واتە تاك ئەوەی لەناخیدا چەپاندویەتی یان نایخوازێت دەیخاتە پاڵ کەسێکی دی و لەودا بەتاڵیدەکاتەوە، بەواتایەکی دی بەشە رەتکراوەکە لەخود دەخرێتەپاڵ دەرەوەی کەسەکە یان بۆ جیهانی دەرەوە فڕێ دەدرێت.

(٢٩) سەرچاوەی پێشوو. (٢٦)، ل (٨٢).

(٣٠) سەرچاوەی پێشوو. (٢٦)، ل (١٥١).

(٣١) سەرچاوەی پێشوو. (٢٦)، ل (١٩٣).

(٣٢) د. سمعان، عبدالحليم، المال والتحليل النفسي، دار الحداثة- بيروت/ ١٩٩٩، ص (١٨٥).

# هەڵچوونی ژن
# لەنێوان سایکۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا

هەموو جووڵە و چالاکیو کارێکی مرۆڤ لەژیانیدا جۆرێك لەکاردانەوەی دەروونی لەخۆدەگرن و کارلێکردنی فاکتەرە وروژێنەرە دەرەکییەکانیش لەگەڵ فاکتەرەکانی ناوەوە جۆرەها گۆڕان لەناو جەستەدا دروستدەکەن و هەستی جیاواز بەمرۆڤ دەبەخشن، ئەگەر ئەو فرە جۆرییەی هەڵچوون و هەستەکانیش نەبوایە هەموو ژیان دەبووە کارێکی رۆتینی بێزارکار، یان وەك خواردنی جۆرێك خۆراکی لێدەهات کە چەندە خۆشیش بوایە مرۆڤی تووشی بێزاری دەکرد، ژیان بەسروشتی خۆی زیندوو رەنگاوڕەنگ و لەگۆڕانی بەردەوامدایە مرۆڤیش لەرێگەی هەڵچوون و هەستە جیاوازەکانییەوە چێژی لێوەردەگرێت.

کاتێك هەواڵێکی ناخۆش وەك هەڵگیرسانی شەڕ یان مردنی کەسێکی نزیك دەبیستین دڵمان تەنگ دەبێت و نانمان بۆ ناخورێت، لەوەش زیاتر دەگرین، کە دەمانەوێت بۆ سەر کارەکەمان بڕۆین و بەرێکەوت درەنگ لەخەو بەئاگاهاتووین، ئۆتۆمبێلەکە جێی هێشتووین و پاسیش لەوکاتەدا خێرا ئامادە نییە پێی بڕۆین، تووڕە دەبین، کە هەست دەکەین ئیشوکارەکانمان بەباشی بەرێوەچوون و کێشەیەکی تایبەتیمان نییە پێیەوە سەرقاڵ بین، بەبچووکترین جووڵە و قسەی منداڵەکەمان پێدەکەنین، کە دەڵێن بوومەلەرزە لەناوچە نزیکەکانی دەوروپشتمان روویداوە یان نەخۆشییەکی کوشندە بڵاوبۆتەوە، دووچاری ترس و دڵەراوکێ دەبین. لەسەرەتای خۆشەویستیماندا لەگەڵ توخمەکەی دیکە لەکاتی نزیکبوونەوەی کاتی ژووانەکانماندا دڵمان بەپەلە لێدەدات و روخسارمان خوێنی تێدەزێت. کاتێکیش هەستدەکەین مافمان خوراوە و کەسێك زوڵمی لێکردووین یان هەست بەسووکایەتی دەکەین، هەڵدەچین و تووڕەدەبین و بەسەریدا هاواردەکەین.



کە بەهارانیش لەشوێنێکی سەوزی هێمندا دادەنیشین هەست بەئارامی دەکەین، جۆرەهاو جۆرەها هەڵچوون و هەستی دیکە کە ژیان پڕ لەئاسوودەییو خرۆشان دەکەن، ژیان بەبێ هەڵچوونەکان وەك دانیشتن وایە لەژوورێکی مەیلە و رووناکدا واتا دەتوانین شتەکانی چواردەوری خۆت ببینیت، بەڵام ناتوانیت رەنگو جوانیان جیابکەیتەوە و چێژیان لێوەربگریت.

جۆرەکانی هەڵچوون زۆرن و هەندێکیان بەپۆزەتیڤ دادەنرێن وەك خۆشی، چێژ، ئاسوودەیی، زیندوویێتی، شانازی، پڕچالاکی، پێکەنین، ئازایەتی.. هتد هەندێکیشیان بەنێگەتیڤ دادەنرێن وەك خەم و خەفەت، هەستکردن بەگوناه، ترس، تووڕەبوون، دڵەراوکێ، بێزاری، گرژبوون، شەرم، بێ باکی، هەستکردن بەنوشوستی.. هتد.

کەواتە (هەڵچوونەکان ماناو مەغزا بەژیان دەبەخشن، کاتێك دڵمان خۆش دەبێت پێدەکەنین، کە جنێومان پێدەدرێت تووڕە دەبین، ئەو کچەی کە پێشنیاری هاوسەرێتی کردنی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت دەخرێتە بەردەمی خۆشییەکی زۆر دڵی داگیردەکات)[١]. زاناکانی سایکۆلۆژی زۆر پێناسەیان بۆ هەڵچوون داناوەو بەجۆرەها شێوە باسیان کردووە، بەڵام ئارنۆڵد ARNOLD پێناسەیەکی جوانی بۆ هەڵچوون داناوە و دەڵێت: (هەڵچوون مەیلێکە کە مرۆڤ بەرامبەر هەر شتێك کە پێی باشە بەئەنجامی بگەیەنێت، هەستی پێدەکات، یان دوورکەوتنەوە لەهەر شتێك کە هەست دەکات باش نییە بەئەنجامی بگەیەنێت[٢]).

## هەڵچوون و رووداني گۆڕانە جەستەییەکان

هەڵچوونەکان پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بن زۆرکات کاریگەریان بەروخساری مرۆڤەوە دیارە ئەگەر ساختە نەبن، مرۆڤ هەندێجار دەتوانێت هەڵچوونە رەسەنەکانی خۆی بشارێتەوە لەرێگەی دەربڕینیانەوە بەشێوەیەکی دیکە، یان لەکاتی پێویستدا کۆنترۆڵیان بکات.

بەڵام لەرووی سایکۆلۆژییەوە هەرچەندە جڵەوگرتنی هەندێك لەهەڵچوونەکان بەسیمای کامڵبوون و پێگەیشتنی کەسێتی دادەنرێت، بەڵام نواندن لەکرداری دەربڕینی هەست و هەڵچوونەکاندا بەکاریی باش بۆ سەر دەروونی تاك دانانرێت، چونکە

(لەروانگەی کەسێتی دروستەوە واباشە مرۆڤ بەئازادی گوزارشت لەهەڵچوونەکانی بکات، وێرای ئەوەی پێویستە هەستەکانی مرۆڤ رەسەن بن و دروستکراو نەبن، چونکە هەڵچوونە دروستکراوەکان و دوورکەوتنەوە لەرەسەنێتی، تەندروستی مرۆڤ تێکدەدەن و دەبنە بەربەست لەبەردەم گەشەی کەسێتیدا) [٢].

هەرچی گۆڕانکارە جەستەییەکانیشە ئەوا (تاقیکردنەوەکان ئاشکرایان کردووە لەباری هەڵچوونە توندەکاندا، پەستانی خوێن بەرزدەبێتەوە، کرژبوونی ماسولکەکان لەهەموو بەشەکانی لەشدا روودەدەن و شەکر لەجگەرەوە بۆ خوێن دێت و ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی خوێن زیاددەکەن، هەستکردن بەهیلاکی کەمدەبێتەوە، ئەگەر برینداریەك لەلەشدا روویدا ئەو زووتر لەباری ئاسایی خوێنەکە دەمەیەت و دەگیرسێتەوە، چونکە زیادبوونی پەستانی خوێن هێزی زیندەوەر بۆ بەکارهێنانی وزە هەڵگیراوەکانی و گۆڕان لەکرژبوونی ماسوولکەکان زیاددەکات و وادەکات لەش زیاتر بەئاگابێت و لەباری ئامادەباشیدا بێت، رۆیشتنی شەکر بەلوولەکانی خوێندا وزەی زیاتر بەماسوولکەکان دەبەخشێت بۆ بەدیهێنانی فرمانەکانیان بەزیادبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێنیش ئۆکسجینی زیاتر دەهێنن، لەبەرئەوە وزەی وەرگیراو لەخۆراکەوە بەشێوەیەکی خێراتر بەکاردەهێنرێت و هەستکردن بەهیلاکی کەم دەبێتەوە بەشێوەیەك تاك دەتوانێت لەشەڕکردن بەردەوام بێت بەبێ ئەوەی هەست بەهیلاك بوون بکات تا ئەوکاتەی سەلامەتی خۆی یان رازی بوونی خۆی بەئەنجامی ئەو هەڵچوونەی، بەدەستدەهێنێت[٤]).

بەگشتی هەڵچوونەکان ژیان پڕ لەزیندوێتی و چێژدەکەن، بەڵام خووگرتن یان راهاتن و بەردەوامی لەسەر یەکێك یان زیاتر لەهەڵچوونە نێگەتیڤەکان بۆنموونە بەردەوام تووڕەبوون و هەڵچوون و هەستکردن بەگوناه و شەرم و ترس و دڵەراوکێ.. هتد تەندروستی دەروونی مرۆڤ دووچاری مەترسی تووشبوون بەجۆرەها باری دەروونیو پشێوی درێژخایەن دەکەن لەبەرئەوە دەربڕینی هەڵچوونەکان بەسروشتی ئاماژەیەکە بۆ دروستی کەسێتی تاك و دەروونی مرۆڤ خامۆش و ئاسوودە دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا کۆنترۆڵکردنی هەندێك لەهەڵچوونەکان و ئاگاداربوون لەچۆنێتی گوزارشتکردن لێیان لەپێناوی سەرکەوتنی پەیوەندییە مرۆییەکان و گونجاندنمان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی چواردەورماندا، بەکارێکی پێویست دادەنرێت*.



دەکرێت قسەی زیاتر لەسەر هەڵچوون وەك یەکێك لەبابەتە گرنگەکانی بواری سایکۆلۆژی بکرێت و لەراستیشدا هەروایە، چونکە بوارێکی فراوانە و لایەن و تایبەتمەندی و وردەکاری زیاتر لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەوەی دەمەوێت لەم بابەتە بیخەمەڕوو کە لەبناغەدا هۆکارێکیش بوو بۆ هاندانم بۆ خستنەڕووی بابەتەکە بەم رەوتە ئەوەیە لەئەنجامی تێبینیکردن و بەدواداچوونی دوور و نزیکم لەژیاندا بۆ هەندێك بابەت وای دەبینم ژنان هەڵچوونیان زیاترە یان راسترە بڵێین هەندێك لەدوو جۆرەکەی هەڵچوونیان زیاترە.

بەگشتی زاناکانی سایکۆلۆژی لەکاتی باسکردن و شیکردنەوە سایکۆلۆژیەکان و خستەڕووی دیاردە و بابەت و روخسار و نەخۆشی و چارەسەرە دەروونییەکاندا مرۆڤ وەك تاك باس دەکەن نەك وەك توخم واتە بۆنموونە کە دێت باسی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات ژن و پیاوی جیانەکردووەتەوە تەنها لەو بارانەدا نەبێت کە تاقیکردنەوەکان ئاماژە دەدەن یەکێك لەو دوو توخمە زیاتر دووچاری نەخۆشییەکی یان بارێکی دەروونی دەبن، بەڵام دەتوانین بڵێین هەڵچوونەکانی ژن زیاترن، بەلایەنی کەمەوە لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەڵچوونە نێگەتیڤە زیانبەخشەکان بەتەندروستی دەروونی تاك ژن زیاتر دەگرێتەوە، دەکرێت بڵێین نەهامەتییەکانی کورد و شەڕەکانی کورد بەدرێژایی مێژوو دووچاریان بووە و زوڵم و زۆرداری بەعس و کاریگەری گەورەیان لەسەر کەسێتی ژن و هەڵچوونە نێگەتیڤەکانی، بەجێهێشتووە وێڕای فاکتەری کلتورو دواکەوتنی کۆمەڵگە و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ فاکتەرە بایۆلۆژیەکاندا.

بەباسکردنی قۆناغەکانی تەمەن دەستپێدەکەین کە لەئەنجامی کارلێکردنی گۆڕانە جەستەییو فسیۆلۆژیەکانی بەسەر جەستەدا دێن لەگەڵ فاکتەرە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەری گەورە لەسەر داڕشتنی کەسێتی ژن و دەرکەوتنی هەڵچوونەکان و شێوازی گوزارشتکردن لێیان، بەجێدێڵن.

## قۆناغی منداڵی

منداڵ بەو وروژێنەرانە کاریگەر نابێت کە دەبنە هۆی هەڵچوونی هەرزەکارو لەدڵەراوکێی گەورەکانیش تێناگات، چونکە هەڵچوونەکان بەپێی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێن و لەرووی هۆکارو شێوازی دەربڕین و چۆنێتی کۆنترۆڵکردنیشیانەوە جیاوازن (وەڵامدانەوە هەڵچوونییەکان لەمنداڵدا خۆش یان ناخۆش بن وەڵامدانەوەکەیان توندوتیژ دەبێت.. منداڵ ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات لەگەڵ گەشەی منداڵدا توانای منداڵ بۆ گوزارشتکردن لەهەڵچوون و هەستەکان بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهێزدەبن.. ) [٥].

وەك ئاشکرایە قۆناغی منداڵی قۆناغێکی هەستیارە لەتەمەنی مرۆڤدا، چەندە منداڵ بەسروشتی پێیدا تێپەڕبێت هێندە زیاتر دەبێتە خاوەن کەسێتیەکی ئاسایی‌و بێ گرێ‌و بەسروشتی گوزارشت لەهەڵچوونەکانی دەکات‌و لەگەورەیدا کەمتر دووچاری گرفتە دەروونییەکان دەبێتەوە، ئەو کچانەی لەمنداڵیدا لەکەشێکی خێزانی ناسروشتیدا ژیاون بەهۆی ئاژاوەی بەردەوامی نێوان دایك‌و باوك جیابوونەوە یان مردنی یەکێکیان، خراپی باری ئابووری و ناهۆشیاری خێزان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك دابین نەکردنی پێداویستییەکانی و پێشێل کردنی ماف و چەوساندنەوەو شکاندنەوەی بەردەوام و ئیش پێکردنی زیاد لەتوانای خۆی و بێبەشکردن لەچێژبینین لەقۆناغی منداڵی‌و ئارەزوونەکردنی منداڵەکە لەبەر هەر هۆیەك بێت و جیاوازیکردنی لەگەڵ براکەیداو .. هتد ئەمانە وادەکەن منداڵ لەئایندەدا کەسێتییەکی نەخۆشی هەبێت و هەڵچوونەکانی وەك مرۆڤێکی ئاسایی دەرنەبڕێت (وەك دەرەنجامێکی سروشتی ئەو هەڕەشانەی مرۆڤ لەسەردەمی منداڵیدا تووشیان دەبێت و ئەو بەئاگاهێنانەوە و ئەو توندوتیژیانەی بەشێوەیەکی دووبارەبۆوە رووبەڕوویان دەبێتەوە و ئەو ترسە مەرجدارانەی لەکەسانی دیکەوە وەریاندەگرێت، زۆربەمان دەبینە قوربانی هەموو جۆرەکانی فۆبیاو ترس و دڵەراوکێی توند) [٦]. لەبەرئەوە ئەو کچە منداڵانە لەگەورەیدا کەمتر بەبیستنی نوکتەو قسەی خۆش پێکەنینیان دێت، یان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا و لەژیانی رۆژانەدا دەبنە کەسانی بێ باك و ساردو نێگەتیڤ‌و بێ پەروا مامەڵە دەکەن، توانای بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سروشتیان نابێت و ناتوانن چێژ لەخۆشەویستی کەسانی چواردەوریان ببینن و زۆرجار بەهۆی بێ باکیان لەکۆنترۆڵکردنی هەندێك



لەهەڵچوونەکانیان لەکۆمەڵدا دووچاری کێشە دەبن، یان هەڵچوونەکانیان هەر دەرنابڕن و دەرەنجام خۆیان دووچاری کێشەی دەروونی دەبن و لەوانەیە کەسانی نائارام یان خەماوی و ترسنۆکیان لێدەربچێت و سڵ لەهەموو شتێك بکەنەوە و بەرامبەر بەسادەترین گرفت دووچاری دڵەراوکێ بن و بەهەموو شتێکیش گریانیان بێت.

## قۆناغی پێگەیشتن

سروشتی بایۆلۆژی واپێویست دەکات یان دەیسەپێنێت بەسەر ژندا بەکۆمەڵێك قۆناغی فسیۆلۆژیدا تێپەڕببێت کە ئەم قۆناغانە وێڕای گۆڕانە جەستەییە فسیۆلۆژیەکان هاوکاتن لەگەڵ کۆمەڵێك گۆڕانی سایکۆلۆژیداو هەرچەندە گۆڕانەکان فسیۆلۆژین و پەیوەندیان بەکۆمەڵێك هۆرمۆن و کرداری بایۆلۆژی تایبەتییەوە هەیە، بەڵام فاکتەرە دەرەکییەکانیش کاریان لێدەکەن وەك لەدواییدا ئاماژەیان پێدەدەین، بەڵام دەرەنجامی ئەو گۆڕانانە ژن دووچاری جۆرەها باری دەروونی ناخۆش و هیلاککەر دەبێت.

## نەرزەبوون

بەدەرکەوتنی سیفەتە توخمییە دووەمیەکان دەستپێدەکات وەك دەرکەوتنی موو لەهەندێك شوێنی تایبەتی لەش و دروستبوونی مەمك کە هاوکاتن لەگەڵ درێژبوونی باڵاو زیادبوونی کێشی لەش‌و پاشان سوڕی مانگانە روودەدات و بەردەوام هەر ٢٨ رۆژ جارێك دووبارە دەبێتەوە، کاتی دەسپێکردنی ئەم قۆناغە و دیاریکردنی ئەو تەمەنەی ئەم گۆڕانانەی تێدا روودەدات لەهەموو کچێکدا وەك یەك نییە، کچ لەتەمەنی ١٠-١٣ ساڵیدا تەنانەت هەندێك جار پێش ئەم تەمەنەش لەوانەیە رووبدات، بەدەرکەوتنی سیفەتە توخمییە دووەمیەکان و تێبینیکردنی لەلایەن خێزانەوە و گەشەکردنی خێرا لەو تەمەنەداو بەرزبوونی باڵا، گەشتێکی ناخۆش‌و بێزارکار لەژیانی کچدا دەستپێدەکات، دایك یان ئەندامانی خێزانەکەیی‌و کەسانی چواردەوری بەچاوی گەورە کچێکەوە تەماشای دەکەن لەکاتێکدا ئەو کچە منداڵە هێشتا لەسەر جەستەی خۆی هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەدینەکردووە پێی دەڵێت تەواو تۆ گەورە بوویت، تۆ نابێت رابکەیت یان لەگەڵ منداڵاندا یاری بکەیت، ئەو کچە کە هێشتا هەر منداڵەکەی جارانە و

کەمێك قەبارەی گەورە بووە و گەشەی ئەندامیو فسیۆلۆژی لەقۆناغی سەرەتایدایە، دووچاری جۆرەها هەستی دژ دەبێتەوە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گەشەکردنی بەردەوام دەبێت و سنگی هەڵدەتۆقێت، کە گەورەترین کێشە لەژیانی کچدا لەگەڵیدا دەستپێدەکات، چونکە کەسانی چواردەوری تێبینی دەکەن، راستەوخۆ تەماشای دەکەن، لەجیاتی یارمەتیدانی بۆ تێگەیشتن لەگۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغە و هەوڵدان بۆ دڵنەواییکردنیو بەئاسان وەرگرتنی ئاکارە جەستەییەکانی بەپێچەوانەوە لەبچووکترین دەمەبۆڵەدا بەشێوازی ناشرین ئاماژە بۆ دەرکەوتنی سنگیو گەورەبوونی دەکەن.

ئەو کچە چەندە لەتوانایدا بێت سنگی دەشارێتەوە و بەجلوبەرگ دایدەپۆشێت و پەستانی دەخاتە سەر تا دەرنەکەوێت، هەرچەندە ئەو ناوچەیە لەوکاتەدا بەهۆی گەشەکردنیەوە زۆر هەستیار دەبێت و بەبچووکترین بەرکەوتن ئازاری دەبێت، بەڵام ئەو کچە کە لەخێزانێکی ناهۆشیاردایە بەرگەی ئەو ئازارە دەگرێت تا کەمێك لەتوانج و قسە و سەرنجەکانی چواردەوری رزگاری ببێت.

هێشتا لەگەڵ ئەم گۆڕانە نوێیەدا رانەهاتووە لەوانەیە سووڕی مانگانەکەی دەست پێبکات کە دیسانەوە کێشەیەکی دیکەی کچە و نازانێت چۆن رەفتاربکات بەشێوەیەك هیچ کەسێك بەم گۆڕانە گەورەی نەزانێت، کچان لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەزۆری لەسەر ئەوە فێرکراون چەندە ئەو مەسەلەیە توندوتۆڵتر بشارنەوە و نەیەڵن کەس پێی بزانێت ئەوەندە ژیرو سەلارترن لەلای خێزانەکەیان. زۆربەی کچان ئەم کارەدەکەن واتە تا بتوانن خۆیان و گۆڕانە ئەندامیەکانیان دەشارنەوە، بەڵام گەشەی فسیۆلۆژیو ئەندامی ئەم قۆناغە راناوەستێت و بەردەوام دەبێت، ئەو کچە منداڵە وردە وردە لەروخساردا وەك مێیەك دەردەکەوێت بەتایبەتی لەکاتێکدا گەشەی ئێسکەکانیش لەگەڵ ئەو گەشانەی دیکەدا بەردەوام دەبن و حەوزی کچ شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرێت و چەوری لەهەندێك ناوچەی وەك سمتدا کۆدەبێتەوە، بەڵام لەڕووی گەشەی دەروونییەوە کچەکە زۆری ماوە وەك مێیەکی کامڵ لەجەستە و گۆڕانەکانی بڕوانێت و زۆرجار دووچاری بێزاری و فشاری دەروونی دەبێتەوە.



(قۆناغی هەرزەکاری خۆی قۆناغی نائارامیو پشێوی نییە، بەڵکو ئەو دڵەراوکێو پشێوییە لەئەنجامی تێگەیشتنی هەڵە لەپێداویستییە گەشەکردووەکانی هەرزەکارەوەیە کە بەرەو سەربەخۆبوون هەنگاودەنێن سەرهەڵدەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گیروگرفتە جەستەییو ئەقڵیو کۆمەڵایەتیو هەڵچوونییەکان هەر هەن کە پێویستە هەرزەکار رووبەڕوویان ببێتەوەو لەگەڵیاندا بگونجێت) [٧].

کوڕ لەقۆناغی هەرزەکاریدا ئاسایی هەستدەکات پێویستی بەدایك و باوکی نەماوە و لەژیاندا پشتیان پێ ببەستێت و لەمنداڵی زیاتر فرسەتی ئازادبوون و سەربەخۆیی لەبەردەمدا دەڕەخسێت بەپێچەوانەی کچەوە کە قۆناغی منداڵی بۆ ئەو زۆر خۆشتر بوو، چونکە تا ئاستێك ئازادی و جووڵە و یاریکردنی لێ زەوت نەکرا بوو، بەڵام ئێستا ئەو ئازادییەی نەماوە، چونکە لەکاتێکدا خۆی بەئەزموونێکی تەواو جیاواز لەمنداڵی تێپەڕدەبێت هاوکات (لەژیانێکی هەڵچوونی توندا دەژی و ئەمەش بێگومان بۆ گۆڕان لەدەردانی هۆرمۆنەکاندا دەگەڕێتەوە وێڕای فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان کە رۆڵێکی گەورە لە وروژاندنی هەڵچوونیدا دەبینن) [٨]، ئەم ئەزموونە نوێیەی گەورەبوونیش بۆ کچ بارقورساییەکی گەورەیە و ژینگەی کۆمەڵایەتی چواردەوریی کچ واپێویست دەکات هەست بەکۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیارێتی نوێ بکات. لەهەرزەکاریدا کچیش وەك کوڕ گۆڕانی تایبەتی بەسەردادێت و چۆن کوڕ هەستەکانی دەورووژێن و دەکەوێتە ململانێ لەنێوان ملکەچکردن بۆ ئارەزووەکانیو رێزگرتن لەدابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش بەهەمان شێوە، بەڵام کوڕ بەهۆی ئەو فرسەتەیەوە کە خێزان بۆ ئازادبوون و سەربەخۆبوون پێی بەخشیوە تا ئاستێك دەتوانێت قەرەبووی ئارەزووە بەدینەهاتووەکانی بکات، لەکاتێکدا کچ هەموو سنوورەکانی ئازادی و جوڵە و کردارە ئاساییکانی رۆژانە و تەنانەت قسەکردن و دەربڕینی بۆچوونەکانیشی لێدەسەنرێتەوە لەبەرئەوەی گەورە بووە. کەواتە کچ لەم قۆناغەدا جارێك دەکەوێتە بەردەم فشاری گۆڕانە ئاساییەکانی قۆناغەکە و ململانێ دەروونیو پاڵنەرە غەریزەییەکانی، جارێکیش دەکەوێتە بەردەم فشاری توندی خێزان و دەسەڵاتی بەسەریدا. ئەمانە وایلێدەکەن لەکوڕێکی هەرزەکار زیاتر بەبچووکترین شت کاریگەر بێت، کوڕەکە بەبەهانەی گەورەبوونییەوە تووڕەبوون و تەقینەوە دووبارەبووەکانی بەسەر دایکیو خوشکەکانیدا لێ وەردەگیرێت، بەڵام کچەکە

مافی قسەکردنیشی نییە و وەك منداڵی قسەکانی لێوەرناگیرێت و وا پێویست دەکات زۆر کەمتر قسەبکات. لەبەرئەوە هەموو ئەم گوشارانە دەخاتەوە ناو ناخی خۆیی‌و بەپێی کەسێتی دارێژراوی لەقۆناغی منداڵی‌و باکگراوندی پەروەردەو شێوازی ژیانی‌و ئاستی هۆشیاری خێزانەکەی ئەو گوشارانە لەجۆرەها شێوەدا خۆیان دەبیننەوە و بەجۆرەها شێواز هەولّی قەرەبووکردن و گوزارشتکردن دەدەن، چونکە (قۆناغی هەرزەکاری بەپێچەوانەی قۆناغی منداڵییەوە قۆناغی گەشەی خێرای جەستەو ئەقڵە، ئەمەش وادەکات هەندێك پشێویی هەڵچوونی‌و گیروگرفتی ئاڵۆزی تێدا رووبدات کاتێك هەرزەکار بەباشی ئاڕاستە ناکرێت)[٩].

بەمشێوەیە کچ لەم تەمەنەدا فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ژیانی ئاڵۆزو ناخۆشدەکەن لەکاتێکدا لەقۆناغی منداڵیدا ژیانێکی سادە و خۆشی هەبوو، ئەو فشارە لەدوو بواردا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان فشاری خێزان کە وەك وتمان جووڵە و چوونە دەرەوە و یاری و قسەکردن و پێکەنین و شێوەی جل لەبەرکردنی هەمووی سنووردار دەکەن و کچ بەکۆمەڵێك رێنمایی توند کە دەرچوون و لادان لێیان مەحاڵە، تەوق دەکرێت. بواری دووەم هەندێك کات کچ لەم تەمەنەدا دەبێتە نێچیری کەسانی دواکەوتوو نەخۆش‌و ئەوانەی جۆرەها گرێ و لادانی سێکسیان هەیە، چونکە هۆشیاری و زەینی کچەکە لەو تەمەنەدا هێشتا بەشی ئەوە پێنەگەیشتووە بتوانێت خۆی لەو کەسانە بپارێزێت یان لەئارەزوو مەرامی نەخۆشیان تێبگات، هەندێك جار رێدەکەوێت ئەو کەسانە لەژیانی رۆژانەدا لەکچەکەوە نزیکن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و کچەکە متمانەی پێیان هەیە، بەڵام ئەو پیاوانە کاتێك دەبینن ئەو کچە گەورە بووە و روخساری سەرنجراکێشەری مێی پێوەدیارە، هەندێك وردە دەستدرێژی دەکەنە سەری بەزارەکی یان ئەگەر بۆیان بلوێت بەدەستلێدانی هەندێك شوێنی جەستەی کچەکە بەتایبەتی سنگی کە لەسەرەتای هەرزەکاریدا لەشوێنەکانی دیکەی زیاتر دیارە و بەهۆیەوە ئاماژە دەدات کە کچە منداڵەکەی جاران نییە. زۆرجاریش لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا کچ هەرئەوەندە کەمێك سنگی هەڵتۆقی راستەوخۆ دەڵێن تەواو گەورە بووە و دەیدەن بەشوو، ئەو کچە منداڵە کە جاری وا هەیە لەدوای یەکەمین سوڕی مانگانە دەیدەن بەشوو یان رێکەوتووە لەژیانی هاوسەرێتیدا سوڕی مانگانەی دەستپێدەکات.



ئەمانە کاریگەرییەکی خراپ لەسەر دەروونی ئەو کچە منداڵە دروستدەکەن و ئەگەر دووچاری لادانی رەفتاریش نەبێت دووچاری رووبەڕووبوونەوەی جۆرەها هەست و پرسیار و حاڵەتی دەروونی‌و جەستەیی دەبێت کە هۆشیاری و ئەقڵ‌و درکپێکردنی کچەکە لەو تەمەنەدا بەشی ئەوە ناکەن لێیان تێبگات وێڕای لێشاوی چالاکبوونی هۆرمۆنەکانی‌و پاڵنەرە ناوەکیەکانی‌و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزانی‌و کۆمەڵایەتی‌و سۆزداریی‌و سێکسوالی لەو بارانەدا کە کچ بەمنداڵی بەشوو دەدرێت.

Z.L کە ئێستا ژنێکی بەتەمەنە و جارێك لەکاتی باسکردنی رۆژانی گەنجێتی خۆیدا وتی: دەمزانی سنگم رەق بووە و هەموو کەسێکیش ئەوەی دەبینیٚ، بەڵام نەمدەزانی ئەو پارچە گۆشتە هەڵتۆقیوە ئەوەندە بەلای پیاوەوە سەرنجراکێشەرە، تا ئەو رۆژەی دایکم بەکارێك بۆ ماڵی دراوسێکەمانی ناردم کە بەتەنیشت خۆمانەوە بوون و بووبووین بەکەسی یەکتر، کە چووم دەرگاکە دانەخرابوو منیش وەك جاران چوومە ژوورەوە پێش ئەوەی ژنەکەی دراوسێمان ببینم مێردەکەی بەپێکەنینەوە بەرەو رووم هات و هەتا هێزی تێدابوو هەردوو مەمکمی گوشی‌و منیش لەتاو ئازارو سەرسوڕماوی خۆم دەستم بەگریان کردو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.. لەو رۆژەوە فێربووم دەبێت ئەو شوێنە لەدەستی پیاو بپارێزرێت و هەر ئەمەش بوو بەیەکێك لەو هۆیانەی نەمتوانی بەردەوامی بەژیانی هاوسەرێتیم بدەم، چونکە لەوکاتەوە نەمهێشت هیچ کەسێك دەستیان بۆ بەرێت و پیاوەکەشم بەوە تۆمەتباری دەکردم کە من ژنێکی ساردوسڕم..

بێگومان فشاری کۆمەڵایەتی دواکەوتنی خێزان و ناهۆشیاری‌و تێنەگەیشتوویی کەسانی چواردەوری کچ هۆکارن لەدروستبوونیدا، چونکە دەکرێت پێش دەستپێکردنی ئەم قۆناغە هەستیارە وردە وردە زانیاری دەربارەی گۆڕانە جەستەیی‌و فسیۆلۆژیەکان بەمنداڵی کچ بدرێت بۆئەوەی پێش دەرکەوتنیان بیرۆکەیەکی دەربارەیان هەبێت و لەهەمان کاتدا دایك و باوك و هەموو ئەندامانی خێزان پێویستە بەقۆناغێکی گەشەکردنی منداڵەکانیانی دابنێن کە قۆناغی گواستنەوەیە لەمنداڵییەوە بۆ گەورەیی‌و پێگەیشتن وێڕای چاودێری و یارمەتیدانی بەردەوام نەك بەستنەوە و سنووردارکردنی جووڵە و چالاکییەکانیان، چونکە ناشارەزایی لەمامەڵەکردنی خێزان لەگەڵ ئەم قۆناغەی گەشەکردنەی کچدا جۆرەها کێشەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی بۆ کچ دروستدەکەن و رەنگدانەوەیان لەسەر کەسێتی‌و ژیانی بەگشتی دەبێت‌و لەوانەیە بەدرێژایی ژیان نەتوانێت لێیان دەربازبێت.

## ململانێ دەروونییەکانی هەرزەکاری

ئەزموونی ناخۆشی کچ لەقۆناغی هەرزەکاریداو ناهۆشیاری بەرامبەر بەگۆڕانەکانی قۆناغەکەو چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا وادەکەن هەستێکی دژ لەدەروونیدا دروست ببێت لەلایەك رقی لەجەستەی خۆی دەبێتەوە و لەلای تەوقە، چونکە واپێویست دەکات هەمیشە بیپارێزێت، لەبەرئەوەی کلتورەکەی هەرزوو ئەو وانەیەی لەلا دەچەسپێنێت کە کچ شوشەیەو بەکەمترین دەستلێدان دەشکێت.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە هەمیشە ئاگای لەمەسەلەیەکی دیکە بێت کە هەموو ئایندە و ژیانی سۆزداری و خێزانیو ناووناوبانگی بنەماڵەکەشی پێوەبەندە ئەویش مەسەلەی کچێنییە کە هەمیشە رەهەندێکی ئاڵۆزی لای کچ هەیە تا ئەوکاتەی یەکەم شەوی ژیانی هاوسەرێتی وەك دەڵێن بەڕووسووری بەرێدەکات. مەسەلەی کچێنی بەمەسەلەی هاوسەرێتییەوە بەندە، هەرچەندە کۆتایی هاتنی دێوەزمەی کچێنی بەسەرەتای پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا دادەنرێت کە بۆ ژن ئەزموونێکی نوێیە، بەڵام بارقورساییەکی گەورەیە بەسەرشانی کچەوەو تا ئەوساتە بەرامبەر بەپاراستنی نائارام دەبێت و هەندێجار کچان بەبێ بوونی هیچ هۆکارێك بۆ زیان پێکەوتنی کچێنیان لەدڵەراوکێو نائارامیدا دەژین بەرامبەر بەمەسەلەی پاراستنیو یەکەم شەوی بووك و زاوایی، هەر ئەو بیرکردنەوە نائارامەش پاڵیان پێوەدەنێت لەزۆر چالاکی و جووڵە ئاساییو راهێنانی وەرزشی دووربکەنەونەوە، چونکە لەوە دەترسن کە ئەو پەردەیەی کچێنیان زیانی پێبگات، لەکاتێکدا وەرزش و هەموو جووڵەیەکی لەش بەگشتی ئاسوودەیەکی زۆر بەدەروون و جەستە دەبەخشن و مرۆڤ لەهەڵچوونی نەشیاوو نێگەتیڤ دەپارێزن.

لەلایەکی دیکەوە هەر ئەو ئەزموونە ناخۆشە وای لێدەکات لەوکاتەدا کە رقی لەجەستەی دەبێتەوە بەردەوام بیریشی لێبکاتەوە و بایەخی پێبدات و هەندێجار لە لەلایەنی ئەقڵی زیاتر سەرقاڵی دەکات کاتێك دەبینێت کۆمەڵگا چەندە جەستەی ژنی لەئەقڵی بەلاوە بەبایەخترە و پاراستنی جەستە و کچێنی مەرجی سەرەکین بۆ چوونە ناو ژیانی خێزانیو پراکتیزەکردنی پەیوەندییە سروشتییەکان لەگەڵ توخمەکەی دیدا.



ئەم هەستانە بەردەوام لەناو دەروون و ناخی کچدا گینگڵ دەدەن کە هەندێجار لەگەڵ یەکدا کۆکنو هەندێك جاریش دژ بەیەك کاردەکەن و کچ لەکۆمەڵگەی کوردیدا تا پەیوەندی هاوسەرێتی نەبەستێت بچووکترین دەرفەتی بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو هێزە سێکسوالە نییە کە لەقۆناغی هەرزەکارییەوە لەژێر کاریگەریی رژێنەکاندا کاردەکەن و هۆرمۆنەکانی بەسروشتی دەرژێن و وەك هەر پێداویستییەکی دیکەی جەستەیی پێویستیان بەتێربوون هەیە هەندێجار رێدەکەوێت کچ تا تەمەنێکی درەنگ فرسەتی هاوسەرگیری بۆ نارەخسێت ئەمە وای لێدەکات هەر لەو بارە جەستەیەدا بمێنێتەوە و سەرەنجام دووچاری جۆرەها بیرکردنەوەو نائارامی ببێت بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر ورووژێنەرە سێکسوالەکان هەبوون.

کاردانەوەی ئەم بارە جەستەییە لەسەر دەروون بەئاسانی دەردەکەوێت، بەشێوەیەك بەردەوام یان ماوەماوە نائارام و تورە دەردەکەوێت و بەبچووکترین خاڵ هەڵدەچێت یان بەپێچەوانەوە دەبێتە کەسێکی سارد و بێباك و هیچ کاری تێناکات و وەك کەسێکی سروشتیش ناتوانێت گوزارشت لەهەڵچوونەکانی بکات.

## سوڕی مانگانە

یەکێك لەسیماکانی نەرزبوون و پێگەیشتن وەك ئاماژەمان پێدا سوڕی مانگانەیە (کەوتنە سەرخوێن) کە لەسەرەتای تەمەنی نەرزەبوونەوە تا دەستپێکردنی تەمەنی نائومێدی بەردەوام دەبێت.

سوڕی مانگانە هەرچەندە لەو ماوەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە دیاردەیەکی سروشتی لەژیانی ژندا، بەڵام بەردەوام هۆکارێکە بۆ نارەحەت کردن و بێزارکردنیو رێگەگرتن لەچالاکییەکانی رۆژانەی، چونکە زۆرکات لەپێش و لەکاتی سوڕەکەدا ژن دووچاری کۆمەڵێك نیشانەی جەستەییو دەروونی دەبێتەوە وەك هەستکردن بەئازارو بێزاری و هەڵچوون و تووڕەبوون و خەمۆکی و هیلاکی کە پێیان دەوترێت کرژبوونی پێش سوڕی مانگانە (Premenstrual Tension).

## هاوسەرێتی

یەکێك لەسەرچاوەکانی نائارامی لای کچ مەسەلەی هاوسەرێتی و ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بەئایندەی ئەو پەیوەندییەوە، لەکاتێکدا پەیوەندی بەستن و هاوسەرێتی لەکۆمەڵگای ئێمەدا خۆی مەسەلەیەکی ئاسان نییە بۆ هەردوو توخم و بەتایبەتی بۆ کچ لەبەر زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی کە لێرەدا بوار نییە باسیان بکەین لەپێش هەموویانەوە نەبوونی مافی کچە بۆ دەستپێشخەری و چوونە پێشەوە لەم هەڵبژاردنەدا و نەریتی کۆمەڵایەتی وا باوە کە کچ چاوەڕێ بکات تا کورێك بەدڵی خۆی هەڵیدەبژێرێت.

لەلایەکی دیکەوە دووری کچ و تێکەڵاونەبوونی لەگەڵ توخمەکەی دی هەر لەمنداڵییەوە، بەتایبەتی لەقۆناغی هەرزەکارییەوە وایکردووە بەرامبەر بەپیاو هەست بەنامۆیی بکات و جیهانی پیاو لەلای جیهانێکی نادیار بێت، هەر ئەمەش وایکردووە زۆرجار گوێمان لەپرسیاری کچ بێت لەو ژنانە دەپرسن کە هاوسەرێتیان کردووە و دەڵێن: (دەبێت پیاو چۆن بێت؟) لەراستیشدا مافی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکات، چونکە تەنانەت پێش ئەوەی هۆرمۆنەکانی مێینەی بکەونە کارکردن و روخساری مێ بەجەستەیەوە دەربکەوێت رێگەی بچووکترین فرسەتی ناسین و شارەزابوون لەتوخمەکەی بەرامبەری لێدەگیرێت.

واتە کچ لەنائارامیی و دڵەڕاوکێدا دەژی بەرامبەر بەتوخمەکەی بەرامبەری کە لەئایندەدا ژیانی لەگەڵ دەباتەسەر، کە هاوسەرێتیش دەکات هەرچەندە لەهەندێك لایەنی گرنگی جەستەیی و دەروونییەوە تا ئاستێك ئارامی پێدەبەخشێت، بەڵام لەگەڵیدا کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیارێتی بۆ ژن دێتەپێشەوە کە دیسانەوە دووچاری دڵەراوکێو نائارامی لەشێوەی دیکە و لەبەر هۆکاری دیکە دەکەن و سەرەنجام فشارە دەروونییەکان دوو هێندە دەبن و هەڵچوونەکانی سروشتی نابن، وەك پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی و ئاستی گونجاندن و تێگەیشتن لەیەکدی و بەدیهاتنی خەونەکانی کچ بەرامبەر بەسوارچاکی خەونەکانیو ژیانی سۆزداری و پەیوەندی سێکسوالی نێوانیان. زۆرجاریش کچ بەر لەهاوسەرێتی، ژیانی ژن و مێردایەتی لەزەین و خەیاڵی خۆیدا وەك دنیایەکی یۆتۆپی وێنادەکات، بەڵام کاتێك بەواقیعی دێتە ناو ئەو ژیانەوە، بەتایبەتی لەدوای ماوەی پەیوەندیو دەستگیرانی، تووشی شۆك دەبێت لەجیاوازی گەورەی ئەو ژیانە لەسەر ئەرزی واقیع لەگەڵ ئەو ژیانەی خۆی وێنایکردبوو.



## دووگیانیو فشارەکانی

دووگیانیو منداڵبوون ئەرکەکانی ژن هێندەی دیکە ئەستەم و ناخۆش دەکەن و بەجۆرێك ئەو ژنە هەندێجار ژیانی سەردەمی کچێنی خۆی بەئاوات دەخوازێت، دووگیانیو منداڵبوون وێڕای هیلاکبوونی جەستەییو دەروونی ژن لەپەروەردەکردنی منداڵ و بەخێوکردنیدا کۆمەڵێك گۆڕانی هۆرمۆنیش بەسەر جەستەیدا دێت و ژن هەرچەندە مافی ئەوەشی پێنادرێت منداڵەکەی بەناوی خۆیەوە ناوبنرێت، بەڵام هەمیشە لەئەرك و بارگرانیو بەخێوکردن و پەروەردەکردنیدا منداڵ بەمنداڵی ژن دادەنرێت و بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵ وەك کارێکی ژنانە سەیردەکرێت، هەر لەبەرئەوە زۆرێك لەپیاوان بچووکترین یارمەتیو دڵنەوایی ژن بەنەنگی دەزانن بۆسەر پیاوەتییان، لێرەوە ژن دووچاری زۆرێك لەهیلاکی جەستەییو مەعنەوی دەبێتەوە و وای لێدێت تووشی بێزاری دەبێت و بەسروشتیش زۆربەی ژنان لەدوای منداڵبوونی یەکەم تووشی جۆرە خەمۆکییەکی کاتی دەبن، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا (دووگیانی، ماوەیەکە زۆر بەژیانی دەروونی ژنەوە پەیوەستە، چونکە ژن چەندە خاوەنی مێیەتی خۆی و فرسەتی هاوسەرێتی بێت، وێنەی دەربارەی خۆی وەك ژنێك تێر و تەواو نابێت کە دووگیان دەبێت لەوکاتەدا هەستدەکات مێیەتی تێر و تەواو بووە و دەتوانێت منداڵ بهێنێتە دنیاوە، لەبەرئەوە هەر شتێك ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەم توانایەیدا وێنەی مێ لەلای خۆی و لەلای کۆمەڵگە دەشێوێنێت)[١٠].

ژن بەتایبەتی ژنی هاوچەرخ لەنێوان بەدیهێنانی ئارەزووە غەریزەییەکانی کە ببێتە دایك و منداڵی ببێت و وەك هەر مێیەك بەگشتی کە هەستکردن بەدایکایەتی لەلای هەستێکی باڵاو جوانە و بەچاوپۆشین لەهەموو سنوور و کۆتوبەندێکی کۆمەڵایەتی تەواوی ژنان مافی خۆیانە ببن بەدایك و هەموو مێیەك دەخوازێت لێی بێبەش نەبێت، شانبەشانی فشاری خێزان و کۆمەڵگە کە بەردەوام دەست دەخەنە ژیانی تایبەتی ژنەوە بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر ژنەکە توخمێکیانی نەبوو (واتە کوڕ یان کچی نەبوو) ئەمانە لەگەڵ هەست و بیرکردنەوە و بەرنامەی ژندا بۆ پێشکەوتنی لەژیان و کارەکەیدا و بەدیهێنانی خۆی وەك کەسایەتییەکی کارا و چالاك لەکۆمەڵگەدا دەکەوێتە ململانێیەوە (دووگیانیو منداڵبوون دوو کرداری دژن لەژیانی ژندا، کرداری یەکەم رازیبوونی

دەروونی بەژن دەبەخشێت، چونکە توانیویەتی مێیەتی خۆی بەدووگیانی و توانای دایکایەتی بسەلمێنێت و لەهێنانە دنیای بوونەوەرێکی نوێدا یارمەتیدەر بێت کە جگە لەو کەس ناتوانێت ئەو کارە بکات، کرداری دووەم کرداری ئازارچەشتنیەتی لەڕووی دەروونیو جەستەییەوە، لەڕووی دەروونییەوە خەیاڵی لەلای منداڵەکەیەتی لەڕووی توخم و توانستەوە، ئایا بەو شێوەیەیە کە خۆی خۆزگەی پێ خواستووە و لەگەڵ پێشبینییەکانی خێزانەکەیدا یەکدەگرێتەوە، ئازارچەشتنە جەستەییەکانیشی هەردەبێت رووبدەنو لەسەرەتای دووگیانییەوە هەستی پێدەکات وەك گێژبوون و دڵتێکهەڵاتن و رشانەوە تا دەگاتە ئازاری منداڵبوون)[١١].

ئەمانەش کاریگەریەکی نێگەتیڤ لەسەر دەروونی بەجێدێڵن و دووچاری دڵەراوکێو بیرکردنەوەی رەشبینانەی دەکەن بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە ژن فرسەتی هاوسەرێتی لەدەستچووە یان فرسەتی منداڵبوونی بەهۆی هۆکاری بایۆلۆژیەوە لەخۆیدا یان لەهاوسەرەکەیدا، لەدەستداوە.

ژن بەهۆی ئەو بارە جەستەییو دەروونیانەیەوە تووشی هەستکردن بەئازار دەبێت و ئەمەش لەوانەیە دووچاری نواندنی هەندێك رەفتاری شەڕانگێزی بکات لەهەندێك لەماوەکانی ژیانیدا بۆ نموونە (وەستانی سوڕی مانگانە لەکاتی دووگیانیدا —کە دیاردەیەکی فسیۆلۆژی سروشتییە- هاوکات دەبێت لەگەڵ گۆڕانێکی گەورە لەکەسێتی ژنی دووگیاندا و لەڕووی رەفتاری و دەرکەوتنی حاڵەتێکی تووڕەبوون و هەژاندن بەرامبەر بەسادەترین ورووژێنەر لەچواردەوریدا، لەوانەیە ئەم بارەی وای لێبکات کاری شەڕانگێزی بەرامبەر منداڵەکانیو خۆیو ماڵەکەی پراکتیزەبکات.. هەروەها تێکچوونی رێژەی ئسترۆجین و کەمبوونەوەی، هەستیاری ژنی دووگیان بەرامبەر ئازارەکانی زیاددەکات و ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی شەڕانگێزی زیاتر لەرەفتاریدا)[١٢]. بەڵام ژن کە خۆی بەسروشتی خۆی خاوەنی سۆز و خۆشەویستیو بەزەییەکی زۆرە لەو کاتانەدا بەهۆی ئەو بارە جەستەییو دەروونییەوە کە شەڕانگێزی بەرامبەر منداڵێکی یان هاوسەرەکەی دەنوێنێت لەناخیدا هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دەدات یان راستەوخۆ پاش ئەو رەفتارەی دووچاری هەستکردن بەگوناه و ئازاردانی خۆی



دەبێت و سەرزەنشتی خۆی دەکات کە بێ بەزەییانەو بەبێ هۆکار بەو شێوەیە لەگەڵ منداڵەکەیدا جووڵاوەتەوە.

چەند بارەبوونەوەی ئەم حاڵەتانە ژن تووشی پشێویەکی زۆر دەکەن، چونکە لەماوەی دووگیانی و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێن ژن بەردەوام دەیەوێت دوو کردار جێبەجێ بکات، یەکەم شەڕانگێزیو تووڕەبوونەکەی کە بەسادەترین هۆکار دەورووژێن، بچەپێنێت و بشارێتەوە، دووەم ئەگەر نەیتوانی ئەوە بکات لەدوای ئەو نۆرە شەڕانگێزی و تووڕەبوونەی پەشیمان دەبێتەوە و ئازاری خۆی دەدات، ئەمانەش کاردەکەنە سەر رەفتاری رۆژانەیو فشار دەخەنە سەر دەروونیو لەناکاو لەشێوەی گریانێکی زۆر یان تووڕەبوون و هاوارکردن و هەندێجار شت شکاندن و کێشان بەسەرو جەستەی خۆیداو گوزارشتیان لێدەکات و پاشان بەگریان و خامۆشبوون کۆتاییان دێت.

## دوو گیانیو دڵەڕاوکێکانی

ژن هەر لەسەرەتای هاوسەرێتییەوە تووش دڵەڕاوکێ نابێت بەرامبەر توانای بۆ وەچەخستنەوە و بوون بەدایك، بەڵکو بۆ مێژووییەکی زوو دەگەڕێتەوە، بۆ قۆناغی هەرزەکاری و لەهەندێك لەژنانیشدا ئەم دڵەڕاوکێیە لەفەنتازییەکانی قۆناغی منداڵیشدا بەدیدەکرێت.

ژن بەجیاوازی کەسێتیو سروشتی دەروونی بەرلەوەی دووگیان بێت هەست بەمجۆرە دڵەڕاوکێیە دەکات، دەترسێت وەك مێیەك توانای دووگیانی نەبێت، بێگومان ئەم ترسە چەند هێند دەبێت تا تەمەنی کچ گەورەتر ببێت و هێشتا هاوسەرێتی نەکردبێت یان تازە چووبێتە ژیانی هاوسەرێتییەوە.

کاتێك ژن بۆ یەکەمجار هەستدەکات دووگیانە و پاش ئەوەی ئەنجامی پشکنینی پزیشکی دەیسەلمێنێت، دڵەڕاوکێی بەرامبەر بەتوانای بۆ دووگیانیو وەچەخستنەوە دەڕەوێتەوە کاتێك هەستدەکات لەتراژیدیای نەزۆکی رزگاری بووە دڵەڕاوکێیەکی دی سەرهەڵدەدات کە بریتییە لەترس و نائارامی بەرامبەر ئەو گۆڕانە نوێیە لەجەستەیەدا و دڵنیابوونی لەساغڵەمی کۆرپەکەیو لەهەندێك لەژنانیشدا سنووری ترسەکان تێدەپەڕن و

دایك بیردەكاتەوە:" تۆ بڵێی ئەوەی ناو سكم منداڵ بێت؟ تۆ بڵێی بوونەوەرێكی بێزراو یان تەنیا پارچە گۆشتێك نەبێت؟"

بەدڵنیابوون لەدووگیانی هەستی ژن تووشی وەرچەرخانێكی ریشەیی دەبێت بەتایبەتی لەئەزموونی یەكەمین دووگیانیدا، كاردانەوەی هەر ژنێك و لەژنێكیشدا لەجیاوازی ژمارەی منداڵەكانی ئایا چەندەم سكییەتیو بارودۆخی كۆمەڵایەتیو دەروونی لەوكاتەدا چۆنە، دەگۆڕێت.

یەكەمین ئەزموونی دووگیانی هەر لەساتی هەستكردن بەدواكەوتنی سوڕی مانگانە تا ئەوساتەی منداڵ دەجووڵێت و دواتر لەدایكدەبێت، ئەزموونێكی ناوازەیە لەژیانی ژندا، كاتێك دایك بیردەكاتەوە و بەخۆی دەڵێت: "من دەبم بەدایك"، "ژیانێك لەناو هەناوی مندایە".

بەشێوەیەكی گشتیی ئامادەكاری لەپێشینە بۆ دووگیانبوون كاریگەرییەكی زۆری هەیە بۆ جۆری پەرچەكرداری ژن و هەڵچوونەكانی لەماوەی دووگیانیدا، ئەزموونەكانیش لەهەندێك لەژناندا جیاوازدەبن ئەگەر خۆیان چاوەڕێی ئەو منداڵەیان كردبێت یان كتوپڕ بێ پلان دروستبووبێت، هەندێك لەژنانیش هەر بەهەستكردنیان بەدووگیانبوون راستەوخۆ بێ نارەحەتی واقیعەكە وەردەگرن و تەنانەت پێیان خۆشدەبێت ئەگەر خۆشیان لەبناغەدا چاوەڕێی ئەو منداڵەیان نەكردبێت، بەڵام بەگشتیی كاتێك ژن بێ چاوەڕوانی یان خۆسازدانێك هەستدەكات دووگیانە، ئەوا دووگیانی دەبێتە تەنیا واقیعێكی خواستراو یان نەخواستراو، بەزۆری لەیەكەم دووگیانیدا دایك ئەگەر چاوەڕێشی نەكردبێت هەر دڵخۆش دەبێت بەسكەكەی، بەڵام لەكاتی سكەكانی دووەم و سێیەم و... هتد دەشێت ژن واقیعەكە بەئاسایی وەربگرێت بێئەوەی هەست بەجۆش و خرۆشێكی دووگیانیو ئەزموونێكی دیكەی دایكایەتی بیبزوێنن، ژنیش هەیە ئەو دووگیانییە رەتدەكاتەوە یان سەرزەنشتی هاوسەرەكەی دەكات كە بێئاگابوون لەڕوودانی ئەو هەڵەیە، لێرەدا دڵەڕاوكێی و ترسێكی دی بۆ ژن لەجۆرێكی تایبەتی دروستدەبێت، چونكە ئەم هەستانە ژن دەخەنە ناو ململانێیەكی دژوارەوە لەنێوان رازیبوون بەو ژیانەی لەناو هەناویدایە و بەشێكی پێكەوەنووساوە لەجەستەی خۆی و هیچ گوناهێكی نییە لەخولقاندنی خۆیدا لەگەڵ رەتكردنەوەی ئەو ژیانە و تەماشاكردنی تەنیا وەك



بوونەوەرێكی پەسەندنەكراو و ئەندامێكی چاوەڕواننەكراو لەخێزاندا، ئەم ململانێیە ژن تووشی هەستكردن بەگوناە و لۆمەكردنی خۆی دەكات كە بێئاگابوو لەدروستبوونی بەرامبەر بەئارەزووكردنی بۆئەوەی لەناوی بەرێت.

هێلین دۆج[١٣] لەو باوەڕەدایە ئارەزووكردنی هەندێك جۆری خواردن و هێڵنجدان و رشانەوە بەبۆنی هەندێك خواردن گوزارشتن لەململانێیی نێوان وێرانكردن و پارێزگاریكردن لەمنداڵ، هەروەها لەو بڕوایەدایە رەتكردنەوەی منداڵ لەلایەن دایكەوە بەهۆی هۆكاری ناوەكی یان دەرەكییەوە بێت مۆركێكی دەروونی وەردەگرێت، چەند زیاتر دایك ئارەزووبكات كۆرپەكەی لەجەستەی دووربخاتەوە ئەوەندە ئەو دۆخە دژی دۆخە بایۆلۆژییە سروشتییەكە دەوەستێت، چونكە (لەروانگەی بایۆلۆژییەوە هیچ جیاكردنەوەیەك لەنێوان دایك و منداڵدا نییە و دایك و منداڵ یەكەیەكی ئۆرگانی رەها پێكدەهێنن و هەمان قۆناغی بایۆلۆژی، پێداویستییە جەستەییەكانیان بۆ بەڕێوەدەبات، ئەم یەكبوونەش تەنیا لەقۆناغە پۆزەتیڤەكانی ژیاندا نییە، بەڵكو بەرامبەر بەقۆناغە وێرانكەرەكانیش هەیە)[١٤]، هەروەك دەڵێن دایك ئازاری هەبێت كۆرپەكەشی ئازاری دەبێت، برسی بێت یان دڵخۆش، كۆرپەكەشی هەمان هەستی دەبێت.

ژن لەماوەی دووگیانیدا جارێكی دی دووچاری شەپۆلێكی هەڵچوونی سۆزدارییو هەستی سەیرو ناوازە دەبێت كاتێك بۆ یەكەمجار كۆرپەكەی لەسكیدا وەك ترپەی سەعاتێك یان ترپەی لێدانی دڵ لێدەدات و هەستپێدەكات، كە لێرەوە دایك هەست بەجوڵەی منداڵەكەی دەكات یان راستترە بڵێین لەوانەیە بۆ یەكەمجار بەتەواوەتی دڵنیادەبێت لەبوونی ئەو ژیانەی لەهەناویدا هەڵیگرتووە، هەستكردن بەجوڵەی كۆرپەلە لەناو هەناودا لەوانەیە هەر دایكە و بەجۆرێك وەسفیبكات، بەڵام تەواوی دایكان لەسەرئەوە كۆكن، هەستێكی ناوازەیە و تەنیا یەكەم ساتی بینینی منداڵ لەم ساتە بۆ دایك كاریگەرترە، بەدەستپێكردنی جووڵەی منداڵ لەناو سكی دایكیدا زۆرێك لەترس و دڵەڕاوكێی ژن نامێنن و باری دەروونی باشتردەبێت و تا ئاستێك لەگەڵ دووگیانیدا رادێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ژن ئیدی ئاسوودە دەبێت و هیچ ترس و نیگەرانییەكی نامێنێت، بەڵكو مەبەستمانە بڵێین جۆری ترس و دڵەڕاوكێكانی گۆڕانیان بەسەردا دێت.

بەشێوەیەکی گشتیی ئەو ماوەیەی کە منداڵ تیادا دەستی بەجووڵە کردووە و دایک بەتەواوەتی هەست بەبوونی دەکات تا چەند هەفتەیەکی کەم بەر لەدایکبوونی بەماوەیەکی تایبەتی لەژیانی ژندا دادەنرێت، یەکگرتن و پێکەوە ژیانی دوو کائین بێئەوەی بۆ تەنیا ساتێك لەیەك جیاببنەوە، کۆمەڵێك هەڵچوونی تایبەتی بەژن دەبەخشن و ژن زیاتر هەست بەسۆزی دایکیایەتی خۆی بۆ دایکی دەکات و جۆرە بەزەیی و سۆزێکیشی بۆ هەموو منداڵێك لا دروستدەبێت، تا ئاستێکی زۆر دڵی ناسك دەبێتەوە و بەمافی خۆی دەزانێت ئەوپەڕی دڵنەوایی‌و خۆشەویستی لەلایەن هاوبەشەکەیەوە پێ ببەخشرێت.

ژن لەم ماوەیەدا بیر لەوە ناکاتەوە لەم منداڵە واتە لەم بەشە جوانەی جەستەی، جیاببێتەوە، کاتێك دەستدەخاتە سەر سکی خۆی و منداڵەکەی دەجوڵێت جۆرێك لەفەرامۆشی‌و سوکنایی سەیر دەروونی ژن داگیردەکەن، هۆگربوون و پەیوەندییەکی دووانی لەنێوان ئەم دووانەدایە کە بەهیچ شێوەیەك نابێت بەسییان، تەنانەت لەو بارانەشدا کە کۆرپەلەکان دوانەن لای دایك هەردووکیان وەك تەنیا بوونێکی تایبەتی دادەنرێن و ناتوانێت حیسابی دوانییان بۆبکات. دایك و کۆرپەلە لەم ماوەی دوو گیانیدا وەك ئەوە وایە بەتەنیا خۆیان بن لەجەمسەرێکی ئەم جیهانەداو هەموو کەسەکانی دیکەش کە پەیوەندییان بەدایکەوە هەیە لەجەمسەرەکەی دیکە بن.

ئەم پەیوەندییە زۆر نزیکە لەنێوان ئەم دوو جەستەیەدا جیابوونەوەیەکی هەتا هەتایی بەدوادا دێت، ئازاری جەستەیی ئەم جیابوونەوەیە لەئازاری دەروونی بۆ دایك بەدەرنییە، گریانی دایك لەساتی منداڵبوون و یەکەم ساتی بینینی کۆرپەکەیدا ئاماژەی زۆر لەخۆدەگرێت، بەڵام بەدڵنیایی لەو مانایە بەدەرنییە کە بەشێك لەگریانی دایك بۆ جیابوونەوەیەتی لەجەستەی کۆرپەکەی کە ماوەیەکی زەمەنی تا رادەیەك زۆر (نۆ مانگ) لەپێکەوەژیانێکی جەستەیی تایبەتیدا بوون.

لەهەفتەکانی کۆتایی دووگیانیدا بەهۆی گەورەبوونی منداڵ و دابەزینییەوە پەستان دەکەوێتە سەر جەستەی دایك‌و تووشی جۆرێك لەناڕەحەتی‌و هیلاکی جەستەیی دەکات، لەوانەیە ئەمە وا لەدایك بکات بەپێچەوانەی ماوەکانی دیکەی دووگیانییەوە کە ئاسوودە بوو بەمانەوەی منداڵەکەی لەسکیدا، حەزبکات زوو منداڵی ببێت و لەو ئازارە



جەستەییانە رزگاری ببێت، بێگومان ئەمە وێڕای تامەزرۆبوونی دایك بۆ بیستنی گریانی منداڵەکەی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەستی نزیکایەتی دایك لەگەڵ کۆرپەکەیدا کە لەنزیکایەتی دەرچووە، بەڵکو لەچوارچێوەی تەنیا جەستەیەکدا بوون بەیەکەوە، وا لەدایك دەکات حەزنەکات لەمنداڵەکەی جیاببێتەوە و منداڵەکەی زوو لەدایك ببێت.

لەم ماوەیەی بەر لەمنداڵبووندا ژن هەست بەترس و دڵەڕاوکێ دەکات بەرامبەر جیابوونەوەی لەکۆرپەکەی، ترس لەوەی خۆی پێڕانەگات بەزیندوویی منداڵەکەی ببینێت و لەئامێزی بگرێت، ترس لەوەی لەکاتی منداڵبووندا منداڵەکەی بەرزیان بکەوێت یان نەمێنێت، بەواتایەکی دی ترس لەمردن وەك یەکێك لەروخسارە دەروونییەکانی ماوەی بەر لەمنداڵبوون، باری هەڵچوونی ژن تێکدەدات و نائارامی دەکات ئەمە سەرباری نیگەرانی دایك بەرامبەر بەجیابوونەوەی هەمیشەیی لەکۆرپەکەی، وەسفکردنی ئەم هەست و هەڵچوونانە کارێکی ئاسان نییەو تەنیا کائین کە هەستی پێدەکات، ژنە.

هاوکات هەر لەهەفتەکانی کۆتایی دووگیانیدا، کاتێك ژن لەنێو ئەم هەست و ململانێیانەدا دەژی، بیرکردنەوەیەکی دیکە دێت و بەزۆرەملێ نیگەرانی دەکەن، هێلین دۆچ، دەڵێت: (لەمکاتەدا دایك ئارەزووی منداڵی بۆ دەگەڕێتەوە کە دەیویست بزانێت دایکی چۆن منداڵی بووە، ئێستا خۆی بەم زووانە دەکەوێتە هەمان واقیعەوە و ترس و سەرسوڕمانەکانی لەترس و سەرسوڕمانی منداڵی کەمترنابێت... هەموو ژنێکیش دڵخۆش بێت یان خەمبار بەهێزبێت یان لاواز پڕ لەخۆشەویستی بێت یان ئارەزووی تۆڵەکردنەوە بکات، هەست بەگومان و پشێوی و بێ ورەیی لەچاوەڕوانیکردنی منداڵبوون دەکات‌و ئەمەش سات بەسات لەگەڵ نزیکبوونەوەی منداڵبووندا زیاتردەبێت)[١٥].

## دوای منداڵبوون

دوای دووگیانی‌و منداڵبوونیش ژن هەر ناحەوێتەوە و هیلاکییە جەستەیی و دەروونییەکانی بەردەوام دەبن وەك خۆیان ئەگەر زیاتر نەبن، چونکە قۆناغێکی دیکە دەستپێدەکات کە شیردان و بەخێوکردنی منداڵە‌و ژن دووچاری هیلاکی و ماندووبوونی جەستەیی‌و مەعنەوی دەکات (شیردان ململانێیەك لای ژن دەنوێنێت لەنێوان پاراستنی

توانا جەستەییەکانی‌و شێوەکەی لەگەڵ پاڵنەرەکانیدا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵ، ئەگەر واز لەشیردانەکەی بهێنێت هەستکردن بەگوناهی لا دروستدەبێت کە نەیتوانیوە بەتەواوەتی بەرپرسیارێتییەکانی دایکایەتی هەڵبگرێت، لەئەنجامی ئەم ململانێیانەدا هەستکردن بەنائارامی‌و هەڵچوون و لاوازبوون و کرژی‌و خەمۆکی سەرهەڵدەدەن کە لەژیانی زۆر ژندا روخساری باون لەماوەی شیرپێدانی منداڵەکانیاندا)[١٦]، بەتایبەتی لەو باراندا کە دایك بەهۆی هۆکاری جەستەیی وەك خراپی باری تەندروستی‌و کەم شیریی‌و سەرقاڵی دایك بەمنداڵی دیکەوە یان کاتێك دایك لەدەرەوە ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و ئیشدەکات، ناتوانێت شیری خۆی وەك پێویست بەمنداڵەکەی بدات. لەوحاڵەتانەشدا کە دایك بەهۆی کێشەی خێزانییەوە بۆ ماوەیەکی کاتی یان بەتەواوەتی لەهاوسەرەکەی جیادەبێتەوە و منداڵە ساواکەش لای خۆی نابێت، تووشی خەمۆکی‌و بێئۆقرەییەکی بێ وێنە دەبێت کە هیچ شتێك دڵی خۆشناکات و بەبینینی هەموو دایك و منداڵێکیش گریانی دێت، دەکەوێتە سەرزەنشتکردنی خۆیی‌و لەجیابوونەوەی یان جێهێشتنی هاوسەرەکەی پەشیمان دەبێتەوە، سۆزی دایکایەتی لەگەڵ گریانی هەموو منداڵێکدا دەهەژێت‌و منداڵەکەی خۆی بیردەکەوێتەوە، کاتێکیش مەمکی دەجوڵێت و شیری پیادا دێتەخوارەوە، لەناخەوە بەگریانێکی بەکوڵ دەگری و بەخۆی دەڵێت: "ئێستا برسیەتی...". لەمانەش دژوارتر بۆ ژن، ئەو ساتانەیە کە دوای منداڵبوون گوێی لەدەنگی منداڵەکەی نابێت، بەگریان و ترس و حەپەساوییەکی بێ وێنەوە هاواردەکات: کوا منداڵەکەم؟ بەڵام پرسیارو گریان بێهودەیە و منداڵ باری تەندروستی شلۆقەو لەژێر چاودێریدایە یان بەتەواوەتی گیانی لەدەستداوە.

ژن لەمکاتەدا کە لەکوردەواریدا پێی دەڵێن زەیستانە وەك تەوارێکی بریندار دێتەبەرچاو و خوێن و فرمێسکی وەك یەك لێدەچۆڕێت، چونکە گومانی تیادا نییە منداڵبوون چەندە بەئازارە، تەنیا بینینی منداڵ و دەنگی گریانیی، ئارامی‌و سوکنایی بەدایك، دەبەخشن و ئازاری جەستەی لەبیردەبەنەوە. ئەگەر ئەوانە نەبوون، ئەوا ئازارو هەڵچوونەکانی ژن لەمکاتە ناسکەدا دووهێندەبن. دایکێکی گەنج کە بەنەشتەرگەری گەورە منداڵی بووبوو، باری تەندروستی منداڵەکەی خراپ بوو، بۆیە دوای دوو رۆژ گیانی لەدەستدا، ئەم دایکە کە چاوی منداڵەکەی نەکەوتبوو، لەبارێکی دەروونی



دژواردا دەگریاو لەبەرخۆیەوە قسەی لەگەڵ منداڵە مردووەکەیدا دەکرد: "برسیت نییە کوڕەکەم؟"، بۆچی نایەیتە باوەشم؟ ئەزانم لێم تورەییت، چونکە هێشتم، لەدایك ببیت".

ئازاری دەروونی‌و رۆحی ئەو ژنە وێنا ناکرێت کاتێك دێتەوە هۆش خۆیی‌و کۆرپەکەی لەتەنیشتییەوە نییە، ئەم حاڵەتە هەروا ئازارێکی سادە نییە و دوای ماوەیەك یان بەدایکبوونی منداڵێکی دیکە لەیادبچێت، بەڵکو دەبێتە تراوماییەك لەدەروونی ژندا و سڕینەوەی شوێنەوارەکەی مەحاڵە، دەشێت لەیادەوەریدا ون ببێت یان بشارێتەوە، بەڵام بەرەخساندنی بارودۆخ گەڕانەوەی ئاسانە، نموونەی ئەم حاڵەتە وەك H.M ژنێکی تەمەن ٥٢ساڵە لەتەمەنی١٨ساڵیدا نۆبەرەکەی دوای یەك سەعات لە لەدایکبوونی مردووە، ئەم ژنە بەدوای ئەم منداڵەدا شەش منداڵی دیکەی بووە و هەمووشیان ژیاون و گەورە بوون، دایکەکەش باری دەروونی زۆر باش بووە و دڵخۆش و ئاسوودە بووە بەدایکایەتی خۆی تا ئەو کاتەی کوڕە گەورەکەی دەڕوات بۆ ئیشکردن بۆ وڵاتێکی دراوسێ، ئەم ژنە لەوکاتەوە تووشی بارێکی دەروونی نائاسایی بووە و هەموو شەوێك لەخەو رادەپەڕێت و دەڵێت:"کوڕەکەم بۆ بێنن با شیری پێبدەم...". ئەم ژنە لەوە دەچێت بۆ رابردوو گەڕابێتەوە و کاتێك کە زەیستان بووە و داوای منداڵەکەی کردووە شیری بداتێ، بەڵام منداڵەکەی نەماوە، ئێستا رۆیشتنی کوڕەکەی و پەرۆشبوونی بۆ بینینی‌و نیگەرانیی بۆ ئەوەی رۆیشتووە و جێیهێشتووە، بۆتەهۆی سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئەو زامەی مردنی منداڵەکەی لەدەروونیدا، جێیهێشتووە.

## پەیوەندی سۆزداری لەهاوسەرێتیدا

هاوسەرێتی (سێکس) دایکایەتی ئەم سیانە لەژیانی ژندا بەیەکێك لەسەرچاوەکانی دڵەڕاوکێ‌و نائارامی دادەنرێن، ناچاردەبێت چاوەڕێی یەکەمیان بکات بۆ بەدیهێنانی ئەو دوانەی دیکە کە هیچیان جێگەی ئەوی دیکەیان ناگرنەوە و دوو جیهانی جیان لەژیانی ژندا (لەبناغەدا دایکایەتی لەسێکس جیایە)، لەبەرئەوە ئەزموونە سێکسییە زۆر سەرکەوتووەکانیش کە ژن ئەنجامیان دەدات ناتوانن قەرەبووی لەدەستدانی دایکایەتی بۆ بکەنەوە)[١٧] ئەم بارە بەئاشکرا لەو ژنانەدا هەستی پێدەکرێت کە لەبەر هەر هۆیەك بێت منداڵیان نابێت و پەیوەندی سۆزداری بەهێزیان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا و چێژبینیان

لەو پەیوەندییە ناتوانێت رازییان بکات و بەتەواوەتی دەستبەرداری هەستی دایکایەتی بن و ئەو بێبەشبوونە بەئاسایی لەژیانیاندا تەماشابکەن.

لەو ژنانەدا دەرکەوێت کە پەیوەندییە سێکسوالەکانیان لەسەر ئاستێکی نامرۆییو بۆ مەبەستی ماددیو تایبەتی خۆیان پراکتیزەدەکەن، هەمیشە لەگەڵ ئەوپەڕی چێژبینین و سوودوەرگرتنیان لەو جۆرە پەیوەندیانە هەست دەکەن لەبابەتێکی تەوەریی لەژیانیاندا دوورو بێبەشن و لەقۆناغی نزیکبوونەوە یان لەتەمەنی نائومێدی بەئاشکرایی سیمای خەمۆکیو نائارامییان پێوە دیاردەبێت.

لەپەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان ژن و پیاویشدا ئەو سیانەیە پەیوەندی بەهێز بەیەکیانەوە دەبەستێت و پەیوەندی سێکسوال بۆ ژن هەرچەندە مەرجی بەدیهێنانی دایکایەتییە، بەلاّم هۆکارێکە بۆ دروستبوونی دڵەڕاوکێو نائارامی، چونکە هەمیشە ژن لەدەرەنجامی کۆتاییهاتنی ئەو پەیوەندیانە بەرپرسیار دەبێت لەهەردوو بارەکەدا ئەگەر ئارەزووی دایکایەتییەکە بکات یان خۆی بۆ منداڵ دروستکردن ئامادە نەکردبێت.

## جیابوونەوە

ژن لەکۆمەڵگاکانی ئێمەدا وەك چۆن چاوەڕوانی دەستپێشخەری هاوسەرگیرییە لەلایەن پیاوەوە بەهەمان شێوە کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکەش لەدەستیدا نییەو لەو راستیەش دڵنیایە هەر کاتێك پیاوکەی بەرژەوەندی لەگەڵیدا نەگونجا بەئاسانی دەتوانێت ئەو هاوسەرگیرییە هەڵوەشێنێتەوە و لێرەدا ژن زیانمەندی یەکەم دەبێت وێڕای منداڵەکانی نێوانیان.

تەنیا بیرکردنەوە لەم مەسەلانە ژن دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن، چونکە زۆر باش دەزانێت بەجیابونەوەی لەگەڵ ئەو پیاوەدا تەنانەت ئەگەر خۆشی بڕوای بەجیابوونەوەکە بێت رووبەرووی کۆمەڵێك کێشە و بەرپرسیارێتی دیکە دەبێتەوە کە هاوکاتن لەگەڵ بارێکی دەروونی دژواردا و بەردەوام هەوڵدەدات لەچواردەوری خۆی بگەیەنێت کە پیاوەکەی هۆکاری جیابوونەوەکە بووە نەك ئەم.

(زۆربەی ژنانی تەلاّقدراو حەزدەکەن کەموکوڕیەکان بخەنە پاڵ پیاوەکانیان ئەم خستنەپاڵە لەلایەن ژنەوە بەکاردێت وەك رێکخستنێکی بەرگریکارانە دژی خەمۆکی، ژن



دەیەوێت رکەبەرایەتی پیاو بکات بۆئەوەی لەخەمۆکی بەدووربێت و هەست نەکات کە بووەتە بابەتێکی رەتکراوەو هەوڵدەدات بابەتێك بدۆزێتەوە تا رەتی بکاتەوە)[١٨].

هەرچەندە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تێڕوانین بۆ ئەو ژنانە وەك یەکەو هەر کامێکیان لەو جیابوونەوەیەدا هۆکاربووبن خەتاکە هەر دەخرێتە پاڵ ژنەکەو ئەستەمیەکانی ژیانی دوای جیابوونەوەش هەر دەکەونە ئەستۆی ئەو.

## تەمەنی نائومێدی:

قۆناغێکی سروشتییە لەژیانی ژندا، رووداني وەك هەر دیاردەیەکی بایۆلۆژی ئاسایی وایە و لەهەموو ژنێکدا روودەدات تەمەنێکی دیاریکراوی نییە و لەهەندێك ژندا بەهۆی هەندێك هۆکاری دەروونیو جەستەییەوە زووتر روودەدات و لەهەندێك ژنی دیکەدا دوادەکەوێت، چونکە پێکهاتەی دەروونی ژن و بەتایبەتی کەسێتی زۆر کاریگەرییان لەهێواشکردن و توندکردنی نیشانەکانی ئەم تەمەنەدا هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی لە٤٥-٥٠ بەرەوژوور دەست پێدەکاتو ژن لەشێوەی هەستکردن بەگەرمای زۆر خەمۆکیو بێزاری و هەڵچوون و نائارامیدا هەستی پێدەکات، وێڕای پچڕانی سوڕی مانگانە.

لەڕووی هەڵچوون و باری دەروونی ژنەوە ئەم قۆناغە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە کە بەگشتی کەسێتی ژن و شێوازی ژیانیو باری هۆشیاری دیاریدەکەن، ژن لەبەرئەوەی تا ئاستێك ئەرك و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەمنداڵەکانی کەمدەبنەوەو گەورەدەبن وەك قۆناغی منداڵیان پێویستیان بەدایکایەتی نابێت، قورساییەکانی سەرشانی سووك دەبن و دەتوانێت تامی ئازادی بکات و بێ خەم بڕواتە دەرەوەی ماڵ و دەستبداتە هەر پرۆژەیەك ئارەزووی دەکات، بەپێچەوانەی قۆناغەکانی پێشووی تەمەنیەوە کەوا پێویستی دەکرد سێ بەشی کاتەکانی بۆ ماڵو منداڵەکانی تەرخان بکات. ئەمانە وادەکەن فشارە جەستەییو دەروونییەکانی کەمببنەوە و هەڵچوونەکانی هێوربببنەوە و زیاتر هێمن و کامڵ ببێت، کەسێتی ژن بەهێزتر دەبێت و سەرنج راکێشەرترو لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پەیوەندییەکانی سەقامگیرتر دەبن. بێگومان باسی ئەو ژنە دەکەین کە لەقۆناغەکانی پێشووی تەمەنییەوە کاری لەسەر لایەنی

هۆشیاری و ئەقڵی و کەسێتی خۆی کردووە و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەشی فرسەتی بۆ رەخساندووە، تەمەنی نائومێدی دەقۆزێتەوە و هەوڵی تەواوکردنی ئەو کار و پرۆژانە دەدات کە لەمێشکیدا گینگڵیان داوە و بواری بۆ بەدیهێنانیان نەبووە، ئەگەر ژن وێنەیەکی دروستی بەرامبەر بەخۆی لەقۆناغی پێشووی تەمەنیەوە وێناکردبوو خاوەنی هیواو کارو خواست و پرۆژەی خۆی بوو لەم تەمەنەدا زیاتر بوار بۆ تەواوکردنیان بۆ دەڕەخسێتو ئەمەش وای لێدەکات لەڕووی دەروونییەوە لەخۆی رازی بێت و لەململانێکانی پێشووی رزگاری بێت کە دەیویست خۆی بسەلمێنێت، بەڵام ئەرکە قورس و بەرپرسیارێتییەکانی ژیانی خێزانی بواریان پێنەدەدا، ئەگەر ژن بەمشێوەیە لەم تەمەنەدا بیری کردەوە ئەوا هاتنە ناو ئەم قۆناغەوە بەئاسایی وەردەگرێت و باوەڕیش بەوە دەهێنێت کە قۆناغێکی تەمەنی بڕیوەو لەگەڵیدا وازی لەکۆمەڵێك شت هێناوە لەوانە جوانیەکەی کە لەتەمەنی گەنجێتیدا هەیبوو لەجیاتی ئەوانە کار لەسەر کۆمەڵێك خەسڵەتی دیکەی ژیان دەکات وەك مرۆڤێکی ئاسایی خاوەن خەون و پرۆژە و خواستی تایبەتی، شانبەشانی هەوڵدان بۆ گەشەپێکردنی توانای فیکری و دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی زانیارییەکانیو هەنگاونانی هەمیشەیی بۆ پێشەوە بۆئەوەی نەبێتە نێچیری ئەو هەست و بیرکردنەوەیەی کە تەمەنی ئەو رۆیشتووە و ناتوانێت لەگەڵ زەمەنەکەی خۆیدا بڕوات، چونکە ئەم هەست و بیرکردنەوانە دووچاری ململانێی دەکەنەوە و بەردەوام نائارامیو دڵەڕاوکێ ئەوەندەی دیکە ژیانی قۆناغی نائومێدی لێ دژوارتر دەکەن.

ئەو ژنانەش کە لەقۆناغەکانی پێشووی ژیانیانەوە بایەخی سەرەکییان تەنیا بەلایەنی جوانی رووکەشی خۆیان بووە، لەم تەمەنەدا دووچاری گێروگرفتی زۆر دەبنەوە، چونکە ئاسایی رەنگ و روخسارو پێستیو جەستەی مرۆڤ بەپێی تەمەن گۆڕانیان بەسەردادێت و جوانیش وەك خۆی نامێنێتەوە و ئەو ژنانەش بەهۆی چرچبوونی پێست و سپیبوونی قژیانەوە دووچاری خەم و خەفەت و بیرکردنەوە دەبن و لەخەیاڵی ئەوەدا دەبن چۆن ئەو روخسارەیان بشارنەوە، بێگومان ئەم تەمەنە بۆ ئەم ژنانە دووجار ناخۆش و دژوار دەبێت کە هاوسەرێتیان نەکردووە هەروەها ئەو ژنانەش کە لەتەمەنی نائومێدی نزیك دەبنەوە ئینجا هاوسەرێتی دەکەن تووشی نائارامی دەبن بەهۆی ترسیان لەتوانای منداڵبوون و



تەندروستی منداڵەکانیان و زۆر هۆکاری دیکەش، بەڵام زۆرێك لەژنانی ئەم کۆمەڵگایەش تەمەنی نائومێدی بۆیان قۆناغێکی ئاساییە و بێباکانە بەڕێی دەکەن، چونکە خۆشییان لەقۆناغەکانی پێشووی تەمەنیشیاندا نەبینیوە و نەیانتوانیوە خاوەنی کارو پێگەو خواستی خۆیان بن تا لەم تەمەنەدا درێژەی پێبدەن و ئەوەش کە بایەخیان پێنەداوە جوانیان بووە تا ئێستا خەفەتی بۆ بخۆن کە لەدەستیان چووە، چونکە هێندە کێشە و گێروگرفت و بەرپرسیارێتیان لەئەستۆدا بووە و نەیان پەرژاوەتە سەر خۆیان، ئەمەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ژن لەژیانیدا دەسووتێت بۆئەوەی ژیانی چواردەورەکەی خۆی رووناك بکاتەوە تا ئەوکاتەی خۆی بەتەواوەتی دەتوێتەوە.

تەمەنی نائومێدی بەسەرەتایەکی دژواری چوونە ناو ململانێیەك دادەنرێت کە ژن تەنیا توخمی مرۆیی نییە لە رووبەڕووبوونەوەیەدا، بەڵکو ژن و پیاو چوونیەکن، مرۆڤ بەدەر لەبوونەوەرانی دیکە وەك باجێك بۆ ئەو ژیانەی تیادا ژیاوە و وەك روخسارێکی سروشتیی بوون، لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن دەچێتە ناو ململانێوە لەگەڵ زەمەن، دەشێت بەچوونە ناو تەمەنێکی دیاریکراو لەقۆناغی پیربوون، مرۆڤ تەسلیم ببێت و بڕوا بەوە بهێنێت پیربووە و خەیاڵەکانی خۆگەنجکردنەوە کە هاوکاتن لەگەڵ هەستکردن بەدڵەڕاوکێ لەمێشکی خۆی دووربخاتەوە، بەڵام هەندێجار تا تەمەنێکی زۆریش مرۆڤ حەزناکات لۆژیکیانە درك بەپیربوون و بەسەرچوونی تەمەنیی بکات، ئەم بارەش لەکاریگەری پۆزەتیڤو نێگەتیڤ بۆسەر دەروون بەدەر نییە. چونکە هەوڵدان خۆگەنجکردنەوە و تەسلیمنەبوون بەوقۆناغە بەومانایەی رووبەڕووی گۆڕانە بایۆلۆژییەکان بێتەوە، ئەوا بەدیوێکی دیکەدا چەپاندن دەگەیەنێت بەرێگایەکی نادروست، بەڵام کاتێك دەروون لەگەڵ جەستەدا تەبا دەبێت و گۆڕانەکانی دەرەوە کارناکەنە سەر دەروون و مرۆڤ وەك قۆناغێکی سروشتی لەپیربوون دەڕوانێت و نائومێد و وەڕس نابێت لەپیربوون و بەپێیی توانا جەستەییو زەینییەکانی درێغی ناکات لەچێژوەرگرتن لەژیان، ئەوا خۆتەسلیمنەکردن بەپیربوون بەسوودو قانزاج بۆسەر دەروون دەشکێتەوە.

## هەندێك لەشێوەكانی هەڵچوون

### هەستكردن بەچێژ

مرۆڤ لەژیاندا چێژەكانی هەستیان پێدەكات جیاوازن لەنێوان چێژی جەستەیی‌و دەروونیدا چێژی تێربوون دوای نانخواردن و چێژی سەركەوتن لەكارێكداو چێژی سۆزداری لەكاتی پەیوەندی خۆشەویستیدا و چێژی یارمەتیدانی كەسانی كەم تواناو چێژوەرگرتن لەدەنگی خۆش و دیمەنی جوان هەموویان چێژن. چێژوەرگرتن هەستێكی جوان و بالایەو لەهەموو رەفتارو لادانێكی نامرۆیانە بەدەرە و ئەوانەی چێژ لەئازاردانی كەسانی دیكە و وێرانی‌و قێزەونی دەبینن ئەوانە كەسانی سروشتی نین. بەگشتی (دەتوانین بڵێین تێركردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی تاك خۆی لەخۆیدا چێژبەخشە و توانای هەستكردن بەچێژ یەكێكە لەخەسڵەتە باشەكانی كە كەسێتی تەندروستی پێی جیا دەكرێتەوە)[١٩].

ژن ئەگەر لەهەستكردن بەهەندێك لەچێژەكان وەك چێژی پەیوەندییە سۆزدارییەكان نەتوانێت وەك پیاو بێت ئەوا بۆ زۆر هۆكاری پەروەردەیی‌و كلتووری دەگەڕێتەوە كە لەبەردەم ئەم چێژانەدا بوونەتە ئاستەنگ، بەڵام لەبەرامبەردا ژن وا راهێنراوە بەسروشتە مرۆییە بالاكەیەوە دەتوانێت لەزۆر بابەت و لایەنی دیكە لەژیاندا چێژببینێت و هەست بەخۆشی بكات وەك چێژوەرگرتن لەشیرپێدانی كۆرپەكەی‌و یارمەتیدانی كەسانی هەژارو چێژوەرگرتن لەجوانی سروشت و جوان راگرتنی شوێنی ژیانی‌و چواردەورەكەی و چێژوەرگرتن لەگەورەبوون و سەركەوتنی خێزان و منداڵەكانی لەژیاندا.. هتد. ئەمە ئەو پارادۆكسەیە كە لەكۆمەڵگە دواكەتووەكاندا تاك تیایدا دەژی، لەلایەك ژن وەك فریشتە سەیر دەكرێت، بەهۆی سۆزو خۆشەویستی دایكایەتییەوە، بەڵام لەلایەكی دیكەوە، بەهۆی توانای سەرنجڕاكێشان و جوانییەكەیەوە و لەبەرئەوەی كۆمەڵگە چەمكی شەرەفی بەهەموو ماناكانییەوە بەجەستەی ئەوەوە بەستۆتەوە، بەردەوام وەك مەترسییەك بۆسەر ناوو ناموسی بنەماڵە، دانراوە. ژن هەر لەمنداڵییەوە لەسەر دوو پرەنسیب پەروەردەدەكرێت: یەكەمیان: "تۆ كچی.."، كەواتە پێویستە هەمیشە ئاگاداری خۆت بیت، نەك هەرئەوەندە بەڵكو پێویستە بەردەوام كەسێك ئاگاداری تۆ بكات نەك تووشی



هەڵببیت. ئەم پرەنسیپە باوك و برا و هاوسەر لەسەری دەڕۆن و لەدەروونی ژندا دەیكەنە ئەو یاسایەی بەهیچ شێوەیەك لادان لێی رێگەپێدراو نەبێت، پاشان نۆرەی پرەنسیپی دووەم دێت: "تۆ دایكی..." ، دایك گەورەیە، دایك پیرۆزە، دایك لەخۆبووردەیە، لەبەرمنداڵەكانی ئامادەیە واز لەهەموو شتێك بێنێت، تەنانەت لەبوون و كەسێتی‌و كارو بەهرە و خولیاكانی. لێرەوە دەگەینەوە ئەو پارادۆكسەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، ژن لەكۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا لەدوو پێگەی دژ بەیەك دادەنرێت، پێگەیەكی نزم كە ژن سەرچاوەی هەموو هەڕەشەیەكی ئەخلاقییە و بێتوانایە لەپاراستنی جەستەی خۆیدا، لەگەڵ پێگەی بەرزی دایكایەتی كە هیچ شتێكی دیكەی پێناگات لەپیرۆزیی‌و گەورەییدا، لێرەدا دێینەوە سەر باسەكەمان كە هەستكردن بەچێژە لەژندا، لەژێر كاریگەری پەیڕەوكردنی ئەم دوو پرەنسیپەدا ژن لەهەموو چێژیكی دەروونی‌و جەستەیی ئاسایی‌و خۆڕسكی مرۆیی بێبەریكراوە، چێژی دایكایەتی‌و منداڵبوونی ئەوەندە لا بەهێز كراوە تا هەموو چێژەكانی دیكە لەودا ون بكات. كۆمەڵگە بەمشێوەیە دەستكاری ستراكتۆری هەستیی‌و جەستەیی‌و رۆحیی ژن دەكات تا زامنی هێشتنەوەی ژن بكات لەو دوو پێگەیەی بۆیداناوە. ژن لەكۆمەڵگەی دواكەوتوودا وەك چۆن سنووری ژیانی بەهەموو وردەكارییەكانیەوە بۆ دەكێشرێت، سنووری چێژەكانیشی بۆ دیاریدەكرێت، چێژەكانی بۆ كورتدەكرێتەوە لەكۆمەڵێك شتی بێبایەخدا بۆ نموونە لەژنم بیستووە دەڵێت چێژوەردەگرم لەجلشتن و ماڵشتن و قاپ شتن‌و...هتد، دەڵێم تا دوایی، چونكە لیستی كارەكانی ژن لەماڵەوە دوورودرێژن - لەلایەكی دیكەوە ئەم كارە زۆرانە تواناكانی ژن بەهەدەر دەبەن- پاشان وایلێكراوە بڕوای یەقینی بەوە هەبێت ئەركی ئەو لەسنووری ماڵەكەیدایە و ئەركی لەوە گەورەترو پیرۆزتریش لەمنداڵبووندایە، ژن هەیە وادەزانێت هەموو دنیا ماڵەكەی ئەوە و ئەویش تەنیا بۆ منداڵبوون و دایكایەتی خولقاوە. باشە مرۆڤێك بەمشێوەیە دەروون و بیركردنەوە و هەست و زەینی شێوێندرابێت ئیدی چۆن چاوەڕێی لێدەكرێت هەست بەهیچ چێژێكی دیكە بكات.

### گریان

یەكێكە لەبارەكانی هەڵچوون لەمرۆڤدا و بەشێوەیەكی خۆنەویستانە لەكاتی هەندێك هەڵوێست و باردا مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، بەڵام لەكۆمەڵگەی ئێمەدا منداڵان و ژنان

دەتوانن ئاسایی بگرین و تەنانەت بۆتە خەسڵەتێکی ژنان و ئەو پیاوانەی لەهەندێك کاتدا دەگرین بەلاوازو بێ هێز تەماشادەکرێن کە لەراستیدا گریان گوزارشتێکی دەروونی مرۆییە و ڕێگەدان بەگریان مرۆڤ لەزۆر باری کرژبوونی دەروونیو هەستکردن بەفشاری دەروونی دەپارێزێت، بەڵام نەك بەو ئاستەی ببێتە ڕێگر لەبەردەم کردارو چالاکییە ئاساییەکانی دیکەو لەکاریان بخات.

بۆچی ژن زیاتر دەگری؟

سایکۆلۆژیی ژن لەرووی هەستیاری بەرامبەر بەمەسەلە سۆزدارییەکان و بەهێزی خەسڵەتی بەزەییو خۆشەویستی لەدەروونی ژنداو شێوازی مامەڵکردن لەگەڵیداو توندی فشارە کۆمەڵایەتیو ژیارییەکان لەسەر ژن وادەکەن لەبارێکی سایکۆلۆژیی نائاسایدا بژی، وێڕای بێدەسەلاتی ژن کە زۆرجار هیچی پێناکرێت لەبەرامبەر ئەو زوڵم و ستەمانەی لێیدەکرێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر گریان .وەك ئاشکرایە لەپرسە و لەکاتی مردنی کەسانی نزیك ژن لەپیاو زیاتر کاریگەر دەبێت و زیاتر دەگری، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە کەسی مردوو ئەوەندە لەو ژنەوە نزیك نین کە لەپرسەکەدا بەو شێوەیە دەگری، بەڵام ئەو ژنە پرسە و کەشی گریاناوی و خەماوی ناو پرسە بەباشترین فرسەت دادەنێت بۆ دەربڕینی خەم و رشتنی فرمێسکەکانی کە ناتوانێت لەماڵەوە دەریببڕێت. بەهەمان شێوە تێبینی دەکەین ژن لەپیاو زیاتر دەڕواتە سەر گۆڕی کەسەکانیو دەگری، ئەمەش زۆرکات بەتاڵکردنەوەیەکی دەروونییە بۆ ژن و بۆ سووکردنی خەم و فشارە زۆرەکانی ژیانیو ئەو شوێنە بەهەل دەزانێت بەئارەزووی دڵی خۆی لەشێوەی هەڵچوونی گریاندا دەریاندەبڕێت و ئەمەش تا ئاستێك بەکارێکی پۆزەتیڤ بۆ سەر لایەنی دەروونی دادەنرێت، چونکە فرمێسك رشتنو گوزارشتکردن لەو هەستانەی کە مرۆڤ نارەحەت دەکەن بەروخسارێکی ئاسایی کەسێتی تەندروست دادەنرێن و بوونی هەر بەربەستێك لەبەردەم دەربڕینیاندا زیان بەدەروونی مرۆڤ دەگەیەنن (بەشێکی زۆری هەڵچوونە سۆزدارییەکان هەر لەفرمێسك رشتنەوە تا دەگاتە تۆڵەسەندن لەڕێگەی ڕوودانی کاردانەوەیەکی زیندووەوە ون دەبن بۆنموونە دەوترێت لەڕێگەی گریانەوە باری شانی خۆی سووك کردووە، بەڵام کاتێك کاردانەوەکە ئاستەنگ دێتە ڕێگەی هەڵچوونە سۆزدارییەکە



بەو یادەوەرییەوە پەیوەست دەبێت)[٢٠] واتا لەیادەوەری ئەو کەسەدا دەمێنێتەوە و لەوانەیە بەشێوەیەکی دیکە لەسەر رەفتاری دەربکەوێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی ناخۆش و تاڵی ژیان و راکردن و زوڵم و دەستدرێژیکردنەسەرو بینینی دیمەنی مردنی کەسانی نزیك و ئەشکەنجەدان و مامەڵەنەکردنی ژن و خێزانەکەی وەك مرۆڤ و شەڕو برسێتیو هەموو بارە ناخۆشەکانی بەسەر مرۆڤدا دێن وا دەکەن کەسێتی ژن زۆرجار سیمایەکی خەمۆکیو بێباکی بەرامبەر بەژیان لەخۆبگرێت و بچووکترین خۆشیو هیوا لەدڵیدا جێگەی نەبێتەوە یان بەسادەترین ورووژێنەری دەرەکی ناخۆش بهەژێت و کاریگەر ببێت، لێرەدا ژنانی ئەنفال باشترین نموونەن کە خاوەن ئەزموونێکی زیندوون لەبینینی دواپلەکانی نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ژیان، وێڕای ژنانی زیندانییەکان کە دووچاری جۆرەها شێوازی ئەشکەنجدان و سووکایەتی پێکردن بوون و هەروەها ژنانی خاوەن شەهیدیش، تێبینی دەکەین ئەم ژنانە زیاتر دەگرین، لەبۆنەی ماتەمینیو چلە و پرسە و ڕێپێوانەکاندا لەژنانی دیکە زووتر کاریگەر دەبن ژنانی دیکەش زۆرن کە هەستی مرۆییو نەتەوەییو رۆشنبیریو لێپرسراوێتیان وایان لێدەکات کە خۆیان ئەو ئازارانەشیان نەدیوە، بەڵام هاوبەشی ئەو ژنانە بکەن. بەشی زۆری ژنان لەکۆمەڵگە دواکەوتووکاندا وێڕای نەهامەتییەکانی ژیان و ئەرکەکانیان وەك ژن، بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیش هێندەی تر ئازاریان دەدات، لەبەرئەوە لەوانەیە بەبچووکترین هۆکار بەشێوەیەکی خۆڕسك و مرۆییانە لەناخەوە کاریگەر بن و هەڵچوونەکانیان لەشێوەی هاوارو لاواندنەوە و گریانی بەکوڵ یان فرمێسکی خامۆشدا دەربڕن، ئەم ژنانە ئاوا خوویان بەژیانەوە گرتووە و هەروا دەژین و ژیانیشیان هەر بەو خەمەوە کۆتایی پێدێنن.

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین ئەو ژنانەی کەمتر تاڵیو سوێری ژیانیان چەشتووە کەمتر دەگرین و زیاتر پێدەکەنن و لەژیاندا دڵخۆشترن بەبەراوردکردن لەگەڵ ژنانی چینە هەژارو دواکەوتوو ستەمدیدەکان کە هەرزوو سیمای ماتەم و خەم دەبێتە مۆرکێکی هەمیشەیی روخساریان.

## پێکەنین

ئەگەر ویستت بەخێرایی تەندروستی دەروونی کۆمەڵێك کەس دەستنیشان بکەیت بەبێ ئەوەی بیانناسیت و بەبێ رەچاوکردنی کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو کلتووری ئەو کەسانە، دەتوانیت لەرێگەی کۆمەڵێك نوکتەو قسەی خۆشەوە بیانخوێنیتەوە، کەسی سروشتی کەسەیە توانای پێکەنینی لەهەڵوێستە پێکەنیناویەکاندا هەبێت و بتوانێت لەگەڵ ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی دانیشتووە کارلێك بکات، بۆ خۆشبەختی ژن ئەم توانایەی لەپیاو زیاترەو زیاتر لەپیاو دەتوانێت پێبکەنێت ئەمەش بەپێی توێژینەوەی تیمێك لەزانایانی سەر بەزانکۆی ستانفۆرد کە (کۆمەڵێك لەتوێژەران بەڵگەی یەکلاییکەرەوەیان سەبارەت بەبوونی جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا بەرامبەر بەدرکپێکردنی مێشك بەنوکتە و دیمەنە گاڵتە ئامێزەکان، ئاشکراکرد ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە دەدات کە ژنان زیاتر بایەخ بەزمانە گاڵتەئامێزەکان دەدەن و زیاتر پشت بەبەرنامەیەکی شیکردنەوەیی ببەستن بۆ تێگەیشتن لێیان، لەوانەشە ئەمە بۆ ئەو بارە بگەڕێتەوە کە هەندێك ناوچەی مێشك، وروژاندنیان بەهۆی نوکتە و دیمەنە کۆمیدییەکانەوە وەك تویکلی پێشەوەی لای چەپ و ناوەندی هەستکردن بەپاداشت لەژناندا زیاتر بێت وەك لەپیاو)[٢١].

لەوانەشە بەشێکی هۆکاری زیاتر هەڵچوونی پێکەنین لەژندا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ژن زیاتر لەپیاو دەگری واتە لەبەرامبەر گریانەکەدا پێویستی بەهاوسەنگکردنی بارە دەروونیەکەشی دەبێت و زیاتر بەبارودۆخ و بابەت و دیمەنەکان کاریگەر دەبێت.

## ترس و دڵەراوکێ

کۆمەڵێك فاکتەری زۆر وەك فاکتەری بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیو کلتوریو ئابووری کە هەندێکیان پێشتر خراونەتەروو کاردەکەنە سەر باری سایکۆلۆژی ژن و لەوانەیە دووچاری جۆرەها ترس و دڵەراوکێی بکەن. ئەو فاکتەرانە وادەکەن ژن بەرامبەر بەهەموو شتێك ترس و نائارامی هەبێت ژن لەپیاو زیاتر بەرامبەر بەژیان و هەموو لایەنێکی ژیانی خێزان و کەسانی چواردەوری نائارام دەبێت و خۆی بەبەرپرس دەزانێت بەرامبەریان و ژن بەتایبەتی زۆر لەکارەساتی لەدەستدانی کەسانی ئازیز و مردنیان



دەترسێت و بەئەستەمتریش دەتوانێت لەکەشی خەم و ماتەمی رووداوو کارەساتەکان رزگاری بێت. ئەمانە وێڕای ئەو هەموو دڵەڕاوکێیەی ژن بەدرێژایی قۆناغەکانی تەمەنی دووچاریان دەبێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدان.

هەڵچوونەکان بەگشتی لەباری سروشتیدا ئاساییین و رێگەدان بەگوزارشتکردن لێیان بەشێوازی گونجاو دوور لەئازاردانی خودو زیان پێگەیاندنی کەسانی دیکە ئاماژەن بۆ تەندروستی کەسێتی، بەڵام هەڵچوونە نێگەتیڤەکانو چەند بارەبوونەوەیان کاریگەری خراپیان بۆ سەر ژیانی ژن و باری دەروونی هەیە، چونکە (لەنێوان تەندروستی تاك و باری هەڵچوونیدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە دڵەراوکێو ترسی نادیارو گۆڕانی هەڵچوونی بەردەوام ئەو بارودۆخانەن کە یارمەتی دەرکەوتنی هەندێك لەجۆرەکانی نەخۆشی دەدەن..)[٢٢].

خراپترین حاڵەتیش ئەوەیە هەڵچوونەکان بەتایبەتی نێگەتیڤەکان شێوەی درێژخایەن لەژیانی ژندا وەربگرن و ببنە خەسڵەت لەکەسێتیدا، چونکە هەڵچوونو نائارامیو هیلاکیو ماندووبوونی دەروونی دەشێت ببنەهۆی دەرکەوتنی هەندێك حاڵەتی دەروونی یان پشێویی دەروونی یان تووشبوون بەهەندێك لەحاڵەتەکانی بەدگونجاندن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەردا.

## پەراوێزەکان

* تیۆرەکانی هەڵچوون: یەکەمیان تیۆرەکەی جیمس و لانجە کە لەو باوەڕەدان گۆڕانە ئەندامییەکان کە لەلەشدا روودەدەن دەکەونە پێش هەستکردن یان هەڵچوونەوە، دووەم تیۆرەکەی کانن و بارد ئەم دوو زانایە بەتیۆرەکەیان لەڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك لەسەر سەگ و پچڕاندنی پەیوندی نێوان کۆئەندامی دەمارو هەناو، تیۆرەکەی جیمس و لانجیان رامالێ، تیۆری سێیەم سایکۆلۆژی گشتالتی باس لەدینامیکییەتی هەڵچوونەکان دەکات و جەختی لەوە کردووەتەوە رووداني هەڵچوونەکان دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی سنوورە دەروونییەکانی نێوان کەسی هەڵچوو بوارو هەریەکەیان کار لەوی دیکەیان دەکات و دەبنە یەك یەکە، تیۆری چوارەم تیۆری رەفتارییەکانە پێشەنگەکەی زانا وتسن Watson دجەخت لەوە دەکاتەوە سێ جۆر هەڵچوون لەمنداڵدا هەیە کە لەنێوان ترس و تووڕەیی‌و خۆشەویستیدا سنووردار دەبن، دوا تیۆریش تیۆرەکەی بروجزە کە پێی وایە هەڵچوون وەك روخسارەکانی دیکەی گەشە پەرەدەسێنێت.

(١) جوارد- سيدني.م. وتيدلندزمن، الشخصية السليمة. ترجمة د. حمد دلي الكربولي و موفق الحمداني، بغداد ١٩٨٨، ص١٤٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو. (١)، ص١٤٨.

(٣) سەرچاوەی پێشوو. (١)، ١٤٩.

(٤) الجبوري، محمد محمود عبدالجبار، المدخل في علم النفس، الموصل، ١٩٨٤، ص١٤٨.

(٥) د. الجسماني، عبد العلي، علم النفس وتطبيقاته الاجتماعية واالتربوية. بيروت، ١٩٩٤، ص٦٢.

(٦) سەرچاوەی پێشوو. (٤)، ص١٥٣.

(٧) الالوسي، جمال حسين و اميمة علي خان، علم النفس الطفولة والمراهقة بغداد، ١٩٨٣،ـ ص٢٥٤.

(٨) سەرچاوەی پێشوو. (٥)، ص٦٤.

(٩) سەرچاوەی پێشوو. (٧)، ص٢٥٤.

(١٠) د.كمال، علي، النفس، بغداد ١٩٨٣ ص ٦٨٢.

(١١) سەرچاوەی پێشوو. (١٠)، ص٦٨١.

(١٢) د.ابراهيم، ريكان، النفس والعدوان، بغداد ١٩٨٧، ص١٦٠.



(١٣) دوتش، هيلين، علم النفس المرأة- ج٢، ت: اسكندر جرجي معصب، مؤسسة مجد للدراسات والنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ط١، ص١٤٨

(١٤) سەرچاوەی پێشوو. (١٣)، ل١٥٠

(١٥) سەرچاوەی پێشوو. (١٣)، ل٢٣٧

(١٦) سەرچاوەی پێشوو. (١٠)، ص٦٨٤.

(١٧) د.سەمعان، عەبدولحەلیم، سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی، و: سۆزان جەمال، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧، چاپی یەکەم، ل٢٥

(١٨) سەرچاوەی پێشوو. (١٤)، ل٢٠١.

(١٩) سەرچاوەی پێشوو. (١)، ص١٥١.

(٢٠) فرۆيد، سيجمند واخرون، علم النفس والنظريات الحديثة. بيروت، ص٣٤.

(٢١) ئینتەرنێت WWW.BBC.COM

(٢٢) د. برنهارت، علم النفس في حياتنا العملية، بغداد ١٩٨٤ ترجمة، د. ابراهيم عبدالله محي، ط٤، ص٥٩.

**کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر:**

١- ژن لەبەردەم قەیرانەکاندا-نووسین، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤
٢- ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا- وەرگێڕان، یەکێتی ژنانی کوردستان، ٢٠٠٤
٣- باخچە نهێنییەکە- لەئینگلیزییەوە- بۆ نەوجەوانان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥
٤- سایکۆلۆژیی منداڵ- نووسین، بەڕێوبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوە، ٢٠٠٦
٥- بەرگریکردن لەمافەکانی ژن-وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦
٧- رۆژنامەگەریی‌و رۆژنامەنووسی هاوچەرخ- وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ رۆژنامەنووس لوقمان غەفور، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦
٦- رووەکەکان- نووسین، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوە، ٢٠٠٧
٨- سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی- وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧
٩- من هەم من شەڕانگێزم- وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨
١٠- سایکۆلۆژیی‌و رۆشنبیریی منداڵ - نووسین، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوە،٢٠٠٨